ڕۆمان

# گرەوی بەختی هەڵاڵە

عەتا نەهایی



چیرۆک و ڕۆمانی کوردی ـ ١٠

سرشناسه : نهایی، عطا، ۱۳۳۹-
عنوان و نام پدیدآور : گرەوی بەختی هەڵاڵە/ عطا نەهایی.
مشخصات نشر : کرج: مانگ، ۱۳۹۳.
مشخصات ظاهری : ۳۴۵ص.
شابک : ۹۷۸-۶۰۰-۹۴۵۴۹-۰۰-۲
وضعیت فهرست نویسی : فیپا
یادداشت : کردی.
یادداشت : بالای عنوان: رومان.
موضوع : داستان‌های کردی -- قرن ۱۴
رده بندی کنگره : ۱۳۹۳ ۴گ۲۵ن/PIR۳۲۵۶
رده بندی دیویی : ۹۵۸/۳۲
شماره کتابشناسی ملی : ۳۵۳۹۴۱۴

چاپەمەنی مانگ
www.mangpub.com
بەڕێوەبەری چاپ و بڵاوکردنەوە: هادی کیا
فرۆشگای ناوەندی: بانە - ئیدارەی پۆستی ۰۸۷۳۴۲۲۷۷۱۶۴

گرەوی بەختی هەڵاڵە

- نووسەر: عەتا نەهایی
- بابەت: ڕۆمان
- بڵاوکەرەوە: چاپەمەنی مانگ
- چاپی سێیەم: ۱۳۹۳ (۲۰۱۴): [چاپی یەکەمی مانگ]
- تیراژ: ۱۰۰۰ دانە
- ISBN: ۹۷۸-۶۰۰-۹۴۵۴۹-۰۰-۲

مافی لەچاپدانەوە و هەر جۆرە بڵاوکردنەوەیەکی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ چاپەمەنی مانگ.

بۆ میهرەبانی و میوانداری هاوڕێیانم
هاشم ئەحمەد زادە
تیشکەی محەممەد پوور
بۆ هەموو ئازیزانی دوور لە وڵات

## ١

ئەوە چارەنووسی تۆیە هەڵاڵە، کە خەنجەرێک شاخەو شاخ، شارەو شار و وڵاتەو وڵات شوێنت بکەوێ، تا لێرە، لە ستۆکهۆلم، لە گەڕەکی فلەمینسبێرگ، نهۆمی چوارەمی باڵەخانەی ژمارە هەژدە لە سنگت بچەقێ. خەنجەرێکی مشتوو کارەبا کە سەری مشتووەکەی سەرە داڵێکی ئاسنی بێ، بە دەندووک و زاری کراوە و، چاوەکانیشی دوو چاڵی رەش بن. کێ دەزانێ ئەو خەنجەرە لە کێلانی ئێستا ونبوویدا قەفی پشتێنی چەند نەوە لە پیاوانی وڵاتی بەردی پشکنێوە؟ سنگی چەند نەوە لە ژنانی وڵاتی بارانی هەڵدڕیوە؟ ئەو خەنجەرە ئێستاش دەمەکەی خوێنی لێ دەتکێ هەڵاڵە. خوێنی تۆ کە لە سەر چرپای ژوورێکی بچووکی نەخۆشخانە کەوتووی، بە دڵی بریندار و روخساری زەرد و ئارامتەوە. پەرستارێک لەو کچە بەلە باریکە سویدیانە کە تۆش وەک پیاوە کۆچبەرە رۆژهەڵاتییەکان ستایشی جوانیانت دەکرد، بە دەوری چرپاکەتدا هەڵدەسووڕێت. پەرستارێکی سپی پۆش، پەرستارێکی قژکاڵی چاوشین... نا، چاوەکانی شین نین هەڵاڵە، سەوزیش نین، رەنگێکی جوانی دیکەن. پرستارە سپی پۆشەکە چیت پێویست بێت بۆت دەکا، هەروا کە تا ئێستاش بۆی کردوویت. ژوور و چرپاکەتی هەڵپەرداوتووە، دوو سرۆمیشی بە ژوور سەرتەوە هەڵواسیوە. یەکیان ئاوێکی روونی زوڵاڵ و، ئەوی تریان خوێنێکی گەش و سوور،

دڵۆپ دڵۆپ دەتکێننە دەمارە وشک و تینووەکانتەوە، بۆ ئەوەی بیانژیێننەوە، بتژیەننەوە. بۆ ئەوەی زەنویتر ببیەوە، وەک گوڵی سیسی گوڵدانێکی بێخاوەن کە دەستێکی بەخشندە ئاوی بن دەکات. تۆ هەست بە بەخشندەیی ئەو دەستە دەکەیت هەڵاڵە. دڵنیام کە هەست بە هەموو شتێکی دەوروبەرت دەکەیت. بە جموجووڵی پەرستارەکەت، بە تکەی دڵۆپەکان، بە ویزەی ئەو مانیتۆڕە کە هێڵی مان و نەمانت دەکێشێتەوە، بە چرکە چرکی مۆبایلەکەی مەجیدی برات...

مەجید لە بەر دەرکەی ژوورەکە خەریکی ژمارە گرتن بوو. ڕەنگە ژمارەی فەریدەی خێزانی دەگرت، بۆ ئەوەی پێی بڵێ کە ناتوانێ بچێت بە شوێن خۆی و منداڵەکانیدا. یان ڕەنگە ژمارەی کەسێکیتر دەگرت، ژمارەی مامە فەتاح. مامە فەتاحی لە ستۆکهۆڵم بوو، گوڵاڵەی خوشکی لە ئۆرۆبرۆ، دایک و باوکیشی لە کوردستان. پەرستارەکە کاری نەمابوو. بەر لەوەی لە ژوورەکە بچێتە دەر، مەلافە تۆخ سپییەکە تا گەردنی هەڵاڵە هەڵکێشا. لە بن مەلافەکەوە دەست کێشا و، بە پەنجە باریک و ناسکەکانی، بە حاستەم پەنجەی هەڵاڵە گوشی، وەها کە پێی بڵێ ئێستا چۆنی؟ ئێشت هەیە یان نا؟

چ ئێشێکی سەیری هەیە ئێشی خەنجەر. سەرەتا ئەو ئێشەی نەبوو، سەرەتا ئێشی گەستنی دەعبایەکی بوو. مار نا، دووپشکیش نا، ئێشی گەستنی زەردەواڵەیەک کە بێداوەت و لێگێڕانەوە لەسەر سنگی نیشتبێت، ئەوسا کە هەڵاڵە بێ ئاگا لە نیشتنی دەست هەڵدەپڕێ، بیگەزێت.

لە خوار مەمکیەوە گەستی. هەڵاڵە داچڵەکی. سەری داخست و نیگای تۆقاوی بە بەرزی و نزمی سنگیدا شۆڕ بووەوە. کراسە شینەکەی بەری دی کە لە سەر دڵییەوە سوور بووبوو. پەڵەیەکی بچووک کە وردە وردە دەیتەنییەوە و گەورە دەبوو. گەورە دەبوو، دەیتەنییەوە. وەها کە زۆری نەخایاند هەموو کراسە شینەکەی سوور بوو، سوورێکی جوان و گەش. گوتی: «شێرە، ئەم کراسە سوورەم لێدێت؟»

ئەوسا لەشی گەرم داهات، چاوی لێڵ بوو، مژێکی سەیر بەرچاوی گرت، لە مژەکەدا شێرزادی دی کە حەپەساو و واق وڕماو سەیری دەکات. نیگەران و تۆقاو لە

پەڵەی سووری کراسەکەی دەڕوانێت. شێرزاد بە دەم روانینیەوە هەر دوو دەستی بۆ درێژ کرد. رەنگە بۆ ئەوەی باوەشی پێدا بکات، وەک هەموو جارێکیتر کە باوەشی پێدا دەکردو ماچی دەکرد. بەڵام ئەمجارە باوەشی پێدا نەکرد، بەهەر دوو دەستی پاڵی پێوە نا و لە خۆی دووری خستەوە. هەر دوو دەستی شێرزادیش سوور بوون. باوەشیشی سوور بوو، سوورێکی پەڵە پەڵەی ناحەز. خۆشی ناحەز بوو، لە ناحەزییەکانی هەمیشەی ناحەزتر. هەلاڵە بە هۆی پاڵ پێوەنانەکەوە کەوت و، لەگەڵ کەوتنەکەیدا زرمەیەک بەرز بووەوە. تەقەی سەری بوو کە بە پایەی چێوی مۆبلەکەدا درا. مۆبلەکە خزا و سەری بۆ جارێکیتر بە عەرزەکەدا کوترا. چاوی، کە دەشێت لە کاتی کەوتنەکەیدا نوقاندبنی، هەڵهێنایەوە. شێرزاد ئێستا لەبەر چاویدا هەڵکشابوو. وەک پیاوێک کە لە ناکاو لەناو مژی دیوێکدا باڵا بکات و هەڵکشێت، قاچەکانی بە ژوور سەری ژنەکەیەوە وەک دوو ستوونی هاوتەریب بچەقێن، دەستەکانی خوارو خێچ داکەون و، پەنجە کراوەکانی چەمۆڵەی نەفرەتی لێبکەن. چەناگە و سمێڵە شۆڕ و رەشەکەی شێرزاد بەری چاو و برۆکانی گرتبوو. سەری بچووکی لە بن میچی دیوەکە چەقیبوو. بنمیچی دیوەکە خۆڵەمێشی بوو، خۆڵەمێشییەکی تۆخ. هەلاڵە گوتی: «کاری باشت نەکرد شێرزاد. لانیکەم نەدەبوو لەبەر چاوی ئەو منداڵەدا...»

درێژەی پێنەدا. بەناو مژی دیوەکەدا چاوی بۆ منداڵەکەی گێڕا، بۆ ئارەزوو. ئارەزووی نەبینی. تەلەفزیۆنەکەی بینی کە هەڵکرابوو. دوو پیاوی بینی کە رەنگە مشتومڕیان بوو. لەسەر چی؟ نەیزانی. بەولاوەتر کومێدێکی بینی کە پڕ بوو لە شتی جوان. شتە جوانەکانی نەبینی، پەنجەرەی دیوەکەی بینی کە پێوەدرابوو. نیوەی پەردەکەش دادرابووەوە. بەملا پەردەکەوە چرا ئاباژۆرەکە لە سەر مێزێکی بچووکی چێوی بوو. بە ژوور چراکەوە دیوارێکی سپی بینی. لە قاپی تەم گرتووی نیگایدا، لە گۆشەیەکی دیوارەکە تابلۆیەکی بینی، هێڵکاری ژن و پیاوێک لە باوەشی یەکتردا. ژنە سەری نابووە سەر سنگی پیاوەکە و چوار یان پێنج پەلکەی درێژی تا بەر پێی شۆڕ بووبۆوە. هەر دوو دەستی پیاوەکە بە سەر شانی ژنەکەوە بەر ببوونەوە.

شێرزاد گوتی: «کە کەسێک دێت و سەیری ڕەسمی ئەو ژن و پیاوە رووتە دەکا، من وەک ژنی خەتاکار بە خۆمدا دەشکێمەوە و تەریق دەبمەوە.»

هەڵاڵە گوتی: «ئەوە ڕەسم نییە شێرزاد، هێڵکارییە. ئەوەی تۆ پێی دەڵێی ژن و پیاو، چوار پێنج خەتی لار و لەوێرە.»

«بەڵێ، هەر ئەو چوار پێنج خەتەیە کە ئارەزووی پیاو دەبزوێنن.»

هەڵاڵە پێکەنی.

«ئارەزووی تۆش دەبزوێنن!؟»

ئیتر پێنەکەنی. گوتی: «ئارەزوو!... کوا ئارەزوو؟...»

بەدەم ئەو پرسیارەوە سەری قورسی بەرەو مۆبلەکان وەرسووڕاند. لەبیری نەبوو کە منداڵەکەی لە ماڵەوە نییە. پێیوابوو وەک هەمیشە لەترسا خزاوەتە پشت مۆبلەکان. هەمیشە وابوو، کە هەڵاڵە و شێرزاد شەڕیان دەبوو، ئارەزوو وەک بێچووە پشیلەیەکی تۆقاو دەخزایە پشت مۆبلەکان.

شەڕی هەڵاڵە و شێرزاد بە بۆڵە بۆڵ دەستی پێدەکرد، پاشان تەشەر و توانج و، وردە وردە ناوونوتکە و شەڕە جنێو و... ئەم دواییانە ناحەزترین جنێویان بەیەکتر دەدا، بۆ ئەوەی زۆرترین ئازاری یەکتر بدەن. ئەوەیان بەدەم هەڵسووڕان بە ناو ماڵەکەو ئەنجامدانی کارەکانیانەوە دەکرد. ڕەنگە چونکا لە روویان هەڵنەدەهات بەرامبەر بە یەکتر دانیشن و چاو لە چاوی یەکتر ببڕن. یەکیان لە ئاشپەزخانە دەفرەکانی دەشت و ئەویتریان لە هۆڵەکە مێز و کورسییەکانی خاوێن دەکردەوە. یەکیان دیوەکانی هەڵدەپەرداوت و ئەویتریان کەرەسەی یاری کردنی ئارەزووی کۆدەکردەوە. کە تەواو گەرم دەبوون شێرزاد کاغەز و کتێبەکانی هەڵاڵەی لەسەر مێزی کامپیوتێرەکە هەڵدەڕشتە خوار و، هەڵاڵە ڕەسمەکەی خۆی و شێرزادی لەسەر تەلەفزیۆنەکە فڕێدەدا. شێرزاد قەندانی سەر مێزەکەی بۆ دەهاوێشت و، هەڵاڵە مۆمدانی سەر ڕەفەی ئاشپەزخانەکەی تێدەگرت. شێرزاد... هەڵاڵە...

ئارەزوو ئەو کاتانە لە کوێ بوو؟ لە کوێ خۆی دەشاردەوە؟ لە خۆیان نەدەپرسی،

بیریشیان لێ نەدەکردەوە. کچۆڵەی کڵۆڵ، تۆقاو و هەراسان بە گوێ دیواری هۆڵەکەدا، لە پشت مۆبلەکانەوە بەرەو مەبال، حەمام، یان دیوەکەی خۆی دەچوو. لەوێ زیاتر کوێی بوو خۆی لێ بشارێتەوە؟ لەوەتی ئەو لە دایک بوو لە باڵەخانەدا ژیابوون و باڵەخانەش لەوە زیاتر شوێنێکی بۆ خۆشاردنەوەی منداڵ نییە، جگە لە بالکۆن و، یەک دوو جاریش کە دەرکەی هۆڵەکە کرابۆوە چووبوو لە ڕاڕەوی نهۆمەکە، لە پشت دەرکەی ماڵەکەیان خۆی شاردبووەوە. جارێک کەسێک کە پێدەچوو پیرێژنە فەنلاندییەکەی دراوسێیان بێت ئارەزووی لە ڕاڕەوەکە، لەبەر دەرکەی ئاسانسۆرەکە بینیبوو. دەنگی شەڕ و هەراو هوریای دایک و باوکیشی لە ناو ماڵەوە بیستبوو. پیرێژنە فەنلاندییەکە هەمیشە کە دەگەڕایەوە ماڵ دوو سەڵەی پڕی بە دەستەوە بوو، لە بەر قورسایی سەڵەکان لنگاولنگ دەڕۆشت. کە سەڵەکانی دانابوو، تەلەفۆنی بۆ پۆلیس کردبوو. گوتبووی: «ژن و پیاوێکی کوردی دراوسێی شەڕیان بووەو کچە بچووکە پێنج ساڵانەکەیان لە ماڵ کردووەتە دەر.»

بەرلەوەی پۆلیس بگات هەڵاڵە ئارەزووی بردبووە ژوور. زۆری نەخایاند ژن و پیاوێکی گەنج بە جلوبەرگی پۆلیسیەوە زەنگی دەرکەیان لێدا. شێرزاد دەرکەی لێکردنەوە. پۆلیسەکان پرسییان: «ئێوە منداڵی بچووکتان هەیە؟ کچێکی پێنج ساڵانە؟»

شێرزاد گوتی: «بەڵێ هەمانە.»

پیاوە پۆلیسەکە گوتی: «لە کوێیە؟«

«لە دیوەکەی خۆیەتی . خەوتووە.»

ژنە پۆلیسەکە گوتی: «دەکرێت بیبینین؟»

شێرزاد بە سەرسووڕمانەوە سەیری هەڵاڵەی کرد. هەڵاڵە بە حاستەم دەمی بۆ پۆلیسەکان پان کردەوە و گوتی: «بۆ ناکرێت؟»

ئەوسا داوای لێکردن بچنە ژوور و، دەرکەی دیوی ئارەزووی بۆ کردنەوە. ئارەزوو لەسەر قەرەوێڵەکەی ڕاکشابوو. قاچ و دەستی بە سنگییەوە نووساندبوو، چاوەکانی لێکنابوو. پۆلیسەکان بێئەوەی هیچ بڵێن بەدەم بزەیەکەوە سەیریان کرد. پاشان

ئارام دەرکەی دیوەکەیان پێوەدایەوە. ژنە پۆلیسەکە بەر لەوەی بڕواتە دەر، سەیری ناو هۆڵەکەی کرد. هۆڵەکە ئەگەرچی خاوێن کرابۆوە، بەڵام هێشتا لێرەو لەوێ نیشانەی شەڕێکی بنەماڵەیی پێوە دیار بوو.

«شەڕتان بووە؟»

لە شێرزادی پرسی.

شێرزاد خەجڵا. گوتی: «نا.»

گوتنەکەی جێی متمانە نەبوو. ژنە پۆلیسەکە سەیری هاوکارەکەی کرد و ئەویش رووی کردە هەڵاڵە و گوتی: «ئایا کەس هەیە تۆ و منداڵەکەت ئازار بدات؟»

هەڵاڵە گوتی: «نا.»

بەڵام کاتێک پۆلیسەکان رۆشتن، گوتی: «بریا بمگوتایە ئەرێ، با بیانبردیتایە.»

شێرزاد گوتی: «ئەوەش دەکەیت . هەموو کارێک دەکەیت.»

لە خۆوە نەیگوت، هەڵاڵە هەموو کارێکی دەکرد ئەگەر شێرزاد وازی لێنەهێنایە. ماوەیەک لەوە دوا بوو کە گوتی: «ئەگەر وازم لێ نەهێنی پۆلیست بۆ بانگ دەکەم، لەم ماڵە دەرت کەن.»

کە گوتی پۆلیست بۆ بانگ دەکەم، شێرزاد ترسا. هەڵاڵە دەیزانی دەترسێ. دەیزانی شێرزاد لە پۆلیسی هەموو ولاتێک دەترسێ، تەنانەت لە پۆلیسی سویدیش. بۆیە گوتی: «پێویست بە بانگ کردنی پۆلیس ناکات. بەمزووانە ماڵێک دەگرم و ئارەزوو لەگەڵ خۆم دەبەم.»

هەڵاڵە پێکەنی. پێکەنینێکی تیزەون کە ئەوەندەی تریش شێرزادی تووڕە و دەهری کرد. گوتی: «تۆ چاک دەزانی لە کاتی جیابوونەوە و لێک دابڕانی ژن و مێرد، منداڵ منداڵی دایکیەتی.»

گوتی: «ئێرە سویدە و سویدیش یاسای هەیە و، یاساش لەو کاتانەدا منداڵ بە دایکی دەسپێرێت.»

شێرزاد ئاگری گرت. قیژاندی: «من لەو یاسایە دەڕیم کە منداڵی من بە تۆ بسپێرێت. ئەویش بە تۆ!»

بە چ سووکایەتییەکەوە دەیگوت تۆ. «تۆ!؟» وەها کە بە ژنێکی گێل و گەوج و چڵمن بڵێت. «تۆ؟» وەها کە لە ژنێکی داماو و دەستەوەستان بپرسێت، یان بە پێچەوانەوە لە ژنێکی بێ دەربەست و بەرەڵا. «تۆ! تۆ؟» هەڵاڵە هەستی بە سووکایەتی نەدەکرد. پێکەنینی دەهات کاتێک شێرزاد دەیگوت و دەیپرسی «تۆ؟!» کە دەیگوت و دەیپرسی لچ و لێوی شۆڕ دەبووەوە. سمێڵی کە شانازی پێوە دەکرد، سەیرو گاڵتەجارانە دەبزوا. چاوەکانی... لەو کاتانەدا چاوەکانی شێرزاد هیچ هەستێکی متمانە بە خۆیان تیا نەبوو. نیگای لە چاو و نیگای هەڵاڵە نەدەچەقی. نیگای تووڕەی لە چاوی هەڵاڵەوە بۆ شوێنێکی تری ڕوومەتی، بۆ سەر و قژی، بۆ دەم و لووتی دەخزی. زۆرجار بەسەر و قژ و دەم و لووتیشیەوە بەند نەدەبوو، بە هیچ شوێنێکی تریشیەوە بەند نەدەبوو. سەرگەردان دەمایەوە... هەڵواسراو... هەڵواسراو لە مابەینی چاوی و هەموو شوێن و شتێکی تر. ئەوسا نیگای هەڵواسراوی بەر دەبووەوە، شۆڕ دەبووەوە، بۆ بەرپێی خۆی و لەبەر پێی خۆشیەوە بۆ بەر پێی هەڵاڵە. هەڵاڵە دەیزانی شێرزاد ناتوانێت سووکایەتی پێ بکات. پێی نەدەکرا، لێی نەدەهات. هەڵاڵە بە سەنگ و کێشی خۆی دەزانی. بە جێ و ڕێی خۆی لە دەرەوەی ماڵ و لە ناو ماڵ و تەنانەت لە لای شێرزادیشی دەزانی. هەڵاڵە کچی کەس و بنەماڵەیەکی ناسراو بوو لە کوردستان. لێرەش ئەوەی دەیناسی دەیزانی کچی حەمە ڕەشید ئاغا، کچێکی زیرەک و بەتوانایە. لە ڕادوێ کار دەکا و لە زانکۆ دەخوێنێت. جگە لە کوردی، سویدی و ئینگلیسیش باش دەزانێت. بەڵام شێرزاد حەوت ساڵ بوو هاتبووە سوید و هێشتا سویدی باش نەدەزانی. هێشتا کار و پیشەیەکی شیاوی نەبوو. زۆر شتی تریشی نەبوو، بەڵام هەڵاڵەی بوو، دواتریش ئارەزوو. گوتبووی: «ئێوەم بێ، هیچی ترم ناوێت. هیچ.»

هەڵاڵە دەیگوت: «دەتەوێ شێرزاد. پیاو کە بیەوێت لەم وڵاتانە بژی، جگە لە ژن و منداڵەکەی زۆر شتی تریشی دەوێت. ژیانی باش، کار و پیشەی باش، خوێندەواری باش، پەیوەندی و دۆست و برادەری باش...» دەیگوت: «وای دانێ ئێمە تاسەر بۆ تۆ نەبووین، من هیچ، ئەو کچە بە دڵنیاییەوە تاسەر بۆ تۆ نابێت، بۆ

هیچمان نابێت. ئەو لێرە گەورە دەبێ و لێرەش منداڵ، کچ بێت یان کوڕ، بگاتە هەژدە ساڵ یاسا مافی ئەوەی دەداتێ دایک و باوکی بەجێبێڵێ و بڕوات شوێن ژیانی خۆی بکەوێت... ئارەزوو دەڕوات شێرە... نەک هەر لەم ماڵە، رەنگە لەم شارە و لەم وڵاتەش...»

شێرزاد دیسان ئاگری دەگرت. دیسان لچی بەردەدایەوە و دەیگوت: «من لە یاسای ئەم وڵاتە دەرێم. ئەو یاسایە من و ژن و منداڵی من ناگرێتەوە.»

هەڵاڵە گوتی: «شێرزاد ئەو یاسایە ...»

نەیزانی چی گوت.

ئێوارە بوو. نەوەک چونکا هەوا خەریک بوو تاریک دەبوو، چونکا هەڵاڵە دڵی تەنگ بوو. کە ئێوارە دەبوو هەڵاڵە دڵی تەنگ دەبوو، یان کە دڵی تەنگ بوایە ئێوارە بوو. ئەم وڵاتە ئێوارەی مەعلوومەی نییە. بە پێچەوانەی کوردستان. ئەوێ ئێوارەی بوو، ئێوارانی دڵتەنگ، ئەو کاتە کە خۆر لە کۆتایی نیوە سووری رۆژانەیدا ماندوو و هیلاک دەگەیشتە لووتکەی شاخەکان، گەورەتر و دیارتر لە ساتەکانی لەوەبەر، لە پشت هەورە تەنکەکانەوە رۆشناییەکی زەعفەرانی رەنگی پێدا دەپژاندن. هەڵاڵە هێشتا پاش دە ساڵ ئێوارانی ئەوێی لە بیر مابوو. رەنگە کاتێک ئەوێی بەجێهێشتبوو هاتبوو بۆ ئێرە، ئێوارانی ئەوێی لەگەڵ خۆی هێنابوو. دڵتەنگییەکانیشی هێنابوو، خەمەکانیشی، تا لەگەڵ خەم و دڵتەنگییەکانی ئێرەی لێکیان بدات و تێکەڵیان بکات. خەم و دڵتەنگییەکانی ئێرەو ئەوێی جیاواز بوون. جیاواز؟ هەڵاڵە بەرلەوەی ئەوێ بەجێبێڵێت و بێت بۆ ئێرە، لە گوند دەژیا. گوندێکی نە زۆر بچووک و نە زۆر گەورە. گونـدێک بە داوێنـی کێـوێکەوە. چۆمێـک بە قەراغ ماڵەکـانی ئاواییـدا تێدەپەڕی، لە بڵێندییەوە بۆ نزمی. تا دەگەیشتە بەرماڵەکان ئاوەکەی خوڕ بوو. لە خوار ماڵەکانەوە مەند دەبووەوە، پان دەبووەوە، گەلێک شیو و شیوەڵی بەرەو باخ و باخاتەکان، بەرەو مووچە و مەزراکانی خوار ئاوایی لێ جیادەبووەوە. لەو گوندە کە ئێوارە دادەهات، هەڵاڵە دەچوو لە قوونە بانی بانیژەکەیان دادەنیشت، روو لە خۆر و

لەو ڕەنگە سوور و زەعفەرانییە کە بە هەورەکانیدا دەپژاند، ڕوو لە کەلی کە زاری بۆ هەڵلووشینی دوا چۆڕی ڕۆناکایی ڕۆژ کردبووەوە. ئەوسا یادی کەسێکی دەکرد کە دەبوو لەلای بوایە و نەبوو. تاسەی دەکرد، دڵتەنگ دەبوو. دڵتەنگی لە یادی کەسێکەوە سەر هەڵدەدات کە دەبێ لە لات بێت و نییە. هەڵاڵە یادی برایمی دەکرد، یادی برایمۆک، کوڕێکی گەنجی ئەسمەر کە کراس و پانتۆڵێکی خاکی لەبەر دەکرد. مێزەر و جامانەی لەسەر نەدەبەست، شل لە ملی دەئاڵاند. چاویلکەی لە چاو دەکرد و کۆڵە پشتییەکی بچووکی بە شانیەوە بەردەدایەوە. کۆڵە پشتییەکەی برایمۆک هیچی تیا نەبوو جگە لە دەفتەرێک و چەند کتێب و فلووتێک، قوتوویەکیش کە سابوونێکی بچووک و کەلوپەلی ڕیش تاشین و دەم و دان شتنی تیا بوو. ئالبۆمێکی بچووکی باخەڵی و چەند ڕەسم و ... برایمۆک ئەو کاتە نەبوو، دەمێکە بوو ڕۆشتبوو. ڕۆشتبوو کە... هەڵاڵە گوتبووی: «ڕۆشتووە بەفری سەر کوێستانەکان بتوێنێتەوە. کوێستان خاڵوبەڵەک بێت ئەویش دەگەڕێتەوە.» بەدەم زەردەخەنەوە گوتبووی، بەدەم بریسکەی چاوەکانییەوە. نا... هەورێک بەری بریسکەی چاوەکانی گرتبوو، هەورێکی ئاوس بەگریان. هەڵاڵە نەگریابوو، گوتبووی: «دەگەڕێتەوە. دڵنیام کە دەگەڕێتەوە.»

بەڵام برایم نەگەڕایەوە. نەگەڕایەوە؟ سێ چوار مانگ پاش ڕۆشتنەکەی گەڕایەوە، بە لەشی سارد و ڕەق هەڵاتوویەوە. لەشی ڕچیوی تازە خاو بووبووەوە، نەرم و شلک، بەڵام دڵی هێشتا خاو نەبووبووەوە. دڵی ڕچیوی هێشتا بەستبووی. بەستبووی؟ هێشتا جلکە خاکییەکانی سێ چوار مانگ لەوە پێشی لەبەردابوو. جلکە ڕچیو و سەهۆڵ بەستووەکەشی خاو ببوونەوەو پۆڵکیبوون. بە دەم دەست بۆ بردنیانەوە شیتاڵ شیتاڵ دەبوون و دەپووان. وەک کۆڵە پشتییەکەی، وەک دەفتەری شێعر و یاداشتەکانی... هەڵاڵە داوای دەفتەرەکەی کردبوو نەیاندابوویە، داوای قەڵەمەکەی، فلووتەکەی... تەنانەت چاویلکەکەشیان نەدابوویە. گوتبوویان ئەو شتانە دەدرێنەوە بە کەس و کارەکەی. بەدایک و باوکی و...

«ئەی من؟ بۆ ئەو کەسی من نەبوو، کەسی من نییە؟!»

ئیستا هەڵاڵە هیچی لە برایم بە دەستەوە نەبوو، جگە لە ڕەسمێک کە لە سەر قوونە بانەکە لە گیرفانی کراسە ڕەشەکەی دەریدەهێناو سەیری دەکرد. ئەوسا بەدەم هەناسەی ساردەوە فرمێسکی دەڕشت. دایکی لەو دیو پەنجەرەی سەربانیژەکە دەیبینی. دڵتەنگیی ئیوارانی دەبینی، بۆیە دەچوو ئارام، بێئەوەی هەڵاڵە لە خشپەی پێی ڕاچڵەکێت، لە گوێی قوونەبانەکە لە لای دادەنیشت. شان بە شانی دادەنیشت و دەیگوت: «دیسان برایمۆک؟» هەڵاڵە چاوی لە ڕەسمەکە هەڵدەبڕی. سەری لار دەکردەوە بۆ سەرشانی دایکی.

«هێشتا فەرامۆشت نەکردووە، کچم؟»

«چۆن دەتوانم فەرامۆشی بکەم؟ چۆن دەتوانم؟!»

دەنگی دەلەرزی کە ئەوەی دەگوت. دایکی دەستی بە سەرو قژیدا دەهێنا.

«دەتوانی کچی خۆم، دەتوانی. خاک مەیل بڕە.»

کامە خاک مەیل بڕە دایە؟ ئەو چوار سەوەتە گڵە کە تەرمێکی پێ دادەپۆشن، یان ئەو عەرزە پان و بەرینە کە هەزاران شاخ و داخ و دەشت و دۆڵ و چۆم و تەنانەت دەریاشی لە باوەش گرتووە، دەیان و ڕەنگە سەدان مەملەکەتی لە باوەش گرتووە. کامیان مەیل بڕە دایە؟ ئەو بستە خاکە بە سەر گۆڕی برایمۆکەوە یان ئەم هەزاران هەزار کیلۆمەتر مەودایەی نێوان من و تۆ؟

گوتی: «بۆ لێم ناپرسی دایە؟ دەزانی لە کەیەوە تەلەفۆنت بۆ نەکردووم؟ چەند مانگە؟ چەند ساڵە؟»

«من لەو شاخ و کێوە تەلەفۆنی چیت بۆ بکەم ڕۆڵە!»

«بۆ ناچیتە شار؟ بۆ ناچیت وەک جاران لە شار خانوویەک بگری و...»

دایکی قسەکەی پێ بڕی. گوتی: «بچم لە شار چی بکەم کچم؟ چۆن دڵم دێ خۆم بچم بۆ شار و باوکت لەو شاخ و کێوە بەجێبێڵم!»

«ئەی چۆن دڵت هات منت فەرامۆش کرد!«

هەڵاڵە نەیگوت. بوغز قوڕگی گرتبوو، بیگوتایە کوڵی گریانی دەپژا. نەیدەویست بگری. ماوەیەکی زۆر لەو دواهەم جارە تێپەڕیبوو کە دایکی تەلەفۆنی بۆ کردبوو. سێ

مانگ، شەش مانگ، رەنگە سالێک. نەیدەویست پاش سالێک بە گریان دایکی نیگەران بکات. دایکی گوتی: «خەمی ئێوەم نییە. نە تۆ و نە گوڵاڵەی خوشکت.»

گوتی: «شوکور بۆ خوا ئێوە لەم شاخ و داخە، لەم شەڕ و شۆڕ و نائەمنییە دوورن. لەم دۆزەخە دوورن. ئێوە لەوێ، لەو بەهەشتە لەگەڵ مێردو منداڵی خۆتان بە ئاسوودەیی دەژین.»

«بە ئاسوودەیی دایە!! بە ئاسوودەیی!؟»

ئێوارەیەک بوو لە ئێوارە هەرە دڵتەنگەکان. ئارەزوو خەوتبوو. لە هۆڵەکە، لەسەر مۆبلێک، بەدەم سەیرکردنی تەلەفزیۆنەوە خەوی لێکەوتبوو. تەلەفزیۆنەکە هێشتا هەڵکرابوو، بەرنامەی ساوایانی بڵاو دەکردەوە، کارتۆنی پشیلەیەک کە تەنگەی بە مشکێک هەڵچنیبوو، کوناوکون شوێنی دەکەوت. مشکەی کڵۆڵ لە هیچ کوێ ئارامی نەبوو. لەملا بۆ ئەولا هەڵدەهات و، حەتمەن دەیقیژاند. تەلەفزیۆنەکە دەنگی نەبوو. دەنگی سی دییەک لە هۆڵەکەدا بڵاو بووبووەوە، مۆسیقایەکی نەرم و ئارام، ناوە ناوەش دەنگێکی گەرمی ژنانە شێعرێکی ئینگلیسی بە سۆزێکی غەریبەوە دەخوێند. شێرزاد لە ماڵ بوایە دەیگوت: «ئەو نووزە نووزە چییە گرتووتە؟!» دەیگوت: «ئەگەر حەزت لە گۆرانی غەمگینە بۆ نەجمەی غوڵامی ناگری؟» بەڵام شێرزاد لە ماڵ نەبوو، هێشتا لەسەر کارەکەی نەگەڕابووەوە. هەڵاڵە لەبەر پەنجەرەی هۆڵەکە راوەستابوو. ویستبووی بچێتە سەر بالکۆنەکە و جگەرەیەک داگیرسێنێت، بەڵام نەچووبوو. رەنگە لەبەر بیستنی مۆسیقا و سۆزی غەریبی دەنگی ژنەکە کە شێعری ئینگلیسی دەخوێندەوە. هەڵاڵە لە دەرەوەی دەڕوانی کە تاریک بوو، تاریکێکی تەواو تاریک، نا. بەفر دەباری و سەمای کولووەکان کە لەسەر لقوپۆپی درەختەکان و، ساباتی پارکینگەکە و، سەر بانی چەند ئوتومبێلێکی ناو مەحەوەتەکە دەنیشتن، هەڵاڵەیان بۆ رابوردوو دەبردەوە. بۆ رابوردوویەکی دوور، بۆ ئەو دەمە کە هێشتا منداڵ بوو.

لە کوێ بوو ئەو دەمە کە هێشتا منداڵ بوو؟ لە ئێران، عێراق، یان لە تورکیە؟ لە شار، لە شاخ یان لە ئاوایی؟

لە شار بوو. لە دیوێکی بچووکتر لەم هۆڵەو، دایکی لەبەر پەنجەرەی دیوەکە بەرامبەر بە تاریکی و سەمای ئارامی کولووە بەفرەکانی دەرەوە راوەستابوو، بە دزی خەسووی و بە دزی منداڵەکانییەوە فرمێسکی دەڕشت. دایە گەورە دەیبینی. پیرێژن هەمیشە گریانی بووکەکەی دەبینی. فرمێسکەکانی دەبینی کە لە کانی چاوەکانییەوە بە گۆنایدا شۆڕاوگەیان دەبەست. دەیگوت: «گریان گریانی بە دواوەیە کچم. لە بری راوەستان لەبەر ئەو پەنجەرە، لە بری فرمێسک هەڵڕشتن، وەرە دانیشە و خۆت بە دەستچنەکەتەوە سەرقاڵ بکە.»

هەڵاڵە و خوشک و براکانی لەوسەری دیوەکە دەوری دایەگەورەیان دابوو. دایکی لەبەر پەنجەرەکە دانیشت و لە لای سەماوەر و قۆرییەکە دەستچنەکەی بە دەستەوە گرت. دەستچنێکی نیوە تەواو، دوو سێ کەڵافە کاموا و میلەیەک یان دوو میلە... دوو میلە بوو، دوو میلەی ئاسن. پەنجەکانی دایکی باریک و ئێسکن، کارامە و گورج دەجووڵان. میلەکان لە مابەینی پەنجەکانیدا دەگەڕان و کاموا رەنگاورەنگەکان تێکەڵ دەبون. گۆلێک و دوان و سیان ... ئەوسا نەخشێکیان لێ‌ساز دەبوو لە سەر سنگی بۆلیزێک کە بۆ حەمەرەشید ئاغای مێردی بوو. دایە گەورە حەقایەتی دەگوت. ئەو وەک هەموو دایە گەورەیەکی تر کە هەڵاڵە دواتر لە کتێبەکاندا دەیخوێندەوە و لە فیلمەکاندا دەیبینی، میهرەبان بوو. وەک ئەوان گەنجینەی ئەفسانە و حەقایەت بوو، شەوان منداڵەکانی بەو ئەفسانە و حەقایەتانە دەخەواند. هەڵاڵە تا ساڵەها لەوە دواش هەندێک لەو حەقایەتانەی بە نیوەناچڵ لە بیر مابوو. لەوان حەقایەتی میرخوناوک و خاتوو کڵاوزێڕ...

میرخوناوک خەڵکی شارێک بوو لە شارەکانی حەقایەت، شارێک بە کۆمەڵێک ماڵ و خانووی گەورە و بچووکەوە. خەڵکێکی میهرەبان لەو ماڵ و خانووانەدا دەژیان. خەڵکێکی ئاسوودە و بەختیار، ئەگەر دێوە نگریس و ناپاکەکان بیانهێشتایە. دێوەکان ـ دایەگەورە دەیگوت ـ چاوی بینینی ئاسوودەیی و بەختیاری خەڵکی هیچ شار و وڵاتێکیان نەبوو. ماوەیەک بوو لە کێوەکەی تەنشتی شار دەستیان بەسەر تاقە

کانی و سەرچاوەی شارەکەدا گرتبوو. ئاو مایەی ژیان و ئاوەدانییە ـ پیرێژن دەیگوت ـ شاری بێ کانی و سەرچاوە شاری وێرانە. خەڵکی شار، ژن و پیاو، پیر و منداڵ، ئاغا و مسکێن، تووشی بەڵا و نەهامەتییەکی گەورە ببوون. هەموویان مات و خەمبار بوون. لە هەموویان ماتتر و خەمبارتر پاشای شار بوو. پاشای شاری وێران، پاشا هیچ نۆکەریش نییە. پاشا بەوەی دەزانی، بۆیە ئەمری بە جارچی کرد بچێت لە هەموو کووچە و کۆڵان و شەقامەکاندا جاڕ بدات: هەر کەس ئەو کانی و سەرچاوە لە چنگی دێوەکان رزگار بکات، پاشا خاتو کڵاو زێڕی کچی خۆی دەداتێ. خاتوو کڵاو زێڕ یەکەمی جوانان و کچی خەون و خۆزگەی کوڕە کوڕەکانی شار بوو. بۆیە کە ئەو هەواڵەیان بیست یەکە یەکە پشتێنیان لێ توند کردو شیر و ڕم و گورز و گۆپاڵیان هەڵگرت و بۆ شەڕی دێوەکان بە هەورازدا هەڵگەڕان. بەرلەوەی میرخوناوک پشتێنی لێ توند بکات و بە کێوەکەدا هەڵگەڕێت، زۆر کەس چووبوون و نەگەڕابوونەوە. لەوان حەمەرەشید ئاغای باوکی هەڵاڵە، ئەویش چووبوو، نەگەڕابۆوە. ئەو نەکوژرابوو، بەدیل گیرابوو. لە سیاچاڵی دێوەکانی دەورەی خۆیدا ئەسیر کرابوو. دەمێکە بوو کە ئەسیر بوو. دوو یان سێ مانگ بەر لەوەی هەڵاڵە لە دایک ببێت، نیوە شەوێک چەند پیاو، چەند پیاوی چەکداری گرژ و مۆن، تووڕە و تۆسن، لە نەوەی دێوەکانی حەقایەت، رژابوونە ناو ماڵەکەیان و حەمەرەشید ئاغایان لە ناو جێدا، بە جلوبەرگی خەوتنەوە هێنابووە دەر. ئەو تا ویستبووی شتێک بڵێت یان بپرسێت، لێیان دابوو. بۆ ئەوەی بیتۆقێنن، لە بەرچاوی ژن و منداڵ و دایکە پیرەکەیدا کوتابوویان. ژن و منداڵ و دایکە پیرەکەی تۆقابوون، گریابوون، پاڕابوونەوە. کە پیاوە چەکدارەکان بەو گریان و پاڕانەوە دڵیان نەرم نەبووبوو، تاویان دابووە سەر تاقی ماڵەکە و قوڕعانێکیان لە بەرگی سەوزدا داگرتبوو. سەعادەتی ژنی حەمەرەشید ئاغا یان خاتوو ئامینی دایکی؟ یەکێک لەو دووانە قوڕعانەکەیان بەرەو پیری پیاوە چەکدارەکان بردبوو.

«بیکەن بە خاتری ئەم قوڕعانە.»

پیاوەکان گوێیان بە قوڕعانەکە نەدابوو، هەروا کە گوێیان بە تکا و پاڕانەوەی

ژنەکان و گریان و کڕووزانەوەی منداڵەکانیش نەدابوو. حەمەڕەشید ئاغایان بردبووە حەوشــە و بە دوایــدا ژن و منداڵەکەشــیان لە دیوەکــان دەرکردبــوو. کەلوکــونی ماڵەکەیــان پشــکنیبوو. چیــان دەســت کەوتبــوو؟ ڕەنــگە چــوار پەڕە کــاغەز، یــان دەمانچەیەکی کۆن و ژەنگاوی. پیاوەکان، حەمەڕەشید ئاغایان بە کەلەپچە کراوی لە مــاڵ و حەوشــە و حەســارەکە بردبــووە دەر. لە بەر دەرکە ڕوویــان کردبــووە ژن و دایکەکەی و گوتبوویان: «ئەگەر عاقڵ بێت و هەرچیمان لێی ویست بە قسەمان بکات، هەر ئێمشەو، یان سبحەینێ بەری دەدەین و دەینێرینەوە.» بەڵام پێدەچێت حەمە ڕەشید ئاغا عاقڵ نەبووبێت بۆیە بەریان نەدابوو، نەیاننــاردبۆوە. نە ئەو شــەوە و نە سبحەینێ و، کە هەڵاڵەش لە دایــک بــوو هێشــتا هەر نەیاننــاردبۆوە. گوتبوویــان: «پانزە ساڵ زیندانی بۆ دەرچووە.»

پانزە ساڵ؟! سەعادەت گریابوو. خاتوو ئامین بەسەری خۆیــدا کێشابوو، ڕوومەتــی خــۆی ڕنیبــوو. حەمەڕەشــید ئاغــا گوتبــووی: «مەگــرین. ئەم وەزعە پــانزە ســاڵی تــر ناخایەنێ.» حەمەڕەشید ئاغا لە پشت میلەکانی زیندانەوە بۆ دڵخۆشیدانەوەی دایــک و ژن و منداڵ و کەس و کارەکەی ئەوەی گوتبوو. هەموویان دڵخۆش بــوون، جگە لە سەعادەتی خێزانــی کە دڵتەنــگ و نــیگەران هەروا گریــابوو. ســەعادەت هەمیشــە دەگریا. ئەو ڕۆژەش کە بۆ دواهەمجار تەلەفۆنی بۆ هەڵاڵە کرد ... دواهەمجــار؟ ئەو ڕۆژەش دەگریا. ئەو ڕۆژە هەڵاڵە لە ماڵ نەبوو. لە ڕادوێ بوو، لە ژووری کارەکەی لە نهۆمی چوارەمی بینایەکی شەش نهۆم، بینــای تــایبەت بە زمــانە ڕۆژهەڵاتییەکــان لە ڕادوێی سوید. هەڵاڵە کە گریانەکەی دایکی بیست ترسا. وەک هەمــوو جارێکی تــر کە دەترسا نەکا شتێک ڕوویدابێت، بەڵام زوو بیری دەکردەوە، ناشێ شتێکی گرنــگ ڕویــدابێت. بیری دەکــردەوە دایکیەتــی و، دایکــی بــۆ ئەوەی بگــری لە بیــانوویەکی گرنگ ناگەڕێت. بەو حاڵەش وەک هەموو جــارێکیتر پرســی: «چــی بــووە دایە؟ چی ڕوویداوە؟»

دوو کەس لە هاوکارەکانی کە لەو ســەری دیوەکە لە پشت مێزەکەیــان بــوون، بە بیستنی ئەو پرسیارە ســەریان لە کارەکانیــان هەڵبــڕی و ســەیریان کــرد. ئەوسا بە

ئیشارەی چاو و جوولەی دەستیان لێیان پرسی: چی بووە؟ هەلالە بە لەقاندنی سەری تێیگەیاندن کە هیچ نییە.

گوتی: «بۆ دەگری دایە؟ نەکا باوکم ...»

هەمیشە ئەوەی دەگوت. نەکا باوکم تووشی...

دایکی نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات. گوتی: «نەکا باوکت چی؟!»

دایکی تووڕە بوو. بە تووڕەییەوە دەگریا.

«بۆ تۆ دەربەستی باوکت هەیت؟! دەربەستی حەیا و شەرەفی باوکت هەیت؟!»

هەلالە داچڵەکی. قەڵەمێکی بەدەستەوە بوو، فڕێیدایە سەر مێزەکە و مۆبایلەکەی لەم گوێیەوە بۆ ئەو گوێی گوێزایەوە.

«دایە ... لەسەرخۆ قسە بکە بزانم دەتەوێ بڵێی چی.»

چاوی لە هاوکارەکانی بڕی. ئێستا ئیتر هاوکارەکانی دڵنیا بوون کە شتێک روویداوە. بە چاوی دەرتۆقیوی و بە رەنگی رووی روومەتیدا کە لە پڕ سوور هەڵگەڕابوو، بە جموجووڵی نائاسایی لەشی لەسەر کورسیەکە دڵنیا بیوون. ئەو جموجووڵە نائاساییەی نیشاندەری هەڵچوونێکی سەیری دەروونی بوو، هاوکارەکانی دەیانزانی. هەلالە دیسان گوێیاوگوێی بە موبایلەکەی کرد و لە پشت مێزەکەی هەستا. تاوی دایە کیفەکەی کە لە خوار مێزەکە بوو، قایشی کیفەکەی بە دەستەوە هات. لە پشت مێزەکەی هاتە دەرو، تا بگاتە دەرکەی دیوەکە کیفەکەی بە دوای خۆیدا راکێشا. هاوکارەکانی کە ژنێکی هاوتەمەنی خۆی و پیاوێکی کەم تا زۆر گەڕاوە بوون، بەسەر سوورمانەوە سەیری یەکتریان کرد.

«بڵێی دیسان چی بووبێ؟!»

سۆزان خانم پرسی. گوتی: «بچم لە دووی؟»

کاک ناسر سەری سپی بەرەو ژوور لەقاند. گوتی: «پێویست ناکات. واچاکە لەم کاتانەدا وازی لێ بێنین.»

ئەو رۆژانە رۆژانێکی سەخت و ناخۆش بوون بۆ هەلالە، رۆژانێکی پڕ لە کێشە و گرفت. کاک ناسر دەیزانی. هەلالە لە دەرەوە، لە راڕەوی نهۆمەکە گورج و بەپەلە

دەڕۆشت و بە دەنگی بەرز قسەی دەکرد.

«ئێستا بڵێ بزانم چی بووە؟ من چیم کردووە؟ ئارام قسە بکە. مەگری با لێت تێبگەم.»

دایکی بەردەوام دەگریا.

«تۆ چۆن ڕێگە بە خۆت دەدەیت گاڵتە بە حەیا و شەرەفی باوکت بکەی؟! ئەو هەتیوانەی برات چۆن لێت قبووڵ دەکەن؟ مامە فەتاحت چۆن...»

دایکی لەبەر گریان و لووشمە لووشم قسەکانی پێ تەواو نەدەکرا. هەڵاڵە دەیدی کە بە لۆی سەرپۆشە سپییەکەی پەیتا پەیتا چاو و لووتی دەسڕێت. نەیدەدی، هەستی پێدەکرد. لە پاڵ ڕیزی دیوەکانی نهۆمەکەدا تێپەڕی، لە پاڵ ڕیزی پەنجەرەی دیوەکان کە ڕوویان لە ڕاڕەوەکە بوو. کارمەندەکان، هەر کەس لە دیوی خۆی و لە پشت مێزەکەی خۆیەوە سەری هەڵبڕییایەو لە ڕاڕەوەکەی بڕوانیایە، هەڵاڵەی دەبینی. هەڵچوون و سوور هەڵگەڕانی ڕوومەتی و، ڕەنگە چاوەکانیشی دەبینی کە فرمێسکیان تیا قەتیس بوو. هەڵاڵە بە دەم ڕۆشتنی گورج و بەپەلەیەوە دەگریا. گریانێکی بێدەنگ، نەک بۆ حەیا و شەرەفی باوکی، بۆ تەنیایی و بێ کەسی خۆی دەگریا. دایکی تاکە کەسی بوو، تاکە کەسێک کە هەڵاڵە حەزی دەکرد لەم ڕۆژانی سەخت و پڕ گرفتاریەیدا لە لای بوایە و سەری بخستایە سەر کۆشی، ئەوسا ئەویش وەک هەموو دایکێکی میهرەبانیتر دەستی بەسەرو قژیدا بهێنایە، بە گوێیدا بچرپاندایە: «خەم مەخۆ کچم. تەنگانە بەریان کورتە.» دایەگەورە هەمیشە ئەوەی دەگوت. دەیگوت: «خەم مەخۆ رۆڵە ئەم رۆژانەش دەڕۆن و دەبڕێنەوە.» دایە گەورە بە سەعادەتی دەگوت، تا ئەویش دواتر بە هەڵاڵە بڵێت. بڵێ: «ئاگات لە خۆت بێ کچم . مەهێڵە گرفتارییەکانی ژیان زەفەرت پێ بەرن.» وەک ساڵەها لەوەبەر کە گوتبووی، وەک ئەو ڕۆژە کە هەڵاڵە ویستبووی بەجێیان بێلێت و بێت بۆ ئێرە، گوتبووی: «ئاگات لەخۆت بێ کچم ...»

چی تریشی گوتبوو؟ هەڵاڵە لەوسەری ڕاڕەوەکە، لە لای پلیکانەکان، خۆی بە ژوورێکی شیشەییدا کرد. ژوورێکی بچووک بۆ جگەرەکێشان کە شەش کورسی بە

تاڵ و دوو تەپڵەکی گەورەی لێبوو. کاسەی تەپڵەکەکان پڕ بوون لە لم و، دەیان قونچکە جگەرەی سوور و سپی لە لمەکەدا شەتڵ کرابوون. دایکی هێشتا قسەی دەکرد. جاروبار دەگریا و جاروبار ژێر دەبووەوە و دەیگوت: «باوکت پیاوێکی کەم نییە. چۆن دڵت دێت تووشی نەنگییەکی وەهای بکەیت؟ چۆن دەتوانی...»

«نەنگی چی دایە؟»

هەلاڵە نەیگوت دایە. قیژاندی: «ئەوە تۆ باسی چی دەکەی؟»

جگەرەیەکی لە کیفەکەی دەرهێنا و دایگیرساند. عەسەبی و هەڵچوو مژێکی قووڵی لێدا و دووکەڵەکەی بە ناو دیوە شیشەییەکەدا بڵاو کردەوە. چەند کەس بە بەر دیوەکەدا ڕەت بوون و لەودیو دیوارە شیشەییەکەوە سەیریان کرد. پیاوێکی ریش ماش و برینیجی ویستی خۆی بە دیوەکەدا بکات، بەڵام کە دەرکەی کردەوە و هەڵچوون و گریانی هەلاڵەی بینی، بێدەنگ پاشەو پاش کشایەوە. هەلاڵە ئاگای لێ نەبوو. دایکی بەردەوام قسەی دەکرد. دەتگوت کەسێک بە گوێیدا دەچرپێنێ و ئەو بە دەم گریان و لووشمەوە دەیڵێتەوە. قسەکانی لە قسەی خۆی نەدەچوون، گوتنەکەشی. گوتنەکەی بێڕەحمانە بوو.

«تۆ دەتەوێ بۆ پیرەمێردێکی هەرزە و بەڕەڵلا حاشا لەو پیاوە کڵۆڵە بکەیت؟»

«کامە پیاوی کڵۆڵ؟»

«شێرزاد. ئەو کوڕە بەستەزمانە. ئەو...»

شێرزاد چی گوتبوو؟ ئەو کوڕە کڵۆڵ و بەستەزمانە رووداوەکانی ئەو ماوەی نێوان خۆی و هەلاڵەی چۆن گێڕابووەوە؟ دایک و باوکی ئەو رووداوانەیان چۆن بیستبوو؟

«ئەو پیرەمێردە عەجەمە سەگبابە ئەوەندە دەهێنێت حاشا لە مێردو منداڵەکەت بکەیت؟ ئەوەندە دەهێنێت ڕەدووی کەوی و...»

دایکی قسەکەی پێ تەواو نەکرا، ماوەیەک بێدەنگ بوو، پاشان گوتی: «هەلاڵە... هەلاڵە...»

هەلاڵە گوتی: «ئەو پیرەمێردە سەگبابە مامۆستامە.»

بە دایکی نەگوت، بە شێرزادی گوتبوو. زۆر لەوەبەر پێی گوتبوو. گوتبووی:

«سەعید مامۆستامە. جگە لەوەش هاووڵاتیمانە.» شێرزاد گوتبووی: «هاووڵاتی؟! ئێستا ئیتر عەجەمێکی سەگباب هاووڵاتیمانە؟!» بە توانجەوە گوتبووی، بە رق و نەفرەتەوە.

سەعید، سەعیدی رەحمانی مامۆستای زانکۆ بوو. دەرسی ئەدەبیاتی دەگوتەوەو چیرۆکیشی دەنووسی. دوو کۆمەڵە چیرۆکی بە زمانی فارسی بڵاوکردبووەوە. هەڵاڵە فارسیەکەی زۆر باش نەبوو، بەو حاڵەش کۆمەڵە چیرۆکی دووهەمی خوێندبووەوە. هەشت چیرۆک، کە هەموویانی پێخۆش بوو. گوتبووی: «پێدەچێ رووداوەکانی هەر هەشت چیرۆکەکە لە ماڵێکدا روویان دابێت، ماڵێکی گەورەو قەرەباڵغ، بینایەکی کۆن لە ناو حەوشە و حەسارێکی گەورەدا، حەوشە و حەسارێکی پڕ لە دار و درەخت و ...»

سەعید بزەی هاتبوویە، بزەیەکی تاڵ. گوتبووی: «ئەو حەوشەو حەسارە ئێستا نەماوە. ماڵەکەش وەک دەڵێن کاول بووە و رووخاوە.»

«ماڵی خۆتان! ماڵی خۆتانە؟»

ماڵی خۆیان بوو، لە کرماشان. سەعید کرماشانی بوو. کوڕی بنەماڵەیەکی کوردی کرماشانی کە ساڵەها لەوەبەر هاتبوو بۆ سوید.

دایکی گوتی: «هەڵاڵە ئەگەر ئەو هەواڵە بگاتە ئێرە و خەڵک بیبیستنەوە کە تۆ بۆ پیرەمێردێکی عەجەم حاشات لە مێردەکەت کردووە، باوکت دەبێ رووی خۆی رەش بکات و ئەم وڵاتە بەجێبێڵێت.»

گوتی: «باوکت شەست و ئەوەندە ساڵە بە زیندان و ئەشکەنجە، بە شەڕو شۆڕو کۆچ و رەو حەیاو شەرەفی کۆ کردۆتەوە، تۆ دەتەوێ هەمووی لەبەین بەریت؟»

چۆن حەیا و شەرەفێکی شەست و ئەوەندە ساڵە بە هەڵاڵە لەبەین دەچوو؟

شێرزاد دەیگوت: «باوکت حەیا و شەرەفی لە کوێ بوو؟ پیاوێکی عارەق خۆری مێباز ...» دەیگوت: «سەیرکە کڵۆڵی ئەو میللەتە کە پیاوێکی وەک باوکت سیاسەتمەدار و سەرکردەیەتی!» هەڵاڵە دەیگوت: «تۆ تفەنگچی بەردەرکەی ئەو پیاوە بوویت، نەبوویت؟»

«من کەر بووم، نەمدەفاماند.»

«تۆ ئێستاش کەری و نافامێنی.»

«باوکت کەرە، دایکت کەرە، هەموو کەس و کارت کەر و نەفامن.»

هەلالە دەیگوت: «تۆ راست دەکەی، ئەوان کەرن. کەر نەبوونایە زۆریان بۆ من نەدەهێنا کە هەتیوە بەرەڵایەکی وەک تۆ لەو شاخ و داخە، لە ناو ئەو شەڕ و شۆر و تەق و تۆقە رابکێشم و بتهێنم بۆ ئێرە. ئەوان زۆریان بۆ نەهێنامایە ئێستا تۆ لەوێ ...» ئەوسا دەیگوت: «خودایە من لە کوێم؟ من کێم؟ چۆن ژیاوم؟ چۆن دەژیم؟»

هەلالە کە ئەم شەڕە جنێوانەی بیر دەکەوتەوە شەرمی دەکرد. تەریق دەبووەوە و بە خۆیدا دەشکایەوە. بوغز بەربینگی دەگرت و دەمی تاڵ دەبوو، تاڵ وەک کەکرە. هەستی دەکرد بایەکی قورس و زەمەن لە کونە لووت و کونە گوێچکەکانییەوە هەڵیکردووەو، هەستی دەکرد مێشکی خەریکە دەتەقی. کە دووهەم قونچکە جگەرەکەی لە لمی تەپڵەکەکە رۆ کرد، مۆبایلەکەی قرتاندبوو، خستبوویە ناو کیفەکەیەوە. ئەوسا هەستا. هەستا و دەرکەی دیوە شیشەییەکەی کردەوە. ماتڵ نەبوو شێرزاد لە درێژەی قسەکانیدا بڵێت «ئێستا لە وڵاتی خۆم دەبووم، نەک لەم کاول بووە.» یان بڵێت «ئێوە فریوتان دام. باوکت و دایکت لە وڵاتی خۆم هەڵیانکەندم و بە فرت و فێڵ ناردیانم بۆ ئەم کاول بووە.»

گوێت لێیە دایە؟ گوێت لێیە ئەو کورە بەستەزمان و کڵۆڵە چیتان پێ دەڵێت؟ ئاگات لێیە چۆن پاداشی چاکەو پیاوەتیتان دەداتەوە؟ دەڵێ ئێوە خەیانەتتان پێکردووە.

دەڵێ ئێوە بە فرت و فێڵ لە وڵاتی خۆی هەڵتانکەندووە.

دایکی گوتبووی: «لێرە، لە وڵاتی خۆمان ژنێک بیەوێت بۆ عەجەمێکی سەگباب حاشا لە مێردەکەی بکات، دەزانی چی لێدەکەن؟ سەری دەبڕن. نەنگی وا بە خوێن نەبێ ناشۆرێتەوە.» گوتبووی: «تۆش لێرە بوویتایە و بتویستایە کاری وا بکەیت ...» هەلالە گوتبووی: «چیان لێ دەکردم؟ سەریان دەبڕیم؟» گوتبووی: «ئەی تۆ چیت دەکرد؟»

نا، نەیگوتبوو. نەیدەگوت. دایزانی دایکی چی دەکات. دایکی دەگریا. وەک هەمیشە دەخزایە ژوورەکەی و لە قەراغ پەنجەرەکە، لە پاڵ قۆری و سەماوەرەکە دادەنیشت و دەگریا. دایەگەورە دەیگوت: «بەس بگری سەعادەت، بەس بگری کچی خۆم. ئەم گری گرییەی تۆیە منداڵەکانی وەرس کردووە و لە ماڵەوە تاراندوونی.» کە دایەگەورە باسی منداڵەکانی دەکرد، سەعادەت لاچکی سەرپۆشەکەی لەسەر هەردوو بەرە دەستی رادەخست و، روومەت و چاوە تەڕەکانی تیا دەشاردەوە، ئەوسا سەری بە هەنیسکانەوە دەچوو. دایە گەورە بە خەم و داخێکی گرانەوە سەری لێ ڕادەوەشاند و دەیگوت: «وەڵا ئەو منداڵە بەستەزمانانە ناحەقیان نییە ئەگەر لە ماڵەوە بەند نەبن. منیش بم لە بری ئەوان، لە ماڵێکدا بەند نابم کە دوور لە باڵای کوڕەکەم، ڕۆژی حەوت جار شینی لێدەگێڕدرێت.» دەیگوت: «کچی خۆم ئەو منداڵانە پێویستیان بە دوو قسەی خۆش و دوو زەردەخەنەی دایکانەیە.»

ئەو دەمە هێشتا میرخوناک لە شەڕ لەگەڵ دێوەکان نەگەڕابووەوە. هێشتا حەمە رەشید ئاغا لە زیندان بەرنەبووبوو. هێشتا سەعادەت و خاتوو ئامینی خەسووی لەگەڵ منداڵەکان پێکەوە دەژیان. ئەو دەمە منداڵەکان گەورە ببوون. مەجید کوڕە گەورەی بنەماڵە ساڵێک بوو خوێندنی تەواو کردبوو، شەوانە هەر کە شێوی دەکرد لە ماڵ دەرۆشتە دەر و تا درەنگان نەدەگەڕایەوە. دایکیشی تا درەنگان بە ترس و نیگەرانییەوە چاوەڕێی دەماو نەدەخەوت. ئەو دەمە کاروان کە هێشتا مێرمنداڵ بوو لە قوتابخانە هەڵدەهات. لەگەڵ هاورێ و برادەری خراپ دەگەڕاو، فێری جگەرە کێشان ببوو. دایکی چەند جار جگەرەی لە گیرفاندا دیبوو. کاروان چەند شەوێک بە جلوبەرگی دڕاو و سەری شکاوەوە هاتبووەوە. گوڵاڵەش...

گوڵاڵە ئەو دەمە چواردە ساڵی تەمەن بوو. وازی لە خوێندن هێنابوو، شەو و ڕۆژ یان لەبەر ئاوێنە بوو یان لەبەر پەنجەرەی دیوەکەی سەر کۆڵان. دایکی یەک دوو جار بینیبووی کە لەگەڵ کوڕێکی مێرمنداڵی هاوتەمەنی کاروان، نامەی گۆڕیبووەوە. دایکی بەسەری خۆیدا کێشابوو، خۆی رنیبوو.

«ئاخر تۆ خۆت چیت و نامە گۆڕینەوەت چی!؟»

دایکی لە هەڵاڵەش کە ئەو دەمە دە ساڵان بوو، بێخەم نەبوو. ئەویش دەچووە کۆڵان و بە سەد هەرا و هاوار جا دەهاتەوە. دایکی دەگریا و دەیگوت: «منداڵ سێبەری باوکییان بەسەرەوە نەبێت، لەوە چاکتر نابن. منداڵ کە گەورەیان نەبێت لێی بترسن ...» مەبەستی بێدەربەستی مامەکانیان بوو. براکانی حەمەڕەشید ئاغا دەمێکە بوو هاتوچوویان کەم کردبۆوە. حەفتەی جارێک یەکیان دەهات و پارەیەکی دەخستە مشتی دایکی یان براژنییەوە و ماتڵ نەدەبوو دەڕۆشت. پارەکەشیان لە حسابی مووچە و مەزرای گوند و کرێی دووکانەکانی شار دەدا. بەسەر پێوە نەبێت منداڵەکانیان نەدەدواند. دواندنێکی کورت و بێ دەربەست. «مەجید لەگەڵ دەرس و دەورەکەت چۆنی؟ کاروان ئەوە سەرت بۆ شکاوە؟» ماتڵی وەڵام نەدەبوون. خاتوو ئامینی دایکیان دەیگوت: «ڕۆڵە کوا مامییەتی ئاوا دەبێت!» بە کوڕەکانی دەگوت. دەیگوت: «ئەو منداڵانە پێویستیان بە چاوەدێری زیاترە.»

سەعادەت دەیگوت: «من تێناگەم بۆ دەبێ لەسەر ئەو هەموو عالەمەدا، لەسەر ئەو هەموو پیاوە یەکە یەکەی تایەفە، لەسەر باقی کوڕەکانت، حەمەڕەشید ئاغا بێتە کوڕی حەقایەت و بچێتە شەڕی دێوەکان؟! بۆ دەبێ ئەو چوار منداڵی چەتوونی بێ باوک بەسەر مندا بەجێبێڵێت؟» دەیگوت: «من ناتوانم هەم دایکیان بم هەم باوک.»

هەڵاڵە دەیگوت: «من دەتوانم.»

بە شێرزادی دەگوت. دەیگوت: «تۆ بڕۆ وازمان لێ بێنە، من بۆ ئارەزوو هەم دایک دەبم، هەم باوک.»

هەڵاڵە ڕۆژێک ئەوەی گوت کە هەموو کەس و کارەکەی لە سوید، لە ماڵی ئەو کۆ ببوونەوە. مامەفەتاح و نەسرین خانمی ئامۆژنی، مەجیدی برای و فەریدەی خێزانی، گوڵاڵە و ... شەهابی مێردی گوڵاڵە نەهاتبوو. ئەو لەگەڵ منداڵەکانی لە ئۆرۆبرۆ مابووەوە. شەهاب گوتبووی: «ژیانی هەڵاڵە و شێرزاد پەیوەندی بە خۆیانەوە هەیە و من حەز ناکەم خۆمی تێ هەڵقورتێنم.» بەڵام کاروان هاتبوو. کاروان لە ئینگلیس دەیخوێند، ئەو ماوە بەسەردان لە سوید بوو.

ئەو رۆژە رۆژی یەکشەممە بوو. میوانەکان بە پێی رێکەوتنیان لەگەڵ شیرزاد، لە سەعات دە و یانزەوە، بە دوو دەستە هاتن. مەجید و فەریدە و دوو منداڵەکەیان بە قەتار و، مامە فەتاح و نەسرین خانمی هاوسەری بە ئۆتومبێلی خۆیان هاتن. گوڵاڵەش لەگەڵ ئەوان بوو. گوڵاڵە دوێنێ کە لە ئۆروبرۆوە هاتبوو، یەکراست چووبووە ماڵی مامەی و شەو لەوێ مابووەوە. بەڵام کاروان شەوی رابوردووی لە ماڵی هەڵاڵە و شێرزاد بەسەر بردبوو. تا درەنگان لەگەڵ ئارەزوو یاری کردبوو. بەیانی کە میوانەکان هاتن، ئارەزوو هێشتا لە دیوەکەی خۆی لە خەو هەڵنەستابوو. هەڵاڵە بەڵام زوو هەستابوو. ئەو سەرەتا بە چای میوانداری کردن. پاشان سەبەتێک میوەی هێنا و لەسەر مێزەکە داینا. مامە فەتاح گوتی: «دانیشە کچم، کێ بەم بەیانییە میوە دەخوات.»

هەڵاڵە دانیشت.

مامە فەتاح گوتی: «ببوورن بەم بەیانیە سەر و دڵمان گرتوون. خەتای ئێمە بوو.» ئیشارەی بە خۆی و نەسرینی هاوسەری کرد.

«ئێمە بۆ دوانیوەڕۆ وەعدمان هەبوو.»

رووی قسەکەی لە هەڵاڵە بوو. هەڵاڵە زەردەخەنەیەکی کرد و هیچی نەگوت. بەڵام شێرزاد گوتی: «ئێوە ببورن. خەتای من بوو کە...»

مامە فەتاح قسەکەی پێ بڕی و یەکسەر و بە پەلە چووە سەر ئەو بابەتە کە مەبەستی کۆبوونەوە و دانیشتنەکەیان بوو. گوتی: «داوای لێبوردنی ناوێ. ئێمە، واتە من و نەسرین، لە جێی دایک و باوکی هەردوکتانین. ئەمانیش خوشک و برای هەردووکتانن. ئێستا کە هەموومان لە دەوری یەکتر کۆ بووینەتەوە...»

هەڵاڵە هەڵیدایە:

«پێویست نەبوو بەیانی رۆژی پشووەکەتان لە خۆتان تێکبدەن و، بەم بەفرو سەرمایە ئەم رێگە دوورە بپێون. دەزانم شێرزاد ئەم عەزیەتەی خستوونەتە بەر، داوای لێکردوون بێن بۆ ئێرە ...»

هەڵاڵە قسەکەی پێ تەواو نەکرا. لەو کاتەدا دەنگی منداڵەکانی مەجید و ئارەزوو

بەرز بووەوە. هەڵاڵە دەستبەجێ و بە پەلە هەستا و خۆی بە دیوەکەی ئارەزوودا کرد. کە گەڕایەوە میوانەکان خەریکی چای خواردنەوە بوون. بە هاتنەوەی ئەو چاویان لە زاری بڕییەوە. هەڵاڵە لەکاتێکدا دادەنیشتەوە، گوتی: «ڕاستییەکەتان دەوێت هیچ قسەیەک لە مابەینی من و شێرزادا نەماوە.»

بە شێوەیەک گوتی من و شێرزاد کە پێدەچوو ژن و مێردێک بن لەو پەڕی تەبایی و ڕێکەوتندا. شێرزاد کە لەملایەوە دانیشتبوو هیچی نەگوت. هەستاو پەرداخی بە تاڵی چایەکانی کۆ کردەوە.

هەڵاڵە گوتی: «ئێمە بڕیارمان داوە لەیەک جیا ببینەوە. وەک هەموو ژن و مێردێکیتری ئەم دنیایە کە ناتوانن پێکەوە بژین و ناچار دەبن لە یەک جیا ببنەوە.»

میوانەکان، لانیکەم ئاوا گورج و بێ پێشەکی، چاوەڕوانی ئەو قسە نەبوون. شێرزاد پەرداخە بەتاڵەکانی لە ئاشپەزخانە دانا و گەڕایەوە. کە دی میوانەکان چاویان لە زارییەتی، گوتی: «منیش هیچ کێشەیەکم لەگەڵ جیابوونەوە نییە. بەڵێ منیش ئامادەم جیا ببمەوە، بەڵام...»

گوتی: «بەڵام کێشەی من ئەو منداڵەیە. ئارەزوو. من دەمەوێ ئارەزوو لە لای خۆم بێت. خۆم گەورەی بکەم. لە وڵاتی خۆم.»

هەڵاڵە ویستی بڵێت، بە دەمەوێ و نامەوێی من و تۆ نییە، ئێمە لە سوید دەژین و بە پێی یاسای سوید... بیگوتایە، شێرزاد دەیگوت: من لەو یاسایە دەڕیم کە... هێچیان نەیانگوت. نەسرین خانم کە قەرار بوو دایکی هەر دووکیان بێت، گوتی: «پڕکێشی ئێوە بۆ ئەو منداڵە و، ئەوەی کە هیچتان حازر نین دەستی لێ هەڵبگرن نیشانەی ئەوەیە کە هیچتان لە دڵەوە لە یەکتر دانەبڕاون. ئێوە هێشتا یەکترتان خۆش دەوێ و، بە بڕوای من ئەو منداڵە بەهانەیە بۆ ئەوەی لەیەک جیا نەبنەوە.»

نەسرین خانم زۆرجار قسەیەکی دەکرد کە چاوەڕوانی لێ نەدەکرا، ئەمەش لەو قسانەبوو. فەتاحی مێردی سەیرێکی کرد و بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە شانازییەوە سەری بۆ لەقاند. ئەوانی تریش سەریان لەقاند. لەو کاتەدا دیسان زریکەیەک لە دیوی منداڵەکانەوە بەرز بووەوە. ئەمجارەش تەنیا هەڵاڵە بوو کە داچڵەکی و بە پەلە

هەستا و خۆی بە دیوەکەی ئارەزوودا کرد. منداڵەکانی مەجیدی برای، کچ و کوڕێکی شەش و هەشت ساڵە لەسەر کەرەسەی یاری کردنی ئارەزوو شەڕیان بوو. ئارەزوو لە ناو شەڕەکەیاندا نەبوو، بەو حاڵەش کاتێک هەڵاڵە دەرکەی کردەوە، ئارەزووی دی کە ترساو و نیگەران پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو، ئەژنۆ بچووکەکانی لە باوەش گرتبوو. باریکە رووناکاییەکی کز لە درزی پەردەی نارنجی پەنجەرەی دیوەکەیەوە، بەسەر لارووومەت و شانە کز کردووەکانیدا کشابوو. هەڵاڵە بەزەیی پێدا هات، بەزەییەکی زۆر و، بزەیەکی تاڵی بۆ کرد.

«چی بووە کچم؟ بۆچی ئاوا کز دانیشتووی؟»

بوغزێکی ئان و ساتی لە سنگییەوە تا قوڕگی هات، بەر لەوەی بیێتە کوڵی گریان خاو بووەوە.

«وەرە کچی خۆم. وەرە.»

هەڵاڵە ئارەزووی لە باوەش گرت. ئەوسا رووی کردە منداڵەکانیتر و گوتی: «ئێوەش وەرن. وەرن بچین لە هۆڵەکە یاری بکەن.»

ئارەزوو لە باوەشی دایکیدا خۆی مەڵاس دابوو، هەردوو دەستی لە دەوری گەردنی ئاڵاندبوو. هەڵاڵە بیری کردەوە، ئایا ئەم منداڵە بیانوویەکە بۆ لێک دانەبڕان؟ بیانوویەکە بۆ ئەوەی لە یەک جیا نەبنەوە؟ منداڵەکانی مەجیدی بەرەو هۆڵەکە پێش خۆیدا. لەوێ شێرزاد بوو کە قسەی دەکرد.

«راستە من هەڵاڵەم خۆش دەوێ و حەز بە جیا بوونەوەش ناکەم. بەڵام داوا کردنی ئارەزوو بیانوو نییە. لانیکەم بۆ من بیانوو نییە. من بڕیاری خۆم داوە. من دەگەڕێمەوە

بۆ وڵات و کچەکەشم لەگەڵ خۆم دەبەمەوە.»

ئارەزوو هەروا لە باوەشی دایکیدا بوو. هەروا خۆی پێوە نووساندبوو. هەڵاڵە ترپەی دڵی دەبیست و هەستی بە گەرمای هەناسەکانی لەسەر لا ملی خۆی دەکرد. ترپەی ئارام و گەرمایەکی خۆش بوو. فەریدەی ژنی مەجید کە تا ئەو دەمە هیچی

نەگوتبوو، گوتی: «ئەوە ئارەزوو خەوتۆتەوە؟ خۆ تازە هەستابوو. وانییە؟»

هەڵاڵە نەیگوت خەوی لێنەکەوتووە. نەیگوت لە شەڕی منداڵەکان ترساوە و ...

کاروان گوتی: «شەو زۆر درەنگ خەوت. بەیانیش زوو، بەر لە هەمووومان هەستا. زۆر بە دەوری مندا هەڵسووڕا بەڵام کە زانی من هەڵناستم، ناچار ڕۆشت و دیسان خەوتەوە.»

ئارەزوو نەخەوتبۆوە. شێرزاد هەروا قسەی دەکرد.

«من دەمەوێ منداڵەکەم لە وڵات و نیشتمانەکەی خۆم گەورە بێ. ئایا ئەمە داوایەکی ناحەقە؟»

ڕووی پرسیارەکەی لە هەڵاڵە نەبوو، لە مامە فەتاح و مەجیدی ژنبرای بوو. ئەوان هیچیان نەگوت. دەیانزانی وەڵامدانەوە بەو پرسیارە تووشی گفتوگۆ و مشتومڕێکی بێحاسڵیان دەکات. پێشتریش چەند جار تووش ببوون. بەڵام کاروان بەوەی نەدەزانی، ئەو گوتی: «با بڵێین داواکەی تۆ داوایەکی ناحەق نییە. ئەی داوای دایکی کە دەیەوێت منداڵەکەی لێرە، لەم وڵاتە، بژی و گەورە بێ؟ ئایا داوای ئەویش داوایەکی ڕەوا و حەق نییە؟»

پرسیارە ژیرانەکەی کاروان کەسی دانەچڵەکاند. دەمێکە بوو کەس لە قسەی ژیرانەی کاروان دانەدەچڵەکی و نەیدەگوت، ئەوە کاروانە قسەی وا دەکات؟! ئەوە ئەو کوڕە توند و شەڕانییەی ساڵی ساڵانە ئاوا نەرم و عاقڵانە دەدوێت؟ کاروان درێژەی بە قسەکەیدا.

«من پێموایە هەردووکتان، تۆش و هەڵاڵەش، لەبری ئەوەی بیر لە حەق و ناحەقی داوای خۆتان بکەنەوە، دەبێ بیر لە مەسڵەحەتی ژیانی ئەو منداڵە بکەنەوە. بیر لەوە بکەنەوە ئارەزوو لە کوێ بژی و لە کوێ گەورە بێ بە مەسڵەحەتییەتی.»

شێرزاد بێ سێ و دوو لێکردن گوتی: «من دەڵێم لە وڵاتی خۆمان.»

مەجید خۆی پێنەگیرا و گوتی: «کامەیە وڵاتی خۆمان؟»

شێرزاد تیزە بزەیەکی هاتێ. تیزە بزەکەی بە ڕووی یەکە یەکەی میوانەکاندا پژاند و، ئەوسا گوتی: «نازانم. من پیاوێکی سادە و ساویلکەم. تۆ پێم بڵێ کاکە مەجید،

تۆ کە پیاوێکی عاقڵ و ژیری پێم بڵێ کامەیە وڵاتی خۆمان؟ تۆ هەر کوێت پێ وڵات و نیشتمانی خۆمان بێت، من کچەکەم دەبەم بۆ ئەوێ.»

ئارەزوو هێشتا لە باوەشی دایکیدا بوو، هەر دوو دەستی ئەمبەراوبەر لە ملی ئاڵاندبوو، جووڵەی نەدەکرد. شێرزاد درێژەی پێدا:

«تۆ برا گەورەی کاکە مەجید، من لە تۆ دەپرسم کامەیە وڵات و نیشتمانی ئێمە؟ سوید؟ ئێران؟ کوردستان؟ کامەیان؟»

ئەو لە سەرەتای دانیشتنەکەیانەوە ویستبووی باسەکە بگەیەنێتە ئێرە. بیگەیەنێتە شوێنێک کە لێیان بپرسێت: وڵاتی ئێوە کوێیە؟ ئەو نیشتمانە کە لە پێناویدا خەباتتان دەکرد کامەیە؟ ئەوسا بڵێت: باشە بۆ ناڕۆنەوە بۆ ئەو وڵاتە؟ بۆ دەستی ژن و منداڵەکانتان ناگرن و نایانبەنەوە بۆ ئەو نیشتمانە؟ پێشتریش پرسیبووی. مەجید گوتبووی: «من لەو وڵاتە قاچاغم. هەموومان قاچاغین. هەمووومان ئەگەر بڕۆینەوە بۆ نیشتمانەکەمان دەگیرێین و ...»

شێرزاد گوتی: «کام نیشتمان؟ ئێران؟»

«بەڵێ، کوردستانی ئێران.»

«دەی باشە بۆ ناگەڕێنەوە بۆ کوردستانی عێراق؟ مەگەر ئەوێش هەر کوردستان نییە؟ مەگەر دایک و باوک و هاوڕێکانتان ئێستا لەوێ ناژین؟»

مەجید هیچی نەگوت.

کاروان گوتی: «بگەڕێینەوە بۆ ناو ئەو شەڕ و شۆڕە؟!»

مامە فەتاح بە بێزارییەوە سەری بەملاولادا سووڕاند. گوتی: «کاکە ئەو مشت و مڕە بێ حاسڵە ناتانگەیەنێتە هیچ کوێ. من ناڵێم پێمان بگاتە وڵاتی خۆمان دەمانگرن و دەمانکوژن. من دەزانم ئێستا لەوێش وەزعەکە تا رادەیەک گۆڕاوە و، رۆژانە رەنگە سەدان کەسی وەک ئێمە دەگەڕێتەوە بێنەوەی بگیرێت یان بکوژرێت. من دەڵێم ئێمە ئێستا لێرەین. لەم وڵاتە کە ناوی سویدە. کەسیشمانیان بە زور نەهێناوە. کەسیش لێرەوە نامەی دڵداری لێنەنووسیوین. هەمووومان بە خواستی خۆمان هاتووین و، هەر کامەشمان لێرە ژیانێکی بچووکمان پێکەوە ناوە و خەریکی

ژیانی خۆمانین. ئەڵبەت ئەمە بەو مانایە نییە کە لە نیشتمانەکەی خۆمان دابڕابین. هەموومان تاسەی دەکەین. تاسەی کەس و کار و دۆست و ناسیاو و شار و گوندەکەمان دەکەین. بێگومان ئێستا و لەم کاتەدا تۆ، کاکە شێرزاد، لەبەر هەر هۆیەک بێت لە هەمووومان زیاتر بێتاقەتی و تاسەی نیشتمان و کەس و کارەکەت دەکەیت. زۆر چاکە، من وەک مامەی خۆت پێشنیارت پێدەکەم لە پشووی هاوینەی ئیمساڵدا دەستی ژن و منداڵەکەت بگری و سەردانێکی بکەیت. لانیکەم سەردانێکی هەریمی کوردستان. وەک ئەو هەموو خەڵکە کە دەچن و ماوەیەک لەوێ دەبن و باوک و دایک و کەس و کاریان بەسەر دەکەنەوە.»

گوتی: «سەفەر پێویستە و ئێوەش، تۆ و هەڵاڵە، چەند جارێک سەفەرتان کردووە. دەی ئەمجارەیان بچن بۆ کوردستان. ئەو کچۆڵەش ببەن. قسەکەم خراپە؟»

قسەکەی خراپ نەبوو. بەڵام هەڵاڵە، کە ئەمجارەیان ئارەزوو بە راست لە باوەشیدا خەوێ لێکەوتبوو، هەڵیدایە: «لەگەڵ رێزمدا بۆ تۆ مامە گیان. کاری ئێمە لەم قسەو نەسیحەتانە تێپەڕیوە.»

ئەوسا رووی کردە مەجید و کاروانی برای و گوتی: «کاکە گیان شێرزاد دەیەوێت نیشتمان پەروەریتان پێ بفرۆشێت. دەیەوێت پێتان بڵێت ئێوە نیشتمان پەروەر نین و درۆزنن. دەیەوێ بڵێت ئێوە ترسنۆکن بۆیە ناگەڕێنەوە بۆ وڵات، بۆ ئێران، بۆ کوردستان، بۆ ... چووزانم. دەیەوێ بڵێت ئەو ئازایە و لە ئازایەتی خۆیەتی کە بڕیاری گەڕانەوەی داوە...»

هەڵاڵە پێکەنی، پێکەنینێکی پڕ لە تیز و توانج، پێکەنینێکی عەسەبی، ئەوسا رووی کردە شێرزاد و گوتی: «ئەرێ ئێمە ترسنۆکین. ئەوان نازانم... کارم بەوان نەداوە... بەڵام من ترسنۆکم. من درۆزنم. من نیشتمان پەروەر نیم. ئەسڵەن نیشتمانی من ئێرەیە. سوید. من تەبەعەی ئێرەم و منداڵەکەشم لێرە لە دایک بووە و خەڵکی ئێرەیە. کەواتە من و منداڵەکەم وەک هاووڵاتییەکی سویدی لێرە دەمێنینەوە. بۆ هەمیشە.»

ئەو رۆژە هەڵاڵە قسەی کۆتایی خۆی کرد و بڕیاری کۆتایی خۆی دا. گوتی: «من

و ئـارەزوو نەک بـۆ مانگێـک و دوو مانـگ، بەڵکـوو بـۆ رۆژێـک و تەنـانەت بـۆ سەعاتێکیش ناگەڕێینەوە. پشووی هاوینەش دەچین بۆ ئۆستڕالیا، دەچین بۆ رۆمانی، میسر، ئەفغانستان ... چووزانم بۆ هەر کوێ جگە لەو کاول بووە کە تۆ پێی دەڵێی نیشتمان.»

## ٢

چی وا دەکات کە بنیادەم لە نیشتمانەکەی داببڕێت؟ لە شارەکەی، لە گەڕەکو شەقامو کووچەو کۆڵانی شارەکەی دابڕێت؟ لە ماڵەکانی، لە دەرکەی ماڵەکان کە بەرەو حەوشـەو حەسـارێکی بچـووک و یەک دوو داری بە بەر دەکـرێنەوە، بەرەو مێوێک کە لقوپۆپ و گەڵاو بەرسیلەی بە سەر هەرزاڵی نزم و نەویدا بڵاو بووەتەوە. لە پەنجەرەکانی کە باوەشیان پڕە لە گوڵدانی سواڵەتی گوڵە شەمدانی و سوێسن و عەتر چایی، لە خەڵکی ناو ماڵ و کـۆڵان و شـەقامەکانی دابڕێت، لە خەڵکێک کە پێکەوە دەژیان، شەوان و ڕۆژان و سات بە ساتی ژیانیان پـێکەوە گـرێ دەدا، گـرێ ... گرێ ... تا بۆ ڕۆژانی داهاتوو، بۆ ڕۆژانی بە نـابەدڵ لێـک دابڕانیـان، یـادەوەری ڕەنگامە بچنن. یادەوەری تاڵو شیرین، خۆشو نـاخۆش. هەڵاڵە سـەدان یـادەوەری لەو شـارە بـوو کە سێزدە سـاڵی سـەرەتای تەمەنـی لێـی ژیـابوو. یـادەوەری تـافی منداڵی... لەو ڕۆژەوە تا کە لە دایک بووبوو، بنیادەم ڕۆژی لە دایـک بـوونی خـۆی لە بیر نییە، بەڵام گەرمای باوەشی دایکی لە بیرە، ئەو زەردەخەنە شیرینە کە ڕوومەتـی دەنەخشێنێ و، ترووسکەی چاوەکانیشی لە بیرە. هەڵاڵە تروسکەی شادیی چاوەکانی دایکـی لە بیـر نەبـوو، فرمێسـکەکانی لە بیـر بـوو، لەو ڕۆژەوە کە یەکەم دڵـۆپ لە گۆشەی چاوی دایکییەوە ڕژابووە سەر گۆنای بچووکی، تا ئەو ڕۆژە کە بانگی کردبوو،

گوتبووی: «وەرە کچم . وەرە خۆت حازر بکە، دەبێ بڕۆین.»

ئەو ڕۆژە چ ڕۆژێک بوو؟ چ ڕەنگێک بوو؟ زەرد، سەوز، شین، یان سوور؟ یادەوەرییەکانی هەلاڵە ڕەنگیی بوون، وەک خەونەکانی. لە خەون و یادەوەرییەکانیدا هەمیشە ڕەنگێک ڕەنگی زاڵ بوو. زەرد، سەوز، شین، سوور، قاوەیی ... هەموویان بۆرەقنە و ژەنگاوی، هەموویان کۆن، وەک مژێکی ڕەنگیی کە هەموو شتەکان و کەسەکانی لە خۆ گرتبێت، وەک تەنکە تەمێکی ژەنگاوی کە بەسەر ڕەسمە کۆنەکاندا دەکشێت. دایکی ئەو ڕۆژە لە ناو تەنکە مژێکی قاوەییدا فرمێسکی ڕشتبوو، چەند ڕۆژ لەوە بەریش، ئەو ڕۆژەش کە مامە فەتاح هاتبوو، گوتبووی: «براژن وردە وردە ماڵەکەت بپێچەرەوە و منداڵەکان ئامادە بکە، پێدەچێت بەمزووانە لێرە بڕۆن.»

«بۆ کوێ؟»

دایکی نەیپرسیبوو، هەلاڵە پرسی. مامە فەتاح گوتی: «تۆ کارت نەبێ کچم. باسیشی مەکە. لە هیچ کوێ باسی مەکە، بەتاییەت لە قوتابخانە.»

هەلاڵە چووبووەوە بۆ قوتابخانە، قوتابخانەیەک کە شەش ساڵ دەرسی لێخوێندبوو، هەر ساڵەو لە پۆل و ژوورێک، لە گەڵ سی یان چل کچۆڵەی دیکەی هاوتەمەنی. هەموویان بەڕیز لە سەر کورسییە درێژەکان، شان بە شانی یەکتر دادەنیشتن. مامۆستاکەیان ژنێکی میهرەبان بوو. دوای تەواو کردنی دەرسەکەی یاری لەگەڵ دەکردن، گۆرانی پێدەخوێندن. مامۆستایەکی تریان بوو کە میهرەبان نەبوو. ئەو مامۆستا نەبوو، مودیری قوتابخانەکە بوو، ژنێکی تووڕە و تۆسن. هەلاڵە ڕوخساری گرژ و مۆنی مودیرەکەشی لە قاپی ڕەشی چارشێوێکدا وەبیر دەهاتەوە، کاتێک تەڕەشوولێکی لێ بەدەستەوە دەگرتن و ... هەلاڵە ئێش و ئازاری تەڕەشوولەکەشی لەبیر بوو. گریانی خۆی و هاوڕێکانیشی لەبیر بوو.

«ئەی توخوا خانم. ئەی توخوا...»

کە خانم مودیر لەبەر خاتری خودا وازی لێ دەهێنان، ئەوسا منداڵەکان پێدەکەنین. بە پێکەنینەوە دەچوونە حەوشەی قوتابخانە، چوار چوار و پێنج پێنج،

دەستیان دەخستە ناو دەستی یەکتر و گۆرانیان دەخوێند. گۆرانی نا، سروود. «عەنجەزە عەنجەزە عەنجەزە عەبدە ... لاشەریک لاشەریکە لە...» ساڵی پێش یان ساڵانی پێشتر سروودێکی تریان دەخوێند. «ئێمە رۆڵەی ئەم نیشتمانەین ...»

رۆڵەکانی نیشتمان ئێستا لە کوێ بوون؟ هاورێکانی قوتابخانەی... منداڵەکانی کۆڵان...

هەلاڵە لەو رۆژانەدا کە تەنیا رەسمە رەنگی و ژەنگاوییەکان وەبیر بنیادەمی دەهێننەوە، لەگەڵ منداڵەکانی کۆڵان یاری دەکرد. هەنگڵە شەلێ، قەرا قەرا و چاوشارکێنێ... منداڵەکان خۆیان لە پشت شتەکانەوە، لە پشت دار و درەختەکانی کۆڵانەوە، دەشاردەوە. هەموو دار و درەختی کۆڵان چراغان کرابوون ئەو رۆژە کە حەمە رەشید ئاغای باوکی لە زیندان بەر بیوو. خەڵکی شار لەبەر دەرکەی زیندانەوە خستبوویانە سەر شانیان و بە هەموو شەقام و کۆڵانەکاندا گێرابوویان. هەلاڵە ئەو رۆژە سەوزەی لەبیر بوو، ئەو رۆژە کە میر خوناوک بە سەرکەوتووییەوە لە شەڕی دێوەکان گەڕابووەوە. خەڵکی شار، شاد و خۆشحاڵ دەستەکانیان هەڵبڕیبوو. مستەکانیان رادەوەشاند و دروشمیان دەدا. یان رەنگە سروودیان دەخوێند، سروودی سەرکەوتن. میرخوناوک لەو سەری کۆڵانەکەیانەوە لە سەر شانی خەڵکەکە هاتە خوار. لە ژێر نسێی لقوپۆپی درەختەکان و، لە ژێر تریفەی رەنگاو ڕەنگی گڵۆپی ناو گەڵاکان، لەو سەری کۆڵانەوە بۆ ئەم سەری، ئارام و لەسەرخۆ لە پێش حەشاماتەکەوە هەنگاوی دەنا. لەبەر دەرکەی ماڵەکەی سوپاس و ماڵاوایی لە حەشاماتەکە کرد. لەو دیو دەرکە، هەلاڵە چاوەڕوانی باوکی بوو. دایکی و دایەگەورە و خوشک و برا و مامەکانیشی چاوەڕوان بوون. میرخوناوک کە لە دەرکەی حەساری ماڵەکەی هاتە ژوور، گورز و گۆپاڵی پێنەبوو، خەنجەرو سوپەری پێنەبوو، بەو حاڵەش وەک دایەگەورە هەمیشە دەیگوت جوان و جوانچاک بوو، رەنگی پێستی بەفر و خوێنی تێکەڵ بوو، بریسکەی چاوی گەش و تیژ بوو. هەلاڵە گوتی: «میرخوناوک...»

باوکی باوەشی پێدا کرد و ئەملاولای ماچ کرد، ئەملاولای گوڵاڵە و مەجیدو کاروانیشی ماچ کرد، ئەملاولای دایکی و براکانی و باقی کەس و کارەکەشی ماچ کرد. تەنیا ئەملاولای سەعادەتی خێزانی ماچ نەکرد. سەعادەت گوتی: «بەخێر بێیتەوە حەمە ڕەشید ئاغا.»

هەڵاڵە گوتی: «حەمە ڕەشید ئاغا نا، میرخوناوک.»

ئەوسا پرسی: «میر خوناوک دێوەکانت کوشت؟ کانی و سەرچاوەی شارەکەت ڕزگار کرد؟»

بەهار بوو. ئاوی کانی و سەرچاوەکان بە شیو و جۆگەلەی کۆڵان و شەقامەکاندا بە خوڕ دەڕۆشت. درەختەکانی تێر ئاو دەکرد و گوڵەکانیشی دەگەشاندەوە.

هەڵاڵە گوتی: «میر خوناوک کچی پاشای شاریان دایتێ؟»

باوکی گوتی: «من کچم ناوێ، کچێک کە شەو و ڕۆژ لە بەر ئاوێنە خۆی بڕازێنێتەوەو، لە ناو پەنجەرەدا چاوەڕوان بێت هەتیوێک بە کۆڵاندا تێپەڕێت و چاوی لێ بقرتێنێت، یان نامەی لە قوتووە شەمچەیەکدا لە ناو تەنەکەی خۆڵی بەر دەرکە بۆ بەجێبێڵێت.»

باوکی لەبەر پەنجەرەی ژوورەکە ڕاوەستابوو کە ئەوەی گوت، پەنجەرەی ڕووەو کۆڵان نا، پەنجەرەی ڕووەو حەوشە. درەختەکانی حەوشە گوڵەکانیان وەریبوو. نەوەریبوون، کۆببوونەوە، هەڵپێچرابوون، تا ماوەیەک دواتر ببن بە میوە، سێو؟ ئەرێ سێو. تا بەرلەوەی بگەن، منداڵ بیانرنەوە. حەمەڕەشید ئاغا لەبەر پەنجەرەکە دەستی خستبووە پشتی. بە پەنجەی دەستێکی مەچەکی ئەویتری گرتبوو. گوتی: «من کوڕم دەوێ، کوڕێک کە کەس نەوێرێ چاوی لێ بقرتێنێ و، لە قوتووە شەمچەو لە ناو تەنەکەی خۆڵی بەردەرکە نامەی بۆ بەجێبێڵێت.»

گوڵاڵە گریا و بە گریانەوە لە ژوورەکە چووە دەر، بەڵام هەڵاڵە نەچووە دەر. هەڵاڵە قەت لە ژوورەکەی باوکی نەدەچووە دەر. تەنانەت ئەگەر میوانیشی لێ بوایە، لە پەنا باوکی لە جێی خۆی نەدەبزوا. دایکی دەیگوت: «کچی عاقڵ ئەگەر باوکی میوانی بێت بەجێیدێڵێ و، لە ژوورەکەی دێتە دەر.»

هەڵاڵە دەیگوت: «خۆ من کچ نیم. من کوڕم.»

ئەوسا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە کوڕە، جلوبەرگی کوڕانەی لەبەر دەکرد، کراس و پانتۆڵێکی کوڕانەی خاکی، لە ڕەنگی جلوبەرگی ئەو چەکدارانە کە دەستە دەستە دەهاتنەماڵیان. چەکدارەکان چەکەکانیان بە دیواری ژوورەکەی باوکییەوە هەڵدەپەسارد. هەڵاڵە سەیری چەکەکانی دەکرد کە چێو و ئاسن بوون. جاروباریش دەستی هەڵدەبڕی و، بەتێکەڵەیەک لە ترس و خۆشییەوە، بەرە دەستی لێ دەسوون. چەکەکان سارد بوون، توندو قایم و پتەو بوون. یەکێک لە میوانەکان، کە پیاوێکی هاوتەمەنی باوکی بوو، گوتی: «حەمەرەشید ئاغا ئەم کوڕە چکۆلەشت لە ئێستاوە حەزی لە چەکە.»

ئەوسا رووی کردە هەڵاڵەو گوتی: «هەڵیگرە کوڕم. بەرزی بکەرەوە، بزانە قورسە یان سووک؟«

قورس بوو.

هەر ئەو پیاوە گوتی: «ناوت چییە کوڕم؟»

«ناوم؟»

ویستی بڵێت هەڵاڵە. بەڵام باوکی هەڵیدایە و گوتی: «هەڵمەت.»

هەڵاڵە تا ساڵەها لەوە دواش ئەو ساتە پیرۆزەی لە بیر نەدەچووەوە کە لە هەڵاڵەوە ببوو بە هەڵمەت. دایکی گوتبووی: «هەڵمەت؟! خۆ هەڵمەت ناوی کوڕە.» گوتبووی: «ژنێکی جیرانمان تازە کوڕی بووە و ناوی ناوە هەڵمەت.» باوکی گوتبووی: «هەڵە گیانی منیش کوڕە. سەیر کە چ کوڕێکی ئازاشە!» دایکی سەیری کردبوو. بە تیزەبزەیەکەوە سەیری کردبوو، وەها کە بڵێت بە دەستێک جلوبەرگی کوڕانە و دەمانچەیەکی شاکوژی بچووک و قژە سەری کورت، هیچ کچێک نابێت بە کوڕ. باوکی بەپێچەوانەی دایکی بە زەردەخەنەیەکی پڕ لە ڕەزامەندییەوە لە قەڵافەتی کوڕانەی هەڵاڵە ورد بووبۆوە و گوتبووی: «خوا لێم نەستێنێت. وەجاغی باوکییەتی.» دایکی تووڕە بووبوو. هەستابوو یان هەڵنەستابوو، گوتبووی: «بە شێوەیەک قسە دەکەی کە گوایە نێرینە لە داوێنم نەکەوتۆتە خوار. تۆ دوو کوڕت

هەیە، ماشەڵا چاوی کوێریان پێ ڕوون دەبێتەوە.» ئەمجارە باوکی تیزە بزەی کردبوو. وەها کە بیەوێ بڵێت ئەو دووانە کوڕی من نین. یەکیان کوڕی لینینە و ئەویتریان کوڕی عوسە بۆرە.

باوکی هەمیشە ئەوەی دەگوت. دایکی تا ماوەیەکی زۆر نەیدەزانی لینین کێیە. بەڵام عوسە بۆری دەناسی. عوسە بۆر چەقۆکێش و شاڕلاتانێکی بە ناوبانگی شارەکە بوو. هەڵاڵە عوسە بۆری نەدەناسی. کە منداڵتر بوو پێی وابوو عوسە بۆر یەکێکە لەو دێوانە کە میرخوناوکییان لە ئەشکەوتدا ئەسیر کردووە. دایکی ئەو فکرەی خستبووە مێشکییەوە، ئەوەندە کوڕەکانی و، تەنانەت کچەکانیشی لە عوسە بۆر ناوێک ترساندبوو کە مەست و سەرخۆش چەقۆیەک بە دەستەوە دەگرێت و لە تاریکی کۆڵانەکاندا شوێن منداڵان دەکەوێت. هەڵاڵە زۆر جار هەستی دەکرد کە عوسە بۆر بە دواوەیەتی. ئێواران، کاتێکک بە تاریک و ڕوونیی کۆڵاندا تێدەپەڕی، بە تەنیا یان لە گەڵ هەر کەس بوایە، هەستی دەکرد پیاوێک بە چەقۆیەکەوە بە شوێنیەوەیەتی. بۆیە دەترساو، بێ ئەوەی بوێرێت ئاوڕی لێبداتەوە پێی گورج دەکرد. باوکی دەیگوت: «ئەوە چی بووە ڕۆڵە، بۆچی هەڵدێی؟»

هەڵاڵە دەیگوت: «دەترسم بابە، دەترسم.»

هەڵاڵە لە بیری نەمابوو کەی ئەوەی گوتبوو. ڕەنگە ڕۆژێک لەو ڕۆژانە کە باوکی تازە لە زیندان بەربببوو. ئەو ڕۆژانە ڕۆژانێکی مەیلەو سووری ژەنگاوی بوون، ئەگەر هەڵاڵە ڕەسمەکانی بدیبایەوە. ئەو ڕەسمانە کە دایکیشی نەیدەزانی چیان بەسەر هاتووە. یەک دو جار گوتبووی: «ڕەنگە لەگەڵ ڕەسمەکانی ڕۆژانی لەوە دوا سووتابن.»

ئەو ڕەسمانە سووتابن یان ون بووبن، هەڵاڵە بەرلەوەی لە ستۆکهۆلم، لەسەر تەختی نەخۆشخانە بکەوێت، جاروبار ئەو ڕۆژانەی وەبیر دەهاتەوە. ڕۆژانێکی قەرەباڵغ و پڕ لە هەراو هوریا بوون ئەو ڕۆژانە. ماڵەکانیش قەرەباڵغ بوون، کۆڵان و شەقامەکانیش. خەڵک لەو ڕۆژانەدا هەمیشە پێکەوە بوون. لە ماڵ و مزگەوت و کۆڵان و شەقامەکاندا پێکەوە بوون. خەڵک کە پێکەوە بوونایە نەدەترسان. لە

تەقەی تفەنگیش نەدەترسان، لە دەستڕێژی گوللەش. بەوحاڵەش، کە تەقەی تفەنگ و دەسڕێژی گوللەی سەربازو پاسەوانەکانیان دەبیست هەڵدەهاتن. بە هەموو شەقامەکاندا هەڵدەهاتن و خۆیان بە کۆڵانەکاندا دەکرد. خەڵک لە کاتی هەڵاتنیشدا نەدەترسان. بەڵام هەڵاڵە دەترسا. تەنانەت ئەو کاتەش کە دەستی لە ناو دەستی باوکیدا بوایە دەترسا.

دەیگوت: «دەترسم بابە، دەترسم.»

باوکی دەیگوت: «مەترسە کچم هیچ نییە. تەقەی هەواییە.»

«تەقەی هەوایی؟!»

«ئەرێ، بە خەڵکییەوە نایتێن. بە ئاسمانییەوە دەنێن.»

ئەو هەموو گوللەیان بە ئاسمانەوە دەنا کەچی دڵۆپێک خوێنی لێنەدەچۆڕا. هەڵاڵە نەیدیبوو دڵۆپێک خوێن لە ئاسمانەوە بچۆڕێت، کەچی دنیا سوور بوو، سوورێکی ژەنگاوی. هەموو شار سوورێکی ژەنگاوی بوو، کاتێک هەڵاڵە بە خەیاڵ دەگەڕایەوە بۆ ئەو ڕۆژانە، بۆ ئەو شارە، بۆ ئەو شەقامە قەرەباڵغانە. کاتێک خەڵک لە ترسی گوللەو دەسڕێژی هەوایی بەو شەقامە قەرەباڵغانەدا هەڵدەهاتن و خۆیان بە کۆڵانەکاندا دەکرد. کۆڵانەکانیش سوورێکی ژەنگاوی بوون، تەنانەت ئەگەر چۆڵیش بوونایە، ئەگەر تاریکیش بوونایە، ئەگەر جگە لە هەڵاڵە و باوکی کەسی دیکەشیان پێدا نەڕۆشتایە. هەڵاڵە دیسان دەستی لە ناو دەستی باوکیدا بوو، لەو کۆڵانە چۆڵ و تاریکانەدا، لە کۆڵانی خۆیان. لە کۆڵانی خۆیان؟

گوتی: «دەترسم بابە، دەترسم.»

باوکی ڕاوەستا. لە پێچی کۆڵانەکە، لە بن دیواری ماڵێک ڕاوەستا. بەسەیر و سەرسووڕمانەوە بە سەریدا نەویەوە و گوتی: «لەچی دەترسی؟»

«هەست دەکەم کەسێک بە دوامەوەیە.»

باوکی ئاوڕی دایەوە و ئەمسەراوسەری کۆڵانەکەی بە چاو و بە نیگا دۆزی.

«کێ بە دواتەوەیە ڕۆڵە؟ سەیر کە کەس بە دوامانەوە نییە.»

«سێبەرەکەی دەبینم. سێبەری ئەو کەسە کە بە دوامەوەیە. سێبەری...»

ویستی بلێ عوسە بۆر... ویستی بلێ عوسە بۆر چەقۆیەکیشی بە دەستەوەیە، بەلام نەیگوت.

باوکی گوتی: «ئەوە سێبەری منە رۆلە. سێبەری من.»

ئەوسا پێکەنی.

«کوڕی ئازا چۆن دەبێ لە سێبەری باوکی خۆی بترسێت!»

کوڕی ئازا؟

باوکی گوتی: «ئەو کچانەت بۆ ئاوا ترسنۆک بارهێناوە، سەعادەت؟ لە سێبەری منیش دەترسن.»

سەعادەت گوتی: «کچ دەبێ لە سێبەری خۆشی بترسێ. ئەگەر نەترسێ تووشی هەزار بەلا و نەهامەتی دەبێت.»

حەمە رەشید ئاغا گوتی: «من کچێکم ناوێ کە لە سێبەری خۆشی بترسێت. من کوڕێکم دەوێ کە لە هیچ نەترسێت.»

هەلالە گوتی: «من لە هیچ ناترسم.»

ئەو رۆژە رۆژێکیتر بوو. دوانیوەڕۆی رۆژێکیتر، هەلالە لە کۆلان لەگەل مندالانی هاوتەمەنی، لە بن دیواری مالی یەکێک لە دراوسێکانیان، لە ژێر سێبەری لقوپۆپی دارتووەکەیاندا کە ئاودیوی دیوارەکە بووبوو، دانیشتبوو. دە تا پازدە مندال بوون کە دوای نانی نیوەڕۆ، بە فیتووی یەکێک لە هاوڕێکانیان هاتبوونە دەر. سەرەتا ویستبوویان تۆپێن بکەن. هێشتا دوو شەقیان لە تۆپەکە نەدابوو کە ژنە دراوسێکەیان سەری لە پەنجەرەی مالەکەیەوە دەرکێشابوو، نەڕاندبووی: «ئەوە بەم قرچەی نیوەڕۆیە تۆپێن دەکەن؟ نالێن خەلک بەلای ناخێریانەوە راکشاون و پشوو دەدەن؟»

مندال ناچار وازیان لە تۆپێن هێنابوو. بیریان کردبووەوە، چی بکەن ... یەکیان گوتبووی: «بۆ نەچین لە پشت مالان...»

«یاری بکەین؟»

«نا، شەڕ بکەین.»

«شەڕ؟!»

چەند شەو لەوەبەر لە پادگان شەڕ بووبوو ، شەڕێکی قورس. دەنگی دەسڕێژی گوللە تا درەنگان نەیهێشتبوو خەو لە چاوی کەس بکەوێت. گوتبوویان: «حەتمەن پادگانیان لە گەمارۆ داوە و بەتەمان بیگرن.»

«کێ؟»

هێشتا خەڵک دەستیان بە تاڵ بوو. هێشتا کەس چەکی هەڵنەگرتبوو. ئەوانەش کە لە کۆنەوە تفەنگ یان دەمانچەیەکیان بوو، هێشتا لە بن عەرز دەریان نەهێنابوو و ئاشکرایان نەکردبوو. بۆ بەیانیدا قاو بڵاو بووبووەوە کە چەند سەرباز لە پادگان یاخی بوون، یەکێک لە فەرماندەکانیان کوشتووە و ویستوویانە هەڵێن، بەڵام نەیانتوانیوە. گوتبوویان: سەربازە یاخییەکان لە یەکێک لە خانووەکانی پادگان کەوتوونەتە گەمارۆوە، ئەو شەڕە شەڕی نێوان سوپاکەی پادگان و سەربازە یاخییەکان بووە.

یەکێک لە منداڵەکان گوتی: «من دەبمە فەرماندەی لەشکرەکەی پادگان.»

جەمال یان کەمال گوتی: «منیش لەگەڵ کەسێکیتر دەبمە سەربازی یاخی.»

جەمال یان کەمال؟! هەڵاڵەساڵەها لەوەدوا کە یادی ئەو رۆژەی دەکردەوە، هەرچی هەوڵی دەدا و زەختی دەخستە سەر مێشکی، ناوی ئەو کوڕەی بیر نەدەکەوتەوە. جەمال یان کەمال؟ کوڕێکی ڕەشتاڵەی جوان بوو.

هەڵاڵە گوتی: «منیش سەربازی یاخیم.»

«تۆ؟!»

هەرکەس پرسی، بە عەجایەباتیەوە پرسی.

«ئەرێ من. من لە هیچ ناترسم.»

لەو ڕۆژەوە کە حەمەڕەشید ئاغا لە زیندان هاتبووە دەرو، هەموو خەڵکی شار بە ڕێزەوە تا بەر دەرکەی ماڵەکەی هێنابوویان، منداڵەکانی گەڕەکیش ڕەفتاریان لەگەڵ هەڵاڵە گۆڕابوو، لەگەڵ خوشک و براکانیشی. جەمال یان کەمال گوتی: «چاکە، من و هەڵاڵە دەبینە دوو سەربازی یاخی.»

سەربازە یاخییەکان لە خانوویەکی نیوە تەواوی پشت ماڵان کەوتبوونە گەمارۆی منداڵەکانەوە. ئەو منداڵانە کە بە تفەنگی دارینەوە لە شیوەڵە وشکەکەدا راکشابوون‌و، لە پشت دیواری نیوە هەڵچندراوی خانوەکانی ترەوە پەیتا پەیتا تەقەیان دەکرد. هەڵاڵەو جەمال یان کەمالیش، هەر کامەیان لە پەنجەرەیەکی خانووە ناتەواوەکەوە شەڕی مان و نەمانیان دەکرد، شەڕێکی قورس. سەربازە یاخییەکان زۆریان لە سەربازەکانی تری پادگان کوشت. بەڵام لە پڕ جەمال یان کەمال بریندار بوو. گوللەیەک سنگی پێکا و بە دەم هاوارێکی بڵێندەوە کەوتە زەوی. هەڵاڵە وازی لە پەنجەرەکەی خۆی هێنا و بەرەو جەمال یان کەمال هەڵات. بەرەو ئەو کوڕە چاو و برۆ رەشە جوانە، تەمەنی هەر چواردە پانزە ساڵ دەبوو. دەستی خستبووە سەر سنگی و لە بەر ئێش و ئازاری برینەکەی گرمۆڵە بووبوو. هەڵاڵە سەیری برینەکەی کردو بە پەشۆکاوییەوە گوتی: «هیچ نییە. مەترسە ناهێڵم دەستیان بتگاتێ.»

مەبەستی لە سەربازەکانی پادگان بوو کە بەردەوام تەقەیان دەکرد. هەڵاڵە دەستی گرت کە بەرزی بکاتەوە، رەنگە بۆ ئەوە لەو گەمارۆیە دەربازی بکات. جەمال یان کەمال بەرز نەبووەوە. گوتی: «خۆت عەزیەت مەکە هەڵاڵە. من دەمرم.»

هەڵاڵە؟ نەیگوت مەڵێ هەڵاڵە. نەیگوت بڵێ...

جەمال یان کەمال گوتی: «ئەرێ، من دەمرم. بەڵام بەر لەوەی بمرم دەبێ شتێکت پێ بڵێم.»

جەمال یان کەمال لێوەکانی دەلەرزین. رەنگی گەنمیی روومەتی سپی ببوو. خوێن لە بنا گوێکانییەوە شەپۆلی دەدا. گوتی: «من تۆم خۆش دەوێ هەڵاڵە.»

چاوی لە چاوی نەبڕیبوو ، شەرمی دەکرد. چاوی لە گۆنای بڕیبوو ، لە دەم و لێوی، لە گەردنی. چاوی لە دوو دەنک گوێز بڕیبوو کە لە ژێر کراسە کوڕانەکەیەوە لەسەر سنگی دەرتۆقیبوون. گوتی: «دەمێکە تۆم خۆش دەوێ هەڵاڵە. دوا داواکاری بەر لە مردنم ئەوەیە کە ماچێکم بدەیتێ. ماچێک لەو گۆنایە، لەو ...»

هەڵاڵە حەپەسا. بە شەرم و ترس و تووڕەییەوە سەیری کرد. باوکی گوتبووی:

«من کچم ناوێ. کچێک کە کوڕان تەمای تێ بکەن و دەستی بۆ ببەن. من کوڕم دەوێ.» هەڵاڵە دەستی هەڵبڕی و بەهەموو هێزی خۆی زللەیەکی لە لاڕوومەتی سرەواند. جێی پەنجەکانی خۆی بەسەر لاڕوومەتیەوە دی کە ئان و سات سوور بووەوە. جەمال یان کەمال زریکاندی، گوتی: «من تۆم...»

هەڵاڵە دیسان دەستی هەڵبڕییەوە. منداڵەکان، کوژراو و نەکوژراو، لە پەنجەرەی خانووە ناتەواوەکەوە سەیریان دەکرد. سەیری جەمال یان کەمال کە لەسەر عەرزەکە کەوتبوو. هەڵاڵە بە ژوور سەرییەوە، خشتێکی بە دەستەوە بوو. بە سەریا بدات یان نا؟

حەمەرەشید ئاغا گوتی: «ئافەرەم کوڕی خۆم. کوڕی من شێرە، مەردە...»

سەعادەت گوتی: «ئەوە کوڕ نییە، کچە. تێدەگەی، کچ.»

بە تووڕەییەوە گوتی. ئەوسا رووی کردە هەڵاڵە کە وەک پاڵەوان لە پەنا باوکیدا دانیشتبوو ، بە هەڕەشەوە گوتی: «لەمەدوا حەقت نییە لەگەڵ کوڕان یاری بکەیت. تەنانەت حەقت نییە بە تەنیا لە ماڵ بڕۆیتە دەر.»

ئەوسا گریا. بەگریانەوە گوتی: «ئەگەر بەڵایەکی بەسەر بێنن، ئەتکی بکەن، من قوڕی کوێ بەسەری خۆما بکەم؟»

حەمە رەشید ئاغا گوتی: «کوڕی من کارێکی کردووە لە ئیمڕۆوە تا سەد ساڵیتریش کەس لەم شار و گەڕەکە ناوێرێ بە لایدا بکۆکێ و، بە خراپ سەیری بکات.»

هەڵاڵە بیری دەکردەوە، لەو ڕۆژەوە تا سەد ساڵیتر لەو شار و گەڕەکە نەژیابوون، تەنانەت تا دوو ساڵیتریش. دوو ساڵی نەخایاند کە بەناچاری ئەو گەڕەک و شارەیان بەجێهێشت. بۆ هەمیشە بە جێیان هێشت. هەڵاڵە رۆژی بەجێهێشتنەکەشی لەبیر بوو. یەعنی هەر کاتێک بیویستایە وەبیر خۆی دەهێنایەوە. وەک چۆن هەر کاتێک بیویستایە ئالبۆمە بچووکەکەی لە مجرییە چێوی و شیشەییەکەدا دەردەهێناو سەیری رەسمەکانی دەکرد، کە هەر یەکەو مژێکی رەنگیی ژەنگاوی باڵی بەسەردا کێشابوون. چەند رەسمێک لەو شار و گەڕەکە هێشتا لە ئالبۆمەکەیدا مابوو. ئەو

رەســمانە کە بەر لە هــاتنی بــۆ ســوید، تەنــانەت لەوە دواش، یەکە یەکە کـۆی کردبوونەوە. رەسمی کۆلان و ماڵەکەیان و...

هەلالە ئەو رۆژە کە شار و گەڕەکەکەیانی بەجێهێشتبوو، تەنانەت لە مانگێک لەوە بەریشەوە، لە ماڵی خۆیـان نەبوو. لە مـاڵی خزمێکیـان بـوو. نەک خـۆی بە تەنیا، هەموویـان. هەموویـان بـێجگە لە بـاوکی و کـاکە مەجیـدی بـرای کە بەرلەوەی لەشکری حکوومەتی تـازە شـار بگـرێتەوە، لەگەڵ بـاقی چەکـدارەکان رۆشـتبوون. هەڵاتبـوون. حەمەرەشید ئاغا ژن و منداڵەکەی بە فەتـاحی بـرای سپاردبوو. مـامە فەتاح چەند رۆژ پاش رۆشتنی کـاکەی کەسێکی لـێ راسپاردبوو کە پێـی بڵێـت، تـا ئەوان بێنەوە و شارەکە بگرنەوە زۆر دەخایەنێت. پێـی بڵێـت لەشـکری حکـوومەت بە پێشەنگی خەڵکی شارەزا، کەوتۆتە پشکنینی ماڵەکان. پێـی بڵێـت سـەلاح نییە ژن و منداڵەکەی لە ماڵی ئەو بن. گوتبووی: «دایکم لێرە، لە لای خـۆم، گـل دەدەمەوە و براژن و منداڵەکان دەنێرم بۆ ماڵی خدر ئاغا. کەس شکی بۆ ماڵی خدر ئاغا ناچێت.»

خدر ئاغا خزمیان بوو، خزمێکی دوور و دۆستێکی گیانی گیـانی حەمەرەشید ئاغا. گوتبووی: «ئێرە ماڵی من نییە. ماڵی حەمە رەشید ئاغایە.»

حەمەرەشید ئاغا کە ئەو هەواڵەی بیست، پیـاوێکی لە فەتـاحی بـرای راسـپارد و گوتی: «بە ژن و منداڵەکانم بڵێ خۆیـان بپێچنەوە، لەم شـەوانەدا کەسێکی ئەمـین دەنێرم بە شوێنیاندا بیانهێنێت بۆ لای خۆم.»

گوتی: «دایکیشم ئەگەر پێی خۆش بوو با لە گەڵیان بێت.»

خاتوو ئامین گوتی: «من ناچم، منێکی پیرێژن لەوێ دەبم بە بار بەسەریانەوە.»

سەعادەتیش گوتی: «منیش تا ماڵاوایی لە دراوسێکانم نەکەم لەم شارە ناجووڵێم. مـن ساڵەها لەو گەڕەک و کـۆڵانە، لەگەڵ ئەو دراوسـێیانەدا ژیـاوم ، خـوا دەزانێـت جارێکیتر دەیانبینمەوە یان نا ، تا نەچم و گەردنی خۆمیان پێ ئازاد نەکەم...»

بـۆ سبەینێدا هەلالەش لەگەڵ دایکـی چـوو بـۆ گەڕەک و کـۆڵانەکەی خۆیـان. ئەویـش وەک دایکـی چارشـێوێکی رەشـی لە خـۆی ئاڵانـد و سـەر رێ کەوت. بە درێژایی رێگەی نێوان ماڵی خدرئاغا و ماڵی خۆیان، بە کـۆڵانە چۆڵ و تەریکەکاندا

دەڕۆشتن. گورج و بەپەلە، وەها کە کەسێکیان بە شوێنەوە بێت، تەنانەت نەیاندەوێرا سەر هەڵبڕن و لە ئەملاولای خۆشیان بڕوانن. سەعادەت دڵی پڕ بوو، بوغز قورگی گرتبوو. هەڵاڵە کاتێک بەوەی زانی کە لە ماڵی یەکێک لە دراوسێکان بوون و، دایکی لەو کاتەدا کە باوەشی بە ژنە دراوسێکەیاندا دەکرد، لە پرمەی گریانی دا. ژنەکانی کۆڵان چوار چوار و پێنج پێنج، لە ماڵێک کۆ دەبوونەوە و سەعادەت بۆ هەر ماڵێک لەو ماڵانە بچووایە و، باوەشی بە هەرکام لەو ژنانەدا بکردایە، دەگریا. بەڵام هەڵاڵە نەدەگریا. ئەو لە کاتێکدا خۆشحاڵی خۆی لە سەفەر و ڕۆشتنەکەیان نەدەشاردەوە، ماڵاوایی لە هاوڕێ و هاوتەمەنەکانی خۆی دەکرد، لە کچ و کوڕەکانی کۆڵان. تەنانەت لە جەمال یان کەمالیش، لەو کوڕە ڕەشتاڵە کە بۆ یەکەمجار پێی گوتبوو خۆشم دەوێی و، بۆ یەکەمجار ویستبووی ماچی بکات. جەمال یان کەمال کاتێک هەواڵی گەڕانەوەی ژن و منداڵەکەی حەمە ڕەشید ئاغای بیست، کاتێک لە بڕیاری ڕۆشتن و ماڵاوایی کردنی یەکجارەکیان گەیشت، ئەژنۆی شل بوو. ڕەنگی وەک جاو سپی بوو. بە پەلە لە ماڵ ڕۆشتە دەر و لە کاتێکدا پێڵاوەکانی بە دوای خۆیدا رادەکێشا، دەم لەسەر پشت هەڵات، لەمسەری کۆڵانەوە بۆ ئەو سەری و، لەوێ خۆی بە دەرکەی کراوەی ماڵێکدا کرد. لەو دیو دەرکەی حەوەشەی ماڵەکە هەڵاڵەی دی لەگەڵ چەند کچیتر لە سەر پلیکانەکان دانیشتبوون. بەولاوەتر لە ناو ماڵەکە دەنگی گریانی ژنەکان دەهات. جەمال یان کەمال رووی نەهات بچێتە پێش. دڵیشی نەهات بڕواتە دەر. دەرکەی حەوشەکەی بە حاستەم پێوە دایەوە و پاڵی بە دیوارەکەوە دا و لە هەڵاڵە ورد بووەوە. ڕەنگە یەکەمجار بوو هەڵاڵەی بە جلوبەرگی کچانە و چارشێوەوە دەبینی. چارشێوەکەی هەڵاڵە بۆ سەر شانی داخزابوو. قژی کورتی وەک هەمیشە بە دەرەوە بوو. جەمال یان کەمال حەزی نەدەکرد هەڵاڵە یان کچەکانیتر بیبینین. حەزی دەکرد بێئەوەی ببیندرێت، هەروا لە دوورەوە سەیریان بکات، سەیری هەڵاڵە بکات. هەڵاڵە بەڵام ئەوی بینی، کوڕێکی کز و لارەمل کە پاڵی بە دیواری حەوشەکەوە دابوو، بەحەسرەتەوە لێی رامابوو. وەک چۆن دواتر برایمۆک لێی رادەما ، دواتریش شێرزاد. هەڵاڵە لە ڕۆژی شەڕەکەیانەوە ئەو کوڕەی

نەدواندبوو. هەستا و لێی چووە پێش. کچەکانیش... نەیدی کچەکان چییان کرد. بەڵام جەمال یان کەمالی بینی کە شانی لە دیواری حەوشەکە هەڵبڕی و قنج راوەستا. رەنگە ترسا. هەڵاڵە تەپو کوتی دڵی نەبیست، بەڵام لەرزینی بە حاستەمی ئەژنۆکانی بینی. خەم و حەسرەتیشی بە سەر روومەت و لێویەوە بینی کە تۆزاوی و خۆڵاوی بوو. جەمال یان کەمال چاوی پڕ بوو لە فرمێسک. نەیڕشت.

هەڵاڵە گوتی: «ئێمە لێرە دەڕۆین. دەڕۆینە دەر.»

گوتی: «نازانم کەی دەگەڕێینەوە.»

گوتی؟ لە بیری نەبوو گوتبێتی. لە بیری بوو کە دەستی لە بن چارشێوەکەی هێنایە دەر و بۆی درێژ کرد، دەستی تۆقە. جەمال یان کەمال هیچی نەگوت. بە ترس و شەرمەوە دەستی لەگەڵ لێدایەوە و دەمی بۆ پان کردەوە. دەم پان کردنەوەکەی لە هەموو شتێک دەچوو بێجگە لە زەردەخەنە. جەمال یان کەمال ... ناوی هەرچی بوو، یەکەم کەس بوو کە حەزی لێکردبوو، یەکەم عاشق، عاشقێکی نامراد. وەک برایمۆک کە عاشقێکی نامراد بوو.

هەڵاڵە رەسمێکی بچووکی برایمۆکی لە دڵقێکی روون و شەفافی شیشەییدا کەپس کردبوو. دوای ئەوەی کە برایمۆک مردبوو رەسمە کەپس کراوەکەی بە پەتێکی رەشەوە دەکردە ملی. دواتر کە چوو بۆ سوید، پەتە رەشەکەی بە زنجیرێکی زیوی سپی گۆڕیەوە. رەسمەکە لە بن کراس و ژێر کراسەکەیەوە، وەک پلاکی ملوانکەیەکی پڕ بەها لە مابەینی مەمکەکانی ئاوێزان بوو. پلاکێک کە جاروبار مەمکەکانی ئازار دەدا. وەک ئەوەی چڕنووقیان لێبگرێت، یان بیانگەزێت. هەڵاڵە بەو گەستنەی دادەچڵەکی. زەردەخەنەیەکی دەکرد و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «برایم... هەتیو...»

شێرزاد گوتبووی: «من برایمۆکم نەدیوە بەڵام هەست بە نزیکایەتییەکی سەیر دەکەم لە گەڵیدا.» گوتبووی: «کە تۆ یان هەر کەسیتر باسی دەکەن، هەست

دەکەم باسی کەسێک دەکەن کە لە نزیکەوە دەیناسم، نەک هەر ناسینێکی ئاسایی. هەست دەکەم باسی هاوڕێیەکم دەکەن، کەسێک کە لە گەڵیدا ژیاوم و خۆشم ویستووە. کەسێک کە ئێستاش خۆشم دەوێت.»

هەڵاڵە گوتبووی: «شێرزاد دەمەوێ وەعدێکم پێ بدەی.»

هەڵاڵە ڕۆژێک ئەوەی گوت کە خۆی یەکلایی کردبووەوە. پاش ماوەیەکی زۆر بیر لێکردنەوە و سێ و دوو لێکردن بڕیاری دابوو لەگەڵ شێرزادا بژی، ژیانێکی هاوبەش. ئەو ڕۆژە بۆ شێرزاد خۆشترین ڕۆژی ژیانی بوو، خۆی ئەوەی دەگوت.

گوتی: «وەعدی چیت بدەمێ، هەڵاڵە؟ هەرچی بڵێیت و هەرچیت بوێ...»

«وەعدم بدەرێ کە لە ئیمڕۆوە، لەم ساتەوە، ئیتر نە بە چاک و نە بە خراپ باسی برایمۆک نەکەیت.»

شێرزاد بە دەم بزەیەکی شیرینی دیار و نادیارەوە سەری لەقاند. ویستی بڵێ یەعنی دەتەوێ فەرامۆشی بکەیت؟ یەعنی دەتەوێ... بەڵام نەیگوت. هیچی نەگوت. نەیوێرا هیچ بڵێت. ترسا ئەگەر شتێک بڵێت ئەو ڕۆژە خۆشەی لێ بشێوێت. ئەو ساتەی لێ بزر بێت کە ساڵەها بوو بە ئاوات خواستبووی. ئەو ساتە کە لە پێناویدا نیشتمانەکەی بە جێهێشتبوو، ملی بە سەفەر و غوربەت دابوو. شێرزاد پێشتر چەند جارێک ڕۆژ و ساتی ئاوا خۆش و ئاواتەخوازیی لێشێوابوو. خۆی لە خۆی شێواندبوو. بە قسەیەکی ـ وەک دواتر دەیگوت ـ گەوجانە، بە ڕەفتارێکی نابەجێی بێعەقڵانە. بۆیە ئەو ڕۆژە نەیوێرا هیچ بڵێت. گەوجانە یان ژیرانە هیچی نەگوت. تۆزێک لێی نزیک بووەوە. بەشەرمەوە، لە سەر مۆبلەکە لێی چووە پێش. دەستی بەرز کردەوە کە بیخاتە سەر پشتیی مۆبلەکە بەڵام دەستی خزا. بە عەمد و ئەنقەست ئارام دەستی کەوتە سەر شانی هەڵاڵە، کەوتە سەر ملی کە ڕووت بوو. هەڵاڵە لە سەر مۆبلەکە هەستا. شێرزاد ترسا. نیگای ترساوی بە باڵایدا هەڵزنا. نەکا ئەمجارەش... هەڵاڵە وەک جاران نەیگوت دەڕۆم، یان دەبێ بڕۆم. گوتی: «تۆ دانیشە، من ئێستا دێمەوە.»

دێیتەوە؟

شێرزاد لێی نەپرسی. هەڵاڵە چوو لە ژوورەکەی تر، ڕەسمەکەی برایمۆکی بە زنجیرە زیوەکەیەوە لە ملی داکەند و سەیری کرد. سەیری ئەو کوڕە گەنجە کە چەند ساڵ بوو لەسەر سنگی و لە مابەینی مەمکەکانیدا، بە زەردەخەنەیەکی شیرین و چاوی ڕەشی نەجیبیەوە، ئاوێزان بوو.

هەڵاڵە گوتی: «ببوورە برایم گیان، هیچ پیاوێک حەز ناکات لە سەر سنگ و بەرۆکی ژنەکەی ڕەسمی پیاوێکی تر ببینێت. تەنانەت شێرزادیش کە نەدیو و نەناسیاو تۆی بە قەدەر من خۆش دەوێت.»

ئەوسا ئاخێکی هەڵکێشا. ڕەسمەکەی خستە ناو کیفەکەی و گەڕایەوە. شێرزاد هەروا بێدەنگ لە جێی خۆی چاوەڕوانی بوو. لەسەر مۆبلەکە، قاچی خستبووە سەر قاچی و هەر دوو دەستی بە ئەدەبەوە لە سەر کۆشی بوون. چاوە شەرمن و قاوەییەکەی لە بن پێڵووە نائارامەکانییەوە دەتگوت لە شتێک بە گومانن، دەترسن. نیگای سڵۆکی بە هیچەوە بەند نەدەبوو، تەنانەت بە باڵای هەڵاڵەشەوە. هەڵاڵە تەنیا بەو شێوە نەیبینی. ئەوەی کە ئەو بینی تەنیا پیاوێکی شەرمن و بە ئەدەب نەبوو، پیاوێک بوو بە باوەشی تینووی کراوەوە. چاوەکانی دەتگوت دوو کوانووی ئاگرن. لیک بە لچ و لێویدا شۆڕ بووبووەوە. هەڵاڵە داچڵەکی. ئەو پێشتریش چەند جار پیاوی لە وەها حاڵەتێکدا دیبوو. حاڵەتێک کە کچانی گەنجی وەک ئەوی دەترساند. ئەو پێشتریش چەند جار لە پیاو، لە وەها حاڵەتێکی قێزەونندا، ترسابوو. دواهەم جار چەند ڕۆژ لەوەبەر بوو. ئەو ڕۆژە کە کاک ناسر بەرپرسی بەشی کوردی ڕادیۆ سوید، داوای لێکردبوو وتووێژێک لەگەڵ مامۆستا کلۆڵ، شاعیری بەناوبانگ، بکات. هەڵاڵە لە خۆشیان گەشابووەوە. وتووێژ لەگەڵ شاعیرێکی گەورەی وەک مامۆستا کلۆڵ! بڕوای نەدەکرد.

«جا بڵێی ئەو حازر بێ لە گەڵ من وتووێژ بکات؟! خۆ ئەو من ناناسێت!» بە ترس و دوودڵییەوە گوتی.

کاک ناسر گوتی: «خۆم تەلەفۆنی بۆ دەکەم.»

ئەوسا دەستبەجێ تەلەفۆنی بۆ کرد.

«مامۆستا گیان دەمانەوێت بە بۆنەی چاپی تازەی کۆی بەرهەمەکانتەوە وتووێژێکت لەگەڵ بکەین. وتووێژێکی کورت بۆ رادوێ.»

«بۆچی کورت؟»

«خۆت دەزانی ماوەی بەرنامەکەمان نیو سەعاتە. چارەکە سەعاتێکی بۆ وتووێژەکەی جەنابت و ...»

مامۆستا سەرەتا ملی نەدا. گوتی: «من تاقەتی وتووێژم نییە. بڕۆن لەگەڵ ئەو کەسانە وتوێژ بکەن کە...»

ئەوسا زیاتر لە نیو سەعات بە تەلەفۆن گلەیی لە هاوڕێ شاعیرەکانی کرد، لە میدیاکان کە زیاتر ئاوڕ لە کۆلکە شاعیر دەدەنەوە.

کاک ناسر گوتی: «مامۆستا گیان ئێوە خۆتان لە میدیاکان گەورەترن. شێعری ئێوە سەد ئەوەندەی میدیا و رۆژنامە و گۆڤارەکانی تاراوگە خوێنەری هەیە.»

کاک ناسر بەدەم گوتنی ئەو قسانەشەوە سەری رادەوەشاند و پێی پێدەکەنی. هەڵاڵە ئەو کارەی پێ خۆش نەبوو. ئەو ساڵەها بە عەشقەوە شێعری ئەو شاعیرە گەورەی خوێندبۆوەو، پێی خۆش نەبوو پیاوێکی وەک ناسر بەو شێوە مەعامەلەی لەگەڵ دەکرد. مامۆستا لە نەتیجەی ئەو قسە و موجامەلانەدا ملی بە وتووێژەکە دا. ناسریش گوتی: »کەواتە سبحەینێ یەکێک لە هاوکارەکانمان دێتە خزمەتت. ماڵتان هەر لە شوێنەکەی جارانە؟»

سبحەینێ عەسر هەڵاڵە بەکامێرا و زەبت و کۆمەڵێک دەفتەر و کاغەزەوە لە ماڵی مامۆستا بوو. ماڵێکی بچووکی ڤیلایی لە گەڕەکی «ناکا لێگەل». ماڵێکی خاوێن و رازاوە. لایەک لە هۆڵەکەی، ئەمسەراوسەر، کتێب بوو. کۆمەڵێک رەسمی جوان و هونەری بە دیوارەکانیەوە بوون. بەشی زۆریان پۆرترێتی خودی مامۆستا کە هەڵاڵە پێشتر لە سەر رووبەرگی کتێبەکانی و، لە لاپەرەی گۆڤارەکاندا دیبوونی، هەروەها هەندێک تابلۆی نەقاشی، لە سووچێکی هۆڵەکەش مێز و کامپیۆتەر و... مامۆستا کە بە ئاشکرا دیار بوو لە بینینی کچێکی گەنج و جوانی وەک هەڵاڵە خۆشحاڵ بووە، داوای لێکرد دانیشێت.

«فەرموو. فەرموو. بە ڕاستی من چاوەڕوانی...»

هەلالە هێشتا لە ناو هۆڵەکەی دەرِوانی و، چاوێکیشی لە دەرکەی پێوە دراوی دیوەکانیتر بوو. گوتی: «ئێوە بە تەنیا دەژین؟»

مامۆستا زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: «بۆ نەتدەزانی؟»

چەندە لەو ڕەسمانە کە بە سنگی دیوارەکەوە بوون، پیرتر بوو. شەست ساڵێکی دەنواند. تەنانەت بە سەرو ریش و سمێڵی ڕەنگ کراوی ڕەشیشیەوە. ئای کە بێ سەلیقە قژە سەرو ریش و سمێڵی ڕەنگ کردبوو. ڕەشێکی تۆخ. حەتمەن لەبەر خۆرەتاودا کەسکی دەنواند، وەک سۆنە. بەڵام لە ناو ماڵەوە سۆنە نەبوو. کەڵەشێر بوو. شێرێک بە باوەشێک ریش و سمێڵەوە. مامۆستا پەردەی پەنجەرەی هۆڵەکەی دادایەوەو، گڵۆپێکی سووری بە ژوور مێزی ناوەڕاستی مۆبلەکانەوە هەڵکرد.

«ئاوا شاعیرانەترە. وانییە؟»

ئەوسا چوو بۆ ژوورەکەی تر. هەلالە دانیشت. زۆر چاوەڕوان نەبوو کە مامۆستا گەڕایەوە. بە کراسێکی قۆل کورتی نارنجییەوە گەڕایەوە. پێشتر ئەو کراسەی لەبردا نەبوو. چی لەبەردا بوو؟ هەلالە لە بیری نەمابوو. ئەوەندەی لە بیر مابوو کە دوو پەرداخی بەدەستەوە بوو، دوو پەرداخی پڕ. هەلالە سەیری هاتێ.

مامۆستا گوتی: «بیئەوەی پرست پێبکەم بیرەم بۆ هێنایت. خواردنەوەیەکی سووک.»

ئەوسا پەرداخەکانی لەسەر مێزەکە دانا و، خۆشی بەرامبەر بە هەلالە دانیشت.

«دانی پیادەنێم کە چاوەڕوانی خانمێکی ئەوەندە جوان نەبووم. نەتگوت ناوت چییە؟»

«هەلالە.»

«ئای لەو ناوە جوانە. هەلالە... چەندە شاعیرانەیە...»

پەنجەکانی دەستی لە ریش و سمێڵە ڕەشەکەی ڕۆکردو، چەند کۆپلە شێعرێکی لەبەر خوێندەوە. هەلالە شێعرەکانیشی لەبیر نەمابوو. ئەوەی کە لە بیری مابوو، تا ساڵەها لەوەدواش لە بیری نەدەچووەوە، حاڵەتی شاعیرەکە بوو. هەنیە و بنا گوێی

سوور هەڵگەڕاوی و، چاوەکانی کە دەتگوت پاش قاقای پێکەنینێکی تێر تەڕ ببوون. بە تایبەت ئەو کاتەی کە پەرداخی بیرەکەی بەرز کردەوە و گوتی: «بە خۆشیت.»
هەڵاڵەش بە ناچار پەرداخەکەی بەرز کردەوە و بۆ دەمی برد. قومێکی لێدا و...«نا، ئەوە بیرە نییە. نە سووک و نە قورس. بیرە ئەوەندە تاڵ و توند نییە.»
هەڵاڵە پەرداخەکەی دانایەوە. گوتی: «ببوورە مامۆستا، من لە کاتی کاردا ویسکی ناخۆمەوە.»
«ویسکی؟!»
مامۆستا داچڵەکی. هەڵاڵە زەردەخەنەی کرد، وەها کە بڵێت من لە جیاوازی بیرە و ویسکی دەگەم. گوتی: «ئەگەر قومێکی لێ بخۆمەوە ئیتر بە سێ چوار پێکیش تۆخەم نایەت و کارەکەم لە بیر دەچێتەوە. من عادەتی خۆم باش دەناسم.»
هێشتا زەردەخەنەکەی لەسەر لێو بوو، زەردەخەنەیەک کە مامۆستای تەفرەدا.
مامۆستا پێکەنی و گوتی: «دەی سێ چوار پێک بخۆرەوە.»
ئەوسا هەستا و بە پەلە بترییەک ویسکی هێنا. بترییەکی پڕ کە بە خۆشی و خۆشحاڵییەکی سەیرەوە لەسەر مێزەکە داینا.
«بۆ سێ چوار پەرداخ؟! بتلێک دەخۆینەوە.»
هەڵاڵە گوتی: «ئەی وتووێژەکە؟»
«ئەویش دادەنێین بۆ ڕۆژێکیتر.»
مامۆستاش لەو کاتەدا باوەشی کراوە بوو. چاوەکانی دوو کوانووی ئاگر بوون و تفو لیک بە لچیداو، بە تاڵە ڕەشەکانی ریشیدا شۆڕ بووبووەوە.
هەڵاڵە گوتی: «کەواتە هەر هەمووی دادەنێین بۆ ڕۆژێکی تر.»
بە زەردەخەنەوە نەیگوت. توورە و جیدی گوتی. ئەوسا هەستا. کیفەکەی لەسەر مێزەکە هەڵگرت و ڕۆیشت.
مامۆستا هیچی نەگوت. تەنانەت نەیگوت، بۆ کوێ؟ یان، بۆ ئاوا بە پەلە؟ هەڵاڵە کە گەیشتە بەر دەرکەی هۆڵەکە ئاوڕی لێدایەوە. مامۆستا لە جێی خۆی نەجووڵابوو. لە سەر مۆبلەکە، لە کاتێکدا پەرداخەکەی هێشتا بە دەستەوە بوو، ڕچیبوو. ببوو بە

بەرد. پەیکەری بەردینەی پیاوێکی تەمەن شەست ساڵە بە باوەشی کراوە و، چاوەکانی دوو کوانوو بوون کە دەتگوت ساڵەهایە ئاگریان بە خۆیانەوە نەدیوە.

شێرزاد گوتی: «یەعنی ئێستا ئێمە ژن و مێردین؟»

بە شادی و گەشکەوە گوتی، لە هەمان کاتیشدا بە ترس و گومانەوە. شێرزاد لە خۆوە دەترسا. ئەو لەو ساتە وەختە پەڕیبوّوە کە گومانی شێواندن و بزر کردنی لێدەکرا، ئەو ساتە وەختە کە دەبوو هەڵاڵەی تیا لە باوەش بگرێت، لەشی نەرم و ناسکی لە باوەش بگرێت. هەڵاڵە ئێستا لەسەر چرپاکە راکشابوو، لەشی گەرم و رووتی، شل و شەکەت لەسەر چرپاکە کەوتبوو. لەشی بۆنی لەشی پیاوی گرتبوو، بۆنێکی غەریب. بیری کردەوە چەندە ئەو لەشەی بەملاولادا گێڕاوە. شارەو شار، شاخەو شاخ، وڵاتەو وڵات... ئەو هەگبە گۆشت و خوێن و ئێسک و پێستەی لە دەیان باوەشی کراوە و چڵێس پاراستووە، لە دەیان دەست و پەنجەی تینوو، لچ و لێوی تەڕ. بۆچی؟ بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە رۆژێکی وەک ئیمڕۆ؟ بۆ ئەوەی بیگەیەنێتە شوێنێک کە ماڵی شێرزاد بوو؟ ماڵی پیاوێکی گەنج کە دەمێکە بوو مێردی بوو. لە ساڵێک، ساڵ و نیوێک لەوەبەرەوە بە ناو و بە یاسا مێردی بوو.

شێرزاد گوتی: «ئەی بە دڵ؟ ئەی بە سۆز و عاتیفە و خۆشەویستی؟»

دیسان باوەشی پیاکردەوە. گوتی: «بەڵێنم پێ بدە هەمیشە خۆشت بوێم، هەڵاڵە.»

هەڵاڵە نەیبیست. ئەو هەروا بیری دەکردەوە. ئایا ئەم باوەشە باوەشێکی متمانە پێکراوە؟ ئایا ئەم باوەشە هێلانەیەکە بۆ پشوودان و حەسانەوە؟ پشوودانی پاش ماندووییەکی دوورو درێژ، ماندوویی رێگەیەکی دوورو درێژ، ماندوویی گیان.

دایکی گوتبووی: «لەشی ئافرەت هەموو سامان و دارایییەکەیەتی.»

«ئەی گیانی؟»

هەڵاڵە پرسیبووی.

دایکی وەڵامی دابووەوە.

«گیانی؟ ... گیانی ئافرەت لە بارمتەی لەشیدایە. لە بارمتەی ئەو سامانە گەورە و گرانەدایە.»

گوتبووی: «هیچ ئافرەتێکی عاقڵ، ئەو سامانە گەورە و گرانە لێرەو لەوێ، لەبەر دەست و چاوی چڵێسی خەڵک فڕێ نادات.»

دایکی ئەو قسانەی بە کێ گوتبوو؟ بە هەڵاڵە یان گوڵاڵە؟ بەهەر دووکیان. ئەو دەمانە کە هەردووکیان لە لای خۆی بوون. ئەو دەمانە کە هێشتا لێی دوور نەکەوتبوونەوە و وڵاتیان بە جێنەهێشتبوو. هەڵاڵە بیری ئەو دەمانە کەوتبووەوە، بیری قسەکانی دایکی، بیری ترس و دڵەڕاوکەکەی کەوتبۆوە. دایکی هەمیشە دەترسا. لە شتێک دەترسا کە پێی دەگوت حەیا و نامووس. شتێک کە لە لەشی ژندا بوو، لە چاویدا، لە دەم و زمانیدا، لە ژێر جلەکانییەوە بوو. ئەو ترسە لە کەیەوە کەوتبووە گیانی دایکی؟ کێ ئەو ترسەی لە دڵیدا، لە مێشک و زەینیدا چەندبوو؟ باوکی؟ حەمە ڕەشید ئاغا بە کەمی باسی حەیا و نامووسی بۆ دەکردن. بە کەمی لەو مەترسییانە دەدوا کە لە هەموو کات و شوێنێک لە بۆسەی کچەکانیدا بوو. بە کەمی باسی لەشی کچەکانی دەکرد. ڕەنگە شەرمی باوکانە نەیدەهێشت. حەمە ڕەشید ئاغا ئەو ئەرکەی بە سەعادەتی خێزانی سپاردبوو کە بە چاکی بەڕێوەی دەبرد. بەوحاڵەش لە بەڕێوە بردنی دڵنیا نەبوو، بۆیە هەمیشە سەرکۆنەی دەکرد.

«کچ هەر عەیب و ئیرادێکی ببێت دایکی تاوانبارە.»

ئەو تاوانە بوو کە سەعادەتی ترساندبوو. حەمە ڕەشید ئاغا بەڵام لە شتێکیتر دەترسا. لە هەڕەشەیەکی تر. ئەو لەوە دەترسا کە منداڵەکانی پشت لە وڵاتەکەیان بکەن، لە حیزبەکەیان، لەڕێبازی باوکیان کە لە پێناویدا زیندان و ئەشکەنجە و ئاوارەیی دیبوو. هەڵاڵە بیری قسەکانی باوکی کەوتبووەوە، بیری نیگەرانییەکانی باوکی. ئەو ڕۆژە کە بارونەی سەفەریان پێچابۆوە و ویستبوویان وڵات بەجێبێڵن، باوکی گوتبووی: «لە بیرتان نەچێت کە ئێوە خەڵکی ئەم وڵاتە و منداڵی منن. منداڵی کەسێک کە هەموو ژیانی لە پێناوی ئەم وڵاتە و خەڵکەکەیدا بەخت کردووە. لە پێناوی ئەم وڵاتە و خەڵکەکەیدا زیندان و ئەشکەنجە و ئاوارەیی دیوە.»

گوتبووی: «لەهەر کوێی دنیا بن و لە هەر وڵاتێک بگیرسێنەوە، دەبێ خۆتان بە خەڵکی ئەم وڵاتە بزانن و شانازی بە هەموو شتێکییەوە بکەن. نابێ وڵاتەکەتان فەرامۆش بکەن. نابێ خۆتان لێ بگۆڕێ و...»

شێرزاد دەیگوت: «گرفتی گەورەی ئێمە ئەوەیە کە خۆمان لێ گۆڕاوە. لە بیرمان چۆتەوە خەڵکی کوێین و، پشتمان لە وڵاتەکەمان و، ئەخلاق و ڕەفتاری خەڵکی وڵاتەکەمان کردووە.» دەیگوت: «ئێمە بەشێوەیەکی زەق و ناحەز لاسایی خەڵکی ئەم وڵاتە دەکەینەوە کە وڵاتی ئێمە نییە.» شێرزاد ئەمانەی تەنیا بە هەڵاڵە نەدەگوت. بە مەجیدی براشی گوتبوو.

یەکەم جار ڕۆژێک پێی گوتبوو کە پێکەوە چووبوونە قەراغ دەریا. ئەو ڕۆژە مەجید پاش مەلەیەکی تێر لە ناو ئاوەکە هاتبووە دەر و لە بەر دەمی کافەیەک، لە بن ساباتی چەترێکدا دانیشتبوو، جگەرەی دەکێشا. شێرزاد کە مەجیدی بە تەنیا بینی، لێی چووە پێش و لە سەر کورسییەک لە پاڵ دەستیدا دانیشت. مەجید لێی ورد بووەوە. شێرزاد جلوبەرگی لەبەردابوو. دیار بوو تا ئەو کاتە نەچووبووە ناو ئاوەکە و خۆی تەڕ نەکردبوو. مەجید سەیری هاتێ، گوتی: «ئەوە تۆ تا ئێستا لە کوێ بووی؟ بۆچی خۆت ڕووت نەکردۆتەوە؟«

شێرزاد خەمبار و نیگەران بوو.

«تاقەتی مەلە کردنم نییە.»

خەڵکێکی زۆر لە ئاوی کەنارەکەدا مەلەیان دەکرد. ژن و پیاو، گەورە و بچووک، لەگەڵ شەپۆلەکاندا کە ئارام بەرەو ڕۆخەکە دەهات، یارییان دەکرد. ئەوانەش کە ماندوو بوون لە سەر لمی ڕۆخەکە، لە بن سێبەری چەترە ڕەنگاوڕەنگەکان ڕاکشابوون. کەسانێکی وەک مامە فەتاح و نەسرین خانمی خێزانیشی، دوورتر، خزابوونە بن سێبەری درەختەکانەوە.

مەجید گوتی: «ئەی بۆ هاتووی بۆ ئێرە؟ ئێرە جگە لە مەلە کردن و...»

شێرزاد نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات.

«بە ئیشتیای خۆم نەهاتووم. بە زۆر هێناویانم.»

سەیرانی ئەو رۆژەیان سەیرانێکی بە کۆمەڵ بوو. مامە فەتاح و ژن و منداڵەکەی، مەجید و ژن و منداڵەکەی، شێرزاد و هەلالە و ئارەزووش کە ئەو دەمە شەش یان حەوت مانگی تەمەن بوو... کاروان چەند کەس لە هاوڕێکانیشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. دوو کوڕ و کچێکی هاوماڵی کە لە زانکۆ هاوپۆلی فەرهاد بوون. مامە فەتاح گوتبووی: «بۆنەی ئەم سەیرانە بەکۆمەڵە چییە؟» هەر کەس شتێکی گوتبوو. هەلالە گوتبووی: «دووهەمین ساڵی دەست پێکردنی ژیانی هاوبەشی من و شێرزاد. هێشتا مانگێکی لێ تێنەپەڕیوە.» وەک هەموو ئەوانیتر بەگاڵتەوە و پێکەنینەوە گوتبووی. شێرزاد بەڵام بێ گاڵتە و پێکەنین گوتبووی: «بۆنەی ئەم سەیرانە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە. ڕەنگە چوونی هەلالە بێت بۆ زانکۆ.» هەلالە نە قسەکەی و نەشێوەی گوتنەکەی پێ خۆش نەبوو.

مەجید زانی شتێک بووە. ماوەیەک بوو سووسەی کردبوو کە شتێکی ناخۆش لە مابەینی شێرزاد و هەلالەدا هەیە... چی؟ ئەوەی نەدەزانی. گوتی: «دەتوانم لێت بپرسم چی بووە، شێرزاد؟ ماوەیەکە دەتبینم وەک جاران نیت. دەتبینم کە خەمباریت. نازانم بۆ، جاروبار دەڵێم ڕەنگە پەیوەندی بە هەلالەوە بێ، جاروباریش...»

شێرزاد قسەکەی پێ بڕی. گوتی: «چەند ڕۆژ لەمەبەر لە ڕۆژنامەیەکدا وتارێکم خوێندەوە کە سەرنجی زۆر ڕاکێشام. لەو وتارەدا نووسرابوو کە زۆربەی زۆری بنەماڵە پەناهێندەکان لە سوید، بە تایبەت ئەو بنەماڵانە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاتوون، پاش ماوەیەک لە یەک هەڵدەوەشێن و ژن و مێردەکان لە یەکتر جیا دەبنەوە. نووسیبوی زۆربەی ئەو جیابوونەوانە لەسەر داوای ژنەکانە.»

مەجید گوتی: «من ناڵێم زۆربە، بەڵام ڕێژەی جیا بوونەوەی ژن و مێردی پەنابەر لێرە زیاترە لە وڵات. دەزانی بۆ؟»

شێرزاد دەیزانی. ئەو پێشتریش لەم بارەوە مەجید و هەموو ئەو کەسانەی کە دەیناسین و پەیوەندی لە گەڵیاندا بوو، دواندبوو. بە تایبەت هەلالە. هەلالە گوتبووی: «ژنی پەنابەر لێرە بە پێچەوانەی وڵاتی خۆی ئاگاداری مافەکانی هەیە و،

بە مرۆڤ بوونی خۆی دەزانێت. کەواتە هەر کاتێک بزانێ مافەکانی پێشێل دەکرێت و مێردەکەی وەک مرۆڤ سەیری ناکات و وەک مرۆڤ لە گەڵیدا ناجووڵێتەوە، حازر نابێت لە گەڵی بژی و لێی جیا دەبێتەوە.» هەلاڵە زۆر شتیتریشی گوتبوو. شێرزاد گوتبووی: «بە لای منەوە هیچکام لەمانە هۆکاری سەرەکی نین. هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە ژنانی پەنابەر، بەتایبەت ژنانی پەنابەری لای ئێمە کە پێیان دەگاتە ئێرە خۆیان لێ دەگۆڕێت. کە دەستیان دەچێتە گیرفانی خۆیان و پێۆیستی ماڵییان بە پیاوەکانیان نامێنێ، ئیتر ڕێز و حورمەتی مێرد و بنەماڵەیان لە بیر دەچێتەوە و پشت لە هەموو ئەو شتانە دەکەن.»

گوتی: «ژنانی لای ئێمە کە پێیان دەگاتە ئێرە هەر زوو هەموو داب و نەریت و بەها ئەخلاقییەکانی لای خۆمان فەرامۆش دەکەن، کاکە مەجید. هەموو شتەجوانەکانی لای خۆمانیان لە بیر دەچێتەوە.»

مەجید لە کاتێکدا دوا مژی لە جگەرەکەی دەدا، چاوی لە دەریا و ڕۆخەکە بڕیبوو. ڕەنگە لە ناو خەڵکە رووتەکەدا بۆ ژن و منداڵەکەی دەگەڕا و نەیدەبینین. هەلاڵەشی نەدەبینی. بۆیە وازی هێنا و سەری بەرەو شێرزاد وەرسووڕاند. شێرزاد عەسەبی و هەڵچوو دیار بوو، پەیتا پەیتا دەستی بە سمێڵە شۆڕەکەیدا دەهێنا و لێوی سەرووی خۆی دەگەست.

مەجید گوتی: «بەڵام ئەمە تەنیا تایبەت بەژنان نییە. زۆر جار پیاوەکانیش داب و نەریت و ئەخلاقی خەڵکی وڵاتەکەی خۆیان لە بیری دەچێتەوە و بەها کەلتووریەکانی خۆیان فەرامۆش دەکەن.»

گوتی: «من بێنەوەی ژن یان پیاو تاوانبار بکەم، دەزانم کە بەشێک لە کێشەی بنەماڵەیی پەنابەران لە جیاوازی کەلتووری ئێرە و وڵاتەکەی خۆیانەوە سەرچاوە دەگرێت.»

شێرزاد گوتی: «چاکە، بە رای تۆ دەبێ چۆن مەعامەلە لەگەڵ ئەم جیاوازییانە بکردرێت؟»

مەجید زەردەخەنەی کرد.

«ئەو مەعامەلە کە من و تۆ دەیکەین. من و تۆ و ژن و منداڵەکانمان. من و فەریدە لێرە بێ کێشەتر دەژین تا وڵاتی خۆمان. ئێمە لێرە زیاتر حورمەت لە یەکترو، لە بیرو بۆچوون و رەفتاری یەکتر دەگرین. تۆ و هەڵاڵەش ئەگەرچی تەجرەبەی ژیانی هاوبەشتان لە وڵاتی خۆمان نەبووە، بەڵام ئەوەندە کە من ئاگادار بم لێرە زۆر خۆش دەژین. ئێوەش ژن و مێردێکی بەختەوەرن. وانییە؟»

شێرزاد ویستی بڵێت وایە. وەک هەمیشە کە دەیگوت وایەو هیچیتری نەدەگوت. ئەمجارە گوتی: «وایە بەڵام...»

گوتی: «بەڵام من دڵنیام لە وڵاتی خۆمان بووینایە، بەختەوەرتر دەبووین.»

ئەوسا سەری بەملاولادا وەرسووڕاند و بەشەرمەوە درێژەی پێدا.

«راستت بوێ من ماوەیەکە هەست بە بەختەوەری ناکەم، کاکە مەجید. یەعنی چۆن بڵێم ... دەترسم.»

بە ئاشکرا دیار بو کە دەترسێت. بە ئاشکرا دیار بوو کە هەڵچوو و عەسەبییە. مەجید وای نواند کە لەو قسە چاوەڕوان نەکراوەی داچڵەکیوە. بە سەرسووڕمانەوە پرسی: «دەترسی؟! لەچی دەترسی شێرزاد؟!»

شێرزاد زەردەخەنەیەکی داماوانەی کرد. گوتی: «لە داهاتوو دەترسم. لە داهاتووی ژیانی هاوبەشم لەگەڵ هەڵاڵە. ژیانێک کە زۆرم زەحمەت بۆ کێشاوە.»

مەجید ئەمجارە بە راستی داچڵەکی.

«شتێک روویداوە شێرزاد؟ لەگەڵ هەڵاڵە شەڕتان بووە؟»

«شەڕ نا، بەڵام ماوەیەکە لەگەڵ هەڵاڵە کێشەم هەیە. کێشەیەک کە لێرە زۆرجار بە جیابوونەوە و لێکدابڕان کۆتایی پێ دێت. کێشەیەکی ئەخلاقی.»

مەجید جگەرەیەکی تری داگیرساند.

«کێشەی ئەخلاقی؟! تێناگەم. مەبەستت چییە؟»

بە ئاشکرا دیار بوو کە کردنەوەی ئەو باسە بۆ شێرزاد قورس بوو. بەوحاڵەش لەوە دەچوو دەمێکە بێت بیری لێ کردبێتەوە و خۆی بۆ ئامادە کردبێت، دەمێکە بێ لە دەرفەتێک بگەڕێت کە لای مەجید بیدرکێنێت. بۆیە بێنەوەی دیسان سەری

بسووڕێنێت و سەیری ئەملاولای بکاتەوە، گوتی: «ئێمە بمانەوێ و نەمانەوێ لە وڵاتێک گەورە بووین و لە وڵاتێکەوە هاتووین کە داب و نەریت و ئەخلاقی تایبەت بە خۆی هەیە. ئەو داب و نەریت و ئەخلاقە، چاک بێت یان خراپ، لە دەروون و مێشکماندا چەسپاوە. من ناتوانم ڕۆح و مێشکی خۆم لەو شتانە داماڵم. من پێموایە بنیادەم، ژن بێت یان پیاو، دەبێ ئەخلاقی بێ. فێمێنیست بێت یان نازانم ...»

مەجید چاوی لە دووکەڵی جگەرەکەی بڕیبوو. ئیتر سەیری ئاو و قەراغ ئاوەکەی نەدەکرد. دەنگ و هەراو هوریای خەڵکی ناو ئاوەکە و سەر لمی ڕۆخەکەی نەدەبیست. گوتی: «منیش پێموایە. هەموومان پێمانوایە. بەڵام ئەوەت لە بیر نەچێ کە ئێمە پێشتریش دەربارەی ڕێژەیی بوونی ئەخلاق و پەیوەندی ئەخلاق بە شوێن و جوغرافیا جیاوازەکانەوە دواوین. ئەوەت لە بیر نەچێت کە ئێمە ئێستا لە وڵاتی خۆمان ناژین. لە سوید دەژین. لە وڵاتی خۆمان تۆ هەرگیز ڕێگەت بە خۆت نەدەدا کە لەبەر چاوی ژن و منداڵی مندا ڕووت ببیتەوە، منیش ئیجازەی ئەوەم پێ نەدەدای. لە وڵاتی خۆمان تۆ ئەگەر نەک زاوا، بەڵکوو براشم بوویتایە، نەمدەهێشت بن باڵی ژنەکەم ببینی. بەڵام لێرە ، سەیر کە، تۆ و هەمووومان بە ڕووتی لەبەر چاوی یەکتردا مەلە دەکەین و دادەنیشین. سەیر کە...»

شێرزاد نەیهێشت شەویلکەی مەجید گەرم ببێت. قسەکەی پێ بڕی و گوتی: «مەبەستم ئەوە نییە کاکە مەجید. ژنەکەی تۆ نەک هەر لێرە و لەم قەراغ دەریایە، ئەگەر لە ماڵەوەش، ئەگەر لە وڵاتی خۆشمان بە ڕووتی بسووڕێتەوە، ئیجازەی ئەوە بە کەس نادا بە چاوی خراپ سەیری بکەن. مەبەستم ڕووتییەکە نییە کاکە مەجید. مەبەستم شتێترە. مەبەستم هەندێک ڕەفتار و هەڵس و کەوتێترە.»

مەجید بە نیگەرانییەوە گوتی: «تۆ لە هەڵاڵە بەگومانیت؟ هیچی خراپت لێبینیوە؟»

شێرزاد بیری کردەوە لە وڵاتی خۆی براکان ئاوا هێمن و لەسەرخۆ باسی ئەخلاقی خوشکەکانیان ناکەن. گوتی: «تۆ نەتبینیوە؟»

لەو کاتەدا مەجید و شێرزاد لە بن سێبەری چەترەکە هەستابوون و بەرەو قەراغ

ئاوەکە، بەرەو قەرەباڵغی خەڵکەکە، دەچوون. مەجید چاوی بۆ ژن و منداڵەکەشی گێڕابێت نەیبینین، بەڵام شێرزاد هەلاڵەی دی. لە باسکی مەجیدی کوتا و گوتی: «سەیرکە کاکە مەجید، ئایا ئەو رەفتارە رەفتاری ژنێکە کە مێرد و منداڵی ببێت؟»

مەجید سەیری ناو ئاوەکەی کرد. هەلاڵە لەگەڵ کاروان و فەرهاد و هاوڕێکانیاندا یاری دەکرد.

مەجید لە یاری کردنەکەی ورد بووەوە، بەڵام هیچی خراپ و ناحەزی تیا نەبینی، بۆیە نیگای پڕ لە پرسیاری بەرەو شێرزاد گوێزایەوە. شێرزاد لەو پرسیارە نەدرکاوانە نەگەیشت. گوتی: «من و تۆ هەردوکمان پیاوین، باش دەزانین کە پیاو لە تەمەنی گەنجی و رەبەنیدا تەنیا نەزەر لە دایک و خوشکی خۆی ناکات.»

مەجید تەواو سەری سووڕمابوو، لە قسەکانی شێرزاد نەدەگەیشت.

«مەبەستت چییە شێرزاد؟!»

شێرزاد دیسان لە کەلەکەی مەجیدی کوتایەوە.

«سەیرکە، تو خوا سەیرکە...»

لەو کاتەدا هەلاڵە لەناو ئاوەکە، خۆی دابووە سەر شانی فەرهادی کوڕی مامە فەتاح و هەوڵی دەدا لە ئاوەکەدا نوقمی بکات. شێرزاد هەروا عەسەبی و هەڵچوو، ئەمجارە بە تیزە بزەیەکەوە گوتی: «ئایا ژنێکی نەجیب و موحتەرەم لەبەر چاوی خەڵک، تەنانەت لەگەڵ مێردەکەشی یاری و گاڵتەی ئاوا دەکات؟»

مەجید هەوڵیدا تووڕە و عەسەبی نەبێت. گوتی: «هەلاڵە و فەرهاد خوشک و بران.»

«خۆشک و برا نین. ئامۆزان.»

«ئەوان بە یەکەوە گەورە بوون. لە ماڵێکدا، زۆرجار لە ژوورێکدا...»

مەجید نەیدەتوانی قین و تووڕەییەکەی بشارێتەوە. شێرزاد تێگەیشت و بە خۆیدا هاتەوە. لەپڕ کەوتە پاکانە و پاساو هێنانەوە بۆ قسەکانی. گوتی: «مەبەستم پەیوەندی هەلاڵە و فەرهاد نییە. مەبەستم ئەو جۆرە رەفتارو هەڵس و کەوتەیە کە لە ژنێکی خاوەن مێردو منداڵی وەک هەلاڵە ناوەشێتەوە. مەبەستم...»

چووە بەردەمی مەجید و رایوەستاند. بە شێوەیەکی تکاکارانە، بەڵام هێشتا نیگەران و عەسەبی گوتی: «گوێ بگرە کاکە مەجید حەز ناکەم بە خراپ لە قسەکانم بگەیت. من ساڵەهایە ئێوە دەناسم و لە پەیوەندییەکانتان دەگەم. من نیگەرانم... حەقم بدەرێ نیگەران بم. من ژن و منداڵەکەمم خۆش دەوێ و نامەوێت...»

مەجید ئیتر هیچی نەگوت. دەمەو ئێوارە کاتێک لە گەڵ هەڵاڵە بە سەر لمی قەراغ ئاوەکەدا پیاسەیان دەکرد، گوتی: «پێمولیە دەبێ زیاتر بە مێردەکەتدا رابگەیت، هەڵاڵە. پێموایە دەبێ زیاتر دڵت لە لای بێت، لە لای خۆی و خەم و داڵغەکانی.»

هەڵاڵە داچڵەکی. گوتی: «شێرزاد هیچی پێ گوتووی؟»

مەجید بەر لەوەی وڵامی پرسیارەکەی بداتەوە، پاکەتێک جگەرەی لە گیرفانی کراسەکەی دەرهێنا. جگەرەیەک بۆ خۆی و جگەرەیەکیشی بۆ هەڵاڵە داگیرساند. گوتی: «گوێ بگرە هەڵاڵە، ژن یان پیاو هەندێکجار کە هاوسەرەکەیان زۆر خۆش بوێت، چاو لە هەموو رەفتار و هەڵس و کەوتێکی دەبڕن و، رەنگە شتی زۆر بچووکیش سەرنجیان رابکێشێ و خەمی لێبخۆن...»

هەڵاڵە گوتی: «شێرزاد چی پێ گوتووی کاکە؟ باسی چی بۆ کردووی؟»

هەر دووکیان پۆشتە بوون. کراس و شەڵوار و... تەنیا پێیان رووت بوو. پێی رووتیان دەنایە سەر لمە گەرمەکە و... هەڵاڵە ئیتر هەستی بە گەرمای لمەکە نەدەکرد. ئەو بێ ئەوەی چاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەکەی بێت، گوتی: «حەتمەن گوتوویەتی نابێ لە گەڵ فەرهاد...»

مەجید نەیهێشت درێژەی پێبدات. وای نواند کە بە هەڵە چووە. گوتی: «فەرهاد؟!»

بە عەجایەباتی و سەرسوورمانەوە گوتی.

«فەرهاد بۆ؟ نا، ئەو باسی فەرهاد و باسی کەسی تریشی نەکردووە.»

«ئەی چی گوتووە؟»

مەجید کەمێک بیری کردەوە. نابێ ناوی فەرهاد بکەوێتە سەر زاران. نابێ باسی

دڵپیسی و ئەو جۆرە شتانە بکات. گوتی: «تۆ هێشتا پیاو باش ناناسی. هەموو پیاوێک، بە تایبەت پیاوانی گەنج کە تازە ژنیان هێنابێت حەز دەکەن ژنەکەیان خاوەنی ویقار و سەنگینییەک بن کە خۆیان دەیخوازن. چۆنت پێ بڵێم ...»

پێکەنی، پێکەنینێک کە دیار بوو لە دڵەوە نییە.

«مەسەلەن حەز دەکەن مەندتر و ئارامتر بێت. چووزانم وەک ئەو ژنە بەساڵاچووە ئەشرافیانە. نا، نا، وەک ئامۆژن. وەک نەسرینی ژنی مامە فەتاح کە قیت بەرێدا دەڕوات و قیت دادەنیشێت و دەماری ناهێنێ هەموو کەس بدوێنێت و لەگەڵ هەموو کەس گاڵتە و شۆخی بکات.»

هەلالەش پێکەنی، بەلام بە رق و تووڕەییەوە. گوتی: «نا کاکە گیان موشکیلەی شێرزاد ئەوە نییە.»

«ئەی چییە؟ موشکیلەی شێرزاد چییە؟»

«هیچ، جگە لەوەی کە پیاوێکی گەوجە. پیاوێکی گەوج و ترسنۆک.»

هەلالە تووڕە بوو، تووڕەو هەڵچوو. مەجید یەکەمجار بوو قسەی ئاوای دەربارەی شێرزاد لێ دەبیست، دەربارەی مێردەکەی، باوکی منداڵەکەی. ئارەزوو لە لای باوکی بوو یان لە لای ژن و منداڵەکانی مەجید؟ یان رەنگە وەک زۆربەی کاتەکانی ئەو رۆژە لە لای مامە فەتاح و نەسرین خانم بوو. مەجید هیچیانی نەدەبینی. پشتی لێیان بوو، لێیان دوور کەوتبووەوە. گوتی: «هەلالە تۆ تووڕەیت. تکایە قسەیەک مەکە دوایی لێی پەشیمان ببیتەوە.»

هەلالە تیزە بزەیەکی کرد.

«لەچی پەشیمان ببمەوە کاکە؟ شێرزاد پیاوێکی زەعیف و بێ بەهرەیە. پیاوێک کە توانای پێشکەوتنی نییە و لە دواکەوتنیش دەترسێت.»

مەجید بە سەرسووڕمانەوە گوتی: «پێشکەوتن لە چی و دواکەوتن لە کێ؟»

«پێشکەوتن لە ژیان و کاروباری شەخسی خۆی و، دواکەوتن لە من. ئەو دەترسێ لە من دوا بکەوێت. ئەو پیاوێکی تەمبەڵ و لاسارە و پێی خۆشە منیش وەک خۆی...»

درێژەی بە قسەکانی نەدا، بێدەنگ بوو. سەیری ئاوی دەریاکەی کرد و سەیری شەپۆلەکان کە خەریک بوون وردە وردە زیاتر هەڵدەچوون.

مەجید گوتی: «وادیارە دەمێکەیە کێشەتان بێت؟ بۆ لای من باسی هیچت نەکردووە؟»

«ئەرێ دەمێکەیە کاکە. لەوەتی من چووم بۆ زانکۆ و لەوەتی زانیویەتی کە خوێندن بۆ من مەسەلەیەکی جیدییە، جیدی تر لەوەی کە ئەو بیری لێ دەکردەوە. لەو کاتەوە کەوتۆتە بڕ و بیانوو، هەر ڕۆژە بیانوویەک دەگرێت.»

بیانووەکانی شێرزاد سەرەتا بیانووی سیاسی بوون. گلەییەکانی گلەیی لە بیر و بۆچوون و ڕەفتار و ڕەخنە سیاسیەکانی هەڵاڵە بوو. دەیگوت: «من تێناگەم تۆ چۆن دڵت دێ لێرە و لەوێ بە خراپ باسی حیزبە کوردییەکان و هەڵوێستە سیاسیەکانیان دەکەیت.» دەیگوت: «ئێمە هەرچیمان هەیە لە سایەی ئەو حیزبانەوە هەمانە.»

«ئێمە چیمان هەیە شێرزاد؟»

هەڵاڵە پێدەکەنی. وەک هەمیشە کە پێدەکەنی و شێرزاد پێی پەست دەبوو. شێرزاد نەیدەزانی مەبەستی ئەو پرسیارە خۆیانن یان میللەتەکەی. نەیدەزانی باسی شتوومەک و کەرەسەی ناوماڵی خۆیان بکات یان هەواڵی سەرکەوتنەکانی کورد بەتایبەت لە کوردستانی عێراق؟ باسی هیچیان نەدەکرد. دەیگوت: «تۆ بە دیپلۆمێکی حیزی سویدییەوە خۆت بە ڕۆشنبیر دەزانی و گاڵتە بە عەقڵی میللەتەکەت و حیزب و سیاسیەکانی دەکەیت. خوا نەخواستە ئەگەر دۆکتۆرا وەربگری چی دەکەی؟!» بە تووڕەییەوە دەیگوت. شێرزاد کاتێک زۆر تووڕە بوو کە هەڵاڵە لە بەرنامەیەکی ڕادیۆییدا ڕەخنەیەکی توند و تیژی لە کەلتوور و مێژووی پڕ لە توندوتیژیی کورد گرتبوو. ئەو دەمە سەرەتای شەڕی ناوخۆ بوو لە کوردستان. شەڕێک کە لەوێ گەرم و لە دەرەوە سارد بوو. شەڕێکی سارد کە هەموو ماڵە کوردێکی پەنابەری گرتبووەوە. هەر کەس لایەنێکی شەڕەکەی شەرمەزار دەکرد و، ئەوەی خۆی بە ڕۆشنبیر دەزانی هەموو لایەنەکانی شەرمەزار دەکرد. هەڵاڵەش، شێرزاد گوتەنی، قولاپەی کەلتوور و مێژووی میللەتەکەی گرتبوو. سەرچاوەی هەموو ئەو

شەڕ و شۆڕانەی بۆ کەلتـوور و مێـژووی پـڕ لە تونـد و تیـژی نەتەوەکەی گێڕابـووەوە. بەرنامەکەی ئەگەرچی کورت بەڵام توند بوو. ئەو بەرنـامە زۆر کەسـی تـووڕە کردبـوو، هەر کەس کە بیسـتبووی. شـێرزادیش بیسـتبووی. گوتبـووی: «ئەو قسـانە لە تفـی بەرەوژوور دەچن. لە وەڕینی سەگ لە کونی خۆی.» هەڵاڵە گوتبووی: «چاوت لێیە من بە هەڵە نەچووم. ئەوەش لە هەڵوێستی کوردانە. ئەو هەڵوێستەی تـۆ نمـوونەی کەلتوور و عەقڵی کوردییە.» هەڵاڵە دیسان پێکەنیبـوو. گوتبـووی: «باشـە بـۆ دەبێ سەگ مافی ئەوەی نەبێ لە کونی خۆی بوەڕێت؟ ئەی بۆ تـۆ مـافی ئەوەت هەیە کە قسە بە من بڵێیت؟« شێرزاد دەهری ببوو.

«سەگ خۆتی. سەگ باوکتە. باپیرتە ...»

هەڵاڵە ئیتر پێنەکەنیبوو، داچڵەکیبـوو. کاتێـک زیـاتر داچڵەکـی کە شـێرزاد بەدەم قسە و جنێوەوە شاڵاوی بۆ برد و دەستی لێ بەرز کردەوە. هەڵاڵە بیری کردەوە، ئەوە شێرزادە کە وەک تفەنگی چاک و لەسەر پێ دەسرێژی جنێـو و فەزیـعەت دەکـات؟! ئەوە ئەو باوەشە ئەمینەیە کە قەرار بوو تیایدا بحەسێتەوە؟! ئەوە ئەو مێردە نـازدارەیە کە هەڵە گیان کەمتری پێ نەدەگوت؟

گوتی: «شێرزاد، دەزانی ئارەزووش لە زمانی تۆوە پێم دەڵێ هەڵە گیان؟»

شێرزاد گوتی: «خۆم فێرم کردووە.»

راسـتی دەگـوت. ئـارەزوو زمـانی بە هەڵە پشـکوتبوو. «هەلە». دواتـر گوتبـووی: »هەلە جیـان.» هەڵاڵە پێـی خـۆش نەبـوو. برایمـۆک گوتبـووی: «تـۆ هەڵە نیـت، هەڵاڵەیت.»

گوتی: «شێرزاد من هەڵە نیم، هەڵاڵەم. فێری مەکە پێم بڵێ هەڵە.»

کە هەڵاڵە لە دەرەوە دەگەڕایەوە، شـێرزاد لە مـاڵەوە بـوو. ئەو زووتـر دەهـاتەوە، ئارەزووی لە بـاخچەی سـاوایان دەهێنـایەوە و لە نـاو رێدا فێـری دەکـرد بڵێـت هەڵە گیان.

«هەلە جیان.»

کە هەڵاڵە دەرکەی دەکـردەوە، ئـارەزوو بەرەو پیـری دەچـوو. شـێرزاد دەیگـوت:

«ئەوە کێ هاتەوە؟»

«هەلە جیان.»

هەڵاڵە دەنەوییەوە و لە باوەشی دەگرت، ئەملاو لای ماچ دەکرد، ناودەمی ماچ دەکرد. کە سەری هەڵدەبڕی دەیبینی شێرزاد بەژوور سەرییەوە راوەستاوە و وەک منداڵێک کە گوێی پێ نەدرابێت و پشت گوێ خرابێت، ملی کز کردووە. دەیگوت:

«ئەی من؟»

هەڵاڵە دەیگوت: «تۆ حەز لەم ئەتوارانە ناکەیت.»

ئەوە قسەی خودی شێرزاد بوو کە گوتبووی: «زۆرم بەلاوە ناشرینە کە ژن و پیاوی ئێمەش وەک سویدییەکان لە بەر چاوی میوانی ناسیاو و غەریبەدا یەکتر لە باوەش دەگرن و یەکتر ماچ دەکەن. ئەوە ئەخلاق و رەفتاری کوردی نییە.»

هەڵاڵە قسەکەی شێرزاد دووبارە دەکردەوە.

«ئەوە ئەخلاق و رەفتاری کوردی نییە.»

شێرزاد دەیگوت: «لەبەر چاوی خەڵکدا بەڵێ، بەڵام...»

باوەشی بۆ دەکردەوە. هەڵاڵە خۆی دەخستە باوەشییەوە. ئەو دەمە باوەشی شێرزاد هێشتا هێلانەیەکی گەرم و ئەمین بوو. ئەو دەمە شێرزاد هێشتا کەروێشکێکی نەرم و نیان و بێ ئازار بوو.

## ٣

دایکی سەری رادەوەشاند و دەیگوت: «بڕوا بەو قسانە مەکە کچم. فریوی رواڵەتی بنیادەمەکان مەخۆ. تۆ هێشتا منداڵ و بێ ئەزموونی، تۆ نازانی چۆن کەروێشکێکی نەرمو نیانی بێئازار لە پڕ دەبێتە ژیشکێکی دڕکاوی. چۆن مەڕێکی بەستەزمان دەبێتە گورگێکی هار و دڕندە. چۆن گیانە بەڕواڵەت پەپوولەییەکان دەبنە زەردەواڵەی گەزک، دەبنە دووپشک، دەبنە مار، ماری حەوت سەر، هەژدیها...»

دایکی ئەمانەی بە گوڵاڵە دەگوت کە بەردەوام چاوی بەو باریکە ڕێگەوە بوو کە بە تەنشتی کەپرەکەیاندا تێدەپەڕی. باریکە ڕێیەک کە جاروبار کوڕە کوڕەی گەنج، بە جلوبەرگی خۆڵینە و تفەنگێکەوە پیایدا تێدەپەڕین. گوڵاڵە لە شاخیش، لە ناو کەپرێکی دارو گەڵادا، زۆربەی کاتەکانی دەچووە بەر ئاوێنە، ئاوێنەیەکی بچووک و خڕ کە لە ناو گوڵە بەڕۆژەیەکی زەردی پلاستیکیدا، بە پەتێکی سپی «سپی؟» بە چڵەدارێکی کەپرەکەوە هەڵواسرابوو، لە ناو کۆگایەک گەڵای وشک کە دەستیان بۆ بردرایە بە دەم خشە خشەوە هەڵدەوەرین. ئەو کاتێک لە ئاوێنەکە ماندوو دەبوو، لە دەرکە و دەرووی کەپرەکەوە دەرباز دەبوو. بەر دەرکەی کەپرەکە سەکۆیەکی خۆڵینە بوو، لەسەر تەختە بەردێکی سەر سەکۆکە دادەنیشت. نیگای بە لێژی شاخەکەدا شۆڕ دەبووەوە، بە باریکە ڕێگەکەدا کە پێچاو پێچ سەری بەهەموو کەپرەکاندا

دەکرد. نیگای تا سەر سەکۆی بەر دەمی هەموو کەپرەکان دەچوو، دەگەڕایەوە. کەپرەکان یەک و دوو نەبوون، دەیان لەم بەر شیوەکەو، لەو بەریشەوە بگرە زیاتر. هەر یەکە و لە پاڵ گابەردێک یان شان بەشانی دار بەڕوویەک ساز کرابوون. کەپرەکانی ئەمبەر شیوەکە هەریەکە و بنەماڵەیەکییان تێدابوو. ژنێک و چەند منداڵ و، تاک و تەراش پیرێژن یان پیرە پیاوێکی بێ تاقەت کە لە بەیانییەوە تا ئێوارە دەیانبۆڵاند و باسی ماڵ و حاڵی شاریان دەکرد. لە سەر سەکۆی بەر دەمی کەپرەکانی ئەوبەریشەوە کوڕی گەنج رادەوەستان. گوڵاڵە چاوی لەسەر سەکۆی کەپرەکانی ئەوبەر شیوەکە نەدەترووکاند. دایکی دەیگوت: «کەس کوڕی شێخ و مەشایەخ نییە. کەس پاک و بێگەرد نییە. تەنانەت ئەو کوڕە گەنجانەش کە بەرواڵەت دەڵێی سۆفیلکەی هەشتا ساڵەن و ساقۆرە شکاوێکیان بە شانیاندا بەرداوەتەوەو بەناو دارو درەختەکاندا هەڵدەسووڕێن...» دایکی چاوی لە گوڵاڵە بترووکاندایە غەیب دەبوو. گورج و خێرا، بە بیانووی دار و چیلکە هێنانەوە، لە گەڵ دوو سێ کچی هاوتەمەن و دەستە خوشکی خۆی بە قەدی شاخەکەدا هەڵدەگەڕان و بە ناو دار و درەختەکاندا وەردەبوون. حەمەرەشید ئاغا دەیگوت: «ئێرە شار نییە، شاخە. ئاگات لە کچەکانت بێت عەیب و ئیرادیان نەیەتە سەر.» بە سەعادەتی خێزانی دەگوت کە هەمیشە لە دەست سەرەڕۆیی کچەکانی، بەتایبەت لە دەست سەرەڕۆیی گوڵاڵە دەیناڵاند.

حەمە رەشید ئاغا دەیگوت: «سەرەڕۆیی کچ خەتای دایکییەتی. پەروەردەی کچ لە ئەستۆی دایکە. ئەو بەرپرسە.»

«ئەی چی لە ئەستۆی تۆیە؟ تۆ لە بەرامبەر چی بەرپرسی؟ لە بەرامبەر کێ؟»

هەڵاڵە ساڵەها لەوەدوا بیری دەکردەوە، دایکی بۆچی ئەمانەی لێ نەدەپرسی؟ سەعادەت هەرگیز هیچی لە حەمە رەشید ئاغا نەدەپرسی. نەیدەپرسی بۆچی دەبێ ماڵ و ژیانمان بە جێبێڵین و شوێن تۆ بکەوین؟ بۆچی دەبێ بە شەوی تاریک، بە ترس و لەرز، لە شارەکەمان بێینە دەرو، شاخەو شاخ و دۆڵاو دۆڵ، هەموو نارێ و لارێکان ببڕین تا بگەینە ئێرە؟

حەمەرەشید ئاغا گوتی: «دەبێ لێرەش بڕۆن.»

«بڕۆین؟»

سەعادەت دیسان نەیپرسی بۆکوێ، یان بۆچی؟

حەمە رەشید ئاغا گوتی: «ئێوە لەم شاخ و داخە، لە ناو ئەم کەپرو کۆلیتانەدا هەڵناکەن. جگە لەوەش، ئێرە ئەمنییەتی نییە. هەموو رۆژێک تەیارە دێ و...»

هەموو رۆژێک تەیارە دەهات. تەنانەت ئەو کاتەش کە لە کەپرەکەدا نەمابوون، ئەو کاتەش کە ئەو شاخ و دۆڵەیان بەجێهێشتبوو. ئەوان لە ترسی پەلاماری لەشکر و هێرشی تەیارەکان، چەند شاخ و دۆڵ و گوند و ئاوایی و کێو و کوێستانی تریشیان بەجێهێشتبوو. تا ئەوەی کە لە سنوور پەڕیبوونەوەو گەیشتبوونە ناوچەیەک کە دەیانگوت ناوچەی ئازادکراوەو، دەستی لەشکری هیچ حکوومەتێکی ناگاتێ. ئەو ناوچە دۆڵێکی دوور و درێژ بوو کە چۆمێکی گەورە بە ناویدا تێدەپەڕی. ئەمبەراوبەری چۆمەکە شاخ و کێوو دارستان بوو. چەند ئاوایی و گوندێکی گەورە و بچووک بە قەدپاڵ و داوێنی کێوەکانەوە بوون. کۆمەڵێک شیو و شیوەڵ بە قەراغ ئاواییەکاندا، ئاوی کانی و بەفراوی لووتکەکانیان دەڕژاندە چۆمەکەوە. دۆڵی هەزار کانییان هەر بە ناو دۆڵی هەزار کانییان نەبوو، بەهار کە دەهات هەر بن بەردێک سەرچاوەیەکی گەورەو بچووکی لێ دەتەقییەوە. لەو دۆڵە جگە لە هەزار کانی، هەزار کەپر و کۆلیت و خێوەت و رەشماڵیش بە شاخەکانیەوە ساز کرابوون و هەڵدرابوون. کەپرو کۆلیت و خێوەت و رەشماڵی دەیان تاقم و دەستەی گەورە و بچووکی نەیاری هەر دوو حکوومەتەکەی ئەمبەراوبەری سنوور. هەر تاقم و دەستە و حیزبێک قەدپاڵی شاخێکیان ئاوەدان کردبووەوە. مەقەڕ و بارەگایەکییان لێ دامەزراندبوو. حەمە رەشید ئاغا لە ئاواییەکەی بەرامبەر شاخ و مەقەڕەکەیان، ئاواییەکی گەورەی پەنجا شەست ماڵی، خانوویەکی بچووکی بۆ ژن و منداڵەکەی بەکرێ گرتبوو. چۆمی گەورەی دۆڵەکە بە ناوبەینی ئاوایی و مەقەڕەکەدا دەڕۆشت. چۆمەکە ئەگەرچی لە حاستی ئاوایی مەند و تەنک دەبوو، بەڵام زستان و بەهار بواری پەڕینەوەی نەدەدا. ناچار پردێکی گەورەیان لێ هەڵبەستبوو. تەیارە لەو دۆڵ و دەربەندەش، لەو

ئاواییەش، وازیان لە ژن و منداڵی حەمە رەشید ئاغا نەدەهێنا. ئەوێش ئەمنییەتی نەبوو. جاروبار و لە ناکاو زرمەیەک هەڵدەستا. ئەوسا لە شوێنێکەوە تۆز و دووکەڵ بەرز دەبووەوە. دوای ئەو زرمە و تەقینەوە بوو کە هارە هاڕی تەیارەکانیش دەبیستران، خۆشیان بە ئاسمانەوە دەبیندران. ئەگەر کەسێک بیوێرایە و لەو گرمەو هارە هارەدا سەری هەڵبڕیایە، تەیارەکانی دەدی کە وەک داڵ بە ئاسمانەوە دەخولانەوە. یەکیان بەرز و یەک دوویەکیان نزمتر، بە ئاسمانی دۆڵەکەدا دەگەڕان و، پەیتا پەیتا مووشەکیان لە ژێر سکیانەوە بەردەدایەوە. مووشەک گڕ و دووکەڵی لەو ناوە بەردەدا. خەڵکی ئاواییەکان، ژن و منداڵ و پیر و جوان، شڵەژاو و سەراسیمە لە ماڵەکانیان دەردەپەڕین، بە قیژە قیژو زریکە زریک خۆیان بەو کون و ئەشکەوتانەدا دەکرد کە لە قەراغ ماڵەکانیان هەڵیانکەندبوون. حەمەرەشید ئاغاش کونە تەیارەیەکی لە پەنا ماڵەکەیدا بۆ ژن و منداڵەکەی هەڵکەندبوو. کونێکی بچووک، هەموویان بچوونایەتە ناوی و لە باوەشی یەکتردا خۆیان گرمۆڵە بکردایە جێیان دەبووەوە. سەعادەت و کاروان و گوڵاڵە و هەڵاڵە... هەڵاڵە دواهەم کەس بوو کە دەچوو، لە زارکی کونەکە هەڵدەتووتا و دەیگوت: «مەترسن. مەگرین. ئاوایی ناکوتێ.»

ئاوایی نەدەکوتا. لووتکە و قەدپاڵی شاخەکانی دەکوتا. خێوەت و کەپری مەقەڕەکانی دەکوتا. کە گرمە و هاڕەی تەیارە و تەق و تۆقی تفەنگ و تەیارە شکێنەکان دەبڕا، هەڵاڵە زارکی کونە تەیارەکەی بەجێدەهێشت و هەڵدەهات. دایکی هاواری دەکرد: «مەڕۆ... کچێ مەڕۆ...»

هەڵاڵە نەیدەبیست. بە کووچە و کۆڵانەکاندا لە ئاوایی دەچووە دەرو لە پردەکە دەپەڕییەوە. ئەوسا بە باریکە ڕێی قەراغ زیارەت و قەبرستانەکەدا هەڵدەگەڕا. کەسیتریشی بە دواوە بوو، گەنج و مێرمنداڵیتر کە باوک و برایان بەشاخەوە بوون. هەڵاڵە لە نیوەی ڕێگە باوکی دەبینی کە دادەگەڕا.

«چەند جار پێم گوتووی کە تەیارە هات سەر ڕێ مەکەوەو بەم شاخ و کێوەدا هەڵمەگەڕێ.»

هەڵاڵە رادەوەستا. پشووی سوار بوو، قسەی بۆ نەدەکرا.

«زۆر ترسان؟»

بێگومان زۆر ترسابوون. هەڵاڵە دەیگوت: »من نا، من نەترسام. بەڵام دایکم و گوڵاڵە...» هێشتا هەناسەی سوار بوو، بە گران قسەی بۆ دەکرا. «کاروانیش خۆ لە ماڵ نییە.»

«ئەی لە کوێیە؟»

هەڵاڵە نەیدەزانی. کاروان پێیەکی لە ئاوایی و پێیەکی لە شاخ و، زۆرجاریش دەچوو بۆ بارخانە کە سەعاتێک لە ئاواییەوە دوور بوو. بارخانە، بازاڕێکی گەورە بوو لە سەر سنوور. کاسب و قاچاغچییەکانی ئەمبەراوبەر، بارە تەجارەتییەکانیان لەوێ دەخست و، لەوێ مەعامەلەیان دەکرد. بازاڕێکی گەورە و زەلام کە سەدان کەپر و خێوەتی گەورەی لێ هەڵدرابوو. سەدان دووکان و عەمباری بۆ کەلوپەلی تەجارەتی لێ ساز کرابوو. هەڵاڵە ئەو بازاڕو بارخانەی دیبوو. چەند جارێک لەگەڵ دایکی و لەگەڵ کاروانی برایدا چووبوو. چەند سەعاتێک بە ناو ئەو بازاڕ و بارخانە سەیر و سەمەرەدا گەڕابوو، بە ناو ریزی کەپر و خێۆەت و دووکان و حوجرەکانیدا کە پڕ بوون لە شتومەکی جوان و عەنتیکەی خارجی. شتومەکی کارەبایی ناوماڵ، کەوش و قوماش و عەترو ئۆدکلۆن و... بۆنی عەترو ئۆدکلۆن تێکەڵ بە بۆنی تەرسی سەدان ئەسپ و ئێستر و گوێدرێژ دەبوو کە لە پشت دوکانەکانەوە بەسترابوونەوە. سەدان؟ بگرە هەزاران وەڵاخ بەو ناوەدا هەڵدەسووران، دەگەوزان، دەیانزەڕاند، جووتەیان دەخست. خەڵک لە زەڕە و جووتەیان هەڵنەدەسڵەمینەوە، لە تەرس و پیساییان لایان نەدەدا. خەڵک، ژن و پیاو، تاجر و وڵاخدار، شاری و گوندی، کورد و فارس و عەرەب و عەجەم، هەر یەکە و سەرقاڵی کارێک بوون. سەرقاڵی مەعامەلە و پارە بژاردن. کاروان دەیگوت: «هەر کام لەمانە لێرە رۆژی بەقەدەر سەد رۆژ پارە پەیدا دەکەن. لێرە پارە رژاوە، کەسێکی دەوێت کۆی بکاتەوە.» دایکی دەیگوت: «ئەی تۆ بۆ خەریک نابی کۆی بکەیتەوە؟ تۆ بۆ نایەیت لێرە مەعامەلە بکەیت.» کاروان ئەو کاتە گەورە بوو. حەفدە هەژدە ساڵی تەمەن بوو. حەمەرەشید ئاغا دەیگوت: «تۆ

ئیتر منداڵ نیت. بۆ ناچی لەو بارخانە، لە لای مامە فەتاحت خەریکی کار و کاسبی بیت؟»

ئەو دەمە مامە فەتاح خۆی لەگەڵ تاجرێکی خەڵکی ئەو ناوە یەک خستبوو، لە بارخانە خەریکی کار و کاسبی بوو. دواتر بوو کە مامە فەتاح ماڵ و دووکان و مووچە و مەزرا میراتییەکەیانی بەش کرد و، بە دزییەوە بەشی خۆی و حەمەڕەشید ئاغای بڕای فرۆشت. دوای مردنەکەی خاتوو ئامینی دایکی، چەند رۆژ دوای پرسەو سەرەخۆشییەکەی ئەو بوو کە دەستی ژن و منداڵەکەی گرت و بە ئێجگاری شارەکەیانی بەجێهێشت و لێی دەرباز بوو. مامە فەتاح و ژن و منداڵەکەی ماوەیەک لە ئاوایی میوانی ماڵی حەمە ڕەشید ئاغا بوون، بەڵام زۆر لەوێ نەمانەوە. گوتیان ئێمە ناتوانین لێرە، لە ناو ئەم شەڕ و شۆڕ و تەق و تۆقەدا، بژین. گوتیان دەڕۆین بۆ سلێمانی. گوتیان دەڕۆین، وەک ئەو هەموو خەڵکە کە ڕۆشتوون. مامە فەتاح گوتی: «لەوێ ماڵێک بۆ منداڵەکان بەکرێ دەگرم و دووکانێکیش بۆ خۆم.»

کاروان گوتی: «منیش دێم بۆلای تۆ، مامە. منیش تاقەتی ئەم شاخ و دۆڵ و ئاواییەم نەماوە. دێم لەبەر دەستی تۆدا فێری کارو کاسبی دەبم.»

حەمەڕەشید ئاغا ئەو قسەی پێ ناخۆش نەبوو. گوتی: «فکرێکی عاقڵانەیە.» ئەوسا رووی کردە ژن و کچەکانی.

«بە قسەی من دەکەن هەمووتان بڕۆن. ئێرە ئەمنییەتی نییە و ئێوەش گوناحن. ئێوە بۆ دەبێ بە ئاگری منەوە بسووتێن؟«

گوتی: «بە فەتاح دەڵێم لە سلێمانی لە پەنا ماڵی خۆیاندا ماڵێکتان بۆ بگرێ و هەمووتان بڕۆن لەوێ بژین.»

سەعادەت هیچی نەگوت. هەڵاڵە گوتی: «من ناچم. من لێرە، لەلای تۆ دەمێنمەوە.»

گوتی: «نەکا وەعدەکەی خۆت لە بیر چووبێتەوە؟ مەگەر وەعدت پێنەدام لە بەهاری ساڵی ئایندەوە تفەنگم بدەیتێ و لەگەڵ خۆت...»

حەمەڕەشید ئاغا قسەکەی پێبڕی. گوتی: «تۆ جارێکە...» ویستی بڵێ تۆ جارێکە

منداڵی و نەیگوت.

هەڵاڵە ئەو دەمە پانزە ساڵانە بوو، بەڵام لە جلو بەرگی کوڕانەدا، کەمتری دەنواند. بچووکتر و نابوودتر دیار بوو، لەڕ و لاوازتر. لەوەتـی شاریان بە جێهێشتبوو، لەوەتـی هـاتبوونە ئەو شـاخ و دۆڵ و ئـاواییە، هەموویـان لەڕ و لاوازتـر بـوون، تەنـانەت گوڵاڵەش کە بە خۆوەتر و قەڵەوتر بوو. ژیان لەو شاخ و دۆڵ و ئاواییە، لەناو تـرس و لەرزی شەڕ و شۆڕ و لەژێر بارانی تـۆپ و مووشـەک و پرسـەی بێبڕانەوەی قوربـانییە گەنجەکانی، ژیانێکی خۆش نەبوو. ژیانێک نەبوو کە ئەوان بتوانن خووی پـێ بگـرن و پێی رابێن.

حەمە رەشید ئاغا گوتی: «تۆ جارێکە بچۆ دەرسەکەت تەواو بکە. کـاروانیش...» گـوتی: «کـاروانیش دەچێـت لەبەر دەسـتی مامەیـدا فێـری کـارو کاسبی دەبێـت و گوڵاڵەش...»

نەیزانی بۆ گوڵاڵە چی بڵێت. نەیزانـی ئەو دەبـێ لە سلێمانی چی بکـات؟ حەمە رەشید ئاغا سەیری سـەعادەتی خێزانـی کـرد. سـەعادەت کە خەریـک بـوو بـن بـاڵی دڕاوی کراسێکی منداڵەکانی دەدروویەوە، بێـدەنگ بـوو. بێـدەنگییەک کە نیشـانەی رازی بوون نەبوو. بەپێچەوانەوە، ئەو نەیدەویست مێردەکەی بەجێبێڵێت.

حەمە رەشید ئاغا گوتی: «چارمان نییە سـەعادەت، دەبـێ بـڕۆی. دەبـێ لەبەر ئەو منداڵانە ئێرە بەجێبێڵی.»

سەعادەت گوتی: «ئەی تۆ؟» بە خەم و نیگەرانـییەوە گـوتی، بەدڵپـڕییەوە. «ئەی مەجید؟»

مەجیـد لەگەڵ ئەوان نەبـوو. بەر لەوەی شـاریش بەجێبـێڵن، مەجیـد لە گەڵ گرووپێکی چەپی مارکسیستی بوو، لەگەڵ ئەوانیش هاتبووە دەر. ئەو جاروبار، بە دوو سێ مانگ جارێک، سەری لە دایک و خوشک و براکەی دەدا. لە ئاوایی بوونایە یان لە سلێمانی سەری لێدەدان.

لە سلێمانی بوون کە رۆژێک مەجیـد، مانـدوو و نـیگەران، خـۆی بە ماڵیانـدا کـرد. هەڵاڵە ئەو رۆژەی لە بیر بوو، رۆژێکی قاوەیی، قاوەییەکی چڵکن و تەڕو تڵـیس. ئەو

رۆژە باران دەباری. هەلالە هەموو ڕێگەی قوتابخانە بۆ ماڵەوەی لەبەر باراندا بڕیبوو. کە گەیشتەوە ماڵ هەموو گیانی، سەر و قژ و کراس و شەڵوارەکەی تەڕ بوو. تەنیا سەر سنگی کراسەکەی تەڕ نەبوو. بەڵام کتێبەکانی کە بە سنگییەوە نووساندبوون تەڕ بوون. هەلالە کاتێک لە کەوشکەنی ماڵەکەیان پێڵاوەکانی مەجیدی بینی، روومەتە تەڕ و تلیسەکەی لە خۆشیان گەشایەوە. بەر لەوەی خۆی بگۆڕێت یان سەر و قژی وشک بکاتەوە، دەرکەی ژوورەکەی کردەوە و هاواری کرد:

«کاکە مەجید...»

ئەو و گوڵالە هەمیشە لە گەڕانەوە و هاتنەوەی مەجیدی برایان خۆشحاڵ دەبوون. مەجید هەر جارێک کە بهاتایەوە لەگەڵ خۆی دەیبردنە دەرو دەیگێڕان. دەیگوت: «من هاتوومەتەوە کە بتانبەمە دەر و تێر دڵی خۆتان بتانگێڕم.» بە خوشکەکانی دەگوت. دەیگوت: «بڕۆن خۆتان ئامادە بکەن. جلوبەرگی جوان لەبەر بکەن و خۆتان بڕازێننەوە با بڕۆینە دەر.»

«بۆ کوێ؟»

دایکی دەیپرسی. مەجید پێدەکەنی.

«بۆ بازاڕ. بۆ پیاسە و چاو لەوەڕاندن. من سەیری کچان دەکەم و ئەم خانمانەش...»

هەلالە گرژ دەبوو، مۆڕەی لێدەکرد. گوڵالە دەیگوت: «ئێمەش سەیری کوڕان دەکەین.»

بەوحاڵەش کاتێک دەچوونە دەر، گوڵالە سەیری کوڕانی لە بیر دەچووەوە، تەنیا چاوی بە دووکانەکاندا دەگێڕا. لە ویترین و جامخانەی فرۆشگەکان ورد دەبووەوە. دەیگوت: «ئەو ملوانکە زیوە زۆر جوانە کاکە مەجید. دەزانی لە کەیەوە حەزی لێدەکەم؟!» دەیگوت: «ئەی ئەو بازنە!... وای لە بۆنی ئەو عەترە!... لە جوانی ئەو تەنوورە! ...» دەیگوت: «ئەو کراسە پیاوانەش زۆر جوانە کاکە مەجید. تکایە بیکڕە بۆ خۆت. من کوڕ ببینم کراسی ئاوای لە بەردا بێت، دەستبەجێ شێت و شەیدای دەبم.»

بەڵام هەڵاڵە داوای جلوبەرگ و عەتر و بۆن و گوارە و ملوانکەی نەدەکرد.

مەجید دەیگوت: «ئەی تۆ چیت دەوێ هەڵاڵە؟ تۆ دەتەوێ چیت بۆ بکڕم؟»

«خواردەمەنی. شیرینی، شەربەت، بەستەنی...»

بە زەوقێکی خۆشەوە دەیگوت. مەجید کەیفی دەهاتێ. کە هەموو بازاڕو قەیسەرییەکان دەگەڕان، ئەوسا دەچوونە پارکێک یان سەیرانگایەک، تێر سکی خۆیان شەربەت و بەستەنی و شیرینیان دەخوارد. کە دەگەڕانەوە شتێکیشیان بۆ دایکیان دەهێنایەوە. مەجید بۆی دەهێنایەوە، سەرپۆشێک ،جووتێک پێڵاو، هەر نەبوایە کل و کلتوور. دایکی دەیگوت: «کوڕم بۆ عەزیەت دەکێشیت؟ بۆ خۆت تووشی ئەم خەرجانە دەکەیت؟« دەیگوت: «ئەوەندە هەڵە خەرجی مەکە کوڕم. پارەکەت کۆبکەرەوە و ژنێکی پێ بێنە.» هەموو جارێک ئەوەی دەگوت. دەیگوت: «توخوا واز لەم حیزبایەتی و کرێکار و مرێکارە بێنە و دانیشە.» ئەوسا لە گەڵیدا دەکەوتە مشت و مڕ و گفتوگۆی سیاسی و تەنانەت ئیدئۆلۆژیکیش. دەیگوت: «باوکت دەڵێ من هەوڵ بۆ نیشتمان و نەتەوەکەم دەدەم. ئەو دەڵێ من کوردایەتی دەکەم. باشە تۆ چی دەکەی کوڕم؟ کۆمۆنیستایەتی؟ تۆ هەوڵ بۆ کێ دەدەی؟ کریکاران و جوتیاران؟« دەیگوت: «تۆ منداڵی و هیچ نازانی. ساوەڵا هەر ئەم کرێکار و جووتیارانە ئەگەر رۆژێک دەستیان بڕوات، بەر لە هەموو کەس پیلە بە ئێمە دەگرن. دەڵێن گوایە ئێمە ئاغا و فیئۆدالین و ...» ئەوسا پێدەکەنی. بەتیز و توانجەوە دەیگوت: «پف پف لەم فیئۆدالە کە ئێمە بین!» مەجیدیش پێدەکەنی. کچەکانیش. کچ و کوڕ، هەر کاتێک کە گوێیان لە قسە و مشتومڕی سیاسی دایکیان دەبوو پێدەکەنین. دواتریش کە بیری قسەکانیان دەکردەوە ... زۆر لەوە دواش ...

زۆر لەوە دوا بوو کە مەجید لێرە، لە میوانییەکی بنەماڵەییدا بیری قسەکانی دایکی کەوتبووەوە. بیری رۆژێک لە رۆژانی سەرەتای شۆڕش. رۆژێک کە حەمەرەشید ئاغا سەعادەتی خێزانی بردبوو بۆ کۆبوونەوەیەک کە بە بۆنەی رۆژی ژن و بۆ رێزگرتن لە

مافی ژنان گیرابوو. لەو کۆبوونەوەدا گوایە دەیان پیاوی یەکە یەکە لە دەور و کاریگەری ژنان لە ناو شۆڕشدا دوابوون و، لەسەر ماف و ئازادیەکانییان هەڵقڕابوون. کە سەعادەت گەڕابۆوە، مەجید لێی پرسیبوو: «کۆبوونەوەکەت پێ چۆن بوو، دایە؟ دایکی گوتبووی: «کۆمەڵە خوازبێنییەکی باش بوو. ئینشاڵا، بەخێر دەیان زەماوەندی خۆشی لێ دەکەوێتەوە.» مەجید بە سەرسوورمانەوە پرسیبووی: «خوازبێنی؟ زەماوەند؟ خوازبێنی و زەماوەندی چی دایە؟!» دایکی گوتبووی: «وەڵا رۆڵە هەر پیاوێک هەڵدەستا و قسەی دەکرد، ئەوەندە بە جوانی و رێک و پێکی باسی ژن و پێویستی پاراستنی مافی ژنانی دەکرد کە نەک هەر کچانی عازەب، بەڵکوو ژنانی بە مێردیش بەر تەماع دەکەوتن حاشا لە مێردەکانیان بکەن و دەست لە منداڵەکانیان هەڵگرن و هەرچی زووە خۆیانیان لێ مارە بکەن...»

مەجید بە پێکەنینەوە ئەو قسە خۆشەی دایکی گێڕایەوە. مامەفەتاح و شێرزاد و... هەموو ئەو پیاوانەش کە لەوێ بوون پێکەنین. تەنانەت ژنەکانیش. تەنیا هەڵاڵە پێنەکەنی. هەڵاڵە هەستا، بێ ئەوەی سەرنجی کەس رابکێشێت پاڵتۆکەی هەڵگرت و، لە ژوورەکە چووە دەر. لە دەرەوە باران دەباری. هەڵاڵە بە سەری رووت و بێ چەتر چووە بەر خوڕەمە بارانەکەو، بیری ئەو رۆژە کەوتەوە کە بە سەر و قژ و جلوبەرگی تەڕەوە لە قوتابخانە گەڕابووەوە. ئەو رۆژە کە مەجیدی دوای چەند مانگ هاتبووەوە و، هەڵاڵە بە گەشکەو خۆشییەوە گوتبووی: «بە خێر بێیتەوە کاکە. ئەوە کەی هاتوویتەوە؟»

گوتی: «ئای کە گەڕان بە رۆژی ئاوا بارانی خۆشە!»

مەجید زەردەخەنەی کرد، زەردەخەنەیەکی رەنگ پەڕیو. گوتی: «برۆ خۆت بگۆڕە. جلەکانت تەڕ و تلیسە، نەخۆش دەکەوی.»

هەڵاڵە لە زەردەخەنەکەی و لە گوتنەکەی داچڵەکی. بەعەجایباتیەوە سەیری گوڵاڵەی کرد. گوڵاڵە لە سووچێکی ژوورەکە دانیشتبوو، زیز و مات هەر دوو ئەژنۆی لە باوەش گرتبوو. دایکیشی لە لای پەنجەرەکە دەستی نابووە ژێر چەناگەی و چاوی لە رێژنە بارانەکەی دەرەوە بڕیبوو، لەو دڵۆپانەی دەڕوانی کە بە شیشەی

پەنجەرەکەدا دەهاتەخوار. هەڵاڵە ئەو دڵۆپە فرمێسکانەی نەدی کە لە چاوی دایکیدا قەتیس بوون، بەوحاڵەش ترسا. ترسا کە شتێکی ناخۆش رووی دابێت. گوتی: «چی بووە کاکە؟ چی رووی داوە؟«

بە ترسەوە گوتی.

«چیمان بەسەر هاتووە؟»

نیگای ترساوی لە دایک و خوشک و براکەی بڕی. دایکی لە پڕمەی گریانیدا و، دوا بەدوای ئەویش گوڵاڵە لە ژوورەکە چووە دەر. مەجید لە جێی خۆی نەبزوا.

«باوکم ... باوکم شتێکی بەسەر هاتووە؟»

میر خوناوک کاتێک لە شەڕی دێوەکان گەڕابووەوە، ماوەیەکی زۆر چاوەڕوان بوو کە پاشا وەعد و بەڵێنەکەی بەجێ بێنێت و کچەکەی خۆی بداتێ. بەڵام پاشا نەک هەر کچەکەی نەدابوویە بەڵکوو لە شارەکەش دەری کردبوو. میر خوناوکی دڵشکاو ماوەیەکی دیکەش سەبری کردبوو، بەڵکوو پاشا لەو وەعد و پەیمان شکێنییەی ژێوان بێتەوە. پاشا ژێوان نەبووبووەوە، بۆیە رۆژێک میر خوناوک کە وردە وردە خەریک بوو تۆزی پیری لە روخساری ماندووی دەنیشت، نائومێد و هیوا بڕاو خۆی بە ئاواییەکی ئاشنادا کردبوو و لە ماڵێک لە ماڵەکانی ئەو ئاواییە کچێکی دیبوو. کچ نا، بێوەژنێکی تا رادەیەک گەنج و جوان. بێوەژن چای بۆ هێنابوو. لە کاتی چای دانانەکەدا میرخوناوک بیری کردبووەوە، راستە ئەم بێوە ژنە کچی پاشا نییە و کچی سۆفییەکی کورمنەی هەژارە، بەڵام بۆ پیاوێکی وەک ئەو کە ژن و منداڵەکەی لێی دوورن و، کەس نییە پاروویەک نانی بخاتە بەر دەم و پیاڵەیەک چای بۆ لێبنێت، با خاتوو کڵاوزێڕی کچی پاشا نەبێت و رەعنای کچی سۆفی حەمەکەریم بێت. میر خوناوک هەر ئەو رۆژە، یان رەنگە رۆژێکی دوای ئەو رۆژە، خوازبێنی لێ کردبوو، هێنابووی.

هەڵاڵە رەعنای کچی سۆفی حەمەکەریمی دەناسی. گوڵاڵە و کاروان و تەنانەت دایکیشی دەیانناسی. ماڵەکەیان لە ئاوایی، لەخوار ئەو خانووە بوو کە ئەوان پێشتر لێی ژیابوون. حەمە رەشید ئاغا دوای ئەوەی کە ژن و منداڵەکەی ناردبوو بۆ سلێمانی

ئەو خانووەی بە خاوەنەکەی دابووەوە، بەڵام پێبڕی ئاوایی و خەڵکی ئاوایی نەکردبوو. ئەو نێوانی لەگەڵ خەڵکی ئاوایی خۆش بوو، سەردانی زۆربەی ماڵەکانی دەکرد. بەتایبەت ماڵی سۆفی حەمە کەریم کە پیاوێکی پیر، بەڵام وتووریا و قسەخۆش بوو. سۆفی حەمەکەریم کوڕی نەبوو. چوار کچی بوو کە سیانیان لە دەرەوەی ئاوایی شوویان کردبوو. تەنیا ڕەعنا لە ناو ئاوایی شووی کردبوو، کە ئەویش پاش چەند ساڵ میردەکەی کوژرابوو، بێوەژن کەوتبۆوە. سۆفی پیاوێکی هەژار بوو. حەمەڕەشید ئاغا ئەوەندەی بکرایە یارمەتی دەدا. تەنانەت ئەو دەمەش کە ژن و منداڵەکەی لە ئاوایی بوون، یارمەتی دەدا. ژن و منداڵەکانی حەمەڕەشید ئاغا لەو کاتەوە کە چووبوونە شار تەنیا هاوینان سەردانی ئەو دۆڵەیان دەکرد و، هەر جارێکیش کە دەچوون دە یان دوانزە ڕۆژ دەمانەوە. شەش حەوت ڕۆژ لە مەقەڕ و، چوار پێنج ڕۆژیش لە ئاوایی لە ماڵی دۆست و ناسیاوەکانیان دەبوون. هەڵاڵە بیری دەکردەوە ئەگەرچی لە هیچکام لەو سەردانانەدا نەچووبوون بۆ ماڵی سۆفی حەمەکەریم، بەڵام ڕەعنا چووبوو بۆ لایان و بە خێر هاتنەوەی لێکردبوون. ئەو دەمە هێشتا حەمەڕەشید ئاغا ڕەعنای مارە نەکردبوو. لەوەتی مارەی کردبوو نەیهێشتبوو ژن و منداڵەکەی سەر بەو دۆڵ و دەربەندەدا بکەن. گوتبووی: «ئەو شاخ و دۆڵە ئەمنییەتی نییە. وەزعەکە تەواو شێواوە. تا تۆزێک ئەهوەند دەبێتەوە، من زوو زوو سەرتان لێدەدەم، پێویست ناکات ئێوە بێن.» سەعادەت گوتبووی: «یعنی تا کەی؟»

«نازانم. جارێکە نازانم.»

هەڵاڵە گوتبووی: «ئەمنییەتی بێت و نەبێت، من ئەم هاوینە دێم و بۆ هەمیشە لەوێ لە لای خۆت دەمێنمەوە.»

سەعادەت بە گریانەوە پرسی: «لە کەیەوە ئەو چەتیوەی مارە کردووە؟ لە کەیەوە هێناویەتی؟»

لە مەجیدی کوڕی پرسی کە لەو سەری دیوەکە دەستەو ئەژنۆ دانیشتبوو.

مەجید گوتی: «وەک من بیستوومە ساڵێکە. لە سەرەتای هاوینی پارێکەوە.»

«سالێکە ژنی هێناوە و نەمانزانیوە! کەس بە ئێمەی نەگوتووە! باشە بڵێ بزانم منداڵی لێی نەبووە؟»

«نا.»

«چەتیوەکە لێشی ئاوس نییە؟»

«وەک بیستبێتم نا. لە مێردەکەی پێشووشی منداڵی نەبووە. گوایە هەر نایبێت.»

لەو خەم و نیگەرانییە قورس و گرانەدا ترووسکەی خۆشییەک لە چاوە تەڕەکانی سەعادەت گەڕا و سووکە ئۆمێدێکی پەیدا کرد. بیری کردەوە منداڵی لێ نەبووبێت ئیمکانی دەست لێ هەڵگرتنی هەیە. گوتی: «چاک پیاوەتیت دامەوە، حەمەرەشید ئاغا! چاک پاداشتی ئەو هەموو ساڵە مەینەتییەت دامەوە! دەک ماڵت ئاوەدان بێ و کوڕت نەمرێ حەمەرەشید ئاغا!»

بە گریانەوە گوتی. هەڵاڵە یەکەم جار بوو دەیبیست دایکی بە باوکی بڵێت حەمەرەشید ئاغا. یەکەم جار بوو دەیبیست بە ناوی خۆی ناوی بێنێت. پێشتر دەیگوت ئەو کابرایە... باوکتان... لە لای خەڵکیش دەیگوت باوکی منداڵەکان... باوکی مەجید... لە هەندێک شوێنیش دەیگوت ئاغا.

مەجید گوتی: «ئێستا بە تەمای چی بکەیت؟»

«کێ؟ من؟!»

دایکی بە سەیر و سەرسووڕمانەوە ئەوەی پرسی.

«من بە تەمام چی بکەم؟!»

دەتگوت یەکەمجارە رووبەڕووی پرسیاری وا دەبێتەوە، یەکەمجارە کە داوای قەراری وای لێدەکرێت، بۆیە بە لاچکی سەرپۆشە سپییەکەی فرمێسکەکانی سڕی و بە داماوییەوە سەیری منداڵەکانی کرد. ئەوسا گوتی: «من چیم لە دەست دێت، جگە لەوەی کە بگەڕێمەوە بۆ شار و وڵاتەکەی خۆم؟»

گوتی: «ئەرێ دەگەڕێمەوە بۆ شار و وڵاتەکەی خۆم.»

مەجید و گوڵاڵە هیچیان نەگوت. هەڵاڵەش کە جلە تەڕەکانی گۆڕیبوو هیچی نەگوت. هەڵاڵە بە بینینی داماوییەکەی دایکی و بە بینینی نیگاو حاڵەتی سووکایەتی

پێکراوی روومەتی، دڵی پڕ بوو. کوڵی گریان لە قووڵایی دڵیەوە هەستاو وەک خڕە بەردێک لە قوڕگیدا گیری کرد. ئەوسا بە باوەشی کراوەو هەنگاوی سووک و ئارامەوە لێی نزیک بووەوە. کە گەیشتە بەر پەنجەرەکە نەوییەوە و لە کاتێکدا روو و روومەتی لە دەرەوە بوو، شان و ملی دایکی لە باوەش گرت.

لە دەرەوە باران دەباری، توندتر و بە خوڕەمتر لەو کاتە کە لە قوتابخانە گەڕابووەوە. شۆڕاوگەی ئاوی بانەکان کە لە پلووسکەکانەوە دەڕژا، دەنگێکی ناخۆش بوو. خوڕە خوڕێکی ناخۆش و بەئازار کە دەتگوت لە پلووسکە تەنەکەییەکانەوە دەڕژایە ناو مێشکی هەڵاڵە.

مەجید گوتی: «نەدەبوو بەجێتان بهێشتایە. نەدەبوو بە قسەتان بکردایە و بهاتنایە بۆ ئێرە.»

گوتی: «ئێستاش ئەگەر بە قسەی من دەکەن بگەڕێنەوە بۆ لای. باروبنەتان بپێچنەوە و بڕۆنەوە بۆ شاخ، بۆ ئاوایی، بۆ هەر کوێ کە ئەوی لێیە.»

«دیسان باروبنەمان بپێچینەوەو بڕۆین!؟»

هەڵاڵە لە بیری نەمابوو، خۆی ئەوەی پرسیبوو یان دایکی. تەنانەت لە بیری نەمابوو ئەو رۆژە ئەوەیان پرسیبوو یان رۆژێکیتر. ئەو جارە یان جارێکیتر. هەموو جارێک دەیانپرسی. هەموو جارێک کە دەبوو باروبنەیان بپێچنەوە و... دایکی دەیگوت: «بووین بە قەرەچ. دەبێ وەک قەرەچەکان ماڵمان بە کوڵمانەوە بێت و هەر رۆژە لە لایەک بیخەین. هەر ساڵەو بچینە گوندێک یان شارێک.»

هەڵاڵە گوتبووی: «بەخوا ژیانی قەرەچیش خۆشە. ئای کە حەز دەکەم وەک قەرەچ بین. وەک ئەوان شارەو شار و دێهاتەو دێهات بکەین و لە ناو چادرو خێوەتدا بژین.»

هەڵاڵە هێشتا منداڵ بوو کە ئەوەی گوتبوو. رۆژێک ئەوەی گوتبوو کە خەڵکی شار بۆ یەکەمجار خەریک بوون بە کۆمەڵ شاریان چۆڵ دەکرد. رۆژێکی زەرد. زەردێکی بەهێیی. بەهێیەکی کوڵکنی تۆزاوی. رۆژێک لە رۆژەکانی پاش سەرکەوتنی شۆڕش.

لە بەیانی ئەو رۆژەوە قاو بڵاو ببووەوە کە حکوومەت سوپایەکی سەر رێ خستووەو

بەتەمـایە شـار بگـرێتەوە. ئەو هەواڵ و قـاوە خەڵکـی تۆقانـدبوو. گەنجەکـان و چەکداری حیزبەکـان لە ئـان و سـەعاتێکدا لە هەمـوو شـەقام و مەیـدان و تەنـانەت سەرکۆڵانەکانیش سەنگەریان سـاز کردبـوو. ماشـێن و ئوتومبێلەکـان دەسـتە دەسـتە چەکدارەکانیان بەرەو پیری سـوپاکە بـۆ دەرەوەی شـار بردبـوو. دەمەو نیـوەڕۆ بـوو کە گوتبوویان تەقە دامەزراوە و شەڕ دەسـتی پێکـردووە. شـەڕ دەسـتیشـی پـێ کردبێـت، ئەوەندە دوور بوو کە تەقەی نەدەگەیشتە شار. نزیکەو عەسر بوو کە گوتبوویان شـەڕ نزیک بووەتەوەو سوپای حکوومەت خەریکە دەگاتە ناو شار.

گوتبوویان: «سی کیلۆمەتری ماوە بگات.»

«بیست و پێنج ...»

«بیست ...»

خەڵک و بنەماڵەکان، چ ئەوانەی کە چەکـداریان هەبـوو، چ ئەوانەی کە نەیـانبوو تۆقابوون. لە ڕۆژی وادا تەڕ و وشک پێکەوە دەسووتێت... تا ڕێوی قەبـاڵەی خـۆی بخـوێنێتەوە کەوڵ دەکرێـت... ئەو بنەمـاڵانە کە کـوڕی گەنجیـان بـوو لەدوویـان گەڕابوون.

«ئەوە لە کوێی هەتیو؟ وەرە با بڕۆین.»

«بۆ کوێ؟»

«بۆ هەر کوێ بێجگە لێرە.»

ئەو بنەماڵانە کە ئوتومبێلیان بوو، زووتر هەندێک کەل وپەلیـان پێچـابووەوەو سـوار ئوتومبێلەکانیان ببوون و ڕۆشتبوون. لە کۆڵانەکەی ئەواندا دوو ماڵ ئوتومبێلیان بـوو. یەکیان میـرزا نەسروڵای فەرمـانبەری شـارەداری کە حەمەڕەشـید ئاغـا پێـی دەگـوت نەسە حۆل، ئەویتریان ماڵی حـاجی حەسـەن کە دراوسـێی دیـوار بە دیواریـان بـوو. ماڵی حاجی حەسەن تیۆتایەکی بـاری سـووریان بـوو. هەنـدێک کەلـوپەل و قـاپ و قاچاغیـان خسـتبووە پاشـی تۆیۆتـاکە و جـگە لە حـاجی و حـاجی ژن و یەکێـک لە بووکەکانی کە سکی پڕ بوو، باقیەکەیان لە دواوە سوار ببوون. کیژانـی کچیشـیان کە هاوپۆل و هاوتەمەنی هەلالە بوو سوار ببوو. هەموویان وەک مەڕ و بزن سوار شان و

کـۆلی یەکـتر بـوون. هەلالە چـاک لە بیـری بـوو. ژنەکەی حـاجی و بـووکەکەی دەگریان، یەکیان بۆ کوڕەکەی و یەکیان بۆ مێردەکەی کە چەکدار بوو. حاجی ژن دەیگوت: «با من نەیەم. با من لە ماڵ بمێنمەوەو چاوەڕوانی هەتیوەکەم بم.» حاجی بە تووڕەییەوە دەیگوت: «خودا دەزانـێ لە کـوێیە. ئەو هەتیـوە مـن بیناسـم ئێسـتا بە ساقۆرە شکاوەکەیەوە لە سەر ڕێی سوپاکە، لە بن بەردێک خزاوە. تا خۆی بە کوشت نەدات...»

«پازدە کیلۆمەتر... پازدە کیلۆمەتریان ماوە بگەنە شار.»

دوو کـوڕی گەنج بـوون کە بە سـواری مـاتۆڕ بە کۆلانەکـانی گەڕەکـدا دەگەڕان و پەیتـا پەیتـا هەواڵـی نزیـک بـوونەوەی شـەڕ و سـوپاکەیان بە خەڵـک رادەگەیانـد. چەکـدار بـوون؟ هەلالە لە بیـری نەبـوو. ئەوەنـدەی لە بیـر بـوو کە خەڵـک تەواو تۆقـابوون. زۆربەیـان، ژن و پیـاو و پیـر و منـداڵ، لە ماڵەکانیـان هـاتبوونە دەر. هەر یەکە بنۆڵەیەکیان بە کـۆڵەوە بـوو، یـان تەلیسـێکیان بە شـاندا دابـوو. بەشێکیشـیان لەبەر دەرکەی ماڵەکانیان، لە سەر تەلیس و بنۆڵەکان دانیشتبوون، رەنگە چاوەڕوانی ئوتومبێل بـوون. تـاک و تەرا ئوتومبێـل دەهـاتن و بنەماڵەکانیـان سـوار دەکـرد، هەر ئوتومبێل و چەند بنەماڵە، ئەوەش کە جێی نەدەبووەوە بە شوێنیاندا غـاری دەدا و بە دوایانەوە خۆی هەڵدەواسی. تەراکتۆرێکیش شـەش حەوت بنەمـاڵەی هەڵگـرت و بە نرکە نرک و ناڵەناڵ کۆلانەکەی بەجێهێشت.

«ئێوە بۆ نایەن بڕۆین سەعادەت خانم؟ کەس نەڕۆشتایە دەبوو ئێوە بڕۆشتنایە.» ژنێکی دراوسێیان گوتی.

«وەرن لەگەڵ ئێمە با بڕۆین.»

گوڵالە گریا. گوتی: «با لە گەڵیان بڕۆین، دایە.»

«بێ پیاو؟!«

کاروان گوتی: «ئەوە من پیاو. وەرن با بڕۆین.»

هەلالە نەگریا. باوکی گوتبووی کوڕی ئازا ناگری.

کۆلان تا رادەیەک چۆڵ ببوو کە ئوتومبێلێکی باری سپی لەو سەرییەوە دەرکەوت.

کاروان هاواری کرد: «کاک جەلالە. جەلالی مامە شەریف.»

جەلال لە ئاوایییەکەی خۆیانەوە هاتبوو. باوکی گوتبووی: «بڕۆ ژن و منداڵەکەی مامە ڕەشیدت سوارکە. دەزانم ئێستا ئەوان بێکەس لەو شارە چۆڵەدا ماون. بڕۆ دەربازیان کە.» گوتبووی: «مەیانهێنە بۆ ئێرە. ئێرە نزیک شارە، شار بگیرێتەوە ئێرەش گیراوەتەوە. بیانبە بۆ...»

جەلال کە لە تیۆتاکەی دابەزی ئیتر ئەو پیاوە لاڵەپەتەی جاران نەبوو کە منداڵەکانی حەمەرەشید ئاغا هەمیشە گاڵتەیان پێدەکرد و لاساییان دەکردەوە. پیاوێک بوو لە هەموو پیاوانی تایەفەکەیان ڕەزا سووکتر و شیرینتر. سەعادەت و منداڵەکانی بە ڕووی خۆشەوە بەرەو پیری چوون و بەخێرهاتنیان لێکرد. ئەو بێجگە لە ژن و منداڵەکەی مامە ڕەشید سێ، چوار بنەماڵەی تریشی سوار کرد و وەک فڕۆکە لێ بخوڕێت بەکۆڵان و شەقامەکاندا دەرچوو.

ئێوارە بوو. کۆڵان و شەقامەکان چۆڵ بوون. بێجگە لە تاک و تەرا خەڵک و ئوتومبێل کە پڕ بوون لە چەکدار، کەسیتریان تیا نەبوو. بەڵام دەرەوەی شار، هەموو ڕێگە و سەرجادەکان قەرەباڵغ بوون، زۆر قەرەباڵغ. ئوتومبێلەکان یەک لە دوا یەک بە ناو خەڵکە پیادەکەدا ڕەت دەبوون. خەڵکە پیادەکە ئەوەندە زۆر بوون کە لەوە نەدەچوو هەموویان خەڵک و دانیشتووی ئەو شارە بن. دەتگوت لە شارەکانی تریشەوە، لە هەموو شارەکانی کوردستانەوە ڕژاونەتە ئەو سەر جادەیە. هەر کەس کۆڵێکی بە کۆڵەوە بوو. کەلوپەلی ناو ماڵ، نان و پێخۆر، منداڵی ساوا و... کەسانێکیش منداڵەکانیان بە بێشکەوە لە کۆڵ گرتبوو. کەسانێکیش دایک و باوکە پیر و پەککەوتەکانیان بە سواری گاری، عارەبانە و فەرغوون دەرباز دەکرد. هەڵاڵە دەیدی خەڵکەکە زۆربەیان لە سەر جادەوە بەرەو ئاوایییە دوور لە جادەکان لایان دەدا. ئاوایییەکانی سەر جادەش لەبەر خەڵکی ئاوارە جمەیان دەهات. ماڵەکان هەر دیوێک و دوو یان سێ بنەماڵەیان تێخزابوو. مزگەوتەکانیش... دواتر بیستی هەر مزگەوتێک گەڕەکە ماڵێکی تێخزاوە. کادێن و تەویلە و ئاغەڵەکانیش... ئەوەی هەڵاڵە دواتر بیستی کۆمەڵێک حەقایەتی سەیر و سەمەرە بوو. کۆمەڵێک ڕووداو

کارەسات کە لەوە پێش کەس نەیبیستبوو، نەیبینیبوو. دواتر دەیانبیست و دەیانبینی. حەقایەت و ڕووداوی لەوە سەیر و سەمەرە تریشیان دەبیست و دەبینی. کۆچ و ڕەو هەڵگری گەلێک حەقایەت و ڕووداوی ئەفسانەیی و فانتازییە. هەڵاڵە دواتر ئەوەی دەگوت. ساڵەها دوا ئەو یەکەم ڕەوە، کاتێک کە هەموو کۆچ و ڕەوەکانی ژیانی پشت سەر نابوو. هەر لەو یەکەم ڕەوەوە کە ڕەوێکی کورت بوو، ڕەوێکی دە پانزە ڕۆژە. خەڵک دوای ئەو دە پانزە ڕۆژە گەڕابوونەوە. چەند مانگێک لە شار مابوونەوە و دیسان کۆچیتر و ڕەویتر. شار ببووە مەیدانی تەڕاتێنی تەیارەکانی دوو حکوومەتی لێک ڕاساو، خەڵکی شار دەبوو هەموو ڕۆژێک کۆچ بکەن، لە شارەوە بۆ دەرەوەی شار، لە شارەوە بۆ ئاواییەکان، لە شارەوە بۆ شارەکانی تر و...

هەڵاڵە دەیگوت: «کاتێک بۆ دواهەمجار لە گەڵ دایکم گەڕاینەوە بۆگەڕەک و کۆڵانەکەی خۆمان و دوا ماڵاواییمان لە دەر و دراوسێکانمان کرد، زانیم ئەو کۆچەمان کۆچی هەموو خەڵکی شار نییە. ئەو کۆچە تەنیا کۆچی ئێمە بوو. تەنیا ئێمە بووین کە ماڵ و شارەکەمان بەجێدەهێشت.»

دایکی گوتبووی: «بۆ هەمیشە.» گوتبووی: «کۆچی ئەمجارەمان گەڕانەوەی نییە.» هەڵاڵە خۆشحاڵ بوو. خۆشحاڵ لەوەی کە دەچوون بۆ لای باوکی. گوتبووی: «دەچین بۆ لای باوکم و بۆ هەمیشە لە لای ئەو دەمێنینەوە.» بە هاوڕێکانی گوتبوو، بە منداڵەکانی کۆڵان. منداڵەکان گوتبوویان: «خۆزگەمان بە خۆت.» دایکەکانیشیان گوتبوویان: «خۆزگە بە خۆتان کە دەڕۆن و لەم کۆچ و ڕەو و ترس و دڵەتەپە بەردەوامە ڕزگارتان دەبێت. خۆزگە بەخۆتان کە دەڕۆن و لە شوێنێک دەگیرسێنەوە. لە ئاواییەک، شاخێک، بن بەردێک...»

گوتبوویان؟ دەبێ گوتبێتیان. هەڵاڵە دەیگوت: «منیش پێموابوو دەچین بۆ لای باوکم و بۆ هەمیشە لەلای دەمێنینەوە. هەموومان پێمان وابوو، جگە لە دایکم کە دەیگوت: ئەمە تازە سەرەتایە، سەرەتای ئاوارەیی و دەربەدەری، سەرەتای...»

دایکی دەیزانی. دەیزانی کە دەبێت بچنە شاخ و، پاشان ئاوایی و، ئەوسا سلێمانی و، دیسان...

گوتی: «ئێستا دەبێ چی بکەین مەجید؟ ئێستا کە باوکت ژنی هێناوەو پشتی لە ئێمە کردووە، دەبێ روو لە کوێ بکەین؟»

بە چاوی تەڕی پڕ لە فرمێسکەوە گوتی، لە کاتێکدا هەستی بە سووکایەتییەکی گران دەکرد، سووکایەتییەک گرانتر لە هەمیشە.

مەجید گوتی: «تەنیا رێگە ئەوەیە کە بگەڕێنەوە بۆ لای باوکم. هەمووتان پێکەوە بگەڕێنەوە. هەمووتان پێکەوە بڵێن، یان دەبێ ژنە تازەکەی تەڵاق بدات و، وەک جاران لەو ئاواییە لە نزیک خۆی ماڵێکتان بۆ بگرێت، یان تیکڕا دەچنەوە بۆ شار و خۆتان تەسلیمی حکوومەت دەکەنەوە.»

دایکی گوتی: «ئەی تۆ؟ تۆ لە گەڵمان نایەیت؟»

«من نەیەم باشترە. من ئەگەر بێم لە گەڵ باوکم تووشی شەڕ و کێشە دەبم.»

هەمیشە وابوو. لەو کاتەوە کە مەجید رێبازی سیاسی خۆی لە باوکی جیا کردبووەوە. باوک و کوڕ هەر یەکە سەر بە حیزب و رێکخراوەیەک، دانویان پێکەوە نەدەکوڵا و لەگەڵ یەکتر نەدەگونجان. سەعاتێک پێکەوە بوونایە شەڕیان دەبوو. باوکی دەیگوت: «کوڕی نەهامەت لە بری ئەوەی شوێن باوکی بکەوێت، شوێن چەند عەجەمێکی کۆمۆنیستی بەرەڵلا کەوتووە. لەبری ئەوەی...»

ئەو چەند عەجەمە بەرەڵایە کە حەمەرەشید ئاغا دەیگوت، سەرکردەی حیزبەکەی مەجید بوون. حەمە رەشید ئاغا دەیگوت: «تۆ کە دەتەوێت چەک هەڵبگری و خۆت بە کوشت بدەی، بۆ لە پێناوی وڵاتەکەتدا، لە پێناوی گەلو نەتەوە و خەڵکی شارەکەتدا خۆت بە کوشت نادەی؟«

مەجید دەیگوت: «من لە پێناوی مافی کرێکار و زەحمەتکێشاندا شەڕ دەکەم.»

حەمەرەشید ئاغا جڕتی بۆ دەکرد و پێی پێدەکەنی.

سەعادەت کە گەڕایەوە بۆ لای حەمە رەشید ئاغا هەموو ئەو شتانەی گوت کە مەجید و منداڵەکانی تری فێریان کردبوو. گوتی: «بیست و سێ ساڵە شووم کردووە، حەفدە ساڵی بێ مێرد ژیاوم. ئێستاش ئەگەر قەرارە دیسان بێ مێرد بم، بۆ لە غەریبایەتی بژیم؟ ئەگەر قەرارە منداڵەکانم دیسان بە هەتیوی گەورە بکەم، بۆ

نەیانبەمەوە بۆ شارەکەی خۆم و لە ناو کەس و کار و دۆست و ناسیاوەکەی خۆمدا گەورەیان بکەم؟»

گوتی: «ئێمە دوو ڕێ زیاترمان لە بەر نییە ئاغا. یان وەک پێشوو خانوویەکمان بۆ بگریت و لەگەڵ خۆت بژین، یان بڕۆینەوە بۆ شارەکەی خۆمان و خۆمان تەسلیمی حکوومەت بکەینەوە.»

سەعادەت بەترس و شەرمەوە، لە کاتێکدا سەری داخستبوو چاوی لە کۆشی خۆی و کەوشەکانی حەمەڕەشید ئاغا بڕیبوو، ئەمانەی گوت.

حەمەڕەشید ئاغا لەسەر کورسییەکی چێوی دانیشتبوو، چاوی لە زاری خێزانی بڕیبوو. ئەو وەک هەمیشە پۆشتە و پەرداخ دەمانچەی بە کەلەکەوە بوو، تەسبێحێکی قەزوانیشی لەدەوری پەنجەکانی ئاڵاندبوو یاری پێدەکرد.

سەعادەت گوتی: «لێرەش بمێنینەوە دەبێ...» زاری وشک ببوو. زمان لە زاریدا بەگران دەگەڕا. «دەبێ ئەو ئافرەتە تەڵاق بدەی.»

بە گریانەوە ئەوەی گوت. دەنگی گریانەکەی لە دیوەکە دەچووە دەر، لە دیوەکەی میرزا حەسەن کە بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندنی حیزب بوو.

سەعادەت و منداڵەکان کە لە سلێمانییەوە هاتبوون، بە پێچەوانەی جارانی پێشوو لە ئاوایی لایان نەدابوو. لە قەراغ ئاوایی لە ئوتومبێلەکە دابەزیبوون، لە پردەکە پەڕیبوونەوە و بە هەورازی شاخەکەدا هەڵگەڕابوون. بەختیان بوو کە یەکەم کەسی ناسیاو تووشی میرزا حەسەن ببوون. میرزا حەسەن جگە لە هاوحیزبی، هاوڕێی کۆنی حەمەڕەشید ئاغاش بوو. ئەو دەستبەجێ لە هۆی هاتنەکەیان گەیشت. بەلاڕێی ناو دار و نزارەکەدا بەرەو خانووەکەی خۆی بردن. کە گەیشتن، یەکێک لەکوڕەکانی بەشی ڕاگەیاندنی نارد بە شوێن حەمەڕەشید ئاغادا و...

حەمەڕەشید ئاغا گوتی: «باشە بەس بگری. ئێستا هەموو ئەم مەقەڕەمان لێ کۆ دەبێتەوە. دەڵێن ئاخۆ چی بووە و چی قەوماوە!»

بە توانجەوە گوتی.

سەعادەت گوتی: «بۆ پێتوایە هیچ نەبووە و هیچ نەقەوماوە؟»

حەمەرەشید ئاغا گوتی: «هەمووی خەتای...»

قسەکەی تەواو نەکرد. سەیری منداڵەکانی کرد. کاروان لە ژوورەوە نەبوو. ئەو چووبووە دەرو، بە ناو ماڵ و کەپر و رەشماڵەکانی مەقەرەکەدا دەسووڕایەوە. بە ناو ئەو کوڕە گەنجانەدا کە لەسەر سەکۆی کەپر و رەشماڵەکان، لە بن نسێی دارو درەختەکان دانیشتبوون. کوڕێکی دەنگخۆش لەسەر یەکێک لە سەکۆکان دەنگی هەڵبڕیبوو، گۆرانی دەخوێند. غەریبانەیەکی بە سۆز کە بە هەموو شاخ و قەدپاڵەکەدا بڵاو دەبووەوە. بە ژوورەکەی میرزا حەسەنیشدا. هەڵاڵە و گوڵاڵە گوێیان بۆ ئەو غەریبانەیە شل کردبوو. حەمەرەشید ئاغا لە کاتێکدا زەردەخەنەی بۆ کچەکانی دەکرد، گوتی: «ئەوە ئێوە بۆ هیچ ناڵێن رۆڵە؟ ئێوە بۆ ئاوا بێدەنگن؟»

ئەوسا دیسان رووی لە سەعادەت کردەوە و، لە کاتێکدا نیگای لە سەعادەتەوە بۆ کچەکانی و لەوانەوە بۆ سەعادەت بازبازێنی بوو، گوتی: «ئاخر چۆن دەکرێت من زوڵم لەم منداڵانە بکەم و لەو شارە خۆشە هەڵیانکەنم؟ چۆن دڵم دێت بیانهێنمەوە بۆ ئەم شاخ و داخە و دۆڵ و دەربەندە؟»

حەمەرەشید ئاغا لەو کاتەدا چاوی لە گوڵاڵە بوو، بە زەردەخەنەیەکی باوکانەو میهرەبانانەوە سەیری ئەوی دەکرد. رەنگە چونکا دەیزانی کە ئەو لە هەموویان زیاتر حەزی لە شار و ژیانی ناو شارە. بەڵام بە پێچەوانەی بۆچوونەکەی، گوڵاڵە زۆر بۆی گرینگ نەبوو. شار یان دێ، ماوەیەکیتر شەهاب دەینارده خوازبێنیی و بۆ هەمیشە لە بنەماڵەکەی جیا دەبووەوە. شەهاب گوتبووی: «کاکە مەجیدی برات لە خۆت مەڕەنجێنە. لەگەڵ دایکت و منداڵەکاندا بڕۆرەوە بۆ لای باوکت.» گوتبووی: «هەروا دوو سێ مانگیتر دەنێرمە خوازبێنیت و بۆ هەمیشە دەتهێنمەوە بۆ شار.»

گوڵاڵە سەری داخست و هیچی نەگوت. حەمە رەشید ئاغا نائومێد بوو. نائومێد لەوەی کە بتوانێت منداڵەکانی رازی بکات لە شار بمێننەوە. منداڵەکان رازی نەدەبوون. کاروان گوتبووی: «بۆ من فەرق ناکات. لێرە بین یان لە شار، من بە تەمام بچم لە بارخانە خێوەتێک هەڵدەم و کاسبی بکەم. من ئیتر شاگردی دوکانی مامە فەتاح ناکەم.» لەوە پێش گوتبووی. هەڵاڵەش گوتبووی: «ئەم رووداوەش

رووی نەدایە من لە هەوەڵ رۆژی هاوینەوە وازم لە شار دەهێناو دەهاتمەوە بۆ ئێرە.»

حەمە رەشید ئاغا سەیری هەڵاڵەی کرد. هەڵاڵە لە دیوەکە نەبوو. بە جەستە لەوێ بوو، بەڵام لە هەموو ئەو ماوەدا کە دایکی و باوکی لە تەڵاقدان و تەڵاق نەدانی ئەو ژنە دەدوان، ئەو دڵی لە لای رەعنای کچی سۆفی حەمەکەریم بوو. گوتبووی: «رەعنا... رەعنا... نەکا ئەو بێوە ژنە جوانە بێت کەماڵەکەیان لە خوار خانووەکەی جارانی ئێمە بوو؟«

ئەو رۆژە کە مەجید هەواڵی ژن هێنانی باوکی پێ ڕاگەیاندبوون ئەوەی پرسیبوو. مەجید وەڵامی نەدابووەوە. دایکی گوتبووی: «منیش جوان بووم، بەر لەوەی شوو بە باوکتان بکەم، بەر لەوەی تووشی ئەم هەموو بەڵاو مەینەتییە ببم جوان بووم...»

هەڵاڵە بەخۆیدا شکابووەوە. تەریق بووبووەوە. بە تەریقییەوە لە دایکی روانیبوو، باوەشی پێدا کردبوو.

«تۆ ئێستاش جوانیت دایە گیان. تەنانەت جوانتر لە خاتوو کڵاو زێڕی کچی پاشاش.»

میر خوناوک بڕیاری خۆی دا. حەمەرەشید ئاغا دوای حەفتەیەک مشتومڕ و شەڕوکێشە لەگەڵ ژن و منداڵەکانی، رەعنای کچی سۆفی حەمە کەریمی تەڵاقدا.

رەعنا سەرەتا رازی نەدەبوو تەڵاق لە حەمەرەشید ئاغا وەربگرێت. ملی نەدەدا. دەیگوت: «من زیاتر لە ساڵێکە شووم پێکردووە، هیچ گلەییەکم لێی نییە، کەواتە بۆ دەبێ تەڵاقی لێ وەربگرم؟ لەسەر چی؟» دەیگوت: «من جێی کەسم تەنگ نەکردووە، بەشی کەسیشم نەخواردووە. سەد پیاو هەیە کە دوو ژنی بێت. ئەوان لە ماڵی خۆیان و منیش لە ماڵی خۆم.»

گوڵاڵە کە ئەوەی بیست، گوتی: «بێجا دەکات تەڵاق وەرناگرێت! مەگەر بە ئیشتیای خۆیەتی؟ خۆم دەچم بۆلای و پێی حاڵی دەکەم کە جێی بە کەس تەنگ کردووە یان نا؟»

کەمجار روویدەدا کە گوڵاڵە لە سەر بابەتێک کە پەیوەندی بە بنەماڵەیەوە بێت، بەم شێوە جیدی و تووڕە هەڵوێستی جەسوورانە وەربگرێت.

دایکی گوتی: «پێویست ناکا تۆ بچی. باوکت بیبستێتەوە تووڕە دەبێت.»

گوڵاڵە گوتی: «بۆ دەبێ تووڕە ببێت؟ مەگەر بۆخۆی وەعدی نەداوە تەڵاقی بدات؟»

گوتی: «بەخوا جوانە. ئێستا باوکم رازی بووە، خانم رازی نابێت؟!»

هەڵاڵە ئەو هەڵوێستەی گوڵاڵەی خوشکی بە لاوە سەیر بوو. بزەیەکی تاڵی کرد و لەبەر خۆیەوە گوتی: «کڵۆڵ ئەو ژنە ...» ئەوسا گوتی: «ئەوە کاری منە. من دەچم...»

هەڵاڵە هەر ئەو رۆژە بە دزی باوکییەوە بە لێژی شاخەکەدا، بەرەو ئاوایی داگەڕا. بەرەو ماڵی سۆفی حەمە کەریم، بۆ بینینی ژنێک کە تا ئەو کاتەش باوە ژنی بوو. ئەو تا ساڵەها لەوە دواش ئەو رۆژەی لەبیر نەدەچووەوە. هەرگیز لەبیری نەدەچووەوە. ئەو رۆژە کە هیچ رەسمێکی لێ نەبوو. ئەو رۆژە کە هیچ رەنگێکی نەبوو، جگە لە رەنگی فرمێسک کە لە چاودا قەتیس مابێت. فرمێسک ئەگەر لە چاودا قەتیس مابێ دەڕژێت و چاو ئەگەر بە کل رژابێت، کلاو بە لالووت و گۆناکاندا دەچۆڕێت. چاوی رەعنا بە کل نەبوو. جووتێک چاوی کاڵ کە دەتگوت هێلانەی ترس و شەرمن و، جووتێک برۆی کەوانی ئەملاو ئەولا ساباتیان بۆ کردبوون. چاوی کاڵی رەعنا لە هەڵاڵە ترسابوو. لەو کاتەوە کە بە پیر تەقەی دەرکەی حەوشەوە چوو بوو ترسابوو. کە رەعنا دەرکەی کردەوە، دەستبەجی هەڵاڵەی ناسییەوەو پەشۆکا. بە پەشۆکاوییەوە گوتی: «فەرموو هەڵاڵە خان. فەرموو.»

سۆفی حەمەکەریم لە ماڵ نەبوو. رەعنا بەتەنیا بوو. بەتەنیا لە ژوورەکەی خۆی خەریک بوو گۆرەوی یان پووزلەخی بەنی دەچنی. رەنگە بۆ حەمەرەشید ئاغا کە رەسمەکەی لەسەر تاقی بچووکی ژوورەکە بوو. حەمەرەشید ئاغا چاوی لە هەڵاڵە بڕیبوو. لە هەر کەسێکی تریش کە سەیری بکردایەو، هەر جۆرێک سەیریان بکردایە ئەو بزەیەکی شیرینی لە سەر لێو بوو. چاوی حەمەرەشید ئاغا، رەنگە لە خۆشیان، دەبریسکایەوە. رەعنا گورج و بە پەلە دەستچنەکەی کۆ کردەوە و لە کاتێکدا دەیویست بیباتە دەر، گوتی: «تۆ فەرموو دانیشە، ئێستا پیاڵەیەک چا دێنم.»

بەرلەوەی لە ژورەکە بڕواتە دەر، هەڵاڵە گوتی: «من بۆ چای خواردنەوە نەهاتووم ڕەعنا خانم. کارم پێتە.»

ڕەعنا بە بزەیەکی تاڵەوە ئاوڕی لێدایەوە.

«لانیکەم پەرداخێک دۆ.»

«پەرداخێک ئاو.»

تا ڕەعنا پەرداخە ئاوەکەی هێنا، هەڵاڵە چاوی بە ژوورەکەدا گێڕا. ژوورەکە بچووک بەڵام پاک و خاوێن بوو. دۆشەکێک و دوو سەرین کە چل تیکەیەکی دەستچنی ڕەنگامەیان بە شێوەیەکی جوان پێدا درابوو، لە لای سەرووی ژوورەکە بوو. دۆشەکێک ڕەنگە بۆ حەمەرەشید ئاغای باوکی. بە دڵنیاییەوە بۆ ئەو بوو. چونکا ڕادویەکیش لە ملایەوە داندرابوو. کەواتە حەمەرەشید ئاغا لێرەش بێ ڕادوێ نەبوو. هەروەها کە لێرەش دەستێک جلی جوان و تازەی بوو کە بە دیواری لای خوارووی ژوورەکەدا هەڵواسرابوو. کەواو پانتۆڵ و مێزەرو پشتێن، پەردەیەکی سپی گوڵدۆزی کراویان پێدا درابوو. پەردەی تاکە پەنجەرەکەش ئەگەرچی سپی نەبوو بەڵام گوڵدۆزی کراو بوو. ڕەعنا بە پەرداخێک ئاو و سوراحییەک دۆوە هاتەوە.

«ئەوە بۆ بە پێوەیت؟ فەرموو لەسەر ئەو دۆشەکە دانیشە.»

«من لە سەر جێی باوکم دانانیشم.»

هەڵاڵە ئەوەی گوت و لە شێوەی گوتنەکەی خۆی داچڵەکی. ئەو بە پێچەوانەی گوڵاڵەی خوشکی بە مەبەستی شەڕ کردن نەهاتبوو. نەهاتبوو ئەوەندە تووڕە و جیدی بدوێت.

ڕەعنا گوتی: «کەواتە لەملا دۆشەکەکەی باوکتەوە دانیشە.»

ئەوسا بێئەوەی هیچیتر بڵێت ئاو و دۆکەی لەبەردەم داناو، خۆشی لە لای خوارووی دیوەکە دانیشت.

هەڵاڵە بێ هیچ پێشەکییەک چووە سەر بابەتی سەرەکی قسەکانی و گوتی: «بیستوومانە گوایە گوتووتە حازر نیت تەلاق لە باوکم وەربگریت. وایە؟»

ڕەعنا سەیری کرد. هەڵاڵە ئەو کچە ورد و لەڕ و لاوازەی جاران نەبوو کە دیبووی.

ئەوەش نەبوو کە حەمە رەشید ئاغا باسی دەکرد. کچێک بوو ئەگەرچی لە بەرگی کوڕانەدا بەڵام گەورە و عازەب، جیدی و جەسوور، چاوی تیژی لە رەعنا بڕیبوو. رەعنا ئەگەرچی هەشت نۆ دەساڵێک لە ئەو گەورەتر بوو، لێی دەترسا. هەڵاڵە ئەو ترسەی پێخۆش نەبوو. گوتی: «گوێ بگرە رەعنا خانم، من نەهاتووم بڵێم بۆ شووت بە باوکم کردووە. نەهاتووم بڵێم نەدەبوو شووت پێ‌بکردایە. نەهاتووم گلەییت لێبکەم یان لەگەڵتدا بەشەڕ بێم یان هەر شتێکیتر. هاتووم بڵێم هەرچی روویداوە، روویداوە. ئەوەی کراوە، کراوە. تۆ خانمێکی بەرێز و کچی پیاوێکی بەرێزی. باوکی منیش... باسی باوکم ناکەم بۆ خۆت دەزانی کێیە. کەواتە چۆن بێقرە و بەدزییەوە خۆت لێ مارە کردووە، ئێستاش دەبێ هەروا بێقرە و بێدەنگ تەڵاقی لێ وەربگریت.»

هەڵاڵە وەک ژنێکی کامڵ، وەک خانمێک کە دڵنیا بێت بێقسەیی ناکەن، قسەی دەکرد.

رەعنا گوتی: «ئاخر بۆچی؟ من ساڵێکە شووم بە باوکت کردووە و...»

«دڵنیام هەر ئەو وەختەش زانیوتە کە ئەو شوو کردنەت کاتییە و دەبێ زوو لێی جیا بیتەوە. نەتزانیوە؟»

رەعنا داچڵەکی.

«بێگومان نەمزانیوە. من...»

«یەعنی نەتزانیوە باوکم ژن و منداڵی هەیە؟ نەتزانیوە پیاوی ژن و منداڵدار لە هەر کوێ بێت یان دەبێ بچێتەوە بۆ لای ژن و منداڵەکەی، یان ئەوان بە ئێجگاری دێنەوە بۆلای؟»

گوتی: «گوێ بگرە رەعنا خانم، تۆ لە من گەورەتر و دڵنیام عاقڵتریشی. تۆ بەر لە باوکم شووی تریشت کردووە، دنیا دیدەتریشی. راستە حەمەرەشید ئاغای باوکم پیاوێکی ناو و ناوبانگدارە، راستە پیاوێکی ساماندارە، راستە ئێوەش، تۆ و باوکت ...»

ویستی بڵێ هەژارن و نەیگوت. دڵی نەهات.

گوتی: «تۆ ژنێکی گەنج و جوانی...»

کاتێک ئەوەی گوت زیاتر لێی ورد بووەوە. رەعنا بە راست گەنج و جوان بوو. گەنجترو جوانتر لە پێشووی. روومەتی سپی و سوَڵ و کەمێکیش گۆشتن بوو. قژی کاڵی دەگەیشتە سەر سمتی. کە هەڵدەستا شووش و باریک و، لەناو ئاواییدا کەس لەو جوانتر نەبوو. بە تایبەت لەو جلو بەرگە شین و بنەوشەیدا هیچی لە ژنە دێهاتی نەدەچوو. لە ژنی شوێنێکیتر دەچوو. لە ژنی ناو رەسمێکی گەورە کە بە دیواری ماڵی مامە فەتاحییەوە بوو. ئەو ژنەش کراسێکی ئاودامێنی شین و سوخمەیەکی بنەوش وەک سوخمەکەی رەعنای لەبەردا بوو، باخەیەکی بچووک پووشی بە شانیدا دابوو. کچی کافرۆش؟ ئەرێ لە کچی کافرۆش دەچوو. کچی کافرۆشێکی ترساو و نیگەران. هەلالە بەزەیی پێدا دەهات. بەزەییەکی قووڵ کە سەر خۆی نەدەهێنا. هەوڵی دەدا بیشارێتەوە، بەلام بۆی نەدەشاردرایەوە. وردە وردە شێوەی قسە و گوتنەکەی گۆڕا. وردە وردە ئارامتر و تەنانەت میهرەبانتریش بوو. کەمە کەمە هەستی کرد لەگەڵ کەسێکیتر دەدوێت. لە گەڵ ژنێک کە بەسەر دایکی نەهاتبوو، شووی بە باوکی نەکردبوو. ژنێک کە بەسەر کەسێکیتر چووبوو شووی بە پیاوێکیتر کردبوو.

«حەیف نییە تۆ بەو گەنجی و جوانییە شووت بە پیاوێکی ژن و منداڵدار کردووە؟ پیاوێکی پیر، لە تەمەنی...»

نەیگوت لە تەمەنی باوکی خۆتدا. گوتی: «خوشکە گەورەکەم کە گوایە بە مردوویی لە دایک بووە، ئەگەر بمایە ئێستا لە تەمەنی تۆدا دەبوو.»

نەیزانی بۆچی وای گوت. ئەو خوشکی نەبوو کە بە مردووی لە دایک بووبێت. رەعنا بێدەنگ سەری داخست، وەک کەسێکی خەتاکار، وەک ژنێکی جوان و مەعسوومی خەتاکار چاوی لە داوێنی کراسەکەی خۆی بڕی.

هەلالە گوتی: «تۆ فرسەتی زۆر باشترت دەبێت. دڵنیابە کە شووی زۆر باشتر دەکەیتەوە.»

ئەوسا پێکەنی. زەردەخەنەی کرد.

«بەلام ئەمجارە دەبێ زۆر وشیارانەتر و بە دڵی خۆت شوو بکەیتەوە. ئەمجارە دەبێ

شوو بە پیاوێک بکەیت وەک خۆت گەنج و جوان بێت.»

رەعنا هێشتا سەری داخستبوو هیچی نەدەگوت. هەڵاڵە ئەو بێدەنگییەی بە رازی بوونی رەعنا و، ملدانی بە تەڵاق وەرگرتن و جیا بوونەوە لێکدایەوە. شتێک کە هەر پێویستیش نەبوو. رازی بوون و رازی نەبوونی ئەو بۆ تەڵاق و جیا بوونەوە پێویست نەبوو. رەعنا بەوەی دەزانی، بەڵام هەڵاڵە نەیدەزانی. هەڵاڵە خۆشحاڵ بوو کە توانیبووی پاش دوو سەعات قسەکردن رەعنا رازی بکات تەڵاق وەربگرێت. خۆشحاڵ بوو کە بۆ وەرگرتنی ئەو رەزایەت و ملدانە پێویست نەبووە لێی تووڕە ببێت یان لەگەڵیدا بە شەڕ بێت. خۆشحاڵ بوو کە ئەو ژنە جوان و مەعسوومەی نەڕەنجاندووە. گوتی: «ئێمە ناچینەوە بۆ شار و لێرە دەمێنینەوە. حەز دەکەم پاش ئەم رووداوانە وەک دەستە خوشک بین بۆ یەکتر.»

گوتی: «تۆ لە من گەورەتری، حەز دەکەم وەک خوشکی گەورە بیت بۆ من.»

رەعنا دیسان هیچی نەگوت. تەنیا لەبەر خۆیەوە فرمێسکی رشت. هەڵاڵە کە پێی زانی لێی نزیک بووەوە و دەستی خستە ژێر چەناگەی و سەری پێ بەرز کردەوە. ئەوسا سەیری چاوە تەڕەکانی کرد و گوتی: «حەیف نییە تۆ بگری!؟»

گوتی: «من تێناگەم تۆ بۆ دەگری؟ من دڵنیام ساڵێکی پێ ناچێت کە شوو دەکەیتەوە، شوویەکی باش و بە دڵی خۆت.»

رەعنا گوتی: «بە دڵی خۆم؟!»

ئیتر درێژەی پێ نەدا. دواتر بوو کە گوتی: «سەد ساڵی تریش دانیشم هیچ شتێک ناگۆڕێ.»

رەنگە ساڵێک لەوە دوابوو. کاتێک کە ویستبووی دیسان شوو بکاتەوە و هەڵاڵە ئەو شووەشی بە دڵ نەبوو. هەڵاڵە گوتبووی: «من تێناگەم تۆ بۆ ئەوەندە بەرامبەر بە ژیان و داهاتووی خۆت بێدەربەستی؟ بۆ بیر لە ژیان و داهاتووی خۆت ناکەیتەوە؟ بۆ دیسان شوو بە کەسێک دەکەی کە تەنانەت لە باوکیشم پیرترە؟»

رەعنا تیزە بزەیەکی هاتبوویە و گوتبووی: «من چارەنووسی خۆمم پێ ناگۆڕدرێ. ئەمە چارەنووسی منە هەڵاڵە خان.»

هەڵاڵە تووڕە ببوو.

«چارەنووس؟! تۆ دەزانی چارەنووس چییە؟»

ڕەعنا سەری لەقاندبوو.

«ئەرێ دەزانم. چاڵێکە لە سەر ڕێم هەڵکەندراوە و دەبێ بکەومە ناوی. تەڵەیەکە لەبەر پێم داندراوە و دەبێ پێوەی بیم.»

## ٤

هۆشت بێ هەڵاڵە. وریابە. وریای ئەو تەڵە بە کە لەبەر پێتە، پێیەوە نەبیت. ئاگات لەو چاڵە بێت کە لەسەر ڕێتە، چاڵێکی ڕەش و تاریکە هەڵاڵە، قووڵ و بێ بن، تێی نەکەویت. لەو چاڵە ڕەش و بێ بنە نەکەویت کە زاری بۆ هەڵلووشینت کردوەتەوە. هەڵلووشینی جەستە و گیانت، هەڵلووشینی ئێستاو داهاتووت، هەڵلووشینی هەموو بیرەوەرییەکانت. ئەو بیرەوەرییە خۆش و ناخۆشانەی ڕابوردوو کە شەوان بۆ منت دەگێڕانەوە. شەوانێک کە سەمای کولووە بەفرە سپییەکانیش ڕووناکیان نەدەکردەوە. چپەی ئەو مۆسیقا نەرم و لەسەر خۆیەش کە ژووره نیوە تاریک و نیوە ڕۆشنەکەی دەلاواندەوە، ئارامیی پێ نەدەبەخشیت. تۆ لە سەر مۆبلەکە گرمۆڵە دەبوویت و لە بەر ڕۆشنایی کزی گلۆپە هەڵواسراوەکەدا، بەدەم لەرزینی بە حاستەمی جەستەتەوە لە ئازارەکانت دەدوایت. ئازارەکانت بێبڕانەوە بوون هەڵاڵە. لە ئەبەدەوە بۆ ئەزەل، لە سەر کۆشی دایکتەوە بۆ تەختی ئەم نەخۆشخانەیە لە ستۆکهۆلم.

نا ... ئاگات لەم نەخۆشخانەیە نەبوو، لە تاریک و ڕوونی ئەم ژوورە کە ماتەمی لێدەبارێت. ئاگات لەم تەخت و چرپایە نەبوو کە بەخشندە و دڵفراوان کۆشی بۆ پشوی لەشی بێجووڵەت کردوەتەوە. ئاگات لەم چەرچەفە سپییەش نەبوو کە بەسەر

جەستەی ئاسکتدا کشاوە. مەلافەکە لە ئاستی سەر سنگت نابزوێت هەڵاڵە. نابزوێ؟ بەحاستەم دەبزوێ، وەها کە کۆترێکی بریندارو باڵشکاوی لە بندا خەوتبێت. هێشتا ویزەی مانیتۆرەکە دێت. هێشتا هێلێکی سپی، وەک برووسکەیەکی بەردەوام لە ئاسمانێکی تۆخ رەش و تاریکدا، مارودوو دەنوێنێت. هێشتا پەرستارە سپی پۆشەکە بە هیوا و ئومێدەوە لێت دەڕوانێت. بەو چاوانەی کە نە شینن و نە سەوز، رەنگێکی جوانی دیکەن. بە میهرەبانییەوە گوڵدانێکی بلووری پڕ لە گوڵی بنەوش لە سەر مێزەکەی بەرامبەرت دادەنێ. دەستووە گوڵێک کە بە گەڵاو گژ و گیا رازاوەتەوە، نایلۆنێکی سپی روونی تێوە پێچراوە...

هەڵاڵە گوتبووی.

«ئای کە ئەم دەستووە گوڵە جوانە! دەستت خۆش بێ. پێویستی بەو عەزیەتە نەدەکرد.»

کەی ئەمەی گوتبوو؟ بە کێی گوتبوو؟

نیو سەعات بەر لەوەی میوانەکەیان بێت، خاولییەکی سپی لە خۆی ئاڵاندو لە حەمام هاتە دەر. شێرزاد گوتی: «سەرمات دەبێ، زوو برۆ خۆت پۆشتە بکەرەوە.»

هەڵاڵە چوو بۆ دیوی خەوتنەکەیان. کراسێکی شین و کراسێکی بنەوش لەسەر قەرەوێڵەکە بوو، نەیزانی کامەیان لەبەر بکات. سەرەتا شینەکەی لەبەر کرد. چووە بەر ئاوێنەی گەورەی دیوەکەو سەیری خۆی کرد. ئەوسا ئەوی داکەندەوەو بنەوشەکەی لەبەر کرد. بیری کردەوە، ئەمە جوانترە، بەمەوە لە ژنێکی کامڵ دەچێت. شێرزاد لە هۆڵەکەوە دەنگی هەڵبڕی.

«زووکە، درەنگە.»

ئەوسا گوتی: «بریا دەعوەتت نەکردایە بۆ ماڵەوە. بریا دەعوەتت بکردایە بۆ دەرەوە، بۆ کافە تریایەک، رستوورانێک.»

شێرزاد لە ناو دەرکەی دیوی خەوتنەکەیان بوو کە ئەمەی گوت. هەڵاڵە لە ئاوێنە گەورەکەدا چاوی پێی کەوت و گوتی: «ئاوا باشم؟»

شێرزاد سەیری کرد و بزەیەکی شیرینی هاتێ. یەعنی ئەرێ جوانی، زۆر جوان.

پاشان نیگای بۆ خۆی و جلەکانی بەری گوێزایەوە. شەڵوارێکی شینی تێر و کراسێکی سپی لەبەر کردبوو. بۆینباخێکی شین و سپیشی بەستبوو. کۆتەکەی هێشتا لەبەر نەکردبوو، بە دەستییەوە بوو.

هەڵاڵە گوتی: «پێویست ناکات ئەوەندە ڕەسمی بیت. دوکتۆر خۆی پیاوێکی سپۆرتە.»

مەبەستی دوکتۆر سەعیدی ڕەحمانی، مامۆستای ئەدەبی ئینگلیسی بوو. گوتبووی: «شێرە مامۆستایەکی ئێرانیمان هەیە، خۆزگە دەتناسی.»

«عەجەمە؟»

«نا، کوردە. کرماشانییە.»

«کەواتە شیعەیە.»

گوتبووی: «پیاوێکی زۆر سەیرە شێرزاد. پیاوێکی خوێنەوار، کۆمەڵایەتی، مامۆستای چاک... چیرۆک نووسیشە.» گوتبووی: «لەگەڵ کچەکەیدا دەژی. ئەگەر تۆ حەز بکەیت پێم خۆشە دەعوەتیان بکەم بۆ ماڵەوە.»

زەنگی دەرکەی ماڵەکە لێدرا. لەو کاتەدا هەڵاڵە خەریک بوو ئارەزووی کچی دەگۆڕی. گوتی: «ئەوە هاتن. تۆ بڕۆ دەرکەیان لێ بکەرەوە.»

بە شێرزادی گوت. شیرزاد کۆتەکەی داناو بەرەو دەرکەکە چوو.

«فەرموون... فەرموون...»

هەڵاڵەش بەپەلە خۆی گەیاندە دەرکەکە.

«یا خوا بە خێر بێی دوکتۆر گیان.»

سەعید لە کاتێکدا دەستووێک گوڵی بنەوشی بە دەستەوە بوو، کچەکەی پێش خۆیداو هاتنە ژوور.

«باش ماڵەکەم دۆزیەوە؟»

دەستووە گوڵەکەی درێژ کردو، هەڵاڵە لێی وەرگرت. شێرزادیش مل پێچ و پاڵتۆکەی لێ وەرگرت. سەعید کچەکەی پێ ناساندن.

«ئەمەش فەرزانە. بۆم باس کردبووی، وانییە؟»

فەرزانە کچێکی مێرمنداڵەی جوان و ژیکەڵە بوو، دەستی بۆ تۆقەی شێرزاد و گۆنای بۆ ماچی هەلاڵە راگرت. هەلاڵە هێشتا دەستووە گوڵەکەی بە دەست و باوەشەوە بوو. گوڵە بنەوشەکان لە باوەشی بنەوشیدا جوانتر بوون. شێرزاد پاڵتۆ و مل پێچەکەی لە فەرزانەش وەرگرت و هەڵیواسین. گوتییەوە: «فەرمووون ... تکایە فەرمووون ...»

ئەوسا میوانەکانی بەرەو هۆڵەکە رێنمایی کرد. هەلاڵە چوو دەستووە گوڵەکەی خستە ناو گوڵدانێکی بلوور و ئاوی تێکرد. پاشان هێنای لەسەر مێزی ناوەراست هۆڵەکە جێی بۆ کردەوە.

«بۆ نافەرمووی دوکتۆر گیان؟ بۆ دانانیشی؟»

دیسان باوەشی بە فەرزانەدا کردەوە.

«تۆ بۆ دانانیشی خانمە جوانەکەم؟»

سەعید لە ناو هۆڵەکە بە پێوە راوەستابوو، تیشێرتێکی خەنەیی قۆل کورتی لەبەر دابوو، عەینەکەکەی لە ملییەوە بۆ سەر سنگی شۆڕ کردبووەوە و، بەزەردەخەنە و سەر لەقاندنی ئافەرەمانەوە سەیری ناو هۆڵ و دیوارەکانی دەکرد.

«پیرۆزباییتان پێ دەڵێم!ماڵێکی زۆر خۆشتان هەیە و زۆر جوان رازاندووتانەتەوە! رازانەوەیەکی وەک دەڵێن پۆست مۆدێرنیستی!»

شێرزادیش بە پێوە بوو، نیگای شوێن نیگای سەعید خستبوو. ئەویش وەک سەعید لە ناو هۆڵەکە لە کەلوپەلەکانی دەڕوانی، لە تابلۆکان بەسەر سنگی دیوارەکانەوە. تابلۆی سەیرو سەمەرە لە سالوادۆر دالی، پیکاسۆ ... تەنیا تابلۆیەک کە ئەو پێی جوان بوو رەسمی نەقاشییەکی مۆنێت بوو. کچێک بە چەترێکەوە لە بەر باراندا. کچێکی سپی پۆش و چەترێکی سپی. سپی؟

سەعید گوتی:»وای لەو تابلۆ عەنتیکەیە!»

رەنگە بە دەنگی بەرز گوتبێتی یان قیژاندبێتی کە شیرزاد داچڵەکی. سەعید بە خۆشییەوە بەرەو مجرییە کۆنەکەی لای سەرووی هۆڵەکە چوو. ئەوەی سەرنجی راکێشابوو تابلۆی نەقاشییەک بوو بەسەر دیواری شیشەیی مجرییە کۆنەکەوە.

«لەشی چوار پێ! باڵی باڵندە! سەری خانمێکی جوانی ڕۆژهەڵاتی... وااای ...»
هەموو نیگاو سەرنجەکان بەرەو مجریەکە ڕاکێشرا.

هەڵاڵە گوتی: «لە کوردستان پێی دەڵێن بوڕاق. ئەسپێک کە پێغەمبەری ئیسلامی بردووە بۆ میعراج.»

«... لەو ڕەنگە جوانانە... لەو هێڵکارییە سەیرە... ئۆرجیناڵی ئۆرجیناڵ. ها!؟»

لە شێرزادی پرسی کە لە پەنایدا بەسەر پێوە ڕاوەستابوو. شێرزادیش زەردەخەنەیەکی پڕ لە ئافەرەمی بۆ تابلۆ و مەدحکەرەکەی کردو گوتی: «بەڵێ... بەڵێ...»

ئەوسا بیری کردەوە، بێگومان ساڵەها لەوەبەر نەقاشێکی ناسایی نەخوێندەوار ئەو ڕەسمەی کێشابووەوە. سەعید چاوی بە چوار دەوری مجریەکەدا گێرا. سندووقێکی چێوی کە شتێکی سەیر و عەجایەب نەبوو. نەیپرسی چی تیایە. بێجگە لە هەندێک کەلوپەلی شەخسی هەڵاڵە و شێرزاد شتێکی واشی تیا نەبوو. ئالبۆم و نامەو ... بەرماڵێکی کۆنی چوار قەد کراویش لەسەر مجریەکە بوو. سەعید گوتی: «ئەمە چییە؟»

هەڵاڵە گوتی: «بەرماڵ. ئێوە چی پێدەڵێن؟»

شێرزاد وەڵامی دایەوە: «سەجادە... ها؟»

«بەڵێ سەجادە.»

سەعید بە کرماشانی دەدوا. شێرزاد و هەڵاڵە تێی دەگەیشتن بەڵام دەترسان ئەو لە کوردیەکەیان نەگات، بۆیە زیاتر بە فارسی دەدوان. شێرزاد دواتر دەیگوت: «هەڵاڵە کە بە فارسی دەدوێت دەڵێی ژنە ئەفغانییە.»

هەڵاڵە پێدەکەنی.

«ئەی خۆت؟!»

ئەو ڕۆژە بۆ هەموویان ڕۆژێکی خۆش بوو. بە تایبەت بۆ فەرزانەی کچی دوکتۆر سەعید کە شەیدای منداڵی بچووک بوو. ئەو ڕۆژە فەرزانە زۆربەی کاتەکەی لە ژووری ئارەزوو بەسەر برد. جار و باریش کە دەهاتە ناو هۆڵەکە، باوکی دەدی کە

لەگەڵ خانەخوێکانیدا سەرقاڵی قسە کردنە. باوکی بە دەنگی بەرز دەدوا. هەمیشە وابوو، کاتێک میوانیان ببوایە، یان لە شوێنێک میوان بوونایە، باوکی بە دەنگی بەرز دەدوا. خانەخوێکان قسەکانی باوکییان پێ خۆش بوو، لەزەتیان لێ دەبینی. فەرزانە بەوەی دەزانی. باوکی وەک ئەکتەرەکان قسەی دەکرد. بە دەم جووڵەی سەر و لەش و بە تایبەت دەستەکانییەوە دەدوا. بە دەنگی تا ڕادەیەک بەرز. جاروباریش دەنگی نزم دەکردەوە، نزم و نزمتر، تا ئاستی چپەیەک کە بە گوێی بەرامبەرەکەیدا بچرپێنێت و پاشان بێدەنگ دەبوو. لە گەڵ بێدەنگ بوونەکەیدا سەرو لەش و دەستەکانیشی لە جووڵە دەکەوتن. ئەوسا لە پڕمەی پێکەنینی دەدا. ئارەزوو یەک دوو جار لە دیوەکەی خۆیەوە لە پێکەنینەکەی باوکی فەرزانە داچڵەکی. فەرزانە گوتی: «هیچ نییە. ئەوە باوکمە کە پێدەکەنێ.»

هەلالە و شێرزادیش بە دوایدا پێکەنین.

«ئەوەش باوک و دایکی خۆتن. حەتمەن باوکم نوکتەو نەقڵی خۆشیان بۆ دەگێڕێتەوە.»

سەعید گەلێک نوکتە و نەقڵی خۆشی بەلاوە بوو. کاتێک قسە جیدییەکان ماندوویان دەکرد، یان پێی وابوو گوێگر و بەرامبەرەکانی لە قسە جیدییەکان ماندوو بوون، دەیگوت: «با جوکێکتان بۆ بگێڕمەوە.»

نیوە بە کوردی کرماشانی و نیوە بە فارسی دەیگێڕایەوە. ئەو ڕۆژە سەعید بەر لە جوک و نوکتە گێڕانەوە زۆر قسەی جیدی کرد. دوا بە دوای بینینی بۆراقەکەی سەر شیشەی مجریە کۆنەکە، نیو سەعات لە جیاوازی هونەری ڕۆژهەڵاتی و ڕۆژاوایی دوا، لە جیاوازی نێوان ئەو تابلۆیە و تابلۆکانیتر کە بە سەر سنگی دیواری هۆڵەکەوە بوون. شێرزاد لە بەشێک لە قسەکانی نەدەگەیشت. تەنانەت هەلالەش مانای هەندێک لە زاراوە هونەرییەکانی نەدەزانی. باسەکە لە هونەرەوە بەرەو ئەدەب ڕۆشت، بەرەو ئەدەبی ئێرانی و ئەدەبی کوردی. سەعید شارەزای ئەدەبی کۆن و هاوچەرخی ئێرانی بوو. ئاگاداری ئەدەبی کوردی، بە تایبەت ئەدەبی فۆلکلۆر و زارەکیش بوو. زۆر بەیت و حەقایەت و ئەفسانەی کۆنی کوردی، بە تایبەت حەقایەت

و ئەفسانەی مەحاڵی کرماشانی بیستبوو. هەڵاڵە گوتی: «لە مەحاڵی کرماشانیش حەقایەتی میرخوناوک هەیە؟»

«میرخوناوک؟!»

«ئا ئا. ئەو پیاوە کە بۆ ئازاد کردنی کانی و سەرچاوەی شارەکەی دەچێتە شەڕی دێوەکان.»

سەعید سەرنجی راکێشرا. گوتی: «میر خوناوک یەعنی چی؟ خوناوک یەعنی چی؟»

هەڵاڵە سەیری شێرزادی کرد، شێرزادیش نەیتوانی یارمەتی بدات. هەڵاڵە گوتی: «نازانم. ئەوەندە دەزانم کە میرخوناوک پاش ئەوەی دێوەکان دەکوژێ و کانی و سەرچاوەی شارەکەی رزگار دەکات، لە پاداشتی ئەو خزمەتەیدا پاشا خاتو کڵاو زێڕی کچی خۆی دەداتێ.»

سەعید گوتی: «وەک باوکی تۆ کە لە پاداشتی خزمەتەکانی شێرزادا تۆی داوەتێ.»

سەعید ئەو رۆژە ئەوەی نەگوت. دواتر گوتی، کاتێک زیاتر لە گەڵیان، لەگەڵ ژیان و رابوردوویان، ئاشنا بوو. ئەو دوو حەوتوو پاش ئەو میوانییە هەڵاڵە و شێرزادی دەعوەت کردەوە. یەکەمجار دەعوەتی نەکردن بۆ ماڵەوە، لە دەرەوە میوانداری کردن. لە رستوورانێکی هیندی. خۆیان ئەو رستوورانەیان هەڵبژاردبوو. سەعید گوتبووی: «حەز لە خواردنی چ وڵاتێک دەکەن؟ ئێرانی، رووسی، چینی، هیندی ...» هەڵاڵە گوتبووی: «هیندی. دەچینە رستوورانێکی هیندی.» رستوورانەکە شوێنێکی زۆر خۆش بوو. هۆڵێکی گەورەو رازاوە کە مۆسیقایەکی خۆشی هیندی لێ دەبیسترا. دیکۆری هۆڵەکەو جلوبەرگی خزمەتکارەکانیش تەواو هیندی بوو. پیاوەکان بە کەوای شۆڕ و پشتێن و مێزەری سوور و شینەوە، ژنەکانیش هەر یەکە تۆپێک قوماشی رەنگاورەنگی پڕ لە زریقەو بریقەیان لە خۆیان ئاڵاندبوو. پیاوەکان رەشتاڵە بوون و ژنەکانیش، جگە لە یەکێکیان کە لە ئەکتەری جوانی فیلمە هیندییەکان دەچوو، جوان نەبوون. ئەو یەکەش کچێکی نە زۆر گۆشتنی سمت و

کەفەڵ خڕ، چاو ڕەش و برۆ قەیتانی بوو، خاڵێکی سووریش بە تەوێڵییەوە بوو. کوترابوو؟ ئەوان هەستیان دەکرد لە هیندوستانن، بە تایبەت کاتێک کە بۆنی توندی خواردنەکان بڵاو بووەوە. سەعید کچە جوانەکەی بانگ کردو سێ چوار جۆرە خواردنیان داوا کرد.

«تیژ یان ئاسایی؟«

شێرزاد گوتی: «تیژ.»

هەڵاڵە گوتی: «نا، ئاسایی.»

گوتی: «ئاسایی ئێرە، لە هەموو ئەو خواردنە توندانە کە تا ئێستا خواردووتە تیژترە.»

دوو جۆرە شەرابی سوور و سپیشیان داوا کرد. ئەو شەوە سەعید زۆر بەکەمی باسی هونەر و ئەدەبی کرد. لەوە دواش هەر جارێک کە سێ بە سێ پێکەوە بوونایە، لە ماڵەوە، لە باڕ، لە ناو کەشتی گەشت و گوزاری ... لە هەر کوێ بوونایە بەکەمی باسی هونەرو ئەدەبیان دەکرد. تۆزێک لە سیاسەت دەدوان و ئەوسا قسەی خۆشیان دەکردو نوکتەو جۆکیان دەگێڕایەوە. شێرزاد نەقڵ و نوکتەی کوردی خۆشی بەلاوە بوو. هەموویانی لە شاخ لە هاوڕێکانی بیستبوو، کە دەیگێڕایەوە سەعید پێدەکەنی و قاقای دەکێشا. هەڵاڵە دەیگوت: «تۆ زۆر پێدەکەنی دوکتۆر.» نەیدەگوت مامۆستا. سەعید دەیگوت: «بۆ کاری خراپ دەکەم؟»

«نا... نا... مەبەستم ئەوەیە، کاتێک سێ بە سێین... کاتێک شێرزادمان لەگەڵە...»

گوتی: «کە هەر سێکمان پێکەوە بین هەست دەکەم خۆت نیت، کەسێکیتری. کەسێکی جیاواز لە ئێستات.»

سەعید زەردەخەنەی کرد. زەردەخەنە لە ڕوومەتی بێ سمێڵ، بەڵام پیاوانەی جوان بوو. لە کەسێکی گرنگ و بە ناوبانگ دەچوو. هەڵاڵە نەیدەزانی لە کێ، ئەوەندەی دەزانی لە کەسێکی گرنگ و بە ناوبانگ دەچێت. ڕەنگە لە نووسەرێکی بە ناوبانگ، یان لە هونەرمەندێک، فەیلەسووفێک، یان... بەڵام کە هەر سێکیان پێکەوە بوونایە

لە ئەکتەری سینەما و تیاتر دەچوو.

سەعید گوتی: «تۆ کامەیانت پێ چاکترە، هەڵاڵە؟ ئەکتەر یان...»

لە زانکۆ بوون. ئەو ڕۆژەش وەک هەموو ڕۆژانی دووشەممە و چوار شەممە هەر دووکیان لە زانکۆ بوون. لە بەیانییەوە تا نیوەڕۆ لە سەر کەلاس و، دوای ئەوە کە لە کەلاسیش هاتبوونە دەر، پێکەوە چووبوون بۆ ڕستووڕانەکەی زانکۆ، نیوەڕۆژەیان وەرگرتبوو لە سەر مێزێکی بچووک لای پەنجەرەکە دانیشتبوون و بە دەم خواردن و قسە کردنەوە لە دەرەوەیان دەڕوانی. سەیری ئەو ژن و پیاوانەیان دەکرد کە لە سەر چیمەنەکەی حەوشە پاڵیان بە قەدی ئەستووری درەختەکانەوە دابوو، یان لەسەر کورسییە ئاسنیەکان لەبەر قرچەی هەتاوەکە دانیشتبون.

سەعید پرسیارەکەی دووبارە کردەوە: «نەتگوت کامەیانت پێ چاکترە؟ ئەو پیاوە دەم بە پێکەنینە یان ئەم پیاوە؟»

«ئەم پیاوە...»

ویستی درێژەی بداتێ کە سەعید هەڵیدایە:

«بەڵام بە پێچەوانەی تۆ، شێرزاد ئەو پیاوە قسە خۆش و دەم بە پێکەنینەی بەلاوە پەسندترە. وانیە؟»

وابوو. شێرزاد گوتبووی: «دەزانی من بۆچی ئەو دوکتۆرەم خۆش دەوێ؟ چونکا وەک بەعزێک دوکتۆر و پرۆفسۆریتر ئەتوار و ئۆیینی ڕۆشنبیرانە و لووت بەرزانەی نیە. پیاوێکی سادە و ساکار و...» ویستبووی بڵێت ساویلکەیە، بەڵام نەیگوتبوو.

سەعید گوتی: «تۆ و شێرزاد ژن و مێردێکی زۆر چاکن. هەر دووکتان میهرەبان و بەرێزن. بەڵام...»

«بەڵام چی؟»

«بەڵام زۆر لێک جیاوازن. هەر کامەتان مرۆڤی باشی دنیایەکی جیاوازن.»

هەڵاڵە بەو جیاوازییەی دەزانی و پێی خۆش بوو سەعیدیش پێی زانیبوو. پێی خۆش بوو کە سەعیدیش دانی بەو جیاوازییەدا دەهێنا. نەیدەزانی بۆچی! هەروەها کە نەیدەزانی چۆن درێژە بە قسەکانی بدات و، چی بڵێت. دەبوو چی بگوتایە؟

بیگوتایە ئەریّ ئێمە جیاوازین؟ دوو مرۆڤی سەر بە دوو دنیای جیاواز، بە دوو جۆرە حەز و خۆزگە و خەونی جیاوازەوە؟ بۆ دەبوو ئەمانەی بگوتایە؟ ئەویش بە پیاوێکی وەک سەعید. ئەمانە چ پەیوەندییەکییان بە سەعیدەوە بوو؟ هەلالە بیری کردەوە نابێت هیچ بڵێت و، هیچی نەگوت. تەنیا زەردەخەنەیەکی کرد. زەردەخەنەیەکی تاڵ، زەردەخەنەیەک کە هەموو نەگوتراوەکانی دەگوت، هەموو نەدرکاوەکانی دەدرکاند. هەلالە نیگەران بوو، نەدەبوو ئەو رازە ئاشکرا بکات. کامە راز؟ خۆی سەرکۆنە کرد. سەعید تێگەییشت، لە دالغە و نیگەرانی ئەو ژنە گەنجە گەیشت، لە تووڕەییەکەی گەیشت. هەلالە لە خۆی تووڕە بوو.

سەعید گوتی: «ئەڵبەت خۆشەویستی هەموو جیاوازییەکان دەخاتە پەراوێزەوە.»

گوتی: «خۆشە ویستی ئەو وشە پیرۆزەیە کە هەموو مەوداکان دەسڕێتەوە.»

کێ ئەمەی گوتبوو؟ سەعید؟ نا. سەعید بڕوای بە وشەی پیرۆز نەبوو. سەعید دەیگوت: «وشەکان بۆ ئەوەی پیرۆز بکرێن دەبێ بە خوێن بنووسرێن.» ئەوسا پێدەکەنی و دەیگوت: «من حەز دەکەم وشەکان بە جەوهەر بنووسم نەک بە خوێن.»

کەواتە هەلالە گوتبووی یان شێرزاد. هەرکامەیان گوتبێتی پێشبینی ئەوەی نەکردوە کە ماوەیەک لەوەدوا دەبێ بڵێت: «من بێز لەم وشەیە دەکەم. کە دەیبیستم دەڵێی ختووکەی بنی زمانم دەدەن، هێڵنجم پێی دێت»

هەلالە هێڵنجی دەهاتێ. نەک بە بیستنی وشەی خۆشەویستی، بە بۆنی دەم و بۆنی لەشی شێرزاد. کاتێک دەچووە ناو جێگەکەیەوە، هێشتا لەشی لە لەشی شێرزاد نەدرابوو کە هێڵنجی دەهاتێ. لە ناو جێگەکەی دەردەپەڕی و بە پەلە خۆی بە حەمامدا دەکرد. شێرزاد بە نیگەرانییەوە شوێنی دەکەوت. هەلالە دەرکەی حەمامەکەی لەو دیوەوە هەڵدەپێکا. شێرزاد گوێی لە یەقوپۆقی ڕشانەوەکەی دەبوو، دەیگوت: «چی بووە هەلالە؟ چی بووە؟»

نەسرین خانمی ژنی مامە فەتاح گوتبووی: «هیچ نییە. ئەمە تایبەتمەندی ژنی دوو گیانە. منیش کاتێک سکم بە منداڵی یەکەمم پڕ بوو، بە بۆنی گوڵ هێڵنجم دەهاتێ

و دەڕشامەوە.»

مامە فەتاح بە هەڵە نەچووبوو، نەسرین خانم بە ڕاست ژنێکی ژیر و عاقڵ بوو. دەیگوت: «کچت دەبێ هەڵاڵە گیان. ژن کە بە بۆنی خۆش بڕشێتەوە کچی دەبێ.»

شێرزاد دەیگوت: «ئەگەر کچمان بوو ناوی دەنێین ئەوین.»

هەڵاڵە دەیگوت: «ڕەعنا.»

«ڕەعنا؟ بۆچی ڕەعنا؟ ئەوین خۆشترە لە ڕەعنا. ئەوین یەعنی عەشق، یەعنی خۆشەویستی.»

«ڕەعناش یەعنی جوان.»

هەڵاڵە چەند قامووس گەڕابوو تا مەعنای ئەو وشەیەی دۆزیبووەوە. ڕەعنا یەعنی ژنی گێل و گەوج. چی!؟ ڕەعنا یەعنی ژنی جوان و قەشەنگ.

شێرزاد گوتی: «حەتمەن ناوی کەسێکی خۆشەویستت ڕەعنا بووە، ناوی دەستە خوشکێکی خۆشەویستت، وایە؟»

«ئەرێ.»

«نەماوە؟ شەهید بووە؟»

ڕەعنا مابوو یان نەمابوو؟ هەڵاڵە نەیدەزانی. دەمێکە بوو، لەوەتی کوردستانی بەجێهێشتبوو هەواڵی ڕەعنای نەپرسیبوو. یەکەمجار کە دایکی تەلەفۆنی بۆ کردبوو، گوتبووی: «ڕەعنا چۆنە، دایە؟»

«ڕەعنا؟! کامە ڕەعنا؟»

«ڕەعنای سۆفی حەمە کەریم. کۆنە ژنەکەی باوکم.»

دایکی پێی سەیر بوو، بۆڵاندبووی.

«مەبارەک نەبێ بۆ لەسەر ئەو هەموو عالەمەدا هەواڵی ئەوم لێ دەپرسی؟ نەکا بڵێی لەوێش ئەو ژنەت لە بیر نەچۆتەوە!»

لە بیری نەچووبووەوە. هەمیشە نا، بەڵام زۆرجار بیری دەکەوتەوە. زۆرجار ڕوخساری جوان و مەعسوومی ڕەعنای بیر دەکەوتەوە. لەو ڕۆژەوە کە بۆ یەکەمجار بینیبووی، ئەو ڕوخسارە جوان و مەعسووم و شەرمنەی چووبووە دڵەوە. هەستی بە

نزیکایەتییەکی سەیر لەگەڵیدا کردبوو. بە تایبەت دوای ئەوەی کە لە باوکی جیا بووبووەوە. دوای ئەوەی کە باوکی تەڵاقی دابوو. ڕەعنا لە دوای تەڵاق درانەکەیەوە تەواو ڕووخابوو، تێکشکابوو. هەڵاڵە زۆرجار کە لە ناو ئاوایی یان لە کانی ژنان دەیبینی، بە خەمۆکی و تێکشکاوی دەیبینی. هەر ئەوەش بوو کە هەوڵی دەدا لێی نزیک ببێتەوە، نزیک و نزیکتر. هەوڵی دەدا بەهۆی ئەو خەمۆکی و تێکشکاویەی بزانێت. چەند جارێک لەبەر دەرکەی ماڵی ڕەعنا یان لە کانی ژنان، لە گەڵیدا دەکەوتە قسە و گفتوگۆ. جاروباریش دەچوو بۆ مەزرا و لەوێ دەیدواند. دەیگوت: «تۆ بۆچی ئاوا خەمۆکی ڕەعنا خانم؟ بۆچی ئاوا مات و زیزی؟»

هەستی بە تاوانباری دەکرد. ڕەعنا بە بزەیەکی تاڵەوە دەیگوت: «هیچ نییە هەڵاڵە خان. هیچ نییە.»

وەک هەمیشە ئارام و لەسەر خۆ دەیگوت. هەڵاڵە زۆر هەوڵی دەدا دەلاقەیەک لە دڵ و دەروونی بکاتەوە، زۆر هەوڵی دەدا سەر بە ناخیدا بکات، تێدەکۆشا پەی بە نهێنییەکانی بەرێت، بە ڕازی ئەو خەمۆکی و نیگەرانییەی بزانێت. بەڵام ڕەعنا نەیدەهێشت. ڕێگەی نەدەدا. تەنیا دەیگوت: «هیچ نییە هەڵاڵە خان. تۆ نیگەرانی من مەبە.»

«دڵنیا بم کە هیچ نییە؟ نیگەران نەبم؟»

هەڵاڵە ئەو ڕۆژە تەواو نیگەران بوو کە بیستی حاجی مینەی دارتاشی ئاوایی خوازبێنی لە ڕەعنا کردووە و ڕەعناش زۆر بێ‌مەیل نەبووە.

«حاجی مینە؟! ئەو کابرا پیرە دارتاشە؟!»

حاجی مینە پیرەمێردێکی شەست ساڵەی ژن مردە بوو. منداڵەکانی، کچ و کوڕ، شوێن ژیانی خۆیان کەوتبوون و بە تەنیا مابووەوە. گوتبووی: «من گوێ بەوە نادەم کە دوو شووی کردووە، ئەگەر ئەو حازر بێت شووم پێبکات، ناهێڵم دەست بۆ ڕەش و سپی ببات. وەک خانم، ژەماو ژەم پاروویەک نان و پیاڵەیەک چام بخاتە بەردەست و ...»

هەڵاڵە گوتی: «شووی پێنەکەی ڕەعنا. شوو بەو پیرەمێردە دارتاشە نەکەی!»

زۆر بە خەم و جیدییەتەوە، وەها کە دۆستێکی ئازیز لە مەترسییەکی گەورە وشیار بکاتەوە، ئەوەی گوت.

گوتی: «تۆ دوو شووت کردووەو لە هیچیان خێرت نەبینیوە. ئەمجارە پەلە مەکە و بە دڵی خۆت شوو بکە. شوو بەکەسێک بکە کە خۆشت بوێ.»

رەعنا گوتی: «جاری پێشووش شووم بە کەسێک کرد کە خۆشم دەویست، بەڵام وەک خۆت دەزانی خێرم لە ئەویش نەبینی.»

هەڵاڵە سەری سوورِ ما. بەعەجایباتییەوە گوتی: «بۆ مێردی یەکەمت خۆش دەویست؟ ئەحە کوێر... حەمە کوێر...»

هەڵاڵە ناوی یەکەم مێردەکەی رەعنای لە بیر نەمابوو. ناوی ئەو وڵاخدارە مرِ و مۆچ و توورە و تۆسنەی لە بیرچووبووەوە کە نان و شەقی بە ژنەکەی دەدا. پیاوێک کە پێی وابوو ئەگەر لەگەڵ ژنەکەیدا روو خۆش بێت و جنێوی پێنەدات، سوار کۆڵی دەبێت. هەڵاڵە ئەوەی لە رەعنا بیستبوو. رەعنا گوتبووی: «کە کوژرا و مەیتەکەیان هێنایەوە، هەرچیم کرد نەمتوانی بۆی بگریم. هەر چی لە بنەوە چرنووقم لە خۆم گرت، هەرچی لچ و لێوی خۆم گەست، فرمێسک بە چاومدا نەهاتە خوار. ئاخریەکەی ناچار بووم لە ترسی قسەی خەڵک و کەسوکارەکەی بە تف چاوی خۆمم تەرِ کرد.»

هەڵاڵە هەروا سەرسوورِماو و حەپەساو لە رەعنا ورد بووبووەوە، لە چاوەکانی کە جوان بوون، جوان و خەمبار. رەنگی سووری گۆناکانیشی پەرِیبوو. لە پرِ بیرێک وەک بروسکە بەمێشکیدا گەرِا. گوتی: «یەعنی باوکمت خۆش دەویست؟!»

گوتنەکەی شل وبڵ، بە لچ و لێویەوە بەربووەوە.

«ئاخر چۆن دەکرێ ژنێکی سی ساڵە پیاوێکی پەنجاو ئەوەندە ساڵەی خۆش بوێت؟!»

حەمەرەشید ئاغای باوکی ئەو دەمە پەنجا و ئەوەندە ساڵی بوو. هاوتەمەنی ئێستای سەعید.

گوتی: «شێرزاد، سەعید زیاتر لە پەنجا ساڵی تەمەنە. ئەو لە تەمەنی باوکمدایە.»

هەڵاڵە لە بیری چووبۆوە کە باوکی ئێستا شەست و ئەوەندەساڵییەتی.

شێرزاد بە دەم تیزە بزەیەکەوە سەری لەقاند.

«بۆ باوکت لە تەمەنی ئەم عەجەمە سەگبابەدا تەمای لە ژنێکی هاوتەمەنی تۆ نەکرد؟«

«ئەو ژن نەبوو، بێوە ژن بوو.»

«تۆش لە باوکت دەچی. وەک ئەو هەرزە و بەرەڵلایت.»

هەڵاڵە هەموو قسە و جنێوێکی شێرزادی پێ تەحەمول دەکرا، جگە لە بەدگۆیی کردنی باوکی، جگە لە جنێودان بە حەمەرەشید ئاغا. شێرزاد پێشتر دەیگوت: «میرزا حەمەرەشید لە جێی باوکمە. نەک هەر لە جێی باوک! بەڕاستی باوکمە. لە باوکیش دڵسۆزترە.»

هەڵاڵە گوتی: «تۆ چۆن لە رووت دێ قسە بە باوکم بڵێیت؟! چۆن دەتوانی ئەوەندە بێ وەفا و بێ ویژدان بیت؟! خۆ باش دەزانی کە باوکم تۆی لە مەجیدی براشم زیاتر خۆش دەویست.»

حەمە رەشید ئاغا دەیگوت: «لە مەجید!؟ ئەرێوەڵا لە مەجیدم زیاتر خۆش دەوێت!» سەعادەت دەیگوت: «تۆ مەجیدت هەر خۆش ناوێت. تەنانەت رقیشت لێیەتی.» بە تووڕەیی و گریانەوە دەیگوت:

«من هیچ باوکێکم نەدیوە کە رقی لە کوڕی خۆی بێت.»

«منیش هیچ کوڕێکم نەدیوە کە لەبری ئەوەی پشتی باوکی بگرێ، لە بری ئەوەی لە سەنگەری باوکیدا بجەنگێ، بچێ لە سەنگەری ئەو عەجەمە شیعە و کۆمۆنیستانەدا...»

حەمەرەشید ئاغا ئەوەندە ئەو قسەی دووبارە و چەند بارە کردبووەوە کە بە نیوە ناچڵی وازی لێ دەهێنا. تەنانەت ئەو رۆژەش کە مەجید چوو پێی بڵێت بە تەمایە ژن بخوازێت، حەمە رەشید ئاغا گوتی: «کێ؟ بە تەمای کێ بخوازیت؟» مەجید گوتی: «کچێک لە هاوڕێکانی خۆمان، کچێکی زۆر باش...» حەمەرەشید قسەکەی پێ بڕی:

«هاوڕێی حیزبی!؟ هاوڕێی کۆمۆنیست!؟»

ئەوسا پێکەنی و، وەک هەمیشە بە توانجەوە درێژەی پێدا: «بۆ لە ناو ئێوەشدا ژن و ژنخوازی هەیە؟»

ئەو ڕۆژە لەو دەگمەن ڕۆژانە بوو کە هەموو بنەماڵە پێکەوە لە ئاوایی کۆببوونەوە. حەمەڕەشید ئاغا چەند ڕۆژ بوو گەڕابووەوە. هەڵاڵەش کە ماوەیەک بوو لە ڕادوێی شاخ کاری دەکرد، ئەو ڕۆژە لەماڵ نەچووبووە دەر. کاروانیش لە ڕۆژی پێشوویەوە لە بارخانە هاتبووەوە. شەوی پێشوو هەموو بنەماڵە بێجگە لە مەجید لە دەوری سفرەیەک کۆببوونەوە. چیان خواردبوو؟ هەڵاڵە لە بیری بوو. دایکی مریشکێکی لە کولانەی کەڵەشێر و مریشکەکان هێنایە دەر و سەری بڕی. سەعادەت لە کاتی چێشت لێنانەکەدا لەبەر خۆیەوە گوتی: «چەندە خۆشە ئێمشەو مەجیدیش بێتەوە و لەم مریشکە بخوات!»

سەعادەت دەمێکە بوو مەجیدی نەبینیبوو. کچەکانیش دەمێکە بوو نەیانبینیبوو. لەوەتی کە گەڕابوونەوە بۆ ئاوایی، تەنیا جارێک یان دوو جار بینیبوویان. سەعادەت گوتی: «خۆزگە دەهات.»

هەڵاڵە گوتی: «بەم ئێوارە؟! بەم بەفر و کڕێوە؟!»

ڕۆژێکی تۆف و کڕێوە بوو. سەعادەت شەو تا درەنگان بە بێدەنگی لەبەر پەنجەرە چاوی لە بارشتی بەفرەکە بڕی. نیوە شەو بارشتی بەفر کۆتایی پێهات. بەیانی زوو خەڵکی ئاوایی هاتنە دەر و ئەژنۆیەک بەفریان لە سەر بان و بەر دەرکە و ڕێچکە و ڕێبازەکان ماڵی. لە ماڵی حەمەڕەشیدئاغاش کاروان بە تەنیا بەفری سەر بان و بانیژەکەی ماڵی. بەفرەکە زۆر بوو تا دەمەو نیوەڕۆی پێچوو. دەمەو نیوەڕۆ لەسەر بانیژەکە خەریک بوو خۆی دەتەکاند، کە دەنگی هەڵبڕی:

«ئەوەش هاوڕێ مەجید.»

هەموویان لە ژوورەوە بیستیان، بەڵام بێجگە لە دایکی کەس بڕوای پێنەکرد. سەعادەت گورجێک هەستا و بەرەو دەرکە هەڵات.

«کوا؟... کوا مەجید؟»

مەجید ماندوو بوو. بە تەنیا ڕێیەکی دوور و درێژی بە ناو بەفردا بڕیبوو.

دایکی گوتی: «دوێنێ بە هیوات بووم، لە دڵم گەڕابوو کە دێیت. لە دڵم گەڕابوو کە دوای ساڵەها هەموومان لە سەر سفرەیەک کۆ دەبینەوە.»

کە گوتی لەسەر سفرەیەک، هەناسەیەکی ساردی هەڵکێشا. ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە مەجید لە مریشکەکەی نەخواردبوو.

«قەی ناکات، کولانەکەمان پڕە لە کەڵەشێر و مریشک.»

لەبەر خۆیەوە گوتی.

حەمەڕەشید ئاغا ئەمجارە بە جیدی پرسیارەکەی دووبارە کردەوە: «بە بێ شۆخیو گاڵتە دەڵێم، ژن و ژنخوازی لە ناو ئێوەدا چۆنە؟ ئایا ئێوەش خوازبێنی کردن و دەست ماچ کردن و مارەیی بڕین و شتی واتان هەیە یان نا؟»

مەجید هیچی نەگوت. دەیزانی باوکی دەیەوێ بەو پرسیارانە ئازاری بدات. وەک هەمیشە کە ئازاری دابو. وەک هەمیشە کە بە تەشەر و توانج یەکتریان ئازار دەدا. مەجید بڕیاری دابوو بێدەنگ بێت. لە بەیانییەوە کە سەر ڕێ کەوتبوو بەڵێنی بە خۆی دابوو لە وەڵامی تەشەر و توانجی باوکیدا هیچ نەڵێت. گوتبووی: «با ئەو چی پێخۆشە بیڵێ، بەڵام من هیچ ناڵێم. لانیکەم لەبەر دڵی دایکم...» ئەو بە درێژایی ڕێگە بیری لە دایکی کردبووەوە، لە گریانەکانی، کاتێک ئەو و باوکی دەستیان دەکرد بە تەشەرو توانج گوتن بەیەکتر ... کاتێک گاڵتەیان بە بیروباوەڕی سیاسی یەکتر دەکرد... کاتێک لێک دەڕاسان... شەڕیان دەبوو... لە هەموو ئەو ماوەدا دایکی دەگریا. کە شەڕەکەیان پەرەی دەسەندو باوکی لە ماڵ دەری دەکرد، یان خۆی ناچار دەبوو ماڵەکە بەجێبێڵێت، دایکی بە چاوی پڕ لە فرمێسکەوە بە ڕێی دەکرد ...

دایکی گوتی: «پرسیاری سەیر دەکەی کابرا، ئێمە و ئەوان فەرقمان چییە!»

ئەوسا گوتی: «کوڕی من شوکور پیاوێکی عاقڵ و ژیرە. ئەو دەزانێ کە دەبێ بە پێی داب و نەریتی خۆمان ژن بخوازێت. وانییە کوڕم؟»

مەجید لە چاوی دایکیدا زیاتر لە پرسیار، تکای دەبینی. تکای ئەوەی کە بڵێت،

بەڵێ وایە. مەجید گوتی: «بەڵێ وایە.»

بە زمان گوتی یان بە لەقاندنی سەری؟ هەلالە لە بیری نەمابوو. بەلام خۆشی و خۆشحاڵی دایکی لە بیرمابوو. دایکی کاتێک خۆشحاڵ دەبوو، چاوەکانی دەبریسکانەوە و، زەردەخەنەیەکی سەیر دەنیشتە سەر لێوو روومەتی. هەلالە کە ئەو زەردەخەنەی بەسەر لێو و روومەتی دایکیەوە دەبینی ئاگر لە هەناوی بەردەبوو. لە ساتە وەختێکی کوڵ و کورتدا هەموو سۆز و عاتیفەی کچانەی دەبزووت. حەزی دەکرد بگری. گریانێک کە حەتمەن لە خۆشحاڵی بوو. وەک گریانی غەریبێکی رێ لێ ونبوو کە لە دوورەوە تروسکەی ئاگرێک، یان کزە رووناکاییەک ببینێت. دایکی کاتێک زەردەخەنەی دەکرد، یان نەرمە پێکەنینێکی دەهاتێ، بە تێکەڵەیەک لە شەرم و ترس و گومان و خۆشییەوە لە حەمەرەشید ئاغای مێردی دەڕوانی. وەک ئەوەی کە پێی بڵێت: ئەها شتەکان هەموویان بە دڵی تۆن. ئەها رووداوەکان بە دڵی تۆ روودەدەن! هەلالە ئەوەشی لە بیرمابوو کە رووی کردبووە مەجیدی برای و گوتبووی: «ئێستا بڵێ بزانم ئەو خانمە کێیە کە قەرارە ببێتە براژنمان؟» ئەو پرسیبووی یان گوڵالەی خوشکی؟

گوڵالە گوتی: «جوانە؟»

حەمەرەشید ئاغا پێکەنی. گوتی: «جوان بوایە لەبەر سەرۆکەکانیان بەر ئەم نەدەکەوت.»

مەجید لەوە زیاتر خۆی پێ نەگیرا. ئان و سات هەموو وەعد و بەڵێنەکانی ناو رێی لەبیر چووەوەو گوتی: «سەرۆکەکانی ئێمە کچە دێهاتی کلۆڵ فریو نادەن و لە خۆیانی مارە ناکەن.»

ئاماژەی بە باوکی بوو کەگوایە رەعنای کچی سۆفی حەمە کەریمی فریو دابوو، مارەی کردبوو.

رەعنا گوتبووی: «تاوانی باوکت نەبوو هەلالە خان، من خۆشم دەویست. کاتێک دەهات بۆ ئاوایی و بۆ ماڵی ئێمە، من بە بیانووی چای تێکردنەوە بە سەعات لە بەرامبەری دادەنیشتم و لە قەد و قەلافەتی پیاوانەی ورد دەبوومەوە و گوێم بۆ قسە و

گفتوگۆ شیرینەکەی دەگرت. حەزم دەکرد شەو و ڕۆژێک ئەو لە جێی خۆی نەبزوێت و منیش لە پاڵ سەماوەر و قۆرییەکەدا پەیتا پەیتا چای بۆ تێبکەم و لێی ورد ببمەوە.» گوتبووی: «دەزانی باوکت زۆر حەزی لە چایە، هەڵاڵە خان؟» هەڵاڵە نەیدەزانی. ڕەعنا گوتبووی: «لە بەیانییەوە تا ئێوارە سەد پیاڵە چای بخەیتە بەر دەست، ناڵێت بەسە.» هەڵاڵە نەیدیبوو باوکی لە بەیانیەوە تا ئێوارە دابنیشێ و سەد پیاڵە چا بخواتەوە.

باوکی گوتی: «هەستە. هەستە لەم ماڵە بڕۆرە دەر.»

بە مەجیدی کوڕی گوت. حەمەڕەشید ئاغا تووڕە بوو، بە بیستنی قسە و توانجەکەی مەجید هەستابووە سەر پێ و هەر دوو دەستی نابووە بەر پشتێنەکەی و دەیقیژاند:

«دەڵێم لەم ماڵە بڕۆرە دەر.»

مەجیدیش هەستابووە سەر پێ، بەڵام دەستی نەخستبووە بەر پشتێنەکەی. ئەو خەریک بوو پاڵتۆکەی لەبەر دەکردەوە تا دواتر جامانەکەشی لە ملی بئاڵێنێ و کڵاوەکەی لەسەر بکات. کڵاوەکەی لە کڵاوی سەربازە ڕووسەکان دەچوو لە فیلمە سینەماییەکاندا.

مەجید گوتی: «زۆر چاکە، دەڕۆم. من بۆ بینینی دایکم هاتبووم و ...»

دایکی ئەو کاتە لە ژوورەوە نەبوو، لە دەرەوە بوو. چووبوو لە کوڵانەی مریشکەکان کەڵەشێرێک بێنێتە دەر و سەری ببڕێت. بەڵام کاروان لە ژوورەوە بوو. کاروانیش هەستایە سەر پێ و گوتی: «دڵمان خۆش بوو گوتمان دوای ساڵەها هەموو بنەماڵە پێکەوە کۆ بووینەتەوە ...»

گوتی: «مادام وای لێهات منیش دەڕۆم. دەڕۆم بۆ بارخانە، بۆ لای کار و کاسبییەکەم.»

حەمەڕەشید ئاغا گوتی: «تۆش بڕۆ. چاوت دەرێ.»

گوتی: «هەر دووکتان بڕۆن.»

هەر دووکیان ڕۆشتن. گوڵاڵەش لە کاتێکدا بەگریانەوە هەرای لە دایکی دەکرد،

ڕۆشتە دەر.

دەرەوە سارد بوو. لە نیوەڕۆوە بایەکی سارد هەڵیکردبوو. هەڵاڵە لە باوکی نزیک بووەوە و بەترسەوە گوتی: «بابە تکات لێدەکەم مەهێڵە بەم بەفر و سەرمایە سەر ڕێ بکەون. تکات لێدەکەم بانگیان بکەرەوە.»

باوکی هیچی نەگوت. بەڵام هەڵاڵە گوێی لێبوو کە دایکی لە دەرەوە، ڕەنگە لەسەر پلیکانەکان، گوتی: «ئەوە چی بووە؟ ئەوە بۆ کوێ دەڕۆن؟»

هەڵاڵە تێنەگەیشت مەجید چی گوت کە دایکی دەستی بە گریان کرد و، بە دەم گریانەوە گوتی: «دەبا بەم بەفر و سەرمایە، کوڕەکانت لە ماڵ دەرنەکردایە.»

باوکی گوتی: «ئەوانە کوڕی من نین. کەواتە حەقیان نییە لەمەدوا سەر بە ماڵی مندا بکەن.»

زۆر لەوەدوا بوو کە حەمە ڕەشید ئاغا گوتی: «شێرزاد وەک کوڕی خۆم وایە. هەر کاتێک پێی خۆش بێ دەتوانێ بێت بۆ ئەم ماڵە.»

گوتی: «شێرزاد کوڕێکی نەجیبە، دەست و چاو خاوێنە، بە وەفایە.»

«ئەی برایم؟ برایمۆکیش نەجیب بوو، دەستا و چاو خاوێن بوو، بە وەفا بوو، عاشق بوو...»

هەڵاڵە کەی ئەمەی گوتبوو؟ بە کێی گوتبوو؟ بۆچی لە بیری نەمابوو؟

باوکی گوتی: «برایمۆک ڕۆشت و بڕایەوە کچم.»

حەمەڕەشید ئاغا ڕۆژێک ئەوەی گوت کە هەڵاڵە لەوپەڕی کەسەرو نائومێدیدا بوو. کەسەری دڵدارێکی جەفاکار، نائومێدی عاشقێکی دۆڕاو، عاشقێکی تاوانبار. هەڵاڵە بۆ مەرگی برایمۆک خۆی بە تاوانبار دەزانی. دەیگوت: «من بە کوشتم دا. من برایمم بە ڕەق هەڵاتن دا.»

تازە مەیتەکەی برایمۆکیان لە کوێستان دۆزیبۆوە و هێنابوویانەوە. مەیتی ئەو کوڕە گەنجە عاشقە کە لە هەگبەکەیدا هیچ نەبوو، جگە لە کتێب و کاغەزو قەڵەم و فلووتێک کە جاروبار بە سۆزێکی غەریبەوە دەیژەند.

«تۆئەو سۆزە غەریبەت لە کوێوە هێناوە برایمۆک؟»

«لەعەشقی تۆوە هەڵاڵە.»

هەڵاڵە دەیگوت: «من قەدری ئەو عەشقەم نەزانی. خەتای من بوو کە برایم ڕۆیشت.»

هەمیشەدەیگوت. هەر کاتێک باسی برایمۆکیان بکردایەو هەر کەس باسی بکردایە، هەڵاڵە ئەوەی دەگوت.

حەمەرەشید ئاغا گوتبووی: «قسەی وا مەکە کچم. برایمۆک خۆی مەرگی هەڵبژارد. ئەویش وەک هەموو ئەو پیاوانەکە ماڵ و بنەماڵە و شارەکەیان بەجێدێڵن و دێنە دەر، لە ڕاستیدا مەرگی خۆیان هەڵدەبژێرن. مەرگ لە پێناوی ...»

برایمۆک گوتبووی: «من حەز دەکەم هەزار ساڵ بە عەشقی تۆوە بژیم، هەڵاڵە.»

هەڵاڵە سەری دێشا کاتێک ئەم ڕووداوانە و ئەم قسانەی بیردەکەوتەوە. سەرئێشەکەی ڕەنگە بە هۆی پرژ و بڵاوی بیرەوەریەکانییەوە بوو. هەر ڕووداوێک ڕووداوێکیتری بیر دەهێنایەوەو، هەر قسەیەک قسەیەکیترو، ئەو هەستی دەکرد هەموو ساتێک لە ژیان و ڕابوردووی باڵندەیەکە لە قەفەسی مێشک و زەینیدا، کە لە ناو هەزاران باڵندەی تر

هەڵدەخولێت و ئەم هەموو هەڵخولانە گێژیان دەکرد.

گوتی: «برایم پێم ناڵێیت، چۆن بوو هاتیتە دەر؟ چۆن بوو ماڵ و بنەماڵەو شارەکەت بەجێهێشت و ڕووت کردە ئەم شاخ و دۆڵە؟»

برایمۆک خەریک بوو لەسەر بانی خانووەکەی ڕادوێ لە بارەگای ڕاگەیاندن، فلووتی دەژەند. خانووی ڕادوێ بەرەو ژوورتر لەهەموو خانوو و خێوەتەکانی ئەو شاخە، لە ناو کۆمەڵە دارو درەختێکی بەرز و چڕدا بە قوڕ و بەرد سازکرابوو. ئەو کاتێک لە تۆمار کردن، یان بڵاوکردنەوەی بەرنامەکانی دەبووەوە، تاوی دەدایە کۆڵە پشتییەکەی و دەچووە دەر، بە پاڵ دیواری خانووەکەدا هەڵدەگەڕا. لە پشتەوە پێی بنایە سەر دوو تاشە بەرد لەسەر بانی خانووەکە بوو. لە بن سێبەری گەڵا و لق و پۆپی دارو درەختەکان، لەسەر پەتووە کۆن و دڕاوێک کە هەمیشە لەوێ ڕاخرابوو دادەنیشت. لەو بەرزاییەوە، لەسەر بانی ئەو شاخە کە بانی دۆڵ و دەربەندەکە بوو،

گەڵێک چەم و شیوو دەشت و ئاوایی دوور و نزیکی لێوە دیار بوو. لەو بەریشەوە زنجیرە چیایەک کە دەتگوت لە پشت یەکترەوە بەڕیز کراون. دوورترینیان خۆڵەمێشیتر، لە مژ یان رەنگە لە تۆزو خۆڵێکی دووردا سڕدرابووەوە. هەلاڵە زۆرجار دەچوو بۆ لای. نەک بە ئاشکرا، بە نهێنی پێشاوبڕی لێدەدایەوە، ئەوسا بێچرپە لە پشت سەریەوە رادەوەستا. برایمۆک فلووتی دەژەند، شێعری دەنووسی، کتێبی دەخوێندەوە. زۆربەی بەرنامەکانی رادوێشی لەو شوێنە دەنووسی. بەرنامەکانی خۆی و بەرنامە دوو کەسیەکانی لەگەڵ هەلاڵە. ئێمە و ئێوە، گوڵزاری شێعر و ئەدەب، پەروەردەی خێزان، جاروباریش هیچی نەدەنووسی و هیچیشی نەدەخوێندەوە. بێدەنگ و بێچرپە لەو دیمەنە بەربڵاوەی بەرامبەری رادەما، لە دوورترین شاخەکان، لەو سنوورە شەمزاوەی نێوان زەوی و ئاسمان ورد دەبووەوە. لەو بێدەنگییەدا بوو کە هەناسەکانی هەلاڵەی لە پشت سەرییەوە دەبیست. سەر خۆی نەدەهێنا، دەستی دەبرد لە کۆڵە پشتییەکەیدا فلووتەکەی دەردەهێنا و دەیژەند. هەوایەکی تایبەت، پارچە مۆسیقایەک کە هەلاڵە لە هیچ کەسیتر و هیچ کوێیتری نەبیستبوو.

برایمۆک کە وازی لە فلووت ژەنینەکەی هێنا، هەلاڵە پرسیارەکەی دووبارە کردەوە.

«نەتگوت چۆن بوو شارت بە جێهێشت و هاتیە دەر؟ چۆن بوو وازت لە دەرس و زانکۆ هێنا و رووت لەم شاخە و دۆڵە کرد؟

برایم زەردەخەنەیەکی کرد و لەگەڵیدا ئارام سەری راوەشاند. لە هەلاڵە نا، لە خۆی، لەو رووداوە کە شاری پێ بەجێهێشتبوو. گوتی: «بۆ دەپرسی؟»

«حەز دەکەم بزانم.»

«وەک ئەم هەموو گەنجە. بۆ ئەوەی...»

هەلاڵە چاوی لە زاری و لە لێوەکانی بڕیبوو کە کەوتبوونە لەرزین. برایم درێژەی پێنەدا، دیسان زەردەخەنە و دیسان سەر راوەشاندن و ئەوسا گوتی: «چیرۆکێکی منداڵانەیە، هەلاڵە. زۆر منداڵانەیە. بیگێڕمەوە پێم پێدەکەنی.»

«تۆبیگێڕەرەوە.»

«لە شاری خۆمان حەزم لە کچێک دەکرد، کچێکی جوان و ...»

زەردەخەنەکە بە لێـویەوە کـاڵ بـووەوە. نیگـای لە هەڵاڵەوە بـۆ دیـمەنەکەی بەرامبەری گوێزایەوە، ئەمجارە نەک بۆ دوورترین شاخەکان، بەڵکوو بۆ کچێکی جوان کە حەزی لێکردبوو.

گوتی: «هاوین بوو. لە شاری خۆمان بووم. لە بەیانییەوە دەچوومە گەڕەکی ماڵی کچە و بە کۆڵانەکەیاندا دەسووڕامەوە. بە هیوا بووم کچەکە لە ماڵ بێتەدەر و قسەی لەگەڵ بکەم. بەڵام کچە یان نەدەهات یان کە دەهات بە تەنیا نەبوو. لەگەڵ باوکی، دایکی، برای... لە رووم هەڵنەدەهات، یان راستت بوێ نەمدەوێرا لە لای ئەوان قسەی لەگەڵ بکەم. بۆیە دەوەستام تا بەلامدا ڕەت دەبوو، ئەوسا دوور و نزیک شوێنی دەکەوتم. ڕەنگە بۆ ئەوەی لە دەرفەتێکدا بە تەنیا بەگیری بێنم. یان ڕەنگە پێم خۆش بوو چاو لە قەدو باڵای ببڕم. کە دەمدی جارو بار لە سەر پێچی کۆڵان یان شەقامێک ئاوڕی لێدەدامەوە و زەردەخەنەی بۆ دەکردم، لە خۆشیدا دڵم دادەکەوت، ئەژنۆم سست دەبوو، قەند لە دڵ و دەمارەکانمدا دەتوایەوە. رۆژێـک لەو رۆژانە کە ئەو لەگەڵ دایکی دەڕۆشت و منیش نزیکتر لە هەمیشە بە دوایانەوە بووم، لە پڕ ئۆتومبێلێکی پاترۆڵ بەلاماندا ڕەت بوو. ئۆتومبێلەکە زۆر دوور نەکەوتبووەوە کە راوەستا. بە پەلە گەڕایەوە بـۆ دواوەو لە بەر پێـی منـدا رایگـرت. جیـڕەی راگرتنـی ئۆتومبێلەکە نەک هەر سەرنجی ئەو و دایکی، سەرنجی هەمـوو خەڵکی ئەو ناوەی بـۆلای مـن راکێشـا. سـێ پۆلیسـی گەنـج بە جلـوبەرگی ئاسـاییەوە بە گـورجی لە ئۆتومبێلەکە دابەزین و بەرۆکیان گرتم.

«ئەو خانمانە چیتن؟»

لاڵ بووم. لە ترس و داچڵەکینی خۆم وەڵامم پێنەدرایەوە. ئەو خانمانە کە ئەوان دەیانگوت بەولاترەوە راوەستابوون. لە ئەوانیشی پرسی: «ئەم ئاغایە چیتانە؟» کە ئەوانیش بە ترسەوە گوتیـان نایناسین، روویـان لە مـن کـردەوەو پرسیان: «ئەی بۆ شوێنیان کەوتووی؟»

«من؟! من؟!»

فریا نەکەوتم بڵێم کەی من شوێن ئەوان کەوتووم، کە یەکێک لە پۆلیسەکان دەستی بەرز کردەوە و بێئەوەی من فرسەتی هیچ هەڵوێستێکم بێت، دایهێنایەوە و زللەیەکی تێسرەواندم. زللەکەی ئاسایی نەبوو. زللەی زەلامترین پۆلیسێک بوو کە تا ئەو رۆژە دیبێتم. دنیا لەبەر چاومدا سووڕایەوە و کەوتمە زەوی. هێشتا هەڵنەستابوومەوە کە شەقێکیشی تێهەڵدام. لە هەموو ئەو ماوەدا کە ئەوان بە شەق و مست لێیان دەدام، من چاوم لە کچەکە بوو کە لە ناو بازنەی کۆمەڵە خەڵکێکی سەیرکەردا راوەستابوو، لێیدەڕوانیم. کچێک کە خۆشم دەویست و دەمزانی ئەویش منی خۆش دەوێت. کچەکە سەرەتا بەزەیی پێمدا دەهات. بە چاو و نیگایدا زانیم، لەگەڵ هەر مست و شەقێکدا کە لێیان دەدام گرژ دەبوو لێوی خۆی دەگەست. دوایی سەرکۆنەی کردم. کە من لە پۆلیسەکان دەپاڕامەوە، چاو و نیگای لێ دەدزیەوە و سەری لێ رادەوەشاندم. من بەردەوام دەپاڕامەوە و بەدەم پاڕانەوەکەشەوە دەگریام. لەو کاتی گریانەدا بوو کە دیم کچەکە بە رقەوە رووی لێ وەرگێڕام و، بە تووڕەییەوە دەستی دایکی گرت و، بە بێزارییەوە پشتی تێهەڵکردم و رۆیشت...»

برایمۆک دڵی پڕ ببوو. دەتگوت گەڕاوەتەوە بۆ ئەو رۆژە و ئەو ساتەوەختە. نەیهێشت فرمیسک بە چاویدا بێتە خوار، سەری هەڵبڕی و سەیری لق و پۆپی درەختەکانی کرد. گوتی: «لە رۆشتنی ئەوەوە بۆ رۆشتنی من لەو شارە و هاتنم بۆ ئێرە، شەو و رۆژێکی نەخایاند.»

بە شەرمەوە گوتی، بە زەردەخەنەیەکی شەرمێونەوە. گوتی: «ئەمە چیرۆکی هاتنە دەرەوەی من بوو. منداڵانەیە، وانیە؟ ترسنۆکانە...»

ئەوسا پێکەنی.

«خوێریانە. وانیە؟»

هەڵالەش زەردەخەنەی کرد. گوتی: «ئەرێ وایە.»

گوتی؟

هەڵاڵە بەرلەوەی لە نزیکەوە برایمۆک ببینێت، دەنگی بیستبوو. دەنگێکی گەرم و

بە سۆز کە عەسرانی هەینی لە رادیۆوە بڵاو دەبووەوە. ئەو بەر لە هاتنیشی بۆ شاخ، هەموو حەفتەیەک گوێی لە گوڵزاری شێعر و ئەدەب دەگرت. زیاتر لەبەر دەنگە گەرم و بەسۆزەکەی برایمۆک گوێی لێدەگرت کە باسی ژیانی شاعیرەکانی دەکرد. تاراش شێعرەکانیانی دەخوێندەوە، ژنێکی دەنگ ناخۆش و وەک دواتر زانی ناحەز. گوتی: »برایم خۆزگە ئەو بەرنامەیەت لەگەڵ تارا پێشکەش نەدەکرد. ئەو نەک هەر دەنگی ناخۆشە، شێعرەکانیش بە غەڵەت دەخوێنێتەوە.«

برایم گوتی: «ئەی لەگەڵ کێ پێشکەشی بکەم؟ خۆت دەزانی لێرە جگە لە تارا...»

برایم قسەکەی تەواو نەکرد. هەڵاڵە مانگێک بوو هاتبووە رادوێ و لەو ماوەدا گەلێک کاری جۆراوجۆری پێ سپێردرابوو. بەڵام... برایمۆک تۆزێک بیری کردەوە، ئەوسا گوتی: «بۆ نایەیت دوو بە دوو ئەو بەرنامەیە پێشکەش بکەین؟ من و تۆ!»

هەڵاڵە پێی خۆش بوو، بەوحاڵەش گوتی: «من!؟ من و تۆ!؟»

برایم گوتی: «ئەرێ من و تۆ. هەڵاڵە و برایمۆک.»

برایمۆک؟ تا ئەو کاتەو ئەو رۆژە ئیبراهیم بوو. ئیبراهیمی حەسەن زادە. گوتی: «ئەگەر ئەو پێشنیارە قبووڵ بکەیت، دڵنیابە لاپەڕەیەکی نوێ لە کاری رادوێ و راگەیاندن هەڵدەدەینەوە.»

هەڵاڵە پێکەنی. گوتی: «ئاخر من...»

برایمۆک گوتی: «تۆ دەنگت زۆر خۆشە.»

دواتر گوتی: »کوردیەکەشت زۆر باشە. بەهرەی ئەدەبیشت هەیە و...»

دواتر گوتی: «تۆ ئەگەر حەز بکەیت بێژەرێکی زۆر باشت لێ دەردەچێ و...»

دواتر گوتی: «تۆ ئەکتەرێکی زۆر باشیشی...»

دواتر گوتی: ...

برایمۆک هەموو رۆژێک شتێکی بە هەڵاڵە دەگوت. هەموو رۆژێک بەهرەیەکی تیا دەدۆزیەوە و پەردەی لە سووچێک لە تواناکانی هەڵدەدایەوە. هەڵاڵە دەیگوت: «تۆ زیاتر لە خۆم من دەناسی. زووتر لە خۆم پەی بە تواناکانم دەبەی.» ئەوسا

پێدەکەنی.

ئەو کچە گەنجە کە جلوبەرگی پیاوانەی لەبەر دەکرد و وەک پیاوان هەڵس و کەوتی دەکرد، پێکەنینەکەی پیاوانە نەبوو، ژنانە بوو، کچانە بوو. پێکەنینێکی خۆش و شیرینی کچانە. برایمۆک لەززەتی لە پێکەنینەکەی دەبرد. دەیگوت: «تۆ کە پێدەکەنی هەڵاڵەیت.»

«ئەی کە پێناکەنم؟»

«هەڵەیت.»

هەڵاڵە گوتی: «من هەڵمەتم.»

رۆژێک کە ئەوەی گوت کە هەر دوو مستی گرێ کردبوو، وەک پیاوە توورە و ئازاکان بە ژوور سەریەوە رایدەوەشاند. برایمۆک هیچی نەگوت. رەنگە هێشتا زوو بوو کە پێی بڵێت: بۆ پێتوایە بنیادەم بۆ ئەوەی ئازا و ئازاد بێ، دەبێ پیاو بێت؟

بەر لە برایمۆک، ئەو کاتە کە هێشتا لە شار بوو یەکێک لە دەستە خوشکەکانی قوتابخانەی ئەوەی پێ گوتبوو. شەوجوان گوتبووی: «من کچیشم بەڵام خۆم بە سەد پیاو ناگۆڕمەوە. بە سەد کوڕ.» فریشتە، دەستە خوشکەکەی تری، گوتبووی: «وەڵا من نەک بە سەد کوڕ، خۆم بە نیوە کوڕێکیش دەگۆڕمەوە.» گوتبووی: «زۆر جار ئاوات دەخوازم بریا لە بری کچ، کوڕێکی گێل و گەوج بوومایە. کوڕێکی شەل و قۆڕ.»

برایمۆک گوتی: «لە مێژوودا کچانێک هەن کە زیاتر لە هەزار پیاو لە رێی ئازادی و رزگاری گەل و نیشتمانەکەیاندا جەنگاون، کچانێکی ناو و ناوبانگدار. تۆ چیرۆکی ژیانی ژاندارکت بیستووە؟ چیرۆکی ژیانی ئەو کچە فەڕانسەییە کە یەکێک بوو لە رابەرانی بزووتنەوەی رزگاری خوازی گەلی فەڕانسە و لەئەنجامدا کلیسا بە دەسکیسی ئینگلیسیەکان کوشتی؟»

هەڵاڵە تەنیا ناوی ژاندارکی بیستبوو.

برایمۆک گوتی: «ئەگەر یارمەتیم بدەی چیرۆکی ژیان و بە تایبەت مەرگی ژاندارک دەکەینە شانۆگەری و لە بۆنەیەکی نیشتمانیدا نمایشی دەکەین.» گوتی:

«تۆ دەوری ژاندارک بگێڕە.»

چاوەکانی هەلالە لە خۆشیدا بریسکانەوە، بەڵام بە دڕدۆنگی و گومانەوە پرسیی: «من! من ببم بە ژاندارک؟»

برایمۆک گوتی: «ئەرێ تۆ. من هەر لەو یەکەم رۆژەوە کە تۆم بەو جلوبەرگ و رەفتارە پیاوانەوە بینی بیری ژاندارک کەوتمەوە.»

هەلالە هەر ئەو ئێوارەیە هەواڵی بە ژاندارک بوونی خۆی بە باوکی راگەیاند.

«ژاندارک؟»

حەمەرەشید ئاغا نەیگوت نایناسێت، نەشیگوت دەیناسێت، گوتی: «دەورێکی پیاوانەیە.» بە شانازی و بارەقەلاییەوە گوتی.

«بەڵام تۆ دەزانی دەور بگێڕی؟ پێشتر کردووتە؟»

نەیکردبوو. هەلالە پێشتر لە هیچ شانۆگەریەکدا بەشداری نەکردبوو. بەڵام بەمنداڵی چەند جارێک لەگەڵ منداڵانی گەڕەک و کۆلانەکەیان گاڵتەی نمایشیان کردبوو. دواهەمجار ئەو کاتە بوو کە دەوری سەربازێکی یاخیی بینیبوو. لەگەڵ جەمال یان کەمال، لە خانوویەکی نیوە تەواودا کەوتبوونە گەمارۆی دەستەیەک سەربازی حکوومەتەوە. جەمال یان کەمال بریندار ببوو. هەلالە ویستبووی یارمەتی بدات و لەو تەنگانەیە دەربازی بکات. جەمال یان کەمال گوتبووی خۆشی دەوێ و پاشان داوای ماچی لێکردبوو.

لەو کاتەوە چەند ساڵ تێپەڕیبوو؟ پێنج... شەش... لەو کاتەوە ئیتر کەس پێی نەگوتبوو خۆشم دەوێی. کەس نەیوێرابوو داوای ماچی لێبکات. هەلالە بیری کردبووەوە، بڵێی یەکەم کەس کێ پێی بڵێ خۆشم دەوێی؟ کێ داوای ماچی لێبکات؟ کێ دەم بەکوڵم یان لێویەوە یەوە بنێت؟ هەلالە هەستی بە دوو لێوی تەڕ و گەرم کردبوو لە سەر کوڵمی، یان لە سەر لێوەکانی. موچڕکەی بە لەشدا هاتبوو. بەجووڵەی تووڕەی سەر و دەستی ئەو هەستەی لە خۆی تاراندبوو.

باوکی گوتی: «چییە، بۆ وا بێدەنگ بووی؟»

یەک دوو هەنگاو بە دوای باوکیەوە بوو. وەک هەموو جارێکتر کە دوو بە دوو بە

لێژی شاخەکەدا بەرەو ئاوایی دەڕۆشتن، سێبەری شاخەکە کەوتبووە سەر باریکە ڕێگەکە، کەوتبووە سەر دارو درەخت و شێخەڵ و بەردی ئەمبەراوبەری باریکە ڕێگەکە. ئەوان بە سێبەرەکەدا دەڕۆشتن. بەڵام هەتاو، هەتاوی دەمەو ئێوارەی بەهار، بەو بەر چۆمەکەوە هێشتا بەشێک لە دۆڵ و دەربەندەکە و هەموو ئاوایی لە باوەشدا بوو. دەشت و زەوی و زارەکەی خوار ئاواییشی لە باوەشدا بوو. دەشت و زەوی و زارەکەی خوار ئاوایی سەوز بوو. بە ناو سەوزاییەکەشدا پەڵە پەڵە گوڵی سوور و شین و زەرد ئەو ناوەیان ڕازاندبووەوە.

حەمە ڕەشید ئاغا گوتی: «لانیکەم بۆم بگێڕەوە بزانم تۆ قەرارە لەو شانۆگەرییەدا چی بکەیت؟»

هەڵاڵە هێشتا نەیدەزانی. شانۆگەرییەکە هێشتا نەنووسرابوو.

«کێ دەینووسێت؟»

«برایمۆک.»

هەڵاڵە هەرگیز لەوە نەگەیشت کە باوکی بۆچی برایمی خۆش ناوێت. حەمەڕەشید ئاغا لەو دەگمەن کەسانە بوو کە ئەو کوڕە گەنجەی خۆش نەدەویست. دەیگوت: «لەوەتی هاتووە بۆ ئەم شاخە، من بۆجارێکیش نە تفەنگێکمم بە شانییەوە بینیوە، نە دەمانچەیەک بە کەلەکەیەوە.»

«ئاخر ئەو لە ڕادوێ کار دەکات، بابە. لە بەشی ڕاگەیاندن.»

«تۆش لە ڕادوێ کار دەکەیت. وانییە؟»

هەڵاڵە لەوەتی چووبووە شاخ و لە ڕادوێی شاخ دەست بەکار بوو، دەمانچەیەکی بە کەلەکەوە بوو. دەمانچەیەک کە تەنیا کاتی خەوتن دایدەنا. حەمە ڕەشید ئاغا دەیگوت: «برایم لەو گەنجانەیە کە تەنیا دەزانێ قسە بکات. جاروباریش جووزەلە بژەنێت.» ئەوسا لچ و لێوی دەبزواند و دەیگوت: «نازانم بۆچی متمانەم بەمجۆرە گەنجانە نییە. ئەمانە هەر ڕۆژە لەسەر مەرامێکن. هەر ساڵە لەگەڵ حیزبێکن. ئەمساڵ لێرە و ساڵێکیتر...»

کەم کەس لەو شاخە لەگەڵ حەمە ڕەشید ئاغا هاودەنگ بوو. بە تایبەت پیاوانی

ناوەندی، ئەوان برایمۆکیان وەک کوڕێکی زیرەک و خوێندەوار و لە هەمان کاتیشدا کاری و کارا دەناسی. وەک پیاوێکی بێدەنگ و بەستەزمان دەیانناسی. حەمەرەشید ئاغا دەیگوت: «بێدەنگ و بەستەزمان نییە، ئاگری بن کایە. جاروبار قسەی وا دەکات کە...» ئەوسا سەری رادەوەشاند. نەیدەگوت جاروبار قسەی چۆن دەکات، بەڵام بە ئیشارەت و ئاماژە مەبەستەکەی دەگەیاند. برایمۆک جاروبار رەخنەی لە رەفتاری هەندێک کەس دەگرت. ناوی کەسەکانی نەدەبرد. دەیگوت: «فڵانە رەفتار ناشۆڕشگێڕانە و نائینسانیە، جا هەر کەس کردبێتی.»

جا هەر کەس کردبێتی، یان جا هەرکەس گوتبێتی... ئەمانە ئەو رستانە بوون کە زوو زوو بەکاری دەهێنان، بۆیە هاوڕێ و برادەرەکانی لێیان کردبوو بە نەقڵ و دەیانگوتەوە: فڵانە کار کاری قۆڕە جا هەر کەس کردبێتی... فیسارە قسە بێتامە جا هەر کەس گوتبێتی... فلانە کچ یان ژن جوانە جا هەر کەس... هەلاّلەش دەیگوت: «ئەو شێعرە شێعرێکی ئێجگار جوانە، جا هەر کەس گوتبێتی.» هەلاّلە کاتێک ئەوەی دەگوت کە برایمۆک شێعرێکی خۆی بۆ دەخوێندەوە.

گوتی: «من پێم سەیرە تۆ دەربارەی برایم ئاوا بیر دەکەیتەوە، بابە. ئەو کوڕێکی ئێجگار ناسکە. شاعیرێکی زۆر بەهرەمەندە.»

گوتی: »من هەموو رۆژێک شتێکی تازەی لێ فێر دەبم. ئەو زۆر زیرەک و خوێندەوارە.»

حەمەرەشید ئاغا گوتی: «ئەو هەر دەزانێ کتێب بخوێنێتەوە. هیچیتر نازانێ.»

«بەڵام کتێب خوێندنەوەش کارێکی خراپ نییە. خراپە؟»

حەمەرەشید ئاغا دەیزانی کتێب خوێندنەوە کارێکی خراپ نییە. کاری خراپ ئەوە بوو کە سەری زمان و بنی زمانی هەلاّلە برایمۆک بوو: برایمۆک وا دەڵێت ... برایمۆک وا دەکات ... فڵانە شت لە برایمۆکەوە فێر بووم ... فیسارە کار ... هەلاّلە ئەو قسانەی دەکرد تا سەرنجی باوک و بنەماڵەکەی بۆ لای برایم رابکێشێت. نەیدەزانی بۆچی. باوکی بەڵام رقی لەو قسانەی هەڵدەستا. رەنگە ئێرەیی پێ دەبرد. بە برایم! دەیگوت: «رۆڵە برایمۆک نا، برایم.» ئەوسا بە توانجەوە دەیگوت: «ئەو

ئۆکە ئەوەندەی تریش بچووکی دەکاتەوە. گوناحە.» هەڵاڵە دەیگوت: «بچووک؟!» بە بڕوای حەمە ڕەشید ئاغا برایم بەپێچەوانەی قسەکانی هەڵاڵە کوڕێکی زۆر ئاسایی بوو. لە هەموو بارێکەوە ئاسایی بوو. نە ناو و ناوبانگێکی بوو، نە پێشینەیەکی شۆڕشگێڕانە، نە پلە و پایەیەکی حیزبی، نە بنەماڵەیەکی دیار و بەرچاو. حەمەڕەشید ئاغا بێ ئەوەی پێ بزانێت، بێ ئەوەی بیەوێت، خۆی لەگەڵ ئەو کوڕەدا بەراورد دەکرد. خۆی بەو پێشینە و رابوردووە پڕ لە شانازییەوە، بەو ناو و ناوبانگ و پلە و پایەوە، بەو تەمەنەوە... بیر کردنەوە لەوەها بەراوردێکیش هەستی برینداردەکرد. بەو حاڵەش ئەو کوڕە زۆر ئاساییە خەریک بوو وردە وردە ئازیزترین کەسی لێ داگیر دەکرد. حەمەڕەشید ئاغا چەند جار گوتبووی: «هەڵاڵە ئازیزترین کەسمە. لە بەر دڵی ئەو ڕەعنام تەڵاقدا.» ئێستا ئەو کچە ئازیزە باوکی نەدەبینی، مەگەر بۆ ئەوەی کە باسی برایمۆکی بۆ بکات. لە ئاسکی و بەهرە و توانا و خوێندەواری برایمۆک بدوێت. لە کاریگەرییەک کە برایمۆک لەسەری دادەنا. لەوەی کە هەرچی فێر دەبێت لە برایمۆکەوە فێری دەبێت، هەرچی هەیەتی لە ئەوەوە هەیەتی...

«ئەی من؟»

حەمە ڕەشید ئاغا تەجرەبەیەکی ناخۆشی دیکەشی بوو کە زوو زوو بیری دەکەوتەوە. هەر ئەم شەیدابوونە بۆ خەڵکانی ئاسایی تر، ساڵەها لەوەبەر مەجیدی لێ سەندبووەوە. دابڕانی مەجید لە باوکی سەرەتا بە تاریف کردن و پیاهەڵگوتنی کەسێکیترەوە دەستی پێکردبوو. کەسێک کە حەمەڕەشید ئاغا پێی دەگوت: ئەو هەتیوە کۆمۆنیستە بەڕەڵایە. بە برایمی نەدەگوت ئەو هەتیوە شاعیرە بەڕەڵایە. دەیگوت: «هەڵە گیان ئەو کوڕە ئەو هەموو تاریف و پیاهەڵگوتنە ناهێنێت.» بەڵام سەعادەت دەیگوت: «ماشەڵا کە کوڕێکی نەجیب و ماقووڵە. ئەی خوا لە دایک و باوکی خۆی نەستێنێ.» کاروانیش دەیگوت: «زۆر عاقڵ و ڕێک و پێکە. شێعرەکانیشی خۆشن. یەعنی... پێموابێ خۆشن!»

«ئەی تۆ گوڵاڵە، تۆ برایمۆکت چۆن بینی؟»

هەڵاڵە ڕۆژێک ئەوەی پرسی کە بۆ یەکەمجار برایمۆکی بۆ ماڵی خۆیان دەعوەت

کردبوو. برایم وەک هەمیشە کۆڵە پشتییەکەی بە شانیدا دابوو، دەستووێک گوڵی لە گوێ ڕێگاکە چنیبوو، خۆی بەماڵەکەیاندا کردبوو.

گوڵاڵە گوتی: «یەکەورێ کە بینیم پێموابوو مامۆستای تازەی قوتابخانەکەی ئاواییە.» گوتی: «کە زانیم مامۆستا نییە، گوتم ڕەنگە شاگرد دەلاک بێت. بەو کۆڵە پشتییەیەوە زۆر لە شاگرد دەلاک دەچوو. شاگردی ئەو دەلاکانە کە دەرزی دەوەشێنن، منداڵان سوننەت دەکەن، دان دەکێشن، سەر و ریش دەتاشن...»

گوڵاڵە بە گاڵتە ئەوەی گوت. بۆ ئەوە گوتی کە هەڵاڵەی خوشکی تووڕە بکات. بەڵام هەڵاڵە نەک هەر تووڕە نەبوو، زوریش پێکەنی. گوتی: «ساوەڵا ڕاست دەکەی، هەر لە شاگرد دەلاک دەچێت.»

گوڵاڵە گوتی: «بەڵام لە بێبەختی تۆ ئەو شاگرد دەلاکە حەزت لێدەکات.»

«چی؟!»

هەڵاڵە بە سەرسوورمانەوە ئەوەی پرسی. گوڵاڵە بەڵام بە زەردەخەنەیەکی شیرینەوە وەڵامی دایەوە.

«برایم تۆی خۆش دەوێ هەڵاڵە. من بە چاوەکانیدا زانیم، ئەو حەزت لێدەکات.»

## ٥

هەڵاڵە دەیگوت: «ئەو قسە، ئەو مەزنە سادە و ئاساییەی گوڵاڵە، سەرنجی منی بۆ لایەنێک لە کەسایەتی خۆم راکێشا کە سەڵەها بوو پشت گوێم خستبوو. بە تایبەت لەو کاتەوە کە شارمان بەجێهێشتبوو، دیسانەوە گەڕابووینەوە بۆ ئاواییەکەی ئەو دۆڵە. لەوێ زۆر زیاتر لە شار، هەستی کوڕانە و پیاوانەم بوو. نەوەک هەر هەست، رەفتاری کوڕانەو پیاوانەشم بوو. رەنگە چونکا لەوێ زیاتر لە شار پێویستیم بەو هەست و رەفتارە بوو. پێویستیم بەوە بوو کە کوڕ بم، وەک کوڕان بیر بکەمەوە، وەک کوڕان بدوێم و، وەک کوڕان بە ناو ئەو ئاواییەدا، بە ناو ئەو شاخ و دۆڵ و دەربەندەدا، هەڵسووڕێم.»

هەڵاڵە کاتێک ئەوەی دەگوت کە ساڵەها لەو رۆژانە تێپەڕیبوو کە بە قژی کورت و جلوبەرگی کوڕانە و پیاوانەوە، بەناو کووچە و کۆڵانەکانی ئاواییدا هەڵدەسووڕا و لەبەر دووکانەکان، یان لە گوێ حەوزەکەی بەر مزگەوت، خۆی لە گفتوگۆ و مشتومڕی نێوان چەکدار و لایەنگرانی رێکخراوە جیاوازەکانی ئەو دۆڵە هەڵدەقورتاند. هەر ئەو خۆ تێهەڵقورتاندنە بوو کە سەرنجی خەڵکی بۆ لای ئەو رادەکێشا. نەک هەر سەرنجی خەڵکی ئاوایی، تەنانەت سەرنجی ئەو کەسانەش کە لە هەموو لایەکی ئەو دۆڵەوە، لە هەموو شاخەکانەوە، لە هەموو خێوەت و رەشماڵ و کەپر و کۆلیتەکانەوە، بۆ

کڕینی شتوومەکی پێویست دەهاتنە ئاوایی. ئەو کەسانە کە زۆربەیان چەکیان بە شانەوە بوو، دەمانچەیان بە کەلەکەوە دەبەست. هەندێکیان بڵاوکراوەی حیزب و ڕێکخراوەکانیان دەهێنا و لە ئاواییدا بڵاویان دەکردەوە، یان بە دیواری مزگەوتیانەوە دەلکاند. هەڵاڵە هەموو گۆڤار و بڵاوکراوەکانی وەردەگرت و دەیخوێندنەوە. ئاگاداری هەموو بیر و بۆچوونی جیاوازی تاقم و ڕێکخراوە جیاوازەکان بوو. هەر ئەو ئاگادارییە بوو کە یارمەتی دەدا لە گفتوگۆ و مشتوومڕەکاندا کەم نەهێنێت. کەمی نەدەهێنا، چاوقایم و زمان باز و ــ وەک دایکی دەیگوت ــ قەرەچەناغ بوو. دایکی بەنیگەرانییەوە ئەوەی دەگوت. بە تەشەر و توانجەوە دەیگوت: «سیاسەت بە باڵامان بڕاوە! میراتە و بۆمان بەجێماوە!» دەیگوت: «باوکت و مەجیدی برات چەندە خێریان لە سیاسەت و مشتومڕی سیاسی بینی، تۆش هەر ئەوەندەی خێر لێ دەبینی!» هەڵاڵە زۆر شت لە مشتومڕی نێوان باوکی و مەجیدی برایەوە فێر ببوو. قسەی بە توێخڵ، توانج و تەشەری سیاسی و ئازاردان و بریندار کردنی هەستی بەرامبەرەکەی. ئەو لە کاتی گفتوگۆو مشتومڕەکاندا زۆرجار زەردەخەنەیەکی تیزەوونی لەسەر لێو بوو. نەرمە پێکەنینێک کە گاڵتە کردن بوو بە بەرامبەرەکانی و بیر و بۆچوونەکانییان، بەو کوڕە گەنجانە کە هەموو سەواد و خوێندەوارییەکەیان بە قەدەر ڕۆژنامەو بەیاننامەی حیزب و ڕێکخراوەکانیان بوو. ئەو کوڕە گەنجانە بە بێ قسەی ڕەق و تەشەر و توانج و زەردەخەنەی پڕ لە سووکایەتیش، کاتێک لە گەڵ کچێکی وەک هەڵاڵە دەکەوتنە گفتوگۆ، دەستەپاچە و بێقەرار بوون. یان عەسەبی بوون و وەک شیری سەر ئاگر هەڵدەچوون، یان شەرمن بوون و وەها کە خوازبێنییان لێکەن زمانیان لە گۆ دەچوو، دەکەوتنە پرتە پرت. هەڵاڵە بە غەریزەی کچانەی لەوەدەگەیشت و لە مشتومڕەکاندا زۆرترین سوودی لێ وەردەگرت. بۆیە پاش ماوەیەک زۆربەی کوڕەکان خۆیان لە قسەو باس و مشتومڕ لەگەڵ ئەو دەدزیەوە. دەیانگوت: «بێ ئەدەب و بێ حەیایە.» دەیانگوت: «خۆی دەنوێنێت.» زۆر شتی تریشیان دەگوت. بەڵام بە پێچەوانەوە، خەڵکی ئاوایی دەیانگوت: «وریا و زیرەکە... لە بەری مرین، هیچکام لەو کوڕە گەنجانە پێی ناوێرن. بە تاقی تەنیا

دەرەقەتی هەموویان دێت و، لە گەورەکانیشیان سڵ ناکاتەوە.» ئەم قسانە بە گوێی برادەرەکانی باوکی و تەنانەت سەرکردایەتی حیزبەکەشی دەگەیشتەوە. دەیانگوت: «میرزا، دەڵێن هەڵاڵەی کچت باش تەنگەی بەو هەتیو مەتیوانە هەڵچنیوە...»

حەمەرەشید ئاغا بە بیستنی ئەو قسانە خۆشحاڵ نەدەبوو، بە پێچەوانەی جاران مەدحی نەدەکرد. نەیدەگوت هەڵەی من کچ نییە، کوڕە، شێرە کوڕە. ئەو ئەگەرچی ساڵەها هەوڵیدابوو هەڵاڵە وەک کوڕ، وەک کوڕێکی وریا و چاو کراوە بار بێنێت، ئەگەرچی دەیدی کە هەڵاڵە ئێستا بۆتە ئەو کەسەی کە ساڵەها هەوڵی بۆ دابوو، کەچی نیگەران بوو، دەترسا. نەیدەزانی لە چی دەترسێت. یان دەیزانی و نەیدەدرکاند. تەنیا لە لای سەعادەتی خێزانی دەیدرکاند. دەیگوت: «بەلای ناخێرتەوە تۆ دایکیت. بۆ دەبێ بهێڵی ئەو چەتیوە لە بەیانییەوە تا ئێوارە بە کۆڵانەکانی ئاواییدا بسووڕێتەوە و لەبەر چاوی چاک و خراپدا دەمە بە دەمەی خەڵکی بکات؟» سەعادەت سەیری دەهاتێ. سەری لێ رادەوەشاند. دەیویست بڵێ: ئێستا بیرت کردۆتەوە حەمەرەشید ئاغا! ئێستا وا دەڵێی! ئەی بۆ جاران... بەڵام نەیدەگوت. دەیگوت: «من دەرەقەتی نایەم. دەرەقەتی هیچیان نایەم. هیچیان سڵ لە من ناکەنەوە و بەقسەم ناکەن. ئەوان تەنیا سڵ لە تۆ دەکەنەوە و بەقسەی تۆدەکەن. کەچی تۆش...»

دەیگوت: «لەوەتی ئێمە گەڕاوینەتەوە بۆ ئاوایی، تۆ سێ جار هاتوویتەوە بۆ لامان. ئەویش هەر جارێک و دوو سێ رۆژ...»

حەمەرەشید ئاغا بە رۆژ نەدەهاتەوە. شەوانە دەهاتەوە. پاش تاریک بوون. زۆرجار کە دەرکەی دەکردەوە بۆنی ئارەقی لێدەهات. عارەقێک کە ئێوارە لە گەڵ دوو یان سێ کەس لە هاوڕێکانی، بە دزییەوە، لە بن دار یان بەردێک خواردبوویەوە. بە تەنیا بوایە سەعادەت دەیپرسی: «ئەوە خواردووتەتەوە کابرا؟» بە ترس و سەرسووڕمانەوە دەیپرسی. «ناڵێیت ئەگەر خەڵکی ئاوایی پێیزانن...» حەمەرەشید ئاغا ماتڵی باقی قسەکەی نەدەبوو. وەڕس و بێتاقەت دەچووە ژوور، پشتێنی دەکردەوە، کڵاو و جامەدانەکەی دادەنا، لەسەر کەوڵی مەڕە سپیەکە شانی بەر دوو سەرینەکەی پشتی

دەدا، پێی لە درێژ دەکرد و گوێی بە رادوێ بچوکەکەیەوە دەنووساند. سەعادەت سەری لێ رادەوەشاند. ئاخێکی ساردی هەڵدەکێشا و لەبەر خۆیەوە دەیگوت: «نازانم ئەم کابرایە بۆ وای لێهاتووە؟»

گوڵاڵە دەیگوت: «من دەزانم.»

هەڵاڵەش دەیزانی، بەڵام هیچی نەدەگوت. ئەو نەیدەویست لەوە زیاتر دایکی تووشی نیگەرانی بکات. لەوە زیاتر خەمی بداتێ. خەمی ئەوەی کە مێردەکەی لە گەڕانەوەی ئەوان بۆ ئاوایی خۆشحاڵ نییە. لە بوونی ژن و منداڵەکانی لە لای خۆی خۆشحاڵ نییە. مێردەکەی هێشتا دڵی لای ئەو ژنە گەنجەیە کە چەند مانگ لەوەبەر ناچار کراوە تەڵاقی بدا و لێی جیا ببێتەوە.

حەمەڕەشید ئاغا گوتی: «ئێستا ئەو چەتیوە لە کوێیە ؟ بۆم بانگ بکە.»

هەڵاڵە لە دیوەکەیتر بوو. کاتێک هات، باوکی گوتی: «بیستوومە هەموو ڕۆژێک لە بەیانیەوە تا ئێوارە دەچێتە بەر دەرکەی مزگەوت و...»

نەیزانی چۆن درێژە بەقسەکەی بدات. نەیزانی دەبێ چی پێ بڵێت. بڵێت بۆ دەچیتە دەر و لەگەڵ پیاواندا قسە و مشتومڕی سیاسی دەکەیت؟ ئەو پێشتر زۆر جار لەسەر ئەو جۆرە کار و قسانە هەڵاڵەی ستایش کردبوو. بەتایبەت ئەو دەمانە کە هەڵاڵە هێشتا منداڵ بوو. منداڵتر لە ئێستا. حەمە رەشید ئاغا نەیدەزانی چۆن پێی بڵێت ئێستا گەورە بووە و نابێ کاری وابکات. چۆن پێی بڵێت نابێ بچێتە دەر و لە گەڵ کوڕان و پیاوانی گەنجدا رابوەستێ و دەمە بە دەمەیان بکات. ئەو پێشتر زۆرجار خۆی دنەی دابوو. خۆی گوتبووی: «بچۆ قسەیان لەگەڵ بکە. بچۆ تێیان بگەیەنە کە تۆ نەوەک هەر لە ئەوان کوڕتر و پیاوتری، بەڵکوو زۆریش وریاتر و تێگەیشتووتری.» بەڵام ئەو قسانە قسەی کۆن بوون. قسەی ئەو دەمە بوون کە هەڵاڵە هێشتا منداڵ بوو. ئێستا نەیدەزانی چۆن لە قسەی ئەو دەمانەی پاشگەز بێتەوە.

هەڵاڵە گوتی: «ئەی چی بکەم؟ بەم ڕۆژە درێژانە ئەگەر نەچمە دەر و بە قسەو گفتوگۆ لەگەڵ خەڵک کات بەسەر نەبم لە ماڵەوە چی بکەم؟»

باوکی گوتی: «چۆن دەبێ نەزانی چی بکەیت؟»

بە تووڕەییەوە گوتی. ویستی بڵێ تۆش وەک هەموو کچێکیتر، وەک گوڵاڵە...

هەڵاڵە گوتی: «دەزانم چی بکەم بابەگیان.» بە زەردەخەنەوە گوتی.

«دێم بۆ لای تۆ. دێم چەک هەڵدەگرم و لەگەڵ تۆ دەبم.»

پێشتریش ئەوەی گوتبوو. هەموو جارێک کە باوکی گەڕابووەوە بۆ ماڵ، گوتبووی:«بابە ئەوە چەند مانگ لە هاتنمان تێپەڕیوە. قەرارمان وابوو دوای یەک دوو مانگ من بێمە لای خۆت و...» حەمەڕەشید ئاغا گوتبووی: «جارێکە واز لەو قسانە بێنە.»

دەیگوت: «جارێکە بێدەنگ بن، هەواڵە». کاتێک ئەوەی دەگوت کە گوێی بە رادوێکەیەوە دەنووساند. رادوێیەکی بچووکی دوانزە شەپۆلی کە دەیگوت لە ئەڵمانەوە بۆی هاتووە.

حەمەڕەشید ئاغا کە بەتەنیا بوایە، چارەک بە چارەک یان نیوسەعات بە نیوسەعات بەشوێن هەواڵەکاندا شەپۆلی دەگۆڕی. خشەخشی شەپۆل گۆڕینەکەی و بێدەنگ کردنی بە زۆرەملەی خاووخێزانەکەی، سەعادەت و منداڵەکانی وەرس دەکرد و بە بۆڵە بۆڵ لە ژوورەکە دەچوونە دەر. تەنیا هەڵاڵە دەمایەوە کە وەک باوکی بە وردی گوێی لە هەواڵ و باسەکان دەگرت. کە هەواڵی ئێزگەیەک تەواو دەبوو، فرسەتی دێنا و دەیگوت: «بابە وەعدەکەت بوو بە چی؟»

چەند شەو لەوە دوا بوو کە میرزا حەسەن، بەرپرسی بەشی راگەیاندن، میوانیان بوو. میرزا حەسەن هاوڕێی کۆن و هاوتەمەن و هاوبەندیی حەمەڕەشید ئاغا، پیاوێکی بەلە باریک بەڵام چابوک و ئازا بوو، لە تەمەنی خۆی کەمتری دەنواند.

میرزا حەسەن گوتی: «لە بەشی راگەیاندن پێویستمان بە کەسێکی شۆڕشگێڕ و خوێندەوارە. کەسێکی زیرەک و وریا.»

ئەوسا رووی کردە هەڵاڵە.

«بیستوومە بە تەمای بێیتە لای خۆمان...»

هەڵاڵە نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات.

«من بە تەمامم چەک هەڵبگرم. بە تەمام لەگەڵ باوکم بم.»

حەمەرەشید ئاغا گوتی: «نا میرزا. هەڵە بۆ بەشی ڕاگەیاندن نابێت. ئەو ئەگەر قەرار بێ بێت کارێک بکات، حەز دەکەم لەگەڵ خۆم بێت.»

میرزا حەسەن پێکەنی. کڵاو و مێزەرەکەی لەسەری داکەند و خستییە سەر کەشکە ئەژنۆی پێی. زۆرجار وەهای دەکرد. وەک ئەو کەسانە کە دەڵێن کڵاوەکەیان دەکەنە قازی و لە گەڵیدا دەدوێن.

«کەواتە ئەو بۆ شۆڕش نایەت. بۆ خزمەت کردنی باوکی دێت. وانییە؟»

لە کڵاو و مێزەرەکەی پرسی و لەبری ئەوانیش وەڵامی دایەوە.

«دەی خۆ کارێکی خراپ نییە. بەپێچەوانەوە، کارێکی زۆر باشیشە. بۆ میرزا حەمەرەشیدیش زۆر باشە. خۆشە هەموو بەرپرسێک کەسێکی خۆی لەگەڵ بێت کە خزمەتی بکات!»

هەر ئەو توانجە بووە هۆی ئەوەی کە هەلاڵە مل بە پێشنیارەکەی میرزا حەسەن بدات و، بۆ بەیانیدا لە هەموو ڕۆژێک زووتر لە خەو هەستێت، جلەکانی لەبەر بکات، کڵاو و جامانە ببەستێت، دەمانچەیەک بە کەلەکەیەوە بنێت و بێ ئەوەی گوڵاڵە بە ئاگا بکاتەوە لە دیوەکە بچێتە دەر.

باوکی و دایکی لە دیوەکەیتر لە سەر سفرە دانیشتبوون و ناشتایان دەخوارد. هەلاڵە بە خۆشییەوە بەیانی باشی لێکردن. دایکی گوتی: «وەرە ناشتاکەت بخۆ رۆڵە.»

سەعادەت نیگەران بوو، زۆر نیگەران. دیار بوو بەر لەوەی هەلاڵە هەستێ و بچێتە ئەو دیوە، زۆر هەوڵی دابوو حەمەرەشید ئاغا وادار بکات هەلاڵە لەو بڕیارەی پەشیمان بکاتەوە. هەوڵی دابوو ئیجازەی چوونە شاخی نەدات. حەمەرەشید ئاغا بە هاتنە ژووری هەلاڵە لەسەر سفرەکە هەستا. جلوبەرگی دەرەوەی لەبەردا بوو، دەمانچەکەی هەڵگرت و گوتی: «من دەڕۆم. تۆش دوای ئەوەی ناشتاکەت خوارد، وردە وردە شوێنم کەوە.»

ئەوسا لە ماڵ چووە دەر. هەلاڵە ناشتای نەکرد. بەسەر پێوە چایەکی هەڵقوڕاند و

لەبری ماڵاوایی باوەشی بە دایکیدا کرد. دایکی گوتی: «گوڵاڵە بە ئاگا ناکەیتەوە؟»

«نا. با بخەوێ، دوایی دەیبینمەوە.»

«کەواتە ئەو سفرەیە کۆ بکەرەوە.»

دایکی هەوڵی دەدا زیاتر رایگرێت و ماتڵی بکات.

هەڵاڵە ئەگەرچی دەیزانی تاوێکیتر گوڵاڵە هەڵدەستێ و دایکی دەبێ دیسان سفرەی بۆ رابخاتەوە، سفرەکەی کۆ کردەوە.

«ئیتر من دەبێ برۆم. حەز ناکەم لە باوکم زۆر دوا بکەوم.»

دایکی گوتی: «ئەمە ئەو رۆژەیە کە لە دەمێکەوە لێی تۆقابووم.»

بە نائومێدی و دڵ پڕیەوە گوتی.

«لەسەر هەموو بنەماڵەکەمدا تۆ و ئەو چەتیوەیتر لە لام مابوون، کەچی تۆش ئەوە بەجێمدەهێڵیت.»

فرمێسک بە چاویدا هاتە خوار. هەڵاڵە باوەشی پێداکرد و بە خۆیەوە گوشی. گوتی: «کوا من بەجێتدەهێڵم دایە گیان؟ من لەبەر تۆ دەچمە بەشی راگەیاندن. بۆ ئەوەی بەجێتنەهێڵم، بۆ ئەوەی بتوانم شەوانە بگەڕێمەوە بۆ لات دەچمە ئەو بەشەوە.»

ئەو رۆژە لە خۆشترین رۆژەکانی هەڵاڵە بوو. لەسەر بانیژەکەی ماڵی

خۆیانەوە نیگای بە شاخی ئەوبەر چۆمەکەدا هەڵگێڕا. شاخەکە لە هەمیشە زیاتر گەورە و زەلام بوو. بەرز و بڵیند، دەتگوت لووتکەی لە سنگی ئاسمان هەڵچەقیوە. لە سنگی ئاسمانێک کە لە هەمیشە شینتر و سافتر بوو. لەسەر پردەکەی قەراغ ئاوایی بوو کە بە هەڵاتن بە باوکی گەیشتەوە. باوکی لای لێکردەوە و گوتی: «ئەو هەڵات هەڵاتەی ناوێ، لەسەرخۆ بە. کەس بە هەڵات هەڵات نابێ بە شۆڕشگێڕ.»

هەڵاڵە پێکەنی و ئارام و لەسەرخۆ لە دوای باوکیەوە بە شاخەکەدا هەڵگەڕا، بە هەستێکی سەیر شیرینەوە، هەستی کەسێک کە پێ دەنێتە ناو دنیایەکی سەیر و سەمەرەی ئاواتە خوازی. یەکەمجاری نەبوو کە بەو شاخەدا هەڵدەگەڕا، بەڵام یەکەمجاری بوو کە ئەو هەستەی دەئەزموو. یەکەمجاری بوو کە ئەو شاخ و دۆڵەی

بەو شێوە سیحراویە دەبینی. یەکەمجار بو کە ئەو دار و بەرد و دەوەن و شیخەڵانە ئاوا جوان خۆیان نیشان دەدا. یەکەمجار بوو کە ئەو خێوەت و رەشماڵ و کەپر و کۆلیتانەی بە ماڵی خۆی و شار و وڵات و زێدی راستەقینەی خۆی دەزانی. ئەو خەڵکە جوان و پیرەی ناو خێوەتەکان و سەر سەکۆی بەر کۆلیت و خانووەکانی بە خوشک و برا و دایک و باوکی راستەقینەی خۆی دەزانی. هەڵاڵە هەمیشە ئەو رۆژەی وەک یەکێک لە خۆشترین رۆژەکانی ژیانی وەبیر دەهێنایەوە. رۆژێکی شین. رۆژێکی شینی خەیاڵی. دەتگوت هەموو ئەو دیمەنانە، هەموو ئەو شاخ و دۆڵ و دەربەندەی بە خەیاڵ لە ناو دەریادا بینیبوو.

حەمەرەشید ئاغا سەرەتا ویستی هەڵاڵە بگەیەنێتە بارەگاکەی بەشی راگەیاندن، بەڵام گورجێک پەشیمان بووەوە و گوتی: «دەزانی بارەگای بەشی راگەیاندن لە کوێیە؟»

هەڵاڵە دەیزانی. حەمەرەشید ئاغا بێئەوەی چاوەڕوانی وەڵام بێت دەستی هەڵبڕی و قامکی بۆ بەرزایی لای چەپی شاخەکە هەڵبڕی. بۆ ئەو شوێنە کە دوو سێ خانوو لە بن نسێی کۆمەڵە درەختێکی سەرلەیەک سوار کۆڵی یەکتر بوون، حەوز و ئەستێرێکی بچووکیش لەبەر سەکۆی یەکەم خانووەکە بوو. هەڵاڵە بەر لەوەش بینیبووی. چەند کوڕی گەنج بەچەکەوە لە دەوری حەوزەکە و بەملاولای خانووەکە بوون. میرزا حەسەن، یان وەها کە لەوێ پێیان دەگوت مامۆستا، لەسەر سەکۆکە دانیشتبوو، خەریکی چای خواردنەوە بوو. کە لە دوورەوە هەڵاڵەی بینی دەستی بۆ هەڵبڕی و بەرز گوتی: «ئەوە بە تەنیایت؟»

«باوکم بە پەلە بوو. چوو بۆ بارەگای سەرکردایەتی.»

مامۆستا دەستی داخستەوە. هەڵاڵە تەواو نزیک بووەوە. کوڕەکان بە عەجایباتییەوە سەیریان دەکرد. تا دەنگی هەڵنەبڕیبوو قسەی نەکردبوو، پێیان وانەبوو کچ بێت. هەڵاڵە وەک پیاوان دەستی هەڵبڕی و بەیانی باشی لێکردن. مامۆستا گوتی: «وەرە دانیشە چایەک بخۆرەوە.»

پاش کەمێکیتر گوتی: «هەستە با بڕۆین بۆ بەشی رادوێ و، بە هاوڕێ و

هاوکارەکانت بناسێنم.»

لەو ڕۆژەوە هەڵاڵە برایمی ناسی. کوڕێکی هێمن و ئارام کە لە رادوێ کاری دەکرد. کوڕێکی خوێنەواری شاعیر و هونەرمەند، کەسێک کە وردە وردە لێی نزیک بووەوە، کەمە کەمە نیگای بۆ ژیان گۆڕی و قووڵتر و هەمە لایەنەتر لە ماناکانی خەبات و تێکۆشانی گەیاند و یارمەتیدا خۆی و تواناکانی، خۆی و راستیەکانی، خۆی و لایەنە شاراوە و پشت گوێ خراوەکانی دەروونی بدۆزێتەوە. برایم لەگەڵ ئەم یارمەتی و گەڕان و پشکنینەی توناوتوونەکانی دەرونی هەڵاڵە، وردە وردە ئاشقیشی بوو. عەشقێک کە نەیدەدرکاند، نەیدرکاندبوو، یان درکاندبووی و هەڵاڵە تێنەگەیشتبوو.

گوڵاڵە دەیگوت: «من تێناگەم ئەو شاگرد دەلاکە عاشقی کوێت بووە! سەرگۆنای تیفتیفە دراوت! دەم و لێوی سووری قەیتانیت! چاوی رەش و بەکلت! قژی لوول و پەخش و پەرێشانت!؟» ئەوسا تووڕە دەبوو. وەک هەموو خوشکە گەورەیەک کە لە خوشکە بچووکەکەیان تووڕە دەبن. دەیگوت: «مردووت مرێ، دە لەم کەوڵە کوڕانەیەت وەرە دەر. سەیر کە دەڵێی کوڕە شوان و سەپانیت.»

گوڵاڵە کاتێک ئەوەی دەگوت کە هەڵاڵە تازە بیری کچێکی پشت گوێخراوی فەرامۆشکراو کەوتبووەوە کە پاش ساڵانێکی زۆر لە تاریکترین سووچەکانی دەروونیەوە سەرەتاتکەی دەکردو، لە نەدیوی و شاراوەییەوە دەردەکەوت. کچێک کە سەرەتا شەرمن و حەپەساو، وەک بەندییەک کە پاش ساڵەها دەرکەی سیاچاڵی لێ خرابێتە سەر پشت، دڕدۆنگ و بێمتمانە سەری دەکێشایە دەر. پاشان گەردن و سنگ و دەست و ... هەڵاڵە هەستی دەکرد ئەو کچە شەرمنە وردە وردە خەریکە هەموو لەش و گیانی داگیر دەکات. هەستی دەکرد ئارام ئارام خەریکە دەیگۆڕێت. هەستی دەگۆڕێت، رەفتار و هەڵس و کەوتی دەگۆڕێت، نیگای دەگۆڕێت، تەنانەت رواڵەت و سیماشی دەگۆڕێت. هەر ئەو رۆژە بوو یان رۆژێکیتر کە هەڵاڵە چووبووە بەر ئاوێنە چوار گۆشەکەی دیوەکەیان. ئەو ئاوێنە پێشتر تەنیا گوڵاڵەی لە خۆیدا دەبینی. هەڵاڵە لەو ئاوێنەدا کچێکی بینی کە دەمێکە بوو نەیدیبوو. کچێکی گەنج بە دوو

چاوی شەرمن و زیتەوە، دوو ئەستێرەی دووری بچووک لە رەشێنەی چاوەکانیدا دەبریسکانەوە. نیگای شەرمن و سڵوکی لە روخساری خۆی بڕی. لە لێوە قەڵشاوەکانی کە بە حاستەم دەلەرزین، لە گۆنا و بناگوێ و گەردنی. کوڵم و گۆناکانی دەتگوت خوێنیان تیا زاوە. هەڵاڵە بیری کەوتەوە کە جارێک کەسێک داوای ماچی ئەو کوڵم و گۆنایەی لێ کردبوو. جەمال یان کەماڵ؟ ئایا جارێکیتریش کەسێکی تر داوای ماچی لێدەکرد؟ کێ؟ برایمۆک؟ هەڵاڵە لە ئاوێنەکەدا برایمۆکی بینی کە بە هەمان کراس و پانتۆڵی خاکی هەمیشەیەوە، لە پشت سەری راوەستابوو.. چاویلکەی لە چاودا نەبوو، بزەیەکی شیرینی پڕ لە تەمەنا و نیازی لەسەر لێو بوو. خەریک بوو ئارام لێی نزیک دەبووەوە. نزیک و نزیکتر... ئەوسا برایمۆک هەر دوو دەستی هەڵبڕی و شان و باسکی هەڵاڵەی گرت. دەست و پەنجەکانی پڕ بوون لە هێزی عەشق و گەنجی. بە تەکانێک رووی لە ئاوێنەکە پێ وەرگێڕا و، هەڵاڵە وەک کەروێشکێکی بە شەوارە کەوتوو چاوی لە چرای چاوەکانی برایمۆک بڕی و، وەک نێچیرێکی تەسلیم پێڵوەکانی بە ئارامی نیشتنە سەر یەک. پێڵووی چاوی راوچیەکەش نیشتبووە سەر یەک؟ نەیزانی. ئەوەندەی زانی کە هەناسەیەکی گەرم بە رووومەتیدا پژا. جووتێک لێو وەک پشکۆ بە کوڵم و گۆنایدا چزا. داچڵەکی و بەدەم داچڵەکینەوە چاوی هەڵێنایەوە. هێشتا رووی لە ئاوێنەکە بوو، لە کچی ناو ئاوێنەکە ورد بووبووەوە کە هەنیە و بنا گوێی سوور هەڵگەڕاوی سەر ئارەق نیشتبوو. لە شەرمان بە خۆیدا شکایەوە و گورج و خێرا رووی لە ئاوێنەکە وەرگێڕا. ئەمجارە گوڵاڵەی خوشکی بینی کە لە ناو دەرکەی دیوەکەدا راوەستابوو.

گوڵاڵە زەردەخەنەیەکی شەیتانانەی لەسەر لێو بوو. گوتی: «ئەمردم و هەڵەی حەمە رەشید ئاغام لەبەر ئاوێنەدا بینی. ئەوە چیە لە بەرتدایە؟!»

هەڵاڵە کراسێکی ژنانەی چینداری لە بەردا بوو. کراسێکی شین بە گوڵی ورد و بچووکی رەنگاوڕەنگەوە. کراسی گوڵاڵە بوو. کەی و بۆچی ئەو کراسەی لەبەر کردبوو؟

گوڵاڵە گوتی: «لەوە دەچێ تاقە کوڕەکەی حەمەرەشید ئاغاش... هەڵە

گوایش...»

دریژەی پێیەدا. زەردەخەنەکەی زیاتر لەوەی کە شەیتانانە بێت، ستایشکارانە بوو.

«چەندە لێشت جوانە!»

راستی دەکرد. ئەو کراسە کچانە چیندارەی زۆر لێی جوان بوو. هەلالە بە پرتاو کراسەکەی لەبەر خۆی داماڵی و بێ هیچ قسەیەک لە ژوورەکە چووەدەر.

ئەو شەوە و زۆر شەوێتری لەوەدوا، هەلالە لە تاریکی و بێدەنگی ناو پێخەفەکەیدا کچێکی شەرمن بوو کە بیری لە هەموو خۆزگە و حەزە پشت گوێخراوەکانی خۆی دەکردەوە. بیری لە برایمۆک دەکردەوە، لە هەڵس و کەوت و قسە و نیگاکانی، لە سۆزی فلووتەکەی و ئەو شێعرانە کە جاروبار بۆی دەخوێندەوە. برایم چەند رۆژ بەر لەوەی بچێت بۆ ماڵیان دواهەم شێعری بۆ خوێندبووەوە. عەسرێک وەک هەموو عەسران پاش تەواو کردنی کاروبارەکەی لە دیوی رادۆی چووبووە دەر. چووبووە سەر بانی خانووەکە و لە بن سێبەری ئەو پۆپی دارتووەکە، لە نێوان دەنکە دەنکەی تووە هەڵوەریوەکاندا دانیشتبوو. هەلالە کاتێک وەک زۆر جاریتر لە پشتەوە لێی نزیک بووەوە، برایمی بینی کە خەریکی نووسینە. پێی وابوو خەریکی نووسینی شانۆنامەکەیەتی. گوتی: «ئەوە چی دەنووسی؟»

برایمۆک بە بیستنی دەنگی هەلالە دەفتەرەکەی لێک نا. هەلالە لە پەنایدا لە سەر پەتووەکە دانیشت.

«پێم نالێی خەریک بووی چیت دەنووسی؟»

«هیچ... شتێکی وا نەبوو. بەعزێک وڕێنە و دەردە دڵ...»

«کەواتە شێعرت دەنووسی، ها؟»

داوای لێکرد کە بۆی بخوێنێتەوە. برایمۆک دەفتەرەکەی کردەوە و چەند رستەیەکی بۆ خوێندەوە.

«کە شەرم دەرکە لە گوێتم دادەخا

تۆ بۆ لە زمانی نیگام ناگەیت؟

لە رازی ئەو گوڵە سوورە

کە هەموو بەیانیەک لەسەر ڕێگەت دەڕوێ...»

هەڵاڵە هەر ئەوەندەی لە بیر مابوو.

گوتی: «جوانە، بەڵام...»

«دەزانم تۆ حەز لەم جۆرە شێعرانە ناکەیت.»

هەڵاڵە پێشتر ئەوەی پێ گوتبوو. گوتبووی: «بەلامەوە سەیرە تۆ لەم شاخ و دۆڵە، لە ژێر هاڕە و گرمەی تەیارە و ناڵە و نرکەی تۆپ و مووشەکباراندا، لە بری گوتنی شێعری حیماسی و شۆڕشگێڕانە شێعری ئاوا بنووسیت.» برایم بەخۆیدا شکابووەوە، تەریق بووبووەوە و ئارام و لەسەرخۆ، وەک هەمیشە بە تەوازوعەوە گوتبووی: «کەواتە ئەمانەم وەک شێعر لێ وەرمەگرە. وەک وڕینەیەکی گەنجانە سەیریان بکە.»

لەوەدوا هەڵاڵە هەرچی هەوڵیدا ئەو کچە تازە دەرکەوتووەی دەروونی بەند بکاتەوە و بیگەڕێنێتەوە بۆ سیاچاڵە بێ ناونیشانەکەی پێشووی، نەیتوانی. بەیانیان پاش ئەوەی لە خەو هەڵدەستا بۆ ماوەیەکی کورت بیری لەو خەونە ئاڵۆز و پچڕ پچڕانە دەکردەوە کە دیبوونی. هەندێک لە دیمەنەکانی دەهێنایەوە بەرچاوی و، ئەوسا هەڵدەستا و بێ ئختیار بەرەو ئاوێنەی دیوەکە دەچوو. بەختی بوو کە گوڵاڵەی خوشکی هەرگیز بەر لە ئەو لە خەو هەڵنەدەستا تا لەبەر ئاوێنەکەدا ببینێ و بە زەردەخەنە و پێکەنینەوە بڵێت: تاقە کوڕەکەی حەمەڕەشید ئاغاش... هەڵە گیانیش... ئەو کاتانە دایکی لە سەر بانیژە بوو. ئەگەر ئەو بهاتبایە ژوور و لەبەر ئاوێنەکەدا بیدیبایە چی دەگوت؟ بە تایبەت کاتێک کە هەڵاڵە وەک ئەوەی لە ڕوخساری عەزیزێک ورد بووبێتەوە کە تازە لە سەفەرێکی دوور و درێژ گەڕاوەتەوە، لە ڕوخساری خۆی ورد دەبووەوە.

دایکی دەیگوت: «کچم خۆ کافر نابی ئەگەر دەستێک بە خۆتا بێنی! بەو سەر و قژ و ڕوومەت و چاو و برۆیەتا... بەو لەش و لارە جوانەتا...»

دەیگوت: «ساوەڵا دەستێک بە خۆتا بێنی و تۆزێک قەدری خۆت بگری، هەموو ئەم دۆڵ و دەربەندە کچی وەک تۆ جوانی تیانییە.»

هەڵاڵە دەیگوت: «چی بکەم دایە؟ دەکرێ سوورا و سپیاو بکەم و تەوێڵ و لاجانگم هەڵگرم و بچم بۆ رادوێ!؟»

«بۆ ناکرێ؟ ئەی بۆ ئەوانیتر دەیکەن؟ بۆ ئەوانیتر وەک تۆ قەهریان لەسەر و قژی خۆیان نەکردوە؟ تۆ بچۆرە بەر ئاوێنە سەیرێکی خۆت بکە...»

گوڵاڵە دەیگوت: «ناوێرێ دایەگیان! دەتۆقێ!»

گوڵاڵە بە شۆخی و گاڵتەوە دەیگوت. هەڵاڵە پێنەدەکەنی.

دایکی دەیگوت: «مەترسە، ئاواش سەد ئەوەندەی تۆ جوانە.»

دایکی راستی نەدەکرد. ئەویش وەک خەڵکیتر کچی قەڵەو و سوورو سەپانی پێ جوان بوو. کچی وەک گوڵاڵە کە قەڵەو و گۆشتن بوو، سمت و کەفەڵی زل و، سنگ و مەمکی گەورە بوون. خەڵکی ئاوایی دەیانگوت: «ماشەڵڵا لە جوانی ئەو کچەی میرزا رەشید. دەڵێی بەرانی دابەستەیە، سمت و قوونی خۆی پێهەڵناگیرێت. بە دوو وچان نەبێ بە هەورازی بەرماڵەکەیاندا هەڵناگەرێت...» هەڵاڵە بە پێچەوانەی گوڵاڵە، وەک ئاسکە کێوی بە هەوراز و شاخ و داخا هەڵدەگەڕا. بەیانیان ئەگەر باوکی لە ماڵ نەبوایە و بە تەنیا بچوایە بۆ شاخ، لەوبەر پردەکەوە وازی لە رێگە پێچاو پلووچەکە دەهێنا و راست بە ناو بەرد و شێخەڵەکاندا هەڵدەگەڕا.

بەڵام ماوەیەک بوو بەناو بەردو شێخەڵەکاندا هەڵنەدەگەڕا، بە رێگەکەدا دەڕۆشت. وردو بەکاوەخۆ، چاوی بەملاولادا دادەپچڕی و لە گوڵێکی سووری بچووک دەگەڕا کە لەسەر رێگەکەی روابێت.

ساڵەها لەوە دوا بوو کە دەیگوت: «گەوج بووم یان عاشق نازانم، ئەوەندە دەزانم زۆر بە هیوا بووم ئەو گوڵە سوورە بچووکە ببینم کە برایم گوتبووی رازێکی نەدرکاوی بەلاوەیە.»

دەیگوت: «گەلێک گوڵی گەورە و بچووکی رەنگاورەنگم دەبینی کە لەمبەراوبەری باریکە رێگەکە بە ناو گژ و گیاکاندا بڵاو بووبوونەوە، گەلێک گوڵی جوان، بەڵام هیچیان ئەو گوڵە نەبوون کە بەتایبەت لەسەر رێگەی من روابن.»

تا ئەوەی لە یەکێک لەو بەیانیانە کە وازی لە راستە رێگەکە هێنابوو، وەک جاران

بە ناو شێخەڵەکاندا بەرەو بارەگای رادوێ دەچوو، گوڵێکی سووری بینی. گوڵێکی ئەوەندە بچووک کە چاوی تیژ نەبوایە نەیدەبینی. خەریک بوو پێی لێبنێت کە هەنگاوی بە حەواوە رچی و پێی ئان و سات رەوتی رۆشتنی گۆڕی. ئەو گوڵە لە هیچکام لەو گوڵانە نەدەچوو کە لێرە و لەوێ سەریان لە گژو گیاکان دەرهێنابوو. گوڵێکی تایبەت بوو. دەتگوت هەر لەو کات و ساتەی بەر لە بینینی، تەنیا و تەرە لەسەر ئەو چەقی رێگەیە سەری لە زەوی دەرهێناوە. سێ یان چوار پەڕی ناسکی بوو، بنی پەڕەکان جەرگیەکی تۆخ و لێوارەکانیان ئاڵ بوو. هەر سێ و چواریان بە لاسقێکی باریک و ناسکەوە بوون کە بە حاستەم لە ئەنگوستێک هەڵکشاوتر بوو. هەلالە بە خۆشحاڵییەوە نەویەوە و بێ ئختیار دەستی بۆ درێژ کرد. بەر لەوەی دەستی بیگاتێ دڕکێکی بچووک پەنجەی گەست. ئەو گەستنە بوو کە دەستی پێ کشاندەوە و بەرلەوە پەنجە بۆ زاری بیات، دڵۆپێک خوێنی سووری لە رەنگی گوڵەکە لە سەر پەنجەی بینی. خوێنەکەی سڕی و هەر دوو بەرە دەستی لە حاست گوڵەکە خستە سەر عەرز.

«چ رازێکت بۆ من پێیە گوڵە بچووکەکە؟ بیدرکێنە. بیڵێ.»

گوڵەکە هیچی نەگوت. برایمۆکیش هیچی نەگوت کاتێک هەلالە هەواڵی بینینی گوڵەکەی پێ ڕاگەیاند.

گوتی: «گوڵێکی سەیر بوو، برایم. پێشتر لە هەموو ئەم دۆڵەدا گوڵی ئاوام نەبینیبوو. نازانم چۆن لەسەر ئەو چەقی رێگەیە پێشێل نەکرابوو.»

هەلالە کاتێک ئەوەی گوت کە لەبەر پەنجەرەی دیوەکەی رادوێ، روو لە دەرەوە راوەستابوو. برایمۆک لە ناو دیوەکە پاڵی بە قەفەسەی کتێبەکانەوە دابوو، دانیشتبوو. کتێبێک لە سەر رانی راستی بوو، هەروەها پارچەیەک کاغەز و قەڵەمێکیشی بە دەستەوە بوو. پێدەچوو خەریکی یادداشت کردنی هەندێک رستەی کتێبەکە بێت. ئەو بێدەنگ سەری لەسەر کتێب و کاغەزەکە هەڵبڕی و هاوکات هەلالەش ئاوڕێکی کورتی لێدایەوە. لەو ساتە کورت و تیژ تێپەڕەدا برایمۆک هەلالەی جارانی نەبینی. کچێکی بینی کە بە شەرمەوە چاو و نیگای لێ دەدزییەوە. برایمۆک ویستی شتێک

بڵێت. هەڵاڵە ئەگەرچی رووی لێی نەبوو بەڵام هەستی کرد دەیەوێ شتێکی پێ بڵێت و پرسیارێکی لێ بکات. مەسەلەن لێی بپرسێت: گوڵەکە هیچی پێ نەگوتی؟ بەڵام برایمۆک نەیپرسی. بەرلەوە لێی بپرسێت دەرکەی دیوەکە کرایەوە، مامۆستا حەسەن هاتەو ژوور و بە خۆشییەوە گوتی: «برایم، برادەران دەقی شانۆنامەکەتیان پەسند کردووە. دەتوانی لە ئیمڕۆوە ئەکتەرەکانت هەڵبژێری و دەست بە کار و تەمرین بکەیت.»

هەواڵەکەی مامۆستا فەزای ژوورەکەی وەها گۆڕی کە دوای ئەوەی دیسان رۆشتە دەر، هیچیان، نە هەڵاڵەو نە برایمۆک نەکەوتنەوە دۆخی بەرلە هاتنەکەی. برایمۆک لە شوێنەکەی هەستاو دەفتەرێکی سپی لە ریزی کتێبەکان دەرهێناو گوتی: «یارمەتیم دەدەی ناوی ئەکتەرەکان بنووسین؟»

هەڵاڵە بەر پەنجەرەکەی بەجێهێشت و چوو لە پەنایدا دانیشت.

«ئەرێ، ئامادەم.»

ئەوسا یەکەم کەسی نووسی: «هەڵاڵە بۆ دەوری ژاندارک.»

شانۆگەرییەکەی برایمۆک جگە لە هەڵاڵە پێویستی بە دە تا دوازدە کەسی تریش بوو. دوو رۆژ گەڕا تا ئەو کەسانەی دۆزیەوە. کەسانێک کە هیچکامیان پێشتر ئەزموونی کارێکی وایان نەبوو. بەوحاڵەش لە کەمترین کاتدا دیالۆگەکانیان لەبەر کرد و جێورێی خۆیان لە نواندنەکەدا دۆزییەوە. تەنیا کەسێک کە پاش حەوتوویەک هێشتا دیالۆگەکانی لەبەر نەکردبوو، لە کاتی تەمرین کردن لەسەر بانی رادوێ بەردەوام دەورەکەی لێ تێکدەچوو، هەڵاڵە بوو. برایمۆک سەیری دەهاتێ و دەیگوت: «گوێ بگرە هەڵاڵە تۆ دەوری ژاندارک دەبینی. دەوری فەرماندەی سوپایەکی رزگاریخواز کە گرتوویانەو خەریکن مەحکەمەی دەکەن. تۆ دەبێ لەم دادگایەدا بەوپەڕی متمانەکردن بە خۆت و بیر و بۆچوون و کردارەکانت، قسە بکەیت. دەبێ بە شێوەیەک بدوێیت کە سۆزی بینەری شانۆکە بەلای خۆتدا رابکێشیت. دەبێ بەسەر رەوتی مەحکەمەکەدا زاڵ بیت.» ئەوسا دەیگوت: «ئاوا نابێ... نا، نا... ئاوا نابێ.» هەڵاڵە بە خۆیدا دەشکایەوە بەڵام هیچی نەدەگوت.

برایمۆک ناچار تەمرینەکەی رادەگرت و ئیزنی ئەکتەرەکانی دەدا. رۆژێک کە ئەکتەرەکان رۆشتن، برایم گوتی: «چی بووە هەلاڵە؟ چی روویداوە؟ ماوەیەکە وەک جاران نیت.»

دایکیشی ئەوەی گوتبوو. گوتبووی: «ماوەیەکە کز و ماتی، کاس و بێدەنگی، نەکا نەخۆش بیت و لە ئێمەی بشاریتەوە!» دایکی لە نەخۆشی دەترسا. پاییزی پار نا پێرار، هەلاڵە کەوتوویی گرتبوو، نزیکەی مانگێک لە ناو جێدا کەوتبوو. دایکی لە سەرهەڵدانەوەی دەترسا. گوڵاڵە گوتبووی: «هیچ نییە دایە. لەخۆوە نیگەرانی.» گوتبووی: «نەخۆشە بەلام کەوتوویی نییە.»

«ئەی چییە؟»

هەلاڵە گوتبووی: «هیچ نییە. گوڵاڵە لە خۆوە قسە دەکات. تەنیا تۆزێک بێتاقەت و وەڕسم.»

«لەچی بێتاقەت و وەڕسی؟ لە کێ؟»

برایمۆک نەدەبوو ئەو پرسیارەی لێبکات. ئەوان لە سەر بانی رادوێ هاتبوونە خوار. نەچووبوونە ژوور، بە لێژی پشت بانەکەدا هەڵگەڕابوون. برایمۆک گوتی: «دەمەوێ شتێکت نیشان بدەم.»

«چی؟»

«شوێنێکی خۆش. کانییەک کە پێشتر نەتبینیوە. نەک هەر تۆ، دڵنیام کەس نەیبینیوە.»

لە ژوور خانووەکەی رادوێ، لە ژوور بارەگای راگەیاندن، لە ژوور هەموو خانوو و بارەگاکانیتر، برایمۆک باریکە ئاوێکی نیشان هەلاڵەدا کە لە سنگی گابەردێکی گەورە و زەلامەوە هەڵدەقوڵا، بە شیوەڵێکی باریکی دەستکردا تا داوێنی گابەردەکە دەڕژایە خوار. دەڕژایە ناو حەوز و ئەستێرێکی بچووکی دیسان دەستکردەوە. لە ئەمبەراوبەری حەوزە بچووکەکە دوو تەختە بەرد وەک بەردە نوێژی گوێ کانییەکان داندرابوو. رێبوار پاش ئەوەی دوو مست ئاوی لە حەوزەکە خواردەوە، لە سەر یەکێک لەو دوو تەختەبەردە دانیشت و لە کاتێکدا دەستی تا مەچەک خستبووە ناو ئاوی

حەوزەکەوە گوتی: «ئێرە ئەو شوێنە خۆشەیە کە باسم کرد. دڵنیام پێشتر نەهاتووی و نەتبینیوە.»

هەڵاڵە بیری کردەوە، زۆرجار بە لاپاڵی ئەم شاخەدا هەڵگەڕابوو، بەڵام ئەم کانی و حەوزە بچووکەی نەبینیبوو. لەوە نەدەچوو کەسی دیکەش بینیبێتی. ڕەنگە لەبەر ئەوەی کە لە باریکە ڕێگەکەوە دوور بوو، یان لەبەر ئەوەی کە شوێنەکەی سەقەت و بەردەڵان بوو. گوتی: «بە ڕاست شوێنێکی خۆشە. شوێنێکی تایبەت.»

شوێنەکە زۆر خۆش نەبوو، بەڵام تایبەت بوو. چاوێک بوو کە بە سەر هەموو ئەو دۆڵ و دەربەندەدا دەیڕوانی و، لە هەمان کاتیشدا لە چاوی هەموو ئەو دۆڵ و دەربەندە نەدیو بوو. جگە لە گابەردەکەی پشتی کە بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە ئەو باریکە ئاوەی لێ هەڵدەقوڵا، ئەمبەراوبەریشی دیواری بەرد بوو. تەنیا بەردەمی ئاوەڵا بوو، باریکە ئاوەکەش پاش ئەوەی لە لچ و لێوی حەوزەکەوە سەر ڕێژ دەبوو بەو بەردەمەدا شۆڕ دەبووەوەو، ڕەنگە لە عەرزەکە ڕۆ دەچوو. برایمۆک گوتی: «بە تەمام بەهار لەو بەردەمە نەمامێک بنێژم تا ئاوی کانیەکە بە خەسار نەچێت.»

«نەمامێک!؟»

هەڵاڵە خەم دایگرت. بە خەمبارییەوە پرسی.

برایمۆک گوتی: «دوو نەمام. ئەم ئەنگوستە ئاوە دوو نەمام زیاتری پێ تێراو نابێت.»

گەشایەوە. دوو نەمامی بینی کە لەگوێ حەوزە بچووکەکە باڵایان دەکردو لقوپۆیان تێک دەئالا. بزەیەک نیشتە سەر ڕوومەتی. ئان و سات وەخۆی هاتەوە و بەر لەوەی بزەکەی بتارێنێ، نەویەوە و مستێک ئاوی لە حەوزەکە خواردەوە. ئاوێکی خۆش و سارد وەک بەفراو.

برایمۆک گوتی: «دانانیشی؟»

هەڵاڵە لەوبەر کانی و حەوزەکە، لەسەر تەختە بەردەکەی تر دانیشت.

«ئێستا پێم ناڵێیت لە چی وەڕس و بێتاقەتی؟ لە کێ؟»

هەڵاڵە گوتی: «ڕەعنا. ئەم جومعەیە دەیگوێزنەوە.»

«رەعنا!؟»

چۆن بوو لەو کاتەدا هەڵاڵە ئەو ناوەی بە زاردا هات؟ چۆن بوو ئاوا کوتوپڕ بیری رەعنا کەوتەوە؟

برایمۆک هیچی وای لە رەعنا نەدەزانی، لە کچی سۆفی حەمەکەریم کە لە بری خاتوو کڵاوزێڕی کچی پاشا شووی بە میرخوناوک کردبوو، پاش ساڵ و مانگێک تەڵاق درابوو. رەعنا بۆ دواهەم جار کە وەڵامی خوازبێنیەکەی حاجی مینەی دارتاشی دابووەوە، گوتبووی: «بە مەرجێک شووی پێدەکەم زەماوەندم بۆ بکات. شایی و گۆڤەندێکی حسابی.» حاجی مینە گوتبووی: «لە تەمەنی من تێپەڕیوە. تازە شایی و گۆڤەند بۆ من عەیب و ناشیرینە، خەڵک قسەم پێدەڵێن، گاڵتەم پێدەکەن.» رەعنا گوتبووی: «مادام وایە با واز لە هێنانی من بێنێت.» گوتبووی: «مەرجی من بۆ شوو کردن شایی و گۆڤەندە، شایی و گۆڤەندێکی گەورە کە هەموو خەڵکی ئاواییی و هەموو دانیشتوانی ئەم دۆڵ و دەربەندە تیایدا بەشداربن.»

ئەو مەرج و بڕیارە دەماودەم بە گوێی خەڵک گەیشتبووەوە. هەڵاڵە کە بیستبووی بڕوای نەکردبوو. کاتێک دڵنیا ببوو، چووبوو بۆ لای رەعنا.

«ئەوە چیە؟ بیستوومە پیلەی...»

رەعنا قسەکەی پێ بڕیبوو.

«پیلە نییە، هەڵاڵە خان. منیش وەک هەموو ژنێکیتر حەزدەکەم بە شایی و هەڵپەڕکێ و دەهۆڵ و زوڕنا بچمە ماڵی بەختم.»

ئەوسا زەردەخەنەی کردبوو، زەردەخەنەیەکی ئەوەندە تاڵ کە هەڵاڵە ویستبووی بگری. رەعنا گوتبووی: «دەبێ تۆش بێی بۆ شاییەکەم. دەبێ هەمووتان بێن.»

«تۆ دەتەوێ کێ ئازار بدەی رەعنا؟ من یان باوکم؟»

رەعنا سەری داخستبوو، هیچی نەگوتبوو. هەڵاڵە لێی ورد بووبووەوە. رەعنا لەوەتی تەڵاق درابوو جوانتر ببوو، لە خاتوو کڵاوزێڕی کچی پاشاش جوانتر. حەمە رەشید ئاغا مانگێک دەبوو چووبوو بۆ جەولە و هێشتا نەگەڕابۆوە. هاوڕێکانی دەیانگوت: «تا ئاهەنگی میهرەجانی ساڵانەی ئەم دۆڵە ناگەڕێتەوە. هەڵاڵە دەیزانی تا پاش

زەماوەندی رەعنا ناگەڕێتەوە.»

برایمۆک گوتی: «تۆ پێتوایە باوکیشت ئەو ژنەی خۆش ویستبێت؟ یەعنی... چۆن بڵێم... پێتوایە ئەویش عاشق بووبێت؟»

رەعنا گوتبووی: «نازانم.» گوتبووی: «ژن هەرگیز لە عەشق و خۆشەویستی پیاو ناگات، ئەویش پیاوێکی وەک میرزا حەمەرەشید.»

هەڵاڵە گوتی: «ئەی تۆ برایمۆک، تۆ منت خۆش دەویّ؟»

لە زەینی خۆیدا ئەوەی گوت؟ لە خەیاڵیدا ئەوەی پرسی؟ ئەی بۆ گوتنەکە لەگوێیدا زرینگایەوە؟ بۆ برایمۆک ئاوا داچڵەکی و حەپەسا؟ برایمۆک بە حەپەساوییەوە سەری بەملاولادا سووڕاند و نیگای بە لێژی شاخەکەدا شۆڕ کردەوە، بە ناو بەرد و شێخەڵەکاندا، بۆ سەر بانی خانوو و خێوەتەکان. سەربانی زۆربەی خانوو و خێوەتەکانی لیّ دیار نەبوو. زۆربەیان لەو دیو گابەرد و شێخەڵەکان، لە بن لقوپۆپی دارە بێبەر و بەبەرەکان خۆیان شاردبووەوە. ئەوەی کە بوونیانی ئاشکرا دەکرد هات و چووی تاک و تەرای دانیشتوەکانیان بوو. لەسەر بانی هەندێک لە خانووەکان کۆمەڵە خەڵکێک دانیشتبوون. حەتمەن گوێیان بۆ دەنگی رادوێکانیان شل کردبوو. عەسر بوو، عەسرێکی تا رادەیەک درەنگ. رادوێی شاخ، بە دەنگی نێر و حەماسی جەزا هەواڵەکانی بڵاو دەکردەوە. جەزا کوڕێکی بەلە باریکەی دوو چڵ ئێسقان بوو. برایمۆک گوتبووی: «من تێناگەم ئەو دەنگە نێر و حەماسیە لە کوێی ئەو جەستە لاواز و باریکەڵەوە دێتە دەر!؟»

جەزا لە شانۆگەریەکەشدا دەوری سەرۆکی مەحکەمەکەی دەبینی. برایمۆک گوتبووی: «پێویست ناکات لە دەوری سەرۆکی مەحکەمەشدا ئاوا نێر و حەماسی قسە بکەیت. نابێ دەنگت بەسەر دەنگی هەڵاڵەدا زاڵ بێت.» جەزا گوتبووی: «ئەی چۆن قسە بکەم؟» ئەوسا دەنگی خۆی نووزن و ناخۆش کردبوو.

«تۆ کچێکی کە لە ئەمری خودا و کلێسا یاخی بوویت. پێویستە تۆبە لە کردەوەکانی خۆت بکەیت و ...»

جەزا بەشۆخی و گاڵتەوە، وەها کە لاسایی سەرۆکێکی پیر و نووزنی دادگا بکاتەوە

ئەوەی گوتبوو. برایمۆک گوتبووی: «ئەرێ ئاوا باشە. زۆر باشە. بەم شێوە بینەرانی شانۆکە رقیان لە دەنگ و دەم و دووت دەبێتەوە و ئێمەش ئەوەمان دەوێت.» دەستەیەک چەکدار بەریز بە شاخەکەدا هەڵدەگەڕان، بەو باریکە رێگەدا کە بەرەو ترۆپکی شاخەکە، بەرەو شوێنێکی بەرزتر و بڵیندتر لەو سەر کانی و حەوزەی دەبردن. برایمۆک دڵنیا بوو بەلای ئەواندا تێناپەڕن و، بەلاشیاندا تێپەڕن نایانبینن. نیگای لە ئەوانەوە بەرەو خوارتر گوێزایەوە، بەرەو دوورتر، بەرەو بەربڵاوی ئەو دۆڵە. چەند ئاوایی بە دامێن و قەدپاڵی شاخەکانی ئەو دۆڵەوە بوون کە گەورەترینیان ئاوایی ماڵی هەڵاڵە بوو. برایمۆک زۆربەی ئەو ئاواییانەی نەدەبینی. ئەوەی کە دەیبینی دەشت و مەزرای زەرد هەڵگەڕاوی خوار ئاواییەکان بوو، گاو گۆل بوو کە لە کەرتە دروێنە کراوەکان کرابوون، خەرمانەی گەنم و جۆ و نۆک بوو کە دوورو نزیک هەڵدرابوونەوە، ئەو ژن و پیاوە وەرزێرانە بوون کە خەرمانەکانیان بەرەو ئاوایی بەجێدەهێشت. برایمۆک لەو دیمەنەی دەڕوانی. لە جوانی و رەنگاورەنگی ئەو دۆڵە ورد بووبووەوە، لەو سەدان و هەزاران کەسە دەفکری کە لەو دۆڵەدا دەژیان، لە خەون و خۆزگەکانیان دەفکری. لە پرسیارەکەی هەڵاڵە دەفکری.

«تۆ منت خۆش دەوێ؟»

ئایا بە هەڵە نەچووبوو؟ ئایا بە راست هەڵاڵە ئەوەی لێ پرسیبوو؟ برایمۆکیش وەک خۆدی هەڵاڵە دڵنیا نەبوو، بۆیە نەیدەوێرا وەڵام بداتەوە. هەڵاڵەش لەوبەری کانیەکەوە لەگەڵ خۆی مشت و مڕی بوو. ئەگەر لە زەینی خۆیدا پرسیبێتی، ئەی بۆ برایم ئاوا حەپەساو و بێدەنگە؟ ئەگەر بە دەنگی بەرز گوتبێتی، ئەی بۆ وەڵامی ناداتەوە؟ خۆزگە بە دەنگی بەرز پرسیبێتی. خۆزگە بتوانێ پرسیارەکەی دووبارە بکاتەوە. هەڵاڵە پرسیارە بێ پێشەکی و کوتوپڕیەکەی دووبارە کردەوە.

«نەتگوت منت خۆش دەوێت یان نا؟»

«ها؟ چی؟»

کەواتە برایمۆک بە هەڵە نەچووبوو. ئەو بە حاستەم سەری وەرسووڕاند و نیگای لەو دیمەنە بەربڵاوەوە بۆ هەڵاڵە گوێزایەوە.

«ئەرێ خۆشم دەوێی... زۆرم خۆش دەوێی... ئەوەندەم خۆش دەوێی کە...»

نەیزانی دەبێ چیتر بڵێت. ئەوەندەی زانی کە لە ناو ئاوی حەوزە بچووکەکەدا دەستی هەڵاڵە لە دەستی نزیک بووەوە و پەنجەکانیان وەک پۆلە ماسییەک لە یەکتر ئاڵان.

هەڵاڵە تا ساڵەها لەوەدواش، تا دوارۆژەکانی ژیانی ئەو رۆژە و، ئەو سەر کانی و ئەستێرە بچووکەی لە بیر مابوو. ئەو باریکە ئاوە ساردەی لە بیر مابوو کە لە دڵی گابەردەکەوە هاتبووە دەر و فێنکایی بە رۆحی بەخشیبوو. دەیگوت: «ئەو رۆژ جوانترین رۆژ و، ئەو سەر کانی و ئەستێرە بچووکە خۆشترین شوێنی ژیانم بوو. خۆشترین شوێنی ژیانمان بوو. لەو رۆژەوە ئەو کانی و حەوزە بچووکە بوو بە ژوانگەمان، بوو بە میحرابی عەشقمان، بوو بە شوێنی ستایشکردنی بەخشندەییمان بۆ یەکتر.»

بەخشندە بوون بۆ یەکتر. هەر ساتە و شتێکیان بە یەکتر دەبەخشی. بیرێکی تازە، هەستێکی بێگەردی ئینسانی... لەو رۆژەوە دەنگ و سۆزی فلووتەکەی برایمۆک گۆڕانێکی سەیری بەسەردا هات. فلووتی بژەنیایە دنیا رەنگی دەگۆڕی، ئەو شاخ و دۆڵە کە رەنگینتر لە هەموو پاییزێک بوو، رەنگی دەگۆڕی. شێعری بگوتایە... برایمۆک جوانترین و پڕ هەستترین شێعرەکانی لەو رۆژانەدا گوت. ئەو، هەموو سۆز و جوانی نۆت و وشەکانی بە بەخشندەیی عەشقی هەڵاڵە دەزانی. بەخشندەیی و عەشقی برایمۆکیش بوو کە ساتەکانی هەڵاڵەی پڕ کردبوو لە سۆز و جوانی نۆت و وشە. لە گوێی ئەو کانییە کە لەو رۆژەوە ناویان نا کانی عاشقان... سەرەتا کانی عەشق بوو، دواتر خەڵک کردیان بە کانی عاشقان. بەخشندەیی ئەو عەشقە هەموو خەڵک و دانیشتوانی ئەو دۆڵەشی گرتەوە. هەموو ئەوانە کە ئێوارەی رۆژانی جومعە، سەری سەعاتی پێنج، بە حەزەوە پێچی رادوێکەیان شل دەکردو، دەنگێکی خۆش مژدەی هاوڕێیی لە گەڵ کاروانی شێعر و ئەدەبی دەدانێ. گوڵزاری شێعر و ئەدەب... بە دوای ئەو رستەدا فلووتەکەی برایمۆک دەیهێنانە جۆش و خرۆش،

ئەوسا دەنگە بە سۆزەکەی هەڵاڵە و هەمدیسان برایمۆک...

هەڵاڵە و برایمۆک جوانترین و سەرنجڕاکێشترین بەرنامەکانی گوڵزاری شێعر و ئەدەبیان لەو ڕۆژانەدا تۆمار و بڵاوکردەوە. هەڵاڵە ژیننامەی پڕ لە عەشق و خۆشەویستی شاعیرانی دەخوێندەوە و برایمۆک عاشقانەترین شێعرەکانیان. برایمۆک لە بەر دەمی میکرۆفۆنی ژووری تۆمار کردندا چاوی لە روخساری هەڵاڵە دەبڕی و لە زاری بەناوبانگترین شاعیرانەوە بە باڵایدا هەڵدەگوت. زیاتر لە خۆیان بەرپرسی تۆمار کردنەکە بوو کە چێژی لەو دەنگ و دیمەنە دەبینی. هەڵاڵە و برایمۆک ئاگایان لە چاو و گوێ و بزەی شیرینی سەر لێوی بەرپرسی تۆمار کردنەکە نەبوو. دەربەستیش نەبوون. دەربەستی هیچ کەس و هیچ شتێک نەبوون، جگە لەوەی کە دەنگی هاوبەش و سۆزی شێعرو پیاهەڵگوتنەکەیان، بە هەموو شاخ و داخ و شار و گوندی وڵاتەکەدا بڵاو دەبووەوە. برایمۆک دەیگوت: «سەیرە هەڵاڵە، من و تۆ تەنیا جووتە دڵداری ئەم وەڵاتەین کە هەموو کەس، لە هەموو شوێنێک چرپەی دڵدارانەمان دەبیستێت. تەنانەت کەس و کارەکەی خۆشمان، باوک و دایک و براو هاورێکانیشمان.»

بەڵام ئەو ڕۆژە خۆشانەش وەک هەموو ڕۆژانێکی خۆشی تر کوڵ و گورج تێپەڕین و لەکاتێکدا کەهیچیان چاوەڕوانییان نەدەکرد، میرزا حەسەنی بەرپرسی بەشی ڕاگەیاندن گوتی: «سەرکردایەتی ئەمری کردووە، دەبێ بەشی چاپەمەنی لەمە زیاتر چالاک بکرێت.»

مامۆستا ئەو قسەی لە کۆبوونەوەیەکی گشتی ئەندامانی بەشی ڕاگەیاندن کرد. گوتی: «دوو سێ کادر لە بەشەکانیترەوە دەبێ بچنە بەشی چاپەمەنی و بڵاڤۆک.»

ئەوسا رووی کردە برایمۆک:

«تۆ برایم گیان، تۆ کادرێکی چالاک و پیاوێکی ڕۆشنبیر و دەست بە قەڵەمی، تۆ دەبێ لەمەدوا بچیتە بەشی چاپ و بڵاڤۆکەوە. من بە تەمام زۆربەی کاروباری ئەو بەشە بە تۆ بسپێرم.»

برایمۆک داچڵەکی.

«ئەی رادویێ!؟ ئەی بەرنامەکانم لە رادویێ!؟»

ماموستا گوتی: «لە بری تۆ دوو کەسیتر دەنێرم بۆ رادویێ.» ئەوسا گوتی: «هەندێک لە بەرنامەکانی رادوێش دەبێ گۆڕانیان بەسەر بێت. بۆ نموونە گوڵزاری شێعر و ئەدەب. دەبێ لەمەدوا ئەو بەرنامەیە بە ناوی ئەدەب و شۆڕش ئامادە و بڵاو بکرێتەوە.»

«کێ ئامادە و بڵاوی بکاتەوە؟»

«یەکێک لە کوڕەکان.»

هەڵاڵە گوتی: «ئەی من؟»

میرزا حەسەن گوتی: «تۆ ئێستا کادرێکی بە توانا و بە ئەزموونی. کاتی ئەوە هاتووە کە خۆت بەرنامەیەکی تایبەت ئامادە و بڵاو بکەیتەوە، بەرنامەیەک بۆ ژنان.»

گوتی: «ژنان وەک نیوەی کۆمەڵ کۆڵەکەی سەرەکی شۆڕشن. شۆڕش بە بێ ئەوان وقوربانیدانی ئەوان ناتوانێت بەردەوام بێت. پیاوانی شۆڕشگێڕ بە پشت گەرمی دایک و ژنەکانیان...»

دیسان هەموو ئەو قسانەی کردەوە کە هەڵاڵە لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی تردا بیستبووی. گوتی: «تۆ دەبێ لە بەرنامەکەتدا باسی ئەم شتانە بکەیت. ئەڵبەت تا رێ دەکەوی خۆشم یارمەتیت دەدەم.»

ئەو کۆبوونەوە چەند رۆژ دوای ئاهەنگی میهرەجانەکە گیرابوو. کە کۆبوونەوەکە کۆتایی پێهات و ئەندامەکانی رۆشتنەدەر، برایمۆک رووی کردە هەڵاڵە و گوتی: «هەموو کۆبوونەوەکە بۆ ئەوە بوو کە من لە بەشی رادویێ دەرپەڕێنن، بۆ ئەوەی من و تۆ لێک جیا بکەنەوە.»

بەخەم و دڵپڕییەوە گوتی. هەڵاڵە پاش ئەوەی کەمێک راما، گوتی: «ئەو گۆڕانکاریانە داوای سەرکردایەتی نییە، دەزانم داوای کێیە.»

«کێ؟»

«باوکم.»

حەمەرەشید ئاغا بڕۆی تێکنا و لچی بەردایەوە. گوتی: «ئەوە راست نییە. من

ئاگام لە هیچ نییە.»

حەمەرەشید ئاغا شەو لەماڵەوە ئەوەی گوت.

«نازانم باسی چی دەکەیت. بۆم بگێڕەوە بزانم چی بووە؟ میرزا حەسەن چی کردووە کە تۆ ئاوا لە دەستی تووڕەیت؟»

هەڵاڵە گوتی: «دەزگای ڕاگەیاندنی بە تەواوی شێواندووە. یەک دوو کادێری ئێجگار پێویست و بە ئەزموونی لە ڕادوێوە گوێزاوەتەوە بۆ بەشەکانیتر و...»

«تۆشی گوێزاوەتەوە؟»

«من نا، بەڵام...»

«ئەی کەواتە خەمی چیتە؟»

ویستی بڵێ خەمی برایمۆک، خەمی ئەوەمە کە من و برایمۆکی لە یەکتر جیا کردۆتەوە، بەڵام نەیگوت. لە ڕووی نەهات یان نەیوێرا بیڵێ. بیگوتایە باوکی دەیگوت: «دەست لەو کوڕە هەڵگرە هەڵاڵە. کۆتایی بەم وەزعە بێنە...» هەروا کە دواتر گوتی. گوتی: «من لە شاخ و لە شار دەیان دوژمنم هەیە کە ساڵەهایە لە بۆسەمدا دانیشتوون و، لە هەڵە و خەتایەکی خۆم و خاو و خێزانم دەگەڕێن.»

گوتی: «دەست لەو هەتیوە هەڵگرە، هەڵاڵە. وازی لێ بێنە.»

هەڵاڵە گوتی: «بابە برایمۆک دەیەوێ بمخوازێت. بە تەمایە بێت و خوازبێنی منت لێ بکات.» بەشەرمەوە گوتی. باوکی تووڕە بوو.

«کێ دەیەوێ بتخوازێت؟ ئەو هەتیوە بەرەڵایە کە نازانم کێیەو خەڵکی کوێیەو کوڕی کێیە!؟»

هەڵاڵە لەو تووڕە بوونەی داچڵەکی، ترسا، گوتی: «بابە برایمۆک...»

باوکی گوتی: «من قەت بڕوام بەو هەتیوە نەبووە و نییە. ئێستا لێرەیە و خودا دەزانێ سبەینێ لە کوێیە...»

هەڵاڵە ئەو کاتە دڵنیا بوو کە میرزا حەسەنیش بە خواستی باوکی برایمۆکی گوێزاوەتەوە. باوکی گوتوویەتی: «میرزا کاری باشت نەکرد هەڵت برد بۆ ڕادوێ و خستتە بەر دەستی ئەو هەتیوە.» میرزا گوتوویەتی: «دەی ئەگەر حەز بکەی لە

رادوێ دەیگوێزمەوە، دەینێرم بۆ بەشێکیتر.»

«نا هەڵە مەگوێزەرەوە. ئەو هەتیوە دەر بکە. شێوانی شانۆگەرییەکە بکەرە بیانوو، لە رادوێ دەری بکە.»

شانۆگەرییەکە شێوابوو. کارێک کە برایمۆک و دە دوازدە کچ و کوڕیتر نزیکەی مانگێک زەحمەتیان بۆ کێشابوو، لە دوا ساتەکانی نواندن و پێشکەش کردنیدا شێوابوو. لە کاتێکدا کە دەبوو هەموو بینەرەکانی بهەژێنێت، لەو کاتەدا کە چاوەڕوانیی ئەوە دەکرا بە سەرکەوتووانە کۆتایی پێ بێت، راست لەو کاتەدا هەموو شتێک بە شێوەیەکی ناحەز تێکچووبوو.

هەڵاڵە دەیگوت: «شێوانی شانۆگەرییەکە خەتای من بوو. من تێکمدا و زەحمەتی یەک مانگەی برایمۆک و هاوڕێکانم بە فیڕۆدا.»

هەڵاڵە بە خەمەوە دەیگوت. ساڵەها لەوەدواش بە شەرمەوە ئەو رۆژەی وەبیر دەهاتەوە. ئەو رۆژە رەنگ نارنجییە، ئەو رۆژە بڵێسەییە. ئەو رۆژەکە دەتگوت خەڵکێکی زۆر لە چوارچێوەی رەسمێکدا لە پشت بڵێسەکانەوە لە جووڵە و جمین کەوتوون و تەمێک لە دووکەڵ و خۆڵەمێش نیشتۆتە سەر روخسار و لەشیان. هەڵاڵە پاش ئەو هەمووساڵە ئێستاش بە شەرمەوە لەو خەڵکەی دەڕوانی کە لە بن سێبەری دارگوێزەکان، لە قەراغ چۆمی داوێنی شاخەکە کۆ ببوونەوە و بە زاری داچەقیو و چاوی دەرتۆقیو و نیگای هەراسانەوە لە ئەو ورد ببوونەوە کە ژاندارک بوو.

خەڵک و بینەرەکان زۆر لەوە زیاتر بوون کە چاوەڕوانی دەکرا. زۆربەی دانیشتوانی ئەو دۆڵە، بە گوندی و شارییەوە، بەچەکدار و بێ چەکەوە، بە ژن و پیاو و منداڵەوە، بە فەرماندە و سەرکردەوە هاتبوون. پیاوەکان لە تەختاوکی بن درەختەکان و ژن و منداڵیش لە لێژی داوێنی شاخەکە بە ریز دانیشتبوون. کۆمەڵە گەنجێکیش لەسەر پەلی درەختەکان بوون. میهرەجانەکە کۆبوونەوەیەکی نائاسایی و، مەترسی هێرشی تەیارە و هەلیکۆپتەر زۆر بوو. بۆیە لە هەموو بەرزاییەکان نیگابان بە هەموو جۆرە چەکێکەوە داندرابوو. شانۆگەریەکە دواهەم بەشی میهرەجانەکە بوو. نواندنی

یەکەمی تایبەت بوو بە دادگایی کردنی ژاندارک، کە بە خۆشیەوە کۆتایی پێ هاتبوو. لەو نواندنەدا ژاندارک بە جلکی پیاوانە و پێی بە زنجیرەوە لە بەر دەمی خەڵک و قازی و قەشەکاندا هەموو ئەو قسانەی کردبوو کە دەبوو بیکات. نە وەها حەماسی کە برایمۆک چاوەڕوانی دەکرد، ئارام و لەسەرخۆ، هەندێک جار ئەوەندە ئارام کە برایمۆک ناچار بوو ئیشارەتی بۆ بکات. بە نیشانەی بەرز کردنەوەی دەنگی دەست هەڵببڕێت. برایمۆک لە تەنیشت شوێنی نواندنەکە ڕاوەستابوو. هەڵاڵە چاوی لێبوو کە بە ئیشارەتی سەر و دەست و جووڵەی ئاشکرای دەم و لێوی، دیالۆگە لە بیرچووەکانی، شێوازی جووڵە و هاتن و چوونەکانی وەبیر دەهێنایەوە. نیگای برایمۆک تەنیا نیگای دەرهێنەرێکی جیدی بۆ ئەکتەرەکەی نەبوو، نیگای هونەرمەندێکی عاشق بوو بۆ دڵدارەکەی. هەڵاڵە ئاواتەخواز بوو زوو ئەو مەحکەمە کۆتایی پێ بێت و هەڕەشە و گوڕەشەی قازی و قەشەکان ببڕێتەوە. حەزی دەکرد خۆی لە چاو و نیگای پڕ لە ستایشی ئەو هەموو خەڵکە قوتار بکات، دەستی برایمۆک بگرێت و دوو بە دوو بڕۆن بۆ سەر کانی عاشقان، بۆ گوێ ئەو حەوزە بچووکە. بڕۆن لە نەدیوی، دوور لە چاوی ئەو هەموو خەڵکە... دیسان دیالۆگەکەی لەبیر چووبووەوە. دیسان برایمۆک بە جووڵەی دەم و لێوی...

هەڵاڵە نەیدەزانی بۆچی پێیوابوو برایمۆک داوای ماچی لێدەکات. وەک ساڵەها لەوە بەر کە جەمال یان کەمال لە کاتی نواندنی شانۆییەکدا داوای ماچی لێکردبوو. هەڵاڵە ماچی بە جەمال یان کەمال نەدابوو. بیری کردەوە بەڵام ماچی بەبرایمۆک دەدا. ئای کە حەزی دەکرد زوو ئەو نواندنە کۆتایی پێ بێت و بچێت لە سەرکانی عاشقان ماچێک بە برایمۆک بدات.

نواندنی یەکەمی شانۆگەرییەکە کۆتایی پێهات و دوو چەکدار ژاندارکیان بۆ زیندان گەڕاندەوە. خەڵکەکە دەستیان کرد بە چەپڵە لێدان. ئەکتەرەکان لە پشت پێشەڵانی گوێ چۆمەکە بوون کە برایمۆک چووە لایان و ماندوو نەبوونی لێکردن، لە یەکە یەکەیان، تا گەیشتە هەڵاڵە. گوتی: «سەرکەوتوو بوویت. بەراستی زۆر سەرکەوتوو بوویت.»

هەڵاڵە نەیگوت وەرە با ماچێکت بدەمێ، گوتی: «هیوادارم نواندنی دووهەمیش بەم شێوە تەواو بێت.»

«لە نواندنی دووهەمیش سەرکەوتوو دەبیت، دڵنیام. نواندنی دووهەم دیالۆگێکی وەهای نییە کە لێت تێک بچێت، هەر ئەو قسانەیە کە دەبێ لە بازنەی ئاگرەکەدا بیکەیت.»

گوتی: «بەڵام ئەوەت لە بیر نەچێت کە هەموو ئەم شانۆگەرییە بۆ قسەکانی ناو بازنەی ئاگرەکەیە. ئەو قسانە دوا قسەی فەرماندەیەکی گەورەی شۆڕشگێڕە کە خەریکن دەیسووتێنن.»

دەیسووتێنن؟ دەمسووتێنن؟ دەسووتێم؟

موچڕکەیەک بە لەشی هەڵاڵەدا هات و زەردەخەنە بە لێویەوە کاڵ بووەوە. ترسێکی ئان و ساتی و کوتوپڕ هەڵیکوتایە گیانی. تەنانەت ئەو کاتەش کە نیگابانەکان پێش خۆیان دابوو بە داڵانێکی دوور و درێژدا بەرەو بازنەی دار و چیلکەکانیان دەبرد ئەو ترسە هەر لە گیانیدا بوو. داڵانەکە ڕاڕەوێک بوو کە ریزی پیاوە چەکدارەکان، بە جلوبەرگێکی سەیر و سەمەرەوە کە گوایە دەبوو لە جلوبەرگی سەربازەئینگلیسییەکان چووبێت، لە مابەینی خۆیاندا سازیان کردبوو. ژاندارک بە کۆت و زنجیرەوە لە پێش قازی و قەشە و نیگابانەکانەوە دەرۆشت. هەنگاوەکانی سست و لەرزۆک بوون. مەودای تا بازنەی دارو چیلکەکە زۆر بوو. چل، پەنجا، یان ڕەنگە شەست هەنگاو. لەگەڵ هەر هەنگاوێکدا زڕەی زنجیرەکەی پێی کە بە زەویدا دەخشا ترسەکەی دەروونی زیاتر دەکرد. خەڵکەکە زۆربەیان لەوبەر بازنەکەوە ترساو و هەراسان هەستابوونە سەر پێ و لە ئەویان دەڕوانی. هەڵاڵە لە مقۆمقۆ و چپەچپی خەڵکەکە نەدەگەیشت. لە گەڵ نزیک بوونەوەی لە بازنەکە چپەچپەکەش هاتە کزی. بێدەنگییەکی ترسناک ئەو ناوەی داگیر کرد. ژاندارک لە گوێ بازنەکە ڕاوەستا. چاوی بە دار و چیلکە و پاشان جەماوەرەکەدا گێڕا کە تێکڕا هەستابوونە سەر پێ. تەنانەت ژن و منداڵەکانیش بە لێژی ئەوبەر مەیدانی نواندنەکەوە، بە سەر ڕووداوەکەدا زاڵ دەیانڕوانی. هەڵاڵە لە ریزی پێشەوەی پیاوەکان باوکی بینی، کە

وەک هەموو پیاوەکانیتر بە نیگای پڕ لە مەدح و ستایشەوە سەیری دەکرد. چاوی بۆ دایکیشی گێڕا، بەڵام نەیدی. لە ریزی ژن و منداڵەکانی سەر لێژەکەش نەیدی. تەنیا برایمۆکی بینی. برایمۆک جێگەکەی گوێزابووەوە. لە داوێنی لێژەکە لە پێش ژن و منداڵەکان، لە قەراغ بازنەی دارو چیلکەکە راوەستابوو. ئەویش بە ستایشەوە سەیری دەکرد. یەکێک لە نیگابانە چەکدارەکان، وەک سەربازێکی بە ئەمەگی کلیسا، لوولەی تفەنگەکەی لە کەلەکەی سرەواند و بۆ ناو بازنەکە پاڵی پێوەنا. هەڵاڵە لە دەروویەکی باریکەوە خۆی بە بازنەکەدا کرد. لە ناوەڕاستی بازنەی دار و چیلکەکە هەنگاوی بەسەر تەختە بەردێکی گەورەدا هەڵێنایەوە. لەسەر تەختە بەردەکە باڵای بڵیندتر لە قەشە و قازی و نیگابانەکان، تەنانەت بڵیندتر لە ژن و پیاوە سەیر کەرەکانیش بوو. دەبوو بە دەوری خۆیدا بسووڕێتەوە و سەیری خەڵک و جەماوەرەکە بکات. بەترس و وەحشەتەوە ئەوەی کرد. برایمۆک گوتبووی: «نەترسی. ژاندارک نابێ لە مردن و سووتان بترسێت. ژاندارک دەبێ ئازا و دلێر بێت. دەبێ چاوەکانی ببریسکێنەوە و نیگای تیژ و بڕەک بێت. دەبێ دەمی پڕ بێ لە دواهەم هاوارەکانی ژیانی.»

قازی مەحکەمە چووە ناو بازنەکە و لەملای ژاندارکەوە، بەرامبەر بە جەماوەرەکە راوەستا. قازی بوو یان قەشە؟ دەنگی هەڵبڕی.

«ئەمە چارەنووسی کچێکە کە بە دژایەتی کردنی ئەمری خودا و کلێسەی پیرۆز لە زات و جەوهەری ژنانە و ئەرک و بەرپرسایەتی بنەماڵەیی دابڕاوە، جلکی پیاوانەی پۆشیوە و لاسایی کار و کردەی پیاوانی کردووەتەوە. ئەمە چارەنووسی کەسێکە کە شەیتان هەڵیخەڵەتاندووە...»

لەو کاتەدا ژاندارک دەبوو دەنگ بەرز بکاتەوە و بڵێ: «من لە جەوهەری ژنانەم دانەبڕاوم. من وەک کچێکی ئایینداربە ئەمری خودای گەورە، لە پێناوی رزگاری نیشتمانەکەمدا جەنگاوم. من لاسایی کەسم نەکردۆتەوە. من ئەرکی ئینسانی و ئایینی و نیشتمانی خۆم بەجێهێناوە.»

قازی زۆر چاوەڕوان بوو ئەو قسانەی لێ ببیستێت، خەڵکەکەش چاوەڕوان بوون

قسەیەکی لێ ببیستن، بەڵام ژاندارک هیچی نەگوت. هەڵاڵە هەروا بێدەنگ چاوی بە خەڵکەکەدا دەگێرا. بازنەی دار و چیلکەکە تا ساتێکیتر گڕی تێبەردەدرا.

کە بێدەنگی هەڵاڵە زۆری خایاند و برایمۆک نەیتوانی بە هیچ شێوەیەک سەرنجی ڕاکێشێت و دەورەکەی وەبیر بێنێتەوە، ناچار خۆی لەو دیو بازنەکەوە دەنگی هەڵبڕی و گوتی: «ژاندارک دوژمنایەتی ئەمری خودای نەکردووە. ژاندارک ...»

قسە و دروشمەکانی برایمۆک هەڵاڵەی هۆش خۆی هێنایەوە. سەری وەرسووڕاند. برایمۆک سوور هەڵگەڕابوو، بە تووڕەیی و حەماسەتەوە هاواری دەکرد و دەستی بە ژوور سەریەوە رادەوەشاند. کە قسەکانی تەواو بوو، ئیشارەتی بە قازی کرد و قازی گوتی : «بێدەنگ بن... کەس حەقی نییە هیچ بڵێت.»

ئەوسا گوتی: «کاتی ئەوەیە کە ئەم تاوانبارە لە دۆزەخدا بسووتێت. ئادەی دۆزەخی بۆ سازکەن.»

هەڵاڵە هێشتا چاوی لە برایمۆک بوو. برایمۆک نیگەران بوو، بە نیگەرانییەوە سەیری دەکرد و دەست و سەر و دەم و لێوی دەبزواند. هەڵاڵە لە جووڵەی دەم و لێو و گاڵتەی دەست و پەنجەی برایمۆک نەدەگەیشت. تەنیا لەوە دەگەیشت کە تا ساتێکیتر ئاگریان تێبەردەدا و برایمۆک لەودیو گەزارەی زەرد و نارنجی بڵێسەکانەوە دەست و باوەشی بۆ دەکێشا. وەها کە بیەوێت لەو ئاگر و سووتانە دەربازی بکات و نەیدەتوانی. بازنەی دار و چیلکەکە گڕی گرت. بڵێسەکان وردە وردە باڵا پیاوێک هەڵچوون. هەڵاڵە لە گەمارۆی ئاگرەکەدا دوا ساتەکانی ژیانی بە ترس و وەحشەتێکی لە ڕادە بەدەر دەژیا. لەو دیو گڕ و بڵێسەکانەوە خەڵکەکە بە چاوی دەرتۆقیو و نیگای هەراسانەوە، بە شێوەیەکی سەیر و سەمەرە خولیان بە لەش و لاریان دەدا. هەڵاڵە دەیبینی پیاوەکان و، بەولاتریشەوە ژن و منداڵەکان، پاڵ بە پاڵی یەکتر سەمای مەرگیان دەکرد. سەمایەکی گاڵتە جاڕانە کە دوا چۆڕەکانی ورەی هەڵاڵەی هەڵدەلووشی. برایمۆک نەیدەزانی دەبێ چی بکات. خەڵک چاوەڕوانی سووتان و مەرگێکی قارەمانانەیان لە ژاندارک دەکرد و، سووتان و مەرگی هەڵاڵە هیچ کە قارەمانانە نەبوو، تەنانەت گاڵتە جاڕانەش بوو. هەڵاڵە بێئەوەی هیچ بڵێت،

بێئەوەی دەنگی بۆ دروشمێک هەڵبڕێت، وەک سەرخۆشەکان بە سەر پێوە تلاوتلی دەدا. دەتگوت دەورێکی کۆمیدی دەگێڕێت، کۆمێدیەکی بێ تام. برایمۆک لەوە نائومێد بوو کە ژاندارک قارەمانیەتی بنوێنێت، بۆیە دیسان خۆی دەنگی هەڵبڕییەوە.

«ئەم ئاگرە ئاگری دۆزەخی خودا نییە. ئەم مەرگ و سووتانە مەرگ و سووتانە لە پێناوی...»

هەڵاڵە قسەکانی برایمۆکی نەدەبیست . خۆشی نەدەبینی. ئەوەی کە دەیبیست ژاوەژاوێکی بێ مانا و، ئەوەی کە دەیبینی سەمای خەڵکێکی کارتۆنی لە پشت بڵێسەکانەوە بوو. برایمۆک، رەنگە لە ناو ئاپۆرەی خەڵکە سەماکەرەکەدا، هاواری دەکرد. چی دەگوت؟ هەڵاڵە تێنەگەیشت. وڕ و کاس چاوی بە خەڵکە سەماکەرەکەدا دەگێڕا. لە ئەنجامی ئەو چاو گێڕانەدا بوو کە برایمۆکی بینی کە بە دەست و باوەشی کراوەوە خۆی بەرەو ئاگرەکە دەکێشا. رەنگە دەیویست لەو ئاگرە دەربازی بکات و لەو سووتان و مردنە بیپارێزێت. خەڵکەکە نەیاندەهێشت. برایمۆک دەگریا و هاواری دەکرد.

«تکایە لێم گەڕێن. لێم گەڕێن با نەهێڵم بسووتێ. با نەهێڵم بمرێ.»

هەڵاڵە لە ناوەندی ئەو دیمەنە سەیر و پڕ لە بێمانایە، چەند جار بەدەوری خۆیدا خولایەوە و کەوتە زەوی. خەڵکەکە نەیاندەزانی بۆ؟ ئایا ئەوە بەشێک بوو لە شانۆگەرییەکە؟ هەموویان لە خۆیان دەپرسی... لە برایمۆک یان دەپرسی...

«ئەوە چی بووە برایم ؟»

برایمۆک خۆی فڕێدایە ناو بازنەی ئاگرەکە و، تا هات باوەش بە هەڵاڵەدا بکات، چەند کەس بە سەتڵی پڕ لە ئاوەوە ئاگرەکەیان کووژاندەوە.

هەڵاڵە کاتێک چاوی هەڵێنا کە دەیان کەس بە دەورییەوە کۆببوونەوە، هەموویان بە ترس و نیگەرانییەوە لێی رامابوون. حەمەرەشید ئاغای باوکی گوتی: «ئەوە چی بووە هەڵە گیان؟ ئەوە بۆ وات لێهات کچی خۆم؟»

هەڵاڵە دەنگی دایکیشی بیست کە بە گریانەوە دەیگوت: «من دەمزانی. دەمزانی بەرگەی ئەو ئاگر و سووتمانە ناگرێت. تو خودا لاچن با بزانم کوێی سووتاوە.»

هیچ کوێی نەسووتابوو، تەنانەت جلەکانیشی. جلەکانی تەڕ بووبوون. هەڵاڵە بە لەشی تەڕەوە چاوی بە خەڵکەکەدا گێڕا. نیگای لە نیگای ترساو و هەراسانی برایمۆک هەڵەنگووت. گوتی: «بیبوورە برایمۆک . شانۆگەرییەکەم لێ تێکدایت. زەحمەتی مانگێکی تۆ و هاوڕێکانم بەفیڕۆدا.»

هەڵاڵە تا ساڵەها لەوە دواش هەر نەیزانی ئەو ڕۆژە بۆچی وای لێهات. بۆ لە بەر چاوی ئەو هەموو خەڵکەدا لە هۆش خۆی چوو؟ بۆ بووراوەیەوە؟ دەیگوت: «پێدەچوو لە بیرم چووبێتەوە کە خەریکم دەور دەگێڕم. ئەرێ، لە بیرم چووبووەوە کە ئەوە شانۆگەرییە و من لە دەوری ژاندارکدام. لە دەوری کچێکدا کە لە سەردەمێکیتر و وەڵاتێکیتر سووتاندبوویان و کوشتبوویان.» دەیگوت: «پێموابوو خەریکن بە ڕاست دەمسووتێنن و دەمکووژن، بەتایبەت کاتێک کە گڕ لە چوار لامەوە بەرز بووەوەو، مەرگ ڕوخساری ناحەزی خۆی نیشان دام. ئای کە کاتێکی ناخۆش و ترسناک بوو ڕووبەڕوو بوونەوە لەگەڵ مەرگ، ئەویش مەرگێکی ئاوا بە ئاگر و لە بەر چاوی ئەو هەموو خەڵکەدا. لە کاتێکدا کە زیاتر لە هەمیشە حەزم لە ژیان بوو، حەزم لە برایمۆک بوو، حەزم دەکرد دوور لەو خەڵکەو لەو ئاگرەو لەو ڕوخسارە دزێو و ناحەزانە، لەسەر کانی عاشقان لەگەڵ برایمۆک دانیشم. ئەو فلووتم بۆ بژەنێت و شێعرم بۆ بخوێنێتەوە و منیش...»

دایکی گوتبووی: «من نازانم ئەو چەتیوە بۆ لە پڕێکدا وای لێهات، ئەوەندە دەزانم هەرچی بوو پەیوەندی بەو هەتیوەوە بوو، بە برایمۆکەوە.» دایکی بە دزی باوکیەوە ئەوەی گوتبوو. حەمەرەشید ئاغا گوتبووی: «نەخۆشە، ماندووە، ئەم ماوە کە من لێرە نەبووم دەڵێن زۆر ماندوو بووە. دەڵێن زەختێکی زۆری لەسەر بووە. لە لایەکەوە کار و باری رادوێ و لە لایەکیترەوە تەمرین و ڕاهێنانی بەردەوامی ئەو شانۆگەرییە بەزیاد نەبووە.» ئەوسا ڕووی کردبووە سەعادەتی خێزانی و گوتبووی: «سەیریکە چۆن لەڕ و لاواز بووە! دەبێ ماوەیەک لە ماڵ نەچێتەدەر. دەبێ لە ماڵەوە دانیشێت و ئیسراحەت بکات.»

هەڵاڵە لە ماڵەوە لە ناو جێدا بوو. لە عەسرەوە کە بە سواری وڵاخێک

هێنابوویانەوە، خولێک تای لێدەهات و هەموو لەشی سەر ئارەق دەنیشت، پاشان لەرز دایدەگرت و دانەچۆقەی پێدەکەوت. دۆکتۆرەکەی ئاوایی گوتبووی: «هیچ نییە نیگەران مەبن. ئەوسا شووشەیەک شەربەت و چەند دەنک حەبی دابوویە.»

«هەر شەش سەعات جارێک ئەمانەی بدەنێ.»

دەرزیەکیشی لێدابوو.

دایکی گوتبووی: «خۆ من دەزانم چ مەرگێکتە. دڵنیام باوکیشت دەزانێت. باوکت ئەگەر باوک بێت ئیتر ناهێڵێ لە ماڵ بچیتەدەر. ناهێڵێ سەر بەو شاخ و رادوێیەدا بکەیتەوە.»

دایکی کاتێک ئەمەی گوتبوو کە شەربەت و حەبەکەی دابوویە. گوتبووی: «خودایە من چ گوناحێکم کردووە کە نابێ لە هیچکام لەم دێڵە شڕانە بێخەم بم!؟»

زۆری نەخایاند کە سەعادەت لە یەکێک لەکچەکانی بێخەم بوو. شەهاب پاش ساڵ و نیوێک باوک و دایکی نارد بۆ خوازبێنی گوڵاڵە و بەرلەوەی سەرما و سۆڵی زستان دەست پێ بکات گوێزایەوە. زەماوەندی گوڵاڵە بێجگە لە خۆشی و شادی سەر و سامان گرتنی کچەکەی، خۆشییەکی تریشی بۆ سەعادەت بوو. بە بۆنەی ئەو زەماوەندەوە هەموو ئەندامانی بنەماڵەکەی بۆ ماوەی چەند رۆژ لە دەوری سفرەیەک کۆ بوونەوە، تەنانەت مەجید و ژنەکەشی. مەجید حەوت هەشت مانگ لەوەبەر ژنی هێنابوو، حەمەرەشید ئاغا هێشتا ژنەکەی نەدیبوو. گوتبووی: «نە ئەو هەتیوە کوڕمە و نە ژنەکەی بووکمە. بەم ماڵەدا بێن و من لە ماڵ بم دەریان دەکەم.»

بەڵام بۆ زەماوەندەکەی گوڵاڵە گوتی: «لەو هەتیوەش راسپێرن بێت. بڵێن خانمی ژنیشی بێنێت بزانم چ گوڵێکی بەسەر خۆیدا داوە.»

بە توانجەوە گوتی. دواتر بە جیدی گوتی: «نا... نا... ئەو هەتیوە بە هەموو بێعەقڵیەکانیەوە لە ژن هێناندا عاقڵ بووە. فەریدە جگە لەوەی کە کچێکی چاکە، جوانیشە.» ئەوسا پێکەنی «

لە هەموو ژن و کچی بنەماڵەکەمان جوانترە.»

هەڵاڵە گوتی: «لە منیش؟!»

حەمەرەشید ئاغا سەیری کرد. هەڵاڵە بە پێچەوانەی هەمیشە جلی ژنانەی لەبەر کردبوو. کراسێکی چینداری پەمەیی، سوخمەیەکی سوور، خشڵ و زێڕیشی بە خۆیدا بەردابووەوە. گۆبەرۆک، ملوانکە، گوارە و گوڵە سەرێکی زێڕیشی، کە ناوەکەی یاقووتی سوور بوو، لە سەری دابوو. قژە سەری درێژتر لە جاران گەیشتبووە سەر شانەکانی. حەمەرەشید ئاغا یەکەمجار بوو هەڵاڵەی بەو شێوە دەبینی. هەڵاڵە کە زانی سەرنجی باوکی راکێشاوە، بە عیشوەیەکی کچانەوە پرسیارەکەی دووبارە کردەوە.

«لە منیش جوانترە؟»

بزەیەکی شیرین لەسەر لێوە تەڕەکانی بوو. پێستی روومەت و گۆنای شەفاف بوو، چاوەکانی لە خۆشیدا دەبریسکانەوە.

حەمەرەشید ئاغا گوتی: «ئەوە چییە هەڵە؟ ئەوە تۆ بۆ وات لە خۆت کردووە؟»

توورە نەبوو. خۆشحاڵیش نەبوو.

هەڵاڵە گوتی: «زەماوەندی خوشکمە.»

برایمۆک گوتی: «ئینشاڵا زەماوەندی خۆشت. زەماوەندی خۆشمان.»

هەڵاڵە گوتی: «ئینشاڵا.»

بە زەردەخەنەیەکی نازدارانە و شیرینەوە گوتی. زەردەخەنەیەک کە دواتر شیرین نەبوو. تاڵ بوو. دواتر، کاتێک چیرۆکی ئەو رۆژانە، چیرۆکی عەشق و خۆشەویستی خۆی و برایمۆکی دەگێڕایەوە زەردەخەنەیەکی تاڵی لە سەر لێو بوو.

هەڵاڵە سەرەتا ئەو چیرۆکەی بۆ شێرزاد گێڕابووەوە. سات بە ساتی ئەو رۆژانەی بۆ شێرزاد گێڕابووەوە کە برایمۆکی تیا خۆش ویستبوو. دوای جیابوونەوەی لە شێرزادیش بۆ منی دەگێڕایەوە. بۆ من، سەعیدی رەحمانی، پاش ئەوەی کە بووینە دراوسێ و شەوان لە ماڵی من یان ماڵی ئەو لە هۆڵەکە دادەنیشتین، هەڵاڵە تا درەنگان بیرەوەرییەکانی رابوردووی بۆ دەگێڕامەوە. چیرۆکی ژیان و بەسەرهاتەکانی کچە کوردێک کە چارەنووس لەو شاخ و دۆڵەی کوردستانەوە پەڕیوەی ئەم وەڵاتەی

کردبوو.

من ئەو کاتە لە بیری ئەوەدا نەبووم کە ڕۆژێک ئەو چیرۆکە بنووسمەوە یان بۆ کەسێکی بگێڕمەوە. بەڵام ئێستا کە ئەو کارەساتە ڕوویداوە و هەڵاڵە لەسەر تەختی نەخۆشخانە کەوتووە، ئێستا کە رادوێ و تەلەفزیۆنەکانی ئێرە ئەو هەموو راپۆرتە راست و ناڕاستەیان لەسەر بڵاو کردوەتەوە، ئێستا ئیتر دڵنیام کە دەبێ ئەو چیرۆکە بگێڕدرێتەوە. ئێستا کە ڕوژنامە و گۆڤار و سایتەکان ئەو گشتە واقیع و درۆیەیان لەسەر نووسیوە... ئەو راپۆرت و نووسینانە زۆر کەسیان نیگەران کردووە. کورد، فارس، تورک، عەرەب، هەموو ئەو پەنابەرانە کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە هاتوون لە شیکاری هۆکاری ئەو کارەساتە تۆقاون. هۆکاری هەموو ڕووداوێک لە وردەکارییەکانیدایە. هۆکاری ئەم کارەساتەش لە وردەکاری ئەم چیرۆکەدایە. لە وردەکاری چیرۆکێک کە هەڵاڵە لە شەوانی بەرلە کارەساتەکە بۆی دەگێڕامەوە. ئەم چیرۆکە گەلێک دوور و درێژتر و تیر و تەسەلتر دەبوو ئەگەر هەڵاڵە لە شەوانی گێڕانەوەیدا ئەوەندە نیگەران و سەراسیمە نەبوایە. ئەو لە کاتی گێڕانەوەی بیرەوەرییەکانی ژیانی، نیگەران و سەراسیمە بوو. بە پەلەپەل و پچڕپچڕ ڕۆژ و ساتەکانی وەبیری دەهێنانەوە. ڕۆژ و ساتەکانی لە غوربەتی کوردستان و لە تاراوگەی سوید. هەموو ئەو ڕۆژ و ساتە خۆش و ناخۆشانە کە یادی برایمۆک باڵی بەسەردا کێشابوون.

## ٦

سەعید دەیگوت: «نەدەبوو چیرۆکی برایمۆکت بۆ شێرزاد بگێڕایەوە، هەلاڵە. پیاوی رۆژهەڵاتی هەرگیز ناتوانێ لەگەڵ چیرۆکی عاشقانەی ژنەکەیدا بگونجێت، تەنانەت ئەگەر ئەو چیرۆکە لە رابوردوودا روویدابێت و پاڵەوانەکەشی پیاوێک بێ کە لە رابوردوودا مردبێت.»

هەلاڵە کە ئەوەی دەبیست بزەیەکی تاڵی دەهاتێ و، بە عادەتی ئەو شەو و رۆژانە پەنجەی لە قژی رۆدەکرد و، دەیگوت: «شێرزاد کێشەی لەگەڵ مردووەکان نەبوو.» دەیویست بڵێت کێشەی لەگەڵ زیندووەکان بوو، بەڵام نەیدەگوت. دەیگوت: «شێرزاد کێشەی لەگەڵ خۆی بوو.»

شێرزاد گوتبووی: «من هیچ کێشەیەکم لەگەڵ خۆم نییە. من کێشەم لەگەڵ تۆیە. لەگەڵ تۆ کە نازانی چۆن هەڵس و کەوت بکەیت. لە گەڵ تۆ کە تا چاوت بە دوو پیاو دەکەوێ خۆت لەبیر دەچێتەوە، منداڵەکەت، مێردەکەت...» گوتبووی: «رەنگە پێتوابێ من خزمەتکارتم، شۆفێرتم، لەلەی منداڵەکەتم...» گوتبووی: «ناحەقت نییە، خانمێکی ئاکادمی و خوێندەوار و عالمی وەک تۆ خزمەتکاریشی دەوێ! نایەوێت؟ ...»

شێرزاد تووڕە بوو. لەو کاتەوە کە لە ماڵی سەعید هاتبوونە دەر، تەنانەت بەر

لەوەش، لەو کاتەوە کە میوانەکانیتر هەستابوون بڕۆن، تووڕە بوونەکەی ئاشکرا کردبوو. کەمیوانەکانیتری سەعید هەستابوون بڕۆن، هەڵاڵە گوتبووی: «شێرە گیان با ئێمەش بڕۆین.» شێرزاد وەڵامی نەدابووەوە. سەعید گوتبووی: «ئێوە بۆ دەڕۆن؟ سبەینێ یەکشەممەیە، کەواتە ئێوە ئەمشەو لێرە بمێننەوە و...» کاتێک سەعید بۆ بەڕێ کردنی میوانەکانیتری چووبووە دەر، شێرزاد گوتبووی: «هەستە بڕۆ ئەو کچە بەئاگا بکەرەوە و بیپێچەرەوە.»

ئارەزوو لە دیوەکەی فەرزانە، لە سەر قەرەوێڵەکەی ئەو خەوی لێکەوتبوو. هەڵاڵە چوو بە ئاگای بکاتەوە، شێرزادیش شوێنی کەوت. کچەی کڵۆڵ دەمێکە بوو خەوی لێکەوتبوو، بە گران بە ئاگای دەبووەوە. سەعید دوای ئەوەی میوانەکانی بەرێ کرد، گەڕایەوە. گوتی: «من تێناگەم بەم نیوەشەوە بۆ دەڕۆنەوە؟»

ئەوسا لە ناو دەرکەی ژوورەکەی فەرزانە، لە پشت شێرزادەوە سەری هەڵبڕی و سەیری هەڵاڵە و کچەکەی کرد. هەڵاڵە بە زۆر کچەکەی هەستاندبووە سەر پێ و خەریک بوو جلەکانی بۆ لەبەر دەکرد.

«بۆ ئەو کچە لە خەو دەکەن؟ لێی گەڕێن با لەلای فەرزانە بخەوێت. ئێوەش بچن لە ژوورەکەی من بخەون. منیش لە هۆڵەکە لەسەر کاناپەکە رادەکشێم.»

شێرزاد بێئەوەی رووی تێبکات، بێئەوەی سپاسی میوانداریەکەی بکات، لەبەرخۆیەوە گوتی: «دەبێ بڕۆین. بەیانی کارمان زۆرە.»

ئەوەندە سارد و جیدی گوتی، سەعید سەری سووڕما و بێدەنگ بوو. تەنیا ئەو کاتە کە شێرزاد کچەکەی لە باوەش گرت و لە دەرکەی هۆڵەکە چووە دەر، بە ئیشارەت لە هەڵاڵەی پرسی: «چی روویداوە؟»

هەڵاڵە بەدەم زەردەخەنەوە شانی هەڵتەکاند، یەعنی نازانم، یەعنی ببوورە، یەعنی خوا روحممان پێ بکات.

لە ناو پاسەکەدا بوون کە هەڵاڵە بە شێرزادی گوت: «پێم ناڵێی چی روویداوە؟ پێم ناڵێی بۆچی بە جوانی ماڵاوایيت لەو کابرایە نەکرد؟»

بە رەنجاوییەوە گوتی. شێرزاد هێشتا تووڕە بوو.

«ئەوەی کە دەبێ ماڵاوایی لێ بکات تۆی، نەک هەر بۆ میوانداریەکەی ئەمشەوی، بۆ هەمیشە.»

هەوا تاریک بوو، تاریک و سارد. بەفرێک کە دوێشەو و دوێنێکە شەقام و پیادەڕۆکانی سپی پۆش کردبوو، بەستبووی. وەک سەهۆڵ، وەک سەهۆڵی سپی. شێرزاد کە لە پاسەکە دابەزی پێی لە سەر سەهۆڵە سپییەکە خلیسکا و خەریک بوو ئارەزووی لە دەست بەربێتەوە.

هەڵاڵە گوتی: «ئەو کچە بدە بە من، دەیخەیت.»

شێرزاد وەڵامی نەدایەوە. مەودای نێوان وێستگەی پاسەکە و وێستگەی قەتار زۆر نەبوو. سەد مەترێک بە پیادەڕۆکەدا بڕۆشتنایە خوار دەگەیشتنە چوار ڕێیانێک. لەوێوە بە دەستی ڕاستتدا بپەڕینایەوە، خۆیان بە شەقامێکی تەسکدا دەکرد. شەقامێک کە دەیگەیاندنە مەحەوەتەی وێستگەکە.

مەحەوەتەکە قەرەباڵغ نەبوو. بەڵام وەک هەموو شوێنێکی تری ستۆکهۆلم لە شەوانی یەکشەممەدا پیس و پەڵۆخ بوو. پڕ بوو لە زبڵ و قوتووی بەتاڵ و کاغەزی دڕاو. بەرلەوە بگەنە مەحەوەتەکە، کابرایەکی قەڵەویان بینی لە تاریکی پشت کاجێکدا خەریک بوو بە پێوە دەمیست. کچ و کوڕێکی گەنج دەستی یەکتریان گرتبوو بە پەنایدا ڕەت بوون. بەولاوەتر دوو کرێکار خەریک بوون مەحەوەتەکەیان خاوێن دەکردەوە. لە ژووری وێستگەکەش دوو کەسیتر هەمان کاریان دەکرد. هەڵاڵە و شێرزاد لە ژوورەوە بە پلیکانەکاندا داگەڕان. هەڵاڵە بەدەم داگەڕانەوە کیفەکەی کردەوە و بۆ کارتی سوار بوونەکەی گەڕا. گوتی: «تۆش بلیت ببڕە، با وەک دوێنێت بەسەر نەیەت.»

دوێنێ شێرزاد وەک زۆر جاریتر بێ بلیت سوار ببوو. پۆلیس لە پشکنیندا پێیزانیبوو، جەریمەی کردبوو. هەڵاڵە گوتبووی: «چش لە جەریمەکەی، سووکایەتییەکەی ناخۆشە. لە ناو ئەو هەموو خەڵکەدا...»

شێرزاد دیسان بێئەوەی بلیت ببڕێت، لە دەروێکەوە پەڕیەوەو، دیسان بە چەند پلیکانەیتردا داگەڕان. قەتارەکە هێشتا نەهاتبوو. لە تاریک و ڕوونی سەر سەکۆی

چاوەڕوانیدا چەند کەسیتریش راوەستابوون. کچ و کوڕە گەنجەکەی ساتێک لەوەبەر باوەشیان بەیەکدا کردبوو، دەمیان نابووە ناو دەمی یەکەوە. ژن و پیاوێکی ناوین ساڵیش بەملایانەوە بێئەوەی باوەشیان بەیەکدا کردبێت، راوەستابوون. سێ کوڕی گەنجیش بەدەم قسەکردنەوە، لە ترسی سەرما هەڵبەز و دابەزیان دەکرد. هەڵاڵە و شێرزاد لە ناو قەتارەکەش، وەک ناو پاسەکە بەرامبەر بە یەکتر پاڵیان بە شیشەکەوەدا. هەڵاڵە ئارەزووی لێ وەرگرتبوو، خستبوویە باوەشی خۆیەوە. ئارەزوو خەوتبوو یان خۆی لە خەوتن دابوو؟ شێرزاد، رەنگە بە هۆی خواردنەوەکەی ئێوارەوە، سەری دێشا. لە شیشەی قەتارەکەوە چاوی لە دەرەوە بڕی. لە دیواری وێستگەکە و پاشان لە دیوارێکی تەختە بەند و ئەوسا لە ریزی خانووەکان کە لە بەر رۆشنایی گڵۆپە رەنگاورەنگەکاندا بە پەلە لە بەر چاوی تێدەپەڕین، راما.

هەڵاڵە گوتی: «من نازانم تۆ بۆ وا دەکەی؟ ئەوەندە دەزانم کە خۆت پێتخۆش بوو بچین بۆ ماڵی دوکتۆر. مەگەر من لە دوای خۆپیشاندنەکە نەمگوت با بڕۆینەوە بۆ ماڵی خۆمان!؟ نەمگوت لە دەرسەکانی زانکۆم دوا کەوتووم و هەموو ئومێدم بە ئیمڕۆ و سبحەینێیە کە قەرەبووی دواکەوتنەکانم بکەمەوە!؟»

بەیانی لە سەعاتی دەوە چووبوون بۆ خۆپیشاندان. خۆپیشاندانێک کە کوردەکان وەک ساڵانی پێشوو، بە بۆنەی ساڵیادی هەڵەبجەوە رێیان خستبوو. خۆپیشاندانێکی گەورە لە مەیدانی سێرگلس تۆری، لە ناوەندی شاری ستۆکهۆڵم. شێرزاد و هەڵاڵە و ئارەزوو بە قەتار چووبوون. لەوێ لەگەڵ مەجیدی و فەرهادی کوڕی مامە فەتاح و دەسگیرانەکەی، کە کچێکی کرمانجی خەڵکی کوردستانی تورکیە بوو، یەکیان گرتبووەوە.

ئەوان لە کافی شاپەکەی کۆشکی فەرهەنگ، لە تەنشتی مەیدانەکە، یەکیان گرتەوە. هەڵاڵە لە مەجیدی برای پرسی: «ئەی فەریدە بۆ نەهاتووە؟»

مەجید گوتی: «لە بەر منداڵەکان.»

فەریدە ترسابوو منداڵەکانی سەرمایان بێت و نەخۆش بکەون.

شێرزاد سەری راوەشاندو گوتی: «ئێمە لەم غەریبییە ئەوەندەمان لە دەست دێت

ساڵی یەک دووجار بەبیانووی جیاوازەوە کۆببینەوە و لەسەر مافی نەتەوەکەمان هەڵقرچێین،

کەچی هەندێک کەس هەر جارەو بە بیانوویەکەوە خۆیان لەوەش دەدزنەوە.»

شێرزاد تەنیا مەبەستی فەریدەی ژنی مەجید نەبوو. مامە فەتاح و نەسرین خانمی خێزانی و دوو منداڵەکەی تریشیان نەهاتبوون. زور کەسیتریش نەهاتبوون. مەیدانە گەورەکەی سێرگلس تۆری، ئەوەندەی کە لە کافی شاپەکەوە دەبیندرا، قەرەباڵغ نەبوو.

مەجید گوتی: «خەڵک ناحەقیان نییە بێ ئومێد بن. ئێستا کە ئێمە لێرە کۆبووینەتەوە و یادی شەهیدانی هەڵەبجە دەکەین، حیزبە کوردییەکان لەوێ... »

ویستی بڵێ خەریکی شەڕی براکوژین و، نەیگوت.

لە دەرەوە، لە ناو مەیدانەکە خۆپیشاندەرەکان بەرە بەرە زۆر دەبوون. ئاڵا و تراکت و لافیتەکان وردە وردە بەرز دەبوونەوە. بلیندگۆی گەورە دەستیان کردبوو بە بڵاو کردنەوەی سروودی کوردی. لە گەڵ بەرز بوونەوەی دەنگی بڵیندگۆکان، لە ناوەوەی کافەکەش چەند کەس کە دیاربوو کوردن، هەستان و رۆشتنە دەر. شێرزاد گوتی: «دەستی پێکرد با ئێمەش بڕۆینە دەر.»

لە بەر دەرکەی کۆشکی فەرهەنگەوە، بەناو قەرەباڵغیەکەدا دەورێکی مەیدانەکەیان دایەوە. لەناو مەیدانەکە، کە چاڵتر و نەویتر لەشەقام و پیادەڕۆکان بوو، خۆپیشاندەرەکان پاشەکشەیان بەو گرووپە سەما کارانە کردبوو کە بە دەم مۆسیقای چەند ساز ژەنێکەوە خەریکی سەمای برێک بوون و خەڵکێکی زۆریان لە خۆیان کۆکردبووەوە، تەنگەیان بەو چەند کچ و کوڕەش هەڵچنیبوو کە ژیمناستیکیان دەکردو نمایشیان دەدا. سروودی کوردی بەرز و بڵیند، بە هەموو ئەو ناوەدا بڵاو بووبووەوە و، خۆپیشاندەرەکان بە گشتی لە گەڵیان دەگوتەوە. کە سروودەکان تەواو بوون، کەسێک چووە پشت تریبوونەکە و بە سێ زمانی سویدی و ئینگلیسی و کوردی دەستی بە قسە کرد. دوای ئەویش چەند کەسیتر لەناو هەرا و هاواری دروشمەکاندا چوونە پشت تریبوون و قسەیان کرد. نوێنەری چەند حیزب و رێکخراوەی کوردی و،

دوو کەســی ســویدیش کە یەکیــان نــوێنەری پارلەمــان و ئەویتریــان ئەنــدامی ڕێکخراوێکــی مــرۆڤ دۆســت بــوو، وتاریــان خوێنــدەوە. هەراو هــاوار و دروشــمدانی جەماوەر بە هەر سێ زمانەکە پەیتا پەیتا بڵیندتر دەبــوو، جۆش و خرۆشــی خەڵکەکە پەرەی دەسەند. ئارەزوو کە هەر ساتێک بە باوەشــی کەسێکەوە بــوو، تەواو وەڕس و بێتاقەت بوو. بەر لەوەی خۆپیشاندانەکە کۆتایی پــێ بێت، هەڵاڵە ناچار بــوو بڵێت:

«من ئارەزوو دەبم بۆ کافەکە، پاشان ئێوەش وەرن بۆ ئەوێ.»

ئــاهەنگەکە هێشــتا کۆتــایی نەهــاتبوو کە شــێرزاد و فەرهــادی مــامە فەتــاح و دەسگیرانەکەشی چوون بۆ لایان. تەنیا مەجید لێیان دابڕابوو. ئەویش دوای کۆتــایی هــاتنی ئاهەنــگ و، بــڵاوەی جەمــاوەرەکە لە دەرکەی کــافی شــاپەکەوە دەرکەوت. ســەعید و فەرزانەی کچــی و ژن و پیــاوێکی تریشــی لەگەڵ بــوو. شــێرزاد بە بینینی سەعید خۆشحاڵ نەبوو. بەتــایبەت کاتێــک هەڵاڵە و ئــارەزووی بینــی کە لە خۆشــیدا گەشانەوە، خەم دایگرت و ناوچاوانی گرژ کرد. ئەوسا بە دەنگــی بەرز هــاواری کــرد:

«ئەوە تۆ لێرە چی دەکەیت دوکتۆر؟»

بە توانجەوە ئەوەی پرسی و، سەعید بە خۆشی و زەردەخەنەوە وەڵامی دایەوە.

«کوردایەتی! بۆ من کورد نیم!؟»

بە زاراوەکەی خۆی گوتی.

شێرزاد بە تیژەوە سەری لێڕاوەشاند و لەبەر خۆیەوە گوتی: «حاشا! حاشا ئەو زمانە کە تۆ قسەی پێدەکەی کوردی بێت!»

شێرزاد پێشتر وای نەدەگوت. ئەو پێشــتر دەیگــوت: «ئــای کە مــن ئەو لەهجەی دوکتۆر ســەعیدم پــێ خۆشــە! کەلهــوڕی ئەگەرچــی زۆر وشــەی فارســی تیایە، بەڵام کوردییەکی شیرینە.»

فەرزانەی کچی سەعید بە بینی هەڵاڵەو بە تایبەت ئارەزوو، دەستی بــاوکی بەردا و بە نــاو خەڵــک و مێزەکانــدا بەرەو پیریــان هەڵات. ســەعید بەڵام لەســەرخۆتر لێیــان نزیک بووەوەو، ژن و پیاوەکەی هاوڕێی پێ ناساندن.

ئیرەج و سوهەیلای خێزانی فارس بــوون. ژن و پیــاوێکی نــزیکەی پەنجا ســاڵەی

هاوتەمەنی سەعید. پیاوەکە سادە و سپۆرت، مامۆستای زانکۆ و نووسەر و لێکۆڵەرەوە بوو. سەعید بەڵام باسی پیشەی ژنەکەی نەکرد. سوهەیلا رەنگی پەڕی بوو، لە نەخۆش دەچوو. ئەوان بەرلەوەی بێن بۆ سوید ئەندامی رێکخراوەیەکی چریکی چەپ بوون و چەند ساڵێکیش لە کوردستان ژیابوون.

سەعید رووی کردە ئیرەج و گوتی: «ئەمانەش هاوڕێکانی منن کە پێشتر بۆم باس کردوویت. هەڵاڵە و شێرزاد، هەردووکیان لە تێکۆشەرانی کوردن. بە تایبەت شێرزاد، ئەو ئەگەرچی چەند ساڵە وڵاتی بەجێهێشتووە، بەڵام بۆ ساتێکیش لە کوردستان و خەبات و تێکۆشانی نەتەوەکەی دانەبڕاوە.»

گوتی: «راست و رەوان پێت بڵێم، شێرزاد بە حوکمی ئەوەی درەنگتر لە خێزانی و کەس و کارەکەی وڵاتی بەجێهێشتووە، لە هەموویان زیاتر ئاگاداری کوردستانە.»

شێرزاد ئەم مەدح کردنەی بەلاوە سەیر و خۆش بوو. بەتایبەت لەو رۆژە و لەو کاتەدا کە تازە ئاهەنگەکە کۆتایی هاتبوو، هێشتا حاڵ و هەوای خۆپیشاندانەکە بەری نەدابوو. بەخۆشی و شەرمەوە زەردەخەنەیەکی کرد. ئەوسا وەک شۆڕشگێڕێکی موتەوازع سەری داخست و گوتی: «ئێجگار واش نییە. دوکتۆر زێدەڕۆیی دەکات.»

سەعید کە لە پەنایدا دانیشتبوو، دەستی خستە سەر شانی و گوتی: «زێدەڕۆیی نییە. راستییەکە کە دەبێ ئیرەج بیزانێت. ئەو ماوەیەکە خەریکی نووسینی کتێبێکە دەربارەی مێژووی هاوچەرخی کوردستان و...»

ئیرەج قسەکەی پێبڕی. گوتی: «مێژوو نا. من چەند ساڵ لە کوردستان لە شاخ بووم و ئێستا بە تەمام لەسەر ئەساسی هەندێک یاداشت و یادەوەری ئەو ساڵانە، واقعییەتەکانی ئەو بەشە لە وڵات لە ساڵانی پاش شۆڕشدا بنووسمەوە. راستە ئەوەش کارێکی مێژووییە بەڵام زیاتر شەرحی حاڵە.»

شێرزاد بە سیلەی چاو سەیری هەڵاڵە و پاشان فەرهاد و دەسگیرانەکەی کرد. هەموویان جگە لە دەسگیرانەکەی فەرهاد کە لە فارسی نەدەگەیشت، سەرنجیان راکێشرابوو. سەعید ئەوەی پێ خۆش بوو، بە کەیف خۆشی و گاڵتەوە گوتی: «جا ئەم مامۆستا بلیمەت و لێکۆڵەرە پیر بووە و بەداخەوە زۆر شتی ئەو ساڵانەی لەبیر

چۆتەوە. من پێموایە ئەگەر ئێوە حەز بکەن، لە چەند دانیشتنێکی دۆستانەدا زۆر رووداوی ئەو دەمانەی وەبیر دەهێننەوە و بۆ نووسینی کتێبەکەی یارمەتییەکی باشی دەدەن. ئێوەش وانالێن؟»

هەموو ئەو قسانە لەو ماوە کورتەدا کرا کە مەجید رۆشتبوو، بە دوو کەشەفە قاوە و شیرینییەوە هاتبۆوە. مەجید کە دیار بوو لەوەبەر ئەو قسانەی لەگەڵ کرابوو، سەری لەقاند. فەرهاد و دەسگیرانەکەی هیچیان نەگوت. هەڵاڵە سەیری شێرزادی کردو، شێرزادیش بەخۆشیەوە گوتی: «بێگومان، بەڵام ئەو ساڵانە کە مامۆستا لە کوردستان و لە شاخ بووە، من هێشتا نەچووبوومە دەر. ئەو دەمە من هێشتا لە شار بووم.»

ئیرەج گوتی: «چاکتر. من جگە لە رووداوەکانی شاخ، پێویستم بە بیستنی رووداوەکانی شاریشە. ئەو دەمە من راستەوخۆ ئاگام لە ناو شارەکانی کوردستان نەبوو.»

سەعید گوتی: «شێرزاد ئەگەرچی ئەو دەمە زۆر گەنج بووە، بەڵام لە شاریش چالاکی نهێنی کردووە. وانییە؟»

شێرزاد لە شەرما هیچی نەگوت. هەڵاڵە گوتی: «وایە.»

ئیرەج بە خۆشییەوە گوتی: «کەواتە با بەرنامەیەک دابنێین کە لە دوو سێ مانگی داهاتوودا چەند جارێک یەکتر ببینن و پێکەوە کۆببینەوە.»

ئەو باسی ئەوەی نەکرد کە ئیمرۆ یان ئیمشەو پێکەوە دابنیشن. کاتێک لە کافەکە چوونەدەر، کاتێک فەرهاد و دەسگیرانەکەی لێیان جیابوونەوە و رۆشتن، سەعید گوتی: «باشە ئیمرۆ بۆ ئاوا بە کۆمەڵ نەچین بۆ ماڵی ئێمە؟ سبەینێ یەکشەممەیە و دەتوانین هەر لە ئێستاوە تا درەنگانی شەو پێکەوە بین و قسەی خۆش بکەین.»

مەجید نەیتوانی، ئەو دەبوو بگەرێتەوە بۆ ماڵ، بۆ لای ژن و منداڵەکەی. هەڵاڵەش گوتی: «منیش بە داخەوە کارم زۆرە و ناتوانم.»

تەنیا شێرزاد ئامادەبوو. هەڵاڵە سەیری هاتێ. شێرزاد ماوەیەک بوو ئەگەرچی بە ئاشکرا راینەگەیاندبوو، بەڵام بە شێوەی جیاواز خۆی و ژن و منداڵەکەی لە هاتوچوو کردنی سەعید دەدزییەوە. ئەی بۆ ئێستا...؟

هەڵاڵە گوتی: «شێرە گیان من کارم هەیە، با دایبنێین بۆ ڕۆژێکیتر.»

بە کوردی گوتی. ژنەکەی ئیرەج ئەگەرچی کوردی باش نەدەزانی، بەڵام تێگەیشت. گوتی: «ئێمە خانمەکان هەمیشە کارمان هەیە. بەڵام دەبێ جاروبار خۆی لێبدزینەوە.»

بزەی سەر ڕوومەتە ڕەنگ پەڕیوەکەی سوهەیلا هەموو کەسی ناچار بە پێمل بوون دەکرد، بە تایبەت هەڵاڵە. هەڵاڵە پێمل بوو.

بە فەرزانەو ئارەزووەوە حەوت کەس بوون و تەنیا ئیرەج ئوتومبێلی پێبوو. ناچار بڕیاریان دا ئیرەج ژن و منداڵەکان بگەیەنێت و سەعید و شێرزاد بە قەتار بڕۆن. ئەوان لەسەر ڕێگەکەیان خواردنیان کڕی و کە گەیشتنەوە ماڵ، سەعید کەمێک خواردنەوەشی هێنا و گوتی: «قسەی خۆش و بیرەوەری گێڕانەوە بە دەمی وشک و سەری قورس ناکرێت.»

ئەوسا سەر و پێکێکی بۆ تێکردن. شێرزاد بە جارێک پێکەکەی بەسەرەوە نا و دەستی کرد بە گێڕانەوەی بیرەوەریەکانی لە کوردستان. باسی ئەو شەڕانەی کرد کە خۆی بە شداری تیا کردبوون. باسی ئازایەتی خۆی و هاوڕێکانی و فەرماندەکەی کرد کە دواتر ببوو بە خەزوورەی. قسەو بیرەوەرییەکانی شێرزاد بە پێچەوانەی ئەوەی کە چاوەڕوانی دەکرد سەرنجی میوانەکان، بەتایبەت مامۆستا ئیرەجی ڕانەکێشا. ئیرەج ئەو جۆرە قسەو بیرەوەریانەی بە دوور و درێژی لە زۆر کەسیتر بیستبوو. ئەو لە شتێکی تر دەگەڕا، لە شتێکی گشتی تر. هەڵاڵە تێگەیشت، بۆیە وردە وردە قسەکانی لە زاری شێرزاد سەندەوە و، لە بری بیرەوەری ئەو شەڕ و ڕووداوانە، دەستی بە شیکاری ڕووداوەکان کرد. ئەم باسە تازە و سەرنجڕاکێشە لە لایەکەوەو، زیرەکی و دەم و دووی هەڵاڵە لە لایەکی ترەوە، کەمە کەمە شێرزادی لە ناوەندی قسە و باسەکە بۆ پەراوێزی دانیشتنەکە گوێزایەوە. پەراوێزێک کە تەنیا سوهەیلای ژنی مامۆستا ئیرەجی لێبوو. سوهەیلا لە سەرەتای دانیشتنەکەوە خۆی ئەو پەراوێزەی هەڵبژاردبوو. هەر لە ڕێوە چووبووە ژووری منداڵەکان و خۆی بە قسەکردن و دواندنی فەرزانە و بە تایبەت ئارەزوو سەرقاڵ کردبوو. دواتر لەسەر داوا و تکای سەعید

چووبووە ئاشپەزخانە و مێزی خواردنەکەی چنیبوو. پاش نان خواردنیش دوور لە دانیشتنە سێ قۆڵیەکەی ئیرەج و سەعید و هەڵاڵە، چوو بۆ لای شێرزاد. چوو بۆ لای ئەو پیاوە کە بە پێکێک ویسکییەوە، بۆ شاردنەوەی عەسەبییەت و بێ تاقەتییەکەی، رووی کردبووە تەلەفزیۆن و سەیری بەرنامەیەکی دەکرد کە بەئاشکرا چێژی لێ نەدەبینی. سوهەیلا لە پەنایدا دانیشت.

گوتی: «حەز دەکەی سەیری تەلەفزیۆن بکەیت یان پێکەوە قسە بکەین؟»

شێرزاد ناچار رووی تێکرد.

«دەمێکەیە وڵاتتان بەجێهێشتووە و هاتوونەتە ئێرە؟»

«من شەش حەوت ساڵە.»

«ئەی خانمت؟ وادیارە ئەو بەر لە تۆ هاتبێت؟»

«بەڵێ، ئەو دوو سێ ساڵێک بەر لە من هاتووە.»

سوهەیلا ئیتر نەیزانی دەبێ چی بڵێ و باسی چی بکات. چاکتر لەوەی کە باسی خۆشی و ناخۆشی هەوا بکات، گوتی: «خانمێکی زیرەک و خوێنەوارت هەیە. ئەگەر باش تێگەیشتبم لە رادوێ کار دەکا و لە زانکۆش دەخوێنێت. قوتابی سەعیدە، وانیە؟»

شێرزاد سەری لەقاند.

«ئایندەیەکی رۆشنی هەیە.»

ئەوسا گوتی: «ئەی تۆ؟ تۆ چی دەکەی؟ تۆش دەخوێنی، وانیە؟»

شێرزاد گوتی کە سەرتاشە و لە سەرتاشخانەی برادەرێکی کوردی کار دەکات. گوتی نا، ناخوێنێت، تاقەتی خوێندنی نییە. پێشتریش ئەوەی بە هەڵاڵە گوتبوو. گوتبووی: «بەم تەمەنە و پاش ئەو هەموو ساڵە دابڕان لە دەرس و مەدرەسە، تاقەتی خوێندنم نەماوە.» هەڵاڵە گوتبووی: «بەڵام ئێمە قەرارێکیترمان بوو. چەند ساڵ لەمەبەر ئەو کاتەی کە تازە بڕیاری ژیانی هاوبەشمان دا ، قەرارمان وابوو هەردووکمان درێژە بە خوێندنمان بدەین و خۆمان پێبگەیەنین.» شێرزاد گوتبووی: «تۆ بخوێنە و خۆت پێبگەیەنە، کارت بە من نەبێت.»

بە سوھەیلای گوت: «من ئەوەندەی توانیبێتم هەوڵم داوە وەزعییەتێکی بۆ فەراهەم بکەم کە ئەو بتوانێت بێخەم و خەیاڵ درێژە بە خوێندنەکەی بدات.»

زەردەخەنەیەکی ستایشکەرانە نیشتە سەر لێوی سوھەیلا. شتێک کە شێرزادی خۆشحاڵ نەکرد. گوتی: «ئافەرەم. بەڵام بریا خۆشت بتخوێندایە. ژیانی هاوبەش لەم وەڵاتە جگە لە خۆشەویستی و فیداکاری، پێویستی بە هاوفەرهەنگی ژن و مێردیش هەیە.»

سوھەیلا کاتێک ئەو قسەی کرد، کە لەوبەری هۆڵەکە، هەڵاڵە لە ناوبەینی دوو مامۆستادا دانیشتبوو. بە دەم جووڵەی رەحەتی دەست و پەنجەکانیەوە لە شەڕ و شۆڕش دەدوا. دوانێکی رەخنەگرانە. قسەی لە هەڵەی هەموو هێزە سیاسی و شەڕکەرەکانی ئەو کاتە دەکرد.

شێرزاد بە بیستنی ئەو قسانە ئەوەندەی تریش رقی هەستا و، عەسەبی بوو. پێشتریش وابوو. هەر کاتێک هەڵاڵە دەکەوتە قسە و رەخنەگرتن، شێرزاد رقی هەڵدەستا و عەسەبی دەبوو. دەیگوت: «من تێناگەم بۆ هەندێک کەس هەر کە دەچنە زانکۆ و چوار کتێب دەخوێننەوە خۆیان لێ دەگۆڕێت و، کە دەچنە پشت پشت میکرۆفۆنی رادوییەک، یان لە شوێنێک چوار کەسیان لە دەور کۆدەبێتەوە، ئەدا و ئەتواری رۆشنبیرانە دەنوێنن. دەست و پلیان دەجووڵێنن، چاویان خومار دەکەن و بە ریشی خەڵک پێدەکەنن.»

هەڵاڵە قاقا پێدەکەنی. لە کاتێکدا دەست و باسکە سپی و سوڵەکەی لەبەر چاوی ئیرەج و سەعیددا دەجووڵاند، چاوی خومار کردبوو، قاچی نابووە سەر قاچی و پاڵی بە پشتیی مۆبلەکەوە دابوو، پێدەکەنی. جاروبارێش بەرە دەستی بە راتی سەعیددا دەکێشا. وەک دوو هاوڕێ، وەک مامۆستا و قوتابیەکی هاوبیر و هاوفەرهەنگ. ئەوە قسەی سوھەیلای ژنی ئیرەج بوو. قسەی ئەو ژنە نەخوش و رەنگ پەڕیوە کە لەو ماوە کورتەدا لە راستی پەیوەندی ئەو مامۆستا و قوتابییە گەیشتبوو.

«ئەو پەیوەندییە نزیکە، پەیوەندی مامۆستا و قوتابی نییە!»

سوھەیلا ئەوەی نەگوتبوو. شێرزاد بیری دەکردەوە، حەتمەن لە دڵی خۆیدا

دەیلێت. لە دڵی خۆیدا دەڵێ: سەیرکە ئەو دوانە چەندە لێک دەکاڵێنەوە. ئەگەرچی تەمەنیان کەم و زۆرە، ئەگەرچی سەعید پازدە بیست ساڵ گەورەترە، بەڵام بڕوانە ئەو کەم و زۆرییەیان لێ دیار نییە. دەڵێی جووتە دەسگیرانێکی هاوتەمەنن، جووتە دڵدارێکی هاولف و هاوفەرهەنگ! سەیرکە چۆن بە دەمی یەکترەوە پێدەکەنن! بڕوانە چۆن چاو لە زاری یەکتر دەبڕن و لە یەکتر حاڵی دەبن! چۆن بە دڵ قسەی یەکتر دەقۆزنەوە! چۆن کار لەسەر مێشک و دڵی یەکتر دەکەن و لە ژێر کاریگەری یەکتردان!

ئەمانە ئەو قسانە بوون کە شێرزاد پێی وابوو سوهەیلا، ئەو ژنە فارسە کە یەکەمجار بوو دەیبینین و دەیانبینی، ژنی ئەو کابرایە کە مامۆستای زانکۆو نووسەر و لێکۆڵەرەوە بوو، ئەو ژنە بەڕواڵەت نەخۆش و ناساغە کە پێدەچوو خۆشی هەمان موشکیل و گرفتی شێرزادی بێت، لە دڵی خۆیدا دەیلێت. شێرزاد پێش ئەو شەوەش، زۆرجار ئەو قسانەی بە خۆی گوتبوو. تەنانەت چەندجار بە هەلالەشی گوتبوو. گوتبووی: «من تێناگەم چی ئێمە و دوکتۆر سەعیدی ئاوا لە یەک نزیک خستۆتەوە؟»

هەلالە گوتبووی: «هاوڕێیەتی.»

«هاوڕێیەتی؟!»

«من قوتابی دوکتۆرم و تۆش...»

شێرزاد دەیگوت: «باشە ئەو کابرایە لەگەڵ هەموو قوتابییەکانی، لەگەڵ ژن و مێرد و بنەماڵەی هەموویان، ئاوا نزیکە؟ لەگەڵ هەموویان بەم شێوە برادەر و هاوڕێیە؟ لەگەڵ هەموویان ئاوا بە گەرمی هاتوچوو دەکات؟»

هەلالە پێی ناخۆش بوو. ئەو شێوە قسە و پرسیارانەی پێ ناخۆش بوو. لەو گومان و دڕدۆنگییە دەترسا. ئایا ئەو گومان و دڕدۆنگییە دڵپیسی بوو؟ ئایا شێرزاد دڵپیسی لێدەکرد؟ دەیگوت: «دەتەوێ چی بڵێیت شێرزاد؟ دوکتۆر سەعید پیاوێکی رۆشنبیر و شەریفە. پیاوێکی عاقڵ و...» شێرزاد دەیگوت: «سەری زمان و بنی زمانت بۆتە دوکتۆر سەعید. هەموو هۆشت بەلای ئەو کابرایەو، قسە و رەفتاری ئەوەوەیە.» بە

تووڕەییەوە دەیگوت، بەخەم و نیگەرانیەوە. خەم و نیگەرانیەکەی ئەو دەمەی لە بەخیلی و ئیرەیی بردنەوە نزیکتر بوو تا لە دڵپیسی کردن. دەیگوت: «ئاخر ئەو کابرایە کێیە؟ چییە؟ تۆ بۆ ئەوەندە لە ژێر کاریگەری ئەودای؟»

هەڵاڵە هیچی نەدەگوت. تەنیا سەیری دەکرد. سەیری تووڕەیی و خەم و نیگەرانیەکەی، کە لە تووڕەیی و خەم و نیگەرانیەکانی باوکی دەچوو. قسەکانیشی، بە خیلی و ئیرەیی بردنەکەشی، لە قسە و بەخیلی و ئیرەیی حەمەرەشید ئاغا دەچوو، بە تایبەت ئەو کاتەی کە دەیگوت: «من تێناگەم تۆ بۆ ئەوەندە لە ژێر کاریگەری ئەو هەتیوە برایمۆکەدای؟ بۆ پێتوایە ئەم دنیایە جگە لەو هەتیوە کەسیتری عاقڵ و خوێنەوار و دڵپاکی تێدا نییە؟!»

هەڵاڵە ئەو دەمەش هیچی نەگوتبوو. دواتر گوتبووی: «برایم! من زۆر لە ژێر کاریگەری تۆدام!؟»

یەکەمجار لە رۆژێکی پیرۆزەییدا ئەوەی گوتبوو. نەیدەزانی بۆچی پیرۆزەیی، لە بیری نەمابوو. ئەوەندەی لە بیر بوو کە لەسەر کانی عاشقان بوون و برایمۆک خەریک بوو فلووتی دەژەند. لە هەموو ماوەی ژەنینەکەیدا، هەڵاڵە بێدەنگ گوێی بۆ سۆزی سەیر و سەمەرەی فلووتەکەی شل کردبوو. کە برایمۆک وازی لە ژەنینەکەی هێنا، هەڵاڵە گوتی: «قسەیەکت پێ بڵێم لە خۆت دەرناچی؟«

برایمۆک گوتی: «چی؟ دەتەوێ چیم پێ بڵێیت کە دەترسی خۆم لێبگۆڕێت؟»

«تۆ باشترین فلووتژەنی. پێموانییە لە ناو کوردا کەس بێ لە تۆ جوانتر فلووت بژەنێت.»

هەڵاڵە نەیدەتوانی شادی و گەشکەی خۆی لە بیستنی دەنگی فلووتەکەو، لەوەش زیاتر، لە بینینی فلووت ژەنەکە بشارێتەوە. برایمۆک ئەو شادی و خۆشیەی لە روخساری گەشاوە و درەوشانەوەی چاوەکانیدا بینی. زەردەخەنەیەکی کرد و دەستی خستە ناو ئاوی حەوزە بچووکەکەی بەر دەمی کانیەکە و، ئاوەکەی ئارام بەرەو شیوەڵەکە رادا.

«تۆ جگە لەمن چەند فلووتژەنی تر دەناسی؟ گوێت لە دەنگی فلووتی چەند

کەسیتر بووە؟»

زەردەخەنەکەی میهرەبانانەو، لە هەمان کاتدا ڕەگەیەک لە گلە و گازندەی تیا بوو. هەڵاڵە بە خۆیدا شکایەوە، بەڵام خۆشیەکەی بزر نەبوو. گوتی: «گاڵتەم کرد! ویستم بزانم چۆن وەڵامم دەدەیتەوە!»

پاساوەکەی منداڵانە بوو. برایمۆک هیچی نەگوت. هەڵاڵە پاش ساتێک گوتی: «من زۆر لە ژێر کاریگەری تۆ دام، وانیە!؟»

برایمۆک دەستی لە ئاوی حەوزەکە دەرهێنا و هەستایە سەرپێ. گوتی: «کێ ئەو قسەی کردووە هەڵاڵە؟»

«شێرزاد.»

«کێ؟!»

بە سەر سوورمانەوە پرسی.

هەڵاڵە بیری کردەوە، برایمۆک شێرزادی نەدەناسی. نەیبینیبوو.

شێرزاد گوتبووی: «نەمدیبوو بەڵام دەنگیم بیستبوو. دەنگی گەرم و سۆزی فلووتەکەیم بیستبوو کە عەسران لە رادوێوە بڵاو دەبووەوە.»

هەڵاڵە گوتبووی: «ئەو کاتە تۆ نەهاتبوویتە دەر، وانیە؟»

«ئەرێ، لە شار بووم. کاتێک هاتمە دەر دوو حەفتە بوو تەرمەکەی برایمۆکیان دۆزیبۆوە و ناشتبوویان. کە هاتمە دەر هەموو کەس بۆی بە داخەوە بوو، لە هەموو کوێ باسی دەکرا. باسی ئەو و...»

ویستبووی بڵێت تۆ، بەڵام نەیگوتبوو. شەرمی کردبوو بیڵێت. هەڵاڵە تێگەیشتبوو، بزەیەکی تاڵ نیشتبووە سەر لێوی و هیچی نەگوتبوو. ئەو دەمە شێرزاد تازە هەڵاڵەی دەناسی. یەک دوو مانگ پاش ئەوەی کە شاری بەجێهێشتبوو، باوکی کە دۆست و برادەری کۆنی حەمەرەشید ئاغا بوو نامەیەکی بۆ نووسیبوو: کە شێرزادی کوڕم هاتۆتە دەر و لە لای ئێوەیە. نووسیبووی: شێرزاد بە تۆ دەسپێرم و تکات لێدەکەم وەک کوڕی خۆت چاوەدێری بکە. هەر ئەو ڕۆژە حەمەرەشید ئاغا ناردی بە شوێن شێرزادا و ئەویش گورجێک چوو بۆ لای. حەمەرەشید ئاغا کەمێک لێی ڕاما. کوڕێکی

گەنجی کەمێک کورتە باڵا و بە ئەدەب، لە باوکی دەچوو، لە گەنجیەتی فەرەج ئاغا.

گوتی: «باشە کوڕی چاک، تۆ بۆچی خۆت بە من نەناساندووە؟ بۆ نەتگوتووە کوڕی فەرەج ئاغایت؟»

شێرزاد سەری داخست. شەرمن بوو. کوڕێکی گەنجی کەمێک ڕەشتاڵەی شەرمن کە ئان و سات جێی خۆی لە دڵی حەمەرەشید ئاغادا کردەوە، لە دڵی ئەو پیاوە باڵا بەرز و چوار شانەیە کە پێشتر یەک دوو جار ڕاگوزاری بینیبووی.

ئەو ڕۆژە بوو یان ڕۆژێکیتر کە حەمەرەشید ئاغا دەستی شێرزادی گرت و بردی بۆ ماڵی خۆیان؟ ئەو ڕۆژە لە یادەوەری هەلالەدا وەک زۆربەی ئەو ڕۆژانە کە شتێکی وایان بۆ لە بیرمانەوە پێ نییە، ڕەنگێکی بوو لە ڕەنگی جلە خۆڵینەکانی شێرزاد. شێرزاد کراس و پانتۆڵێکی خۆڵینەی لە بەردابوو. پشتێنێکی مۆری گەورەی لەسەر سنگییەوە تا خوار ناوکی بەستبوو. ڕیزی دەراغە پڕ لە فیشەکەکان گران جێیان بۆ بەستنی دوو نارنجۆکی چل تیکە هێشتبووە. ئەو ڕۆژە شێرزاد وەک هەموو ڕۆژانی لەوەدوا کلاشینکۆفێکی کۆنی قۆناغ چێوی بەسەر پەستەکە خوریەکەیەوە بەشانەدا دابوو، کڵاو و جامانەیەکی قیتی بەستبوو، ریشی پڕ بە مشتی هێشتبووە و لەبن برۆکانیەوە وەک چریکێکی کۆنەکار سەیری ئەو دۆڵ و دەربەند و شاخ و داخەی دەکرد. هەر کەس دەیبینی لەو هەستەی دەگەیشت. هەستی زۆربەی گەنجەکانی ئەو دۆڵ و دەربەندە. هەموو ئەوانە کە توندوتۆڵ خۆیان دەپێچایەوە، گۆرەوی و پووزەوانەیان تا سەر ئەژنۆ هەڵدەکێشا و بە جووتێک پۆتینی قورسی سەربازییەوە، قورس و قایم هەنگاویان هەڵدێنایەوەو، بە باریکە ڕێی ناو دارو دەوەن و شاخ و داخەکەدا هەڵدەگەڕان یان دادەگەڕان. ئەو ڕۆژە شێرزاد لە پشت سەری حەمەرەشید ئاغاوە بە لێژی کۆڵانەکەی ئاواییدا بەرەو ماڵ هەڵدەگەڕا. هەلالە لەسەر بانیژەی ماڵەکەیان باوکی دەبینی. لە پشت شانی باوکییەوە تەنیا لولەی تفەنگێکی دەبینی. تفەنگێک کە دواتر زانی هی شێرزادە، هی گەنجێکی کەمێک کورتە باڵای ڕیشن، کەسێکی شەرمن و تا ڕادەیەک عەسەبی کە نیگای بە هیچەوە بەند نەدەبوو، لە

هیچ شتێک ڕانەدەما. حەمەڕەشید ئاغا لەسەر بانیژەکە بە یەکتری ناساندن.

«ئەمە شێرزادە. ئەمەش هەڵاڵەی کچم.»

گوتی: «هەڵاڵە تا ماوەیەک لەمەبەر لە ڕادوێ کاری دەکرد. ئێستا لە قوتابخانەی ئاوایی دەرس بە منداڵان دەڵێتەوە.»

هەڵاڵە سەرتاپا ڕەشی پۆشیبوو. لەچکەی بەسەرەوە نەبوو. لەوە جوانتر بوو کە شێرزاد چاوەڕوانی دەکرد.

حەمەڕەشید ئاغا هەرای لە سەعادەتی خێزانی کرد:

«سەعادەت وەرە. وەرە بزانم دەزانی ئەم کوڕە گەنج و ڕێک و پێکە کوڕی کێیە؟»

سەعادەت نەیزانی. حەمەڕەشید ئاغا گوتی: «شێرزاد کوڕی فەرەج ئاغایە. کوڕی دولبەر. تۆ دەتزانی دولبەر کوڕی ئاوای هەیە؟»

سەعادەت بە ڕووی خۆشەوە شێرزادی وەرگرت. وەک هەموو جارێکیتر کە هاوشاری و ناسیاوێکی دەبینی، هەواڵی کەس و کار و، هەواڵی هەموو خەڵکی شارەکەی لێپرسی.

حەمەڕەشید ئاغا گوتی: «شێرزاد کوڕێکی ئازا و نەجیب و خانەدانە. حەز دەکەم وەک کوڕی ماڵ وەریبگرن. وەک کوڕی ماڵ ڕێزی لێبگرن و خۆشتان بوێت.»

بە هەر دووکیانی گوت. ئەوسا ڕووی کردە شێرزاد و گوتی: «تۆش لەمەدوا خۆت بە کوڕی ئەم ماڵە بزانە و بێ هیچ شەرم و شوورەییەک وەک کوڕی ماڵ بجووڵێرەوە و هەڵس و کەوت بکە.»

شێرزاد سەری هەڵبڕی و بە دەم بزەیەکی شەرمنۆکانەوە سەیری حەمەڕەشید ئاغای کرد کە کڵاو و جامانەکەی داکەندبوو، لە باوکێکی میهرەبان دەچوو. سەعادەت خانمیش دایکێکی میهرەبان بوو، کە بە دەم چا تێکردنەوە بە سیلەی چاو لێی دەڕوانی. هەڵاڵە لەو بەرەوە بێ هیچ هەستێکی تایبەت دانیشتبوو. لەوە نەدەچوو قسەیەکی چاوەڕوان نەکراوی بیستبێت. دیار بوو باوکی زۆرجاری تریش قسەی لەو شێوەی دەربارەی زۆر کەسیتر کردبوو.

حەمەڕەشید ئاغا وەها کە وەڵامی ئەو بۆچوونە نەدرکاوەی دابێتەوە، گوتی: «زۆر

کەسیتر هاتوون بۆ ئەم ماڵە و پێم گوتوون کە ئێرە بە ماڵی خۆیان بزانن، بەڵام لە بیرتان نەچێت کە ئەم کوڕە بۆ من وەک هەموو کەسیتر نییە.»

ئەوسا رووی لە شێرزاد کردەوە:

«تۆ کوڕی فەرەج ئاغایت و، من و باوکت سەردەمانێک لە برا بە یەک نزیکتر بووین. کەواتە ئێرە ئەگەر بۆ تۆ ماڵە باوان نەبێت، لانیکەم ماڵە مامە. منداڵەکانم ئەگەر بۆ تۆ خوشک و برا نەبن، لانیکەم ئامۆزان.»

هەلالە ئەمجارە بە سەرسوورمانەوە سەیری کرد. سەیری باوکی و سەیری ئەو میوانە گەنجە کە نەیدەتوانی خۆشییەکەی لە بیستنی ئەو قسانە بشارێتەوە. خۆشییەکی بێدەنگ. شێرزاد هیچی نەگوت، چونکا نەیدەزانی چۆن وەڵامی ئەو هەموو میهرەبانیە بداتەوە. ساڵەها لەوە دوا گوتی: «ئەو چاکەو میهرەبانییەی باوکت لە خۆوە نەبوو، ئێستا کە بیر دەکەمەوە دەبینم لە خۆوە نەبووە. ئەو دەیویست بەو قسانە، بەو هەموو میهرەبانیە، من و تۆ لە یەکتر نزیک بکاتەوە.»

دەیگوت: «باوکت پیاوێکی عاقڵ بوو، دەیزانی دەبێ چی بکات بۆ ئەوەی چارەنووسی من و تۆ لە یەکتر گرێ بدات، بۆ ئەوەی تۆوی عەشق و خۆشەویستی لە دڵی ئێمەی گەنجدا بچێنێت. من تا دەمرم خۆم بەقەرزداری باوکت دەزانم. ئەو بوو کە منی لە تۆ نزیک خستەوە. ئەو بوو کە تۆوی عەشقی تۆی لە دڵی مندا چەند. ئەو بوو کە پاڵی بە منەوە نا شوێن عەشق و خۆشەویستی تۆ بکەوم، شارەو شار و وڵاتەو وڵات... تا لێرە بە تۆ بگەم. من تا دەمرم سوپاسی باوکت دەکەم.»

شێرزاد کاتێک ئەوەی دەگوت کە خۆی لەوپەڕی بەختەوەریدا دەبینیەوە. پیاوێکی بەختەوەر کە عاشقانە ژنەکەی خۆش دەویست، منداڵەکەی خۆش دەویست و ماڵ و ژیانەکەی خۆش دەویست. ئەو هەمووە خۆشی و خۆشەویستیانەشی لە حەمەرەشید ئاغا دەناسی. بۆیە رەسمەکەی حەمەرەشید ئاغای لە قاپێکی شیشەیی گرتبوو، لە سەر رەفەی کومێدی هۆڵەکە، لەگەڵ شتە جوان و عەنتیکەکان دانابوو. لەو رەسمەدا حەمەرەشید ئاغا لە مابەینی هەلالە و شێرزادا بوو، وەک باوکێک کە لە مابەینی کچ و کوڕەکەی، یان کچ و زاواکەیدا بێت.

شێرزاد دەیگوت: «باوکت ئەو کاتە دەیزانی من و تۆ دەبین بە ژن و مێرد. پێشبینی ڕۆژێکی وەک ئیمڕۆی دەکرد.» بە خۆشییەوە دەیگوت: «سەیرکە چۆن دەستی خستۆتە سەر شانی هەردووکمان.»

ڕەسمەکە لە ئاوایی، لەسەر بانیژەی ماڵەکەیان گیرابوو. حەمەڕەشید ئاغا دەستی خستبووە سەر شانی هەڵاڵە و دەستەکەی تری لە پشت شێرزادەوە بوو. شێرزاد بە هەڵە سەرشانی کراسەکەی بە پەنجەی دەستی حەمە ڕەشید ئاغا دەزانی. ئەو بە حەزەوە لەو ڕەسمە ورد دەبووەوە. لە خۆی ورد دەبووەوە، کە وەک هەموو ڕەسمەکانیتری ئەو دەمانە جلی خاکی لە بەردابوو، جامانەی قیتی بەستبوو. بەڵام لەو ڕەسمەدا ریشی نەبوو. هەڵاڵەش وەک هەمیشە کراس و پانتۆڵی ڕەشی لەبەردابوو، وەک هەموو ئەو ڕۆژ و مانگانە کە لە مەرگی برایمۆک تێپەڕیبوو. سەعادەت گوتبووی: «دە ڕۆڵە ئیتر ئەو جلکە ڕەشانە لەبەرت داماڵە. خۆ هەر برایم نەمردووە...»

دەیگوت: «بۆ نازانی ئەم دۆڵە ڕۆژی تەرمی چەند گەنجی وەک برایمۆکی بۆ دێتەوە؟»

هەڵاڵە دەیزانی. دەیگوت: «زۆر... ڕەنگە دەیان و بگرە زیاتریش. بەڵام من بۆ مەرگی هەموویان تاوانبار نیم. من تەنیا بۆ مەرگی برایمۆک تاوانبارم.» دایکی سەری لێ رادەوەشاند. باوکی لێی تووڕە دەبوو. تەنیا شێرزاد بوو کە خەمی لێ دەخوارد. بێئەوەی هەڵاڵە پێیزانێت و دەرکی پێبکات، دڵی بۆی دەسووتا. وەک زۆربەی دانیشتوانی ئەو دۆڵە، بە گوندی و شارییەوە. وەک هەموو ئەوانە کە بە چیرۆکی هەڵاڵەیان دەزانی، هەر لە ڕۆژی کارەساتەکەوە، لەو ڕۆژەوە کە تەرمی ڕەق هەڵاتووی برایمۆکیان بە پشتی وڵاخێکەوە هێنابووەوە، تەنانەت بەرلەوەش، لەو ڕۆژە کە قاو بڵاو بووبووەوە کە هەڵاڵەیان بە رووت و قووتی لە باوەشی برایمۆکدا گرتووە...

گوتبوویان لە ناوبەردانی چەپەکێکی نەدیو بە مەلەی شاخەکەوە گرتوویانن. گوتبوویان لە سەر تەختە بەردی گوێ حەوز و کانییەکی بچووک گرتوویانن. گوتبوویان بە رووت و قووتی لە لای کانییەک کە لە دڵی گابەردێکەوە هەڵدەقوڵێت،

گرتوویانن- پێشتر کەس ئەو کانییەی نەبینیبوو. کەس پەی پێنەبردبوو. ئەوەی کە یەکەمجار پەی پێبرد، ئەو کەسە بوو کە بە پرتاو خۆی گەیاندە یەکێک لەخانووەکانی ئەو شاخەوەو، بە ترس و هەناسەی سوارەوە گوتی:

«دوو کەس... دوو کەس لە بن گابەردێکی ئەو بەرزاییە خەریکن بە پێسیم پەیوەندی بە دوژمنەوە دەگرن.»

نەیگوت دوو کەسەکە کێن. گوتیشی هەموو ئەوانە کە بیستیان دواتر حاشایان لێکرد. یەکێک لە ناو خانووەکە بە پرتاو چووە دەر و، دە پازدە پیاوی ناڕای بە چەک و تفاقی تیر و تەسەلی شەڕەوە ئامادە کرد و بە شاخەکەدا هەڵیگێران. زۆری نەخایاند کە دوورادوور کانی عاشقانیان لە کەمارۆدا. ئەوسا ورده ورده و بە کۆمەکۆم لێی نزیک بوونەوە. کاتێک گەیشتنە سەر کانییەکە، برایمۆک خەریک بوو شیعری بۆ هەڵاڵە دەخوێندەوە.

«هەڵاڵە و برایمۆک!؟»

یەکێک هاواری کرد: «دەست هەڵبڕن و لە جێی خۆتان مەجووڵێن.»

برایمۆک داچڵەکی. نان و سات و پێختیار دەستی بۆ کەڵەکەی بێ چەک و دەمانچەی خۆی برد.

هەر ئەو کەسە نەڕاندی: «دەڵێم مەجووڵێن.»

هەڵاڵە ئەوەندە ترسابوو، کە بیریشی لە دەمانچەکەی کەڵەکەی نەکردەوە.

یەکێکتر لە پیاوەکان لە سەر گابەردەکەوە خۆی فڕێدایە خوار بۆ بەردەمیان.

«ئەوە ئێوەن!؟»

یەکتریان ناسییەوە. هاواری کرد: «هەڵاڵە و برایمۆکن. پێشمەرگەکانی راتوین.»

کەسێک لە نەدیویەوە گوتی: «پێسیمیان پێیە؟»

«نا.»

«ئەی چۆن پەیوەندییان بە دوژمنەوە گرتووە؟»

پیاوەکە پێکەنی. بە تیز و توانجەوە گوتی:

«پەیوەندییان بە خۆیانەوە گرتووە، نەک بە دوژمنەوە!»

هەڵاڵە هێڵنجێکی هاتێ. دەستێکی بە دەمیەوە و دەستەکەی تری بە سکیەوە گرت و هەنگاوێک بەولاوەتر نەویەوە. کاتێک هەموو پیاوەکان لێیان نزیک بوونەوە، هەڵاڵە لەولا حەوزە بچووکەکە خەریک بوو دەڕشایەوە.

دواتر هەڵاڵە دەیگوت: «کەس نەیزانی چۆن قاو بڵاوبووەوە کە من و برایمۆکیان بە رووت و قووتی لە باوەشی یەکتردا گرتووە.»

زۆری نەخایاند کە زۆربەی دانیشتوانی کەپر و کۆلیت و خێوەتەکانی ئەو شاخە لە دەوریان کۆبوونەوە. دەتگوت هەموویان چاوەڕوان بوون بە رووت و قووتی لەباوەشی یەکتردا بیانبینن. میرزا حەسەن و پیاوێکی تووڕە و تۆسن دڕیان بەخەڵکەکەدا و لەبەر دەمیاندا قوت بوونەوە.

«ئێوە بەم ئێوارەیە بۆ لێرەن؟ لێرە چی دەکەن؟ ها... چیتان دەکرد؟ بۆ...»

کەسانێک مات و کەسانێکیش پێدەکەنین. کەسانێکیش بوون کە لەبەر خۆیانەوە قسەی ناحەزیان فڕێ دەدا. برایمۆک چاوێکی لە ئەوان و چاوێکیتری لە لای هەڵاڵە بوو کە بەردەوام هێڵنجی دەهاتێ و دەڕشایەوە.

ئەو رۆژە و هەموو رۆژانیتری لەوەدوا... تا هاتنەوەی حەمەرەشید ئاغا... تا وازهێنانی برایم لە کاری راگەیاندن... تا رۆشتن و گەڕانەوەی... هەموویان لە بیرەوەرییەکانی هەڵاڵەدا رۆژانێکی سپی بوون. سپییەکی بێڕەنگ. هەڵاڵە لەو سپییە بێڕەنگەدا هیچی نەدەبینی. هەرچی هەوڵی دەدا و هەرچی زەختی دەخستە سەر مێشک و زەینی هیچی وێنا نەدەکرد. تەنانەت بە خەیاڵیش سیما و روخساری برایمۆکی نەدەهاتە بەرچاو ئەو کاتەی کە لە ژێر هەرەسی کێوێک بەفری سپی لێی قەومابوو.

هەڵاڵە دوای ئەو رۆژە ئێتر سەری بەو شاخەدا نەکردەوە. بۆ سبەینێدا برایمۆکیش لەشی ماندووی بێخەویی شەوی رابوردوو، مێشکی هیلاکی ئەو رووداوە سەیر و سەمەرە، تا عەسر لە سەر بانی رادوێ مانی لە کار و قسەو گفتوگۆ گرت و، دوای عەسریش بەرەو ئاوایی و بەرەو ماڵی هەڵاڵە رۆیشت. سەعادەت کە کەس نەیدەزانی هەواڵی رووداوەکەی دوێنی ئێوارەی چۆن و لە زاری کێ بیستووە، لەبەر

حەیای خۆی و لە ترسی حەمەرەشید ئاغای مێردی لە سەر بانیژەی ماڵەکەی دانیشتبوو، هەڵدەلەرزی. هەر کە برایمی لە سەر پلیکانەکان بینینی هەستایە سەر پێ و وەک مریشکێک کە شاڵاویان بۆ جوجەڵەکانی بردبێت، لێی راسا.

«چییە کاکە؟ تۆ بۆ هاتووی بۆ ئێرە!؟»

«هاتووم هەڵاڵە ببینم. هاتووم بزانم ئیمڕۆ بۆ نەهاتۆتە سەر کارەکەی.»

«یەعنی تۆ نازانی بۆ نەهاتووە؟»

«نا نازانم. ئەگەر لەبەر ئەو رووداوەی دوێنێ ئێوارەیە، ئەوە لەم دۆڵە رۆژی سەد شتی وا روودەدا. پیاوێکی گێل نەیناسیوین و پێی وابووە خراپکارین. هەڵاڵە خۆی ئاگادارە نەک هەر ئەو پیاوە، بەڵکوو مامۆستا حەسەن و هەموو پیاوانی دیکەی ئەو شاخەش داوای لێبوردنیان لێ کردین و کێشەکە کۆتایی هات.»

برایمۆک کێشەکەی ئەوەندە سادە و ئاسایی گێڕایەوە کە خۆشی سەیری هاتێ. هیچ ئیشارەتێکی بەو قاو و بوختان و تەشەر و توانجانە نەکرد. سەعدەت بە تیزەوە گوتی: «هەر ئەوەندە!؟«

«بەڵێ هەر ئەوەندە.»

گوتی: «ئێستا ئەگەر لوتف بکەیت و هەڵاڵەم بۆ بانگ بکەیت، دڵنیام ئەویش راستی قسەکانی منت بۆ دەسەلمێنێت.»

هەڵاڵە کە وادیار بوو ئاگای لە هەموو قسەکان بووبێت لە ناو دەرکەوە دەرکەوت. سیمایەکی شپرزە و شپرێوی بوو. تووڕە و عەسەبی بوو. دیار بوو ئەویش دوێشەو و تەنانەت ئیمڕۆش وەنەوزی نەداوە. بەر لەوەی هیچ بڵێت، دایکی گوتی: «نا کاکە برایم، دڵنیابە هەر ئەوەندە نییە. ئێستا لەم ناو ئاواییە و، دڵنیام لە هەموو ئەم دۆڵ و دەربەندەش، خەڵک بە پێچەوانەی قسەکانی تۆ و هەڵاڵە لەو رووداوە دەدوێن. ئەوان دەڵێن...»

برایم نەیهێشت درێژە بە قسەکەی بدا و بە جەسارەتەوە هەڵیدایە:

«هەر کەس بە پێچەوانەی ئەم قسانە، هەرچی بڵێت درۆ دەکات.»

سەعادەت بە بێزارییەوە گوتی: «من نازانم کێ درۆ دەکات و کێ راست. ئەوەندە

دەزانم کە تۆ و ئەم سەرشینە حەیا و شەرەفتان بە ئێمەوە نەهێشتووە. خوا روحم بە ئاخر و عاقیبەتی خۆتان و ئێمەش بکات.»

برایمۆک ئەمجارە بە داماوییەوە لە هەلاڵەی روانی. وەها کە داوای لێ بکات شتێک بڵێت. هەلاڵە هیچی نەگوت. وەک کەسێک کە دانی هاتبێتە ئێش، بەرە دەستی بە کوڵمییەوە نووساندبوو، چاو و نیگای ئێش و ئازارێکی زۆریان ئاشکرا دەکرد. ئێش و ئازار؟ رەنگە رق بوو. رق و قینێکی سەیر لە چاوەکانیدا پەنگی خواردبووەوە.

برایمۆک گوتی: «تۆ بۆ هیچ ناڵێیت؟ بۆ بە دایکت ناڵێیت کە جگە لەوەی من بۆم باس کرد، هیچیتر رووینەداوە؟»

هەلاڵە بێئەوەی دەست لەسەر کوڵمی لا ببات، گوتی: «گرینگ نییە چی روویداوە. گرینگ ئەوەیە کە بوختانی گەورە و ناجوامێرانە بۆ من کراوە. ئەو بوختانە نەتیجەی پیلانێکە کە من تێناگەم لە کوێوە و لە لایەن کێوە رەنگی بۆ رژاوە.»

برایمۆک گوتی: «تاوانی من چییە؟ ئەگەر بوختان بۆ تۆ کرابێت بۆ منیش کراوە. وانییە؟»

هەلاڵە وەها کە قسەکەی برایمی نەبیستبێت، درێژەی بە قسەکانی خۆیدا.

«باوکم دەیگوت دوژمنداره. دەیگوت زۆر کەس لە بۆسەیدا دانیشتوون تا فرسەتێکیان بۆ هەڵکەوێت و زەفەری پێ ببەن. شتێکی بچووک لە خۆی یان ژن و منداڵەکەی گەورە بکەنەوە و حەیای ببەن...»

هەلاڵە بەدەم ئەو قسانەوە ناو دەرکەکەی بەجێهێشت و، بە سەر و شانی کزەوە رۆشتە ژوور. بە رۆشتنە ژووری هەلاڵە و پشت لێ هەڵکردنی، برایمۆک ئەوەندەی تریش بەتەنیا و دەستەوەستان مایەوە.

سەعادەت کە ئێستا ئیتر هیچی لە مریشکێکی وریا نەدەچوو، بە پاڕانەوەوە گوتی: «کاکە برایم، تکات لێدەکەم وازی لێ بێنە. وازمان لێ بێنە. بڕۆ و ئیتر ئاورمان لێ مەدەرەوە. تکات لێدەکەم تا حەمەرەشید ئاغا نەهاتۆتەوە...»

حەمەرەشید ئاغا هاتەوە و بە پێچەوانەی چاوەڕوانی سەعادەت هیچ شتێکی سەیر

رووی نەدا. جگە لەوەی کە بانگی هەڵاڵەی کرد و داوای لێکرد وشە بە وشە رووداوەکەی ئەو رۆژەی بۆ بگێڕێتەوە. هەڵاڵە بۆی گێڕایەوە. راست و رەوان چی روویدابوو هەمووی بۆ گێڕایەوە.

حەمەرەشید ئاغا گوتی: «باشە بۆ لەوەدوا تەرکی ئەو شاخەت کردو نەچوویتەوە سەرکارەکەت؟»

هەڵاڵە بە سەرسوورمانەوە گوتی: «یەعنی تۆ پێتوایە دەبوو بچوومایەوە؟»

حەمەرەشید ئاغا بە ئەرێ و بە نا وەڵامی نەدایەوە. گوتی: »ئێستا بە تەمای چی بکەیت؟»

ئەو ئەوەندە مەند و ئارام دەدوا و دەیپرسی کە هەڵاڵە ترسا. بە ترسەوە گوتی: «دەمەوێ ئەگەر تۆ ئیجازە بدەیت شوو بە برایمۆک بکەم.»

حەمەرەشید ئاغا چاوی لێ دەرپەڕاند. بەڵام وەک کەسێک بڕیاری دابێ تووڕە نەبێت، خولێکی بە لەشیدا و پشتی تێهەڵکرد. رەنگە بەو کارەی ویستی رق و تووڕەییەکەی لێ بشارێتەوە.

«شووی پێبکەیت تا خەڵک بڵێن کەواتە راست بووە بە رووت و قووتی لە باوەشی یەکتردا گرتوویانن!؟»

پشت لێکردن و تووڕە نەبوونەکەی حەمەرەشید ئاغا، هەڵاڵەی جەسوورتر کرد. گوتی: «من و برایم یەکترمان خۆش دەوێ، بابە گیان. کەواتە حەق نییە لەم شاخ و دۆڵە ئازادە، بە دزییەوە، لێرە و لەوێ، لە شوێنێکی دوور و نەدیوی وەک کانی عەشق یەکتر ببینین.»

«کانی عەشق!؟»

هەڵاڵە بە زمانیدا هاتبوو، ئیتر بۆی نەدەگەڕایەوە. بۆیە ناچار بوو بڵێت: «خۆمان ئەو ناوەمان لێناوە. خۆمان پێی دەڵێین کانی...»

لە شەرم و ترسا ناوچاوانی سەر ئارەق نیشت.

حەمەرەشید ئاغا قسەکەی پێ بڕی و هەر بەو دۆخەوە گوتی: «من تێناگەم ئەو هەتیوە چۆن وای لە تۆ کردووە! چۆن تۆی ئاوا خەڵەتاندووە!»

«بابە گیان، ئەو منی خۆش دەوێ و دەیەوێ بمخوازێت.»

حەمەڕەشید ئاغا لێوی خۆی کرۆشت. هەلاڵە نەیبینی.

«ئەو کوڕە جێی متمانە نییە هەلاڵە. من نازانم تۆ چۆن متمانی پێ دەکەی؟ نازانم چۆن متمانەت پێکردووە؟»

هەلاڵە گوتی: «منیش نازانم تۆ بۆ لەسەر ئەو هەموو خەڵکەدا متمانەت بەو نییە؟»

حەمەڕەشید ئاغا لەوە زیاتر خۆی پێ نەگیرا. بە تووڕەییەوە رووی تێکرد و بەسەریدا نەڕاندی.

«لەبەر ئەوەی کە...»

خوێن لە ناو چاو و لە ژێر پێستی روومەتییەوە شەپۆلی دەدا. بەو حاڵەش زوو لە تووڕە بوون و دەنگ بەرز کردنەوەکەی پەشیمان بووەوە و دەنگی نزم کردەوە.

سەعادەت لە راڕەوی ماڵەکە لە پشت دەرکەی پێوەدراوی دیوەکە هەڵدەلەرزی.

حەمەڕەشید ئاغا گوتبووی کەس نەچێتە ژوور و ئەویش نەچووبوو. بەبیانووی کارێکەوە لە راڕەوەکە دانیشتبوو، پەنجەکانی دەستی دەگوشی.

حەمەڕەشید ئاغا دوای هەڵچوون و داچوونە کوتوپڕی و ئان و ساتییەکەی بێدەنگ بوو، هیچی نەگوت. رەنگە لە وەڵامی پرسیارەکەی هەلاڵە دەگەڕا و نەیدەبینییەوە.

«ئەو هەتیوە جێی بڕوا و متمانە نییە و تەواو.»

گوتی: «ئامادەم گرەوت لە گەڵ ببەستم ئێستا شووی پێ بکەیت، دوای مانگێک پیلەت پێدەگرێت و، داوات لێ دەکات لەگەڵیدا بچیتەوە بۆ شارو خۆتان تەسلیم بکەنەوە.»

گوتی: «ئامادەم گرەوت لەگەڵ ببەستم تەنانەت ئەگەر شووشی پێ نەکەیت، بەو مەرجەی رووی نەدەیتێ و لێت نائومێد ببێت، دە رۆژ ناخایەنێ کە کۆڵە پشتییەکەی بە شانیدا دەدا و بەو دیو شاخەکەدا بەرەو شار خل دەبێتەوە.»

هەلاڵە ئیتر هیچی نەگوت. بیری کردەوە پێشتریش چەند جار بۆ چەند شتی

جیاواز لەگەڵ باوکی گرەوی بەستبوو. بیری کردەوە هەموو جارێک ئەو دۆڕاندبووی و باوکی بردبوویەوە. ئایا ئەمجارەش ئەگەر گرەوی لەگەڵ ببەستێ دیسان ئەو دەیدۆڕێنێت و باوکی دەیباتەوە؟ دڵنیابوو کە ئەمجارە بەپێچەوانەی جارەکانیتر ئەو دەیباتەوە و باوکی دەیدۆڕێنێت. ئەی کەواتە بۆ گرەوی لەگەڵ نەبەستێت؟ باشە چۆن گرەوی لەگەڵ ببەستێت؟ بڵێ چی؟

حەمەرەشید ئاغا رەنگە لەو داڵغە و بیر کردنەوەی هەڵاڵە گەیشتبوو، بۆیە گوتی: «وەرە با ئەمجارەش گرەو ببەستین هەڵاڵە. تۆ تەنیا دە رۆژ، دە رۆژ پشتی تێ هەڵکە و لە خۆتی بتارێنە، ئەگەر ئێرەی بەجێنەهێشت و نەگەڕایەوە بۆ شار. ئەگەر...»

هەڵاڵە لە باوکی راما. لە چاوەکانی کە پڕ بوون لە دڵنیایی. دڵنیاییەکی نابەجێ. نابەجێ؟ حەمەرەشید ئاغا زەردەخەنەیەکی کرد و گوتی: «تۆ دەزانی کە من چەندەم تۆ خۆش دەوێت. دەزانی کە هەرچی دەڵێم لە پێناوی مەسڵەحەتی خۆتا دەیڵێم. من نامەوێت زەختت بخەمە سەر و نامەوێت ئازارت بدەم. دڵنیابە گرەوم لەگەڵ ببەستی و نەبەستی، بێ دڵی تۆم پێ ناکرێت. مادام تۆ ئەوەندە ئەو هەتیوەت خۆش دەوێ، حەز دەکەی سبەینێ لە یەکترتان مارە دەکەم. بەڵام...»

بەدڵسۆزی و میهرەبانییەوە گوتی. هەڵاڵە لە راستی قسەکانی دڕدۆنگ و بەشک نەبوو. بەوحاڵەش گوتی: «نا. گرەوت لەگەڵ دەبەستم.»

گوتی: «خۆشم حەز دەکەم تاقی بکەمەوە.»

ئەوسا دەستی بۆ درێژ کرد. پەنجەکانی لە ناو لەپە دەستی باوکیدا دەلەرزین. حەمەرەشید ئاغا تێگەیشت. گوتی: «ئەم گرەوە وەک گرەوەکانی پێشوو نییە، هەڵاڵە. ئەم گرەوە گرەوی ژیانە. گرەوی بەختە. هەر کامێکمان بیدۆڕێنین دەبێ...»

هەڵاڵە نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات. گوتی: «من دەیبەمەوە بابە.»

بۆ بەیانیدا هەڵاڵە لە برایمۆکی راسپارد کە لە هەموو بڕیار و بەڵێنەکانی خۆی پەشیمان بۆتەوە و حازر نییە شووی پێ بکات. برایمۆک تا لە زار و زمانی خۆی نەیبیست بڕوای بە راسپاردەکە نەکرد. سێ یان چوار رۆژ لەوە دوا بوو کە حەمەرەشید

ئاغا هاتەوە بۆ ماڵ و، لە کاتێکدا لە خۆشیان بزەی سمێڵی دەهات، گوتی: «ئەو هەتیوە ڕۆشتووە.»

هەڵاڵە گوتی: «دەزانم. بەڵام نەڕۆشتووە بۆ شار خۆی تەسلیم بکاتەوە.»

برایمۆک دوو ڕۆژ دوای ئەوەی کە ئەو قسانەی لە هەڵاڵە بیستبوو، لەو پەڕی خەم و نائومێدیدا چووبوو بۆ لای مامۆستا حەسەن و گوتبووی: «دەمەوێ بۆ ماوەیەک لێرە بڕۆم.» گوتبووی: «ئیتر تاقەتی بەشی ڕاگەیاندنم نەماوە. دەمەوێ چەک هەڵگرم و ئەم زستانە لەگەڵ یەکێک لە پەلەکان ڕێکەوم.»

حەمەرەشید ئاغا گوتی: «ئەوە بیانووە. بیانوو بۆ ئەوەی لێرە خۆی دەرباز بکات. هەر ئەوەندەت زانی هەواڵیان هێنا کە ئەو هەتیوە لە پەلەکەی دابڕاوە و خۆی لێدزیوەتەوە.»

بە دڵنیاییەکی سەیرەوە گوتی. زۆری نەخایاند کە هەواڵیان هێنا و گوتیان برایمۆک لە پەلەکەی دابڕاوە. حەمەرەشید ئاغا بە خۆشییەوە هەواڵەکەی بۆ هەڵاڵە گێڕایەوە.

هەڵاڵە گوتی: «دەڵێن ژێر هەرەس کەوتووە.»

بە دڵپڕی و گریانەوە گوتی. ڕەنگ بە ڕوخسارییەوەنەمابوو، لێوەکانی دەلەرزین.

«دەڵێن ژێر کێوێک بەفر کەوتووە. هاوڕێکانی و خەڵکی ئاواییەکانی ئەو مەحاڵە هەرچی هەوڵیان داوە نەیاندۆزیوەتەوە.»

حەمەرەشید ئاغا بەدەم زەردەخەنەیەکی تیزەونەوە سەری ڕاوەشاند.

«درۆیە. دڵنیات دەکەم ئەو فرسەتەی قۆستۆتەوە و هەڵاتووە.»

هەڵاڵە گوتی: «خۆزگە وابێت.»

لەقووڵایی دڵیەوە گوتی.

وانەبوو. مانگێک، مانگ و نیوێک دواتر خەڵکی ئاواییەکانی ئەو مەحاڵە تەرمەکەی برایمۆکیان دۆزییەوەو، هەر ئەو ئێوارە ڕادوێ هەواڵی دۆزرانەوەکەی بڵاوکردەوە.

«برایمۆکی شاعیر و هونەرمەند، خەباتکار و بێژەری بەناوبانگی ڕادوێ...»

ئەو ئێوارە هەڵاڵە گوێی لە هەواڵەکانی ڕادوێ نەگرتبوو. نە سەعادەت و نە

حەمەرەشید ئاغا و تەنانەت کاروانیش کە لە ماڵەوە بوو، ئەو شەوە هەواڵەکەیان بۆ نەگێڕایەوە. چێشتانی ڕۆژی دوایی هەلاڵە زانی. کاتێک لە پەنجەرەی ژوورەکەیانەوە چاوی بە کۆمەڵە خەڵکێکی زۆر کەوت کە لەبەر دەمی مزگەوتی ئاوایی کۆببوونەوە.
گوتی: «ئەوە چی بووە؟ چی ڕوویداوە؟»
دایکی کە لە دوێنێشەوەوە نەخۆش کەوتبوو، بە دەسرەیەکی ڕەش سەری بەستبوو، گوتی: «گوایە قەرارە تەرمی شەهیدێک بهێننەوە و لە مزگەوت بیشۆن.»
«شەهید!؟ کێ...»
هەلاڵە پرسیارەکەی تەواو نەکرد کە دایکی لە پرمەی گریانیدا.
هەلاڵە تۆقا. ئان و سات بیری برایمۆک کەوتەوە و بەپڕتاو لە ماڵ دەرپەڕییە دەر. ئەو هێشتا نەگەیشتبووە بەردەرکەی مزگەوت، کە تەرمەکەیان لەسەر پشتی وەلاخێک دابەزاند. تەرمەکە لە سەر عەرز بوو.کە هەلاڵە خۆی پێ گەیاند و لەبەر چاوی خەڵک و حەشاماتێکی زۆردا لە باوەشی گرت. ئەوسا بێشەرم و شوورەیی کوڵمی بە دەم و لێوی ساردییەوە نا. خەڵک بە دەوری تەرمەکە و بە دەوری هەلاڵەدا کە دەگریا و بەگریانەوە دەمی خستبووە ناو دەمی ساردی تەرمەکە، ئاڵقەیان بەستبوو. بە سەرسووڕمانەوە لەوان و لە یەکتریان دەڕوانی. ڕوانینێکی پڕ لە پرسیار. کەسێک بەدەم گریانەوە وەڵامی پرسیارە نەدرکاوەکانی دایەوە.
«دەسگیرانییەتی.»
هەلاڵە نەیبیست. بەڵام بیستی کە یەکێکیتر بە دەنگێکی پیر و نووزنەوە گوتی: «ئا دوو کەس بچنە بن باڵی ئەو ئافرەتەو لەسەر ئەو تەرمە بەرزی بکەنەوە. با دەسگیرانیش بێ بەڵام...»
کەس مەبالاتی بە قسەکەی نەکرد و کەس دڵی نەهات ئەو جووتە دڵدارە لە باوەشی یەکتر بکات. ئەو دڵداریی و هاوباوەشییە، ئەو دوا ماڵاوایی و ویداعە، ئەوەندەی خایاند تا سەعادەت دڕی بە خەڵکەکەدا، ئاڵقەی کۆ بوونەوەکەیانی پساند و باوەشی بە کچەکەیدا کرد.
«بەسە ئیتر کچم. هەستە.»

هەڵاڵە لە باوەشی سارد و سڕی برایمۆکەوە خۆی بۆ باوەشی دایکی گوێزایەوە. پاش تێڕامانێکی ورد لە سەرتاپای تەرمەکە، گوتی: «دایە من گرەوەکەم بردەوە یان باوکم؟»

دایکی لەبەر گریان وەڵامی پێنەدرایەوە و هیچی نەگوت.

شیرزاد گوتی: «برایمۆک دۆڕاندی. ئەو کوڕە کڵۆڵە دۆڕاندی.»

شێرزاد ساڵەها لەوە دوا ئەوەی گوت. نەوەک جارێک و دوان... زۆرجار ئەوەی دەگوت. کاتێک کە تووڕە دەبوو، دەیگوت: «تۆ جگە لە خۆت کەسیترت بە لاوە گرینگ نییە. تۆ لە پێناوی خۆت و هەوا و هەوەسی خۆتا حازری بە ژیانی نزیکترین کەسەکانیشت یاری و گاڵتە بکەیت. حازری لەسەر ژیانی ئەوانەش کە خۆشیان دەوێیت گرەو ببەستی.»

دەیگوت: «ئەمجارە لەسەر ژیانی من گرەوت بەستووە؟ لەگەڵ کێ؟ لەگەڵ حەمەڕەشید ئاغای باوکت، یان لەگەڵ ئەو دوکتۆرە عەجەمە؟»

هەڵاڵە هیچی نەدەگوت. بیری باوکی دەکەوتەوە. بیری ئەو ڕۆژانە کە حەمەڕەشید ئاغا بە بێ شێرزاد نەدەهاتەوە بۆ ماڵ. دەیگوت: «شێرزاد کوڕمە. گۆچانی دەستمە.» هەڵاڵە دەیپرسی: «من تێناگەم، باوکم بۆچی ئەوەندە تۆی خۆش دەوێت.»

لە شێرزادی دەپرسی. ئەوسا زەردەخەنەیەکی بێ تینی دەکرد و دەیگوت: «وردە وردە خەریکم بەخیلیت پێ دەبەم.»

«بەخیلی!؟»

شێرزاد دەیگوت: «تۆ بەخیلی بە کەس نابەیت. تۆ ئاگات لە کەس نییەو دەربەستی کەس نیت.»

زیاتر مەبەستی خۆی بوو. خۆی کە ماوەیەک بوو زوو زوو دەچوو بۆ ماڵیان و، هەر کاتێکیش کە دەچوو هەوڵی دەدا لە هەڵاڵە نزیک ببێتەوە. لەو کچە ڕەشپۆشە خەمبارە کە نە قسەی، نە ڕەفتار و هەڵسوکەوتی و، تەنانەت سیما و دیمەنیشی لەو هەڵاڵەیە نەدەچوو کە لە شاخ باسیان دەکرد. لەو هەڵاڵەیە کە هاوڕێ و

برادەرەکانی، هاوکارەکانی لە بەشی ڕاگەیاندن و لە ڕادوێ باسیان دەکرد. ئەوان باسی کچێکی زیت و وریا و جەربەزەیان دەکرد کە هەموو ڕەفتارێکی کوڕانە بووە، بەڵام ئەو کچێکی مەزڵوومی مەند و ئارامی دەبینی. کچێک کە لە هەموو کچانیتر خەمۆکتر و گۆشەگیرتر بوو. هەڵاڵە ڕیاتر لە خۆیدا بوو. لە خەم و بیری خۆی ڕۆ چووبوو. ئەو دوای مەرگی برایموک، دوای ئەو کۆستە گەورە، ئیتر خۆشی نەدەناسییەوە. کەس و کار و خەڵکی ئاواییش نەیاندەناسییەوە. بەڵام شێرزاد هەوڵی دەدا کە بیناسێت. هەڵاڵەی جاران نا کە نەیدیبوو، ئەو هەوڵی دەدا هەڵاڵەی ئێستا بناسێت. ئەو کچە مەند وئارام و خەمۆکە بناسێت کە هیچی لە کوڕان نەدەچوو. ئەو هەوڵدانە وەها بیر و هۆشی قۆستەوە کە ڕۆژێک زانی عاشقی بووە. ڕۆژێک کە ئیتر هەڵاڵە لەو ئاواییە نەمابوو. لەو دۆڵە و تەنانەت لە کوردستانیش نەمابوو. لەگەڵ کاروانی برای و بنەماڵەی مامە فەتاح کوردستانیان بەجێهێشتبوو. سەرەتا بەرەو تورکیە چووبوون و بەتەما بوون لەوێوە بچن بۆ... شێرزاد نەیدەزانی بۆ کوێ. دواتر زانی. حەمەڕەشید ئاغا پێیگوت. گوتی: «منداڵەکان گەیشتوونەتە سوید.»

«سوید؟!»

شێرزاد دەیگوت: «کە باوکت ئەو هەواڵەی پێدام، ئاهێکی سارد لە دەروونمەوە هاتە دەر و بۆ یەکەمجار هیوا بڕاو بووم.»

شێرزاد کاتێک ئەوەی بە هەڵاڵە دەگوت کە ژنی بوو.

هەڵاڵە دەیگوت: «بۆ تا ئەو کاتە هیچ هیوایەکت پێم بوو؟»

«ئەرێ. هیوادار بووم دەرنەچیت. هیوادار بووم لە تورکیە بتگەڕێننەوە. هەمووتان بگەڕێننەوە. بەڵام کە بیستم دەرچوویت...» هەڵاڵە دەیگوت: «چیت کرد؟ کە بیستت دەرچووم و گەیشتوومەتە ئێرە چیت کرد؟» هەڵاڵە بەخۆشییەوە دەیپرسی و، شێرزاد وەها کە گەڕابێتەوە بۆ ئەو دۆخە، بە خەمەوە وەڵامی دەدایەوە.

«هیچ. هەوڵمدا لە بیرت ببەمەوە و فەرامۆشت کەم.»

«کردت؟ ڕاستیەکەیم پێبڵێ شێرە، فەرامۆشت کردم؟»

«نەمتوانی. ڕەنگە ئەگەر لەگەڵ باوکت نەبوومایە، ئەگەر پاش ڕۆشتنی تۆ

سەردانی ماڵتانم نەکردایە و زوو زوو دایکتم نەدیبایە، بمتوانیبایە فەرامۆشت کەم. بەڵام هەموو ساتێک کە باوکتم دەبینی و، هەموو رۆژێک کە دەچوومە لای دایکت و وەک جاران بە میهرەبانییەوە وەری دەگرتم، دیسان بیری تۆ دەکەوتمەوە. بیری ئەو عەشق و خۆشەویستییە سەیرە کە تۆ تەنانەت ئاگاشت لێنەبوو. کەس ئاگای لێنەبوو.»

«باوکم و دایکیشم؟ ئەوانیش بەو خۆشەویستیەی تۆیان نەدەزانی؟»

هەڵاڵە زۆرجار ئەوەی دەپرسی و، شێرزادیش هەموو جارێک دەیگوت: «پێموانەبوو. ئەگەرچی زوو زوو باسی تۆیان بۆ دەکردم، بە تایبەت باوکت باسی تۆی بۆ دەکردم و هەواڵی تۆی دەدامێ، بەو حاڵەش پێموانەبوو بە رازی دڵم بزانن. تا دوو ساڵ بە هیچ شێوەیەک پێموانەبوو. بەڵام دوای ئەو ماوە، دوای ئەوەی کە باوکت گوتی، بۆ ناچی بۆ دەرەوەی وڵات؟ بۆ ناچی بۆ سوید لەوێ دەرس بخوێنی و وەک هەڵاڵە خۆت پێبگەیەنی...»

شێرزاد گوتبووی: »باشە چۆن بچم؟ خۆت دەزانی ئێستا وەک جاران نەماوە. ئێستا کەم وڵات پەنابەر وەردەگرێت. تورکیەش ئەوەندەی بتوانێ پەنابەرەکان تەحویل وڵاتی خۆیان دەداتەوە.»

حەمەرەشید ئاغا گوتبووی: «تۆ کارت نەبێ. تۆخۆت یەکلایی بکەرەوە، ئەوسا من رێگەیەک بۆ چوونت دەبینمەوە.»

حەمەرەشید ئاغا بەر لەوەی شێرزاد یەکلایی ببێتەوە و خۆی ساغ بکاتەوە، رێگەی چوونەکەی دیبووەوە. بە شێرزادی نەگوتبوو. بە کەسی تریشی نەگوتبوو. تەنیا بە سەعادەتی خێزانیی گوتبوو. گوتبووی: «تۆ تەلەفۆن بۆ هەڵاڵە بکە. تۆ دایکی و باشتر لە زمانی دەگەیت، هەوڵ بدە بە هەر شێوەیەک بێت رازی بکەیت شێرزاد راکێشێ بۆ لای خۆی.»

سەعادەت پێی ناخۆش نەبوو. بە پێچەوانەوە، پێشی خۆش بوو. ئەو لە هەموو ئەو ماوەدا بۆ رۆژێکیش دڵی لە هەڵاڵە نەحەوابووەوە. بەتایبەت ئەم دواییانە، پاش ئەوەی کە بیستبووی هەڵاڵە شەوانی یەکشەممە لە گەڵ کاروانی برای و فەرهادی

ئامۆزای دەچێتە دەر. دەچێت بۆ بارِ و گازینۆ و ... سەعادەت گوتبووی: «ئەو شوێنانە کە دەیڵێی کوێن؟ شوێنی خراپ و ناشایست نین؟»

نەسرین خانمی ژنی مامە فەتاح گوتبووی: «شوێنی خواردنەوە و سەماکردن و رابواردنی گەنجەکانن.»

سەعادەت داچڵەکیبوو. تف لە زاریدا وشک بووبوو. گوتبووی: «یەعنی هەڵاڵە دەچێتە شوێنی ئاوا؟!« بە ترس و تۆقینەوە گوتبووی. نەسرین خانم گوتبووی: «مەترسە براژن. لێرە نەوەک هەر هەڵاڵە، هەموو گەنجێکیتر دەچن بۆ ئەو جۆرە شوێنانە.»

«ئاخر هەڵاڵە کچە براژن گیان! زەعیفەیە! چۆن زەعیفەیەکی وەک ئەو دەبێ هاتوچووی شوێنی وا بکات؟ دەزانی ئەگەر حەمەرەشید ئاغای باوکی بیبستێتەوە...» ئەوسا گوتبووی: «باشە ئێوە چۆن ئیجازەی دەدەن؟ مامە فەتاح چۆن دەهێڵێ بچێت بۆ ئەو شوێنانە؟« نەسرین خانم گوتبووی: «براژن گیان لێرە پیاو دەرەقەتی منداڵی خۆی نایەت، چ بگا بە منداڵی خەڵکی. جارێک، ئەرێ تەنیا جارێک فەتاح لێیان تورە بوو بەگژیاندا هات، هەڵاڵە و کاروان هەر دوو پێیان کردە ناو کەوشێک کە ئێلانە و بیلان لەم ماڵە دەڕۆن. گوتیان دەچن بۆ خۆیان ماڵ دەگرن. براژن گیان لێرە منداڵ کە تۆزێک گەورە بوو بۆی هەیە لە دایک و باوک و کەس و کاری جیا ببێتەوە و بڕوات بۆ خۆی بە تەنیا بژی. کچ بێت یان کوڕ فەرق ناکات.»

سەعادەت لەو رۆژەوە قومێک ئاوی خۆش بە قوڕگیدا نەچووبووە خوار و، سەرێکی بێخەم و خەیاڵی نەنابووە سەر سەرین. بۆ سبحەینێدا لەگەڵ حەمەرەشید ئاغا چوو بۆ شار و لەوێوە تەلەفۆنی بۆ هەڵاڵە کرد.

«ئەلۆ.»

«سەلام دایەگیان.»

هەڵاڵە لە قوتابخانە بوو. لە حەوشەی قوتابخانە لەگەڵ چەند هاورێیەکیدا دانیشتبوو.

«خۆت چۆنی؟ باوکم چۆنە؟»

«هەمووومان باشین. ئەی تۆ؟»

«منیش باشم. ئێستا کە گوێم لە دەنگی تۆیە باشتریشم.»

سەعادەت جگە لە دەنگی هەڵاڵە غەڵبە غەڵبێکیشی دەبیست. دەنگ و هەرا و پێکەنینێکی پیاوانە و ژنانە. تەلەفۆنەکەی توند بە گوێیەوە نووساند.

«دەی خوا شوکور.»

سەعادەت نەدەگریا. وەک هەمیشە میهرەبان بوو، هەوڵی دەدا خۆشحاڵیش بێت. گوتی: «گوێ بگرە هەڵاڵە، من و باوکت کارێکمان پێتە و دەبێ بە قسەمان بکەیت.»

هەڵاڵە گوتی: «هەر کارێک بە من بکرێت بە چاوان. ئێستا بڵێ بزانم چ کارێک؟»

«تۆ شێرزادت لە بیرە. وانییە؟»

«ئەرێ. شێرزاد چی بووە؟«

«هیچ نەبووە. ئەو کوڕە زور چاکەی بە سەر ئێمەوە هەیە. بۆ خۆت دەزانی وەک کوڕێکی باش هەمیشە لە خزمەتی باوکت و، تەنانەت منیشدا بووە. بە تایبەت لەوەتی ئێوە رۆشتوون و ئێمەتان بەجێهێشتووە. شێرزاد لەو کاتەوە نەیهێشتوە بۆ رۆژێکیش بێ کوڕی و بێ کچیمان لێ دەرکەوێت...»

«دەزانم دایە، باش دەزانم. ئێستا ئێمە دەبی چی بۆ بکەین؟»

«شێرزاد دەیەوێ بیت بۆ دەرەوە، بۆ لای ئێوە.»

«دەی زۆر چاکە. کاری باش دەکات.»

«من و باوکت...»

هەڵاڵە زانی چیان لێی دەوێت. قسەکەی پێ بڕی و گوتی: «پێویست بە گوتن ناکات. دڵنیابە ئێمە لێرە چیمان لە دەست بێت، بە زیادەوە بۆی دەکەین. ئەو هەر بگاتە ئێرە...»

سەعادەت گوتی: «ئاخر بۆ ئەوەی بگاتە ئەوێ پێویستی بە یارمەتی تۆیە.»

«من چیم لە دەست بێت بۆی دەکەم، دڵنیابە. ئێستا بڵێ بزانم من دەبێ چی بۆ

بکەم؟»

سەعادەت نەیدەزانی چۆنی پێ بڵێت. کەوتبووە منگە منگ کردن. حەمەڕەشید ئاغا لەولایەوە، نرم دەیگوت: «دە زووکە پێی بڵێ.»

«چۆنی پێ بڵێم؟ چی پێ بڵێم؟»

گوتی: «شێرزاد بۆ ئەوەی بێت بۆ ئەوێ، دەبێ کەسێک داوەتی بکات.»

هەڵاڵە گوتی: «دایە گیان ئەو کەسە من یان هیچکام لە ئێمە نییە. لێرە تەنیا کەس و کاری وەک دایک و باوک و هاوسەر دەتوانن داوەتی بکەن. من ناتوانم.»

سەعادەت گوتی: «ئەی ئەگەر شووی پێ بکەیت و ببیتە هاوسەرت؟»

«چی ....!؟»

هەڵاڵە داچڵەکی . سەرەتا پێی وابوو بە هەڵە تێگەیشتووە. گوتی: «باش تێنەگەیشتم، مەبەستت چیە؟»

«مەبەستم ئەوەیە کە بە ڕواڵەت شووی پێبکەیت. یەعنی لەسەر کاغەز خۆتی لێ مارە بکەیت و ئەوسا داوەتی بکەی. یەعنی ... وەڵا نازانم. باوکت دەڵێ دەکرێت. دەکرێ تۆ لەوێوە خۆتی لێ مارە بکەیت، ئەوسا کە هات بۆ ئەوێ...»

دڵی نەهات بڵێ تەڵاقی لێ وەربگری. گوتی: «لەوێ خۆت چۆنت بە سەڵاح زانی وابکە...»

هەڵاڵە واقی وڕما. تاسا. بڵێی بە هەڵە نەچووبێت؟ باوکی دەیویست لەوێوە مێردی بۆ بنێرێت؟ تیزە بزەیەکی تاڵی هاتێ. باوکی دەیویست لەوێوە بە شووی بدات؟

سەعادەت گوتی: «ئەوە باوکت، قسە لەگەڵ خۆی بکە.»

هەڵاڵە قسەی لەگەڵ نەکرد. تەلەفۆنەکەی قرتاند و سەیرێکی هاوڕێکانی کرد کە قسەیان دەکرد و پێدەکەنین. ئەگەر قسەکانی دایکی بۆ ئەوان بگێڕێتەوە... ئەگەر پێیان بڵێت کە قەرارە لە کوردستان لە پیاوێکم مارە بکەن و لەوێوە بۆم بنێرن... پێکەنینی هات. پێکەنینێکی تاڵ و ناخۆش. هێشتا بەتەواوی لەو شتە نەگەیشتبوو کە دایکی ویستبووی و داوای لێ کردبوو. وەک کەسێک بوو کە قسەیەکی نیوەناچڵ بیستبێت. بە ڕاست دایکی داوای چی لێکردبوو؟ هاوڕێکانی بەردەوام پێدەکەنین.

نەکا ئەوانیش قسەکانی دایکییان بیستبێ و لەو دۆخە سەیر و سەمەرە کە ئەوی تێکەوتبوو گەیشتبن؟! بیری کردەوە ئێستا دەبێ چی بکات؟ چۆن وەڵامی دایک و باوکی بداتەوە؟ وەڵامی کامە پرسیار؟ ئەوەی دایکی گوتبووی پرسیار نەبوو، داوا بوو. نا، هەواڵ بوو. هەواڵی ئەوەی کە قەرارە لە کوردستانەوە مێردێکی بۆ بنێرن. پیاوێکی بۆ پۆست بکەن. ئەویش کێ، شێرزاد. بۆ ساتێک شێرزادی بە ریش و سمێڵ و رانکو چۆغە و جامەدانە و چەک و چۆڵەوە لە ناو کارتۆنە مەقەبایەکی پۆستخانەدا بینی. پێکەنینی نەهات، دڵی پڕ بوو. ئایا بە راست ئەو وڵاتە جێی کوڕێکی مەزڵوومی وەک شێرزادی تیا نابێتەوە؟ ئایا ئەو کوڕە وەها زۆری بۆ هاتووە کە مل بە سووکایەتییەکی وەها بدات؟ بەزەیی پێداهات. شێرزادی کڵۆڵ... دیسان تەلەفۆنەکە زەنگی لێدایەوە. زانی باوکییەتی. ویستی هەڵینەگرێت. نەیدەزانی چۆن وەڵامی باوکی بداتەوە. نەیدەزانی چی پێ بڵێت. زڕەی تەلەفۆنەکە لەبڕانەوە نەبوو. هاوڕێکانی تێگەیشتن و بە سەرسووڕمانەوە سەیریان کرد. هەڵاڵە ناچار دیسان لێیان دابڕایەوە و هەڵیگرت.

حەمەڕەشید ئاغا گوتی: «کچم باش بیر لە قسەکانم بکەرەوە. ئێمە بەرامبەر بەیەکتر و بەرامبەر بەو کەسانە کە خزمەتیان پێ کردووین بەرپرسین. بەرامبەر بە ژیان و داهاتوویان. بەرامبەر بە مان و نەمانیان. کچم لەم شەڕ و شۆڕ و نا ئەمنییەی ئێرە، راکێشانی شێرزاد وەک رزگار کردنی کوڕێکی گەنجە لە کوژران. تۆ دەزانی من چی دەڵێم. تۆ دەزانی رزگار کردنی کوڕێکی گەنج لە مردن یەعنی چی. تۆ...»

ئەرێ هەڵاڵە دەیزانی. ئەو پێشتر کوڕێکی گەنجی بە کوشت دابوو. ئەو هێشتا بۆ مەرگی برایمۆک خۆی بە تاوانبار دەزانی.

گوتی: «ئاخر بابە...»

ویستی بڵێ من نازانم ئێوە چیتان لە من دەوێت. من نازانم ئەوەی کە ئێوە دەتانەوێ دەکرێت یان نا. ویستی زۆر شتی دیکەش بڵێ، بەڵام تەلەفۆنەکە قرتا. لەبەر خۆیەوە گوتی ئێستا دەیگرێتەوە.

سەعادەت گوتبووی: «نایگرێتەوە؟»

حەمە رەشید ئاغا گوتبووی: «ئیمڕۆ نا. با فرسەتی ببێت بیری لێبکاتەوە. سبەینێ دەیگرمەوە، دوو سبەی، سێ سبەی... حەوتوویەک لێرە دەبم. تا رازی نەکەم لێرە ناجووڵێم.»

ئەو شەوە هەڵاڵە خەونی بە شێرزادەوە بینی، بەباوکییەوە، بە کابرایەکی زلەی زەبەلاحەوە کە دەیانگوت عوسە بۆرە. عوسە بۆر بە دەستی لێک بڵاویەوە شوێنی کەوتبوو. هەڵاڵە لەبەری هەڵدەهات. دەم لەسەر پشت بە کووچە و کۆڵانە تاریکەکانی ستۆکهۆلمدا هەڵدەهات.

نەیدەوێرا ئاوڕ بداتەوە، بۆیە نەیدەزانی لەبەر کێ هەڵدێت. لەبەر شێرزاد، لەبەر باوکی یان لەبەر عوسەبۆر؟ هەڵاڵە لەبەر تاپۆ و سێبەرێک هەڵدەهات کە وردە وردە لێی نزیک دەبووەوە.

## ٧

تەسلیم مەبە هەڵاڵە. رامەوەستە، هەڵێ. وەک هەموو ئەو ساڵانە کە راتکردووە و هەڵاتووی. دەم لە سەر پشت، لەبەر ئەو سێبەر و تاپۆ رەش و نگریسە هەڵاتووی. لەبەر ئەو سێبەر و تاپۆ زل و زەبەلاحە کە بە شوێنتەوە بوو. ئێستاش بە شوێنتەوەیە هەڵاڵە، بە قاچی درێژ و شەقاوی بەرز و بڵیندییەوە، بە دەستی گەورە و لێک بڵاویەوە. خۆت بووی کە دەتگوت دەستە گەورەکانی هەمیشە لێک بڵاون، لە حاست سنگی، یان بە ژوور سەریەوە. چی بە دەستەوەیە هەڵاڵە؟ خەنجەر؟ شتێکی وەک خەنجەر؟ ئەو سێبەر و تاپۆیە سێبەر و تاپۆی پیاو نییە. سێبەر و تاپۆی مەرگە کە دەیهەوێ بتگاتێ و هەڵکوتێتە سەر جەستە و گیانت. دەیهەوێ بتگاتێ و لە باوەشی رەش و نگریسیت بگرێت. لە باوەشیدا ون دەبی هەڵاڵە. راکە... هەڵێ... تکات لێدەکەم هەڵێ. وەک هەموو ساڵانی تەمەنت کە کۆڵانە و کۆڵان لەبەری هەڵاتووی. شاخەو شاخ، بنبەرداو بنبەرد، ئەشکەوتاو ئەشکەوت لەبەری هەڵاتووی. دۆڵاو دۆڵ، دەربەنداو دەربەند، هەرێماو هەرێم، وڵاتەو وڵات... دیسان هەڵێ هەڵاڵە... دیسان راکە...

هەڵاڵە هەموو راکردنەکانی لە بیر بوو. هەموو هەڵاتنەکانی، هەر لە منداڵییەوە تا گەورە بوونی. لە هەموو ئەو رۆژانەدا کە سوور بوون، کە شین بوون، قاوەیی بوون،

زەرد و مۆر و سەوز و... هەموویان تەڵخ و ژەنگاوی بوون. لەو ڕۆژە ڕەنگاوڕەنگانەدا، لەو ڕەسمە تەڵخ و ژەنگاوییانەدا کە ڕەسمی ساڵانێکی دوور و نزیکی تێپەڕیو بوون، هەڵاڵە کچێک بوو کە دەتگوت هەموو ڕاکردن و هەڵاتنەکانی تۆمار کردوە. هەموو ترس و خۆف و دڵەڕاوکەکانی، هەموو هەناسە سوارییەکەی، ماندووییەکەی.

دەیگوت: «ئەوندە ڕامکرد و لە بەری هەڵاتم ماندوو بووم.»

دوای ئەوەی کە شێرزاد گەیشتە ستۆکهۆلم، هەڵاڵە هەر ڕۆژەو بە بیانوویەکەوە خۆی لێ دەدزییەوە و لەبەری هەڵدەهات. ئەو ئەگەرچی ئێستا بە ڕەسمی و لەسەر کاغەز ژنی بوو ـ لەبەر ئەو بەرپرسایەتییە ئەخلاقیە کە لە ئەستۆی گرتبوو، لەبەر ئەو وەعد و بەڵێنە کە بە دایک و باوکی دابوو ـ دەبوو زوو زوو بیبینێت و یارمەتی بدا تا وەک پەنابەر وەربگیرێت. بەوحاڵەش هەر کە کارەکانیان تەواو دەبوو، دەستبەجێ لێی جیا دەبووەوە.

«ببوورە شێرزاد گیان من دەبێ بڕۆم. دەبێ بچم بۆ شوێنی کارەکەم. دەبێ بچم بۆ قوتابخانە... بۆماڵەوە... بچم بەلای دەرسەکانمەوە...»

شێرزاد دادەچڵەکی. تەنکە خەمێک دەنیشتە سەر ڕوومەتی ماندوو نائومێدی و، دەیگوت: «لانیکەم با ڕۆژێک پێکەوە بین. تۆ ئەو هەمووە خۆت بۆ من ماندوو دەکەیت و شوێن کاروبارەکانم دەکەوی، لانیکەم فرسەتی ئەوەم بدەرێ بچینە شوێنێک قاوەیەک پێکەوە بخۆینەوە. بەستەنییەک...»

گوتی: «تۆ یەک شەممانە بێکاریت، با ڕۆژێکی یەکشەممە پێکەوە بین. دەمهەوێ هەندێک جل بکڕم.»

ئەو سا دەستی بۆ بەرۆکی کۆت و کراسەکەی برد و درێژەی پێدا: «سەیرکە من هەر ئەم جلانەم هەیە کە هەموو ڕۆژێک لە بەریان دەکەم. من نازانم چی بکڕم و لە کوێی بکڕم. با یەکشەممە پێکەوە بین، قاتێکی جوان و شایستە بکڕم. قاتێک بە سەلیقەی تۆ.»

جل کڕین بیانوو بوو، هەڵاڵە دەیزانی. ئەو یەکشەممەی ڕابوردوو لەگەڵ مەجید و ژن و منداڵەکەی چووبووە دەر و، ئەو جلانەی کڕیبوو کە ئێستا لە بەریدا بوو،

نیشانی هەلالەی دەدا. کراسێکی گوڵ وردی شین و کۆت و شەڵوارێکی مۆر. جوان بوون.

هەلالە گوتی: «پیرۆزت بێ، جلەکانت جوانە. زۆریشت لێ دێ.»

شێرزاد گەشایەوە.

«تۆم لەگەڵ بێ دڵنیام لە مانە جوانترم بۆ هەڵدەبژێری.»

داوا و پێشنیارەکەی تکاکارانە بوو. هەلالە گوتی: «لێرە پێویست ناکات هەموو حەفتەیەک قاتێکی تازە بکڕی. ئاوا بکەیت هەر چی پارەت هەیە بە چوار مانگ خەرجی دەکەیت.»

هێشتا لێی نەپرسیبوو چەندەی پارە هەیە. لێی نەپرسیبوو چی دەکات. تەنانەت لێی نەپرسیبوو چۆن و لە کوێ دەژی. هەموو ئەوانەی دەزانی. لە کاروان و مەجیدی برای بیستبوو. شێرزاد خۆشی چەند جار لە دیدارە ناچاریەکانیاندا، هەندێک شتی پێ گوتبوو. گوتبووی لەوەتی هاتۆتە ستۆکهۆلم لە لای برادەرێکی دەژی. لە لای کاک سەلاح ناوێک کەگوایە دوورە خزم و براگەورەی یەکێک لە کۆنە هاوڕێکانی بوو. سەلاح چوار پێنج ساڵ بەر لە ئەو لە گەڵ ژنەکەیدا هاتبوو بۆ سوید. لە ستۆکهۆلم سەرتاشخانەی بوو. سەرتاشخانەیەک کە زیاتر پەنابەرە کوردەکان روویان تێدەکرد. شێرزاد رۆژانە بێکار بوایە یارمەتی سەلاحی دەدا و شەوانەش...

گوتبووی: «دەمەوێت خانوویەکی بچووک بگرم.»

سەلاح نەیهێشتبوو. گوتبووی: «جارێکە خانووت بۆ چییە؟ ئەو پارە و یارمەتییە کە هەتە و دەتدەنێ، لە بری ئەوەی بیدەی بە کرێ خانوو کۆی بکەرەوە. تۆ بە تەمای چوار رۆژیتر کە وەرگیرایت ژن بهێنی و ...»

ئەوسا پێکەنیبوو. بە پێکەنینەوە گوتبووی: «ئەگەرچی دەمێکەیە ژنت هێناوە.»

گوتبووی: «کە خوا کردی و ژنەکەت گوێزایەوە، خۆم دەگەڕێم لە نزیک ماڵی خۆمان خانوویەکی باشت بۆ پەیدا دەکەم.»

شێرزاد لە خۆشیدا سوور هەڵگەڕابوو. هەمیشە وابوو. کاتێک سەلاح باسی گواستنەوەی هەلالەی بۆ دەکرد، لە خۆشیدا سوور هەڵدەگەڕا و بێ ئختیار

پێـدەکەنی. دەیویسـت باوەشـی پێـدا بکـات. بـاوەش بەو سـکە زلە و قەڵافەتە تەموئەستوورەیدا بکات و ئەمـلاولای رووومەتە قەڵەوەکەی مـاچ بکـات. نەیـدەکرد، دەیگوت: «بڵێی کاک سەلاح!؟ بڵێی رۆژێک وەربگیرێم؟ بڵێ رۆژێک لەگەڵ هەڵاڵە لە خانوویەکدا پێکەوە بژین؟!»

هەمـوو رۆژێـک بیـری لەوە دەکـردەوە. هەمـوو شـەوێک کە سـەلاح دەرکەی سەرتاشـخانەکەی دادەخسـت و دەچـووەوە بـۆ مـاڵ، ئەویـش دەچـوو لە دیـوە بچـووکەکەی پـاڵ سەرتاشـخانە لەسـەر قەرەوێـڵەکەی رادەکشـا، هەر دوو دەستی دەنایە ژێر سەری و چاوی لە بن میچەکە دەبڕی. لەو دیوە بچـووکە، لەو خەڵـوەت و تەنیاییە دوور و درێژەدا، هەستی بە دیلیەتی دەکـرد. دیلێـک کە بە خەون و خەیـاڵی خۆشەوە بۆ داهاتوو پـاڵی بە سـات و سـەعاتەکانییەوە دەنـا. بە خەون و خەیـاڵی ئەو رۆژانەوە کە وەردەگیرێـت. ئەو رۆژانە کە هەڵاڵە رازی دەبێـت لێـی جیـا نەبێـتەوە و لەگەڵـی بـژی. حەمە رەشـید ئاغـا لە سـات و کـاتی دوا مـاڵاوایی و بەرێ کردنیـدا گوتبووی: «پاش ئەوەی کە گەیشتیە سوید و وەرگیرایـت، ئەگەر ویسـتت لە هەڵاڵە جیا نەبیتەوە و لە گەڵی بژی، هەوڵ بدە خۆشبەختی بکەیت.» ئەوە تەنیا جارێک بوو کە حەمەرەشـید ئاغـا ئـاوا بە راشـکاوی باسـی هەڵاڵە و ئیمکـانی ژیـانی هاوبەشـی لەگەڵ هەڵاڵە بۆ کردبوو. گوتبووی: «من نازانم تۆ چۆن بیـر لە هەڵاڵە دەکەیـتەوە، بەڵام حەز دەکەم بزانی کە ئەو کچێکـی تـا خـوا حەز دەکـات هەسـتیارە.» بەخەم و داخەوە گوتبووی. خەم و داخـی باوکێـک بـۆ ئەو رۆژانە کە هێشـتا منداڵەکەی لێـی دانەبڕابوو. گوتبووی: «من زۆر درەنـگ بەوەم زانـی. کاتێـک کە برایمـۆک مـرد. تۆ ئەگەر بـتەوێ لەگەڵیـدا بـژی، دەبـێ هەوڵ بـدەی جێـی خـاڵی ئەو کـوڕەی بـۆ پـڕ بکەیتەوە.»

شێرزاد گوتی: «چۆن دەتوانم جێی خاڵی برایمۆکت بۆ پڕ بکەمەوە، هەڵاڵە؟ دەبێ چی بکەم کە تۆ خۆشت بوێم؟»

رۆژێـک ئەوەی گـوت کە پێکەوە چووبـوونە دەر. رۆژی یەکشـەممە بـوو. شـەوی پێشووی هەڵاڵە بە تەلەفۆن پێی گوتبوو بە یـانی سـەری سـەعاتی دە، لە ناوەندی

شار، لە وێستگەی قەتار چاوەڕێت دەکەم. بەیانی سەعات دەو نیو بوو کە یەکتریان گرتبووەوە. شێرزاد هەوڵ و سەراسیمە بوو. دیار بوو ترسابوو هەڵاڵە نەیەت، یان بێت و نەیبینێتەوە.

هەڵاڵە گوتی: «ئیمڕۆ دەمەوێ بتگێڕم. دەمەوێ هەموو شوێنە خۆشەکانی ناوەندی شارت نیشان دەم.»

یەکەمجار بوو کە دوو بە دوو دەگەڕان. شێرزاد لەوەتی هاتبوو چاوەڕوانی ڕۆژێکی وەها بوو. ڕۆژێک کە دوو بە دوو بگەڕێن. ڕۆژێک کە بتوانێ وردە وردە سەری قسەی بۆ بکاتەوە و هەموو شتێکی پێ بڵێت. هەڵاڵە بەرەو مەیدانی سێرگل ستۆرگی برد، مەیدانێکی گەورە و قەرەباڵغ. پێشتریش سەلاح بردبووی. پاش دەور دانەوەی مەیدانەکە، بەچەند شەقام و کۆڵاندا، بەرەو باریکە بازاڕێکی دوور و درێژ چوون. گاملاستان بازاڕێکی خۆش بوو، پڕ لە دووکانی رازاوە و هەر دووکانێک پڕ لە شتی جوان و عەنتیکە بوو. کە لەوێ ماندوو بوون بەرەو شوێنێک چوون کە هەڵاڵە دەیگوت ئێرە سەنتەری حوکمڕانی سویدە. شێرزاد ئەوێشی بینیبوو، بەڵام نەیگوت. بینا گەورەکەی پاڕلەمانیشی بینیبوو. بەوبەری بیناکەوە کۆشکی پاشای سویدیشی بەسەر تەپۆڵکەکەوە بینیبوو. بەسەر تەپۆڵکەکەدا هەڵگەڕابوو، تەنانەت سەردانی حەوشە و حەساری ماڵی پاشاشی کردبوو. سەلاح لە هەموو ئەو گەشت و گەڕانەدا قسەی خۆشی بۆ کردبوو. هەڵاڵە بەڵام باسی مێژووی سوید و جۆری حوکمڕانی و شێوازی خزمەت گوزاری حکوومەت بە خەڵکەکەی بۆ دەکرد. شێرزاد دڵی لە لای قسەکانی نەبوو، لە روخسار و دەم و لێوی ورد دەبووەوە. لە چاوی. چاوی هەڵاڵە شاد و، نیگای سڵۆکی بە هیچەوە بەند نەدەبوو، بە تایبەت بە روخسار و چاوی شێرزادەوە. هەڵاڵە بە ئاشکرا نیگای لە نیگای شێرزاد دەدزییەوە. تەنانەت ئەو کاتەش کە بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ لە شوێنێک بەرامبەر بە یەکتر دانیشتبوون. ئەو کاتەش هەڵاڵە بێ پشوودان باسی خۆشیی سویدی بۆ دەکرد. بەتایبەت لەو وەرزەدا کە وەرزی بەهار و مانگی جوون بوو. ڕۆژێکی خۆشی تاو و ساو. خەڵک پیر و جوان لەو ڕۆژەدا ڕژابوونە دەر و یەکە یەکە و دوو دوو، جاروباریش چەند کەس پێکەوە، بە

پیادەڕۆی شەقامەکاندا دەگەڕان. بە کووچە و بازاڕەکاندا، سەریان لە دوکان و فرۆشگەکان خوار دەکردەوە. شێرزادیش لە یەکێک لەو دووکانانە ئۆدکلۆنێکی ژنانەی کڕی.

«ئەوە بۆ کێ؟»

شێرزاد دوو سەعات لەوە دوا لە باخێکی خۆش کە گوایە باخی کۆنی ماڵی پاشا بوو، لە بن سێبەری درەختێکی تەموو ئەستوور و گەورەدا وەڵامی دایەوە.

گوتی: «بۆ تۆ.»

«بۆ من!؟»

«دیاریەکی بچووک و بێ بایەخە.»

بەشێوەیەک گوتی کە هەڵاڵە ناچار بوو وەریبگرێت.

«سپاس.»

شێرزاد زەردەخەنەیەکی کرد و هیچی نەگوت. سەیری باخەکەی کرد. سەیری هەموو ئەو کوڕ و کچە گەنجانە کە دوو بە دوو لە سەر سەوزەڵانیەکە دانیشتبوون. یان راکشابوون و لەشی نیوە ڕووتیان بە تیشکی خۆرەتاوەکە سپاردبوو. پاش بێدەنگییەکی زۆر هەڵاڵە پرسی: «چۆن بوو؟ گەشتەکەی ئیمرۆت پێ چۆن بوو؟»

شێرزاد کە لە لاشانیەوە دانیشتبوو، رووی تێکرد و گوتی: «خۆش. بێ وێنە. ئیمرۆ خۆشترین و جوانترین رۆژی ژیانم بوو.»

هەڵاڵە بزەی بزووت. سەری لەقاند و گوتی: «ستۆکهۆلم زۆر شوێنی خۆشی تریشی هەیە کە بە رۆژێک و دوان و سیان نابیندرێت. ستۆکهۆلم بەهەشتە. یان با بڵێم هیچی لەو بەهەشتە کەمتر نییە کە خەڵک دەیڵێن.»

ئەوسا ماوەیەکی کورت بێدەنگ بوو. پاش ئەو ماوە گوتی: «کارێکی باشت کرد هاتی بۆ ئێرە. ئێرە جگە لەوەی کە زۆر خۆشە، شوێنی خۆ پێگەیاندن و بە ختەوەریشە.»

شێرزاد بە فرسەتی زانی و، کوتوپڕ هەڵیکوتایە ناو قسەکەی.

«راستت بوێت، منیش شوێن بە ختەوەری کەوتووم، هەڵاڵە. تەمەنای گەیشتن بە

بەختەوەری منی گەیاندۆتە ئێرە.»

هەڵاڵە تێگەیی، یان ڕەنگە تێنەگەیی.

«بەڵام ئەوەشت لە بیر بێت کە لێرە کەس بە گەڕان و سووڕانەوە و سەیر کردنی بەختیاری خەڵک، بەختەوەر نابێت. مرۆڤ بۆ ئەوەی لەم وڵاتە بەختیار بێت و بەختەوەر بژی، دەبێ هەوڵ بدات. دەبێ زمان فێر بێت. دەرس بخوێنێت. دەبێ بێ پشوودان و ماندوو بوون کار بکات.»

شێرزاد گوتی: «هەموو هەوڵێکی خۆم دەدەم. نەوەک بە قەدەر تاکە کەسێک، بەقەدەر سەد کەس کار دەکەم، ئەگەر تۆ...»

«ئەگەر من چی؟»

شێرزاد تف لە زاریدا وشک بوو، ڕەنگی روخساری پەڕی و ئەژنۆکانی کەوتنە لەرزین کاتێک کە گوتی: «گوێ بگرە هەڵاڵە، تۆ باش دەزانی کە من بە تەماعی ئەم بەهەشتە سەری خۆم هەڵنەگرتووە و وڵاتەکەمم بەجێ نەهێشتووە. ئەوەی منی لە کوردستانەوە بۆ ئەم بەهەشتە ڕاکێشاوە جوانییەکانی ئێرە نییە. من بە ئومێد و هیوایەکی ترەوە هاتووم بۆ ئێرە.»

هەڵاڵە هیچی نەگوت. تەنانەت لاشی لێنەکردەوە، تەنیا گوێی لێگرت.

شێرزاد درێژەی پێدا: «من بە هیوای تۆ هاتووم بۆ ئێرە هەڵاڵە. خۆشەویستی تۆ سەری پێ هەڵگرتووم و گەیاندوومیە ئەم غوربەتە.»

شێرزاد شاعیرانە دەدوا، یان خۆی پێیوابوو شاعیرانە دەدوێت. حەمەرەشید ئاغا گوتبووی: «هەڵاڵە کچێکی هەستیار و دڵ و دەروون ناسکە. ئەو کوڕە، برایمۆک، بە چوار شێعر و کۆمەڵێک قسەی خۆشی شاعیرانە جێی خۆی لە دڵیدا کردەوە.»

گوتی: «ئەم بەهەشتە بۆ من دۆزەخە ئەگەر تۆی تیا نەبینم. ئەگەر تۆی تیا نەبی...»

ئەوسا هەموو ئەو قسانەی بۆ کرد کە لە دەمێکەوە ئامادەی کردبوو. هەموو ئەو قسانە کە لە شەوانی تەنیایی سەرتاشخانەکەی سەلاح هەزارجار گوتبووی و خۆی بۆ گوتنیان ڕاهێنابوو. باسی خۆشەویستیەکی بۆ کرد کە لە کوردستان لە یەکەمجار

بینینیەوە لە دڵیدا چەکەرەی دابوو. ئەو خۆشەویستییە دواتـر لەگەڵ هەر بینینێکیدا زیاتر باڵای کردبوو، لق و پۆپی دەردابوو، ببووە درەختێکی گەورە. ئەوسا باسی ئەوەی بۆ کرد کە هەڵاڵە بە ڕۆشتنی لە کوردستان، هەموو هیواکانی ئەویشی لەگەڵ خۆی بردبوو. گوتی ئەو سەفەرەی هەڵاڵە هەموو خەونەکانی ئەوی بە تاڵ کردەوە. گوتی زۆری هەوڵدا لەو ماوەدا کە هەڵاڵە لێرە بوو لە بیری خۆی بباتەوە، بەڵام نەیتوانی. گوتی شەوان و ڕۆژان بیری لەوە کردۆتەوە کە دەبێ فەرامۆشی بکات و نەیکرد. تا ئەوەی کە ڕۆژێک حەمەرەشید ئاغا وەک فریشتەیەک کە لە ئاسمانەوە هاتبێتە خوار و پەیامێکی گەورەی پێ بێت پێشنیاری پێکرد، وڵات بە جێبێڵێت و بێت بۆ ئێرە. گوتی ئەو فریشتە جگە لەو پەیامە، موعجیزەیەکیشی پێبوو. گوتی بۆ ئەوەی بە زوویی و بە سەلامەتی بگات، باشترین ڕێگە ئەوەیە کە هەڵاڵە خۆی لێمارە بکات. گوتی ...

هەڵاڵە کە هیچکام لەو قسانە بەلایەوە چاوەڕوان نەکراو نەبوون، لەو شێوازە گوتنە شاعیرانەی سەری سووڕما. تەنانەت ڕەنگە خۆشحاڵیش بوو. ئەوەی کە نیگەرانی کرد نەخشەکەی باوکی بوو. گوتی: «قسەیەکت لێ بپرسم ڕاستیەکەیم پێ دەڵێیت؟«

«بێگومان.»

«ئایا باوکم بەو هیوا و ئاواتەی تۆی دەزانی؟ دەیزانی منت خۆش دەوێ و بە تەمای من دێیت بۆ ئێرە؟»

ئەوە گرنگترین پرسیار بوو بەلای هەڵاڵەوە. ئەوە تەنیا بەشی ئەو چیروکە بوو کە هێشتا تێی نەگەیشتبوو. ئەوە تەنیا رازێک بوو کە دەیویست تێی بگات.

شێرزاد گوتی: «نازانم... نا... پێموانییە زانیبێتی. من لە هەموو ئەو ساڵانەدا کارێکم نەکرد کە باوکت تێم بگات. من باوکتم خۆش دەویست، نەک تەنیا لەبەر ئەوەی کە باوکی تۆیە. من ئەوم خۆش دەویست چونکا بە باوکی خۆشمم دەزانی. ئەو زۆر لە باوک زیاتر بە خەمی منەوە بوو.»

ئەوسا بۆ ساتێک بێدەنگ بوو، پاشان گوتی: «نا ... نا ... هیوادارم نەیزانیبێت.»

هەڵاڵە ئۆخەی هاتێ. وەها کە بارێکی قورس لەسەر شانی هەڵگیرابێت، هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا. ئەگەر جگە لەوە بوایە... ئەگەر باوکی بەو خۆشەویستییەی شێرزادی بزانیایە... ئەگەر ناردنی ئەو کوڕە بۆ دەرەوەی وەڵات نەخشە و پیلانی باوکی بوایە بۆ بە شوودانی؟ هەڵاڵە زۆرجار بیری لەوە کردبووەوە. لەو رۆژەوە کە باوکی پێشنیاری ناردنی شێرزادی بۆ دەرەوەی وەڵات پێدابوو، لەو رۆژەوە کەداوای لەهەڵاڵە کردبوو خۆی لێ مارە بکات و... هەموو جارێک کە بیری لێ دەکردەوە هەموو گیانی لە شەرما سەر ئارەق دەنیشت. شەرمی سووکایەتییەکی قورس. سووکایەتی لە لایەن نزیکترین کەسەکانییەوە... لە لایەن باوکییەوە... شێرزاد ئێستا بەو قسانەی ئارخەیانی پێدەبەخشی. دڵنیای دەکرد کە لە پشت ئەو پێشنیار و داوایەی باوکییەوە هیچ نەخشە و پیلانێک نەبووە. هیچ سووکایەتییەک نەبووە. دڵنیای دەکرد کە ئەو داوا و داخوازییەی باوکی داوا و داخوازییەکی ئینسانی بووە بۆ یارمەتی دانی کوڕێکی گەنجی هاووڵاتی. بۆ دەرباز کردن و رزگار کردنی لە شەڕ و شۆڕ و ئەگەری کوژرانی لە کوردستان. هەڵاڵە ئێستا لە هەمیشە زیاتر شانازی بەو کارەوە دەکرد کە کردبووی. دڵی بەو یارمەتییە خۆش بوو کە دابووی. ئێستا لە هەمیشە زیاتر سپاسگوزاری باوکی بوو کە لێی رادیبوو، داوای کار و خزمەتێکی وەهای لێکردبوو. داوای ئەوەی کە شێرزاد لەو مەیدانی ترس و مەرگ و خوێنە دەرباز بکات و گەورەترین فرسەت و دەرفەتی ژیان و خۆ پێگەیاندن و بەختەوەر بوونی پێ ببەخشێت. بەڵام ئەم خۆشی و خۆشحاڵییەش بەری بە تووڕەییەکەی نەدەگرت. شێرزاد دەبوو بەر لە هاتنی بۆ ئێرە ئەم قسانەی بکردایە. ئەو دەبوو بەرلەوەی وڵات بەجێبێڵێت، بەر لەوەی رێی ئەم دووری و غوربەتە بگرێتە بەر، رازی دڵی خۆی و مەبەستی لەو سەفەرە ئاشکرا بکردایە. ئەو لەو پەیوەندییە تەلەفۆنییە دوور و درێژانەی بەر لە هاتنی، هیچکام لەم قسانەی نەکردبوو. گوتبووی دەیەوێ بێت بۆ دەرەوەی وڵات بخوێنێت. دەیەوێ بێت ژیانێکی تازە تاقی بکاتەوە. دەیەوێ بێت ژیانێکی تازە بژی. ئەو راستییەکانی لێشاردبووەوە. شاردنەوەی راستییەکان درۆیەکی گەورەیە، ئەو درۆی لەگەڵ کردبوو. ئەو کوڕە سادە و ساکارە، ئەو کوڕە

ئەهوەنـد و بەسـتەزمانە کە ئێسـتا لە پەنایـدا دانیشـتبوو، درۆیەکـی گەورەی لەگەڵ کردبوو. درۆیەک کە بۆ لێخۆش بوون نەدەبوو. هەڵاڵە سەری وەرسووڕاند و رووی لە شێرزاد کرد. شێرزاد بێئاگا لەو مشت و مڕە زهنییە، بێ سەبرانە چاوەڕوانی هەڵوێستی هەڵاڵە بـوو. چـاوەڕوان بـوو بزانـێ ئەو پێشـنیارە عاشـقانەی، ئەو کـۆمەڵە قسـە شاعیرانەی، چ کاریگەریەکیان لە سەر هەڵاڵە داناوە.

هەڵاڵە گوتی: «دەبێ شتێکت پێ بڵێم کاک شێرزاد، کارێکی زور خراپـت کـردووە کە لە کوردستان و بەر لەوەی بێیت بۆ ئێرە، ئەم قسانەت پێ نەگوتووم. راستت بوێت ئەگەر ئەو کاتە ئەم قسانەت بکردایە و بمزانیـایە بـۆچی و بە چ مەبەسـتێک دەتەوێ وڵات بەجێبێڵی و بێیت بۆ ئێرە، ئەگەر بمزانیایە چ هەستێکت بەرامبەر بە مـن هەیە و بە تەمای چیت، نازانم چیم دەکرد. ئایا ملم بە داوا و پێشنیارە دڵسـۆزانەکەی بـاوکم دەدا؟ ئایا هەوڵم دەدا راتکێشم و بتهێنم بۆ ئێرە؟ نازانم. نـا، نـازانم. ئەوەنـدە دەزانـم کە تۆ نەدەبوو ئەو راستییە لە من بشاریتەوە.»

هەڵاڵە بە جیدی و کەمێکیش بە رەنجـاوییەوە گـوتی. بە تـووڕەییەوە نـا. گـوتی: «ئێستاش ئەوەی چووە، چووە. من نـامەوێ باسـی شـتێک بـکەم گەڕانەوەی نییە. نامەوێ باسی رابوردوو بکەم. دەمەوێ قسەی ئێستات بۆ بکەم. گرنگ ئەوەیە ئێسـتا تۆ لێرەیت و ئەگەر بـتەوێ دەتـوانی لەم دەرفەتە بـۆ دەسـت پێکردنـی ژیـانێکی تـازە کەڵک وەربگریت. بە نسبەت منیشەوە، من هەمیشە پێموابووە تۆ کـوڕێکی زۆر بـاش و هەست ناسکیت. لەوەتی دەتناسم و تا ئێستاش، رێزێکی زۆرت لە لای من بـووە و هەیە. ئەگەر ...» ویسـتی بڵێـت ئەو درۆیەت، بەڵام نەیگـوت. گـوتی: «ئەگەر شاردنەوەی هۆی راستەقینەی هاتنت بۆ ئێرە لە من فەرامۆش بـکەم، ئەوەش بەلای منەوە ئاساییە کە کوڕێکی باشی وەک تۆ منـی خـۆش بوێـت و ئـاوا بەرێـز و کـوردانە داوای خۆشەویستی منیش بکات. بەڵام تۆ پیاوێکی بە ئەزموون و وشیاریت، دەزانی کە رێـزی هـاوڕییەتی، جیـاوازە لە خۆشەویسـتی و دڵـداری. مـن هەر وەک گـوتم، رێزێکی زۆرم بـۆ تـۆ هەیە و هـیچ پەشـیمانیش نـیم لەوەی کە لەگەڵ تـۆم کـردووە. دڵنیابە لەمەدواش تا کاروباری وەرگیران و مانەوەت لێرە کۆتایی پێ بێـت، درێغـی لە

هیچ جۆرە هاوکاری و یارمەتییەک ناکەم. بەڵام تکات لێدەکەم بۆ ئەوەی بتوانین دیسان یەکتر ببینین و دیسان هاوڕێی یەکتر بین، بۆ ئەوەی بتوانین لەگەڵ یەکتر ئاسوودە بین، هەر لە ئێستاوە هەوڵ بدە ئەو بیر و خەیاڵە لە مێشکی خۆت بسڕیتەوە. من نەک تا ئێستا، بەڵکوو بۆ زۆر لەمەدواش، بیرم لە شوو کردن و ژیانی هاوبەش نەکردۆتەوە. تکایە لێم مەڕەنجێ، بەڵام ...»

بەڵام شێرزاد لێی ڕەنجا. وەک کەسێک لە خەونێکی خۆش بە ئاگایان کردبێتەوە تاسا. تاسانێکی سەیر. زاری قوفڵ بوو، هیچی پێنەگوترا. تەنانەت ئێوارەش کاتێک هەلالە لەسەر سەکۆی وێستگەی قەتارەکە دەستی لەگەڵ لێدایەوە و ماڵاوایی لێکرد، بەگران وەڵامی پێدرایەوە.»

هەلالە ئەو شەوە و چەند شەویتری لەوە دواش، هیچ خەم و داڵغەیەکی نەبوو بێجگە لەوەی کە بۆچی بەو شێوە توند و ڕەقە وەڵامی خۆشەویستی ئەو کوڕە تەنیا و غەریبەی داوەتەوە. بۆچی ئاوا گورج و بە پەلە لەبەر شەپۆلی ئەو عەشقە پاک و بێگەردەی هەڵاتووە. بیری دەکردەوە تاکەی دەبێت تاوانەکانی دووبارە بکاتەوە؟ بیری لە جەمال یان کەمال دەکردەوە. ئەو کوڕە مێرمنداڵە کە داوای ماچی لێ کردبوو، کەچی ئەو بە دەمیدا کێشابوو. پاش ئەو هەموو ساڵە هێشتا ڕوخساری ئەو کوڕە مێرمنداڵەی لە بیر بوو. چاوە تۆقاوەکانی، نیگای پڕ لە پرسیاری سادە و ساویلکەی لە بیر بوو. نیگای دەیگوت: بۆ لێم دەدەی؟ من دەڵێم خۆشم دەوێیت. من دەڵێم ماچێکم بدەرێ.

گوتی: «برایمۆک حەز دەکەی ماچێکت بدەمێ؟»

«چی؟»

«پێت خۆشە کوڵمت بۆ رابگرم، تێر ماچی کەیت؟»

برایمۆک سەری سووڕما. هەلالە کوڵمی بردە پێش.

«ها ... دەزانم پێت خۆشە ماچم بکەیت. ها ماچم کە.»

برایمۆک ماچی کرد. ئەو ڕۆژە یان ڕۆژێکیتر بوو کە برایمۆک گوتی: «نەکات هەر پیاوێکت بینی و هەستت کرد پێی خۆشە ماچت کا، بڵێی فەرموو.»

بە پێکەنینەوە گوتی، بە گاڵتەوە.

شێرزاد دەیگوت: «دەزانم ئێستاش هەر دڵت لە لای برایمۆکە.»

هەڵاڵە بۆ قەرەبوو کردنەوەی توندی و تاڵییەکەی ئەو رۆژەی، بۆ چاک کردنەوەی دڵی رەنجاوی ئەو کورە تەنیا و غەریبە، زوو زوو تەلەفۆنی بۆ دەکرد و لێی دەپرسی. جگە لەوەش کە جاروبار بۆ کاروباری مانەوەکەی دەبوو ببینێت و دەیبینی. ئەو لە هەموو بینین و لێپرسینەکانەدا ئاگای لەوە بوو قسەیەک نەکات ئەو کورە تەنیا و غەریبە هیوادار بکات. شتێک نەڵێت خەون و خولیا عاشقانەکەی بورووژێنێت. بۆیە زیاتر لە کاروباری رۆژانەی دەپرسی. لە پێویستی و چۆنییەتی فێر بوونی خێرای زمانی سویدی. شێرزاد لە فێر بوونی زمانی سویدی تەمەڵ بوو.

هەڵاڵە دەیگوت: «تا لەو سەرتاشخانەیە بیت و، تا هەموو کاتی شەو و رۆژت لەگەڵ هاورێ و برادەرە کوردەکانتدا بەسەر بەریت، فێر نابی. نەک هەر زمانەکە بەڵکوو شێوازی ژیانی ئێرەش فێر نابی.»

دەیگوت: «بۆ فێر بوونی هەموو ئەمانە دەبێ لەو بازنەی تەسکی سەرتاشخانەیە بێیتە دەر.»

«یەعنی خانوو بگرم؟»

هەڵاڵە کەمێک رادەما.

«خانوو گرتن هەنگاوی یەکەمە.»

شێرزاد کاتێک خانووی گرت، کە کارو باری مانەوەی کۆتایی هات. کاتێک کە بە یارمەتی هەڵاڵە و بە هۆی ئەو کوتە کاغەزەوە کە هاوسەرێتیانی دەسەلماند، وەک پەنابەر، وەک هاووڵاتییەکی سویدی وەرگیرا. ئەو دەمە بوو کە بە یارمەتی سەلاح خانوویەکی چل مەتری لە هووسبی، لەو گەرەکە کە ماڵی سەلاحی لێبوو، بەکرێ گرت. ئەوسا یەکەم کەس کە بۆ ئەو خانووە بچووکە داوەتی کرد، هەڵاڵە بوو.

گوتی: «حەز دەکەم رۆژێک بێیت و چاوت بە ماڵەکەم بکەوێت.»

هەڵاڵە گوتی: «یەکشەممە. یەکشەممە بۆ نیوەرۆ میوانی تۆ دەبین.»

نەیپرسی تۆ و کێیتر. بە خۆشی و گەشکەوە سێ رۆژ خەریکی رازاندنەوەی ماڵەکە

بوو، تەدارەکی ئەو میوانییەی دەگرت. بەیانی ڕۆژی یەکشممە لە سەعات شەشەوە لەخەو هەستا. تا سەعات یازدە و نیو دوو جار خۆی گۆڕی. چەند جار دەر و ژووری کرد و، چوار کەڕەتیش شریتەکەی کەریم کابانی سەر لە نوێ لێدایەوە. سەری سەعات یازدەونیو بە بیستنی زەنگەکە بە پرتاو بەرەو دەرکە هەڵات. بە پێچەوانەی چاوەڕوانییەکەی، هەڵاڵە بە تەنیا هاتبوو. سەرەتا گوتبووی کاروانی بڕام یان فەرهادی ئامۆزام لەگەڵ خۆم دەبەم. دوایی بیری کردبووەوە، بۆ دەبێ ئەوان بێت؟ بۆ دەبێ بە تەنیا نەچێت؟ یەعنی ئەوەندە متمانەی بە خۆی نییە؟ شێرزاد وەها کە هێشتا بڕوای نەکردبێ کە تەنیایە چاوی بەملاولای پشت دەرکەکەدا گێڕا. کە دڵنیا بوو کەسیتری لەگەڵ نییە گوتی: «فەرموو... فەرموو...»

بە شەرمەوە گوتی. هەڵاڵە دەستوویەک گوڵی بچووکی بۆ هێنابوو، داییێ. شێرزاد لێی وەرگرت.

گوتی: «نەدەبوو عەزیەتت بکێشایە. ئەم ئەشکەوتە بچووکە ئەوەندە تاهێنێت ...»

گوتی: «ببوورە، دەزانمماڵەکە بچووکە و تێیدا ئاسوودە نابی. بەڵام...»

گوتی: «بەڵام ئەم ماڵە کاتییە. بە هیوام ماوەیەکیتر ماڵێکی گەورەتر لە شوێنێکی خۆشتر بگرم. ماڵێکی گوندی کە باخچەیەکی بچووکی ببێت.»

دەیزانی هەڵاڵە ماڵی وەهای پێ خۆشە.

«ماڵێک کە پیاو ئەگەر میوانێکی ئازیزی بۆ هات شەرمەزاری نەبێت.»

ئەوسا بەرەو پەنجەرەکە چوو پەردەکەی هەڵدایەوە.

«شوێنێک کە ڕوانگەی لێرە زۆر خۆشتر بێت.»

هەڵاڵە لە هەوڵی و دەستە پاچەییەکەی گەیشت. شێرزاد بێئەوەی بزانێت چی دەکات یان دەبێ چی بکات بە دەوری خۆیدا هەڵدەسووڕا. هەڵاڵە لە سەر یەکێک لەو سێ مۆبلە پارچەییەی هۆڵە بچووکەکە دانیشت. گوتی: «من پێموانییە وا زوو پێویستت بە ماڵی لێرە گەورەتر بێت. تۆ بە تەنیا دەژی و بۆ کەسێکی تەنیاش کە بەیانی بچێتە سەر کار و تا ئێوارە نەیەتەوە، ئەم ماڵە نەک هەر بچووک نییە بەڵکوو

گەورەشە.»

شێرزاد بەر پەنجەرەکەی چۆڵ کرد و هات لە بەرامبەری دانیشت. کەریم کابان هێشتا دەیخوێند.

شێرزاد گوتی: «تۆ راست دەکەی، بەڵام ...»

درێژەی پێنەدا، تا ئەو کاتە کە بۆ گەڕان و پیاسە کردن بە ناو گەڕەکەکەدا لە ماڵ چوونە دەر، هیچی لەوبارەوە نەگوت. لە دەرەوە بوون کە گوتی: «ئێستا من دەبێ چی بکەم هەڵاڵە؟ ئێستا کە کاروباری مانەوەم تەواو بووە و وەرگیراوم، دەبێ چی بکەم؟»

هەڵاڵە گوتی: «یەعنی چی دەبێ چی بکەیت؟!»

پێکەنی.

«دەبێ کار بکەی. دەرس بخوێنی . بژی...»

«نا، مەبەستم ئەوەیە کە...»

لەوەتی لە ماڵ هاتبوونەدەر ئاسوودەتر بوو. هەڵاڵەش ئاسوودەتر بوو. ئەو بە مەبەستەکەی دەزانی. شێرزاد دەیویست بزانێ ئێستا کە کاریان بە یەکتر نەماوە دەبێ تەڵاقی بدات یان نا؟ پرسیارێکی سەیر بوو، وەزعێکی سەیرتر. ئەو وەزعە ئەوەندە کە بۆ شێرزاد تاڵ و ناخۆش بوو، بۆ هەڵاڵە کومێدی و گاڵتە جاڕی بوو. پێشتریش گوتبووی. گوتبووی: «کاتێک بیر لەم وەزعە دەکەمەوە هەست دەکەم لە شانۆگەرییەکی کومێدی و گاڵتەجاڕیدا دەور دەبینم. نەک هەر خۆم، هەست دەکەم هەر دووکمان لە شانۆگەرییەکی کومێدیدا دەوری ژن و مێرد دەبینین. ژن و مێردێکی کومێدی. ژن و مێردێک کە دەیان هەزار کیلۆمەتر دوور لە یەک زەماوەند دەکەن تا بە یەکتر بگەن و لە یەکتر جودا ببنەوە. مەسخەرەیە، وانیە؟ پێکەنین هێنەرە.» ئەوسا گوتبووی: «دەزانی شێرزاد، من تا ماوەیەکیتر دەبم بە بێوەژن.» بە پێکەنینەوە گوتبووی. «دەزانی ئەگەر لە وڵاتی خۆمان بوومایە ئیتر کەس جگە لە پیاوی ژن مردە و پیری پەک کەوتە حازر نەدەبوو بمخوازێت! لە وەڵاتی خۆمان کێ بێوەژن دەخوازێت؟ تەنانەت کچ بێوەژنیش!»

هەڵاڵە قاقای کێشابوو. ئەوەنـدە بەرز کە خەڵکـی دەوروبەر بە سەرسـووڕمانەوە لایان بۆ کردبووەوە. شێرزاد تەنیا زەردەخەنەی کردبوو. زەردەیەکی پڕ لە خەم و نائومێدی.

ئەو ڕۆژەش شێرزاد زەردەخەنەیەکـی لەو شـێوەی کـرد. زەردەیەک کە پێشـەکی و بەرایی دڵپڕی و گریانێکی بە کوڵ بوو. هەڵاڵە بینی و نیگەران بوو. گوتی: «شێرزاد تۆ هێشتا لە کوردستان بوویت کە من بە تەلەفۆن هەمـوو شتێکم پـێ گوتوویت. پاشان کە هاتیشی بۆ ئێرە و لە ڕازی دڵت گەیشتم، گوتم من بە تەمـای شوو کـردن نیم. نامەوێ وا زوو ژیانی هاوبەش پێکەوە بنێم. گـوتم دەمەوێ بخـوێنم. دەمەوێ بچم بۆ زانکۆ. دەمەوێ کار بکەم. کارێکی جیدیتر لەوەی کە ئێستا دەیکەم. شێرزاد من دەیان پڕۆژەم هەیە کە بە ئەنجامیان بگەیەنم. دەیان...»

هەوا سارد بـوو. سـاردێکی ناوەخـت و زوو. مـانگی سێپتامبەر و ئەو سـەرمایە!؟ هەڵاڵە بیـری کـردەوە. کەی ئەم سـەرمایە لە لەش و گیـانی دەردەچێـت؟ سـەرمای هەموو شەو و ڕۆژە ساردەکانی ژیانی کە لە یادەوەرییـدا مـابوو، تـا لەوە دوا، زۆر لەوە دوا، لە تاریک و ڕوونـی ژوورەکەیـدا بـۆ سـەعیدی بگێـڕێتەوە. بۆ دوکتـۆر سـەعیدی ڕەحمانی. بۆ پیاوێک کە نەیدەزانی ئەوەی دەیبیسـتێ پـارچە پـارچەی چیـرۆکێکە کە قەدەری گێـڕانەوەی بە ئەو سـپێردراوە. هەڵاڵە لە کـاتی گێـڕانەوەی پـارچە پـارچەی یادەوەرییەکانی بۆ سەعید، ئیتر ئەو کچە شاد و سەرخۆشـەی ئەو ڕۆژانە نەبوو. ئەو کچە چالاک و پڕکار و بەرنامەیە کە بەو پەڕی مـتمانە کـردن بە خـۆی، دەم لە سـەر پشـت بە شـوێن خـۆزگە و ئاواتەکانیـدا ڕای دەکـرد. لە دووی خەون و خەیـاڵە ڕەنگاوڕەنگەکـانی بـۆ ئاینـدە هەڵـدەهات. ئەو لەو کـاتەدا ژنێـک بـوو کە پێیوابوو لە خەونێکی ناخۆشدایە، لە کابووسێکی ترسناکدا. جاروبار کە ڕادەپەڕی، چاوی بە چاوە میهرەبانەکانی سەعید هەڵدەهێنا. بە نیگای قووڵ و پڕ لە هاوخەمی کردنـی. سـەعید لە تاریک و ڕوونـی ژوورەکە، لە پەنایـدا دادەنیشـت. لە بەرامبەری ئانیشـکی دەدایە سەر دەستەی مۆبلەکەو، قۆلی دەکردە ستوونی سەری و، لایەک لە ڕوومەتـی لە نـاو لەپـی دەسـتیدا دەشـاردەوە. هەڵاڵە لە بێـدەنگی نێـوان گێڕانەوەکەیـدا لە چـاو و

نیگاکانی ورد دەبووەوە. ئەو چاو و نیگایە چەندە لە چاو و نیگای برایمۆک دەچوو. برایمۆک؟ دەیگوت: «سەعید، دڵنیام ئەگەر برایمۆک بمایە وەک تۆ دەبوو. پیاوێکی وەک تۆ ...»

گوتی: «شێرزاد من ئەگەر حازر بووم بە رواڵەت شووت پێبکەم و راتکێشم بۆ ئێرە، لەبەر چەند هۆ بووە. یەکەمیان لەبەر باوکم. نەمدەویست دڵی باوکم بشکێنم و ئەو داواکارییە سەیر و سەمەرەی رەت بکەمەوە.»

گوتی: «بەڵام حەز دەکەم بۆ یەکەمجار و دواهەم جار راستییەکت لەلا بدرکێنم. هۆی سەرەکی ملدانی من بەم یارییە، برایمۆک بوو. رەنگە بەلاتەوە سەیر بێت، هەروا کە بەلای خۆشمەوە سەیرە. لە سەرەتای ئەم یارییەوە پێموابووە بەو کارە رۆحی برایمۆک خۆشحاڵ دەکەم. یان بەو شێوە داوای لێبوردن لە رۆحی ئەو دەکەم. نازانم شێرزاد ... بە راستی نازانم ... زور جار بیر دەکەمەوە ئەم یارییە شانۆگەرییەکە کە برایمۆک نووسیویەتی.»

ئەوسا بێدەنگ بوو. لە دوور راما. دوورتر لەو تاک و تەرا خەڵکە کە بە کۆڵانەکەدا تێدەپەڕین و خۆیان بە ماڵەکانیاندا دەکرد. دوورتر لە ماڵەکانی گەڕەک. دوورتر لە هەموو کەسەکان و ماڵەکان و گەڕەکەکان. پاشان لە هەمان دوورییەوە گوتی: «ئەگەر برایمۆک بمایە حەتمەن شانۆگەرییەکی ئاوای دەنووسی و دەریدەهێنا.»

شێرزاد لە نزیکییەوە بیستی و گوتی: «بەڵام ئەو لەم شوێنە تەواوی نەدەکرد؟ ئەم قسانە و ئەم دیدارە دواهەم پەردەی شانۆکەی نەدەبوو؟ ئەو دڵی نەدەهات عاشقێکی شەیدای وەک من بە نائومێدی لە پشت پەردەی دادراوەی شانۆکەیەوە بەجێبێڵێت؟»

ئەو قسانە هەڵاڵەی لە دووریی ئەوپەڕی کەس و ماڵ و گەڕەکەکانەوە گەڕاندەوە بۆ لای شێرزاد. بۆ لای ئەو کوڕە عاشق و غەمگینە کە شان بە شانی هەنگاوی دەنا و، وردە وردە لە وێستگەی قەتار نزیک دەبووەوە.

هەڵاڵە گوتی: «بەسە ئیتر شێرزاد. با بۆ هەمیشە واز لەم قسانە بێنین. با وەک جاران، وەک ئەم ماوە، هەروا هاوڕێ و دۆستی یەکتر بمێنینەوە. من پێشتریش پێم

گوتووی، حەز دەکەم پەیوەندیم لەگەڵ تۆ پەیوەندییەکی هاوڕێیانە بێت. حەز دەکەم لەمەدوا بێ ئەو ئیجبارە و، بێ ئەو ئەرک و بەرپرسایەتییە ئەخلاقیەی پێشوو، بێ ئەو پارچە کاغەزە کە بە مەسڵەحەت ناوی هەر دوکمانی تێدا نووسراوە، هاوڕێی یەکتر بین. ناڵێم هاورێیەکی زۆر نزیک، چونکا نە تۆ و نە من، هیچمان فرسەتی ئەو نزیکایەتییەمان نابێت. ژیان و کاروباری ئێرە فرسەتی ئەوەمان ناداتێ. بەڵام حەز دەکەم دووراو دوور هەروا هاوڕێ بمێنینەوە...»

ئەو قسانەی هەڵاڵە ئەگەر نەک وەک دۆست و هاوڕێ، لانیکەم وەک دڵدارو دەسگیران، بۆنی دواماڵاوایی لێدەهات. ئەو ماڵاواییە خەتێکی راست و چەپ بوو کە بۆ ئاخر جار بەسەر خۆزگە و ئاواتەکانی شێرزادا دەکێشرا. هەڵاڵە دەیویست بە زمانێکی نەرم و نیان، بە شێوازێکی ناسک، بێئەوەی بیرەنجێنێت، کۆتایی بەو پەیوەندییە بێنێت کە پێشتر گوتبووی کومێدی و گاڵتەجارێیە. ئەو بەو قسانە نەک هەر وەک جارانی پێشوو نەیدەویست دەلاقەیەکی تازە بۆ جۆرێکیتر لە پەیوەندی لە شێرزاد بکاتەوە، بەڵکوو دەیویست دەروویەک بۆ خۆ دەرباز کردن لەو پەیوەندییە زۆرەملە و ناچارییە بدۆزێتەوە. دەروویەک بۆ هەڵاتن لەبەر ئەو کورە عاشقە. شێرزاد تێگەیشت و تێنەگەیشت. گوتی: «سوپاس.»

لە ئێستگەی قەتار بوون کە ئەوەی گوت. لە کاتێکدا دەستی تۆقەو خواحافیزی خستبووە ناو دەستی هەڵاڵە و چاوی لە چاوی بڕیبوو. هەڵاڵە لە چاویدا هەستی بە شتێکی سەیر کرد، شتێکی چاوەڕوان نەکراو. نیگای شێرزاد لە نیگای عاشقێکی دۆڕاو و نائومێد نەدەچوو. وێڕای تەنکە خەمێک کە بە سەریدا کشابوو، نیگایەکی دڕ بوو. نیگای وەک نیگای راوچییەکی قیرسیچمە بوو. هەڵاڵە لەو نیگایە تۆقا. گورجێک دەستی لە ناو دەستی دەرکێشاو هەڵات. دەم لەسەر پشت هەڵات و لێی دوور کەوتەوە.

دواتر کاتێک باسی ئەو ترس و تۆقین و هەڵاتنەی دەکرد، دەیگوت: «نەمزانی چۆن بوو کە پێم گەیشتەوە. من بە هەموو هۆشیاریمەوە، بە درێژایی ئەو هەڵات هەڵات و راکە راکە، لە ساتە وەختێکدا لێی غافڵ بووم و ئەویش لە هەمان

ساتەوەختدا هەڵیکوتایە سەر لەشم. وەک راوچییەکی ماندوو چنگی لە دڵ و دەروونم گیر کرد.»

شێرزاد دەیگوت: «زۆرت ماندوو کردم، زۆر. بەڵام گەیشتن بە تۆ هەموو ئەو ماندوو بوونەی دەهێنا.»

شێرزاد کاتێک ئەوەی دەگوت کە هەلاڵە نەک وەک جاران لەسەر کاغەز، بەڵکوو بە راستیش ژن و هاوسەری بوو. خانوویەکیان لە نزیک ماڵی مامە فەتاح گرتبوو، ژیانێکی جوان و عاشقانەیان بوو. هەلاڵە ئەوەی دەگوت.

سەرەتا ژیانێکی جوان و عاشقانەیان بوو. بەیانیان کە لە خەو هەڵدەستان پێکەوە دەچوونە دەرو، ئێواران کە هەلاڵە لە قوتابخانە یان لەسەر کارەکەی دەگەڕایەوە، شێرزادی دەبینی لە بەر دەرکەی ماڵەکەیان لە سەر پلیکانەکان دانیشتووە و چاوەڕێی ئەو دەکات.

گوتی: «ئەوە بۆ نەچوویتە ژوور شێرە گیان؟ نەکا کلیلەکەت ون کردبێت؟»

شێرزاد کلیلەکەی نیشان دا. گوتی: «بڕیارم داوە بە بێ تۆ لە دەرکەی ئەم ماڵە نەچمە ژوور.»

هەلاڵە خۆشحاڵ بوو. وەها کە لە ناوەوە دڵی ختووکە بدەن پێکەنی. گوتی: «ئەی ئەگەر رۆژێک من درەنگ هاتمەوە؟»

«لەم بەردەرکە لە سەر عەرزەکە رادەکشێم تا دێیتەوە.»

«ئەی ئەگەر رۆژێک هەر نەهاتمەوە؟»

شێرزاد داچڵەکی. ترسا . ئەویش وەک هەموو پیاوێکی عاشقیتر ترسنۆک بوو. ترسنۆک و بێمتمانە بە خۆی. گوتی: «تۆ کاری وا ناکەیت هەلاڵە.»

ئەوسا کەمێک راما.

«کاری وا ناکەیت. مەگەر نا؟»

هەلاڵە لە ترسەکەی، لە جیدی بوونی ئەو پرسیار و داوایەی گەیشت. کلیلەکەی خۆی دەرهێنا و دەرکەی ماڵەکەی کردەوە. گوتی: «ئەی ئەگەر رۆژێک من بێمەوە و تۆ نەبیت؟»

هەڵاڵە ئەو رۆژە و ئەو رۆژانە پێی وانەبوو کە ئەو ژیانە جوانەی لە پڕ و لە ناکاو بشێوێت. ئەو مێردە عاشق و شەیدایەی لێ ببێتە دوژمن و ئەو ماڵە گەرم و پڕ لە ئاسوودەییەی ببێتە شەڕگە. پێیوانەبوو ئەو نەرمە شەپۆلی وشە جوانانە جێی خۆیان بدەن بە وشەی سووک و جنێو و ناحەز. بۆچی هەموو شتەکان لە پڕ و لە ناکاو گۆڕابوون؟ بۆ ئەو بەهەشتە خەیاڵییە ببوو بە دۆزەخ؟ بۆ ئەو دڵدارییە شیرینە ببوو بە دوژمنایەتی؟ هەڵاڵە زۆر جار ئەمانەی لە خۆی دەپرسی. لە شێرزادیش، ئەو کاتانە کە هیلاک و ماندووی شەڕە یەک لە دوا یەکەکانیان هەر کامە لە سووچێکی هۆڵەکە دادەنیشتن، یان دەچوون لە ژووری خەوتن لەسەر قەرەوێڵە گەورەکەیان رادەکشان. یەکیان لەمسەر و یەکیان لەوسەری رادەکشان. نەدەخەوتن. چاویان لێک دەناو بیریان دەکردەوە. بیریان لە رۆژە خۆشەکانی سەرەتای ژیانی هاوبەشیان دەکردەوە. بیریان لە سەفەرەکانیان دەکردەوە. لە ماوەی دوو ساڵدا لە باکووری سویدەوە بۆ باشوور سەفەریان کردبوو. جارێکیش چووبوونە دەرەوەی سوید. بیریان لە گەشت و گەڕانەکانیان دەکردەوە. تێر نەدەبوون لە گەڕان. بە تایبەت هەڵاڵە، سەعاتێک بێکار بوایە دەیبردە دەر، بۆ ناو شار بۆ دەرەوەی شار، بۆ جەنگەڵ بۆ قەراغ دەریا. چەند شەویش لە قەراغ دەریا لە گوێی ئاگرێکی خۆش، کە وەستا بوون لە کردنەوەی، دانیشتبوون و لە ناو خێوەتێکی بچووکدا راکشابوون و...

هەموو جارێک شێرزاد بوو کە لە سەر قەرەوێڵەکەی هەموو گیانی دەکەوتە خوروو. قاچی، سک و سنگی، دەست و لاملی. ئەو بوو کە خەوی لێدەزڕا و دەکەوتە جموجووڵ. ئەو بوو کە دەتلایەوە و بە دەم تلانەوەوە خۆی لە هەڵاڵە نزیک دەخستەوە. ئەو بوو کە قاچی لە قاچی دەخشاند. دەستی بۆ سنگ و بەرۆکی دەبرد. دەمی لە لامل و لاجانگی نزیک دەخستەوە، لە گوێی...

«هەڵاڵە... هەڵە...»

دەیگوت: «هەڵاڵە با لێرە بڕۆین. بیکە بە خاتری خودا با لێرە بڕۆین.» دەیگوت: «ئێمە لە شوێنێکیتر دەتوانین بەختەوەر بین.»

«لە کوێ؟ لە کوردستان؟»

«لە هەر شوێنێک جگە لە ئێرە. لە هەر شارێک جگە لەم شارە.»

دەیگوت: «هەڵاڵە ئەمشارە بە هەموو جوانیە رواڵەتیەکەیەوە، دەڵێی ئەژدیهایەکە کەڵبەی لە رۆحم گیر کردووە و خەریکە هەنجن هەنجنم دەکات. خەریکە قووتم دەدات.»

هەڵاڵە دەیگوت: «لەبەر ئەوەی کە لە گەڵیدا ناگونجێیت. لەبەر ئەوەی کە لە ناویدا ناژیت.» دەیگوت: «شێرزاد تۆ لێرە ناژیت. لە گەڵ خەڵکی ئێرە ناژیت. تۆ لەو سەرتاشخانەیە دەژیت. لە گەڵ کۆمەڵێک کوردی هاووڵاتی کە بە دەم قرچە قرچی مەقەستەوە باسی کوردستان و باسی رۆژانی رابوردوو دەکەن... بەقسەی من دەکەی واز لەو کارەت بێنە. لانیکەم بۆ ماوەیەک کارێکیتر بکە.»

«چی بکەم؟ بچم گەڵ و قوونی پیرێژن و پیرەمێردی سویدی خاوێن بکەمەوە؟»

هەمیشە ئەوەی دەگوت. هەر کاتێک هەڵاڵە پێی دەگوت واز لەو سەرتاشخانەیە بێنەو برۆ کارێکیتر پەیدا بکە، شێرزاد دەیگوت: «بچم گەڵ و قوونی...»

«بۆچی هەموو ئەوانەی کە لێرە پەنابەرن دەچن گەڵ و قوونی پیرێژن و پیرەمێردەکان خاوێن دەکەنەوە؟»

«ئەی چی دەکەن؟»

«هەموو کارێک. مامە فەتاح تاکسی لێدەخورێ. کاکە مەجید لە کارخانە کار دەکات. فەریدەی خێزانی فرۆشیارە. من لە رادوێم. کاروان دەخوێنێت. کێیترت بۆ ناو ببەم؟»

ویستبووی بڵێ، سەعید؟ بەڵام نەیگوتبوو. نەیدەگوت. دەیگوت: «تۆ دەترسی لەو سەرتاشخانەیە بێیتەدەر. دەترسی ئەو کوردستانە بچووکە بەجێبێڵی.» ئەوسا بیری دەهێنایەوە: «لە بیرتە بەر لە دەست پێکردنی ژیانی هاوبەشمان باسی چ پرۆژە و بەرنامە گەلێکت بۆ خۆت دەکرد؟ ئێستا چش لەو پرۆژە و بەرنامانە، چش لەو هەموو قسەو وەعد و بەڵێنە خۆش و جوانانە، لانیکەم بۆ ماوەیەکی کەم لەو سەرتاشخانەیە وەرە دەر و کارێکیتر بکە.»

مامە فەتاح گوتبووی: «هەوڵ بدە ئیجازەی شۆفیری وەربگریت و بیبیتە شۆفیر

تاکسی. شۆفێری تاکسی ئەگەرچی ماندوو بوونی زورە بەڵام داهاتیشی باشە. جگە لەوەش، شارەکە و خەڵکی شارەکە باشتر دەناسیت.» مەجید و فەریدە گوتبوویان: «بچۆ لە فرۆشگەیەک کار بکە. لە هیچ کوێ وەک کارکردن لە فرۆشگە پیاو فێری زمانی ئەم خەڵکە نابێت.» کاروان گوتبووی: «بۆ ناخوێنی؟ بۆ وەک هەڵاڵە لەگەڵ ئەوەدا کە کار دەکەی دەرسیش ناخوێنی؟»

کە باسی خوێندنیان دەکرد شێرزاد سەری دێشا. دڵی تێکەڵ دەهات. دەیگوت: «دەی وا خوێندیشم؟ کوڕێکی کوردی برادەرم فەوقی لیسانسی علووم سیاسییە و لە رستووڕانە بچووکەکەی پاڵ سەرتاشخانەکەی ئێمە کار دەکات.» ئەوسا رووی دەکردە مامە فەتاح و دەیگوت: «چەند کەس لە هاوکارە شۆفێرەکانت لیسانس و تەنانەت دۆکتۆریشن؟» دەیگوت: «رەنگە لە لای خۆمان خەڵک وا بیر نەکەنەوە بەڵام کەس لەم کاول بووە بە خوێندن پێناگات.»

«ئەی بە چی پێدەگات؟ بە قومار؟»

هەڵاڵە کاتێک ئەوەی دەگوت کە دەیبینی شێرزاد ماوەیەکە خووی بە قومار کردن گرتووە. هەر کە لە ماڵ دەچوونە دەر، لە هەر شوێنێک دەزگایەکی پارە بردنەوەی بینیایە، یان لە هەر فرۆشگەیەک کارت و بلیتی یانسیبی لێ بوایە، چی پارە لە گیرفانیدا بوو دایدەنا. دەیگوت: «لە دڵم دراوە کە رۆژێک پارەیەکی باش دەبەمەوە. پارەیەک کە تۆ لە رادوێ بە شەش مانگیش دەستت ناکەوێت.»

هەڵاڵە سەری لێڕادەوەشاند.

«عەییە شێرزاد گیان. کوا ئێمە پێویستمان بە پارەی وا هەیە؟»

«نیمانە؟»

دەیگوت: «هەڵاڵە تکات لێدەکەم با لێرە بڕۆین. من لەمە زیاتر ناتوانم لێرە بژیم.»

«بچین بۆ کوێ؟»

«بۆ شارێکیتر. با بچین بۆ ئۆروبرۆ. بۆ لای گوڵاڵە و شەهاب. وەعدت دەدەمێ لەوێ هەر کارێک کە تۆ پێت خۆش بێت بیکەم.»

هەڵاڵە دەیگوت: «من شوێنی کارەکەم لێرەیە. جگە لەوەش من لێرە دەخوێنم...»

«بۆ لە ئۆروبرۆ ناتوانی بخوێنی؟»

«دەتوانم بەڵام ...»

«بەڵام ناتەوێ لەو کابرا عەجەمە سەگبابە داببڕێت. ها؟»

لەم دواییانە ئەوەی گوتبوو. کاتێک پەیوەندی و هاتوچووی لەگەڵ سەعید بڕیبوو. گوتبووی: «من رقم لێیەتی. نە حەز دەکەم بێتە ماڵم و نە پێم خۆشە بچینە ماڵی.»

دوای ئەو پەیوەندی بڕینە بوو کە دەیبیست هەڵاڵە و سەعید زیاتر لە جاران لە زانکۆ یەکتر دەبینن. تەنانەت لە رادوێش. رۆژێک کە بیستی سەعید لە رادوێ بووە، ئاگری گرت. بە شەڕەوە چووەوە بۆ ماڵ و گوتی: «ئەو سەگبابە بۆچی هاتبوو بۆ رادوێ؟»

«کامە سەگباب؟»

«سەعید.»

هەڵاڵە گوتی: «دەعوەتیان کردبوو. لە بەشی فارسی بۆ وتووێژ دەعوەت کرابوو.» گوتی: «سەعید جگە لەوەی کە مامۆستای زانکۆیە، نووسەرێکی ناسراویشە. دەعوەتیان کردبوو وتووێژێکی ئەدەبی لەگەڵ بکەن.»

«درۆ دەکەی. ئەو سەگبابە بۆ لای تۆ هاتووە.»

هەڵاڵە ئاگری گرت. وەک هەموو جارێکیتر کە شێرزاد بەو شێوە سووکایەتی پێدەکرد و ئاگری دەگرت. گوتی: «نەفام تۆ تاکەی عاقڵ نابیت؟ من ئەگەر بمەوێ سەعید یان هەر کەسێکیتر ببینم...»

شێرزاد نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات.

گوتی: «دەزانم دەچی لە ماڵەکەی دەیبینی. وەک هەموو جارێکیتر کە چوویت.» گوتی: «تۆ دەتەوێ لە من جیا ببیتەوە و بچی لەگەڵ ئەو عەجەمە سەگبابە بژی. مەڵی نا... مەڵێ من بە هەڵە چووم...»

هەڵاڵە پێکەنی. ئەمجارەیان پێکەنینەکەی لە هەمیشە زیاتر عەسەبی و پڕ لە

سووکایەتی بوو.

گوتی: «بۆ دەڵێم نا؟! کوا دەڵێم بە هەڵە چوویت؟! بە پێچەوانەوە، باش تێگەیشتووی. ئەرێ دەمەوێ لە تۆ جیا ببمەوە.»

ئەوسا زریکاندی.

«هەر ئێستا. هەر ئێستا لەم ماڵە بڕۆرە دەر.»

زۆر تووڕە بوو. رووومەتی وەک پشکۆ سوور داگیرسابوو. چاوەکانی روو کەوتبوون. شێرزاد تازە زانی چی کردووە. تازە زانی تووشی چ هەڵەیەکی گەورە بووە. تازە زانی کە تووڕە بوونەکەی ئەمجارەی هەلاڵە لە جاران ناچێت.

گوتی: «باشە دەڕۆم. بەڵام...»

هەلاڵە بە پڕتاو بەرەو تەلەفۆنەکە چوو. ژمارەیەکی گرت و بە زمانی سویدی وەک ژنێکی تۆقاو کە هەست بە مەترسیەکی گەورە بکات، گوتی: «ئیدارەی پۆلیس؟»

گوتی: «تکایە فریام کەون. گیانی خۆم و منداڵەکەم لە مەترسیدایە.»

شێرزاد تاوی دایە سیمی تەلەفۆنەکە و لە پریزەکە دەریکێشا.

گوتی: »ئەوە دەڕۆم. بەڵام دڵنیابە هەروا سووک و ئاسان دەستبەردار نابم.»

هەلاڵە بەری دەرکەی ژووری خەوتنەکەی ئارەزووی لێگرت.

«دەڵێم بڕۆ.»

شێرزاد زەردەخەنەیەکی تاڵ و داماوانەی کرد. تاوی دایە کیفەکەی و بە شوێن خۆیدا بەرەو دەرکەکە رایکێشا. هێشتا لە دەرکە نەچووبووە دەر کە گوتی: «لەبیرت نەچێ کە تۆ منت بۆ ئەو عەجەمە سەگبابە لە ماڵی خۆم دەرکرد.»

بە داماویەوە گوتی. بەوپەڕی داماوی و بێدەسەلاتییەوە. هەلاڵە هێڵنجی هاتێ.

گوتی: »بڕۆ ملت بشکێنە.»

هێشتا شێرزاد دەرکەکەی لە پشت سەری خۆیەوە تەواو پێوە نەدابوو، کە هەلاڵە رشایەوە. تا خۆی گەیاندە حەمام لایەکی هۆڵەکەی پیس کردبوو.

ئەو رۆشتنەی شێرزاد دوا رۆشتنی بوو. هەلاڵە دەیزانی، دەیزانی کە ئیتر بۆ سەعاتێک و تەنانەت بۆ ساتێکیش ناتوانێت لە گەڵیدا بژی. لە حەمام، ئەوەی کە لە

چەند ساڵ لەوەبەرەوە خواردبووی، یان ئەوەی کە لە چەند ساڵ لەوەبەرەوە ژیابوو، رشایەوە. رشانەوەیەکی تراو، دوایی زەرداوێکی تاڵ، پاشان کەف و کوڵ. کە هێڵنجەکانی تەواو بوو، بە جل و بەرگەکانیەوە چووە ناو وانی حەمامەکە و شێری ئاوپاشەکەی بەردایەوە. بارانێکی بە غوڕەم بەسەریدا باری. سەعاتێک زیاتر هەروا بە پێوە، بێ ئەوەی بیر لە هیچ شتێک بکاتەوە، تەنانەت بێ ئەوەی بیر لە ئارەزووش بکاتەوە کە پێدەچوو بە هەراو هاوارەکەی لە خەو بەئاگای بووبێتەوە، لە بەر بارانەکە راوەستا. ئەگەر گریان و دەرکە کوتانی ئارەزوو نەبوایە رەنگە تا هەمیشە، تا هەتایە، لەبەر ئەو بارانەدا راوەستایە. کە گریان و دەرکە کوتانەکەی ئارەزووی بیست، بەر بارانەکەی بە جێهێشت و بەرەو پیری چوو. ئارەزوو هەواڵی باوکی لێپرسی. هەڵاڵە بیری کردەوە رەنگە شێرزاد وەک هەموو جارێکیتر کە ماڵەوەی بەجێدەهێشت و دەتۆرا، بچێت بۆ ماڵی مەجید یان مامە فەتاح و، هەوڵ بدات ئەوان بکاتە ناوبژیوان و تکایان لێبکات لەگەڵ خۆیان بیگەڕێننەوە. پێشتر چەند جار ئەوەی کردبوو. بەڵام چەند رۆژ تێپەڕی و هەواڵێک لە مەجید یان فەتاحی مامی نەبوو. هەڵاڵە زانی کە شێرزاد نەچووە بۆ لایان و هیچی بە ئەوان نەگوتووە. خۆشی هیچی پێ نەگوتن. ئەویش کەسی تێنەگەیاند. تەنانەت بەرپرسەکانی باخچەی ساوایانیش، ئەو شوێنەی کە رۆژانە ئارەزووی بۆ دەبرد، ئەوانیشی تێنەگەیاند. پێشتر، جارێک کە شێرزاد تۆرابوو، بە بەرپرسەکانی باخچەی ساوایانی گوتبوو: «قەرارە لە مێردەکەم جیا ببمەوە. جگە لە خۆم ئارەزوو بە کەس مەسپێرن، تەنانەت بە باوکیشی.» ئەو گوتن و راگەیاندنە تووشی هاتوچوو و دەردەسەرییەکی گەورەی کردبوو. بە هۆی باخچەی ساوایانەوە دەزگایەک کە بەرپرس بوو لە هەڵقران لەسەر مافی منداڵ لە بنەماڵەدا، تێگەیشتبوو. هەڵاڵە و پاشان شێرزادیان خستبووە ژێر لێکۆڵینەوە و لێپرسینەوەوە.

هەڵاڵە دواتر زانی کە رانەگەیاندنی ئەمجارەی تاوانێکی گەورە بووە. دە یان دوازدە رۆژ دواتر، ئەو عەسرە کە وەک هەموو عەسرانیتر لە سەر کارەکەی گەڕایەوەو، بەر لەوەی بڕواتەوە بۆ ماڵ، چوو بە شوێن ئارەزوودا. بەرپرسەکەی

باخچەی ساوایان کە ژنێکی ڕەش پێستی کەتە بوو، گوتی: «ئارەزوو؟ باوکی هات بە شوێنیدا و بردی.»

ژنە وەک هەمیشە زاری بۆ زەردەخەنە کردبووەوە و دانە سپییەکانی لە زەمینەی ڕەشی ڕوومەتیدا روو کەوتبوون.

هەڵاڵە بە سەرسووڕمانەوە گوتی: «باوکی؟!»

«بەڵێ. نیوەڕۆ هات بە شوێنیدا و بردی.»

هەڵاڵە سست بوو. خوێن لە دەمارەکانیدا راوەستاو، بۆ ماوەیەک هەموو ئەندامەکانی لەشی لە جووڵە و بزوتن کەوتن. ماوەیەک حەپەساو و بێدەنگ سەیری ژنەکەی کرد، ئەوسا بە سەریدا قیژاندی.

«کێ بە ئێوەی گوتووە منداڵی من بە کەسیتر بسپێرن؟»

ژنە ڕەش پێستەکە داچڵەکی. بوخچەی کراوەی زاری پێچایەوە و ڕوومەتی تاریک بووەوە.

«بەڵێ!؟»

بە عەجاییبایەتییەوە پرسی. تا هات شتێکیتر بڵێت یان بپرسێت، هەڵاڵە پشتی تێهەڵکرد و دەم لەسەر پشت هەڵات. بەدەم هەڵاتن و ڕاکردنەوە بیری کردەوە بڵێی شێرزاد ئارەزووی بۆ کوێ بردبێت؟ نەکا ... دڵی نەهات بڵێ نەکا دزیبێتی.

ئەو ڕۆژەش هەوا سارد بوو. ساردێکی زۆر سارد. بەفرێکی زۆر لەسەر عەرز بوو، هەڵاڵە بە ناو بەفر و سەرماکەدا، لە باخچەی ساوایانەوە بەرەو وێستگەی پاسەکە ڕایدەکرد. لەوێ، تا پاسەکە بگات تەلەفۆنی بۆ شێرزاد کرد. جارێک و دوان و سیان... شێرزاد تەلەفۆنەکەی داخستبوو. گەڕا و ژمارەی سەلاحی سەرتاشی دۆزییەوە.

«شێرزاد لەوێیە کاک سەلاح؟»

سەلاح پێیگوت کە دوو ڕۆژە شێرزاد نەچووە بۆ سەرتاشخانە و نەیبینیوە. گوتی هەرچی تەلەفۆنیشی بۆ کردووە هەڵینەگرتووە. گوتی ئیمڕۆ بە تەمابووە تەلەفۆن بۆ ماڵەوە بکات بەڵام ...

هەڵاڵە گوتی: «شێرزاد کچەکەمی دزیوە.»

«چی!؟»

«ئیمڕۆ چووە لە باخچەی ساوایان بێ پرس هەڵیگرتووە و بردوویەتی.»

«بۆ کوێ؟»

سەلاح بە شێوەیەک پرسی کە پێدەچوو ئاگای لە شەڕ و کێشەی ئەم دواییەیان نەبێت. هەڵاڵە تێیگەیاند. گوتی: «دە پازدە ڕۆژە لە ماڵەوە چووەتە دەر و تۆراوە.»

سەلاح گوتی: «کەواتە ئیمڕۆ چووە ئارەزووی هەڵگرتووە تا بە بیانووی ئەوەوە لە گەڵت ئاشت بێتەوە. من پێموایە ئێستا لە ماڵی خۆتان چاوەڕوانتە.»

قسەکەی دڵخۆشکەر بوو. هەڵاڵە تەلەفۆنی بۆ ماڵی خۆی کرد. کەس هەڵینەگرت. بیری کەوتەوە لەو ڕۆژەوە کە شێرزاد سیمی تەلەفۆنەکەی ڕاکێشابوو، دوو شاخەکەی لە پریز دەرکێشابوو، تەلەفۆنەکەی ماڵەوەی قرتاوە. کە لە پاسەکە دابەزی هەمدیس بە ڕاکردن بەرەو ماڵەوە هەڵات.

«لە ماڵەوە بە شێرزاد... تکات لێدەکەم لە ماڵەوە بە...»

داماوانە ئەو ڕستانەی چەندجار لەبەر خۆیەوە دووبارە کردەوە. بیری نەدەکردەوە ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەوەندە ئارەزووی بوون و بینینی شێرزادی کردبێت. تەنانەت بەر لەم شەڕ و شۆڕانەش.

«شێرزات تکایە...»

دەرکەی کردەوە و کەس لە ماڵەوە نەبوو. بوغزێک کە لە باخچەی ساوایانەوە قوڕگی گرتبوو، تەقی.

«دەتدۆزمەوە... دەتگەمێ شێرزاد...»

بەدەم گریانەوە دەیگوت.

شێرزاد لەو کاتەدا سوار تەیارە دەبوو. یان ڕەنگە بەر لەو کاتە سوار بیوو. کە تەیارەکە بەرز بووبووەوە هەناسەیەکی ئارەخەیانی هەڵکێشابوو. سەری لە پەنجەرەکە خوار کردبووەوە و، وەها کە چاوی لە هەڵاڵە بێت کە بە شوێنیدا رادەکات، گوتبووی: «نامگەیتێ هەڵاڵە. نامگەیتێ.» گوتبووی: «تا تۆ چوار ماڵی

ئەم شارەم لێ بگەڕێی، من گەیشتوومەتە کوردستان.»

هەڵاڵە کە تێر گریا، تەلەفۆنی بۆ مەجیدی برای کرد. گوتی کە شێرزاد منداڵەکەی دزیوە. مەجید ماندوو بوو. لە قسەکانیدا دیار بوو ماندووە. گوتی نەیدزیوە، بردوویەتی. گوتی ئەویش باوکیەتی با دوو ڕۆژیش لە لای ئەو بێت. هەڵاڵە تەلەفۆنەکەی قرتاند. ژمارەی مامە فەتاحی گرت. بەر لەوەی هەڵیبگرێت پەشیمان بووەوە و ئەویشی قرتاند. ئەوسا سەر و خواری بە ژمارەکانی سەر سەفحەی مۆبیلەکەی کرد. کاروان، گوڵاڵە، هیچیان لێی نزیک نەبوون. بە ناوی دۆست و برادەرەکانیدا گەڕا. ناسر، مریەم، جوان، ئەحمەد، هیوا، تیشکە، شەهلا، عەلی، سەحەر، هاشم، سەعید ... نەیدەزانی تەلەفۆن بۆ کێ بکات. بۆ سەعید؟

سەعید گوتی: «تا من دەتگەمێ پۆلیس ئاگادار بکەرەوە.»

ئەو شەوە نا، ڕۆژی دواییش نا، سێ شەو و سێ ڕۆژ لەوەدوا هەڵاڵە لە فڕانکفۆرت، لە ماڵی پوورزایەکی شێرزاد، باوەشی بە ئارەزووی کچیدا کرد و، هاوکات شێرزادیشیان لە ژێر چاوەدێری پۆلیس گەڕاندەوە بۆ ستۆکهۆلم.

## ٨

راکە راکـی ئەو سـێ شـەو و ڕۆژە بە قەدەر هەمـوو هەڵات هەڵاتەکـانی ژیـانی هەڵاڵەی مانـدوو کردبـوو. ئەو هەرچـی دەکـرد و دەکۆشـا ئەو سـاتانەی پـێ نەدەگێڕدرایەوە کە لەو ماوەدا بەسەری بردبوو. دەتگوت هەرچی وزە و توانای هەبوو لە تەنیایی ئەو سێ شەو و ڕوژەدا دایچۆڕاندبوو. هەرچی متمانە و بڕوا بە خۆی بوو لە ناو تەیارە و قەتار و پاس و ئوتومبێلەکاندا بەجێیهێشتبوو. هەموو غیرەت و جورئەت و جەسـارەتەکەی لە کـووچە و کۆڵانەکـانی برۆکسـێل و فرانکفورتـدا ون کردبـوو. کە گەڕایەوە بۆ ستۆکهۆلم هەڵاڵەکەی جاران نەبوو. کە ئـارەزووی گەڕانـدەوە بـۆ مـاڵی خۆی، ئەو ژنە سەرکەوتووە نەبوو کە سەعید چاوەڕوانی دەکرد. سەعید ئەو سێ شەو و ڕۆژە پەیوەندی لەگەڵ نەدەقرتانـد. بەردەوام تەلەفـۆنی بـۆ دەکـرد. لێـی دەپرسـی. ڕێنمایی دەکرد. داوای دەکرد کە ڕێگەی بدات سواری تەیارە بێت و بچێـت بـۆ لای. دەیگوت: «منـت لەگەڵ بـم زووتـر دەیانـدۆزینەوە. پـێکەوە بـین سادەتر کـچەکەی لێدەستێنینەوە. هەڵاڵە دەیگـوت: »پێویسـت ناکـات. ئەوە موشـکیلەی مـنە و هەر خۆشم دەبێ چارەسەری بکەم.» دەیگوت: «تۆ نیگەران مەبە. دڵنیابە لە هەر کـوێی ئەم دنیایە بێت دەیدۆزمەوە و کچەکەمی لێدەستێنمەوە.» بە دڵنیایی و جەسـارەتەوە ئەوەی دەگـوت. بـۆیە کاتێـک دۆزیـیەوەو ئـارەزووی لـێ سـەندەوە، کاتێـک لەگەڵ

ئارەزوو گەڕایەوە بۆ ماڵ، سەعید وەک ژنێکی ئازا و سەرکەوتوو، وەک پاڵەوانێکی براوە پێشوازی لێکرد. هەڵاڵە بەڵام هیچی لە ژنێکی ئازا و براوە نەدەچوو. بە پێچەوانەوە، لە ژنێکی دۆڕاو دەچوو. لە ژنێکی ئەتک کراوو خەیانەت لێکراو. دۆزینەوەی ئارەزوو، تەنانەت گەڕاندنەوەشی، تاڵاوی ئەو خەیانەتەی لە گیانی نەشتبووەوە. گیران و دەستبەسەری شێرزادیش خەم و نیگەرانی ئەو ئەتکەی نەسڕیبووەوە. هەڵاڵە مات و نیگەران بوو، ترساوو پەریشان. نەوەک هەر ئەو شەوە کە ئارەزووی هێنایەوە، بۆ سبەینێشدا، بۆ شەوی دوایی و شەوانی دواتریشدا. چەند شەو لە هاتنەوەی تێپەڕیبوو بەڵام هێشتا ترس و نیگەرانی ئەو یەکەم شەوە کە بە تەنیا شوێن ئارەزوو کەوتبوو بەری نەدابوو. ترس و نیگەرانی ئەو شەو و ڕۆژانە کە وڵاتەو وڵات و شارەو شار شوێنی کەوتبوو. لە ستۆکهۆڵمەوە بۆ برۆکسێل و لە برۆکسێلەوە بۆ فڕانکفۆڕت. لە فڕانکفۆرت کە ئارەزووی دۆزیبووەوە باوەشی پێدا کردبوو بە خۆیەوە گوشیبوو. ئێستاش کە گەڕابووەوە و لە ماڵی خۆی بوو، دیسان باوەشی پێدا دەکرد و بە خۆیەوە دەگوشی. هەر دوو دەستی لە دەوری سک و سنگی دەئاڵاند و بۆ ساتێک لە خۆی جیای نەدەکردەوە. ئارەزوو هەستی بە نائاسایی بوونی ئەو باوەش پێداکردن و گووشینە دەکرد و دەترسا. کچەی کڵۆڵ لە ترسان لە باوەشیدا نەدەبزوا و جووڵەی نەدەکرد. سەعید کە ئەوەی دەبینی دەیگوت: «تۆ بەم ترس و نیگەرانییە بێ‌جێیەت کچەکەت نەخۆش دەخەیت.»

گوتی: «بۆ وازی لێ ناهێنی هەڵاڵە؟ بۆ لێی ناگەڕێی بۆ خۆی لە ناو ماڵەکەدا هەڵسووڕێت؟ بۆ نایدەیتە دەست فەرزانە بیبات بۆ ماڵی ئێمە؟»

ئەوسا هەستا و دەستی ئارەزووی گرت و رایکێشا. بەدەم ڕاکێشانی دەستی ئارەزووەوە دەستەکانی هەڵاڵەش لێک بڵاو بوونەوە و پەنجەکانی لێک ترازان. هەڵاڵە بە نیگەرانییەوە لە ڕۆشتنی ئارەزوو ورد بووەوە. بە عەسەبییەتەوە پەنجە لێک ترازاوەکانی لە قژە سەری ڕۆ کرد. گوتی: «من بۆچی وام لێ هاتووە سەعید؟!»

«چیت لێ هاتووە؟»

سەعید بەزەردەخەنەوە پرسی. بە زەردەخەنەیەکی نەجیبانەی پڕ لە هاوخەمی و

دڵدانەوەوە. گوتی: «باوکی منداڵەکەت منداڵەکەی لێ دزیوی و، تۆش ئازایانە شوێنی
کەوتووی و لێت سەندووەتەوە.» گوتی: «کابرایەکی نەخۆش...»
هەلالە گوتی: «من بۆچی وا ژیاوم؟!»
«تۆ خراپ نەژیاوی هەلالە. هەموو کەس لە ژیانیدا تووشی کێشە و گرفتی لەم جۆرە دەبێت.» گوتی: «تۆ هێشتا گەنجی و فرسەتی زورت بۆ قەرەبوو کردنەوەی رابوردوو هەیە. تۆ دەتوانی لەمەدوا بەشێوەیەکیتر بژیت. بەرنامەیەکیتر بۆ ژیانی خۆت و کچەکەت بڕێژی. بەرنامەیەکیتر بۆ ژیانێکی ئاسوودە و پڕ لە بەختەوەری.»
هەلالە بیری کردەوە... بەختەوەری؟! ژیانێکی ئاسوودەی پڕ لە بەختەوەری؟!
گوتی: «من گرەوی بەختمم دۆڕاندووە سەعید.»
شێرزاد لە مەحکەمە گوتبووی: «من ئارەزووم نەدزیوە. من وەک هەموو باوکێکیتر بێتاقەتی منداڵەکەم بووم و تاسەم کردووە.» گوتبووی: «دایکی لە ماڵەوە دەریکردبووم و ڕێگەی بینینی نەدەدام. منیش ناچار هەڵمگرت و لەگەڵ خۆم بردم، کە سێ چوار ڕۆژ پێکەوە بین. من باوکی ئەو کچەم و مافی ئەوەم هەیە سێ چوار ڕۆژ لە گەڵیدا بم. مافی ئەوەم هەیە لە گەڵ خۆم بیبەم بۆ سەفەر. نیمە؟»
رووی پرسیارەکەی لە سەرۆکی مەحکەمە بوو کە ژنێکی قەڵەوی ناوین ساڵ بوو. لەوانەی کە تەنانەت ئەگەر ڕەسمەکەشیان ببینی دەزانی میهرەبانن. ژنێکی قەڵەوی میهرەبان و هەستیار. هەلالەش چاوی لە زاری ئەو ژنە میهرەبان و هەستیارە بڕیبوو. زارێکی بچووک کە قەرار بوو بکرێتەوە و لە وەڵامی پرسیارەکەی شێرزاددا بڵێت: «ئەگەر مبەستت سەفەرێکی ئاسایی بێت، بەڵێ مافت هەیە. بەڵام بۆچی بە دایکیت رانەگەیاند؟ بۆ ئەوت ئاگادار نەکردەوە؟»
شێرزاد کە پێدەچوو چاوەڕوانی ئەو پرسیارە بێت، گوتی: «رامگەیاند. ئاگادارم کردەوە.»
هەلالە گوتی: «درۆ دەکات.»
بە سەرۆکی مەحکەمەکەی گوت. ئەوسا رووی کردە شێرزاد کە چەند کورسی

لەولایەوە دانیشتبوو، گوتی: «درۆ دەکەی. کەی تۆ منت ئاگادار کردووە؟»

شێرزاد بێئەوەی روو لە هەڵاڵە بکات. گوتی: «چەند جار تەلەفۆنم بۆ کرد، هەڵینەگرت. ناچار چوومەوە بۆ ماڵ و یاداشتێکم بۆ نووسی و لەناو گوڵدانە بلوورەکەی سەرتاقی پەنجەرەکە بۆم بەجێهێشت .»

سەرۆکی مەحکەمە ناردی یاداشتەکەیان هێنا. شێرزاد وەک دزێکی پسپۆڕ، وەک پیلانگێڕێکی پیشەیی، بیری لە هەموو شتێک کردبووەوە. بیری لەوەش کردبووەوە کە ئەگەر گیرا و تاوانی منداڵ دزینیان دایە پاڵ چۆن خۆی دەرباز بکات. ئەو یاداشتەکەی لە شوێنێک بە جێهێشتبوو کە دەیزانی هەڵاڵە لەو نیگەرانییەدا هەرگیز نایبینێت و نایخوێنێتەوە. نووسیبووی: «هەڵاڵە گیان زۆر تاسەت دەکەم . زۆر تاسەی ئارەزووش دەکەم. ئەوە بۆ ماوەی سێ یان چوار رۆژ لەگەڵ ئارەزوو دەچم بۆ سەفەر. دڵنیام ئەوەندە دڵ گەورە و بەخشندە هەیت کە لێم زویر نەبیت.» لە کۆتاییشدا نووسیبووی: «خۆشم دەوێیت و لە گەڕانەوەمدا بە دیارییەکی جوان و شایستە داوای لێبوردنت لێدەکەم.»

یاداشتەکە زیاتر لەوەی کە فێڵەبازانە بێت، ناجوامێرانە و پیلانگێڕانە بوو. هەڵاڵە ئەو لایەنە لە کەسایەتی شێرزادی نەدەناسی. پێیوانەبوو ئەو پیاوە بێبەهرە و توانایە تا ئەو رادە پیلانگێڕێکی ورد بین بێت کە بیری لە هەموو شتێک کردبێتەوە. هەڵاڵە بیری کردەوە، بۆ دەبێ ئەوەندە گێل بووبێت و، لە ناسینی ئەو پیاوە کە چەند ساڵ لەگەڵی ژیاوە بە هەڵە چووبێت؟ دوای هاتن و خوێندنەوەی یاداشتەکە، راو روانینی سەرۆکی مەحکەمە و تەنانەت کەس و کارەکەی هەڵاڵەش بۆ رووداوەکە و بۆ شێرزاد بە ئاشکرا گۆڕا. هەموویان بە ئاشکرا هاوخەمییان لەگەڵ کرد و کەوتنە دڵدانەوەی. هەڵاڵە دیسان هەستی بە ئەتک و خەیانەتێکی دووبارە کرد. بە سووکایەتیەکی دووبارە. سەری وەرسووڕاند و چەند کورسی بەولاوەتر لە شێرزادی روانی. لەو تەنکە بزە شەیتانییە کە لە سەر لچ و لێوی بوو. شێرزاد کە زانی هەڵاڵە سەیری دەکات، دەستی هەڵبڕی و پەنجەی بە سمێڵەکانیدا هێنا. هەڵاڵە رووی کردە سەرۆکی مەحکەمەکە و گوتی: «مادام ئێوە پێتان وایە ئەو راست دەکا و من بە

هەڵە چووم، شکایەتەکەم وەردەگرمەوە.»

شێرزاد بە بیستنی ئەو قسە و بڕیارە کوتوپڕ و چاوەڕوان نەکراوە، داچڵەکی. بە سەرسووڕمانەوە لای لێکردەوە و تەنکە بزەکەی بەهەموو روومەتیدا بڵاو بووەوە. هەڵاڵە

درێژەی بە قسەکانیدا.

«بەڵام ئیتر نامەوێت لە گەڵی بژیم. تەنانەت بۆ یەک سەعاتیش. دەمەوێت هەر ئێستا بە شێوەی یاسایی لێی جیا ببمەوە. هەر ئێستا.»

هەڵاڵە ئەوەی گوت و کوڵی گریانی پڕژا. گریانێک کە پێدەچوو لە سەرەتای مەحکەمەکە و، بە تایبەت لەو کاتەوە کە یادداشتەکەی شێرزادیان خوێندبۆوە، لە قوڕگیدا رایگرتبێت. لە چاوەکانیدا کە ماندوویی و بێخەوی ئەو چەند شەو و رۆژەیان پێوە دیار بوو. چاوەکانی ئێستا وەک سێڵاو فرمێسکیان لێ دەڕژا و، شانەکانی بە دەم هەنیسکەوە هەڵدەلەرزین. مەجید کە لە پاڵیدا دانیشتبوو، دەستی نایە سەر شانی و بە خۆیەوە گوشی. مامە فەتاح بەولاوەتر ئارام سەری لەقاند و بەرە دەستی لە نێوچاوانی هەڵسوو. فەریدە باوەشی بە ئارەزوودا کرد و لە ژووری مەحکەمە بردییە دەر. بە دەم رۆشتنەوە گوتی: »بۆ کۆتایی پێ ناهێنن؟. بۆ تەواوی ناکەن؟ لەم شارە رۆژی هەزار ژن و مێرد لێک جیا دەبنەوە. ئەمانیش یەکێک لەو هەزارانە.»

فەریدە نەیزانی ئەوەی بە کێ گوت. هەڵاڵە هەروا دەگریا.

گوتی: «سەیرە ماوەیەکە وەک دایکمم لێ هاتووە. وەخت و بێوەخت بە هەر بیانوویەکەوە کوڵی گریانم دەپژێت.»

ئەوسا جگەرەیەکی لە پاکەتی سەر مێزەکە دەرهێنا و بەر لەوەی ئاگری بدات گوتی: «چارەنووسێکی سەیرە. هەموو ژیانم لەوە دەترسام ببم بە ژنێکی وەک دایکم، کەچی ئێستا هەست دەکەم بووم. بووم بە ژنێکی وەک ئەو گرینۆک و...»

بە دەم زەردەخەنەوە ئەمانەی گوت. پاشان هەستاو، چووە سەر باڵکۆنەکە و جگەرەکەی داگیرساند. مژێکی قووڵی لێدا و بە چاوە هێشتا تەڕەکانیەوە لەو تاک و تەرا ئۆتومبێلانە ورد بووەوە کە لە نەدیوی جادە سەرەکییەکەوە بەرەو مەحەوەتەی

ناوەڕاستی باڵەخانەکان بایان دەدایەوە و، لەوێ خۆیان بە پارکینگی ژێر باڵەخانەکاندا دەکرد. خاوەن و شۆفێری ئوتومبێلەکان لە دەروازەی گەورەی پارکینگەکەوە نەدەهاتە دەر. هەلاڵە نەیدەبینین. تەنیا سێ چوار کوڕ و کچی مێرمنداڵی دەبینی کە بە مەحەوەتەکەدا دەسووڕانەوە و پیاسەیان دەکرد. هەلاڵە لەسەر کورسییە پلاستیکییەکەی سەر باڵکۆنەکە دانیشتبوو. پاڵی نەدابووەوە، قوونی دابووە سەر لێواری کورسیەکە و لە خۆیدا گرمۆڵە بووبوو. دەستێکی خستبووە باخەڵی و بە دەستەکەی تری زوو زوو جگەرەکەی بۆ لێوی دەبردو، دووکەڵ و هەڵمی هەناسەی، یەک ڕەنگ لە زار و لە کونە لووتەکانیەوە دەهاتنە دەر. ئەو ئەگەر جاران تاک و تەرا ڕۆژی دوو سێ جگەرەی دەم با دەدا، ئێستا ڕۆژی پاکەتێکی دەکێشا. بە تایبەت ئێواران کە جگەرەی بە جگەرە دادەگیرساند. سەعید دیگوت: «تۆ جگەرە ناکێشی هەلاڵە گیان، جگەرە تۆ دەکێشێت.»

زۆری پێنەچوو کە سەعیدیش هات بۆ باڵکۆنەکە و لە پەنایدا ڕاوەستا. سەیری تەپڵەکی جگەرەکەی کرد کە پڕ بوو لە قونچکە جگەرە. گوتی: «ئەوەندە زوو زوو دێیتە سەر ئەم باڵکۆنە ئاخریەکەی سەرمات دەبێ و نەخۆش دەکەوی.»

هەوا سارد بوو. سارد و تاریک. هەلاڵە پاڵتۆی لەبەردابوو. سەعیدیش بارانییەکی بە شاندا دابوو. بارانییەکی کرێم ڕەنگ کە بۆی کورت بوو. بارانی خۆی نەبوو. هی شێرزاد بوو. هی پیاوێک کە ئیتر پیاوی ماڵی هەلاڵە نەبوو. چەند مانگ بوو کە بە ئێجگاری ئەو ماڵەی بەجێهێشتبوو، بەڵام هێشتا کەلوپەلەکانی نەبردبوو. هێشتا شتومەکە شەخسییەکانی، جلوبەرگی زیادە و تەنانەت ئالبۆمی ڕەسمەکانیشی لەوێ مابوو. چەند دانە لە ڕەسمی ناو ئالبۆمەکان ڕەسمی کوردستان بوون. بەڵام زۆربەیان ئەو ڕەسمانە بوون کە لێرە گرتبووی، ئەو ڕەسمانە کە لە سەرەتای هاتنییەوە لە گەڵ سەلاحی سەرتاش و چەند برادەرێکیتری گرتبووی، ئەو ڕەسمانە کە لەگەڵ هەلاڵە و ئارەزوو گرتبووی. سێ چوار دانە لەو ڕەسمانەی لە قاپی گەورە و بچووکدا بە سنگی دیواری ماڵەکەوە هەڵواسیبوو. هەلاڵە ئەو ڕۆژە کە بە ئێجگاری لێی جیا بووەوە، ئەو ڕەسمانەی لە سنگی دیوارەکان داگرت. سەرەتا ئەو ڕەسمە گەورە دوو کەسییەی

داگرت کە بە دیواری ژووری خەوتنەکەیانەوە بوو. ئەو ڕەسمەیان لە یەکەم ڕۆژانی ژیانی هاوبەشیان لە قەراغ دەریا گرتبوو. رووت نەبوون. شێرزاد دەستێکی خستبووە سەر شانی هەڵاڵە و هەڵاڵە هەر دوو دەستی لە دەوری باڵای ئاڵاندبوو، پێدەکەنین. لەو ڕەسمەشدا کە ئارەزوویان خستبووە مابەینی خۆیانەوە پێدەکەنین. ئەو ڕەسمە بە سەر سنگی دیوارەکەوە نەبوو، لەسەر تاقی پەنجەرەکە بوو. کە هەڵاڵە ڕەسمەکانی داگرت، مەجید گوتی: «بە تەمای چییان لێ بکەیت؟»

هەڵاڵە نەیدەزانی چییان لێ دەکات. بیری لێ نەکردبۆوە، بۆیە هیچی نەگوت.

مەجید گوتی: «نەیانفەوتێنی. ئەو ڕەسمانەش وەک باقی شتەکانیتر هی شێرزادن و لێرە، لەلای تۆ، ئەمانەتن.»

شێرزاد گوتبووی: «ئەگەر دەکرێ با کەلوپەلەکەم، شتە شەخسییەکانم، تا ماوەیەکیتر لە لای تۆ بمێننەوە.» گوتبووی: «ئێستا ماڵم نییە. کە ماڵم گرت ڕۆژێک دێم و لەگەڵ خۆم دەیانبەم.»

کاتێک لە مەحکەمە هاتبوونە دەر شێرزاد ئەوەی گوتبوو. هەڵاڵە هیچی نەگوتبوو. دوایی کە سوار ئوتومبێلەکەی مامەفەتاح بووبوو، لە ناو ڕێدا بیری کردبووەوە، بریا بمگوتایە هەر ئێستا وەرە کەلوپەلەکانت جیا بکەرەوە و بیانبە. گوتبووی: «دەترسم لە سبەینێوە بە بیانووی ئەو کەلوپەلانە...» مامە فەتاح قسەکەی پێ بریبوو، گوتبووی: «کچم ڕاستە ئێوە لە یەکتر جیا بوونەتەوە و ژن و مێرد نەماون، بەڵام پێتوانەبێ ئیتر نابێ یەکتر ببیننەوە.» گوتبووی: «خۆ تۆ لە کوردستان ناژی. شێرزاد ئەگەر مێردی تۆش نەبێت باوکی منداڵەکەتە. ئەو مافی ئەوەی هەیە بێت بۆ لای منداڵەکەی و تۆش ناچاری کە دیسان ببینیتەوە. نەک جارێک و دوان و سییان، ڕەنگە سەدان جاریتریش ببینیتەوە.»

ئەو ترس و نیگەرانییە کە لەو ماوەدا چنگی لە دڵی هەڵاڵە گیر کردبوو، دیسان دڵی گوشیبووەوە. گەیشتبووە ماڵەوەش هێشتا دڵی دەگوشرا. بە تایبەت ئەو کاتەی کە مامە فەتاح و مەجید و ژنەکەی ڕۆشتن. ئێوارە بوو کە ئەوان ڕۆشتن و بە جێیان هێشت. بەرلەوەی بڕۆن، مامەفەتاح گوتی: «تۆش هەستە ئارەزوو بپێچەرەوە با

بڕۆین.»

«بۆ کوێ؟»

«بۆ ماڵی ئێمە.»

«ماڵی ئێوە؟!»

«ماڵی ئێمە یان ماڵی مەجید. ئیمشەو یەکەم شەوی جیابوونەوەتانە. چاک نییە لەم یەکەم شەوەدا بە تەنیا بیت.»

ئەی سبەی شەو؟ ئەی دوو سبەی شەو؟ ئەی سێ سبەی شەو؟... هەلاڵە نەیپرسی. گوتی: «نا، زۆر سپاس. من و ئارەزوو دەمێکەیە خوومان بەم وەزعە گرتووە.»

بە داماوییەوە گوتی. مەجید دڵی بۆی سووتا. لەوەتی خوشک و برا بوون بەقەدەر ئەو ڕۆژە دڵی بۆی نەسووتابوو. گوتی: «ئاخر ئێمە دڵمان ناحەسێتەوە.»

فەریدەش هەرگیز ئەوەندە بەخەمییەوە نەبووبوو. ئەویش گوتی: «ناترسی؟»

«لە چی؟ لە کێ؟»

فەریدە هیچی نەگوت. هەلاڵە ئەو شەوە تا دەمەو بەیانی خەوی لێنەکەوت. زوربەی کات لە سەر موبلەکە، لە بەر ڕۆشنایی کزی ئاباژۆرەکەدا گرمۆڵە دەبوو. جاروباریش بە خشپەیەک، تەقەیەک، دادەچڵەکی و بە هەڵەداوان خۆی بە ژووری ئارەزوودا دەکرد. تا ئارەزووی لە ناو جێگەکەیدا نەدەبینی کە وەک پەریۆکەیەکی بچووک ڕانی بە سک و سنگییەوە نووساندبێت و خەوتبێت، ئارامی نەدەگرت.

ئارام نەبوو، نە ئەو شەوە و نە ڕۆژان و شەوانی لەوە دواش. هەمیشە نیگەران بوو، دەترسا. لەوە دەترسا کە شێرزاد دیسان کچەکەی لێ بدزێتەوە. لەوە دەترسا کە دیسان ناچار بێت شارەو شار و وڵاتە و وڵات شوێنیان بکەوێت. لەوە دەترسا کە ...

مەجید دەیگوت: «تووشی وەهم و خەیاڵات بووی هەلاڵە.»

مامە فەتاحیش هەر جارێک کە دیبووی، ئەوەی پێ گوتبوو. گوتبووی: «ئەم ماوە زەختێکی زۆرت لەسەر بووە کچم، مێشکت تێکچووە.»

نەسرین خانمی خێزانی گوتبووی: «بە قسەی من دەکەی بچۆرە لای پزیشکێکی

دەروونی.»

هەڵاڵە نەچووبوو. نەدەچوو. دەترسا بچێت و شێرزاد بیبەستێتەوە. بیبەستایەوە شکایەتی لێدەکرد و دەیگوت: «هەڵاڵە نەخۆشی دەروونییە. بە کەڵکی ئەوە نایەت سەرپەرشتی منداڵەکەی پێ بسپێرن.» مامە فەتاح سەری لێڕادەوەشاند و دەیگوت: «شێرزاد وازی لە وەرگرتنەوەی منداڵەکەی هێناوە کچم. ئەو کلۆڵە خۆی پێ تاقەت ناکرێ، ئێستا تۆ دەترسی داوای ئارەزووت لێ بکاتەوە؟!» دەیگوت: «ئەو تەنانەت ناوێرێ داوای ئەوەش بکات کە ئارەزوو لەگەڵ خۆی بباتە دەر و بیگێڕێت.»

سەرۆکی مەحکەمە کە ئیتر ئەو ژنە قەڵەوە میهرەبانەی پێشوو نەبوو، گوتبووی: «تۆش وەک هەموو باوکێکیتر بە پێی یاسا مافی ئەوەت هەیە کە جاروبار منداڵەکەت ببینی و تەنانەت لەگەڵ خۆت بیبەیتە دەر و بیگێڕیت.» بە شێرزادی گوتبوو. شێرزاد نەیگوتبوو من لەو یاسایە دەڕیم. گوتبووی: «دایکی ژنێکی تێگەیشتووە، ئەو چی بە چاک بزانێت من ئەوە دەکەم.»

ئەو ڕۆژە شێرزاد مەند و ئارام بوو. مەندتر و ئارامتر لە هەمیشە. هەڵاڵە چاوەڕوانی ئەوەی لێنەدەکرد. چاوەڕوانی ئەو هەڵوێستە نەرمە و ئەو قسە عاقڵانە کە لای سەرۆکی مەحکەمە بە زمانی سویدی کردبووی. ڕەنگە چونکا سویدییەکەی باش نەبوو، ئاوا مەند و عاقڵانە دوابوو. چونکا نەیزانیبوو بە سویدی تووڕە ببێت و جنێو بدات. نەیزانیبوو بە سویدی بڵێت، من لەو یاسایە دەڕیم کە منداڵەکەم... گوتبووی: «من لەم وڵاتە دەژیم و وەک هەموو هاووڵاتییەکیتر لە بەرامبەر یاسادا ملکەچم.»

ئەو قسانە و ئەو هەڵوێستە عاقڵانە بوو کە هەڵاڵەی ترساندبوو. دەیگوت: «درۆ دەکات. ئەو لە کاتێکدا کە ئەو قسانە دەکات بیر لە پیلانێکیتر دەکاتەوە.» هەڵاڵە ئیتر هیچ متمانەیەکی بە شێرزاد نەمابوو. بە هیچ کەس، تەنانەت بە خۆشی. سەعید هەندێک جار بیری دەکردەوە، ڕەنگە متمانەی بە ئەویش نەمابێت. سەعید دەیگوت: «متمانەت بە من ماوە هەڵاڵە؟» بە شۆخی و گاڵتەوە دەیگوت. هەڵاڵە بە ترس و نیگەرانییەوە لێی ڕادەما. وەک کەسێک کە وەڵامێکی لەسەدا سەدی بۆ ئەو پرسیارە بەلاوە نەبێت. وەڵامێکی لەسەدا سەد بۆ ئەو پرسیارە و هیچ پرسیارێکی تر.

ئەو ماوە هەڵاڵە سەیر غەریب بوو. غەریبێکی تەنیا و تەرە. کەس و کارەکەی لێیان دەپرسی، دۆست و هاوڕێ و هاوکارەکانیی زیاتر لە جاران تەلەفۆنیان بۆ دەکردو تەنانەت زیاتر لە جارانیش دەیانبینی، بەڵام نە ئەو لێپرسینانە و نە ئەو تەلەفۆن و پەیوەندی و بینینانەش هیچییان لەلا نەدەگۆڕی و دڵییان خۆش نەدەکرد. دەیگوت: «ئەو لێپرسینانە، بەتایبەت لێپرسینی کەس و کار، زیاتر بۆ بڕینی بیانووی گلەییە. بۆ ئەوەیە دڵی خۆیانی پێ خۆش بکەن. بۆ ئەوەیە بڵێن ئێمە زۆر چاکین و لەگەڵ ئەو هەموو کار و گرفتارییەی خۆماندا، هێشتا کەسەکەمان و دۆست و هاوڕێکەمان بێخەم ناکەین.»

سەعید دەیگوت: «پێتوانییە ئەو بیرکردنەوە زۆر ڕەشبینانە بێت؟ پێتوانییە زۆر بێڕەحمانە بێت؟»

هەڵاڵە زەردەخەنەیەکی دەکرد و بێدەنگ دەبوو. نە زەردەخەنەکەی و نە بێدەنگییەکەی هیچیان بەو مانایە نەبوون کە قسەکەی سەعیدی وەرگرتبێت. زیاتر لەوە دەچوو لە قسەکەی نەگەیشتبێت. سەعید زۆرجار هەستی دەکرد هەڵاڵە لە قسەکانی ناگات، لە قسەی خەڵکیتریش. زۆرجار هەستی دەکرد هەڵاڵە وەک کەسێکە کە بۆ یەکەمجار فڕێ درابێتە دنیایەکی ترەوە. فڕێ درابێتە دنیایەکەوە کە نایناسێت. مرۆڤەکانی ناناسێت. لە زمان و لە شێوەی قسەکردنیان ناگات. لە مانای ڕەفتار و هەڵوێستیان حاڵی نابێت. کاتێک ئەو هەستەی خۆی بە هەڵاڵە رادەگەیاند هەڵاڵە بۆی دەسەلماند. دەیگوت: «زۆر حەز دەکەم بگەڕێمەوە بۆ ئەو شوێنە کە لێیەوە هاتووم.»

«بۆ کوردستان؟»

«نا، نا، بۆ باوەشی دایکم. زۆر حەز دەکەم ئێستا لە باوەشی دایکمدا بوومایە. وەک منداڵێکی ساوا، وەک کۆرپەیەک کە تەنیا باوەشی دایکی دەناسێت و تەنیا لە باوەشی دایکیدا هەست بە ئاسوودەیی دەکات.»

دواتر کە دایکی تەلەفۆنی بۆ کردبوو، گوتبووی هەمووی خەتای ئەوە... گوتبووی ئەو ئابڕووی چەند ساڵەی باوک و بنەماڵەکەی بردوە... گوتبووی ئەگەر لە

کوردستان بوایە سەریان دەبڕی و دەیانکوشت...

گوتی: «ئیتر دایکیشم ناناسمەوە، سەعید.»

بە گریانەوە گوتی. لە حەوشە و حەساری زانکۆ، کاتێک دوو بە دوو بە قەراغ درەختەکاندا، بە گوێ گوڵە ڕەنگاوڕەنگەکاندا پیاسەیان دەکرد، ئەوەی گوت. درەختەکان بارانی تۆوە سەوزەکانیان بە سەریاندا دەباراند و، هەلالە چاوی سوور هەڵگەڕابوو، دەکزایەوە.

سەعید گوتی: «تۆ نەخۆشی هەلالە. تۆ ماندووی. تەنیای...»

گوتی: «ئەم وەزعە دەوامەی ببێت، خۆشت و ئارەزووش تیادەچن.»

هەلالە گوتی: «تۆ دەڵێی چی بکەم؟»

«چی بکەیت؟!»

ماوەیەک لەوەدوا، کاتێک سەعید هەواڵی مردنی پیرێژنە فەنلاندییەکەی دراوسێیانی بیست، کاتێک بە چۆڵ بوونی خانووی ئەو پیرێژنەی زانی کە بە تەنشتی خانووەکەی هەلالەوە بوو، گوتی: «تۆ پێویست ناکا هیچ بکەیت. ئێمە، من و فەرزانە دێینە جێگەی ئەو پیرێژنە و دەبین بە دراوسێت.»

هەلالە داچڵەکی. گوتی: «نا، نا...»

سەعید هەستی کرد پێی خۆشە و، هەستی کرد پێخۆشبوونەکەی لێ دەشارێتەوە.

گوتی: «بۆ نا؟!»

«من رازی نابم لەبەر من، ماڵ و ژیان لە خۆت و فەرزانەی کچت بشێوێنی.»

سەعید پێکەنی. ویستی بڵێت ئەی تۆ بۆ لە بەر من ماڵ و ژیانت لە خۆت و لە ئارەزووی کچت شێواند؟ بەڵام نەیگوت.

هەلالە گوتبووی: «بڕوا بکە شەڕ و شۆڕی من و شێرزاد هیچ پەیوەندییەکی بە تۆوە نییە سەعید.» گوتبووی: «دڵنیابە بمزانیایە بە پچڕانی پەیوەندی من لە گەڵ تۆ و، تەنانەت بە وازهێنانی من لە زانکۆش، ڕەفتار و هەڵوێست و بیر کردنەوەی شێرزاد دەگۆڕێ، سەعاتێک ماتڵ نەدەبووم و ئەوەی کە ئەو دەیویست دەمکرد.»

هەلالە پێشتر ئەوەی گوتبوو. لەو ڕۆژانەدا کە سەعید هەستی بەوە کردبوو کە

پەیوەندییەکەیان وردە وردە خەریکە شێوازی دەگۆڕێت. لە پەیوەندییەکی ئاشکرا و هات و چووی گەرمی بنەماڵەییەوە دەبێتە پەیوەندییەکی تا رادەیەک شاراوە و بە جۆرێک نائاسایی. ئەو پرسیبووی: «چی روویداوە هەڵاڵە؟ ئەگەر هەست دەکەی لە پەیوەندی لەگەڵ مندا ژیانت تووشی گرفت و کێشە بووە، ئەگەر پێتوایە شێرزاد بە بۆنەی منەوە...» هەڵاڵە عەینی جوملەکەی سەعیدی لە بیر نەمابوو. سەعید خۆشی لە بیری چووبووەوە. تەنیا شتێک کە هەر دووکیان لە بیریان نەچووبووەوە ئەو جوملانەبوون کە نە سەعید گوتبووی و نە هەڵاڵە بیستبووی. ئەو جوملانەکە هەر دووکیان نەک هەر ئەو رۆژە، هەموو رۆژێک خۆیان لە گوتن و بیستنی دەدزییەوە. ئەو جوملانە کە دەبوو بیڵێن و ببیستن، بەڵام نەیاندەگوت و نەیاندەبیست. هەڵاڵە دەبوو بیگوتایە: سەعید، شێرزاد لە تۆ و لە پەیوەندی نێوان من و تۆ بە گومانە و ئەو گومانە ژیانی لێ شێواندووین. سەعیدیش دەبوو بیگوتایە: هەڵاڵە، مادام وایە بۆ ئەوەی ژیانی ئێوە نەشێوێت ئێمە ئەم پەیوەندییە دەقرتێنین. لە ئێستاوە ئیتر هەرگیز یەکتر نابینین. تەنانەت لە زانکۆش. بەڵام هیچیان ئەوەیان نەدەگوت. هەر یەکەیان بە شێوەیەک کە ویژدانی خۆشیان ئاسوودە کردبێ و هەست بە تاوانباریش نەکەن، خۆیان لە گوتنی ئەو چەند جوملە زۆر وازیحە دەشاردەوە. هەر یەکەیان بە شێوەیەک لە دەوری ئەو چەند جوملە گەمەیان دەکرد. هەر یەکەیان لای خۆی بیری دەکردەوە، ئەو هەموو وزووح و ئاشکراییە پێویست نییە. ئەو ژیانە لە دەمێکەوە شێواوە و هیچ جوملەیەک، هیچ بڕیارێک، هیچ پەیوەندی قرتاندنێک ئیتر ئەو ژیانە شێواوەی پێ کۆناکرێتەوە. رەنگە ئەو وابووبێت. رەنگە ئەو جوملانەش نەیانتوانیایە ئەو ژیانە لە هەڵوەشان و لێکدابڕان رزگار بکەن. کێ چووزانێت؟ کێ دەتوانێ پێشبینی داهاتوو بکات؟ کێ بیری لەو کارەساتە دڵتەزێنە دەکردەوە؟ کێ بیری لەوە دەکردەوە کە ماوەیەکیتر هەڵاڵە بێهۆش و بریندار لەسەر تەختی نەخۆشخانە کەوتبێت و شێرزادیش...

پۆلیسی سوید سێ یان چوار رۆژ پاش کارەساتەکە شێرزادی لەسەر سنوور گرت.

ئەو بەر لەوەی خۆی بە دەستەوە بدات و بگیرێت پاسپۆرتەکەی شاردبووەوە. گوتبووی عێراقییە و دەیەوێت پەناهیندە ببێت. گوتبووی تاقمێک قاچاغچی پارەیەکی زۆریان لێ وەرگرتووە و لە کوردستانی عێراقەوە هێناویانە بۆ ئێرە. پۆلیسەکان پێی پێکەنیبوون. گوتبوویان پێویست ناکات مێشکی خۆی ماندوو بکا و چیرۆک و حەقایەتی جۆراوجۆر هەڵبەستێت. گوتبوویان ئەو شێرزادە، دانیشتووی ستۆکهۆڵم، چی رۆژنامە و رادوێ و تەلەفزیۆنی سویدە رەسمی ئەویان بڵاو کردووەتەوە. گوتبوویان ئەو دە رۆژ لەوەبەر هەوڵی کوشتنی ژنەکەی داوە و...

«مردووە؟»

شێرزاد لە یەکێک لە پۆلیسەکانی ستۆکهۆڵمی پرسی. لەو کەسە کە دەیپشکنی و لە تاوانەکەی دەکۆڵییەوە.

پۆلیسەکە گوتی: «نا، تا ئێستا نەمردووە. لە نەخۆشخانە کەوتووە و...»

شێرزاد خۆشحاڵ بوو. بزەیەکی بێ گیان و سارد نیشتە سەر لێوە وشکەکانی و چاوە ترساو و ماندووەکەی بریسکەیان دا. گوتی: «من بە تەمای کوشتنی نەبووم. من ئەگەرچی لێی جیا بووبوومەوە، بەڵام هێشتا خۆشم دەویست.»

پۆلیسەکە بە دەم تیزە بزەیەکەوە سەری لێ راوەشاند.

«خۆشت دەویست بۆیە ئەو خەنجەرەت لە دڵی رۆ کرد؟!»

شێرزاد بە شەرمەزارییەوە سەری داخست.

«بۆ کاری وات کرد؟ بۆچی؟»

شێرزاد چاوی بۆ بەرپێی خۆی شۆڕ کردەوە.

«لەبەر ئەوەی کە کەسێکیتری خۆش دەویست. لەگەڵ کەسێکیتردا پەیوەندی بوو.»

«لەگەڵ کێ؟»

«مامۆستاکەی زانکۆی. سەعیدی رەحمانی.»

بۆ بەیانیدا رۆژنامەکان لە زمانی بکوژەکەی هەڵاڵەوە نوسیان: «من هەڵاڵەم کوشت چونکا مامۆستاکەی زانکۆی خۆش دەویست.»

ڕۆژی دوایی، کاتێک سەعید هێشتا ڕۆژنامەکانی نەبینیبوو، پۆلیس داوای کرد. کە چوو پیاوێکی ناوین ساڵ پێشوازی لێکرد و بردی بۆ ژوورەکەی خۆی. پیاوێکی بە ڕواڵەت وەڕز و بێتاقەت کە بەردەوام دەستی بە سەرە تاسەکەیدا دەهێناو، قژە نەبووەکەی بۆ پاشە سەری لادەدا. پیاوەکە دوای ئەوەی کە خۆی پێ ناساند، گوتی: «پەیوەندی تۆ و هەڵاڵە چۆنە؟ یان با بڵێم چۆن بووە؟»

سەعید بەشی دووهەمی ڕستەکەی بە لاوە قورس بوو. دەتگوت باسی کەسێک دەکات کە ئێستا لە ژیاندا نەماوە. گوتی: «مامۆستا و قوتابیین. هاوڕێین. ماوەیەکی کەمیشە دراوسێین و لە باڵەخانەیەکدا دەژیین.»

کابرا گوتی: «ئایا یەکترتان خۆش دەویست؟»

سەعید بێدەنگ بوو، وەڵامی نەدایەوە. دوای ئەوەی کە کابرا پرسیارەکەی دووبارە کردەوە، گوتی: «ئەوە پرسیارێکی شەخسییەو پێموانییە پەیوەندی بەو جەنایەتەو، وەزعی ئێستای هەڵاڵەوە ببێت.»

کابرا دیسان بە وەڕزیەوە دەستی بۆ سەری بردەوە. لەو ماوە کورتەدا ئەوەندە ئەو کارەی کردبوو کە سەعید هەستی کرد خەریکە عەسەبی دەبێت.

کابرا گوتی: «بە پێچەوانەوە، ئەو خۆشەویستیە پاڵی بەو پیاوەوە ناوە کە ئەو جەنایەتە بکات.»

ئەوسا بۆ یەکەمجار زەردەخەنەیەکی کرد و درێژەی پێدا: «ئەڵبەت ئەگەر بە ڕاست خۆشەویستییەک لە ئارادا بووبێت.»

سەعید ئیتر هیچی نەگوت. بۆ بەیانیدا ڕۆژنامەکان نووسیبیان: «مامۆستا ئێرانییەکەی هەڵاڵە لە سویدیش ناوێرێ دان بە خۆشەویستییەکەیدا بنێت.»

سەعید کە ئەوەی بینی داچڵەکی. ئەو چەند ڕۆژە ڕۆژنامە و گۆڤار و تەنانەت ڕادوێ و تەلەفزیۆنەکانیش زۆر زیاتر لەوەی کە چاوەڕوانی دەکرا، بەهایان بەو کارەسات و جەنایەتە دابوو. زۆر زیاتر لەوەی کە بە پێویست دەزاندرا لە سەریان نووسیبوو، لێی دوابوون. زۆربەی نووسین و لێدوانەکان بە شێوەیەک بوون کە سەعید هەستی بە مەترسی دەکرد. هەستی بەوە دەکرد پیلانێکی ڕۆژنامەوانی و،

لەوەش زیاتر سیاسی لە ئارادابێت. پیلانێک، نەک دژ بە خۆی، یان تەنانەت دژ بە شێرزادیش کە ئەو جەنایەتەی کردبوو. پیلانێک دژ بە هەموو پەنابەرانی ئێرانی و کورد و رۆژهەڵاتی. بۆیە دەستبەجێ تەلەفۆنی بۆ مەجید کرد و گوتی: «رۆژنامەکانت بینیوە؟»

مەجید نەیدیبوون. لەو رۆژەوە کە ئەو کارەساتە روویدابوو، مەجید سەری نەپەرژابووە رۆژنامە و رادوێ و تەنانەت تەلەفزیۆنیش. شەوی پێشووی فەریدە گوتبووی: «دەڵێن رادوێ و تەلەفزیۆنەکان هەواڵی ئەو کارەساتەیان بڵاو کردۆتەوە.» لە ماڵی مامە فەتاح بوون کە ئەوەی گوتبوو. مامە فەتاح گوتبووی: «بێگومان بڵاوی دەکەنەوە کچم. لەم وڵاتە، ئەم جۆرە جەنایەتانە دەنگدانەوەی زۆریان دەبێت.» فەریدە گوتبووی: «گوایە رەسمی هەڵاڵە و شێرزاد و تەنانەت رەسمی خەنجەرەکەشیان بڵاو کردۆتەوە.» مەجید هیچی نەگوتبوو. ئیشارەتی بۆ منداڵەکان کردبوو. یەعنی لە لای ئەو منداڵانە نابێت ئەو قسانە بکردرێت. بە تایبەت لە لای ئارەزوو کە لە باوەشی گوڵاڵەی پووریدا بوو، خۆی بە سک و سنگییەوە نووساندبوو.

سەعید گوتی: «هەست دەکەم کەسانێک هەن کە دەیانەوێت بە قازانجی خۆیان و بیر و بۆچوونی راسیستانەی خۆیان سوود لەم کارەساتە وەربگرن. دەبێ یەکتر ببینین مەجید.»

مەجید گوتی: «ئێمە تا تاوێکیتر دەچین بۆ نەخۆشخانە، بۆ لای هەڵاڵە.»

«کەواتە لەوێ دەتانبینم.»

گوڵاڵە گوێی لێبوو، گوتی: «من حەز ناکەم ئەو پیاوە ببینم.»

گوڵاڵە لە شەوی کارەساتەکەوە، لە گەڵ شەهاب و منداڵەکانی، لە ئوروبرۆوە هاتبوو. شەهاب و منداڵەکان نیوەڕۆی رۆژی دوایی گەڕابوونەوەو، گوڵاڵە لە ستۆکهۆلم مابووەوە.

مەجید گوتی: «دوکتۆریش وەک ئێمە نیگەرانە. ئەویش وەک ئێمە لەم چەند رۆژەدا پێیەکی لە ماڵ و پێیەکی لە نەخۆشخانە بووە و...»

گوڵاڵە بە بێزارییەوە سەری راوەشاند و بە ڕقەوە لچی هەڵقرچاند. گوتی: «راستە شێرزاد جەنایەتەکەی کردووە، بەڵام ئەو کابرایەش...»

گوتی: «ئەو کابرایە ژیانی هەڵاڵە و شێرزادی شێواند.»

گوڵاڵە پێشتر ئەوەی بە خودی سەعیدیش گوتبوو، کاتێک بە هەڵەداوان چووبوو بۆ نەخۆشخانە، ئەو کاتە هەڵاڵە هێشتا لە ژووری عەمەلیات نەهاتبووە دەر. سەعید لەم دیو دەرکەی ژوورەکە مات و نیگەران راوەستابوو. گوڵاڵە لێی چووبووە پێش و بە تووڕەییەوە گوتبووی: «تۆ بۆ لێرەیت؟ تۆ ژیانی هەڵاڵەت شێواند.»

مەجید گوتی: «تۆش قسەی ئەو هەتیوە جەنایەتکارە دەکەیتەوە؟»

گوڵاڵە گوتی: «هەڵاڵە و شێرزاد تا بەر لە ناسینی ئەو کابرایە ژیانێکی خۆش و بێقرەیان بوو.»

«ئەوان هەرگیز ژیانی خۆش و بێقرەیان پێکەوە نەبووە... من وەک تۆ بیر ناکەمەوە. دوکتۆر تاوانبار نییە.»

حەمەرەشید ئاغا گوتی: «کەس تاوانبار نییە. تەنانەت شێرزادیش. تەنیا تۆ تاوانباری. تۆی بێ غیرەت. تۆی بێ شەرەف. تۆی...»

حەمەرەشید ئاغا کە هەواڵەکەی بیستبوو، بە پەلە چووبوو بۆ شارو، دوای ئەوەی کە تەلەفۆنی بۆ فەتاحی برای کرد و لە کارەساتەکە دڵنیا بوو، تەلەفۆنی بۆ مەجید کرد. گوتی: «من ئەم تاوانە لە تۆ دەناسم مەجید. هەرگیز لێت خۆش نابم. هەرگیز ناتبوورم.»

مەجید گریا.

«من دەبوو چیم بکردایە کە تۆ پێتوایە نەمکردووە؟»

«دەبوو برایەتیت بکردایە کە نەتکردووە. تۆ بەلای ناخێرتەوە برا گەورەی بوویت. دەبوو ئاگات لێی بوایە، لە خۆی، لە ژیانی، لە مێرد و ماڵ و کار و پەیوەندییەکانی.»

گوتی: «مەگەر پێم نەگوتی ئەو شەڕ و شۆڕەیان لە خۆوە نییە؟ نەمگوت ئەو جیابوونەوەیان بێ عیللەت نییە؟ نەمگوت ئەو کابرا سەگبابە کرماشانییە...»

حەمەرەشید ئاغا بە دەم قیژە و هاوارەوە دەنگی دەلەرزی. حەتمەن دەستیشی بە

گووشی تەلەفۆنەکەوە لەرزیبوو. هەموو ئەندامەکانی لەشی لە رق و تووڕەیی و نیگەرانیدا لەرزیبوون.

«تۆی بێ غیرەت...»

مەجید دەیزانی ئەگەر باوکی ئێستا لە لای بوایە، بۆی هەڵدەستا. وەک زۆر جاریتر کە بۆی هەستابوو، بەرۆکی گرتبوو، راکێش راکێش لە ماڵەکەی کردبوویە دەر.

«برۆ، من کوڕی وەک تۆم ناوێ...»

حەتمەن ئەمجارە لە ماڵ دەری نەدەکرد. لێی دەدا. بەو دەستە قورسانەی لێی دەدا. یان رەنگە چەکی لێ بکێشایە.

گوتی: «بێ غیرەتی تۆ حەیا و شەرەفی منی برد. حەیا و شەرەفێک کە بە ساڵەها زیندان و ئەشکەنجە و خەبات و ئاوارەیی کۆم کردبووەوە...»

مەجید تووڕە بوو.

«ئێستا تۆ خەمی حەیاو شەرەفی خۆتە، یان خەمی ئەو کچە کلۆڵە کە بە جەرگی هەڵدڕاوەوە لە سەر تەختی نەخۆشخانە کەوتووە؟ بۆ لەبری ئەو قسانە ناپرسی هەلالە چۆنە؟ بۆ ناپرسی ماوە یان مردووە؟»

مەجید بە دەنگی بەرز گوتی. حەتمەن سەعادەتی دایکی بیستی. سەعادەت لە پاڵ حەمەرەشید ئاغادا بوو، دەگریا. مەجید دەنگی گریانەکەی نەدەبیست. دواتر بیستی. سەعاتێک دواتر کە مۆبیلەکەی دیسان زریکاندییەوە. مەجید هەڵیگرت. دایکی لەو دیو هێڵەکەوە بە گریانەوە دەیگوت: «مەجید، رۆڵە مەجید...»

مەجید ئەو کاتە لە کوێ بوو؟ لەماڵەوە؟ لە نەخۆشخانە؟ یان رەنگە گەڕابووەوە بۆ وڵات، بۆ کوردستان. رەنگە لە کوردستان بوو، باوەشی بە دایکیدا کردبوو، سەری نابووە سەر شانی و دەگریا. هەر دوکیان دەگریان، گریانێکی خۆش و بەکوڵ. گریانێک لەوانە کە هەموو خەم و مەینەتی غوربەت و دووری دەکاتە ئاو و لە دیدەکانەوە دەیڕێژێت. گریانێک لەوانە کە دەردو ئازارەکان لانیکەم بۆ تاوێک دەشواتەوە و مرۆڤ سووک دەبێت. مەجید سووک ببوو کاتێک بیستی دایکی بە هەنسکەوە بە گوێیدا دەچرپێنێت: «هەلالە چی بەسەر هاتووە، مە جید؟»

تەواو سووک ببوو کە کارەساتەکەی بە کورتی، بە چەند ڕستەی پچڕ پچڕ، بۆ گێڕایەوە.

«ماوە؟ ڕاستم پێ بڵێ مەجید، هەڵاڵە ماوە؟»

مەجید سوێندی بۆ خوارد کە ماوە. بە گیانی خۆی، بە دڵە کەیلەکەی، بە چاوە تەڕەکانی.

«باشە، دەمێنێت؟»

«چی؟»

«دەڵێم دەمێنێت؟»

مەجید بێدەنگ بوو. پرسیارەکەی دایکی، پرسیارێکی سەخت بوو. خۆشی چەند جار ئەو پرسیارەی لە دوکتۆرەکان کردبوو. لەو یەکەم شەوەوە کە هەڵاڵەیان لە ژووری نەشتەرگەری هێنابووە دەر. هەڵاڵەیان بە بێهۆشی هێنابووە دەر. مەجید گوتبووی: «کەی هۆش خۆی دێتەوە؟» دۆکتۆرەکان بە گومان و دڕدۆنگییەوە سەیری یەکتریان کردبوو. یەکیان گوتبووی: «ئێمە چیمان لە دەست هاتبێت کردوومانە.» گوتبووی: «دوو نەشتەرگەری قورس بوو. دڵ و مێشکی...»

مەجید سەری سووڕمابوو. باقی کەس و کارەکەشی بەبیستنی ئەو قسە سەریان سووڕمابوو. سەعیدیش کە لەولایانەوە کز و لارەمل ڕاوەستابوو، تاسابوو. مەجید گوتبووی: «دڵ و مێشکی؟! بۆ مێشکیشیتان عەمەلیات کردووە؟!» دوکتۆرەکە گوتبووی: «قورسی کارەکەی ئێمە دڵی نەبوو، مێشکی بوو. ئەو خانمە پاش ئەوەی کە خەنجەرەکە لە دڵی ڕۆکراوە کەوتووە و جگە لە شکانی کاسەڵەی سەری، مێشکیشی تووشی گرفت بووە.» ئەوسا لەگەڵ خۆی بردبوویە ژوورێکیتر و کۆمەڵێک ڕەسمی نیشان دابوو. لەو ڕەسمانەدا کاسەڵەی سەری هەڵاڵە شکابوو، هەندێک شوێنی تریشی تووشی ئاسیب و زیان ببوو. مەجید پاش بینینی ئەو ڕەسمانە گوتبووی: «ئێستا دەمێنێت یان نا؟» دوکتۆرەکە دەستی خستبووە سەر شانی.

«هیوادارم»

«هەر ئەوەندە؟!»

دوکتۆرەکە لە پرسیارەکەی نەگەیشتبوو. گوتبووی: «مەبەستت چییە؟» مەجید خۆشی تێنەگەیشتبوو. گوتبووی: «سپاس دوکتۆر.»

کە سەعید گەیشتە نەخۆشخانە، مەجید لەگەڵ کاک ناسری رادوێ، لە حەوشە، لەسەر کورسییەکی لاکێشە دانیشتبوو. سەعید ناسری دەناسی. پێشتر دیبووی. پیاوێکی گەڕاوەی تەرپۆش. هەڵاڵە گوتبووی: «چل و شەش ساڵی تەمەنە.»

«چل و شەش؟!»

زۆر زیاتر لەوەی دەنواند. رەنگە چونکا قەڵەو بوو، یان چونکا مووی رەش لەسەر و ریشیدا نەمابوو. هەر چی بوو، هاوڕێ و هاوکارێکی چاک و میهرەبان و، میدیاییەکی پیشەیی و کارامە بوو. هەڵاڵە ئەمانەشی گوتبوو. کاک ناسر لەبەری هەستا و تۆقەیان کرد.

«چۆنی دوکتۆر گیان؟»

«باشم.»

بە ئاشکرا دیار بوو کە باش نییە. هیچیان باش نەبوون. هەموویان مات و خەمبار بوون و، ئەگەر جاروبار زەردەخەنەیەکیان دەکرد، دڵخۆشی یەکتریان پێ دەدایەوە.

سەعید گوتی: «دەمێکەیە لێرەن؟»

ناسر زووتر لە مەجید گەیشتبوو.

«هەڵاڵە چۆنە؟»

بەڵام مەجید وەڵامی دایەوە.

«چۆنت بینیوە، هەر وایە. هەر وا بێدەنگ و...»

ناسر قسەکەی پێبڕی.

«پەرستارەکان دەڵێن ئیمشەو قسەی کردووە. یەک دوو رستەی کورت کە تێی نەگەیشتوون. رەنگە بە زمانی کوردی قسەی کردبێت.»

سەعید زەردەخەنەیەکی کرد و سەری لەقاند.

«ئێستا کێی لە لایە؟»

«گوڵاڵە. گوڵاڵەی خوشکی.»

«کەواتە ئێوە دانیشن، من دەچم سەرێکی لێدەدەم.»

سەعید دەستوویەک گوڵی بە دەستەوە بوو. دەستوویەک گوڵی بنەوش، وەک دوێنێکە، وەک پێرێکە. کە ڕۆیشت مەجید لە دوایەوە لێی ورد بووەوە. پشتی سەعید کەمێک کۆم ببوو. شانەکانی داتەپیبوون. پێدەچوو لەم چەند ڕۆژەدا پیر بووبێت، یان پیرییەکەی لێ‌دەرکەوتبێت. سەعید لە ژوورەکەی هەلالە، گوڵەکانی دوێنێکەی لە گوڵدانەکە دەرهێنا و گوڵە تازەکانی لەبری دانا. گوڵاڵە گوتی: «بۆ عەزیەت دەکێشی. ئێمە حەز ناکەین تۆ هەموو ڕۆژێک خۆت لە کار بکەیت و بێیت بۆ ئێرە.»

سەعید هیچی نەگوت. ئاوی گوڵدانەکەی گۆڕی و بردی لەسەر ڕەفەی پەنجەرەکە داینا. پێشتر دەیبرد لەسەر مێزەکەی ژوور سەری هەلالە دایدەنا. پەرستارەکە گوتبووی: «ئەوە شوێنێکی باش نییە...» سەعید گوتبوی: «پێتوایە هەستی پێ بکات؟»

«بە چی؟»

«بە بۆنی ئەم گوڵانە. بە بوونی ئێمە. بە بوونی من...»

پەرستارەکە وەڵامی نەدابووەوە. ڕەنگە تێنەگەیشتبوو، یان نەیزانیبوو چ وەڵامێکی بداتەوە. هەلالە گوتبووی: «بوونی تۆ ئاسوودەییم پێ دەبەخشێت سەعید. نەوەک هەر بە من، ئارەزووش کە دەتبینێت وەک گوڵ دەگەشێتەوە.»

گوتی: «ئارەزو لە کوێیە؟»

گوڵاڵە گوتی: «لە ماڵەوەیە.»

نەیگوت بۆ نەتهێناوە. نەیگوت تاسەی دەکەم و حەز دەکەم بیبینم. گوتی: «چۆنە؟»

سەعید کە لە ژوورەکەی هەلالە چووە دەر و گەڕایەوە بۆ حەوشەی نەخۆشخانە، مەجید و ناسر لەسەر دەنگدانەوەی ئەو کارەساتە لە ڕۆژنامەو میدیاکانی سوید قسەیان دەکرد. تا دوێنێکە رادوێ و سایتە کوردییەکان جگە لە بڵاوکردنەوەی هەواڵی کارەساتەکە هیچی تریان نەگوتبوو. دوێشەو ڕێکخراوەیەکی ژنانی کورد لە سوید بەیاننامەیەکی دەرکردبوو. بەیاننامەیەکی توند، دژ بە پیاوی کورد و کەلتوری

پیاو سالاری کوردی و...

ناسر گوتی: «رادوێ فارسیەکانیش بەیاننامەی چەند رێکخراوەی ژنانی ئێرانییان بڵاو کردووەتەوە کە ئەو جەنایەتەیان شەرمەزار کردووە.» گوتی: «خۆم گوێم لێنەبووە بەڵام گوایە یەکێک لەو بەیاننامانە شیکارییەکی باشی دۆخی ژنانی پەنابەری ئێرانی کردووە.»

مەجید زەردەخەنەیەکی تاڵی کرد و هیچی نەگوت.

سەعید گوتی: «کاک ناسر، من ئیمڕۆ بە تایبەت حەزم کرد مەجید و بنە ماڵەکەی ببینم. حەزم کرد لەسەر چۆنییەتی دەنگدانەوەی ئەم جەنایەتە لە رۆژنامە و میدیاکانی ئێرە پێکەوە قسە بکەین.

گوتی: «نیو سەعات بەر لە ئێستا کاتێک بەرێوە بووم بێم بۆ ئێرە، برادەرێکم تەلەفۆنی بۆ کردم و گوتی لە یەکێک لە رۆژنامەکاندا کەسێک، کەسێکی پێموابێت سویدی، ستوونێکی لەسەر ئەم کارەساتە نووسیوە. نووسیویەتی: مەترسییەکی گەورە و ترسناک هەرەشە لە هەموو خەڵکی سوید دەکات، کەچی حکوومەت گرنگی پێنادات. نووسیویەتی: ئەو کەسانە کە پاش ساڵەها دابڕان لەکۆمەڵگە و کەلتووری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و، پاش ساڵەها ژیان لەناو کەلتوور و کۆمەڵگەی رۆژاوایی، ئاوا بە سووک و ئاسانی دەستیان دەچێتە ژن و منداڵەکانی خۆیان، بێگومان لەوە سووک و ئاسانتریش دەستیان دەچێتە ژن و منداڵەکانی ئێمەش...»

مەجید بە بێزارییەوە پەڕییە ناو قسەکانی و گوتی: «ئەو قسەو نووسینانە قسە و نووسینی کەسانێکی راسیست و دژە پەنابەرن، کە خەڵکی سوید دەیانناسن و بە هایان پێنادەن.»

ناسر گوتی: «بێگومان ئەوە راستە. بەڵام راستییەکیتریش هەیە کە نابێت لە بیرمان بچێتەوە. ئەویش ئەوەیە کە خەڵک و کۆمەڵگەی سویدی زۆر ترسنۆکن. بە بڕوای من ئەگەر ئەمجۆرە قسە و نووسینانە پەرە بستێنێت، لەوە زیاتر کە ئێمە چاوەڕوانی دەکەین خەڵک و کۆمەڵگەی سویدیش دەترسێنێت. ئەم خەڵک و کۆمەڵگەیە بە بێ ئەم قسە و نووسینانەش متمانەیان بە پەنابەران، بە تایبەت

پەنابەرانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست نییە. وانیە؟»

مەجید گوتی: «با بڵێین وایە، بەڵام ئێمە چیمان لە دەست دێ؟ ئایا دەتوانین هەواڵی ئەم جەنایەتە بە درۆ بخەینەوە؟ دەتوانین نکوولی لەم کەلتوورە پیاو سالارەی خۆمان بکەین؟ دەتوانین حاشا لەو عەقڵییەتە پیاوانە بکەین کە ژن پاش تەڵاق و جیا بوونەوەش بە موڵکی خۆی دەزانێت؟»

مەجید بە تووڕەییەوە ئەوانەی پرسی. پاشان لە سەر کورسییەکە هەستا و خولێکی سەد و هەشتا دەرەجەی بە لەشی دا و بە بوغز و مەراقەوە گوتی: «ئەم کەلتوورە دەبێ ریسوا بکردرێت، دوکتور گیان.»

مەجید ئێستا رووی لە بینای نەخۆشخانەکە بوو. شوێنێک کە مەزندەی دەکرد ژوورەکەی هەڵاڵەی لێ بێت. گوتی: «هەڵاڵەی خوشکی من قوربانی ئەم کەلتوورەیە. ئەو قوربانی جەنایەتێکە کە لەم کەلتوورەوە سەری هەڵداوە. ئەم جەنایەتە دەبێ زۆر زیاتر لەمانە بەرجەستە بکردرێتەوە و ریسوا بکردرێت.»

«کێ بیکات؟»

مەجید نەیزانی کامیان ئەوەی لێ پرسی. سەعید یان ناسر؟ کە دووبارە سەری وەرچەرخاند و سەیری کردن، هەر دووکیان چاویان لە چاوی بڕیبوو. لەوە دەچوو هەر دووکیان پێکەوە پرسیبێتیان و پێکەوە چاوەڕوانی وەڵامدانەوەی بن.

گوتی: «کێ بیکات؟!»

ناسر زۆر بە ئارامی گوتی: «بەڵێ کێ بیکات؟ چۆن بیکات؟ ئێمە هەر سێکمان ساڵەهایە لەم وڵاتە دەژین و دەزانین کە خەڵکی ئێرە، تەنانەت مرۆڤ دۆستترین و دڵسۆزترین کەسەکانیش، ئاگادارییەکی قووڵ و هەمە لایەنەیان لە کەلتوور و ئایین و عەقڵییەتی رۆژهەڵاتی بە تایبەت کورد و ئێرانی نییە. ئەوان هەموو رۆژهەڵاتییەک بە کورد و فارس و عەرەب و تورک و چی و چییەوە بە یەک تێدەگەن. ئەوان هیچ جیاوازییەک لە مابەینی من و تۆ و شێرزاد و خەڵکیتر دانانێن. ئەوان پێیان وایە هەموومان بێ جیاوازی دژی ژن و مافی مرۆڤ و چی و چیین. ئەوان ئەم تاوانە بە تاوانی هەمووومان دەزانن.»

ئەوسا بیرەوەرییەکی خۆی لەگەڵ سەرۆکی بەشەکەیان لە رادوێ، بۆ گێڕایەوە. سەرۆکی بەشەکەیان لە رادوێ ژنێکی سویدی بوو. ژنێکی زیرەک و میدیاییەکی وشیار. ئەو رۆژی دوای کارەساتەکە، هەروا سەعاتێک دوو سەعات پاش بیستنی هەواڵی ئەو جەنایەتە، رووی کردبووە ناسر و ئەگەرچی بە شۆخی و گاڵتەوە، گوتبووی: «خودا روحمی بە من کرد کە ژنی تۆ نەبووم. ئەگەر ژنی تۆ بوومایە و لێت جیا بوومایەوە حەتمەن دەتکوشتم. نەتدەکوشتم؟»

ناسر نەیگوت کە چۆن وەڵامی ئەو ژنەی داوەتەوە. بەڵام گوتی کە ئەو قسانە زۆر بە جیدی برینداری کردووە.

مەجید کە دیار بوو ئەو قسانە ماندووی دەکرد، گوتی: «ئێستا ئێوە دەڵێن چی؟ ئایا ئێمە وەک بنەماڵە و، وەک دۆست و هاوڕێی هەلاڵە، دەبێ چی بکەین؟»

سەعید گوتی: «من دەڵێم لە قسە کردن و وتوویژ لەگەڵ رۆژنامە و میدیاکان، دەبێ وشیار بین. نابێ قسەیەک بکەین کە دەنگدانەوەکەی بە زیانی خۆمان و پەنابەرانیتر بشکێتەوە. نابێ هەڵوێستێک بگرین کە لایەنە جوان و ئینسانییەکانی کەلتووری کوردی و ئێرانی پێشێل بکات.»

گوتی: «دیارە ئەم جەنایەتە قورسە کاری کردۆتە سەر ژیان و هەست و شعووری هەمووومان، بەڵام نابێ هەموو بەرپرسایەتییە ئینسانی و ئەخلاقی و نەتەوایەتیەکانمان لە بیر باتەوە. ئێمە و هەزارانی وەک ئێمە و، ئینشاڵا هەلاڵەش دوای ئەوەی کە چاک بووەوە، دەمانەوێ ساڵەهای ساڵ لەم وڵاتە، وەک خەڵکێکی بە رەگەز رۆژهەڵاتی و کورد بژین. کەواتە نابێ شتێک بڵێین کە...»

ئێستا ئیتر بۆ ئەو قسە و راوێژانە زۆر درەنگ بوو. سەعید کاتێک بەوەی زانی کە لە نەخۆشخانەوە چوو بۆ زانکۆ. لەوەتی ئەو کارەساتە روویدابوو، زۆر بە کەمی چووبوو بۆ زانکۆ و لەوەش کەمتر لەوێ مابووەوە. یەکەمجار کە چووبوو بەسەر پێوە کتێبێکی گەیاندبووە دەست هاوکارێکی و، دووهەمجاریش بۆ ماوەی سەعاتێک چووبووە سەر کەلاس. هەلاڵە ئەوەی بەسەر نەهاتبایە و لە نەخۆشخانە نەکەوتبایە، بە دڵنیاییەوە لەو کەلاسە دەبوو. وەک هەموو چوارشەمەیەکی تر لە ریزی پێشەوە، نزیکتر لە باقی

قوتابییەکان بە مامۆستاکەی، دادەنیشت. کە دەرسەکەش تەواو دەبوو لە گەڵیدا دەچووە دەر. هەڵاڵە هەمیشە دوای تەواو بوونی دەرسەکەی، لەگەڵ سەعید دەچووە ژوورە تایبەتییەکەی لە بەشی مامۆستایان. سەعید ئێستا لەو ژوورە بوو، بێئەوەی هەڵاڵەی لەگەڵ بێت، بێئەوەی هەڵاڵە بچێتە لای قەفەسەی کتێبەکان و چاویان پێدا بگێڕێت، بێئەوەی بنەوێتەوە و لەسەر یەکێک لە ڕەفەکان کتێبێک دەربکێشێت. هەڵاڵە هەر کاتێک کە دەنەویەوە و کتێبێکی دەردەکێشا، باوەشێک کتێب و کاغەز لەسەر ڕەفەکەوە هەرەسیان دەهێنا و دەڕژانە خوار. سەعید لای لێدەکردەوە و دەیگوت: «دیسان!...»

هەڵاڵە پێدەکەنی.

«ئێستا هەڵیاندەگرمەوە.»

ئەوسا دەیگوت: «تۆ ئەگەر لە هەموو شتێکدا ڕێک و پێک بیت، لە چنینی کتێبەکانتدا نارێک و پێکی. ئاخر چون ئەو هەموو کتێب و کاغەزە بەمشێوە لەسەر ڕەفەکان هەڵدەچندرێن؟! سەیر کە ... دەڵێی بە باوەش کتێب و کاغەزت فڕێداوەتە سەر ئەو ڕەفانە!» دەیگوت: «ڕۆژێک کە سەرم بپەرژێت، دێم هەموو ئەم کتێب و کاغەزانە دادەگرم و پاشان بە ڕێکوپێکی دەیانچنمەوە.»

سەعید دەیگوت: «منیش پاش دوو ڕۆژ وەک خۆیان لێدەکەمەوە.» دەیگوت: «کتێبخانەکەیماڵەوەم لێرە شپرزەترە. خۆ بینیوتە. نەتبینیوە؟» هەڵاڵە بینیبووی. پێدەکەنی و دەیگوت: «مەبەستت ئەوەیە کە بێم ئەوێشت بۆ ڕێکوپێک بکەم؟!» ئەوسا دەچوو لە پەنایدا لەسەر دووهەم کورسی ژوورەکە دادەنیشت. کورسییەک لەوانەی کە بە دەوری خۆیاندا دەخولێنەوە. هەڵاڵە وەک منداڵ بە دەوری خۆیدا دەخولایەوە. سەعید دەیگوت: «تووشی سەرە گێژەت کردم. ئەوەندە مەخولێرەوە کورسیەکە دەشکێنیت.» دەیگوت: «ئەوەندە جیڕەجیڕ مەکە با بە کارەکانمدا رابگەم.» دەیگوت: «ئای کە تۆ قوتابیەکی جەربەزە و شلووقی.»

ئێستا هەڵاڵە لەو ژوورە نەبوو کە سەعید ئەمانەی پێ‌بڵێت و پێبکەنێت. ئێستا سەعید بە تەنیا بوو. بە تەنیا لە پشت مێزەکەی دانیشتبوو. وەڕس و ماندوو، چاوی بە

لاپەڕەی ڕۆژنامە تازەکاندا داپچڕیبوو. لە لاپەڕەی ناوەڕاستی یەکێک لە ڕۆژنامەکان، وێنەیەکی بینی کە دایچڵەکاند. وێنەی خەنجەرێک. خەنجەرێک کە بە قەدەر کاردێکی ئاشپەزخانە بوو. دەمی خەنجەرەکە خوار بوو. مشتووەکەی کارەبا و سەری مشتووەکەی داڵێکی ئاسنی بوو. سەعید پێشتر ئەو خەنجەرەی لە ماڵی هەڵاڵە، لەسەر ڕەفەی شتە جوان و عەنتیکەکان بینیبوو. خەنجەرێکی بێ کالان کە بە دەمەوە لەناو مۆمدانێکی زەرد داندرابوو. سەعید لێی ورد بووبووەوە. گوتبووی: «ئەمە چییە؟! ئەمە لە کوێوە هاتووە؟!» لە هەڵاڵەی پرسیبوو. هەڵاڵە دەمی بۆ زەردەخەنەیەک پان کردبۆوە و چاوی بۆ شێرزاد گێڕابوو. شێرزاد ئارەزووی لە باوەشدا بوو، خەریک بوو دەیخەواند. گوتبووی: «دوای هەڵاڵە ئەمە پڕ بەهاترین دیارییەکە کە خەزوورەم بە منی بەخشیبێت. هەر خۆم دەزانم بە چ مەینەتییەک لە کوردستانەوە لەگەڵ خۆم هێناومە.»

سەعید هێشتا لە ڕەسمی خەنجەرەکە رامابوو. لە لای ژووورووی ڕەسمەکە بە خەتێکی تا ڕادەیەک درشت نووسرابوو: «چەقۆیەک لە کوردستانەوە تا ستۆکهۆلم شوێن قوربانییەکەی کەوتووە.» سەعید چاویلکەکەی لە گیرفانی کۆتەکەی دەرهێنا و لە چاوی کرد. نووسینی لای خوارووی ڕەسمەکە ورد بوو، خوێندییەوە. «ئەم نووسینە چیرۆکی ئەو پەنابەرە برینندارە نییە کە ئێستا لەسەر تەختی نەخۆشخانە کەوتووە و دواهەم ساتەکانی ژیانی لە بێدەنگییەکی ڕەهادا دەژی. ئەم نووسینە چیرۆکی ئەو چەقۆیەیە کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەیان هەزار کیلۆمەتر شوێن قوربانییەکەی کەوتووە.»

کێ ئەو چیرۆکەی بۆ ڕۆژنامەکە گێڕابووەوە؟ سەعید هەستی بەگەرما کرد. کۆتەکەی داکەند و لەبری ئەوەی بە پشتی کورسییەکەیدا بدات، فڕێیدایە سەر دووهەم کورسی بەتاڵی ناو ژوورەکە. هەر دوو قاچی بۆ ژێر مێزەکە درێژ کردو پاڵی بە پشتی کورسییەکەی خۆیەوە دا. وەک کەسێکی ماندوو کە بیەوێت سەرخەوێک بشکێنێت، چاوی لێکنا. بیری هەڵاڵە کەوتەوە. بیری ئەو ڕۆژە کە هەڵاڵە گوتبووی: «لەسەر ئەو هەموو شتە جوان و عەنتیکەی کوردستان سەیرکە شێرزاد چی بە دیاری

بۆ من هێناوە؟»

«بۆ تۆ؟»

شێرزاد گوتبووی: «دیاری من نییە، دیاری باوکتە.»

ئەو خەنجەرە پاشماوەی گەنجێک بوو. پاشماوەی کۆمەڵێک شتی جوانی عەنتیکە و کۆنینە، کە رەنگە لە سەدان و بگرە هەزاران ساڵ لەوەبەر لە ژێر خاکی یەکێک لە تەپۆڵکەکانی کوردستان شاردرابۆوە، تا شەوێک کۆمەڵێک جەردە و تاڵانچی ئاسەوارە کۆنینەکان، بچن ئەو تەپۆڵکە بدەنەوە و ئەو ئاسەوارانە بدزن و برۆن. حەمەرەشید ئاغا گوتبووی: «لەسەر ئەو هەموو شتە جوان و عەنتیکە، لەسەر ئەو هەموو زێڕ و زیوە نایابە کە دواتر زانیمان جەردە و تاڵانچییەکان دۆزیویانەتەوە و بردوویانە، تەنیا ئەم خەنجەرە ژەنگاوی و بێکالانەیان بەجێهێشتبوو کە منیش هەڵمگرت و خستمە بەر پشتێنەکەم.» هەڵاڵە هێشتا لە کوردستان بوو کە باوکی هاتبووەوە بۆ ماڵ و چیرۆکی ئەو خەنجەرەی گێڕابووەوە. گوتبووی: «ئەگەر خەڵکی ئاواییەکانی نزیک ئەو تەپۆڵکە دوو سەعات زووتر راپۆرتی ئەو دزی و تاڵانەیان بدایانایە و ئێمەش دوو سەعات زووتر بگەیشتینایە، هەر خودا دەزانێت بە سەر چ گەنج و خەزینەیەکی گرانبەهادا دەکەوتین!»

دیار بوو دز و تاڵانچییەکان ئەم خەنجەرەشیان لێ بەجێماوە، یان زانیویانە پارەیەکی وا ناکات بە تایبەت فڕێیان داوە. لەو رۆژەوە حەمەرەشید ئاغا خەنجەرەکەی بە کالانێکی تازەوە دەنایە بەر پشتێنی و تەسبێحێکی قەزوانی سەد دەنکی لە مشتووە کارەباکەی دەئاڵاند و، گوڵینگەی تەسبێحەکەی بەسەر پشتێنەکەیدا بەردەدایەوە. جاروبار کە دەهاتەوە بۆ ماڵ و جلەکانی دادەکەند، خەنجەرەکەشی دەردەهێنا و بە کوتێک کاغەز سماتە ژەنگ و ژاری تیغەکەی خاوێن دەکردەوە. دەیگوت: «ئەمە دیاری پێشینیانە، دیاری مێژوو بۆ پیاوێکی خەباتکار!» بە گاڵتەوە دەیگوت. سەعادەت بە توانجەوە سەری رادەوەشاند.

«پارەی بکردایە لە پێشینیانەوە بە تۆ نەدەبڕا.»

دەیگوت: «زێڕ بوایە تاڵانچییەکان لێیان بە جێ نەدەما.»

حەمەرەشـید ئاغـا هیچـی نەدەگـوت. خەنـجەرەکەی لە پـاڵ خـۆی، لای دەمانچەکەی دادەنا. کاروان پڕی دەدایە و هەڵیدەگرت. دەیگوت: «من پێموایە پارەی باش دەکات. بیدەن بە من دەزانم لە کوێ بیفرۆشم و بیکەم بە پارە.» گوڵاڵە لە دەستی دەفڕاند. «بیدات بە تۆ بیفرۆشی و پارەکەی بخۆیت؟! بۆ بیدات بە تۆ؟ دەیدا بە من شووتی و کاڵەکی پێ قاش دەکەم.» کاروان بە زۆر لێی دەسەندەوە. حەمەرەشید ئاغا سەرحاڵ بوایە پێیان پێدەکەنی. دەیگوت: «جارێکە خۆ من ماوم ئێوە لەسەر میراتەکەم شەڕ دەکەن. هێشتا نەمردووم میراتەکەم بەش و ریش دەکەن.» سەعادەت دەیگوت: «ئەگەر میرات بێت بە مەجید دەبڕێت کە کوڕی گەورەتە.»

سەعادەت ئەوەی دەگوت تا لەو دەرفەتی شۆخی و پێکەنینەدا مەجید وەبیر باوکی بهێنێتەوە. ئەوەی دەگوت بەڵکوو حەمەرەشید ئاغا هەواڵی مەجیدی لێ بپرسێت. حەمەرەشید ئاغا تێدەگەیشت. دەیگوت: «مەجید پێویستی بە میراتی من نییە ئافرەت. ئەو میراتی مارکس و لینینی بەسە.» هەموو ئەم قسانە ئەو رۆژانە دەکران کە حەمەرەشید ئاغا سەرحاڵ بوو، تاقەتی شۆخی و جەفەنگی بوو. ئەو خەنجەرە تا ماوەیەکی زۆر بووبووە کەرەسەی گاڵتە و شۆخی. دوای ئەو ماوە ئیتر هەڵاڵە ئەو خەنجەرەی بە پشتێنی باوکییەوە نەبینی. کەس نەیبینی. ئەو نەبینینەش سەرنجی کەسی رانەکێشا، تا بپرسێت ئەوە دیارییەکەی پێشینیانت چی لێکرد؟ کەس نەیپرسی و باسی نەکرد. تا ئەوەی کە هەڵاڵە و هەموو میراتگرەکانی تری حەمەرەشید ئاغا وڵاتیان بەرەو سوید بەجێهێشت و، پاش سێ ساڵێک شێرزادیش هات. ئەو رۆژە کە شێرزاد و هەڵاڵە خانووی هاوبەشیان گرت، ئەو رۆژە کە شێرزاد کەلوپەلی خانووەکەی پێشووی و هەگبەی شتە شەخسییەکانی لە خانووە تازە و هاوبەشەکەیاندا بڵاو کردەوە، هەڵاڵە دیسان چاوی بە خەنجەرەکە کەوتەوە. خەنجەرێکی دەم خواری دەسک کارەبای دیسان بێ کالان. گوتی: «ئەوە دیارییەکەی مێژوو نییە بۆ کوڕە خەباتکارەکەی؟!»

هەڵاڵە نەیدەزانی پاش ئەو هەموو ساڵە، چۆن ئەو قسە خۆشەی باوکی لە بیر

ماوە! گوتی: «ئەوە میراتەکەی پێشینیان لە لای تۆ چی دەکات؟»

بە پێکەنینەوە گوتی. شێرزاد کە دیار بوو ئاگای لەو چیرۆکە نەبوو، بە سەر سوورِمانەوە پرسی: «میراتی پێشینیان؟!»

ئەوسا گوتی: «ئەوە دیاری باوکتە. چەند ساڵ لەمەبەر پێشکەشی کردووم و، لەو دەمەوە تا ئێستا وەک گلێنەی چاوم پاراستوومە.»

لە رۆژنامەکەدا نووسرابوو: «بە پێی نەریتێکی رۆژهەڵاتی هەر باوکێک کە کچەکەی بە شوو بدات، لە رۆژی زەماوەندەکەیدا چەقۆیەک لە شێوەی ئەم چەقۆیە بە دیاری دەدا بە زاواکەی، تا هەر کاتێک کچەکەی بە پێچەوانەی داب ونەریت جووڵایەوە، بەو چەقۆیە بیکوژێت.»

سەعید چاویلکەکەی داکەند. بە بەردەست عارەقی نێوچاوان و چاڵایی ئەمبەراوبەری لووتی سڕی. چیرۆکی ئەو رۆژنامە هەموو هۆشی داگیر کردبوو. دڵنیا بوو لەوەی کە هەڵاڵە و تەنانەت شێرزادیش راستی ئەو خەنجەرەیان پێ گوتووە و هیچیان لێ نەشاردوەتەوە. بەو حاڵەش بیری کردەوە، بڵێی ئەم چیرۆکە چەندەی راست بێت؟

مەجید گوتی: «هیچ. هیچی راست نییە.»

گوتی: «خۆ تۆش کوردی، ئایا لە لای ئێوە نەریتی وا هەیە؟ ئایا هەرگیز شتی وات بیستووە؟»

نەبوو. نەیبیستبوو. لە هیچ کتێبێکیشدا نەیخوێندبووەوە.

مەجید گوتی: «هەمووی درۆ و هەڵبەستە.»

«کێ ئەو هەموو درۆیەی هەڵبەستووە؟»

«رەنگە شێرزاد.»

«بۆچی؟»

«بۆ ئەوەی پاکانە بۆخۆی بکات. بۆ ئەوەی تاوانی جەنایەتەکە لە خۆی دامالێت و، خۆی لە سزای جەنایەتەکەی بشارێتەوە.»

کڵۆڵ شێرزاد ... شێرزاد؟ کڵۆڵ هەڵاڵە کە بە مێشکی تێکقرماو و دڵی هەڵدڕاوەوە

لەسەر تەختی نەخۆشخانە کەوتووە. لە ژێر ئەو مەلافەو چەرچەفە سپی و سافەدا کە مرۆڤ بیری مردن دەهێنێتەوە، بیری مردوو، مردوویەک کە دەستی لە دنیا داشتووە. ئاگای لە هەموو کەس و هەموو شت بڕاوە. لە هەموو ئەو چیرۆکە راست و درۆیانە کە رۆژنامەکان دەینووسن. لە هەموو ئەو بەیاننامانە کە رادوێکان بڵاوی دەکەنەوە. لە هەموو دانیشتن و مێزگردی رادوێ و تەلەفزیۆنە لۆکاڵییەکان. لە بیروبۆچوونی جیاوازی راسیستەکان کە پێیانوایە پەنابەر هەڕەشەیەکە لە سەر کۆمەڵگەکەیان، سۆسیالیستەکان کە پێیانوایە پەنابەر نەک هەر هەڕەشە نییە، بەڵکوو فرسەتێکیشە کە زور شت بە وڵاتەکەیان دەبەخشێت، فێمێنیستەکان کە رەگی ملیان ئەستوور دەکەن و لە بزووتنەوەی ژنان دژ بە توند و تیژی پیاوانی پەنابەر دەدوێن. چەند شەو لەوە دوا یەکێک لە تەلەفزیۆنە لۆکاڵییەکان بە بیانووی ئەو کارەساتەوە بەرنامەیەکی راستەوخۆی لەسەر توند و تیژی دژ بە ژنانی پەنابەر بڵاوکردەوە. بەرنامەیەک بە بەشداری چوار پەنابەری کورد و ئێرانی. بەرنامەیەک بۆ لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی هۆکارەکانی ئەو کارەساتە و هەموو جەنایەت و کارەساتێکی لەوشێوە. ناسر وەک پیاوێکی میدیایی و هاوکاری هەلاڵە، یەکێک لە بەشدارانی ئەو مێزگردە بوو. جگە لە ئەو، سێ بەشدارەکەیتر ژن بوون. یەکیان سەرۆکی رێکخراوەیەکی ژنانی ئێرانی لە سوید. ژنێک کە پەیتا پەیتا فێمێنیست بوونی خۆی و رێکخراوەکەی وەبیر بینەران دەهێنایەوە. دووهەمیان مامۆستای زانکۆ و لێکۆڵەرەوە لە بابەتی توند و تیژی دژ بە ژنان و منداڵانی پەنابەر. سێهەمیشیان شاعیرێکی کوردی عێراقی بوو، کە دەیگوت پەیوەندییەکی زۆر نزیکی لەگەڵ هەلاڵە هەبووە. ئەویش فێمێنیست بوو. فێمێنیستێکی توند و تووڕە کە هەلاڵەی بە یەکێک لە چالاکترین تێکۆشەرانی بزووتنەوەی ژنانی کورد دەزانی. ئەو بە پێچەوانەی ناسر چیرۆکی خەنجەرەکەی بە بابەتێکی تەواو درۆ و هەڵبەست نەدەزانی. ئەو دەیگوت: «ئەوە کارێکی هەڵەیە کە ئێمە ناتەواوییە کەلتووریی و نەریتییەکانمان لە خۆمان و خەڵکیتر بشارینەوە. لە کوردستان و لە ناو هەموو نەتەوەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەیان رەسم و یاسا و داب و نەریتی لەمشێوە هەیە کە زۆر بە توندی هەڕەشە لە ژیانی ژنان دەکەن.»

دەیگوت: «من خۆم ئەو چیرۆکەم بەمشێوە نەبیستووە، بەڵام دڵنیام لە زۆر شوێنی وڵاتەکەم زۆر داب و نەریت هەیە کە لەوش ئاشکراتر کلیلی چارەنووس و تەنانەت ژیانی ژنان بە پیاوان دەسپێرێت.»

بەڕێوەبەری دانیشتنەکە دەپرسی پیاوان چ دەورێک دەبینن. چۆن لەگەڵ ئەو دەسەڵاتداریەتیەدا مەعامەلە دەکەن؟ دەپرسی ئایا هەموو پیاوان حازر بە وەرگرتنی ئەم کلیلداریەتیەن؟ تەنیا شاعیرە کوردەکە بوو کە دەیگوت، بەڵێ. تەنیا ئەو بوو کە بڕوای بە هاوخەباتی پیاوان لە بزووتنەوەی داکۆکی کردن لە مافی ژنان نەبوو. ئەو دەیگوت هیچ پیاوێک لاری لەم کلیلداریەتیە نییە، تەنانەت پیاوانی شۆڕشگێڕ و ڕۆشنبیریش. هەر پیاوێک بە شێوەیەک ئەم دەسەڵاتە دژ بە ژنەی دەخاتە گەڕ. یەکێکی وەک شێرزاد بە کوشتن و سڕینەوە. یەکێکی وەک باوکی هەڵاڵە و تەنانەت براکانیشی بە دنەدانی شێرزاد، یان بە داوای ملدانی هەڵاڵە بە توند و تیژی مێردەکەی. دەیگوت ئەوەی کە هەڵاڵەی ناچار کردووە شوو بە شێرزاد بکات باوکی بووە، بەڵام ئەوەی کە لەم وڵاتە ئازادەشدا دنەی داوە توندوتیژی مێردەکەی تەحەمول بکات، بێگومان براکانی بوون. مام و براکانی. دەیگوت هەروەها مامۆستاکەشی، ئەو دۆکتۆر سەعیدەش. بێگومان ئەویش تاوانبارە. ئەویش دەوری لەم توندوتیژییەدا هەبووە. ئەویش یەکێک بووە لەو کەسانە کە بە قەدەر دەوری خۆی لەم چیرۆکە، ڕەنگی بۆ ئەم چارەنووسە ڕەش و تاڵەی هەڵاڵە ڕشتووە. ئەویش...

«کێ؟»

«سەعید. سەعیدی ڕەحمانی.»

«من؟»

«ئەرێ تۆ.»

## ٩

من تاوانم چییە هەلالە؟ من، سەعیدی ڕەحمانی، نووسەری ئەم چیرۆکە، چۆن یارمەتی ڕوودانی ئەو کارەساتەم داوە؟ ئەم قەدەر و چارەنووسە ڕەش و تاڵەی تۆ چەندەو تا کوێ بە هۆی منەوەیە؟ من چ دەورێکم لەم چیرۆکەدا هەیە کە چیرۆکی گرەوی بەختی تۆیە؟ ئەمانە ئەو پرسیارە پڕ ئێش و ئازارانەن کە بۆ ساتێک وازم لێ ناهێنن هەلالە. ئەو پرسیارە ترسناکانەن کە وەک خۆرە کەوتوونەتە گیانم و ڕۆحم دەجوون، هەست و هزرم دەجوون. ئەو پرسیارانەن کە هیچ وەڵامێکی دڵنیاکەرم بۆیان نییە. هیچ پاساوێک ئاسوودەییم پێ نابەخشێت. هیچ لەزەتێکی گێڕانەوە و تەنانەت پاش گێڕانەوەش لە بیرم ناباتەوە. نازانم ئەم پرسیارانە چۆن و بۆچی لە مێشکمدا سەریان هەڵداوە، لە کەیەوە و لە کوێ بەرۆکی زەینیان گرتووم. دڵنیام لەو شەوەوە نەبووە کە بەرامبەر تەلەفزیۆنەکە دانیشتووم و چاوم لەو بەرنامە تایبەتە کردووە کە بە بۆنەی جەنایەتەکەی شێرزادەوە داندراوە. بێگومان لەو شەوەوە نەبووە کە گوێم لە قسە و بۆچوونی جیاوازی بەشداریکەرانی ئەو دانیشتن و مێزگردە تەلەفزیۆنییە گرتووە. لەو ساتەوە نەبووە کە ئەو شاعیرە فێمێنیستە کوردە کە دەڵێت هاوڕێ و هاوکاری نزیکی تۆ بووە، تاوانی بەشداری کردنی ئەو کارەسات و جەنایەتەی داوەتە پاڵم. دڵنیام ئەو پرسیارانە بەر لەو شەوە، زۆر بەر لەو شەوە لەمێشکمدا گووراون. ڕەنگە لەو ساتەوە کە بۆ یەکەمجار لە گەڵ تۆ ڕووبەڕوو

بوومەتەوە هەڵاڵە، لەو ساتەوە کە بۆ یەکەمجار بڕیاری گێڕانەوە و نووسینی چیرۆکی گرەوی بەختی تۆم داوە. لەو یەکەم وشەوە کەبە زەینمدا هاتووە و، لە زار و زمانی قەڵەمەکەمەوە هاتۆتە سەر کاغەز. بێگومانم لەوەی کە نوتفەی ئەو کارەساتە دڵتەزێنە لە هەناوی ئەو یەکەم وشە و یەکەم ڕستەوە گووراوە، لە دڵی ئەو حوکمە قەدەرییەوە کە دەڵێت ئەوە چارەنووسی تۆیە هەڵاڵە ... ئەوە چارەنووسی تۆیە کە خەنجەرێک شارەو شار و شاخە و شاخ و وڵاتە و وڵات شوێنت بکەوێ تا لێرە لە ستۆکهۆلم، لە گەڕەکی فلەمینسبێرگ، نهۆمی چوارەمی باڵەخانەی ژمارە هەژدە ...

هەڵاڵە لە نهۆمی چوارەمی باڵەخانەی ژمارە هەژدە، خانووی ژمارە سێدا بوو، منیش لە خانووی ژمارە چوار. بەڵام ئەو ڕۆژە و لەوکاتەدا کە شێرزاد پاش زیاتر لە چوار مانگ بە پلیکانەی باڵەخانەکەدا هەڵگەڕابوو، من لە ماڵ نەبووم. نە من و نە فەرزانەی کچم، هیچمان لە ماڵ نەبووین. بەیانی سەعات هەشت لە خەو هەستابووین و لەماڵ چووبووینە دەر. بەرلەوەی بڕۆین وەک زۆر بەیانییانیتر زەنگی دەرکەی ماڵی هەڵاڵەمان لێدا. جارێک و دوو جار و... هەڵاڵە درەنگ دەرکەی لێکردینەوە. بەچاوی خەواڵوو قژی پەرێشانیەوە، هێشتا دوو مست ئاوی بەروومەتیدا نەکردبوو کە لەو دیو دەرکەوە پەلی درێژ کرد و، بە میهرەبانییەوە دەستی بە قژ و لارووومەتی فەرزانەدا هێنا.

گوتی: «ببوورن درەنگ دەرکەم کردەوە. خەریک بووم ئارەزوم ئامادە دەکرد کە بیبەم بۆ باخچەی ساوایان.»

خەواڵوو بوو. دیار بوو بە ناچاری لە ناو جێگەکەی هاتۆتە دەر.

گوتی: «دوێشەو درەنگ خەوتم. سەعاتێک، ڕەنگە دوو سەعاتیش پاش ڕۆشتنی تۆ و...»

گوتی: «کە ئارەزووم برد، خۆم دەگەڕێمەوەو دیسان دەخەومەوە.»

گوتم: «ئەگەر کاری دەرەوەت نییە و تەنیا لەبەر ئارەزوو دەچی، هەر ئێستا بڕۆ بخەوەرەوە. من ئارەزوو دەبەم.»

پێی خۆش بوو. زەردەخەنەیەکی بەڕوودا پژاندم.

زەردەخەنەکەیـــم بە زەردەخەنە وەڵام دایەوە و میهرەبـــانیەکەیم بە میهرەبـــانی، ئەوەندەی کە دەمزانی.

گوتی: «عەزییەت نییە؟»

پێکەنیم. یەعنی ئەو قسە چییە کە دەیکەیت! یەعنی من ئەوە بە ئەرکی خۆم دەزانم.

گوتی: «مادام وایە منیش تا نیوەڕۆ دەخەومەوە و دوانیوەڕۆ بە هەندێک کار و بار و حسێب و کتێبمدا رادەگەم.»

گوتم: «منیش عەسر زوو دیمەوە. زووتر لە فەرزانەش.»

فەرزانە دوای تەواو بوونی قوتابخانە دەچوو بۆ کەلاسی مۆسیقا. ماوەیەک بوو سێشەممان لە سەعات سێوە دەچوو بۆ لای مامۆستایەکی ئێرانی و لەگەڵ چەند کەسێکیتری هاوتەمەنی فێری گیتار ژەنین دەبوو. جاران خۆی بە تەنیا دەگەڕایەوە بۆماڵ، بەڵام لەوەتی هاتبووینە فلەمینسبێرگ، سەعات پێنج خۆم دەچووم بە شوێنیدا. گوتم: «عەسر کە هاتمەوە پێکەوە دەچین بە شوێن ئارەزوو و فەرزانەدا و، پێشتان خۆش بێت لە دەرەوە نانی ئێوارە دەخۆین.»

ئەوسا ئارەزووی هێنا و خودا حافیزیمان لێکرد. لە بەر دەرکەی ئاسانسۆڕەکە بووین کە ئاوڕم لێدایەوە. ئەو هێشتا لە ناو دەرکەی ماڵەکەیدا بوو، سەری و لایەک لە شانی رووتی لە دەرکەوە هێنابووە دەر و سەیری رۆشتنمانی دەکرد. جارێکی تریش دەستم لێ ڕاتەکاندەوە و گوتم: «دووبارە خودا حافیز.»

ئەوسا منداڵەکانم پێش خۆمدا و چووینە ناو ئاسانسۆڕەکە.

عەسر کاتێک کە گەڕامەوە ئاسانسۆڕەکە بە پێچەوانەی بەیانی لە کار کەوتبوو، ناچار بە پلیکانەکاندا هەڵگەڕام . ژن و پیاوێکی پیر لە پێش منەوە هەڵدەگەڕان. پیاوەکە بە گۆچان دەڕۆشت و ژنەکەش سەگێکی بچووکی کوڵکنی جوانی بەدوای خۆیدا رادەکێشا، سەگێکی پیر. ژنەکە گوتی: «پیاوکوژەکەش بەم پلیکانانەدا هەڵگەڕا...»

لەسەر پلیکانەکانی نهۆمی یەکەم بووین.

«پیاوێکی سی، سی و پێنج ساڵە بوو. سەر رەشێکی رۆژهەڵاتی...»

من داچڵەکیم. جەنایەتکارێکی سەر رەشی رۆژهەڵاتی؟! ئەگەر تا ئەوساتە لە دەرفەتێک دەگەڕام بە کەناریاندا ڕەت ببم و پێشیان بکەومەوە، لەو ساتەوە هەنگاوم شل کرد و سێ پلیکانە لە دوایانەوە، بێ چرپە گوێم قوڵاغی قسەکانیان کرد.

ژنەکە گوتی: «تا گەیشتە ئەم شوێنەش نەمبینیبوو. من لە پلیکانەی نهۆمەکانی سەروو تەنیا گوێم لە تەپە و خشپەی پێی بوو. ئارام و بە کاوەخۆ هەنگاوی هەڵدێنا و...»

ئێستا ئیتر لەسەر پلیکانەکانی نهۆمی دووهەم بووین.

گوتی: «لە ڕاڕەوی نهۆمی سێهەم بوو کە بینیم. پێموابوو پێشتریش دیومە. پێموابوو یەکێک لە دانیشتوانی ئەم باڵەخانەیە. هیچی لە جەنایەتکار نەدەچوو. نە چاوی سوور بوو، نە هەوڵ و هەراسان بوو، نە چەقۆ و شتی وای بە دەستەوە بوو. نا، هیچی بە دەستەوە نەبوو.»

گەیشتبووینە پلیکانەکانی نهۆمی چوارەم. ئەوان دوو سێ پلیکانەیان مابوو بگەنە تەختاوکەکە و منیش دوو سێ پلیکانەم مابوو بیانگەمێ.

ژنەکە گوتی: «ئا لەوێ... ئا لەوێ یەکترمان بینی و بە لای یەکتردا تێپەڕین. من بەرەو خوار و، ئاگام لێبوو ئەویش بە ڕاڕەوەکەدا رۆیشت و لەبەر دەرکەی یەکێک لە ماڵەکان، حەتمەن ماڵی ژمارە سێ، راوەستا. ئاگام لێبوو دەستی بۆ زەنگی دەرکەی ماڵەکە برد و تەنانەت دەنگی زەنگەکەشم بیست. هۆ لەوێ... لەبەر دەرکەی ئەو ماڵەدا...»

ئەوان پێیان نایە سەر یەکەم پلیکانەی نهۆمی پێنجەم و من نیگای تۆقیوم تا بەر دەرکەی ماڵی هەڵاڵە شوێن ئیشارەتی پەنجەی پیرێژنەکە خست. تا ئەو جێگە کە دواتر زانیم سێ چوار سەعات لەوەبەر شێرزاد لێی راوەستاوە و پەنجەی بۆ زەنگی دەرکەکە بردووە. جارێک و دوان و ...

نازانم چەند جار زەنگی لێداوە تا هەڵاڵە دەرکەی لێ کردوەتەوە. نازانم هەڵاڵە کاتێک دەرکەی کردوەتەوە و شێرزادی لەبەر دەرکە بینیوە چی کردووە. من زۆر شت

لەو رۆژەو لەو کارەساتە نازانم. هەروا کە زۆر شت لەو قەدەر و چارەنووسە نازانم کە هەڵاڵەی لە کوردستانەوە گەیاندوەتە ستۆکهۆڵم، بۆ سەر تەختی ئەو نەخۆشخانەیە. هەروا کە زۆر شت لە واقیعی ژیانی و ئەو رووداو و کارەساتانە نازانم کە لەم چیرۆکەدا گێڕاومنەتەوە. هەروا کە زۆر کەس لەو کەسانە ناناسم کە بەشێک بوون لە ژیان و رابوردووی و، بەشێکن لە کەسایەتییەکانی ئەم چیرۆکە. من زۆر شت لە واقیعی ئەم چیرۆکە نازانم، لە راستی ئەو قەدەر و چارەنووسە کە قەدەر و چارەنووسی هەڵاڵەیە. ئەوەی کە من لە واقیعی ژیان و رابوردووی هەڵاڵە دەیزانم، ئەوەی من لە پەیوەندی لەگەڵ رووداو و کارەساتەکانی ئەم سەربوردەیە بینیومە، ئەوەی کە لەبارەی باوک و دایک و کەس و کار و دۆست و برادەرەکانییەوە بیستوومە، گەلێک کەمتر لەوەیە کە لەم کتێبەدا گێڕاومەتەوەو نووسیومە. زۆر کەمتر لەوەیە کە لە چوارچێوەی ئەم چیرۆکەدا دەیگێڕمەوەو دەینووسم. کەواتە ئەگەر ئەم چیرۆکە چیرۆکی ژیانی هەڵاڵە بێت، ئەگەر ئەم گێڕانەوەیە گێڕانەوەی قەدەر و چارەنووسی ئەو باڵندە کۆچەر و غەریبە بێت، ئەو شاعیرە کوردە فێمێنیستە راست دەکات کە دەڵێ منیش تاوانبارم. راست دەکات کە دەڵێ منیش دەستێکم لەو دەستانە کە یارمەتی روودانی ئەو کارەساتەیان داوە. منیش هێزێکم لەو هێزانە کە رەنگیان بۆ ئەو قەدەر و چارەنووسە تاڵە رشتووە.

من ـ نەوەک دوکتۆر سەعیدی رەحمانی، مامۆستای زانکۆ، دۆست و هاوڕێی هەڵاڵە، پیاوێک کە شێرزاد پێیوابوو ژیانی شێواندووە و حاشای بە ژنەکەی کردووە — بەڵکوو وەک بێژەر و نووسەری ئەم چیرۆکە دەوری سەرەکیم لە هەموو رووداو و کارەساتەکاندا هەبووە و هەیە. تەنانەت لە رووداو و کارەساتەکەی ئەو رۆژەش. من لە بەرامبەر هەموو رووداو و کارەساتەکاندا بەرپرسم. بە تایبەت لە بەرامبەر جەنایەتەکەی ئەو رۆژەی شێرزاد. ئەو رۆژە کە شێرزاد بە کراسێکی مۆری رێ رێ و، شەڵوارێکی جینەوە لە بەر دەرکەی ماڵی هەڵاڵە دەستی بۆ زەنگەکە درێژ کرد و یەک... دوو... سێ جار...

ئەرێ، رێک پاش سێ جار زەنگ لێدان بوو کە هەڵاڵە دەرکەی کردەوە. بە

تیشێرتێکی شین و بەرۆکی داچەقاو و شەڵوارێکی کەتانی ناو ماڵەوە دەرکەی کردەوە. چەندە لە هەڵاڵەی جاران دەچوو. لە هەڵاڵەی ئەو دەمانە کە تازە ئارەزووی ببوو. ئەو ڕۆژانەش هەر ئاوا تیشێرتێکی لەبەر دەکرد کە بەرۆکەکەی داچەقابوو، زیاتر لە نیوەی سنگ و مەمکی بەدەرەوە بوو. تەنانەت ئەو کاتانەش کە میوانیان بۆ دەچوو، تیشێرتێکی وەهای لەبەردابوو. من نەمدیبوو بەڵام دڵنیام کە دەبێ تیشێرتێکی وەهای لەبەردا بووبێت. دەبێ شێرزاد گوتبێتی: «لانیکەم لەبەر چاوی میوانەکاندا کراس یان تیشێرتێک لەبەر بکە کە بەرۆکەکەی تۆزێک هەڵکشاوتر بێت.» گوتبێتی: «ئاوا هەموو سنگ و مەمکت بەدەرەوەیە.» هەڵاڵە پێکەنیوە کاتێک شێرزاد ئەوەی گوتووە.

«شێرە گیان من شیری منداڵ دەدەم، دەبێ ڕۆژی سەد جار مەمکم دەربێنم و بیخەمە زاری ئەم منداڵەوە.»

«دەی کاتێک میوانی لێیە بچۆ لەودیو شیری بدەرێ.»

هەڵاڵە ئیتر پێنەکەنیوە. گرژ بووە. گوتوویەتی: «کامە میوان؟ مەگەر جگە لە کەس و کارەکەی خۆم کەسیتر دێت بۆ ئێرە؟ جگە لە مەجید و کاروان و...»

«شەهاب و فەرهاد و...»

هەڵاڵە تووڕە بووە، بە تووڕەییەوە دەنگی بەرز کردوەتەوە.

«شێرزاد!»

ئەو ڕۆژەش گوتی: «شێرزاد!»

بە تووڕەییەوە نا، بە ترسەوە، بە عەجایبایەتی و سەرسووڕمانەوە گوتی.

شێرزاد گوتی: «سەلام هەڵاڵە. چۆنی؟»

مەند و ئارام بوو، کەمێکیش شەرمن و بە حوجب و حەیا. وەک ئەو ئاخر جارە کە چووبوو بۆ ماڵی مامە فەتاح، بۆ بینینی ئارەزوو. ئەو ئاخر جارە هەڵاڵە لە ماڵ بوو. بەر لەوەی شێرزاد بچێت، هەڵاڵە بە مامە فەتاحی گوتبوو: «من لە شوێنێک کارم هەیە، دەڕۆم سەعتێک یان دوو سەعاتیتر دەگەڕێمەوە.»

هەموو جارێک ئەوەی دەگوت. دەیگوت: «مامە تکات لێدەکەم ئەگەر شێرزاد

هات نەهێڵێ ئارەزوو لەگەڵ خۆی بباتە دەر. ئەگەریش ویستی بیبات، لاتیکەم فەرهادی لەگەڵ بنێرە.» مامە فەتاح گوتبووی: «تۆ هیچ کارێکت نییە و پێویستیش ناکات بڕۆی دوو سەعاتیتر بگەڕێیتەوە.» گوتبووی: «ڕۆڵە ئەم قەراقەرا و چاوشارکێیەی پێ ناوێت. ئەو کابرایە باوکی کچەکەتە و لە ئێستاوە تا ساڵەها لەمەدواش دێت و کچەکەی دەبینێت و، تەنانەت لەگەڵ خۆشی دەیباتە دەر. ئایا تۆ دەتوانی لە ئێستاوە تا ئارەزوو گەورە دەبێت خۆی لێ بشاریتەوە؟» هەڵاڵە گوتبووی: «دەڕۆم. حەز ناکەم بیبینم.»

مامە فەتاح سوێندی لێ خواردبوو.

«ساوەڵا دەبێ دانیشی و بیبینی.»

ئەو ڕۆژەش شێرزاد کە چووبوو، گوتبووی: «سەلام هەڵاڵە.»

«سەلام.»

«چۆنی؟»

«باشم سپاس.»

لە دوای جیا بوونەوەیانەوە ئەوە یەکەمجار بوو کە هەڵاڵە ڕووبەڕووی شێرزاد دەبووەوە. یەکەمجار بوو کە دەیبینی. شێرزاد بزەیەکی تاڵی لەسەر لێو بوو. چاوی، دەتگوت بە بینینی چاوەڕوان نەکراوی هەڵاڵە گەشابووەوە. هەڵاڵە لە ڕوانینێکی تیژتێپەڕدا شێرزادی شپرزە و شپرێو بینی. نەوەک بە سەر و سیما و جلوبەرگیدا، کە وەک هەمیشە ئاسایی بوو، تەنانەت ڕێک و پێکتر لە هەمیشە، سەر و سمێڵی داهێنابوو، کۆت و شەڵوارێکی دوو ڕەنگی ئوتوکراوی لەبەر کردبوو. هەڵاڵە شێرزادی لە دەروونەوە شپرزە و شپرێو دەیبینی. ڕۆحی شپرزە و شپرێو بوو. ڕۆحێکی قورس و ماندوو، وەڕس و بێتاقەت. مامە فەتاح و نەسرین خانمی خێزانی بە پێچەوانەی هەڵاڵە بەگەرمی بەخێرهاتنیان لێکرد. مامە فەتاح دەستی گرت و بە میهرەبانییەوە لە پەنای خۆیدا داینیشاند. نەسرین خانمیش دوای ئەوەی کە کتریە بەرقییەکەی پڕ کرد لە ئاو و هەڵیکرد، چوو بۆ یەکێک لە ژوورەکان. ژوورێک کە گوتی ئارەزوو لێی خەوتووە. ئارەزوو بەڵام نەخەوتبوو. زۆری نەخایاند کە ئارەزوو لە ژوورەکە هاتەدەر. لە

کاتێکدا دەستێک جلوبەرگی جوانی لەبەردا بوو، بە شەرم و رەنگە بە ترسەوە لە پاڵ دایکیدا راوەستا. دایکی بەرامبەر بە شێرزاد دانیشتبوو. شێرزاد بە زەردەخەنەیەکەوە کە هەموو رووەمەتی گرتبووەوە، لە ئارەزوو ورد بووەوە و هەر دوو دەستی بەرەو کچەکەی درێژ کرد.

«ماشەڵا، ماشەڵا چۆن گەورە بووە! وەرە بۆ لای بابە، کچە جوانەکەم.»

ئارەزوو بە سیلەی چاو سەیری دایکی کرد. هەڵاڵە کە دەستی لەسەر شانی بوو، بە ئارامی پاڵی پێوەنا. شێرزاد لە مۆبلەکە هەڵکەندرا، هەنگاوێک لێی چووە پێش و بەگەرمی لە باوەشی گرت.

«ئەی دایک و باوکم بە قوربانی سەعاتێکت بێت.»

ئەوسا بە خۆیەوە نووساند. ئارەزوو هیچی نەکرد و هیچی نەگوت. شێرزاد بەرزی کردەوە. لە کاتێکدا چاوی لە چاو و رووەمەتی نەدەتروکاند، پاشەوپاش گەڕایەوە بۆ سەر مۆبلەکەو لەسەر کۆشی خۆی داینا. کە لەسەر کۆشیشی بوو بە خۆیەوە دەنووساند و پەیتا پەیتا ماچی دەکرد و دەیلستەوە.

مامە فەتاح گوتی: «دەمێکەیە نەتبینیوە. دوو مانگ دەبێت، رەنگە زیاتریش!»

شێرزاد گوتی: «لێرە نەبووم.»

نەیگوت لە کوێ بووە، کەسیش لێی نەپرسی.

مامە فەتاح گوتی: «دەزانم زۆر تاسەت کردووە. ئەگەر حەز بکەیت دەتوانی لەگەڵ خۆت بیبەیتە دەر.»

هەڵاڵە ترسا بەڵام سەرخۆی نەهێنا. نەسرین خانم سەوتەیەکی بچووک میوە و چەند دەوری و کاردی هێنا و لەسەر مێزەکە داینا.

«فەرمووو کاکە شێرزاد. فەرمووو.»

شێرزاد سپاسی کرد. سپاسی مامە فەتاحیش کە ئیجازەی دابوو کچەکەی لەگەڵ خۆی بباتە دەر. سەیرێکی هەڵاڵەشی کرد کە تا ئەو کاتە بێدەنگ دانیشتبوو، هیچی نەدەگوت.

شێرزاد گوتی: «بۆ کوێی ببەم مامە گیان. ئەگەر ئیجازە بدەن سەعاتێک لێرە لە

خزمەتی ئێوەدا دەبینم و، ئەوسا زەحمەت کەم دەکەم و دەڕۆم.»

هەڵاڵە لە خۆشیان ئاهێکی هاتێ. شێرزاد ڕەنگە تێگەیشت، گوتی: «ئەم ماوە کە من لێرە نەبووم و نەمتوانیوە ببینم تاسەی منی کردووە؟ ناوی بردووم؟»

لە هەڵاڵەی پرسی. هەڵاڵە نەیزانی چی بڵێت. شێرزاد ماتڵی وەڵام نەبوو. دیسان بە خۆیەوە نووساند و ماچی کرد.

«سەگباب. پێموانییە هەر منیشی لەبیر بووبێت.»

بە پێکەنینەوە گوتی. پێکەنینێکی ئاشکرا و گریانێکی شاراوە.

نەسرین خانم تێگەیشت. گوتی: «چۆن وا دەڵێی کاک شێرزاد؟! ڕاستە منداڵ حەز دەکا زیاتر لە لای دایکی بێت و دڵی بە دایکی دەکرێتەوە، بەڵام هەرگیز باوکیشی لە بیر ناکات. هەمیشە دڵی لە لای ئەویشە.»

شێرزاد خۆشحاڵ بوو. بە خۆشحاڵییەوە بۆنی بە سەر و قژی ئارەزووەوە کرد. ئارەزوو هەروا بێدەنگ بوو. لە ژێرەوە سەیری دایکی دەکرد. پێدەچوو حەز بکات بزانێت دانیشتنی لە کۆشی باوکیدا کارێکی چاکە یان خراپ. پێدەچوو حەز بکات دڵنیا بێت.

شێرزادیش سەیری هەڵاڵەی کرد. گوتی: «ئەم ماوە کە من لێرە نەبووم کچی باش بووە، یان نا؟ تۆی عەزیەت کردووە یان نا؟»

هەڵاڵە گوتی: «ئەو هەمیشە کچی باش و ئاقڵە. ئەو قەت دایکی خۆی عەزیەت ناکات.»

«ئافەرەم . ئافەرەم.»

ئەوسا گوتی: «ئێوە ئێستاش هەر لە فلەمینسبێرگ دەژین؟ ئێستاش لە خانووەکەی جاراندان؟»

شێرزاد تا ئەو ڕۆژە هیچی دەربارەی من و ماڵ گوێزانەوەکەم بۆ فلەمینسبێرگ نەبیستبوو. نەیدەزانی کە ماوەیەکە منیش بووم بە دراوسێیان. ئەگەر بیزانیایە...

هەڵاڵە دەیگوت: «سەعید، تۆ دەڵێی ئەگەر شێرزاد بزانێت بوویت بە دراوسێمان چی دەکات!؟»

«چی دەکات!؟»

گوتم: «تۆ ئێستا ژنێکی تەڵاقدراو و سەربەستی. شێرزاد زۆریش شێت بێت لەم راستییە تێدەگات.»

هەلاّلە هیچی نەگوت. چاوی بە هۆڵەکەدا گێڕا. وەک هەموو ئەو ماوە چاو و نیگای پڕ لە ترس و وەحشەت بوو. زانیم چاو بۆ ئارەزوو دەگێڕێت.

گوتم: «فەرزانە بردوویەتی بۆ ماڵی ئێمە.»

گوتم؟ پێویست نەبوو بیڵێم. شەوان کە لە دەوری یەک کۆ دەبووینەوە. دوای ئەوەی من و هەلاّلە دەکەوتینە قسەکردن، فەرزانە دەستی ئارەزووی دەگرت و دەیبرد بۆ ماڵی ئێمە. هەلاّلە دەیگوت: «بۆ لێرە دانانیشن رۆڵە؟ بۆ ناچن بۆ ژوورەکەی ئارەزوو؟»

فەرزانە سەیری من و پاشان سەیری هەلاّلەی دەکرد. وەک ئەوەی بڵێت واچاکە ئێوە دوو بە دوو پێکەوە بن. واچاکە ئێوە قسەی خۆتان بکەن. پێدەچوو بڵێت ئێوە زۆر قسەتان پێیە کە دەبێ بە یەکتری بڵێن. بەڵام نەیدەگوت. دەیگوت: «ئارەزوو بێتاقەتە. دەیبەم لەولا فێری رەسم کێشانەوەی دەکەم... دەیبەم کەمێک گیتاری بۆ دەژەنم.»

کاتێک ئێمە کۆتاییمان بە قسە و دانیشتنەکەمان دەهێنا کە ئەوان دەمێکە بوو خەویان لێکەوتبوو. هەر دووکیان لەسەر تەختەکەی فەرزانە، یان جاروبار لەسەر تەختەکەی ئارەزوو، باوەشیان بە یەکتردا دەکرد و لەباوەشی یەکتردا خەویان لێدەکەوت، وەک دوو خوشک، یەکیان دە ساڵ گەورەتر لە ئەویتریان.

دە ساڵ!

هەلاّلە دەیگوت: «من پێموانییە هیچ دوو خوشکێک ئاوا پێکەوە بگونجێن. بە تایبەت ئەگەر نێوانی تەمەنیان ئەوەندە لێک دوور بێت.» دەیگوت: «من پێموایە هەستی فەرزانە بەرامبەر بە ئارەزوو زیاتر لەوەی کە خوشکانە بێت، دایکانەیە.»

پرسیم: «ئەی هەستی تۆ بەرامبەر بە فەرزانە؟»

چەند رۆژ بەر لە کارەساتەکە ئەوەم لێ پرسی. عەسرێک کە پێکەوە چووبووینە

دەر.

ئێمە زۆر بەکەمی پێکەوە دەچووینە دەر. هەڵاڵە نەدەهات، دەترسا، دەیگوت: «دەترسم شێرزاد پێکەوە بمانبینێت.» ئەو ڕۆژەش گوتی: «دەترسم شێرزاد...»

نەمهێشت قسەکەی تەواو بکات، گوتم : «هەستە خۆت و ئارەزوو بپێچەرەوە، با بڕۆین.»

دەمویست بە پێ بڕۆینە دەر، گەشتێک بە ناو گەڕەکەکەدا بدەین و بچین لە سەنترۆمەکە هەندێک کەل و پەل بکڕین. هەڵاڵە گوتی: «بە پێ نا، بە ئوتومبێل.» بەقسەم کرد. نیو سەعاتێک بە ئوتومبێل بە ناو گەڕەکەکەدا سووڕاینەوە. ئەوسا چووین هەندێک کەلوپەلمان کڕی و، لەبری ئەوەی بگەڕێینەوە بۆ ماڵ چووین بۆ قەراغ

دەریا. هەڵاڵە گوتی: «بەم سەرمایە بۆچی ئێمەت هێناوە بۆ ئەم گوێ ئاوە.»

گوتم: «ئەگەر سەرماتانە ناچینە دەر. هەروا لە ناو ئوتومبێلەکە دادەنیشین و سەیری ئاوەکە دەکەین.»

فەرزانە و ئارەزوو لە ناو ئوتومبێلەکە خۆیان پێ نەگیرا. کڵاوی پاڵتۆکانیان لەسەر کرد، دەستکێشەکانیان لە دەست کرد و چوونەدەر. من و هەڵاڵەش دوای کەمێک لە ئوتومبێلەکە دابەزین. لە کاتێکدا دەستمان ئاخنیبووە گیرفانی پاڵتۆکانمان ورد و هێور بە قەراغ ئاوەکەدا دەسووڕاینەوە. هەوای ئەو قەراغ دەریایە ئەوەندەی کە پێمانوابوو سارد نەبوو. یان ئێمە زۆر سەرمامان نەبوو. بەوحاڵەش هەر کە چاومان بە چەند چڵ داری نیوە سووتاو لە پاڵ ئاگرباجێکی چیمەنتۆیی کەوت، سەیرێکی یەکترمان کردو دوای بڕیارێکی ئان و ساتی ئاگرێکی خۆشمان کردەوە. فەرزانە و ئارەزوو ئەوەندە لە لای ئێمە و ئاگرەکە مانەوە تا چیپس و شوکلاتەکانیان خوارد، ئەوسا دیسان گەڕانەوە بۆ قەراغ ئاوەکە، بۆ یاری کردن. فەرزانە بە گوێ ئاوەکەدا هەڵدەهات و ئارەزووش بە شوێنیدا. بای دەریاکە دەنگی حیلکە حیلک و قاقای پێکەنینەکەیانی دەگەیاندە ئێمە. هەڵاڵە بەحەز و زەردەخەنەوە سەیری دەکردن. گوتی: «ئەگەر فەرزانە نەبوایە نازانم ئەم ماوە ئارەزوو چی بەسەر دەهات.»

گوتی: «خۆشەویستی فەرزانە نەبوایە، ئارەزوو لەم ماوەدا تووشی هەزار نەخۆشی دەبوو.»

گوتی: «سەیرکە، سەیرکە ئەو کچە چەندە فەرزانەی خۆش دەوێت.»

گوتم : «ئەی تۆ ؟ تۆش فەرزانەت خۆش دەوێت؟»

لەو دیو بلێسەی ئاگرەکەوە چاوی لە چاوم بڕی و، ماوەیەک بێدەنگ لێم راما. پێدەچوو بڵێ، جا ئەوە پرسیارە تۆ دەیکەی؟ یەعنی تۆ نازانی من فەرزانەم وەک کێ خۆش دەوێ؟

گوتم: «وەک کێ؟»

دەمێکە بوو لە دەرفەتێک دەگەڕام کە هەندێک قسەی لەگەڵ بکەم. هەندێک قسەی تایبەت، جیاواز لەوەی کە هەمیشە دەمانکرد. هەندێک قسە لەربارەی خۆمان، لەربارەی جۆری پەیوەندییەکەمان. پەیوەندی ئێمە لە سەرەتاوە پەیوەندییەکی دۆستانەو هاورێیانە بوو، پەیوەندییەک کە هەمیشە حەزم دەکرد لە مابەینی هەموو مامۆستاو قوتابیەکدا ببێت و، من بە درێژایی تەمەنی مامۆستایەتیم نەمتوانییوو پەیوەندییەکی ئەوەندە نزیک و سەمیمی لەگەڵ هیچ کام لە قوتابیەکانمدا ساز بکەم. هەڵاڵە بۆ من لە سەرەتاوە قوتابیەکی شاز بوو، قوتابیەک کە توانیبووی لە کەمترین ماوەدا سەرنجی من بۆ لای خۆی رابکێشێت. نەک لەبەر ئەوە کە هاووڵاتی و هاوزمانم بوو، بەر لە ئەویش گەلێک قوتابی هاووڵاتی و تەنانەت چەند قوتابی هاوزمانیشم بوو. جگە لەوەش زمانە کوردییەکەی من و هەڵاڵە ئەوەندە لێک جیاواز بوو کە سەرەتا ناچار بووین زیاتر بە زمانێکی جگە لە کوردی قسەبکەین. بە زمانی فارسی، یان سویدی، جاروباریش بە ئینگلیسی. بە هەر چوار زمانەکە پێکەوە قسەمان دەکرد و خۆشمان لەو شێوە قسە کردنە سەرمان سووڕ دەما و، هەندێک جاریش پێدەکەنین. سەرەتا زیاتر لە ئەدەب و سیاسەت و ئەو رووداوانە دەدواین کە بە رۆژانە روویان دەدا. هەڵاڵە کاتێک قسەی دەکردو دەدوا، دەست و پەنجەو سەر و گەردنیشی دەجووڵاند. هەستم دەکرد بەو شێوە دەیەوێ ئازایەتی و بێپەروایی خۆی لە قسەکردن و دەربڕینی بیر و بۆچوونەکانی بنوێنێت. من لە پشت

ئەو ئازایەتی و بێپەروایییەوە، لە پشت جووڵەی ڕەحەتی دەست و پەنجە و لەش و لاریەوە شتێکی تریشم دەبینی. شتێک کە ئەو وشیارانە یان ناوشیارانە هەوڵی شاردنەوەی دەدا. شتێکی وەک گومان و دوودڵی، وەک شەرم و ترس. شەرم و ترسێک لە قووڵایی گیانیدا بوو کە من زۆرجار لە جووڵەی دەست و لەش و لاریدا، لەچاو و نیگایدا دەمبینی. لەو کاتانەدا چاو و نیگای لە چاو و نیگای مامزێکی ساوای سڵۆک دەچوو. خۆشی مامزێکی سڵۆک بوو. دەمویست پێی بڵێم و پێم نەدەگوت. باسم نەدەکرد. باس کردنی ئەو شتانە بە هەموو جۆر و شێوازێک، کەسەکان زیاتر لە یەک نزیک دەخاتەوە. من لەو نزیکییە و لەو بەرپرسایەتییە ئەخلاقییە کە ئەو نزیکییە دەیخستە سەر شانم، دەترسام. سەرەتا پێموابوو هیچ دەلیل و هۆیەک نییە بۆ ئەوەی کارێک بکەم زیاتر لە پێویست لێی نزیک ببمەوە و لە بەرامبەر هەستە شەخسیەکانیدا خۆم بە بەرپرس بزانم. سەرەتا هیچی وام لە ژیانی نەدەزانی، لە ئێستا و لە رابوردووی، کەواتە پێویست نەبوو گرنگی بەو شتانە بدەم کە بێگومان پەیوەندیان بە رابوردوویەوە بوو. ئەوەی بە لای منەوە گرینگ بوو ئێستای بوو. ئێستا، مەبەستم ئەو ساتانەیە کە یەکترمان تیا دەبینی. ئێمە لە کەلاس و لە دەرەوەی کەلاس، لە ڕاڕەوی بەشەکە، لە حەوشە و دواتریش لە ژوورەکەی خۆم لە زانکۆ، یەکترمان دەبینی. ئەو پەیوەندییە تا دەهات نزیکترو سەمیمیتر دەبوو. من زۆرجار بەشوێن هۆی ئەو نزیکی و سەمیمیەتەدا دەگەڕام: هەڵاڵە جوان بوو. وتووریا و ژیر بوو. هەستێکی ناسک و ئینسانی بوو. جگە لەمانەش هەستم دەکرد منی خۆش دەوێت، خۆشەویستییەکی تایبەتی ڕۆژهەڵاتییانە. کاتێک لە کەلاس یان لە دەرەوەی کەلاس قسەم بۆ دەکرد و دەمبینی کە ئەو بەحەز و شەیداییەکی سەیرەوە چاوی لە زارم بڕیوەو، دڵی بەقسەکانم و بەشێوازی دەربڕینەکانم و بە جۆری ڕەفتار و هەڵس و کەوتم سپاردووە، بیری قوتابییەکانی سەدەی دوانزە و سیانزە و چواردەی ڕۆژهەڵات دەکەوتمەوە. بیری قوتابیەکانی ئێرانی ئەو سەردەمە دەکەوتمەوە کە بە شەوق و خۆشەویستییەوە، بە شەیداییەکی سەیر و سەمەرەوە چاویان لە زاری مامۆستاکانیان دەبڕی و گوێیان بە کەلام و کەلیمەکانی دەسپارد.

ئەو خۆشەویستی و شەیداییە بوو کانیی هەست و هزر و ئیلهامی مامۆستاکانی دەتەقاندەوە و بێئەوەی وەک مامۆستاکانی ئێستا پەیتا پەیتا چاو لە سەعاتەکانیان بکەن کە کەی ماوەی دەرس گوتنەوەیان کۆتایی دێت، دەیانگوت و دەیانگوت و جاری وابوو ئەو گوتنە چەندەها سەعات و رەنگە چەندەها شەو و رۆژی دەخایاند. خۆشەویستی ئەو قوتابیانە بۆ مامۆستاکانیان خۆشەویستییەکی بەخشندە بوو. وەک خۆشەویستی هەڵاڵە بۆ من کە هەر لە یەکەم رۆژەکانەوە خۆشەویستییەکی بەخشندە بوو.

من رۆژ لە دوا رۆژ زیاتر پەیم بەوە دەبرد کە ناسینی هەڵاڵە، بینین و دواندنی ئەو قوتابییە هاوڵاتییە، هەستێکی جوان و شیرین، ئاسوودەیی و حەوانەوەیەکی سەیرم پێدەبەخشێت. شتێکی شاز و دەگمەن کە رەنگە تەنیا لە لای ئەو دەستم دەکەوت. هەستم بە ئاسوودەیی و حەوانەوەیەکی سەیر دەکرد کاتێک کە پێکەوە بووین. لە هەر کوێ و لە لای هەر کەسێتر بووینایە، ئینرژییەکی موسبەت و پوزەتیڤم لێ وەردەگرت. وەک بۆنێکی خۆش کە چوار دەورم بگرێت، وەک هەناسەیەکی گەرم کە رۆحم بلاوێنێتەوە، وەک بیرۆکەیەکی شاعیرانەو داهێنەرانە کە خۆی بە ژووری زەینمدا بکات و بێ ئختیار بمباتە پشت مێزەکەم و قەڵەمی نووسینی چیرۆکێکی تازەم بداتە دەست، وەک هەموو شتێکی جوان و شیرینی تر... نازانم ئەو هەستە جوان و پڕاوپڕ ئینسانییەی چۆن پێدەبەخشیم. بەجووڵەی دەست و پەنجە و لەش و لاری لە کاتی قسە کردندا؟ هەڵاڵە زۆر قسەی نەدەکرد. کە دوو بە دوو بووینایە زیاتر بێدەنگ دەبوو چاوی لە چاوم دەبڕی. بەو شێوە داوای لێدەکردم کە قسەی بۆ بکەم. بە نیگا و نەرمە بزەیەک کە نەیدەزانی چەندە بەخشندەیە. منیش دەبوو لەبەرامبەر ئەو هەموو بەخشندەییەی ئەودا شتێکی پێشکەش بکەم کە لە منی دەویست. چی لە من دەویست؟ دەیویست بەردەوام قسەی بۆ بکەم. بۆی بدوێم. لە مرۆڤ و ژیان و خۆشەویستی و... منیش بێدرێغی، لەوەی کە دەمزانی و بڕوام پێی بوو بۆی دەدوام. لە ئەدەب، لە فەلسەفە، لە زمان و جوانی ناسی و لە هەموو ئەو شتانە کە بە تەمەنێکی دوور و درێژ فێریان ببووم و پێموابوو دەوری سەرەکیان لە شتنەوەی چاو و

گوێ، پاڵاوتنی ڕۆح و جوان کردنی ژیانـدا هەیە. دەمزانی چێژ لە گوتن و بۆچوونەکانم وەردەگرێت. منیش کەیفم دەکرد کە لە قەرەبووی ئەو هەموو بەخشندەییەی ئەودا، شتێکی پێ دەبەخشم. دەیگوت: ئای کە من شتت لێ فێر دەبم ماموّستا، یان دوکتۆر. دواتر دەیگوت سەعید. سەرەتا بە شەرم و دواتر بە خۆشی و گەشکەوە دەیگوت. بەتایبەت ئەو کاتانە کە دو بە دوو پێکەوە دەبووین. جارێک کە دوو بە دوو پێکەوە بووین گوتی: «تۆ ئەو هەموو بیروبۆچوونە جوان و ئینسانییەت لە کوێ هێناوە، سەعید؟»

من بێدەنگ بووم و هیچم نەگوت. تەنیا بە خۆمدا شکامەوە و تەریق بوومەوە. ڕەنگە لەو تەریق بوونەوەم گەیشت، بۆیە گوتی: «قسەکەم گێلانە بوو، وانییە؟»

ئەوسا گوتی: «من زۆر لە ژێر کاریگەری تۆدام، سەعید؟»

چاوەڕوانیی قسەی وام لێنەدەکرد. هەروا کە چاوەڕوانیی ئەوەم لێنەدەکرد ڕۆژێک لە چیرۆکەکەیدا بڵێت: من زور لە ژێر کاریگەری تۆدام، برایمۆک؟

گوتم: «کێ شتی وای پێ گوتووی، هەڵاڵە؟»

دەمزانی شێرزاد پێی گوتووە. ماوەیەک بوو دەمزانی شێرزاد بە پێچەوانەی سەرەتای ئاشنایەتیمان لەو پەیوەندییە نزیکەی نێوان من و هەڵاڵەی خێزانی ڕازی نییە. ئەو هیچی نەدرکاندبوو، هەڵاڵەش هیچی نەدەگوت، بەڵام خۆم سووسەم دەکرد. ماوەیەک بوو سووسەم کردبوو. ڕۆژێک دڵنیا بووم کە پێکەوە، من و هەڵاڵە، چووبووینە دەر. ڕۆژێکی یەکشەممە یان چوارشەممە، کە لە زانکۆ هاتینەدەر، گوتم: «پێویستم بە چەند کتێب هەیە کە دەبێ بچم بیانکڕم.»

هەڵاڵە گوتی: «منیش لە گەڵت دێم.»

کە کتێبەکانمان کڕی، بەرلەوەی بگەڕێینەوە بۆ ماڵ، لەسەر داوای ئەو چووین بۆ کافی شاپێک قاوەیەک بخۆینەوە و برێک بحەسێینەوە. لەوێ قسەی ئەوەمان کرد کە چۆن لە ئێستاوە بلیتی کۆنسێرتێک ببڕین کە هونەرمەندێکی گەورەی ئێرانی قەرار بوو مانگێک، مانگ و نیوێکیتر لە ستۆکهۆلم بەڕێوەی بیات. هەر دووکمان دەنگی ئەو هونەرمەندەو شێوەی کارەکانیمان پێخۆش بوو. گوتی: «شێرزادیش

پێیخۆشە.»

لەو کاتەدا شێرزاد تەلەفۆنی بۆ کرد. بە قسەکانیدا دیار بوو کە لە ستۆکهۆڵم نییە. دوایی زانیم لە سوێدیش نەبوو، لە یوونان بوو. برایەکی کە ویستبووی کۆچ بکات و بێت بۆ سوید لە یوونان تووشی کێشە و گرفت ببوو، شێرزاد چووبوو بۆ لای. هەڵاڵە بە هێواشی هەواڵی براکەی لێپرسی. دواتر زانیم کە براکەی لە یوونان لەگەڵ پۆلیسێک شەڕی بووە و گیراوە. پێدەچوو شێرزادیش هەواڵی خۆی و ئارەزووی لێ پرسیبێت کە هەڵاڵە گوتی: «ئێمە باشین.»

گوتی: «خەمی ئێمەت نەبێ و بە کارەکانی خۆتا رابگە.»

شێرزاد شتێکیتریشی پرسی کە من تێنەگەیشتم. هەڵاڵە گوتی: «من تازە لە زانکۆ هاتوومەتەدەر و ئێستا لە ناو پاسدام.»

یان رەنگە گوتبێتی: «لە وێستگەم، چاوەڕوانی هاتنی پاسم.» چاک لە بیرم نییە. ئەوەندەم لە بیرە کە بە هێواشی گوتی، بە ترسەوە. رەنگە دەترسا کە من گوێم لێ بێت. کافی شاپەکە قەرەباڵغ بوو. لە قەرەباڵغی و زەنا زەناکەی ئەوێشدا من گوێم لێبوو، بیستم. ئەو درۆیە دایچڵەکاندم. سەیرم هاتێ و سەرم سووڕما. کاتێک زیاتر سەرم سووڕما کە بە ئیشارەت تێمگەیاند لە منەوە هەواڵی شێرزاد بپرسێت و نەیپرسی. بەتایبەت داواکەم دووبارە کردەوە و ئەویش بەئەنقەست خۆی لێ نەبان کرد. کە تەلەفۆنەکەی قرتاند، گوتم: «نەتگوت شێرزاد چووە بۆ یوونان و لێرە نییە!»

گوتی: «ئەم بەیانییە چووە.»

ئەوسا ئەو رووداوە ناخۆشەی بۆ گێڕامەوە کە لە یوونان بەسەر براکەی شێرزاد هاتبوو.

بە شێوە گلەییەکەوە گوتم: «دەبوو منیشتان ئاگادار بکردایە. دەبوو پێشتر بە منیشتان بگوتایە. من جگە لە تۆ، هاوڕێی شێرزادیشم. دەبوو بەر لەوەی بڕوات بمزانیایە و هاوخەمیم لەگەڵ بکردایە. یان ئەگەر یارمەتیەکم لە دەست بهاتایە...»

هەڵاڵە لە ناوەڕاستی قسەکانمدا هەستا و کۆتەکەی لەبەر کرد. منیش بە دوایدا هەستام و پێکەوە چووینە دەر. لە دەرەوە شان بە شانی یەکتر بە پیادەڕۆکەدا

دەڕوشتین و هەڵاڵە باسی ئەو موشکیلە و گرفتارییەی دەکرد کە تووشی براکەی شێرزادو تووشی شێرزادیش بووبوو. من بێدەنگ بیرم لە درۆکەی دەکردەوە. بیرێک کە دەیان پرسیاری لە لا دروست دەکردم. هەڵاڵە بۆچی گوتبووی لە ناو پاسدایە و بەرەو ماڵ دەچێتەوە؟ بۆچی نەیگوتبوو لە گەڵ منە؟ بۆچی وێڕای داوا و پێداگرییەکەم لە منەوە هەواڵی نەپرسیبوو؟ بۆچی هیچ ئیشارەتێکی بە من نەکردبوو؟ ئەو هەڵوێستەی هەڵاڵە هیچ ئاسایی نەبوو. ئەو درۆیەی بە ئەنقەست بوو. ئەو لە کاتی درۆ کردنەکەی، ڕوومەتی لە شەرما سوور هەڵگەڕابوو، بێئەوەی چاو لەمن بکات زەردەخەنەیەکی تاوانبارانە نیشتبووە سەر ڕوومەت و دەم و لێوی.

هەڵاڵە دوای ئەوەی ڕووداوی براکەی شێرزادی بە تێر و تەواوی بۆ گێڕامەوە، گوتی: «ئەم چەند ڕۆژە کە شێرزاد لە ماڵ نییە من زۆر تەنیا دەبم.»

گوتی: «دەزانم دەست و دڵیشم ناچیتە هیچ کارێک و زۆر وەڕس دەبم.»

سوور دەمزانی دەیەوێ پێم بڵێت کە ئەم چەند ڕۆژە حەز دەکا زیاتر یەکتر ببینین و پێکەوە بین. من بێدەنگ بووم و هیچم نەگوت. ئەوەندە هیچم نەگوت تا خۆی زۆری بۆ هات و گوتی: «سبحەینێ نا دوو سبحەی تۆ دەرست نییە و ناچی بۆ زانکۆ، ئەگەر کار و سەرقاڵی ترت نەبێ داوەتت دەکەم لە بەیانییەوە تا ئێوارە پێکەوە بین و سەیرانێک بکەین.»

گوتی: «من و ئارەزوو، تۆ و فەرزانە. دەمێکەیە فەرزانەم نەدیوە و زۆر تاسەی دەکەم.»

لەبیری نەبوو ئەو ڕۆژەش وەک هەموو ڕۆژێکیتر فەرزانە دەرسی هەیەو دەبێت بچێتەوە بۆ قوتابخانە، کاتێک بیرم هێنایەوە زەردەخەنەیەکی تاڵی کرد و گوتی: «بە داخەوە. حەیف.»

ئەو وشانەی چەند جار لەبەر خۆیەوە دووبارە کردەوە.

کە لە ئۆتومبێلەکەم نزیک بووینەوە گوتم: «پێویست ناکات بە قەتار یان پاس بڕۆیتەوە بۆ ماڵ، خۆم دەتگەیەنم.»

«ئاخر ڕێگەکەت زۆر دوور دەکەوێتەوە.»

«من پەلەم نییە.»

لە ناو ئوتومبێلەکەدا دەستی راستی نابووە سەر داشپۆرتەکە، لە پشتێن بەرەو ژوور لەشی سووڕاندبوو سەیری منی دەکرد. منیش جاروبار سەرم وەردەسووڕاند و لێی ورد دەبوومەوە. هێشتا شەرمی کاتی درۆ کردنەکە روومەت و لێوی بەجێنەهێشتبوو، گومان و سەرسووڕمانەکەی منیش نەڕەوییەوە.

گوتم: «هەڵاڵە دەتوانم پرسیارێکت لێبکەم؟»

پێکەنی. یەعنی ئەی بۆ ناتوانی؟!

گوتم: «بۆ درۆت لەگەڵ شێرزاد کرد؟ بۆ نەتگوت پێکەوەین؟ بۆ بە ئەنقەست ناوی منت نەهێنا؟»

هەڵاڵە وازی لە سەیر کردنی من هێنا و سەر و سنگی راست کردەوە و پاڵی بە پشتی کورسیەکەیەوە دا. ئێستا ئیتر من بووم کە زوو زوو سەرم وەردەسووڕاند و لێی رادەمام، لە لاڕوومەتی کە لە شەرما سوور هەڵنەگەڕابوو، زەردەخەنەشی لەسەر لێو نەبوو.

گوتم: «چی روویداوە هەڵاڵە ؟»

هێواشتر لە پێشوو ئوتومبێلەکەم لێدەخوڕی. رەنگە بۆ ئەوەی بوێرم زوو زوو لای لێ بکەمەوە. یان پێموابوو قسەی زۆری بۆ گوتن پێیەو نابێ پەلە بکەم.

گوتی: «من و شێرزاد ماوەیەکە نێوانمان زۆر خۆش نییە؟»

داچڵەکیم، یان رەنگە دانەچڵەکییم.

گوتم: «پەیوەندی بە منەوە هەیە، وانییە؟»

لێرەدا بوو کە زەردەخەنە تاڵەکە بۆ روومەت و دەم و لێوی گەڕایەوە.

«راستت بوێت دەمێکەیە نێوانمان خۆش نییە. تەنانەت بەر لەوەش تۆ بناسین.»

ئەو قسە کەمێک ئاسوودەیی پێ بەخشیم، هەروەها وەڵامی زۆر پرسیاریشی بە کورتی دامەوە، زور پرسیار کە جاروبار بەرۆکی زەینیان دەگرتم و من خۆم لێ دەشاردنەوە.

«دڵنیا بم کە هیچ پەیوەندییەکی بە منەوە نییە؟»

پێدەچوو ئەوەم لە نێوان ناخۆشی ئەوان بەلاوە گرنگتر بێت. حەزم نەدەکرد وا بیر بکاتەوە.

گوتی: «ڕەنگە تۆش جاروبار بیانوویەک بیت، وەک سەدان بیانوویتر بۆ ئەم نێوان ناخۆشییە.»

گوتم: «ئاخر بۆچی؟ ئێوە بەڕواڵەت ژن و مێردێکی تەبان و، ژیانێکی خۆش و بەختەوەرانەتان هەیە.»

زەردەخەنەکەی بوو بە پێکەنین، پێکەنینێکی سارد، یەعنی وانییە. منیش دەمزانی کە وانییە. دەمێکە بوو دەمزانی و خەمیشم لێ‌دەخوارد. بەڵام هیچم نەدەگوت. چی بڵێم؟

گوتم: «هەموو ژن و مێردێک جاروبار نێوانیان ناخۆش دەبێ. هەموو ژیانێکی تەنانەت بەختیاریش تووشی گرفت دەبێ. ئەوە زۆر گرینگ نییە. گرینگ ئەوەیە ئێوە ئاگاتان لە ژیانەکەتان بێت. گرینگ ئەوەیە نەهێڵن ئەم نێوان ناخۆشییە جاروبارە سەدەمەیەک بە ژیان و خۆشەویستی و پەیوەندیەکەتان بگەیەنێت. ئێوە، بەتایبەت تۆ، دەبێ زۆر وشیار بیت. دەبێ...» باوکانە نەسیحەتم دەکرد. «شێرزاد کوڕی باشە. کوڕێکی سادە و سەلامەت. تۆشی زۆر خۆش دەوێ. عاشقی بنەماڵەکەیەتی.»

«بە چیدا وادەڵێی؟ چۆن لەوە گەیشتووی کە شێرزاد منی زۆر خۆش دەوێ؟»

«چۆن؟!»

چاوەڕوانی ئەو پرسیارە نەبووم. من هەمیشە پێموابوو کە شێرزاد هەڵاڵەی خۆش دەوێت. زۆریشی خۆش دەوێت و، بەقەدەر بەهرە و توانای خۆی هەموو هەوڵێک دەدا بۆ ئەوەی بەختەوەری بکات. ڕەنگە لەبەر ئەو هەوڵدانەی بوو کە منیش شێرزادم خۆش دەویست، خۆشەویستییەکی مەرجدار.

هەڵاڵە گوتی: «بەڵام ئەو هیچ هەوڵێک نادا. نەوەک هەر بۆ بەختەوەری من، بۆ ژیانی خۆشی هیچ هەوڵێک نادا. شێرزاد تووشی لاسارییەکی سەیر بووە، سەعید.»

گوتم: «لە کەیەوە؟ لەکەیەوە تووشی ئەم لاسارییە بووە؟»

هەڵاڵە بیری کردەوە.

«لەوەتی دەیناسم. شێرزاد هیچکام لە وەعد و بەڵێنەکانی بۆ ژیانی خۆی و ژیانی هاوبەشمان ئەنجام نەداوە. هیچ هەوڵێکیشیان بۆ نادات.»

گوتی : «ماوەیەکە هەست دەکەم شێرزاد تووشی خەمۆکی بووە سەعید، جۆرێک لە جۆرەکانی خەمۆکی. ئەو پێویستی بەوەیە عیلاجی خۆی بکات و نایکات.»

گوتم: «یارمەتی بدە. تۆ یارمەتی بدە کە عیلاجی خۆی بکات.»

هەڵاڵە بە خەمەوە سەری راوەشاند، بە تووڕەییەوە، وەک ئەوەی بڵێت بۆ ئەوەندە باوکانە دەدوێی؟

نەیگوت. ئەو رۆژە نەیگوت. رۆژێکیتر بوو کە گوتی. ئەو رۆژەش هەستم کرد تووڕەیە. لە من یان رەنگە لە باوکی. باوکێک کە من نەمدیبوو نەمدەناسی. زۆر شتم لە زار و زمانی شێرزاد لە بارەیەوە بیستبوو، لە ئازایەتییەکەی، لە جوامێرییەکەی، لە شۆڕشگێڕیەکەی.

هەڵاڵە گوتی: »من نامەوێ تۆ هەستێکی باوکانەت بەرامبەر بە من ببێ. تۆ هیچت لە باوکی من ناچێت. نە تەمەنت. نە فکرو دیدو بۆچوونت. نە رەفتارو هەڵویستەکانت.» گوتی: «کەواتە حەز ناکەم هەستیشت بەرامبەر بە من وەک هەستی باوکم بێت. خۆشەویستییەکەشت وەک خۆشەویستی باوکم بێت.»

من ئەگەر وەک زۆر پیاویتر لە تەمەنی بیست و دوو سێساڵیدا ژنم بهێنایە و منداڵم ببوایە، بێگومان هاوتەمەنی هەڵاڵە دەبوو. هەڵاڵە تەمەنی سی ساڵ بوو. دەیگوت: «ژن کە سی ساڵ ژیا وەک ئەوەیە چل ساڵ ژیابێت، یان پەنجا، یان شەست.» تێنەدەگەیشتم، یان وەهام دەنواند کە تێناگەم. دەمگوت: «یەعنی تۆ ئێستا بە قەدەر ژنێکی پەنجا شەست ساڵە عاقڵ و بەئەزموونی؟» بە پێکەنینەوە دەمگوت. ئەوسا بیرم دەکردەوە بڵێی هەڵاڵە عاشقی من نەبووبێ؟ بەڵامەوە سەیر نەبوو، دەمزانی خۆشی دەوێم، زۆریشی خۆش دەوێم، نەوەک خۆشەویستی کچێک بۆ باوکی. سەرەتا پێموابوو هەڵاڵە منی خۆش دەوێ چونکا لە باوکی دەچم. دواتر کە باوکیم ناسی، گوتم منی خۆش دەوێ چونکا لە باوکی ناچم.

گوتم: «باشە ئەگەر لە باوکت ناچم ئەی لە کێ دەچم.»

گوتی: «لە دوکتۆر سەعیدی رەحمانی.»

دواتر گوتی: «لە برایمۆک.»

کاتێک ئەوەم گوت کە لە شێرزاد جیا بووبووەوە. کاتێک کە چیرۆکی برایمۆکی بۆ گێڕابوومەوە. چیرۆکی ئەو کوڕە گەنجە شاعیر و فلووت ژەنە، کە هەڵاڵە ساڵەها لەوە پێش خۆشی ویستبوو، ئێستاش لە بیری نەکردبوو.

گوتی: «برایمۆک ئەگەر بمایە دڵنیام لە تۆ دەچوو. وەک تۆ...»

ئەوەی کە هەڵاڵە لە بارەی منەوە بیری دەکردەوە و هەندێک جاریش دەیگوت، ئەگەر لای شێرزادیش گوتبێتی، من ئەتوانم لە هۆی شەڕ و نێوان ناخۆشییەکانیان بگەم. من زۆر درەنگ بە جیدی بوونی شەڕ و پشێوییەکانیانم زانی. زۆر درەنگ لەوە گەیشتم کە بیانووی زۆربەی ئەو شەڕ و پشێوییانە خۆمم. کاتێک لەوە گەیشتم کە ئیتر نەمدەتوانی بە ئاسانی خۆم لە ژیانیان بدزمەوە. نەمدەتوانی بە ئاسانی خۆم لە زەینی هەڵاڵە، تەنانەت لە زەینی شێرزاد و ئارەزووش بسڕمەوە. چەند جارێک گوتم: «هەڵاڵە ئەگەر دەزانی پەیوەندی من و تۆ، ئاگری شەڕ و پشێویەکانتان خۆش دەکات، من ئامادەم ئەم پەیوەندییە بقرتێنم.»

گوتی: «شەڕو شۆری ئێمە هیچ پەیوەندییەکی بە تۆوە نییە.»

تا دوا رۆژەکانی ژیانی هاوبەشیان لەسەر ئەو قسەی سوور بوو، دەیگوت: «شێرزاد شتێکی لە من دەوێ کە ناتوانم...» قسەکەم پێ دەبڕی و دەمگوت: «چی لە تۆ دەوێ؟ دەیەوێ لە گەڵیدا بگەڕێیتەوە بۆ کوردستان؟» دەیگوت: «شتێکی لە من دەوێ کە ناتوانم بیدەمێ.»

«ئاخر چی؟»

نەیدەگوت. دەیگوت: «پێویست ناکات تۆ خۆت نیگەران بکەیت سەعید. من خەریکم لە گەڵ ئەم وەزعە رادێم.»

«رادێیت؟»

بۆ دەبێ رابێیت هەڵاڵە؟ ئەو راهاتنە راهاتنێکی باش نییە. خوو گرتن بە ژیانێکی

پڕ لە شەڕوشۆڕ، ژیانێک کە تیایدا هەست بە بەختەوەری نەکەیت، خوو گوتنێکی ترسناکە. لای ئەو نەمدەگوت، لای خۆم دەمگوت. کاتێک کە دەمبینی و دواتر دەمبیست یان هەستم پێدەکرد کە دیسان شەڕیان بووە، خەمم دەخوارد و دەمگوت بۆ دەبێ هەڵاڵە درێژە بەم ژیانە بدات! بۆ دەبێ مل بەم شەر و شۆرە بەردەوامە بدات! بۆ کۆتایی پێ ناهێنێت! دەمگوت خۆ ئێرە کوردستان نییە کە مرۆڤەکان بە هەزار زنجیر پێکەوە بەسترابێتنەوە و ناچار بن لە هەموو بارودۆخێکدا پێکەوە بژین، ئێرە سویدە و، لێرە کاتێک دوو مرۆڤ هەست بکەن پێکەوە بەختەوەر نین لێک جیا دەبنەوە. ئایا هەڵاڵە ئەوەی نەدەزانی؟

گوتی: «دەمزانی. بێگومان دەمزانی.»

گوتم: «کەواتە بۆچی...»

نەیهێشت پرسیارەکەم تەواو بکەم. گوتی: «بە وەڵامی ئەم پرسیارەم نەدەزانی. بڕوا بکە ئێستاش نازانم. ڕەنگە هەستم دەکرد هێشتا خۆشم دەوێ. یان...»

یان دەترسا.

من درەنگ زانیم کە دەترسا. درەنگ زانیم کە هەڵاڵە ئەوەندەی کە من پێموابوو لە بڕیارداندا ژنێکی ئازا و جەسوور نییە، هەرگیز نەبوو، بە تایبەت لە دوای مەرگی برایمۆکەوە هەرگیز نەیتوانیبوو بە جەسارەتەوە بڕیارێک بدا کە جگە لەخۆی پەیوەندی بە ژیانی کەس یان کەسانی تریشەوە بێت.

من ڕۆژێک بەوەم زانی کە بڕیاریدا لە شێرزاد جیا ببێتەوە و کۆتایی بەو ژیانە هاوبەشە بێنێت. بڕیارێکی جیدی و کۆتایی، گوتی: «زۆرم هەوڵدا نەگەمە ئەم شوێنە سەعید. زۆرم هەوڵدا بە هەر شێوەیەک بێت نەهێڵم ژیانمان، ژیانی ژن و مێردایەتی و هاوبەشمان بشێوێت. ژیانێک کە بە ڕەنج و ئازارێکی زۆرەوە دەستمان پێکردبوو، قوربانییەکی زۆرمان بۆ دابوو. بەتایبەت شێرزاد...»

گوتی: «ئەو لە پێناوی دەسپێکی ئەم ژیانە، ئازارێکی زۆری کێشاوە. وەک خۆی دەڵێت دەیان و سەدان شەو بە یادی من و بە عەشقی منەوە خەو بردوویەتییەوە، منێک کە هەزاران فرسەخ لێی دوور بووم و ئاگام لێی نەبووە. وەک خۆی دەڵێت

دەیان و سەدان شەو خەونی بە منەوە بینیوە. دەڵێت لە خەونەکانیشیدا رەنجێکی زۆری کێشاوە تا سەرنجی من بۆ لای خۆم رابکێشێت. ئازارێکی زۆری دیوە تا دڵی من بە دەست بێنێت. شێرزاد لە پێناوی مندا، لە پێناوی دەسپێکی ژیانێکی هاوبەش لەگەڵ مندا، پشتی لە کەس و کارەکەی کردووە. نیشتمانەکەی بەجێهێشتووە و ملی بەم غورەبەتە داوە. لێرەش، دەزانم گەلێک رەنجی کێشاوە و ئازاری بینیوە، ئازاری تەنیایی... بێکەسی... سووکایەتی پێکردن و نەبینین و گوێ پێنەدان و...»

شێرزاد گوتبووی: «من ئەم ژیانەم بە رەنج و ئازار پێکەوە ناوە، بەخوێنی دڵ. ناهێڵم عەجەمێکی سەگباب لە رێوە بێت و بە چوار قسەی زلە زلە لێم بشێوێنێ.»

هەڵاڵە گوتی: «یارمەتیم بدە سەعید. یارمەتیم بدە ئەم بڕیارەم بۆ سەر بچێت و لێی جیا ببمەوە.»

شێوەی گوتنەکەی تکاکارانەبوو. گوتم: «من چی بکەم؟ دەبێ چی بکەم؟»

گوتی: «بڕیارەکەم پەسند بکە. بڵێ کە بڕیارەکەم لە جێی خۆیدایە.» گوتی: «مەهێڵە لەم بڕیارەم پاشگەز ببمەوە. مەهێڵە لێی پەشیمان ببمەوە.»

«هەر ئەوەندە؟!»

زەردەخەنەیەکی کرد. یەعنی ئەرێ هەر ئەوەندە و هیچیتر. دواتر گوتی: «تۆ پێتوایە شێرزاد پاش ئەوەی من لێی جیا ببمەوە چی دەکات؟»

زۆر جار ئەوەی دەگوت و دەیپرسی. لەو رۆژەوە کە بڕیاری جیا بوونەوەی دا و، لەوە دواش کە شێرزاد ئارەزووی لێ دزی و، دواتریش کە بە رەسمیی و یاسایی لە یەک جیا بوونەوە، بەردەوام دەیگوت و دەیپرسی. کە منیش ماڵەکەم گوێزایەوە و بووم بە دراوسێی، لە هەموو ئەو شەوانەدا کە دوو بە دوو دادەنیشتین و پێکەوە قسەمان دەکرد، دەیگوت و دەیپرسی. ئەو ئێوارەش کە پێکەوە چووبووینە کەناری دەریا و ئاگرمان کردبووەوە...

ئاگرەکە هێشتا دانەمرکابوو. بڵێسەکان هێشتا بوون و ئەوەندەی لە توانایاندا بوو هەڵدەچوون و تێک دەئالان. هەڵاڵە شان بە شانی من دانیشتبوو. لە کاتێکدا گوێی

بۆ قسەکانی من شل کردبوو سەیری ئارەزووی دەکرد کە لە قەراغ ئاوەکە بەشوێن فەرزانەدا هەڵدەهات. ئەو ئێوارەش هەلالە هەمان پرسیاری دووبارە کردەوە.

گوتی: «تۆ پێتوایە ئەگەر ئێستا شێرزاد لێرە پێکەوە بمانبینێت...»

قسەکەیم پێ بڕی. گوتم: «بەسیەتی هەلالە! ئیتر کاتی ئەوە هاتووە لە بری ئەم خەیالاتانە بیر لە خۆت بکەیتەوە، لە ژیانت، لە بەرنامەکانت بۆ داهاتوو.» گوتم: «کاتی ئەوە هاتووە کە بیر لە خۆت و کەسانێکیتر بکەیتەوە، لە خۆت و لە من و...»

درێژەم پێنەدا. نەمویست درێژەی پێبدەم. سەرم بە حاستەم وەرسووڕاند تا لێی ورد ببمەوە، لە روومەتی ورد ببمەوە. ویستم کاریگەری ئەو قسەیەم لەسەر روومەتی ببینم، لە چاو و نیگایدا. دەمزانی روومەت و شێوەی نیگا کردنی ناتوانێ هەستی پاش بیستنی ئەو قسەیەم لێ بشارێتەوە. هەلالەش سەری بە حاستەم وەرسووڕاند و رووی تێکردم.

گوتی: «دەزانم تۆشم زۆر ئازار داوە.»

بە دەم زەردەخەنەیەکەوە گوتی. دەرفەتی ئەوەی نەدام کە بیر لە مانای زەردەخەنەکەی بکەمەوە. نیگای لە چاوەکانمەوە بە روومەتمدا شۆڕ بۆوە و دەستی بە ئارامی لەسەر رانی بەرز کردەوە و خستییە ناو دەستم. ئەوسا بە شەرمەوە گوتی: «تۆ منت خۆش دەوێ، وانیە؟»

بێدەنگ سەرم بۆ لەقاند. رەنگە نەیبینیبێت، بەوحاڵەش گوتی: «پێتخۆشە ماچم بکەیت؟»

ئەوسا لاڕوومەتی لێم نزیک خستەوەو لە کاتێکدا دەنگی دەلەرزی گوتی: «ئەگەر پێتخۆشە ماچمکە.»

ئەوکاتە وەها داچڵەکابووم و ئەو گوتنەیەم بە لاوە سەیرو سەرسووڕهێنەر بوو کە هیچم لێنەپرسی. دواتر کە لێم پرسی، باسی کوڕێکی مێرمنداڵەی بۆ کردم کە ساڵەها لەوەبەر خۆشی ویستووە. جەمال یان کەمال؟ کوڕێک کە داوای ماچی لێکردووە و نەیداوەتێ. هەلالە کاتێک ئەو رووداوەی بۆ گێڕامەوە دڵنیا بووم کە بەر لە من ئەو پێشنیارە سەیر و سەمەرەی بە برایمۆکیش داوە. بەر لە من کوڵمەی بۆ

ئەو کوڕە گەنج و هونەرمەندەش ڕاگرتووە و گوتوویەتی: «برایم پێتخۆشە ماچم کەیت؟» نازانم چۆن و لە کوێ ئەوەی گوتووە. ڕەنگە هەروا کە لە چیرۆکەکەیدا هاتووە لە ئێوارەی ڕۆژێک لەو ڕۆژانە کە پێکەوە لەسەر کانی عاشقان بوون، لەو شوێنە کە زۆر جار دەیگوت میحرابی عەشق و دڵداریمان بوو.

گوتم: «هەڵاڵە من تازە خەریکم لەوە دەگەم کە بۆچی لە هەموو ئەم ماوە دوور و درێژەدا هەوڵت نەداوە لە شێرزاد جیا ببیتەوە. بۆچی لە گەڵ ئەو هەموو شەڕوشۆڕ و ناتەباییە، ویستووتە درێژە بە ژیانی هاوبەشت بدەی.»

پێکەنی. گوتی: «گەوجانەیە، وانییە؟ مرۆڤێک کە هەموو تەمەنی، خۆی بە قەرزداری هەستی خەڵک بەرامبەر بە خۆی بزانێت مرۆڤێکی گەوجە، وانییە؟»

نەمزانی چی بڵێم، نەمدەزانی. ئەوەندەم دەزانی کە نابێ ئەو حوکمەی بۆ بسەلمێنم. نەمدەتوانی، مافی ئەوەم بەخۆم نەدەدا لەبەر ئەو لەخۆبوردوویییەی بە گەوجی بزانم.

گوتی: «ئەوە فیداکاری و لە خۆبوردوویی نییە، سەعید. ترسنۆکییە.»

دەتگوت باسی کەسێکیتری جگە لە خۆی دەکات. دەتگوت لە بارەی کەسێکیتری جگە لە خۆی دەدوێت و قەزاوەت دەکات. قەزاوەتێک کە من پێم وابوو بێبەزەییانەیە.

لەو ئێوارەوە کە لە قەراغ دەریا گەڕاینەوە، لەو شەوەوە کە هەموو خەون و خۆزگەکانمان بەگوێی یەکتردا چرپاند و، هەموو خەون و ڕوئیاکانمان لەچاو و نیگای یەکتردا هاتە دی، هەستم بە گۆڕانێکی سەیر لە هەڵاڵەدا دەکرد. گۆڕانێکی بە ئاشکرا کوتوپڕی. هەستم کرد ترس و دڵەڕاوکە و نیگەرانییەکانی ڕۆژانی پێشووی نەماوە. بۆتەوە بە ژنەکەی جاران، ژنێکیتر، ژنێکی ئازا و جەسوور و تا ڕادەیەکی باش بێپەروا. شاد و سەرحاڵ بووبووەوە. جوان بووبووەوە. تەنانەت جوانتر لەوەی کە پێشتریش بوو. جوانتر لەوەی کە پێشتر دیبووم. من بە هۆی ئەو گۆڕانە کوتوپڕییەم دەزانی. خۆشی دەیزانی. دەیگوت: «هەست دەکەم بۆجارێکی تر لە دایک بوومەتەوە.» دەیگوت: «ئەم هەستە ئەوەندەی کە خۆش و شیرینە، بەلامەوە

غەریب نییە. من پێشتریش ئەم هەستەم ئەزمووە. ساڵانێک لەمەبەر، ئەو دەمە کە هێشتا لە کوردستان بووم، ئەو دەمە کە لە گەڵ برایمۆک پێکەوە بووین و یەکترمان خۆش دەویست...» دەیگوت: «ڕاستم پێ بڵێ سەعید، تۆ پێت ناخۆش نییە من باسی برایمۆک دەکەم؟» منیش پێدەکەنیم. دەیگوت: «بڕوام پێدەکەی کاتێک باسی برایمۆک دەکەم بە قەدەر سەرە دەرزییەکیش هەست بەوە ناکەم باسی پیاوێکیتری جگە لە تۆ دەکەم؟ بڕوام پێدەکەی کاتێک بیر لە خۆم و برایمۆک دەکەمەوە هەست دەکەم بیر لە خۆم و خۆت لە رابوردوودا دەکەمەوە؟» ئەوسا شێوەی گوتنەکەی دەگۆڕا. تکاکارانە دەیگوت: «بەخراپ لە قسەکانم تێمەگە سەعید. تکایە بە خراپ قسەکانم لێک مەدەرەوە. پێتوانەبێ من تۆم خۆش دەوێ چونکا کەسێکیترم بیر دەخەیتەوە. چونکا لە کەسێکی خۆشەویستیتر دەچیت.» دەیگوت: «ئێستا... نەک هەر ئێستا، لە زۆر لەمەوبەرەوە برایمۆک بۆ من ناوێکی تری تۆیە لە سەردەمێکی تردا. یادو بیرەوەری برایمۆک، یاد و بیرەوەری تۆیە لە شوێنێکی تر.» ئەوسا دەیگوت: «دڵنیام دەزانی دەڵێم چی سەعید. تۆپیاوێکی ژیر و هەست ناسکی، دڵنیام لەم هەستەی منیش دەگەیت.»

تێدەگەیشتم. لەو قسانەو، لەو هەست و بیر کردنەوەو، لەو هەموو شادی و خۆشییە کە وەک لافاو پێش خۆی دابوو. لەو هەموو ئومێد و رووناکاییە کە رژابووە دڵ و دەروونی و هەموو گیانی داگیر کردبوو، هەموو سووچ و قوژبنەکانی رۆحی گرتبووەوە. ئەو ئومێدو رووناکاییە کە لە چاوییەوەو لە بریسکەی نیگاکانییەوە سەررێژ دەبوو، بە چاو و نیگا و دڵ و دەروونی منیشدا دەپڕژا. ئەو ساتانە بۆ منیش لە خۆشترین ساتەکانی ژیانم بوون. ئەو خۆشەویستییە بۆ منیش لە دایک بوونێکیتر بوو. سەرەتای ژیانێکی تازە. دەرفەتێک کە ساڵەها بۆی گەڕابووم و ماوەیەک بوو شەکەت و نائومێد وازم لێ هێنابوو. دواهەم دەرفەت... رەنگە ئەو لەمە نەدەگەیشت کە هێشتا گەنج بوو. رەنگە منیش هەوڵم نەدەدا تێی بگەیەنم. من بە پێچەوانەی ئەو، سفرەی هەستم تەواو بۆ بڵاو نەدەکردەوە. کتێبی عەشق و خۆشەویستییەکەم نەدەدایە کە بیخوێنێتەوە. نەمدەویست پەردە لە هەموو کەلێن و قوژبنەکانی رۆح و

دەروونم هەڵبداتەوە. من دەترسام. دەترسام هەڵاڵە بە حەجم و بارستایی خۆشەویستیەکەم بزانێت. دەترسام پەی بە قووڵایی عەشقی من بۆ خۆی ببات. نەمدەویست ڕۆژێک لە ڕۆژان هەست بەوە بکات کە قەرزداری خۆشەویستی منە.، نەمدەویست ڕۆژێک لە ڕۆژان ناچار بێ لە پێناوی عەشق و خۆشەویستی مندا قوربانی بدات. وەک هەموو ئەو قوربانییانە کە تا ئێستا دابووی.

گوتی: «سەعید پرسیارێکت لێبکەم وەڵامم دەدەیتەوە؟»

شەوێک لە دواهەم شەوەکانی بەر لەکارەساتەکە گوتی. شەوێک کە بڕیاری دابوو ئیتر وەک شەوانیتر دانەنیشێ و تا درەنگان ڕووداوەکانی ڕابوردووم بۆ نەگێڕێتەوە. شەوێک کە بڕیاری دابوو ئیتر واز لە گێڕانەوەی پچڕ پچڕی چیرۆکی ژیانی بێنێت. واز لە قسەکردن لە کەس و کار و دۆست و برادەرەکانی بێنێت. دەیگوت: «ئیتر لەمەدوا هیچ شتێکت لە بێمانایيەکانی ژیانم بۆ ناگێڕمەوە. باسی هیچ کەست بۆ ناکەم کە ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ بەشێک بێ لەو بێماناییانە.» دەیگوت: «لەمەودوا تەنیا باسی ئەو ڕۆژ و سەعاتانە دەکەم کە تۆم تیا خۆش ویستووە. تەنیا باسی تۆ دەکەم، تۆ و خۆم، تۆ و فەرزانەو ئارەزوو و خۆم.»

گوتم: «قەرار بوو شتێکم لێ بپرسی.»

لە ماڵی ئەو بووین. لەسەر مۆبلەکە پاڵ بە پاڵی یەکتر دانیشتبووین. فەرزانە و ئارەزوو لە ماڵی ئێمە ڕەنگە خەویان لێکەوتبوو. هەڵاڵە سەری نابووە سەر شانم و دەستی بۆ سەر سنگم درێژ کردبوو. منیش دەستم خستبووە سەر شانی و بێ ئیختیار پەنجەم بە قژە نەرمەکەیدا دەهێنا. دیوەکە نیوە ڕووناک و نیوە تاریک بوو. دەنگی کز و نەرمی پیانۆیەک بە هەموو دیوەکە و ماڵەکەدا بڵاوبووبووەوە. مۆسیقایەکی ڕۆمانتیکی ڕۆژهەڵاتی. تێکەڵەیەک لە خوڕەی ئاو و تنۆکەی باران.

گوتی: «لە کەیەوە ژیانی تازەی هاوبەشمان دەست پێدەکەین؟»

نازانم بۆ پێموابوو ئەوە ئەو پرسیارە گرینگە نەبوو کە دەیویست بیکات. ڕەنگە بە هەڵە چووبێتم، ڕەنگە ئەو پرسیارە بەلایەوە گرینگترین پرسیار بووبێت، بۆیە دەیگوت: «لەم خانووە دەڕۆین... لەم خانووانە... خانوویەکی گەورە دەگرین. سێ

ژوور و هـۆڵێکی گەورە. ژوورێـک بـۆ فەرزانە و ئـارەزوو. ژوورێـک بـۆ خۆمـان و سێهەمیشیان دەکەین بەژووری کـار کـردن. لەوە دوا تـۆ باشـترین چیرۆکەکانـت لەو ژوورەدا دەنووسی و منیش...» دەیگوت: «ئەگەر بە قسەم بکەیت هەموو کەرەسەی ماڵیش تازە دەکەینەوە. هەر لە کەرەسەی ئاشپەزخانەوە تا شتوومەکی نـاو هـۆڵەکە، مێز و مۆبل و تەلەفزیۆن و زەبت و... تاقمێک کۆمێدی تازەی چێۆیش بۆ کتێبەکـان دەکڕین و لا دیۆارێکی هۆڵەکەی پێ دەڕازێنینەوە.»

سەری بەرەو من وەرسووڕاندبوو، چاوی لە چاوم بڕیبوو. سێبەری قژی کەوتبووە سەر رووومەتی، سەر دەم و لێوی، سەر گەردنی.

گوتم: «هەر کاتێک تۆ حەز بکەیت من ئامادەم بگەڕێین و خانوویەکی بە دڵی تۆ ببینینەوە.»

بزەیەکی شەرمنی هاتێ و گوتی: «زوو.»

گوتی: «ئیتر حەز ناکەم ئاوا بژیین.»

هەڵاڵە شەوی بەر لەکارەساتەکە ئەوەی گوت. شەوێک کە شێرزاد لە شوێنیکیتر ــ خـۆی گوتبـووی لە مـاڵی یەکێـک لە هاوڕێکـانی ــ بیستبووی کە مـن و هەڵاڵە پـێکەوە دەژیـن. شێرزاد داچڵەکـابوو. خـۆی گوتبـووی: «دانەچڵەکـام، چـاوەڕوانی بیسـتنی بـووم. تەنیـا پرسـیم، لە کەیەوە؟» ئەو کەسـە کە هەواڵەکەی دابـوویە، گوتبووی: «دەمێکەیە. دوو سێ مانگە پێکەوەدەژین.»

«دڵنیایت؟»

«دڵنیای دڵنیا. خۆت دەزانی کە ژن خوشکەکەم لە گەڕەکی ئەواندایە. لە گەڕەکی جارانی خۆتان. ئەو چەند جارێک پێکەوە بینیونی کە لە مـاڵ هـاتوونەتە دەر و بە ئوتومبێلەکەی کابرا...»

«دوو بە دوو بوون؟»

«نـا. خۆیـان و منـداڵەکانیان. جـگە لە هەڵاڵە، کـابراش گـوایە منـداڵێکی هەیە. هەیەتی؟»

یەکیکیتر گوتبووی: «درۆیە. هەڵاڵە هێشتا بەتەنیا دەژی.» گوتبووی: «مـن کە

ئەو هەواڵەم بیست بە تایبەت چووم بۆ لای مەجیدی برای و لێم پرسی. مەجید گوتی هەڵاڵە هێشتا لەگەڵ منداڵەکەی دەژی. گوتی ئەو کابرایەش دراوسێیانە و لە باڵەخانەکەی ئەواندا دەژی.» گوتبووی: «من لە مەجیدم نەپرسی کە ئەو کابرایە لە کەیەوە چۆتە ئەو گەڕەک و باڵەخانەیە. راستییەکەی پێمواببوو پەیوەندی بەمنەوە نییە.»

شێرزاد بیری کردبووەوە، قسەی هەر دووکیان لە راست دەچوو. گوتبووی: «پەیوەندی بە منیشەوە نییە. من لە هەڵاڵە جیا بوومەتەوە، ئەو ئێستا ژنێکی ئازادەو چۆن حەز بکات دەتوانێ وەها بژی.»

«ئەی بۆ وا تێکچوویت؟»

«بۆ رەنگت پەڕیوە؟»

«بۆ ئاوا دۆش داماوی؟»

«بیر لەچی دەکەیتەوە، شێرزاد؟»

من پێموانییە شێرزاد ئەو شەوە بیری لەو جەنایەتە کردبێتەوە کە بەیانی روویدا. پێموانییە بڕیاری دابێت بەیانی کە لەخەو هەستا چەقۆیەک بەدەستەوە بگرێ و بچێت بۆ ماڵی هەڵاڵە و هەر کە دەرکەی لێکردەوە لە سنگی بچەقێنێت.

هەڵاڵە هێشتا لە ناو دەرکەی ماڵەکەیدا بوو. بەر لەوەی وەڵامی سڵاوەکەی شێرزاد بداتەوە، بێ ئیختیار دەستی بۆ شانی هەڵبڕی و دوو قامکی ژێر ملی تیشێرتەکەی دا و بەرەودواوە هەڵیخزاند. بەو کارەی بەرۆکی تیشێرتەکەش بەرەو سەر هەڵکشا و بەشێکیتر لە سنگی رووتی شاردەوە.

شێرزاد گوتی: «ببوورە، ناوەخت هاتووم. خۆم دەزانم کە ناوەخت هاتووم.»

هەڵاڵە گوتی: «ئەگەر بۆ بینینی ئارەزوو هاتووی، لە ماڵ نییە. جگە لەوەش قەرار وابوو هەر کاتێک ویستت ئارەزوو ببینی پێشتر تەلەفۆن بکەیت. وانەبوو؟»

« وابوو، بەڵام...»

شێرزاد تەنکە بزەییەکی لە سەر لێو بوو کە دەتگوت تەنیا بۆ ئەوەیە نەهێڵێ هەڵاڵە لەو هاتنە ناوەختەی داچڵەکێ و بترسێت. بەڵام هەڵاڵە ترسابوو. لەو یەکەم ساتەوە

کە دەرکەی کردبووەوە و شێرزادی لە پشت دەرکە بینیبوو، ترس و نیگەرانی هەموو گیانی داگیر کردبوو.

شێرزاد گوتی: «بەڵام ... بەڵام من بۆ بینینی ئارەزوو نەهاتووم. هاتووم...»

هەڵاڵە لەچاو و نیگای ورد بووەوە. لە چاو و نیگایدا رق و قین نەبوو، تووڕەیی نەبوو، تەنانەت شەیتانی و فێڵبازییەکەی رۆژی جیابوونەوەشیان لە مەحکەمە نەبوو. هەرچی بوو جۆرێک لە داماوی بوو. هەڵاڵە پێشتر لە ماڵی مامە فەتاح هەستی بەو داماوییەی چاو و نیگای کردبوو.

«ئەی بۆ هاتووی؟»

«هاتووم کەلوپەلە شەخسییەکانم ببەمەوە.»

هەڵاڵە وەها کە شتێکی فەرامۆشکراویان بیر خستبێتەوە، کەمێک راما. پاشان گوتی: «بۆ ئێستا؟ بۆ بێ خەبەر؟ بۆ بە تەنیا؟»

شێرزاد زانی کە ترس و نیگەرانییەکەی هەڵاڵە کەمە کەمە خەریکە پاشەکشە دەکات. پێی خۆش بوو. گوتی: «دوو سێ رۆژە خانووم گرتووە.» گوتی: «دەزانم کە ناوەخت هاتووم. حەز دەکەی دەڕۆم و کاتێکیتر دێمەوە. حەز دەکەی کە هاتمەوە چەند کەسێکیش لەگەڵ خۆم دێنم.»

هەڵاڵە بە بیستنی بەشی یەکەمی قسەکەی بەزەیی پێیدا هاتەوە، تێنەگەیی شێرزاد بەشی دووهەمی قسەکەی بە توانجەوە گوت یان نا. بیری کردەوە بۆچی بڕوات و کاتێکیتر بێتەوە؟ ترسا مەودای نێوان رۆشتن و دیسان هاتنەوەکەی زۆر بخایەنێت، وەک جاری پێشوو کە گوتبووی چەند رۆژێتر دێم و کەلوپەلەکانم دەبەم و، ئێستا دوای چوار پێنج مانگ هاتبوو. بیری کردەوە بۆ ئێستا کەلوپەلەکەی نەداتێ تا بۆ هەمیشە پێی لە ماڵ و ژیانی ببڕێت.

گوتی: «نا. پێویست ناکات بڕۆیت و بێیتەوە. دەمێکەیە شتوومەکەکانتم کۆ کردۆتەوە. نیوەیانم لە ژوورە بچووکەکە، ژووری نوێن و پێخەفەکان داناوە و نیوەشیان...»

نەیزانی لە کوێ دایناون، لەو کاتەدا لە بیری چووبووەوە.

«... لە باڵکۆن؟ لە...»

شێرزاد گوتی: «هەموویانت کۆ کردۆتەوە؟»

«هەموویان؟!»

هەڵاڵە دڵنیا نەبوو. ڕەنگە لەم ماوەدا هەندێک شتی دیسان دەرهێنابێتەوە. یان ڕەنگە...

گوتی: «ئەوانەی کە پێموابووە هی تۆن و بە هی تۆم زانیون. ئێستا دەچم دەیانهێنم، سەیریان بکە.»

ئەوسا پشتی تێکرد و بەرەو ژوورەوە چوو. تەنیا هەنگاوێکی هەڵێنابۆوە کە پەشیمان بووەوە و گەڕایەوە.

«ئەگەر پێت ناخۆش نەبێت تەلەفۆن دەکەم بۆ مەجید یان مامەفەتاح کە بێن بۆ ئێرە. با یەکێک لە ئەوانیش ئاگادار بن. جگە لەوەش تۆ پێویستت بە کەسێکیتر هەیە کە یارمەتیت بدا.»

بۆ پێشتر بیری لەوە نەکردبۆوە؟ رووی نەبوو دەرکەکەی لەسەر داخات. رووی نەبوو بڵێ تا من تەلەفۆن دەکەم و یەکێک لە ئەوان دەگەنە ئێرە تۆ بڕۆ. شێرزاد دەستەوەستان و داماو، بە مەزڵوومییەوە لەو دیو دەرکە راوەستابوو شانی بەر لاشیپانەکەی دابوو. هەڵاڵە دیسان پشتی تێکرد و چووە ژوور. لە هۆڵەکەوە بۆ ئاشپەزخانە و... شێرزاد نەیدی تەلەفۆن بکات. نەیبیست لەگەڵ کەسێک بدوێت. هەڵاڵە دوا کەمێک دەرکەوتەوەو ئەمجارە بەرەو ژوورە بچووکەکە چوو. شێرزاد لە ناو دەرکەکەوە چاوی بە هۆڵەکەدا دەگێڕا کە پاش بیستنی خشەخشێک، لە پڕ تەپوکوتی کەوتنە خواری شتێکی بیست و، بە دوایدا هاواری هەڵاڵە. هاوارەکە بەرز نەبوو، بەوحاڵەش شێرزاد بە هەڵاتن چووە ژوورو، خۆی گەیاندە دەرکەی دیوە بچووکەکە. ئەوەی کەوتبووە خوار کارتۆنێک کتێب بوو کە لە دیوە بچووک و تەنگەبەرەکەدا هەڵڕژابوو.

گوتی: «چی بوو؟ بەسەرتا کەوت؟ ئازارت گەیشت؟»

هەڵاڵە کە سەری هەڵبڕی و شێرزادی لە ژوورەوە بینی، تاسا. نەدەبوو بهاتایە

ژوور. نەیگوت نەدەبوو بهاتیایە ژوور، گوتی: «نا هیچ نەبوو.»

ئەوسا زوو لە ژوورەکە هاتە دەر و بە بەردەمی شێرزادا ڕەت بوو. شێرزاد فرسەتەکەی قۆستەوە و بە سیلەی چاو سەیری ناو ژووری خەوتنی جارانی خۆی و هەڵاڵەی کرد. دەرکەی ژوورەکە کراوە بوو. قەرەوێڵە دوو کەسییەکەی دەبینی کە هێشتا ڕێک و پێک نەکرابوو. چرچ و لۆچ بوو، یەک دوو کوت جلی لە سەر کەوتبوو. مێز و کورسی توالێتەکەشی دەبینی. یەک دوو برۆس و شانە و ... ڕەسمەکەی خۆی و هەڵاڵە بەسەر دیواری ژوور قەرەوێڵەکەوە نەبوو. ئەوەندەی کە ئەو دەیبینی هیچ ڕەسمێک بە دیواری ژوورەکەوە نەبوو. ڕەسمی هیچ کەس. بەڵام بۆنی کەسێکی دەکرد. کەسێک کە شەوی رابوردوو لەسەر ئەو قەرەوێڵە خەوتبوو، لە جێگەی جارانی ئەو، لە باوەشی هەڵاڵەدا. هەڵاڵە سەیری دەرکەی هۆڵەکەی کرد، تەواو پێوە نەدرابوو. شێرزاد کاتێک هاتبووە ژوور، دەرکەکەی نەژەندبوو. ئێستا ئەگەر دراوسێیەک بە ڕاڕەوەکەدا تێپەڕیایە ناو ماڵەکەی ئەوی دەبینی، دەنگیشیانی دەبیست، دەنگی هەڵاڵە و شێرزاد. شێرزاد بۆ ئەوەی مەعنا بە چوونە ژوور و ڕاوەستانەکەی لەو ناو دەرکەیە ببەخشێت، گوتی: «ئێستا من چی بکەم؟ چی لەم دیوە بهێنمە دەر؟»

هەڵاڵە نەچوو بۆ لای، هەر وا لە هۆڵەکەوە گوتی: «تەلیسێکی لێیە کە جلوبەرگی خۆتی تیایە. کارتۆنێکی سپیش لەملا نوێنەکانەوە...»

شێرزاد هێشتا چاوی لە ژوورەکە بوو. هێشتا دڵی لای ئەو بۆنە بوو کە پێیوابوو بۆنی ئەو کەسەیە کە شەوی رابوردوو لەسەر قەرەوێڵەکە، لە پاڵ هەڵاڵەدا خەوتووە. بۆنی پیاوێک، بۆنی سەعید. بۆنی من کە ژیانیم شێواندبوو. ئایا بەڕاست من ژیانیم شێواندبوو؟!

من هەرگیز دەرفەتی ئەوەم بۆ نەڕەخسا ئەو پرسیارە لە شێرزاد بکەم. هەرگیز نەمتوانی ڕووداوەکانی ـ بەو شێوە کەمن دەمبینین و تێیاندەگەیشتم ـ بۆ بگێڕمەوە. نەمتوانی زهنییەتی بەرامبەر بە خۆم و دەوری خۆم لە ڕووداوەکان و تەنانەت لە کارەسات و جەنایەتەکەشیدا بگۆڕم. نەک هەر ئەو دەمە کە هێشتا کارەساتەکە

رووی نەدابــوو، بەڵکــوو لەوە دواش کە شــێرزاد گیــرا و ئیــتر مــن دەســتم پێــی ڕانەگەیشت...

نا. من دەمتوانی ئامادەی مەحکەمەکەی بـم. دەمتوانی بچـم بـۆ مەحـکەمەکە و لەوێ گوێ لە بۆچوونەکانی بگرم. تەنانەت دەمتوانی ئیزن لە سەرۆکی مەحـکەمەکە وەربگرم و ئەوەی کە حەزم دەکرد شێرزاد بیزانێت و بیبیستێت، پێـی بڵـێم. بەڵام مـن نەچووم بـۆ ئەو مەحـکەمە. مـن بەتـایبەت خـۆم لێـدزییەوە. بـۆچی؟ ڕەنـگە چونکـا نەمدەویست ئەو مەحکەمەیە بگوێزمەوە بۆ ناو چیرۆکەکەم. چونکا بە تەما نەبووم لە چیرۆکەکەی هەڵاڵەدا باسی مەحکەمەی شێرزاد و شێوەی پاکانە و پاساو هێنانەوەی بۆ کارەسـاتەکە بـکەم. چونکـا پێموانەبـوو ئەو مەحـکەمە پەیوەنـدییەکی بە چیرۆکـی ژیانی هەڵاڵەوە ببێـت! پێموانەبـووە قسـەو باسـەکانی شـێرزاد لەو مەحـکەمەدا هـیچ شتێک لە کارەساتەکە بگۆڕێت. کارەساتەکە قەوماوە و هیچ مەحکەمەیەک ناتوانێت بەر بە قەومانی بگرێت. هیچ بۆچوونێک، هیچ پاکانە و پاسـاوێک ناتوانێـت شـتەکان بگەڕێنێتەوە بۆ دۆخی بەر لە ڕوودانی. کارەساتەکە ڕوویداوە. تەنانەت بەر لە ڕوودانی ڕوویداوە. ڕەنگە پێشتریش گوتبێتم، لە یەکەم ڕستەی چیـرۆکەکەوە ڕوویـداوە. مـن ڕسـتە بە ڕسـتەی ئەم چیـرۆکە، وشــە بە وشــە، هەمــوو کەس و کــار و کــردە و هەڵوێستەکان، تێکڕای ڕووداوە سەرەکی و لاوەکییەکانم، نەوەک بۆ بەرگـری کـردن لە کارەساتەکە، بەڵکوو بۆ شـیکردنەوەی زەمینـەو هۆکارەکـانی گێڕاوەتەوە.ئێسـتا کە بیری لێ دەکەمەوە، دروست لەم ساتەوەختەدا، بە خەیاڵمدا تێدەپەڕێ کە ڕەنگە خـۆ دزینـەوەی مـن لە مەحــکەمەکەی شــێرزاد، بڕیــارەکەی مــن بــۆ نەگــوێزانەوەی ڕووداوەکانی ئەو مەحکەمە بۆ ناو چیرۆکی ژیانی هەڵاڵە، هەڵاتن بێت لەبەر تاوانێک کە ئەنجامم داوە. تاوانێک کە من ئەنجامم داوە. مـن، نەوەک سـەعیدی ڕەحمانـی مامۆستای زانکۆ و دۆست و هاوڕێی هەڵاڵە، سەعیدی ڕەحمانی چیرۆک نووس. ئایا شێرزاد بەمەی دەزانی...؟

شێرزاد تەلیسێکی زۆر گەورە و کارتۆنێکی سپی لە ژووره بچووکەکە هێنـایە دەرو، ڕاکـێش ڕاکـێش بە ڕاڕەوی بـاریکی بەر دەرکەی ژوورەکانـدا گەیانـدنییە ناوەڕاسـتی

هۆڵەکە.

«هەر ئەمانەن؟»

لەو ماوەدا هەڵاڵەش کارتۆنێکی بچووکتری لە باڵکۆنەکەوە هێنابوو. مل پێچێک و بارانییەکی کرێم ڕەنگیشی لەسەر دانابوو.

«ئەمانەشن.»

شێرزاد سەیری ئەوانیشی کرد و بەسەریاندا نەویەوە. بۆنی من کە لەسەر قەرەوێڵەی ژووری خەوتنەوە بە هەموو ماڵەکەدا بڵاو بووبووەوە، ئازاری دەدا.

هەڵاڵە گوتی: «بۆ نایانکەیتەوە؟ بۆ سەیریان ناکەی بزانی چیان تیایە؟»

شێرزاد هۆشی لە لای کەلوپەلەکەی نەبوو، بەو حاڵەش زارکی تەلیسەکەی کردەوە. هەڵاڵە کە بەولاترەوە دەستی کردبووە کۆڵەکەی ڕاوەستانی و خستبوویە سەر پشتیی یەکێک لە مۆبلەکان، چاوی بە هۆڵەکەدا گێڕا. لەو کاتەدا چاوی بە کامێرا و چوارپایەکەی لە سووچێکی هۆڵەکە کەوت.

«ئەو کامێرایەش...»

ئەوسا بەر لەوەی کامێرا و چوارپایەکەی بۆ بێنێت، فیلمەکەی لێ دەرهێنا.

«ئەم کامێرا و چوار پایەش هی تۆیە.»

شێرزاد سەری بەرزکردەوە و لە هەڵاڵە و لە کامێرا و چوارپایەکەی ڕوانی. هەڵاڵە فیلمەکەی لەسەر تاقی پەنجەرەکە دانا. شێرزاد زەردەخەنەیەکی تاڵی کرد، زور تاڵ. گوتی: «ئەو فیلمە تازە بوو کە دەرت هێنا.»

ئەوەندەی هەڵاڵە لە بیری بوو، لەو ماوەدا فیلمی تازەی نەخستبووە ناو کامێراکە و ڕەسمی نەگرتبوو. وەڵامی نەدایەوە و هیچی نەگوت. بۆنی من وەها لە لووتی شێرزاددا پێچرابوو کە هەستی دەکرد لە ناو ماڵەکەدام، لە شوێنێک لەو دەور و بەرانە ڕاوەستاوم و سەیری دەکەم. هەستایەوە سەر پێ و کامێراو چوارپایەکەی بە دەستەوە گرت. دڵی هەروا لە لای فیلمەکە بوو. زۆری حەز دەکرد بزانێ ڕەسمی کێی تێدایە. زۆری پێخۆش بوو بزانێ لەو ماوەدا، لەو کاتەوە کە ئەو لەم ماڵە ڕۆشتووە، کامێراکە ڕەسمی کێی پێ گیراوە. لە ساتەوەختێکدا دەیان و بگرە سەدان ڕەسم بە

خەیاڵ لە بەر چاویدا بە ریز بوون. ڕەسمی من، ڕەسمی من و هەڵاڵە، ڕەسمی من و هەڵاڵە و ئارەزوو. هەڵاڵە تاوی دایە مۆبایلەکەی و چوو لە ئاشپەزخانە ژمارەیەکی گرت.

«ئەوە لە کوێی؟»

ئەوەندە هێواش گوتی کە شێرزاد بیستی و نەیبیست. نەیبیست دوای ئەوە چیتری لێپرسی و داوای چی لێکرد. شێرزاد دیسان نەویەوە و لە ناو تەلیسە گەورەکە ورد بووەوە. جلوبەرگەکانی بە گلۆلەیی ئاخنرابوونە تەلیسەکەوە. هەموویانی ڕۆکرد و سەرلەنوێ، یەکە یەکە قەدی کردن و لە شوێنی خۆی دایناوە. دوو قات کۆت و شەلوار، قاتێک جلی کوردی، دوو پاڵتۆ، بارانی و کۆمەڵێک کراس و بلووز و دەستێکیش جلی خەوتن و... ئەوسا سەری کارتۆنە سپییەکەی کردەوە. یەکەم شت چەند قاپە ڕەسم بوو کە سەرنجیان ڕاکێشا، بەرزی کردنەوە، ڕەسمی هەموو قاپەکان یەکی لایەکیان نەمابوو. هەموو ڕەسمەکان بە مەقەست لایەکیان بڕابوو، ئەوسا خرابوونەوە جێی خۆیان . شێرزاد داچڵەکی. تاوی دایە ئالبۆمەکان کە لە ژێر قاپەکانەوە بوون. ئەلبۆمێکی گەورەی سورمەیی ڕەنگ و دوو ئەلبۆمی بچووکتر. یەکە یەکە کردنییەوە. زۆربەی لاپەڕەکانیان خاڵی بوو، ڕەسمەکانیان لێ دەرهاتبوو. لەولای ئەلبۆمەکانەوە دڵقێک پڕ بوو لە ڕەسمی دڕاو، ڕەسمی دوو کەسی و، بەشێکیشیان سێ کەسی، کە هەموویان وێنەی هەڵاڵەیان لێ سڕدرابووەوە. شێرزاد بە بینینی ئەوانە تەواو تاسا. دیسان سەری بەرز کردەوە و لە هەڵاڵە ورد بووەوە. هەڵاڵە ئەمجارە شەرمەزار بوو. وەک تاوانبارێکی پەشیمان، پەنجەکانی هەر دوو دەستی تێک ئاڵابوون. بە شەرمەوە چاو و نیگای لە چاو و نیگای شێرزاد دەدزییەوە. دیار بوو خۆشی بە ناحەزی و ناڕەوایی ئەو کارەی خۆی دەزانی. کارێک کە لە یەکەم ڕۆژانی پاش جیا بوونەوەیان، لەو پەڕی رق و قین و تووڕەییدا کردبووی. دەیگوت: «لە ڕۆژێکدا کە پێدەچوو شێت بووبێتم، لە کاتێکدا کە بە تەواوی ئاگام لە خۆم نەمابوو، ئەو کارەم کرد.» من گوتبووم: «لە هیچ کات و لە هیچ بارودۆخێکدا نەدەبوو کاری وات بکردایە.» گوتبووم: «ئەو کارە کاری تۆ نییە هەڵاڵە. ئەو ڕەفتارە لە تۆ

ناوەشێتەوە.»

شێرزاد ڕەسمە دڕاوەکانی بەرز کردەوە و نیشان هەڵاڵەی دا.

«ئەمە کاری کێیە؟ تۆ یان دوکتۆر سەعید؟»

ئەوسا گوتی: «ڕەنگە کاری هەردوکتان بێت... ئەریێ کاری هەردوکتانە.»

زیاتر لەوەی کە بە تووڕەیی و رق هەستاوییەوە بیلێ، بەداماوییەوە گوتی، بە رووخاوییەوە. شێرزاد بە بینینی ئەو ڕەسمە دڕاوانە تەواو رووخا، لە ناوەوە هەرەسی هێنا، بەوحاڵەش هەوڵیدا خۆی کۆبکاتەوە و هەستێتە سەر پێ، هەستا. گوتی: «دڵرەقانەیە هەڵاڵە. تۆ هەرگیز ئەوەندە دڵڕەق و بێ بەزەیی نەبوویت.»

گوتی: «ئەو ڕەسمانە هی من بوون. ئەوانە ڕەسمی ژیان و رابوردووی من بوون. تۆ بەشێک لە ژیان و رابوردووی من بوویت.»

ویستی لێی نزیک ببێتەوە، بەڵام پەشیمان بووەوە و گەڕایەوە.

«ئەگەر ئەو کابرایە مافی ئەوەی بووبێ تۆ لە ئێستا و لە داهاتووی من بستێنێت، ئەگەر مافی ئەوەی بووبێ ئێستا و داهاتووی ژیانم بشێوێنێت، بێگومان مافی ئەوەی نەبووە تۆ لە رابوردووشم بستێنێتەوە. ئەو نەدەبوو رابوردووشم بشێوێنێت... ئەمە دڵڕەقییە هەڵاڵە. کارێکی نامرۆڤانەیە. تۆ نەدەبوو ئیجازەی پێ بدەی لە حاست من ئەوەندە دڵڕەق بێت. نەدەبوو رێگەی بدەی ئەوەندە نامرۆڤانە لەگەڵ من بجووڵێتەوە. نەدەبوو بهێڵی ئاوا ناپیاوانە دەست بنێتە بینەقاقەی ژیان و رابوردووم...»

شێرزاد دەگریا و نەدەگریا. هەڵاڵە پێیوانەبوو بەم شێوە بۆ ئەو کارە بڕوانێت. پێی وانەبوو ئەو قسانە بکات کە من پێشتر بە شێوەیەکیتر کردبووم. من گوتبووم: «ئەو کارەی تۆ جۆرێکە لە دەستدرێژی بۆ سەر رابوردووی ئەو پیاوە.»

هەڵاڵە گوتی: «من تێناگەم مەبەستت کێیە شێرزاد؟»

درۆی دەکرد.

گوتی: «من خۆم ئەو کارەم کردووە. خۆم، بێئەوەی کەس ئاگای لێ بێت ئەو ڕەسمانەم دڕاندووە. من مافی ئەوەم هەیە ڕەسمەکانی خۆم لە ئالبۆمی تۆ بسڕمەوە.»

شێرزاد پێکەنی. پێکەنینێکی عەسەبی و، هەروا بە پێوە ڕەسمە دڕاوەکانی هەڵڕشتە ناو کارتۆنە سپییەکەوە، چاوێکی بە ناو هۆڵەکەدا گێڕا و منی بینی. ئێستا ئیتر منیش لە ناو هۆڵەکەدا بووم. لە هەموو سووچ و لایەکی هۆڵ و ماڵەکەدا بووم و، بۆنێکم بڵاو دەکردەوە کە بەلای شێرزادەوە بۆنی غەریبە بوو، بۆگەنی غەریبەیەکی داگیرکەر، کەسێک کە بە دڕاندنی ڕەسمەکانی هەلاڵە لە ئەلبۆمەکەیدا، هەوڵی دابوو بە ئێجگاری ئەو ژنە لە ژیان و رابووردووی ئەو بسڕێتەوە. کەسێک کە بە کۆکردنەوەی کەلوپەلەکانی ویستبووی هەموو نیشانەیەکی ساڵەها ژیانی هاوبەشی هەلاڵە لەگەڵ ئەو، بۆ نەدیوی دیوێکی بچووک و تاریک بگوێزێتەوە. شێرزاد دڵنیابوو کە من کەلوپەلەکانی ئەوم لە ماڵەکەدا کۆ کردۆتەوە و هەڵمڕشتوونەتە ناو ئەو تەلیس و کارتۆنانەوە. ئەو جارێکیتر بە سەر پاشماوەی شتومەکەکانیدا نەویتەوەو، بەر لەوەی سەری کارتۆنەکەیتر بکاتەوە گوتی: «بۆ لەم ماڵە نارۆن؟ دڵنیام لەم ماڵەدا هەناسەی منیش ئازارتان دەدا. بۆ پێی ناڵێی ماڵێکیترت لە شوێنیکیتر بۆ بگرێت؟»

ئەوسا سەری کارتۆنەکەی تریشی کردەوە و، لەو شتوومەکانەی ڕوانی کە زۆربەیان دیاری بوون کە لەم چەند ساڵەدا لە ئەم و ئەوی وەرگرتبوو، یان لەو یەک دوو سەفەرە تاکە کەسییەیدا بۆ ماڵەکەی کڕیبوو. تەختە نەردێکی چێوی، ئالایەکی بچووکی کوردستان بە پایەی ئالتوونییەوە. تابلۆیەک کە دوو بەیت شێعری هەژاری بە خەتێکی خۆش لەسەر هەڵکەندرابوو، دوو مۆمدان و ... خەنجەرێکی کۆنینە کە حەمە ڕەشید ئاغا لە کوردستان پێی بەخشیبوو. خەنجەرەکەی لە کارتۆنەکە دەرهێنا و بە دەستییەوە گرت.

«من دەمگوت تۆ لەبەر ئەو کابرا عەجەمە لە من جیا دەبیتەوە، کەچی تۆ دەتگوت وانییە. دەتگوت جیا بوونەوەی ئێمە پەیوەندی بەو کابرایەوە نییە.»

هەلاڵە گوتی: «ئەوەی ڕوویداوە ڕوویداوە. ئێستا ئیتر بە پێویستی نازانم ئەو قسەو باسانە بکەینەوە.»

شێرزاد هەروا کە لە لای کەلوپەلەکانی هەڵترووشکابوو، سەری بۆ وەرسووڕاند و

سەیری کرد. بەرلەوەی هەڵاڵە ببینێت منی دی. من لە پشت هەڵاڵەوە راوەستابووم. گوتی: «تۆ راست دەکەی. منیش بە پێویستی نازانم لەسەر ئەو قسە و باسانە بڕۆم کە قسە و باسی کۆنن.»

ئارام و هێور گوتی، بە دەم زەردەخەنەیەکی تاڵ و ساردەوە. ئەو گوتنە ئەوەندەی دیکەش هەڵاڵەی ترساند. هەستی کرد دەبێ کۆتایی بەم دیدارە ناوەختە بێنێت. گوتی: «پێویست ناکا ماتڵی هاتنی مەجید بیت. ئەگەر پێتوایە شتوومەکەکانت تەواون و کەم و کەسرییان نییە، دەتوانی بیانبەیت و بڕۆیت.»

شێرزاد سەری کارتۆنەکەی دادایەوە و هەستایە سەر پێ.

«نا ئەگەر ئیجازەم بدەی ماتڵ دەبم تا مەجید بێت . یان تا ئەو کابرایە بگەڕێتەوە.»

گوتی: «زۆر حەز دەکەم مادام تا ئێرە هاتووم، چاوم بەو کابرایەش بکەوێت و پیرۆزبایی لێ بکەکەم.»

هەڵاڵە تەواو ترسا.

«کامە کابرا؟»

«دۆکتۆر سەعید. مامۆستا...»

هەڵاڵە نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات. گوتی: «ئەو ئەگەر بگەڕێتەوە نایەت بۆ ئێرە، دەچێ بۆ ماڵی خۆی. تۆش ئەگەر بە تەمای بینینی ئەوی، دەبێ بچی لە ماڵی خۆی ببینی.»

هەڵاڵە تەواو دڵنیا بوو کە شێرزاد بۆ بردنی شتومەکەکانی نەهاتووە. دڵنیا بوو کە نابێ لەوە زیاتر ئیجازەی مانەوەی بدات.

گوتی: «دەبوو بمزانییایە تۆ نەگۆڕاوی. نەدەبوو دوای ئەو هەموو ئەزیەت و ئازارە دەرکەم لێبکردیایەوە و ئیجازەم بدایە بێیتە ژوور.»

بە تووڕەییەوە گوتی، بەرز و بڵیند، وەها کە بیترسێنێت، وەها کە کەسێک لە دەرەوەی ماڵەکە گوێی لە دەنگی بێت. ئەوسا دوو هەنگاوی هەڵێنایەوەو لە دەرکەی هۆڵەکەی روانی. دەرکەکە هێشتا تەواو پێوە نەدرابوو. جەسوورتر گوتی: «بڕۆرە دەر

شێرزاد. بڕۆ و شتوومەکەکانیشت لەگەڵ خۆت ببەرە دەر.»

شێرزاد هەروا بە راوەستانەوە سەیری دەکردو هیچی نەدەگوت. لەوە دەچوو ئەو تووڕە بوونەی پێخۆش بێت . لەوە دەچوو چێژ لەو ترس و عەسەبییەت و جموجووڵ و نائارامییەی ببات. هەلاڵە بێ ئارام، وەک مریشکی سەربڕاو باڵە کوتەی بوو. گوتی: «بڕۆرە دەر شێرزاد. دەڵێم بڕۆرە دەر.»

ئەوسا لێی نزیک بووەوە. تاوی دایە زارکی تەلیسەکە و بە دوای خۆیدا بەرەو دەرکەی کراوەی هۆڵەکە رایکێشا. شێرزاد هەروا بێدەنگ سەیری دەکرد. هەلاڵە کە تەلیسەکەی گەیاندە ئەو دیوی دەرکەکە دیسان گەڕایەوە. کارتۆنە سپییەکە لەبەر پێی شێرزادا بوو، هەلاڵە تاوی دایە، کارتۆنەکە قورس بوو، تا نیوە بەرزی کردەوە و لە دەستی خزا. بیری کردەوە بۆ ئەو دەبێ شتومەکەکانی بۆ هەڵبگرێت و بۆ دەبێ بۆی بباتە دەر؟! گوتی: «هەڵیانگرە و بیانبەرە دەر.» لە تووڕەییدا روومەتی وەک پشکۆ سوور هەڵگەڕابوو، چاوەکانی دەرتۆقیبوون. چاوەکانی شێرزادیش پڕ بوون لە رق و قین، لە نەفرەت.

هەلاڵە قیژاندی: «دەڵێم هەڵیانگرە و...»

کە شێرزاد هیچی نەگوت و لەجێی خۆی نەبزوا، هەلاڵە دیسان بەسەر کارتۆنەکەدا نەویەوە و بەر لەوەی دەستی بیگاتێ هەستی کرد شتێکی قورس بە سنگیدا کوترا. بەر لەوەی راست بێتەوە سەیری سنگی کرد. بە دەم راست بوونەوەی لەشیەوە چاوی لە شێرزاد بڕی. شێرزاد تا ئەو ساتەش نەیدەزانی قەرارە چی رووبدات. نەیزانیبوو کە خەنجەرەکەی فڕێ نەداوەتە ناو کارتۆنەکە. مشتووی خەنجەرەکە هێشتا لە مشتیدا بوو. دەستی بەرز کردەوە و لە دەمی خوێناوی خەنجەرەکە ورد بووەوە. خوێنی گەرم بە سەر مست و قۆڵیدا دەڕژا. بە بینینی شۆڕاوگەی خوێنەکە تۆقا. نیگای تۆقاو و هەراسانی لە دەست و خەنجەرەکەی ناو مستییەوە بۆ هەلاڵە گوێزایەوە، بۆ پێچ و خولی ئارام و، بێگومان بە ئازاری لەشی چەماوەی، بۆ سەر سنگی هەڵدڕاوی. ئەو هەڵدڕاوی سنگی نەبینی، فوارەی خوێنی

بینی، شۆڕاوگەیەکی سوور و، حەتمەن گەرم، کە تیشیترتە شینەکەی سوور دەکرد. هەڵاڵە هەر دوو بەرە دەستی بە سنگییەوە گرتبوو، خوێن لە مابەینی پەنجەکانیدا دەڕژا. روومەتی، رەنگە بە هۆی ئازاری کزانەوەی سنگییەوە، خەریک بوو تووشی گۆڕانێکی بە کاوەخۆی سەیر دەبوو. لێوی خستبووە بەر ریزی دانە سپیەکانی و دەیکرۆشت. پەڕەی نێوان کونە لووتەکانی دەلەرییەوە. رەنگی پێستی کاڵو کاڵتر دەبوو. چاوەکانی دەرپەڕیبوون و نیگای پڕ لە وەحشەت و سەرسووڕمانی، لە دەمی خەنجەرەکەی ناو دەستی شێرزاد چەقیبوو. شێرزاد خەنجەرەکەی فڕێدا، یان خەنجەرەکە بە دەم شل بوونی پەنجەکانیەوە بەربووەوە؟ هەڵاڵە دەستی لە سەر سنگی هەڵبڕی و خوێنی ناو کاسەی بەرە دەستەکانی بە لێشاو رژایەخوار. نیگای لە مستی بێ خەنجەری شێرزادەوە، بە قۆڵ و لامل و روومەتیدا بۆ چاوەکانی هەڵزنا. چاوی لە چاوە تۆقاوەکانی شێرزاد بڕی. مەودای لە گەڵ شێرزاد هەڵێنانەوەی شەقاوێک و درێژ کردنی دەستە خوێناوییەکانی بوو. شەقاوەکەی هەڵێنایەوە و بەرلەوەی دەستی بگاتە بەرۆکی شێرزاد، شێرزاد سەر و سنگی کێشایە دواوە و بە تەکانێکی خێرای دەستەکانی پاڵی پێوەنا. پاڵێکی گەلێک بە هێزتر لەوەی کە لەشی بێ هێزی هەڵاڵە خۆی لەبەر رابگرێت. هەڵاڵە بە پەشتدا کەوت. یەکەم شوێن سەری بوو کە بە پایەی چێوی مۆبلەکەدا درا و زرمەی لێ هەستا. زرمەیەکی گەلێک بڵیند، وەک زرمەی تەقینەوەیەک کە ساڵەها بوو نەیانبیستبوو. شێرزاد ئەوەندەی تریش تۆقا. دیسان سەیری دەستە خوێناویەکانی کردەوە، سەیری بەرە دەستە خوێناویەکانی کە هێشتا وەک سپەر لە حاست سنگ و بەرۆکی رایگرتبوون. سەیری هەڵاڵەی کردەوە کە لە ناو هۆڵەکەدا درێژ ببوو، سەری بە قەراغ پایەی مۆبلەکەدا خزایە خوار و لار کەوت. شێرزاد هەنگاوێک لە سەری چووە پێش، لە لەشی رووخاوی کە بە دەوری خۆیدا قەفی دەخوارد، قاچ و دەستەکانی بە شێوەیەکی ترسناک دەجووڵان و لە یەک دەئاڵان. شێرزاد نەیوێرا دەستی بۆ بیات. تەنانەت نەیوێرا داموکێتەوە و لە پشتە سەری بڕوانێت. پشتە سەری خوێناوی بوو. کاتێک بەوەی زانی کە هەڵاڵە پێچ و خولی بە گەردنی دا و رووی روومەتی لە حەوایە کرد.

نیگای بە باڵای شێرزادا هەڵگێڕا و، دواتریش بە هۆڵەکەدا ئەوەندەی کە دەکرا و دەیتوانی.

شێرزادیش ... شێرزاد چی کرد؟ شێرزاد کاتێک ئەو دیمەنەی بینی چی کرد؟ نایشارمەوە دوای ئەوەی کە هەڵاڵە بەو شێوە کەوتە عەرز و، بەو شێوە لەشە بریندار و غەڵتانی خوێنەکەی لە ناو فەرشی هۆڵەکەدا گرمۆڵە بوو، ئیتر من ئاگام لە شێرزاد بڕا. نایشارمەوە کە لەوەدوا ئیتر بیرم لە شێرزاد نەکردەوە، لە هەوڵی و سەراسیمییەکەی، لەوەی کە چۆن وردە وردە وەخۆی هاتۆتەوە و لە ترسی ئەوەی کە نەکا مەجید یان کەسێکیتر بگات، بە پەلە چووە دەرکەی هۆڵەکەی داخستووە. چۆن چووە دەست و پەلی خوێناوی خۆی شتووە، جلوبەرگە خوێناوییەکانی گۆڕیوە، ئەوسا وەک جەنایەتکارێکی پیشەیی بە دزییەوە لەماڵەکە چۆتە دەر و ڕێی هەڵاتنی گرتۆتە بەر. نایشارمەوە کە من بیرم لە هیچکام لەم ڕووداوانە نەکردووەتەوە، لە هەستی شێرزاد کاتێک کە لە مرۆڤێکی ئاساییەوە بووە بە قاتڵێکی جەنایەتکار. بە ڕاستگۆییەوە دەیڵێم و دانی پێدا دەنێم کە لە هەموو ئەو ماوە دوور و درێژەدا کە خەریکی نووسینی چیرۆکی ژیانی هەڵاڵە بووم، بیرم لەمانە نەکردووەتەوە، لە ئاخر و عاقیبەتی شێرزاد، لەگیران و نەگیرانی، لە شێوازی مەحکەمە کردنی، لە سزای تاوانەکەی... من تەنیا بیرم لە تاوانەکەی خۆم کردووەتەوە. تەنیا بیر لە تاوانەکەی خۆم دەکەمەوە، تاوانی گێڕانەوە و نووسینی ئەم چیرۆکە، چیرۆکی ژیان و بەسەرهاتەکانی هەڵاڵە، چیرۆکی...

هەڵاڵە هێشتا لە نەخۆشخانەیە. لە دیوێکی نەخۆشخانە کە دەڵێی ڕۆژ بە ڕۆژ بچووک و بچووکتر دەبێتەوە، چۆڵ و چۆڵتر، بێدەنگ و بێدەنگتر. تەنیا دەنگێک کە هێشتا لەو دیوە بچووکەدا دەبیسترێ دەنگی مانیتۆرەکەیە کە هێڵی کار کردنی دڵی هەڵاڵە دەکێشێتەوە. دەنگی ئەو مانیتۆرە لە ترپەی کوترانی دڵی هەڵاڵە ناچێت. دڵی هەڵاڵە هێشتا لە سنگیدا دەکوترێت، لە قەفەسی پەراسووەکانیدا، لە بن ئەو چەرچەفە و مەلافە تۆخ سپییە کە بە باڵایدا کشاوە. ئەو دڵە ئێستا ئیتر توند لێ

نادات. من نایبیستم. تەنانەت کاتێک بە سەریشیدا دەنەومەوە، کاتێک گوێ بە سنگیشیەوە دەنووسێنم نایبیستم. دڵی هەڵاڵە ماندوو بووە. دەڵێی دەیەوێ لە لێدان بکەوێت. دەڵێی دەیەوێ تەسلیمی لێنەدان ببێت. تەسلیمی بێدەنگییەکی ڕەها...

تەسلیم مەبە هەڵاڵە. لانیکەم لەبەر من تەسلیم مەبە، لەبەر ئەم چیرۆک نووسە کڵۆڵە. ئەو دەیەوێ چیرۆکەکەیت بۆ بگێڕێتەوە. دەیەوێ نووسینەکەیت بۆ بخوێنێتەوە.

گوتی: «حەز دەکەم چیرۆکەکەم بۆ بخوێنیتەوە سەعید.»

لەپشت مێزی کارەکەم بووم. لەو ژوورە کە دەبوو ژووری کار و نووسینی من بێت. لەو ماڵە کە قەرار بوو پێکەوە تیایدا بژین. من و هەڵاڵە، من و هەڵاڵە و فەرزانە و ئارەزوو.

گوتم: «ئێستا؟!»

بە سەیر و عەجابییەوە گوتم کە هەڵاڵە پرسی: «مەگەر تەواو نەبووە؟»

نەمزانی بڵێم چی. ویستم بڵێم نا، جارێکە تەواو نەبووە. نەمگوت. دەستم کرد بەخوێندنەوەی چیرۆکەکە و گێڕانەوەی یەک لە دوا یەکی ڕووداوەکان. هێشتا نەگەیشتبوومە کۆتایی و، هەموو ڕووداوەکانم نەگێڕابووەوە کە پرسی: «تۆ ئەمانە لە کوێ دەزانی سەعید؟ چۆن دەیانزانی؟»

بە گومان و عەجایباتییەوە پرسی. منیش سەیرم هاتێ، گوتم: «چۆن دەیانزانم؟ مەگەر بۆ خۆت هەموو ئەمانەت بۆ نەگێڕاومەتەوە؟!»

بێئەوەی بیر بکاتەوە زەردەخەنەی کرد. یەعنی نا... یەعنی من هەرگیز شتی وام بۆ نەگێڕاویتەوە.

«یەعنی ئەم شتانە، ئەم ڕووداوانە، بەمشێوە ڕوویان نەداوە؟ یەعنی من لە خۆمەوە هەڵمبەستوون؟»

هەڵاڵە هیچی نەگوت. هەموو ئەو ڕۆژانە کە دێتە ژوورەکەم و داوام لێدەکات چیرۆکەکەی بۆ بخوێنمەوە، هەموو ئەو کاتانە کە دوای گێڕانەوەی ڕووداوەکان ئەم

پرسیار و وەڵامانە لە نێوانماندا دووبارە دەبێتەوە، هەموو جارێک کە لێی دەپرسم مەگەر بۆخۆت ئەم ڕووداوانەت بەم شێوە بۆ نەگێڕاومەتەوە، هەڵاڵە بێدەنگ دەبێ و هیچ ناڵێت. زەردەخەنەکەی سەر ڕوومەتی وردە وردە کاڵ دەبێتەوە. خۆشی ئارام ئارام کاڵ دەبێتەوە و بێئەوەی پشتم تێ بکات، بێئەوەی هەنگاو هەڵێنێتەوە، من و مێز و تەنانەت ژوور و ماڵەکەش بەجێ دێڵێ و دەگەڕێتەوە. ڕەنگە بۆ نەخۆشخانەکەی، بۆ سەر تەخت و بۆ ژێر مەلافە سپییەکەی دەگەڕێتەوە. لەوێش دەبینم کە لە ناو سپییەتی مەلافە سپییەکەشیدا کاڵ دەبێتەوە و ون دەبێت. ئەوسا من دەمێنمەوە و ئەم پرسیارە بێوەڵامە. من دەمێنمەوەو هەموو ئەم پرسیارە بێ وەڵامە ترسناکانە. من دەمێنمەوە و بەرپرسایەتی ڕووداوەکانی ئەم چیرۆکە، بەرپرسایەتی ژیانێک کە بە کارەسات کۆتایی پێدێت. کاتاستڕۆفە، کاتاستڕۆف.

*دەستپێکردن: هاوینی ١٣٨٣*

*دواپێداچوونەوە: زستانی ١٣٨٦*